# بەرخ و باران

عەباس موحەممەدی

بەشی پێنجەم

ئەم نووسینە لە گرتووخانەیەکی وڵاتی ئینگلیسدا نووسراوە

بە ناوی پەروەردگاری داهێنەر و دلۆڤان دەست و دڵ دەکەمەوە بۆ تەواو کردنی بەشی پێنجەمی نووسینەکانی گرتووخانەی وڵاتی ئینگلیس. بە ناوی خوای خاوەن و لە ژێر گوشار و هەڕەشەکانی ئەم بارووددۆخە بەشی پێنجەمی نووسینەکان بۆ نەوەکانی کورد دەڕازێنمەوە. بەشی پێنجەم ئەم ناونیشانانە لە خۆی ئەگرێت:

دوو ئەرکی نووسەر

حاڵ و حەی

لە ژێر سێبەری داری توو دا

پەمبوو و سەری پەنجەکان

از خط کوفی تا نستعلیق شکسته

خەندە بە نیوەی ڕوومەتەوە

دوو خوشک، یەکێکیان جوان و ئەوەی تریان ناجوان

چەند وردە خاڵ لە چەند کورتە چیرۆک

منداڵی و چێژ لە ئاوی سارد

المد و الشد

ناوەکان لە نێوان بەرهەم و پاشماوەدا

ئغە کردن بۆ منداڵ

ئیقرە(اقراء) کردن بۆ منداڵ

بەرخ و باران

دەمی گورگ بەسانەوە

مرواری لە سەدەفدا

## claustrophobia

ئەستێرەکان و نیشانەکان

هەورەکان و تەمەکان

مەڕ و مۆڵ

کاڵەکی دەیمی و ماری دەیمی

کۆڕی شاعیران و گۆڕی مەڕەکان

سیخ و سەروپێ

کرمی ئەورێشەم لە زایینی دووانەدا

هەنگ و تاووس لە نێوان گرتنەوە و کردنەوەدا

ناوەکان لە گەڕانەوەکانیاندا

هەفت پشت و پشتەکان

گەنم لە نێوان دان و هەفت و دان و سەد دا

نامە و کتێب لە نێرەران و دانەرانەوە

قوڕ و سرووت

بێشکە لە جوواندن و بەستنەوەدا

هەورێنک

چیرۆکێکی قوتابخانەی ئامادەیی

ژژوو لە تیر و تەنیاییدا

بزنی شامی لە شاخ و بەردا

شێخ و هەنگوین

پێستی گوڵ و مار

هەڵۆ و پەپوولە لە جووڵە و ڕەنگدا

ڕوومەت و خاڵی کوتراو

ئەشکەوت و شار لە ئەدەبی ناوەکاندا

گەنج و تاج لە دەستەکان و سەرەکاندا

چیرۆکێکی قوتابخانەی سەرەتایی (١)

پێگێڕاوەکان و وەرگێڕاوەکان

عەلائەدینی سەجادی و جەودەلی دوورەکان

داخ کردنی ئەسپ و منداڵ

چیرۆکی ئەو پشیلە کە چۆلەکە باڵشکاوەکانی دەخوارد

حەرا و کەعبە لە شوێن و دەرگەدا

قورئان و زەمزەم، دووانەیەکی ئامۆژگاریکەر

ژیانی منداڵەکان لە کەمپی ئاڵتاش

منداڵ و خۆشەویستی بۆ پەنجەکانی دەست

چیرۆکێکی قوتابخانەی سەرەتایی (٢)

بەرەبەیان و ئێوارەی ڕۆژی جێژن

تەشی لە نێوان دەست و زوباندا

ئیبراهیم لە نێوان وشکی و تەڕیدا

ڕێگەبەران و ڕێگەگران

دەستی کردنی ڕستەکان و نەوەکان

دنگ و میل لە دەست و کوتاندا

زەنگۆڵە و گوڵەنگ

هەڕگەی گەنم و جۆ

هەنار لە گەیین و کرانەوەدا

ئەدەبی لکان و پێکان

# دوو ئەرکی نووسەر

## ئەرکی کردنەوە و کۆ کردن

ئەرکێک کە من لە درێژایی سەرجەم ئەم نووسینانە پێی هەڵساوم ئەوەیە کە هەوڵمداوە نەکراوەکان بکەمەوە و کۆی بکەمەوە، وەک کەسێک کە ئەرکی شوێنەوارناسێکی هەیە، ئەو کەسە بە هاوکاری شارەزایی لە شوێنەکان هەوڵی ئەوە دەدات کە پاشماوەی ژیانی کۆن لە بن خاک دەربهێنێت. ئەو پاشماوانە بە زۆری شکاوە و پۆشراو و شاراوە و نێژراون.

نووسین بۆ من ئامرازێکە بۆ ئەوەی کە ڕێگە و چوونی هزری و ئەندیشەیی خۆمی پێ پایەدار بکەم. ئەو ئەرکەی کە بۆ من وەک مرۆڤێکی کورد زۆر گرنگ بووە، کۆ کردنەوەی وشەکان و وێنەکان و هەستەکانی ئەو ژینگانەیە کە تێدا ژیاوم و گەورە بووم، بە تایبەتی دەورانی منداڵی و پێگەیشتنم. بەشکە بۆ کەسێک تیکەیەک لە گۆزەیەکی کۆن کە بە دەستی شوێنەوارناسێک دەدۆزرێتەوە هیچ بەهایەکی نەبێت، بەڵام بۆ شوێنەوارناس کە کاری کۆکەری دەکات، شتێکی بەهادارە.

ڕابردوو و ئەوەی کە هەریەک لە ئێمە پێدا و تێدا گوزەرمان کردووە، نەمردووە، بەڵکو زیندووە. بۆیە من هەوڵ ئەدەم کە تەواوی وردە قسە و باس و بەسەرهات و وێنەکان و ئەوەی کە زۆریش بێمانا دێتە بەرچاو، کۆ بکەمەوە.

بۆ نموونە لەم نووسینە چەند ناونیشان هاتووە کە خوێنەری خەڵکی شاری هەولێر و سلێمانی نامۆ دێتە بەر چاوی، وەک (سیخ و سەروپێ) کە ئەم ناونیشانە وێنەیەکە کە من لە لادێکانی کرماشان هەڵمگرتووە و پاراستوومە. ئەو وێنە وەک ئاوازێکە بۆ گۆرانیبێژێک.

کۆ کردنەوە لەگەڵ کردنەوە جیاوازی هەیە. کردنەوە، پلەیەک لەسەرەوەی کۆ کردنەوەیە. لە هەندێک لە باس و بابەتەکان من تەنیا ئەرکی کۆ کردنەوەم هەیە. بەس وێنەکان و چیرۆکەکان و وشەکان کۆ دەکەمەوە. کردنەوە دوو مانای هەیە، یەکەم وەک کەسێک برینێک لە لەشی هەیە، پزیشک هەوڵ دەدات ئەو شوێنە بکاتەوە بۆ ئەوەی کە بیبینێت و بیر لە دەرمان بکاتەوە. دووهەم مانای کردنەوە ئەوەیە ئەو کەسەی کە کردوویەتیەوە، توانیویەتی زاڵ بێت بەسەر ناوەڕۆکی ئەو شتە کراوەدا، وەک کەسێک کە گوێزێک دەکاتەوە و ئیتر گەیشتووە بە ئەو پەڕی کاری کردنەوە. هەروەها من زۆر هەوڵمداوە کە نهێنی و شاراوە و پۆشراوە و عەیبەکان و ناشیرینەکانی دەروونی دەروون و ژیانم باس بکەم و بیکەمەوە. مەبەست لە بنەڕەتەوە ئەوەیە کە بتوانم وردە خاڵ و بابەتەکان بهێنمە سەر مێز، پاشان هۆ و هۆکاری شوێن و بوونی لێک بدەمەوە.

هەر ژنێک دەستی نانی تەنووری نیە، هەروەها هەر نووسەر و بیرکەرێک دەم و دەستی ئەوەی نیە کە باس و بابەت بدات بە تەنوور و لاپەڕەدا.

# ئەركی تۆمار كردن

دووهەم ئەركی پاش كردنەوە و ڕاو و نێچیری وێنەكان و هەستەكان و وشەكان، تۆمار كردنیانە بە شێوەیەكی تایبەتی لە تۆمارگای نووسینەكانم. دەبێت ئاگاداری ئەوە بین كە ئاواز لە دەروونی هەركەسێك دروست نابێت، دەبێت كەسێكی تایبەتی بێت تا بتوانێت دانەری ئاواز بێت، بە تایبەتی ئەو كەسانەی كە ئاوازی فۆلكلۆر كۆ دەكەنەوە و بە دەنگ زیندووی دەكەنەوە. بۆیە كاری تۆمار و ئەرشیف كردن كارێكی ئاسان نیە. تۆمار كردنی شوێنەواری كۆن زۆر ئاسانترە لە تۆمار كردنی وشەكان، وە تۆمار كردنی وشەكان ئاسانترە لە تۆمار كردنی ئاوازەكانی نەتەوەیەك، هەروەها تۆمار كردنی هەستەكان و وێنەكانی نەتەوەیەك زۆر سەختتر و دژوارترە لە هەموو جۆرەكانی تۆمار كردن.

كاری سەرەكی من لەم نووسینانە ئەوە بووە كە هەوڵ بدەم بۆ پێگەیاندنی دەروونی خۆم و نەوەكانی كورد، بۆ ئەوەی كە شایستەیی و شارەزایی ئەوە بە دەست بهێنم و بە دەست بهێنن كە كۆی بكەنەوە و تۆماری بكەن. شارەزایی و پسپۆڕی لە ڕاو كردن و كۆ كردنی هەستەكان و وێنەكان دەبێتە ئامراز بۆ ئەوەی كە ئەو كەسە پەرە بە خواست و ویستەكانی بدات. ئیتر دەتوانێت لە زۆر بواردا بەكاری ببات.

من گەر تیكەیەك لە گۆزەیەكی كۆن بدۆزمەوە، وردی دەكەم و دەیپژێنم بەسەر خاكی كوردستاندا. لەبەر ئەوەی كە ئەو تیكە چكۆلانە بۆ من بەهایەكی فراوانی نیە. هەروەها ئەگەر دەستە وشەیەكی كۆن یان دەستە هەست و مانایەكی كوردەواری لەناوچەی كرماشان تۆمار بكەم، ئەم تۆماركراوانە ناتوانێت كە ڕێنوێنیم بكات بۆ ئەوەی بڵێم فەرهەنگی كورد، فەرهەنگێكی پڕ و پتەوە. بۆ نموونە لە كۆن و تا ئەم تازەییەش كە منداڵ دەهاتە دونیا، سەر و دەست و لەشیان دەبەستایەوە. ئەم بەستانەوە بە چڕی تا لە چلە دەرنەچووایەت هەر بەردەوام بوو. لێرە دوو وشەی گرنگ بەهای هەیە، یەكەم پێچانەوە، دووهەم چلە.

ئێستە ڕەوشی چاودێری كردنی منداڵ گۆڕاوە، پێچانەوە نەماوە و چلە و دەورانی چلە مانایەكی ئەوتۆی نەماوە. گەر لە پیران و كەسانی كۆن پرسیار بكەیت كە چلە وەك وشەیەكی دامەزراوە لە كوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ نازانن!.

چلە، مەبەست ژماوەی چلە. ئەم ژمارەیە زۆر لە نێو كوردەواری بیستراوە. وەك چلەی هاوین، چلەی زستان، چلەی مردووە، چلەی زایین، چلەی پارێز، چلەبڕ كردنی منداڵ.

لە فەرهەنگی كوردی پیچانەوە لە منداڵی دەست پێ دەكات، پاشان لە گەورەیی لە ژن و پیاو شێوەی خۆی هەیە و هەرگیز پیاوان و ژنان نەپێچراو دەرنەكەوتوون. گەر سرنجتان دابێت لە ژنانی كۆنی كوردی، كڵاو و لەچكێكیان هەبووە كە بە پولی ئاسنی دروست دەكرا. ژنەكان ئەو كڵاو و لەچكەیان لەسەر دەكرد. ئەو كڵاو و لەچكە تا ڕادەیەك قورس بوو. پرسیارم ئەوەیە كە بۆ ئەو كڵاوانەیان بە پولی ئاسنی قورس دروست دەكرد!؟ فەرهەنگی كورد شوێنەوارەكانی تووچاوە،

وە زۆر دنکە و دەگمەن وشە و وێنەی کۆن ماوەتەوە. لێرە ئیتر بەدواداچون لەوە کە ئایا ئێمە فەرهەنگێکی هاتوو لە کۆنەوە کە زیندوو بێت هەمانە یان نە؟ پرسیارێکی هەڵەیە. دەبێت ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا ئێمە تۆمارگەیەکی زیندووی وشەکان و وێنەکانمان لە فەرهەنگی کۆنی کورد هەیە!؟.

کە من ئەم شتانە ئەزانم، ئیتر وەک نەزانێک نانووسم، بەڵکو بەوانەش کە نازانن ئێژم: **تەرمی هیچ فیرعەونێکی مۆمیایی کراوە، زیندوو نەبووەتەوە و نابێتەوە!.**

لێرە ئیتر کاری ئەو کەسانە بەهادارە کە بتوانن بە شێوەیەکی شارەزایانە و جوان، کۆکەری و تۆمارکەری بکەن. ئەو کەسانە بەرهەمە تۆمارکراوەکانی خۆیان بۆ ڕێگە و ڕێبازێک کە تێدا دەژین بە کاری دەبەن.

# حاڵ و حەی

کاک عەلی موحەممەد ناسراو بە لالۆ دێوانە، خزمێکی خۆشەویست و دەروێش و خوادۆستی ئێمەیە. لالۆ دێوانە کاتێک کە گوێی دەگرێ و سۆزی دەکات، جاربەجار حاڵی لێ دێت و بە دەنگی بەرز ئەڵێت " حەی".

لە بیرمە ئەو ڕۆژەی کە باپیرم کۆچی دوایی کرد، لالۆ دێوانە لە ناو دارەکانی پێش مزگەوتەکە وەک کەسێکی شەیدا و حەیران، دەستی بە بنا گوێیەوە ناوبوو و سۆزی ئەکرد. حەزم کرد کە لە کاتی حاڵ لێ هاتنەوەکانی نزیک ببمەوە و کاتێک کە ئەڵێت حەی، بە جوانی بیبینم. بە شوێنیەوە چووم، لالۆ دێوانە ئاگای لە کەس نەبوو، هەستم ئەکرد کە ئاگاشی ئەوەندە لە خۆی نیە. هەر لە خۆیەوە بە چاوی نیوەکراوە لە ناو دارەکان سۆزی ئەکرد و حاڵی لێئەهات.

کاتێک کە لە ناو دارەکان بە چاوی نیوەکراوە، وەک شێت و شەیدا سۆزی ئەکرد و دەگریا و لە ناکاوە زوو زوو بە دەنگی بەرز ئەیوت " حەی"، منی بە بیری نەقاشی بەناوبانگی " هاوار[1]" لە کێشانی " ئدوارد مونک" خستەوە.

ئدوارد مونک بە کێشانی ئەو تابڵۆیە بە شێوەیەک گلەیی و نیگەرانی و دەرنەبڕاوەکانی دەروونی بەرانبەر بە هەستی دەربڕیوە. مونک بە کێشانی ئەو تابڵۆیە بە شێوەیەک ئەو لایەن و بەشانەی ناوەڕۆکی دەبڕیوە کە ناتوانرێت دەرببڕێت یان بۆ دەربڕین نایەتەدەرەوە!.

[1] _ هاوار، The Scream ناوی تابڵۆیەکی بە ناوبانگە لە کێشانی ئدوارد مونک Edvard Munch.

هەر دەروێشێک کە نابێتە دێوانە، دێوانە پلەیەک لە سەرەوەی دەروێشە. لالۆ دێوانە دوو کەس بوو، بەو مانا کە بە دوو ناو دەیانناسی. دەستەیەک لە کەسە نزیکەکانی کە لە ناوەڕۆک و دەروونی ڕۆحانی لالۆ دێوانە نزیک بوون، بە لالۆ دێوانە بانگیان ئەکرد. کەسانێکی تر کە بازاڕی بایەن و دەست و دەمیان لەگەڵ ژیان و پارە تێکەڵ بایەت، بە لالۆ عەلی موحەممەد بانگیان ئەکرد. سۆزکردن و حاڵ لێهاتن و حەی کردن، لالۆ دێوانەی گۆشەگیر و ڕۆحانی و دەست بە تەسبیح کردبوو.

لالۆ دێوانە دەست فرۆشی دەکرد، هەندێک جل و بەرگی پیاوانە و منداڵانەی دەنایەسەر گاڕێیەک و وەدیاریەوە دادەنیشت، جاربەجار ڕێم دەکەوتە ئەو شوێنە کە ئەو لەوێ دەستفرۆشی دەکرد. هەر لە دوورەوە کە منی دەبینی، لە شوێنی خۆی هەڵدەستا و خۆی ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی کە سڵاوی من بکات. هەر لە یەکەم جارەوە بە منی وت کە بۆچی لە شوێنی خۆی هەڵدەستێت. بە منی وت" تۆ دەستت بە قورئانەوە داوە!" . لالۆ دێوانە لەبەر ئەوەی کە فەقێ بووم، خۆشمی ئەویست.

حاڵ لێهاتن، یەکێک لە حەڵەتە دنکە و تایبەتەکانە کە لە دەروونی هەر مرۆڤێک ڕوو نادات و کەم کەس دەگرێتەوە. بۆ من پرسیار بوو کە چی وادەکات کە ئەو کەسە ئاوەها حاڵی لێبێت!؟ چی لە دەروونی ئەگوزەرێت لەو کاتەدا!؟ هەست و نەست و هۆشیاری و دیدی لەسەر چیە!؟ لە ڕاستیدا خۆمیش مابوومەوە لەوە کە دەبێت لە چ پرسیارێکەوە دەست و دەم بکەمەوە!؟.

کاتێک کە ئدوارد مونک تابڵۆی هاوار دەکێشێت، دەیەوێت ئەو نیگەرانی و هاوارەی خۆی لەگەڵ مرۆڤەکانی تر بەش بکات، بەڵام لالۆ دێوانە حاڵ لێهاتنەکانی بەس بۆ خۆی بوو.

زۆرێک لە نووسەران و بیرمەندان باس و قسەیان لەسەر ئەو حاڵ لێهاتنە کردووە. بە بیر و ڕای ئەوان حاڵ لێهاتن چ وەک لالۆ دێوانە وە چ وەک ئدوارد مونک، دەیەوێت بگەیەنێت کە " ئەو مرۆڤە لە بووندایە و ئاگای لە بوونی خۆی هەیە، لەگەڵ ئەو ئاگاهیەش بەو جۆرە خۆدەربڕینە( چ حاڵ لێهاتنی لالۆ دێوانە، وە چ نەقاشی هاواری ئدوارد مونک) دەریدەبڕن کە دەروون و ناوەڕۆکیان ئەوەندە لەم بوون و هەستیە شاد و ئارام نیە". لە ڕاستیشدا لالۆ دێوانە خۆی و بنەماڵەی لە دونیا و ژیان بێگانە بوون، ئەو کار و کەسابەتەش کە ئەیکرد، بەس بۆ بژێوی ژیانی بوو. کاری دەست فرۆشی لالۆ دێوانە لە گۆشەیەکی شار، دوور و پەرت لە مەزات و هات و هەرای خەڵک بوو. جاری وا شت و مەکەکانی، وەک گۆرەوی و شۆرت کە بۆ فرۆشتن لەسەر گاڕێکەی بوو، ئەوەندە دەمایەوە و خۆر لێیدەدا، ڕەنگی دەگۆڕا یان ڕەنگی کاڵ و زەرد دەبوو.

هەر مرۆڤێک بە شێوەیەک زەمینەی ئەوەی تێدا هەیە کە حاڵی لێ بێت و خۆی دەربڕێت. کەسێکی وەک ئدوارد مونک بە تابڵۆیەک حاڵ لێهاتنی خۆی دەربڕی. لالۆ دێوانەش بە وتنی ناوی خوا " حەی" کۆیەک هەست و فرمێسکی دەردەکرد.

منیش هەروەک هەر مرۆڤێک مافی ئەوەم هەیە کە حاڵم لێبێت و بە شێوەیەک ئەو حاڵە دەرببڕم. من تا ئێستا هەرهەموو حاڵ لێهاتنەکانی خۆم بە نووسین دەربڕیوە. کەسێک کە حاڵی لێ دێت و دەنووسێت، زۆر جیاوازە لە کەسێک کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ئاکادمی ئەکات. ئەو کەسەی کە کاری زانستی و ئاکادمی کۆمەڵایەتی ئەکات، حاڵ و ئەحواڵی ئەوانی تر دەردەبڕێت، بەڵام من لەسەرجەم ئەم نووسینانە کە لەم گرتووخانەیە نووسیومە، حاڵ لێهاتنی خۆمم دەربڕیوە و نووسیوە.

ئەوەی من ئەمەوێت لێرە بە خوێنەری بگەیەنم ئەوەیە کە زۆر زەحمەتە خوێنەر ئاگاداری سەرجەم هەست و نەست و حاڵ لێهاتنەکانی من بێت. هەربۆیە هەندێک جار کە لەم نووسینانە گەیشتن بە دەستە ڕستە و وشەیەک کە نەختێک سەخت بوو بۆ خوێندن، یان تێکەڵ و شێواو بوو، وە یان بە دیدی ئێوە هەڵە بوو، بەس بە ئارامی و بێدەنگی لێی گوزەر بکەن و وازی لێ بهێنن.

جاربەجار لە نووسین و دەربڕین، حاڵم لێدێت یان حاڵ ئەمگرێت. لەو کاتە ئیتر خۆمیش ئەوەندە ئاگام لەو حاڵ لێهاتنە نیە!.

# لە ژێر سێبەری داری توو دا

نیوەڕوانێکی بەهاری بە تەنیا لەسەر ڕووباری ئەڵوەن کوتە دارێکم بە دەستەوە گرتبوو و هەر لەبەر خۆمەوە ڕێم دەکرد. هەوا خۆش و دونیا خوڕەم بوو. کار و بارێکی وام نەبوو، قوتابخانە بۆ دوو ڕۆژ داخرابوو، ئیتر منداڵان لە خوا خوایان بوو کە قوتابخانە نەبێت و بۆ خۆیان لە دەرودەشت و ناوشار سەرگەردان و بێهۆ بگەڕێن.

ئەو نیوەڕوانە من بە تەنیا بووم، هەر حەزم لێ بوو بە تەنیا بگەڕێم. ئاخر ئەگەر منداڵەکانی ترم لەگەڵ بایەن نەیاندەهێشت بە دڵی خۆم بگەڕێم. هەر ئەمە وای کرد کە بە تەنیا بڕۆم. هەر کات کە بە تەنیا دەگەڕام، دەچوومە ئەو شوێنانە کە پێشتر نەچووم، وە زۆر بە وردی و نەرمی چاوم لە سەر دەوروبەر دادەگرت. ئەمە بۆ من خۆشی بوو.

ساڵەکانی بەرەتای گەڕانەوەی دوای شەڕ، ئەڵوەن ئەڵوەن بوو، ئاوەکەی جۆش و خرۆشی بوو و گۆرانیان لەسەر ئەوت، هەر ئەو جۆش و خرۆش و تاف و شەپۆلدانەی ئەڵوەن، من و شاری سەرپێڵی ئارام و ئاوەدان دەکردەوە.

گەڕەکێک لە شاری سەرپێڵ هەیە کە خەڵک پێی ئێژێت " پشتی شاباسی". ناوی شاباسی شکاوەی ناوی شا عەباسیە. بەڵام من نەمزانی کە بۆ پێی ئێژن پشتی شاباسی!؟ بەهەرحاڵ خەڵک و خەلق دەم و دەستیان زۆر شت ئەشکێنێتەوە. لە پشتی شاباسیەوە چووم بەرەو ناوکەلەوە. ناوکەل کەلێکە کە ئەڵوەن تێدا دێتە ناو شاری سەرپێڵ و جوانی و ئاوەدانی پێ ئەبەخشێت.

زۆربەی خەڵکی پشتی شاباسی سەربە ئایینی یارسانن. منیش زۆر دۆست و هاوڕێم لە یارسانەکان هەبوو. زۆر بە ئەدەب و چاک بوون.

هۆکارێک کە منی دەبرد بۆ پیاسەی کەناری ئەڵوەن، بۆنی دارەکان و گژ و گیاکان کاتێک لەگەڵ بۆنی ئاو تێکەڵ دەبوو، با دەیدا بە ڕوومەتی مرۆڤدا. هەروەها هۆیەکی تری خۆشەویستیم بۆ کەناری ئەڵوەن، دار و بنچکی توو و تووڕک بوو. نەک تەنیا من، بەڵکو هەموو منداڵان هەر کات کە دەرفەتیان هەبایەت، دەچوون بۆ خواردنی توو و تووڕک. خۆشی و سەرگەرمی و خۆ خەریک کردنێکی منداڵانە بوو.

ئەو ڕۆژە ویستم لە ناوکەل بڕۆمە ئەوبەری کەژەکەوە و پیاسەیەکی دەرودەشتی پشتەوەی شاری سەرپێڵ بکەم. هەربۆ ئەمەش تۆزێک پێم هەڵگرت و بە خێراتر خۆم گەیاندە ئەوبەری ناوکەلەوە. زۆر کوڕی گەنج و منداڵم لێ دیار بوو، بۆ مەلێ و ماسیگرتن لەسەر گۆمی نزیک بە ڕووبارەکە خەریک بوون. لێیان نزیک نەبوومەوە. حەزم کرد بە درێژایی ئەڵوەن بەرەو ئاواییەکانی نزیک بڕۆم.

لە مەزاتی منداڵەکان گوزەرم کرد. گەیشتمە شوێنێک وەک دۆڵ بوو، دارێکی تووم بینی. زەویەکی گەنمیش لە تەنیشت دارەکە بوو. بەرەو دارەکە چووم، دەنگی چەند کەس هات. لەوبەری دارەکە چەند پیاوی پیر لە بن دارەکە دانیشتبوون. سەیرم لێهات. کە لە دارەکە نزیک بوومەوە، کابرایەکی شوان و مەڕوماڵاتەکانیم بینی. کابرای شوان و مەڕوماڵاتەکان لە بن دارێکی بی مۆڵیان دابوو، دنکە دنکە مەڕ و بزنیش بە تەنیا لا کەوتبوون و کاوێژیان ئەکرد. لە پیاوە پیرەکان نزیک بوومەوە. سڵاوم لێیان کرد. خەڵکی شار نەبوون، دیار بوو کە لە خەڵکی ئاواییەکانی ئەو نزیکە بوون. لە یەک چرکەدا بریقە و تریفەی گەڵاکانی داری توو، چاو و نیگای منی بۆ خۆی برد. پاشان سەیری داری بی و گەڵاکانی دار بیەکەم کرد، وەک یەک نەبوون!.

یەکێک لە پیاوە پیرەکان پرسیاری کرد: مناڵ کورەیت!؟

وتم: هایمە سەرپوڵ(سەرپێڵ)

پیاوەکە: خو ئەڕا هاتیتە ئەڕا ئیرە!؟

وتم: هەر ئەی جورە!.

پیاوەکە بێدەنگ بوو و ئیتر هیچی نەوت. تۆزێک لە دار تووەکە دوور کەوتمەوە بۆ ئەوەی کە باشتر وێنەی پیاوە پیرەکان لە بن داری توو ببینم و لەگەڵ مەڕەکان لە بن داری بی بەراوردیان بکەم!.

بۆ من وێنەیەکی سەیر و پڕ لە پرسیار بوو. هەستم کرد کە شتێک یان شتانێک لەو دوو وێنەیە هەیە.

دیسان چوومەوە بن داری تووەکە، سەیری سێبەرەکەیم کرد. هەروەک کەسێک بۆ سەیر کردنی گەنم دەچێت و دەستی دەخاتە ناو خەرمانی گەنمەکە و پڕی مشتێکی لێ هەڵدەگرێت، هەروەها منیش پڕی مشتێک لە سێبەری دار تووەکەم هەڵگرت. سێبەرێکی تاریک و فێنک بوو، تۆزێکیش هەواکەی کپ بوو. لە بن داری تووەکە چووم بۆ بن داری بیەکە، کابرای شوان چووبوو لەگەڵ کابرایەک کە ئاوی زەوی گەنمی دەدا قسەی دەکرد. لە دارەکە و مەڕەکان نزیک بوومەوە، کابرای شوان سەیرێکی منی کرد و دیسان خەریکی قسە بوو. پیاوە پیرەکانیش هەروەک خۆیان گەرمی قسە و باسی خۆیان بوون. سەیری گەڵا و جووڵەی لق و پۆکانی دار بیەکەم کرد. تیشکی خۆر و شنەی با لە کەنار گەڵای دارەکە گوزەریان دەکرد و دەنگێکی لاوێنەری دروست کردبوو. گەڵای داری بی وەک گەڵای داری توو، بریقە و تریفەی نەدەهات، ئەوە بۆ من گرنگ بوو: ئایا داری توو زیاتر تیشکی خۆر لە خۆی دەگرێت!؟ چوومە بن داری بیەکە، سێبەرەکەی لەگەڵ تیشکی خۆر کە لە کەناری گەڵاکان گوزەری دەکرد، تێکەڵ ببوو، لەگەڵ ئەوەدا هەوا و فێنکیەکی خۆشتری هەبوو.

داری تووەکە نێر بوو. هەستم کرد کە لە دەورانی مێینەیی و منداڵ پەروەری گوزەری کردووە. ئەم قسەیە منی وردتر کرد. لە بیرم دەهات کاتی خۆی لە داری توویەکی نزیک بە ماڵی خۆمان تووم خوارد، بەڵام پاش چەند ساڵ ئەو دار تووە ئیتر تووی نەدەدا. هەر ئەم بیرەوەریە وای کرد هەست بەوە بکەم کە داری توو یان دەستەیەک لە داری تووەکان لە دوو دەورەی مێینەیی و نێرینەیی گوزەر ئەکەن!.

بەم هەست و هزرە دەروونیانە مەڕەکان و داری بیم بەجێهێشت و بیرم چوو بۆ ئەوە کە بزانم توو چەندە منداڵ و هۆرمۆنەکانی منداڵی گەشە پێ دەدات!؟ هەروەها چەندە هاوکاری یان پێشگیری دەکات لەوە کە منداڵ لەو دەورەی منداڵی بۆ مێینەیی و نێرینەیی گوزەر بکات!؟.

سەیرێکی ئاسمانم کرد، وەک ئەوە کە سەیری خوای گەورە بکەم!. سەیرم کرد بۆ ئەوەی داوای زانستی ئەو نەزانیەی خۆم بکەم. تۆزێک وەڕەس دەبەم لە شتێک کە لێی نەزان بم!.

خوا حافیزیم لە پیاوەکان کرد و ڕووم لە ناوکەل کرد. لەگەڵ ئەوەی کە ڕووم لە ناوکەل کرد، وێنەی تاووس هاتە پێش چاوم. تاووس کە خۆی ئەکاتەوە، نیگار و نەخشەیەکی جوان دەردەخات. پرسیارم بۆ دروست بوو: کەی تاووس خۆی دەکاتەوە!؟ ئاخر تا خۆی نەکاتەوە، ئەو نیگار و نەخشەیە کە پێیەوەیە دەرناکەوێت!. ئایا کاتی کردنەوەی لە ڕۆژی خۆش و کاتی دولبەری تاووسی نێر لەگەڵ تاووسە مێکانە!؟.

سەیری ئەڵوەنم کرد، پرسیارم لە خۆم کرد: ئاخر تاووس و داری توو چ پەیوەندیان پێکەوە هەیە!؟ نیگار و جوانی نەخشەی تاووس بە یەک پەڕ دیار نیە، بەڵکو دەبێت کە هەر هەموویان پێکەوە بکرێنەوە. نەخشە و جوانی، بەخشراو و کێشراوە. لە کرانەوەی هەمووی پەڕەکانە کە نیگار و جوانی دەردەکەوێت. ئەم قسانە منی برد بۆ ئەوە کە ناسین و حیکمەت دەبێت کە بکرێتەوە، دەبێت لە ڕۆح و دەروونی مرۆڤێکی شەیدا و پەرێشان خۆی بکاتەوە و پیشانی بدات کە هێشتا ئومێد بە خۆشی و شادمانی مرۆڤی ماوە.

هەروەها کەسانێک کاتێک کە تیشکێکی ناسین و ڕووناکی لێیان دەدات، وەک داری بی کە گەمە لەگەڵ تیشکی خۆر دەکات، ئەوانیش گەمە و شکانەوە و کەمتەرخەمی لە ئاستی ئەو تیشکی ناسین و ڕووناکیە ئەکەن. هەروەها کەسانێک بە چەند پەڕی جوانی تاووس ڕازی دەبن و هەڵیدەواسن بە ماڵی خۆیان، ئەوانە ناسین و جوانی وەک زینەت بە کار دەبەن. بەڵام من نیگار و جوانی گشت پەڕەکانم دەوێت، من گەمە لەگەڵ تیشکی خۆر ناکەم. من هەر وشە و وێنە و بەسەرهات و ناو و ئەوەی کە ببێتە وشە دەیپارێزم و خزمەتی ئەکەم!.

ئەم قسە و باسانە سەری منی گەرم کرد، گەیشتمە ناوکەل، خۆر وردە وردە تیشکە زەردگەڕاوەکانیشی لە لووتکەی کەژکانی پشت شاری سەرپێڵ ون دەکرد. وتم بە خۆم: گەڵای داری توو باشتر کەڵک لە تیشکی خۆر وەردەگرێت، هەربۆیە گەڵا و سێبەری خۆی دەپارێزێت. خۆریش بێنیازی دەکات.

وردە وردە دەگەیشتمە ماڵی خۆمان، بەڵام هێشتا دەروونم نەگەیشت بە هەست و هزری ئارام لەسەر گەمەی گەڵای داری بی و کەڵکی گەڵای داری توو لە تیشکی خۆر. بە خۆمم وت: زانست هزر دروست ناکات، نەزانی هزر دروست دەکات، نەزانی من لە داری بی و داری توو وا دەکات کە بیر و دەست و هەست و هزر و گریان و خەم و پەرۆشی خۆم تێکەڵ بکەم بۆ ئەوەی کە بزانم. بۆیە، ئەم نەزانینە پیرۆزە!.

دوو خاڵ بۆم دەرکەوت:

یەکەم ئەوە کە گەڵای داری بی گەمە بە تیشکی خۆر دەکات و دەیگرێت و بەریدەدات و ئەیشکێنێتەوە. بەڵام داری توو ئەو کارەی کە گەڵای داری بی ئەیکات، ئەنجامی نادات.

دووهەم ئەوەیە کە داری توو وزە و دەرفەتی ئەوەی هەیە کە لە مێینەیی و بەخششی بەری توو بۆ نێرینەیی بڕوات. ئەو کاتەی کە بەردەدات، منداڵان هەڵدەکەنە قەدیدا و تووی لێ ئەخۆن. کاتێکیش کە نێر و پیر بوو، پیران لە بنی دادەنیشن و بە سێبەر و پارێزگاری لە سێبەری خۆی، مەجال بە پیران دەدات کە بیرەوەریەکانی دەورانەکانی ژیانیان بۆ یەکدی بگێڕنەوە!.

# پەمبوو و سەری پەنجەکان

میم خاوەر و کچەکانی لە زەوی کشتی پەمبوو یان پەمگ کاریان ئەکرد. ئێواران بە ڕوومەتێکی شەکەت و وەڵەکەت، کوژاوە و بێهێز دەهاتنەوە بۆ ماڵی خۆیان. دایکم جاربەجار خوەش و بشی لە گەڵیان ئەکرد و جاربەجاریش میم خاوەر پێش ئەوەی کە بچێت بۆ ماڵی خۆیان، لە لای دایکم دادەنیشت و چایەکی دەخوارد و ماندوویەتی دەردەکرد.

ئێوارەیەک وەک هەموو دەمەوئێوارەیەکی تر، میم خاوەر و کچەکانی هاتنەوە و دایکم خوڵکی کرد بۆ خواردنی چاییەک. میم خاوەر بێ قسە قبووڵی کرد و لە سێبەر داری بی تەنیشت حەوشەکەی ئێمە دانیشت و سەروێنی تۆزێک لەسەری شل کرد و لیوانێک ئاوی خوارد.

میم خاوەر وەک هەموو ژنێکی تر، لە وەرزی کاری کشت و کاڵ بە دەرفەتی ئەزانی و بۆ کۆ کردنی تۆزێک پارە کاری ئەکرد. هەندێک لە کارە کشت و کاڵیەکان بە ژنەکان ئەکرا، لەبەر چەند هۆ، یەکەم ئەوە کە پارەی کەمتریان بە ژنەکان ئەدا، دووهەم لەبەر ئەوەی کە ژن سەبر و لێبووردنی فرەتری لە پیاو هەیە، سێهەم لەبەر ورد بوونەوەی دەست و چاوی ژنەکان لە کار و خەریکبوونەوەکانیانە. ئەم چەند هۆکارە زیاتر هانی خاوەن کارەکانی ئەدا کە ژنەکان بۆ کاری کۆ کردنی بەرهەمە کشت وکاڵیەکان بەرن.

ئەو ئێوارە میم خاوەر فرەتر لە جاران ماندوو بوو، ڕەنگ و ڕوومەتی زیاتر سووتابوو. ئاە وناڵەی لە کار و سەختی کاری چنینی پەمگ کرد. بۆ من پرسیار بوو کە پەمگ خۆی نەرمە بۆ کارەکەی و چنینەکەی سەختە!؟.

میم خاوەر دەست و پەنجەکانی هەموو پێچرابوو. هەموو ئێوارەیەک بە دەست و پەنجەی پێچراوەوە دەهاتەوە بۆ ماڵەوە. وردە وردە بۆ من پرسیار بوو کە بۆ سەری پەنجەکانیان ئاوەها دەبەستن!؟.

ئەو ئێوارە پرسیارم لە میم خاوەر کرد: بۆچی سەری پەنجەکانتان دەپێچنەوە!؟

میم خاوەر: ئۆی ڕۆڵە گیان ئەو خوایە قوربانی بم ئەم دونیایەی سەیر دروست کردووە، ڕۆڵە گیان گیای پەمبوو جۆرێکە کە دەستی بۆ دەبەیت، یەکسەر سەری پەنجەکان بریندار دەکات و خوێنی لێ ئەهێنێت، گەر زۆر وریا نەبی، پەمبووە سپیەکە بە خوێن سوور ئەبێت!.

بۆ من جگە لەوەی کە ئاە و ناڵەی دەخستە دەمی میم خاوەرەوە، وێنە و نموونەیەکی جوان بوو. هەر بۆ ئەمەش بڕیارمدا کە ڕۆژێک لەگەڵیان بڕۆم بۆ کار و بزانم کە بۆ میم خاوەر ئاوەها ناڵەیە!؟.

چەند ڕۆژ دوای ئەوە لەگەڵ میم خاوەر و کچەکانی چووم بۆ سەر زەوی کار و هەر لە بەرەبەیانەوە منیش وەک ئەوان لە نێو زەوی سەوزی پەمگ خۆم خەریک کرد. هەر لە یەکەم دەست خستنەکانەوە، پەنجەکانم بە تیژی دڕکی گیای پەمگ بریندار بوو و ئازاری بە من گەیاند. زۆری نەبرد و سەری پەنجەکانم تۆزێک خوێن لێی هاتە دەرەوە. بۆ من زیاتر لەوەی کە ئازار بێت، پرس و جوانیەکی تایبەت بوو.

چووم بۆ لای خاوەن کار و پرسیارم لێ کرد: خاڵۆ گیان بۆ ژنەکان دەهێنیت بۆ ئەم کارە!؟

خاوەنکارەکە کەسێکی پیر بوو، بەڵام ژیر و هۆشی گەنج و وەخۆوەبوو بوو.

لە من نزیک بووەوە: ژنەکان چاو و دەست و پەنجەیان وەک پیاو نیە، وردترە و نەرمتر، سەبریان هەیە و باش شتەکان لە یەک جیا ئەکەنەوە، ئەم کارەش لە ڕاستیدا بۆ پیاوان نیە!.

ئەو ڕۆژە پاش ئەزموونی ڕۆژێک کاری چنینی پەمگ چووینەوە بۆ ماڵ و وەک میم خاوەر و کچەکانی ماندوو و هیلاک ببووم. لە جێگەی خەو سەرجەم باس و قسەکانی ئەو ڕۆژەم هێنایە پێش چاوم. لەوە دڵنیا بووم کە پەمبوو و سەری پەنجەکان و دەست و چاوی ژن و برینی سەر پەنجەکان، کۆیەک وشە و وێنەیە کە دەتوانێت هاوکاری من بکات.

سەری پەنجەکانی مرۆڤ وەک دەست و سمی ئاژەڵ نیە، بەڵکو جگە لە خەت و خاڵی مۆرکراوی سەر پێستی پەنجەکان، زۆر نەکراوەی لە بن پێستەوە هەیە.

هەر ئەمە منی برد بۆ ئەو پرسیارە کە بۆچی گیای پەمگ بە دڕک و تیژی دەیەوێت برین و شەق لەسەر پێست و پەنجەکان بخات!؟ ئایا بەس بۆ ئەوەیە کە بە خوێنی دەست، ڕەنگی سپی پەمبوو بگۆڕێت و شایەت و شایەتی دروست بکات!؟ یان زیاتر لەوە، دەیەوێت هەست و نەستی سەر پەنجەکان بکوژێت!؟ ئایا بەس دەیەوێت دووانەیەکی سروشتی دژ و نزیک لە یەکدی بە من بگەیەنێت!؟.

ئەوەی کە لە باسی پەمبوو یان پەمگ بۆ من بەها و دەوری هەبوو، بەخشش و وەرگرتنی شایەتی بوو. هەروەک گوێز کە سەری پەنجەکانی بخۆری ڕەنگ ئەکات، هەروەها پەمگ سەری پەنجەکان بریندار ئەکات بۆ ئەوەی کە بەو بەخششە ئاگاداری و شایەتی وەرگرێت.

هەندێک لە توخمەکان ئەبەخشن و ئیتر سەیری ڕوومەتی بەخشئپێکراو ناکەن، بەڵام هەندێکی تر لە توخمەکان کاتێک کە ئەبەخشن، سەری پەنجە و بن پەنجە بە ڕەنگ و خوێن ئەبەستنەوە. هەندێک لە توخمەکان بە دەست ئەبەخشن و سەیری بەخششپێکراو ناکەن، بەڵام دەستەیەکی تری توخمەکان بەخشش بە سەروکەلە ئەکەن!.

هەندێک لە توخمەکان سەرجەم بەهایان لە سەر و بەریانە، وەک ئەوە کە ئەگەر بەریان لێ بکەیتەوە، خۆیان بێمانا ئەبن، وەک گیای گوڵەبەڕۆژە. هەروەک گیای گوڵەبەڕۆژە، پەمگ بەر و بەهای خۆی خستووە سەریەوە و بەو دڕک و تیژیەی کە لە سەری ڕواندوویە، دەستی کرێکار و بگر بریندار ئەکات. بە شێوەیەکی تر جگە لەوەی کە بەس وەرگرتنی شایەتی بێت، بەرگری کردنە. هەروەها گوڵی گوڵەبەڕۆژە کە لە تەڕی دەگاتە پڕی و دەمێنێتەوە، خۆی دادەخات و لە خۆیدا دەمێنێتەوە. ئەمە من دەبات بۆ یەک خاڵی گرنگ: پڕ بوون یان بەر گرتن و گەیشتن بە کۆتایی و ئاوەدانی و ئەوپەڕی ئەوە کە توخم لە ناوەوە هەیەتی یان بۆی دیاریکراوە و بۆی نەخشەکێشراوە، جۆرێک تۆ و توخم تووڕە و نیگەران ئەکات.

بۆچی توخم تووڕە دەبێت!؟

مرۆڤ توخمێکە کە کەس ناتوانێت و کەس نازانێت تا کوێ دەتوانێت بچێت و بچوێنێت و تا کوێ ئەکرێتەوە و ئەکاتەوە!؟ ئەمە بۆ مرۆڤ جێگەی دڵخۆشی و ئومێدە. هۆی تووڕەیی گیای پەمبوو و مانەوە و خەمۆکی گیای گوڵەبەرۆژە لەوەیە کە گەیشتووە بە ئەوپەڕی کردنەوەی تۆ و توخمی خۆی. گەیشتووە بەو ڕادە و دەورە کە بە دەستی کرێکارێک بەری دەگیرێت و خۆیشی بە دەستی باوە دەبرێت بۆ قەبرستانێک کە نازانێت لە کوێیە!؟ لە ڕاستیدا بوون بە کا و پووش، سووکی و بێبەهایی، ئامادەیی و زەمینەی ئەوە خۆش ئەکات کە ئەو گیا و پووشە ئاگری تێبەربێت. ئەم ئاگر لە خۆبەردانە یان زەمینە تێکەوتنە، جۆرێک گلەیی و گازندە کردنی دەستی داڕێژەری هەستیە.

لە قورئانی پیرۆز هاتووە کە: و لله یسجد من فی السموات و الارض طوعا و کرها و ظللهم بالغدو و الاصال(الرعد ١٥) هەروەها هاتووە: ثم استوی الی السماء و هی دخان فقال لها و للارض ائتیا طوعا او کرها قالتا اتینا طائعین( فصلت ١١)

خوای گەورە لەو ئایەتانە ئەوە دەگەیەنێت کە سەرجەم تۆ و توخمەکان بە خۆشی یان ناخۆشی، سەربەرز یان سەرشۆڕ، ئاگاهانە یان نائاگاهانە، بەند و بەندەن. گیای پەمگیش وەک هەریەک لە توخمەکان بە وێنە و ناو و ناوەڕۆکی هاوکاری کردنەوەی شێوەیەکی تری پەروەردە و پێگەیشتن ئەکات. پەمگ لەبەر ئەوەی کە ناوەڕۆکی لە بەستنەوە دەکرێتەوە و بە بەستنەوە ئەرکی سروشتی خۆی ئەگەیەنێت، لە کرانەوە و کردنەوەی دەمی گیای پەمگ تووشی قەیران ئەبێت، وەک گەنمەشامی. گەنمەشامی لەبەر ئەوەی کە لە ڕێکخراوە و ڕیز و بەسترانەوە گەورە دەبێت، هەر کە هاتە دەرەوە و تۆزێک ڕۆن و گەرمای پێکەوت، بە شێوەیەکی سەیر ئەتەقێت و دەبێتە جۆرە خواردنێکی تر. گەنمەشامی تەقاو لە ناو ڕۆن، لە شوێنە گشتیەکان وەک سینەما و پارک و سەرگەرمیەکان بەکار دەبرێت. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە گەنمەشامی بە خواست و مەبەست و بە پێچەوانەی ڕیز و ڕێکخراوەی یەکەم و سەرەتای، خۆی دەخاتە بێمانایی و بێمانا کردنی توخمی. دیارە زۆر گوشاری پێکەوتووە!.

نموونەی گیای پەمگ یان پەمبوو و پەمگی سپی وەک کابرایەکە ژنێکی زۆر جوانی هەیە. ئەم کابرا لەبەر جوانی ژنەکەی و سەیر و نیگای خەڵک، لە هەموو تووڕە ئەبێت و خۆی و ژنی لە خەڵک دوور ئەکاتەوە. گرژی و نیگەرانی کابرا هاتوو لە جوانی ژنەکەیە. هەروەها تیڕی و دڕک و تیر و تیژی گیای پەمگ هاتوو لە نەرمی و خاوێنی پەمگ یان پەمبووی سپیە.

لە ڕاستیدا وێنە و باسی پەمگ وەک شیرە، نابێت لە کرانەوە بمێنێت. شیر هەردەم لە بەستراوەیی و بەستنەوە، لە بەخشش و گرتنەوە دێت و دەچێت، هەروەها پەمگ لە بەستنەوە دێت و لە کرانەوەیەک و دەمکردنەوەیەک بۆی هەیە با لێی هەڵکات و هەڵیگرێت، وەک کچێک کە هەر حەزی لێ بێت کەسێک هەڵیگرێت و ماڵ و بنەماڵەی خۆی عەیبەدار بکات!.

دەستەیەک لە توخم و تۆکان لە کرانەوەی بەرەڵا و بێسنوور یان بە پێچەوانەوە لە بەستنەوە و گوشان، پەرێشان و ون و نەخۆش دەبن و تێک دەچن، بۆیە دەبێت دەست و مەبەست و خواستێک

لەسەریان بێت. گیای پەمگ پێیخۆشە پەمگی سپی با ببیات، لە جیاتی ئەوەی کە مرۆڤ بیکاتە پاڵشت و لە بن سەر بخرێت. هەربۆیە گیای پەمگ وەک داری گوێز نایەوێت بەری خۆی بە ئاسانی بە دەستی مرۆڤەوە بدات.

# از خط کوفی تا نستعلیق شکستە

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی فەرهەنگ و ئەدەب و پەروەردەی فارسی، ئەدەبی خۆشنووسی و خۆشبەیان کردنە. لە دەورانی قوتابخانەی ناوەندی ئیبراهیمی کوڕی خاڵم هەردەم منی لۆمە ئەکرد کە دەست و پێنووست جوان نیە و خۆشنووس نیت. ئیبراهیم بە پێچەوانەی من، دەست و پلی زۆر بەکار دەبرد بۆ خۆشنووسین و جوان کردنی نووسینەکانی.

ئەو کاتە لە پەروەردەی کۆماری ئیسلامی ئێران وانە و بابەتێکیان بە ناوی هونەری خۆشنووسین هەبوو. هانی قوتابیەکانیان دەدا کە فێر بن خۆش بنووسن. هەر لەو کاتەوە ئیتر ئیبراهیم کەیف و حەزی لە خۆشنووسین هات. بە پێچەوانەی ئیبراهیم، من زۆر کەیف و مەیلم لەسەر ئەوە نەبوو کە فێری خۆشنووسین ببم، لەبەر ئەوەی کە بۆم پرسیارێکی گەورە بوو کە دەبێت چی " خۆش بنووسم!؟" .

" خط نستعلیق شکستە" شێوەیەکی نووسینی دیار و باوی نێو ئێرانیەکانە. ئەم شێوەیە تایبەت بە فارسەکان و ئەدەبی فارسیە. هونەری نەستەعەلیقی شکاو لە زۆرێک لە بوارەکان بەکار دەچێت و بەکار براوە، بە تایبەت لە هونەری معماری ئێرانی دەورێکی دیاری بە خۆیەوە بینیوە.

نەستەعەلیقی شکاو دژ یان پێچەوانەی " خطی کوفی" یە. خەتی کوفی بەو خەتە دەوترێت کە لە کوفەی عێراقەوە دەستی پێ کردووە. هەروەها قورئان لە سەرەتاوە بە خەتی کوفی نووسراوە. خەتی کوفی بە پێچەوانەی خەتی نەستەعەلیقی شکاو، پێچ و پەنا و خواری و لاری و قەوس و شکانەوە و بادانەوەی تێدا نیە. خەتی کوفی زۆر لەسەر ڕاستی و خەتی ڕاست پێداگری ئەکات.

نوقتەکان لە خەتی نەستەعەلیق هاوشانی خەتەکانە، بەو مانا کە خوێنەر بەو نوقتانەوە خەتەکان ئەخوێنێتەوە، بەڵام لە خەتی کوفی بە خەت نوقتە ئەخوێنرێتەوە.

نەستەعەلیقی شکاو، زیاتر لەوەی کە پێداویستیەکی سەرەکی زمانی و فەرهەنگی بێت، هونەرێکە لە هونەرەکانی ئێرانی. ئنجا لێرە پرسیار ئەوەیە کە بۆ فارسەکان و ئێرانیەکان کەڵک لە " نسخ و تعلیق و کسر" وەردەگرن؟.

دەمڕاستی و خەتڕاستی لە ئەدەب و فەرهەنگی ئێرانی کەم بەدی ئەکرێت. فارسەکان عەشق و خۆشەویستیان شکانەوە و قەوس و خواری و لار کردنە. شکانەوە و شکاندنەوەی بە مەبەست لە ئەدەب و فەرهەنگی فارسی ڕەنگ و بەری گرتووەتەوە.

فارسەکان نەک تەنیا شیعر و پەخشانی فارسی دەشکێننەوە، بەڵکو ڕستە و وشەکانی قورئانیش بە شکاوەی هونەری دەنووسن و لەسەردەری شوێنە گشتیەکان بڵاوی دەکەنەوە. فارسەکان حەز ئەکەن بیشکێننەوە بۆ ئەوەی دێر پێیان بخوێنرێتەوە، بۆ ئەوەی لە خوێندن و ڕاست کردنی ڕستەکان تێدا بمێننەوە. فارسەکان حەزیان لە مانەوەیە لە دەسکەوتنی ڕاستی و حەقیقەت. فارسەکان چێژ و تام لە مانەوە لە شکانەوەکان و خواری و لاریەکان وەردەگرن. فارسەکان لەسەر خەتی ڕاست زۆر نامێنێن، بەڵکو لەسەر خاڵەکان و نوقات و وردەکاریەکان خۆیان خەریک دەکەن.

فارسەکان هەروەک خەتی نەستەعەلیقی شکاوە، حەزیان لێیە کە ژیانیان شکاوە تێکەڵ بمێنێت، لەبەر ئەوەی کە تام و چێژی مانەوە لە شکانەوە و تێکەڵی لەلایان فرەترە لە ڕوومەت و دەمی ڕاست. پێیان خۆشە بە دەم شیعر و پەخشانی شکاوە بخوێنن و هۆشی خوێنەر بۆ خەت و خاڵی تێکەڵ دەرگیر بکەن.

فارسەکان حەزیان لە قەرائەتی جۆراوجۆرە. فارسەکان حەزیان لە یەک قەرائەت نیە. وشەی قەرائەت، لە ئەدەبی قورئانەوە هاتە نێو ئەدەبی فارسیەوە، بەو مانا و مەبەستە کە قورئان بە چەند قەرائەتی جیاواز دەخوێنرێت، وەک قەرائەتی تەرتیل و تەحقیق. بەڵام فارسەکان وشەی قەرائەتیان لە ئەدەبی قورئانی بردە نێو ئەدەبی ئیسلامی بە گشتی، وە هەروەها ئەدەبی ئینسانی و کۆمەڵایەتی. لە ئەدەبی کوردی وشەی بەرانبەر بە قەرائەت " خوێندنەوەیە". بەڵام لە بنەچەقەوە فارسەکان دیسان لێرە مانا و وشە و پێگەی وشەیان شێواندووە. بەو مانا کە نەک تەنیا وشەی قەرائەتیان لە شوێنی خۆی نەهێشت، بەڵکو قەرائەتیان بردە ئەدەبێکی ترەوە بە مانای ترەوە، بۆ نموونە قەرائەتەکانی جیاوازی قورئان وەک تەرتیل و تەحقیق لە بەیانی دەم و خوێندنەوە بە دەم جیاوازیان هەیە، ئەگەرنە لە دەق و کتێب هەریەک شتە. بە پێچەوانەوە قەرائەت لە ئەدەبی فارسی خوێندنەوەی جیاوازەی مانا و بەهای ڕستەکانە، بەو مانا کە جیاوازی لە مانای ڕستە، نەک لە بەیان و (تلفظ) ی وشە و ڕستە.

فارسەکان بە هۆی ئەوەی کە کۆنتر و قەدیمی ترن، زۆر پسپۆڕی و شارەزاییان هەیە لە هونەری شکاندن و تێکەڵ کردن و شاردنەوە و بادانەوە و شێواند، بۆ نموونە وشەی " ادرار" لە ئەدەبی فارسی بە میز دەڵێن. کەسێک کە میز بکات دەڵێن " ادرار میکند" بەڵام لە قورئان ئاوەها هاتووە: یرسل السماء علیکم مدرارا ( نوح ١١) بەو مانا کە ئاسمان باران بە بەردەوامی دەبارانێت. فارسەکان " ادرار و مدرار" لە یەکدی نزیک دەبینن. بە بیر و ڕای من نەدەبوو کە وشەی "ادرار" بۆ میز کردن لە ئەدەبی فارسی دابنێن، لەبەر ئەوەی کە خوای گەورە وشەی " مدرار و ادرار" بۆ بارانی ڕەحمەت بەکار دەبات. هەروەها یەکێک لە وشەکانی تر کە کەوتووە سەر دەم و ئەدەبی خەڵک، وشەی " جان" لە ئەدەبی فارسی  وە " گیان" لە ئەدەبی کوردیە. ڕەگ و ڕیشەی ئەو دوو وشەیە لە زمانی کوردی و فارسی، عەرەبیە. پرسیار ئەوەیە کە مانا و پێگەی ئەو وشەیە لە زمانی عەرەبی چیە!؟ جان چەند مانای هەیە، یەکەم بۆ جنۆکە بەکار دەچێت، دووهەم بۆ مار بەکار دەبرێت. ئەو دوو مانایە لە ئەدەبی ئیسلامی بەکار براوە. ئەدەبی فارسی لە ڕەگ و

ڕیشەوە وشەیەکیان نیە بە ناوی جان، بۆیە وشەی جان و گیان دوو وشەن کە بە بێ ئەوەی فارس و کورد ئاگای لە دەم و ئەدەبی خۆ بێت، نراوەتە نێو دەم و ئەدەبیانەوە. جاری وا وشەکان وەک چۆن دایک و باوک وشە دەنێنە نێو دەمی منداڵەوە، هەروەها لایەنێک بە شێوەیەکی نهێنی و شارەزایانە بە خواست و مەبەستەوە وشە و هەست دەنێنە سینگ و دەمی خەڵکەوە. هەروەها دەستەیەک لە وشەکان نراوەتە دەمی خەڵکەوە. وشەی جان و گیان یەکێک لەو وشانەیە. ئەم کارانە زۆر بە نهێنی و ژیری دەکرێت. خواست و مەبەستی گرنگ و گەورەی لە پشتەوەیە و لە داهاتوو کاریگەری فرە لەسەر هەست و هزر و مێشکی مرۆڤەوە دەنێت.

هاوشانی وشەی قەائەت لە ئەدەبی فارسی " دکلمە" یە. دکلەمە بەو شێوە دەوترێت کە ئەحمەدی شاملوو یان شێرکۆ بێکەس شیعرەکانی خۆیان ئەخوێنن. دکلەمە خۆخوێندنەوەیە کە جیاوازی تەواوی لە خواخوێندنەوە هەیە. دکلەمە خوێندنی خودی مرۆڤ یان کەسێکی نزیکە کە لێی تێدەگەیت، بەڵام قەرائەتی قورئان، خوێندنەوەی خوای گەورەیە، کە ئەم جۆرە لە دەم و ئەدەبی فارسی کەمتر خۆشوسیتراوە.

خۆشەویستی خۆخوێندنەوە و گرنگیدان بە خۆ و ناوەڕۆکی خۆ و دەربڕینی ئاە و ناڵە و شکست و شکاوەکانی دەروون بە شێوەی دکلەمە لە لای فارسەکان زۆر خوازراوتر و جوانتر بووە تا ئەوەی کە بە دەم و پلی فارسی عەین و غەینی قورئانی عەرەبی بخوێنرێت. فارسەکان حەز ئەکەن شتێک بخوێنن کە خۆیان حەزیان لێیە، نەک شتێکیان پێ بخوێنرێت کە خوا دەیەوێت. فارسەکان شکانەوە و مانەوە و تێکەڵیەکانی خۆیان پێ خۆشترە تا ڕاستیەکانی خوا و قورئان. تەنیا کەسانی وەک شاملوو و فروغ نەبوون کە عەشقیان بە شکانەوە و مانەوەی دڵ و دەروون کرد، بەڵکو شیعەکان و ئاخوندەکان وشەی قەرائەتی جیاوازیان لە خوێندنی قورئان هێنایە نێو ئەدەبی ئیسلامیەوە بۆ ئەوەی کە لە ڕاستی و ڕاستیخوازی خەتی کوفی و یەکتایی مانا و دەقی قورئان ڕزگاریان بێت. فارسەکان قەوس و شکاوە و شکستەکانی ژیان و زمان و ئەدەبی خۆیان پێ باشتر تا خەتی کوفی و ڕستە کورت و ڕستە ڕاستەکانی قورئان.

## خەندە بە نیوەی ڕوومەتەوە

ئێواران لەگەڵ دەستە منداڵێکی کۆڵانەکەمان دەچووین بۆ زەوی یاری و گەمە و هەتا درەنگانی شەو تاو تاو گەمەمان ئەکرد و تاو تاویش لە بن دارێک و دیوارێک دادەنیشتین و خۆمان بە قسە و باسەوە خەریک ئەکرد. ئێمە دەستە دۆستێک بووین کە لە قوتابخانە و زەوی گەمە و هات و چۆکانمان یەکدیمان دەناسی و لەگەڵ یەکدی دەهاتین و دەچووین. ئەم نزیکی و ناسین و تێکەڵیە زۆرجار دەبووە هۆی ئەوە کە کەسانێکمان لە یەکدی دۆستتر و نزیک، وە کەسانێکمان لە یەکدی دژ و دوژمن دەرکەێت. چەند کەسێکیشمان بە بێ ئەوەی کە پاڵ بداتە یەکێکەوە، لەگەڵ هەمووان دۆستی و نزیکی هاوسەنگی دروست دەکرد.

سەرەتای هەر دۆستی و دوژمنیەک لە نیگا و دیدێکەوە بەدەردەکەوێت. نزیکترین شت لە دید و نیگاوە، خەندە و پێکەنینی مرۆڤە. یەکێک لە هاوڕێکانم لە بەرەتاوە بە دید و ڕوانینێکی پڕ لە گومان و نابەدڵی سەیریم ئەکرد. هەر ئەمە وای کرد کەمتر لێی نزیک ببمەوە و خۆمی لێ دوور بگرم. هەر ئەم دووری و گومان و نابەدڵیە چەندەها جار شەڕ و کێشەی خستە نێوانمانەوە.

سەرەتای ئەو کێشە و نیگەرانی و نابەدڵیەی من لە جۆری خەندەی ئەو هاوڕێیەمەوە دەستی پێ کرد. ئەو کوڕە زۆر بە زەحمەت لەگەڵ ئێمە پێدەکەنی، کاتێکیش پێدەکەنی، بە نیوەی ڕوومەتی پێدەکەنی. من زۆر کەیفم بەو کەسانە نەدەهات کە بە نیوەی ڕوومەت پێدکەنین. هەروەها عادەتێکی تری ئەو کوڕە ئەوە بوو کە زۆر کەیفی بەو منداڵانە نەدەهات کە لەسەر خاک و خۆڵ دائەنیشتن. ئەو کوڕە زۆر خۆی لە خاک و خۆڵ ئەپاراست، هەرکات کە تۆزێک خۆڵ بە جلەکانیەوە بنیشتایەت، هەستی بە پیسی ئەکرد!.

هۆ و بۆی ئەو جۆرە نابەدڵی و نیگەرانیەی من، لە هەست و نەستەکانی پشت ئەو جۆرە پێکەنینە بوو. هەستم ئەکرد کەسێک کە بە نیوی ڕوومەتی پێدەکەنێت، زۆر ڕەزا گران و خوێن تاڵ و لە خۆی بایی و خەڵک بە کەمزانە. بە کوردی ئەو جۆرە کەسانە نەدەچوونە دڵمەوە. هەر ئەمە وای کرد من و ئەو کوڕە هەرگیز نەبین بە دۆستی گیانی بە گیانی.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەو کوڕە کە بە نیوەی ڕوومەتی پێدەکەنی، هاوڕێیەکی ترمان هەبوو کە نێوانی من و ئەو زۆر خۆش بوو. ئەو کوڕە هەردەم و لە هەرکوێ بایەت لەسەر خاک دادەنیشت و سەرودەمی بە قسە و باسەوە گەرم دەکرد. بە پێچەوانەی ئەو دۆستەمان کە لە لای ئێمە بە نیوەی ڕوومەتی خەندەی دەکرد، ئەم کوڕەی تر کاتێک کە پێدەکەنی، سکی دەجووڵایەوە و سکی دەلەریەوە. ئەمە بۆ ئێمە بووە شتێکی خۆش، ئیتر زۆرجار داوامان لێدەکرد کە پێبکەنێت بۆ ئەوەی کە سکی بلەرێتەوە. ئەو جۆرە خەندە و سکەلەرزە بۆ من زۆر خۆش و بە تام بوو، هیچ کێشە و گرفتێم لەگەڵ ئەو کوڕە نەبوو. کەس کێشەی لەگەڵ ئەو کوڕە نەبوو. کوڕێکی خاکی و بێئازار و ڕۆح سووک بوو، هەروەها فرت و فێڵ و شت شاردنەوەی نەبوو. لەهەر کاتێک پێیت بوتایەت با بڕۆین بۆ فلان شوێن، نەیەوت نە!. هەر ئەمە نێوانی ئێمەی خۆش کرد.

خەندە بە نیوەی ڕوومەت و خەندە بە سکەلەرزە دوو جۆری دژ و جیاوازی خەندە بوو.

دوای ئەوەی کە چەند هاوکۆڵانی و دۆستی نوێمان بۆ پەیدا بوو، کوڕێکی تر بووە هاوڕێمان کە ئەویش بە شێوەیەکی تایبەت پێدەکەنی. ئەو کوڕە کاتێک کە پێدەکەنی، خەندەی بە شان ئەکرد. ئەمە بۆ من زۆر خۆش بوو. هەر ئەمە منی برد بۆ ئەوە کە پرسیار لە خۆم بکەم، هۆی ئەوە چیە کە خەندە و شێوەی خەندە لە مرۆڤەکان جیاوازە!؟.

ئەو کوڕەی کە بە شان پێدەکەنی، کوڕێکی چالاک و وەرزاو و گەڕاڵ و گەشتۆڵ بوو، زۆر کراوە و ژیر و وریا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر قسەی دەکرد و هەر لە خۆیەوە قسە و گوڵەبەڕۆژە لە دەمی

تێکەڵ دەبوو. هەر ئەمە وای کرد کە خەندە بە شانەوە لە ناوەندەی دوو جۆری تری خەندە بە نیوەی ڕوومەت و خەندە بە سک، دابنێم.

ئەو کوڕەی کە کاتی پێکەنین شانیشی دەجوولا و لەگەڵ دەمی پێدەکەنی، زۆر کەیفی بە سکەخەندەی ئەو کوڕەکەی تر دەهات. ڕۆژێک دانیشتبووین و هەر لەبەر خۆیەوە بە تووڵە دارێک وەک ئەوەی کە لاسایی هەری پۆتر بکاتەوە دەیوت: حەجی مەجی لا تەرەجی، یەلا پێبکەنە!

ئەو قسەیەی دەکرد بۆ ئەوەی کە دۆستەکەی ترمان پێبکەنێت و سکی بە جووڵە بکەوێت.

وشە و ڕستەی ( حەجی مەجی لا تەرەجی) لە دەم و دەستی منداڵەکان زۆر بە کار دەبرا. لە تەلەفیزیۆن و بەرنامە منداڵیەکان ئەو قسەیە هاتە ناو دەم و بیری ئێمەوە. ئەو کاتە ئەوەندە بۆ من بەهای نەبوو کە وشەکانی ئەو ڕستەیە لە کوێوە هاتوون؟ بەڵام پاش ئەوەی کە دەورانی منداڵی و کۆلانم تێپەڕاند، ئەو وشە و ڕستەیە بۆ من بووە جێگەی سرنج. مانا و بەهای ئەو وشە و ڕستەیە چیە!؟.

بەرەتای هاتنی ئەو ڕستەیە بۆ ناو دەم و دەستی منداڵەکان، لە ئەدەبی پەروەردەیی و میدیای فارس و ئێرانی بوو. بەڵام فارسەکان سەر و سەرچاوەی ئەو ڕستەیە نازانن و بۆیان ڕوون نیە. هەر ئەمە وای کرد کە بە خودی ڕستەکە هەوڵی کردنەوەی بدەم.

حەجی هەر حاجیە، مەجی کورت کراوی مەجیدە، لا تەرەجی لە زمانی عەرەبی مانای ئەوەیە کە ڕەجا بۆ یارمەتی مەکە.

ئەم ڕستەیە لە دەمی منداڵەکان کە نازانن مانا و بەهای چیە، من دەبات بۆ ئەوە کە باسی قسە بە دەمی منداڵەوەنان بکەم. مرۆڤ وەک منداڵ، بە دەست و دەمیەوە دەنرێت.

منداڵ هەر لە منداڵیەوە قسە دەنرێتە دەمیەوە و هەر بەو شێوەیە وردە وردە دەم و پلی بۆ دەوروو بەری ئەکرێتەوە. هەریەک لە ئێمە لە منداڵی قسە لە دەممان نراو و خۆمانیش مانا و بەهامان نەزانیوە. زۆرجار دایکان و باوکان یان کەس و کار قسە و وشە دەنێنەوە دەمی منداڵ بۆ ئەوەی کە هەست و نەستی ئەو منداڵە بجووڵێنێت. وشەکانی جووڵێنەر بۆ کرانەوەی هەستەکانی سەرەتای منداڵ، ئەو منداڵە بە شوێنی خۆی ئەخات. هێلکەی مریشک کە لە ژێر قەل هەڵهات، بە شوێنی قەل ئەکەوێت. توخم هەرچی بێت، بە شوێنی ئەو دایک و هێلانە ئەکەوێت کە کردوویەتیەوە.

هەست لە هەناسەوە نزیکە، هەناسە لە باوە نزیکە، با لە باوەڕ دوورە، بایش ئەبێتە هۆی ئەوە کە مرۆڤەکان و ماشینەکان جووڵە بکەن. با ڕەنگ و شێوەی نیە، هەروەها دیار نیە و لە لایەکەوە ئەدرێت. با کوێرە. هەروەها سەرچاوەی سەرەکی گەردشدان بە منداڵ، هەست و هەناسەیەکە کە بە دەستە وشەیەکی کوێر لە لایەن دەورووبەرەوە ئەدرێت، زۆرجاریش ئەو منداڵە مانای ئەو وشانە نازانێت. کەوایە وتنەوە بە شێوەی دووبارە کردن، بە دەنگ وتن، نهێنی وتن، بە دەنگی

کەم وتن، توند وتن، بە نەزانینی مانا وتن، دەور و کارایی کوێرکەری و ئاوەدانکەری هەیە. ئایا ئێوە سرنجتان لەوە داوە کە موسوڵمانەکان زۆربەیان باوەڕیان بە قورئان هەیە و قورئان ناخوێنن، کەسانێکیش کە ئەیخوێنن زۆربەیان مانا و بەهای نازانن، حەتا زۆربەی مەلا و زاناکانیش سەروبەری قورئان لێک نادەنەوە. حەتا ئەگەر کەسێکیش کە بیەوێت دەور و مانای سەرجەم وشەکان و پیتەکان بزانێت، خوای گەورە بە شێوەی داڕشتنی قورئان ناهێڵێت کە سەرجەم ڕستە و لاپەڕەکان بۆ ئەو کەسە بکرێتەوە. زکر و دۆعاکان کە هەڵدەواسرێن بە مل و دەستی خەڵکەوە، زۆربەیان بە شێوەی سێگۆشەیە. بۆچی دۆعا سێگۆشە ئەکرێت و ئەپێچرێتەوە و هەڵدەواسرێت!؟ خوای گەورە لەگەڵ موسا قسەی کرد، لە کاتێک کە موسای نەیدەتوانی یان نەیدەزانی قسە بکات. خوای گەورە لەگەڵ موحەممەد کە لە وەسفی ئەفەرمێت: و ما ینطق عن الهوی( النجم ٣) قسەی نەکرد!. بۆچی خوا قسەی لەگەڵ موسایەک کرد کە دەم و پلی قسەی نەبوو!؟.

بۆیە ئەو منداڵانەی کە دێر دێنە قسە کردن یان ناتوانن کە بە باشی یان لە جێی خۆی وشەکان بڵێن یان پیتەکان لە دەمیان گیر ئەکات و چەندجارە ئەبێتەوە، زەمینە و وزەی ئەوەیان تێدا هەیە دەستیان وزە و هێزی تێکەوێت. بۆ نموونە مەلا عەلی کەڵەک مرڤێکە کە ناتوانێت بە باشی و دروستی قسە بکات، بە کوردی دەمی قسەی نیە، بەڵام دەستی وزەی زۆری تێدایە. هەروەک حەزرەتی موسا کە دەمی قسەی نەبوو، بەڵام خوای گەورە دەست و گۆچانەکەی بۆی بە هێز کرد.

حەجی مەجی لا تەرەجی دەیەوێت کە بگەیەنێت بۆ ئەوەی کە خواستت بێتە دی، مەپاڕێوە و بە دوو دەستی پان و دۆعاکەرەوە داوای بە ڕجا و فرمێسک مەکە. ئەمە دژایەتی ڕاستەوخۆی ئەدەبی قورئان و داواکەری لە خوای گەورەیە.

خۆت خوایت، خۆتی خاوەنی خۆت، خۆمانین و خوێنی خۆمان. پیتی خ و دنووکی هەڵۆ لێکچوونیان هەیە. ئێمە و سەرجەم ئەو زمانانەی کە پیتی خ و شێوەی دنووکی پیتی خ تێدا دیارە و بە کاربراوە، وەک هەڵۆ دەتوانێت کە هاوکاری بکات مرۆڤ بە کەش و بۆ کرانەوەیەکی پان و فراوان بچێت، بەڵام سەرجەم ئاسۆ و کرانەوەکان و قەوسەکانیان بۆ ناکرێتەوە. ئەو مرۆڤانە وەک هەڵۆی بەرزەفڕ، بە ڕوومەتێکی گرژ و نیگەران لە کەشێک ئەبەسترێنەوە. هەڵۆ بەستراوەتەوە، ئەوە ئێمە نازانین!.

من لە کۆڵان و لە نێوان چەند کەس بووم کە هەریەکەیان لە کاتی پێکەنین شوێنێکی لەشیان جووڵەی ئەکرد، من لەو خەندانەوە گەیشتم بە پیتی خ!.

# دوو خوشک، یەکێکیان جوان و ئەوەی تریان ناجوان

گرژی و گڕی دەروونم هەردەم منی ئازار دەدا، بێزار و وەڕەس لەوە کە دڵ و دەروونم بەهەر مەلا و مامۆستا و نووسەر و بیرمەندێک ئارام نابێت. بێزار لە دەست و دەمی شاعیرانی پەرێشان و ئەو مەلایانە کە بە شالی شلەوە بەرنوێژی ئیمانداران ئەکەن. زۆرجار لە خۆمم پرسیار ئەکرد بە چی ڕازی ئەبی!؟ چی یان کێ هەست و هەڵسانە دەروونیەکانی من دادەمرکێنێت و ئارامی ئەکات!؟.

سوتفە ڕۆژێک کەنیشکێکی جوانم بینی، ئەو کەنیشکە زۆر بە جوانی خۆی شانازی دەکرد. منیش شانازیم بەوە دەکرد کە خوای گەورە چاوی منی بینا کردووە کە ئەو کەنیشکە جوانە ئەبینم. لە دڵەوە هەردەم ستایشی خوا ئەکەم بۆ ئەوەی کە دید و دیدەی منی کوێرەوە نەکردووە.

پاش ماوەیەک لە سوتفەیەکی تر ئەو کەنیشکەم لەگەڵ کەنیشکێکی تر بینی، لە خۆی گەورەتر دیار بوو، ڕێ کردن و ڕوومەت و شێوەیان جۆرێک لەیەکدی دەچوو، ئەم بینینە منی برد بۆ ئەوە کە هەست بەوە بکەم کە ئەو دووانە خوشکی یەکدین. ئەو هەستە هەندێک منی نائارام و وەرس کرد. خۆمیش لە ڕاستیدا نەمزانی کە هۆی ئەو ناخۆشیەی دەروونم لە چیەوەیە؟.

ماوەیەک بەسەر ئەو دوو سوتفەدا گوزەری کرد تا ئەوە کە دڵنیا بووم ئەو دوو کەنیشکە خوشکی یەکدین. وردە وردە زیاتر لە ژیانی ئەو دوو خوشکە ئاگادار بوومەوە. هەستم ئەکرد کە خوشکە چکۆلەکە جۆرێک بەزەیی بە خوشکە گەورەکەیدا دێت، هەستم کرد کە خوشکە چکۆلەکە نیگەرانە لەوە کە خوشکە گەورەکەی داواکاری بۆ نایەت. هەر ئەم بەزەیی و خەمە دەروونیە جۆرێک خوشکە چکۆلەکەی پەرێشان و ناڕەحەت کردبوو. من هەستم بەو جۆرە نیگا و بەزەییانە کرد کە لە نێوان ئەو دوو خوشکە هەیە. هەرئەم جۆرە دید و نیگایەی من کارێکی کرد کە هەست و دەروونم بەرانبەر بەو دوو خوشکە گۆڕانی بەسەردا بێت، خۆمیش باش نەمزانی کە هۆکاری ئەو نابەدڵی و هەست گۆڕانە چیە!؟.

ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەو پرسیار و هەستانەوە بەرانبەر بەو کەنیشکە و خوشکەکەی مامەوە، تا ئەەی کە لە شار و وڵاتێکی تر، کەنیشکێکی جوان و قەشەنگی ترم بینی. ئەو کەنیشکەش هەروەک کەنیشکەکەی تر خوشکێکی لە خۆی گەورەتر هەبوو کە لە خۆی جوانتر و قەشەنگتر نەبوو. ئەمە منی زیاتر بە خۆیەوە خەریک کرد. لە خۆمم پرسیار کرد کە هۆکاری ئەوە چیە کە من پاش ئەوەی کە ئەزانم خوشکێکی تری هەیە و خوشکەکەی تری ئەبینم نابەدڵ و وەرەس ئەبم!؟.

ساڵ و ڕۆژگار بەسەر یەکدیدا دەهات و دەچوو تا ئەوەی کە کەنیشکێکم بینی کە زۆر جوان و خانم و خانەدان بوو، هەروەک کەنیشکەکانی پێشتر خاوەن ڕوومەتی تایبەت و گیرا بوو. بەڵام ئەم کەنیشکە وەک کەنیشکەکانی تر خوشکێکی تری نەبوو، بەڵکو تاقانە و تەک بوو. ئەم تاقانەیی و یەکتاییە منی بە خۆیەوە گرت و وەک کەنیشکەکانی پێشتر هەستم بە وەرەسی و نابەدڵی بەرانبەری نەکرد.

هەست و هزرم دەجووڵێت، گەردش و گەڕان و گۆڕانی زۆر بەسەر خۆی دەهێنێت. هەر ئەم گەردش و گەڕان و بەدواداچوونە دەروونیانە وای کرد کە بگەم بە بنەچەقی ئەوە کە بۆچی بەرانبەر بەم کەنیشکە تاقانە دڵ و دەروونم شاد و ئارامە؟ لە ڕاستیدا ئەم دیتن و بینینانە منی برد بۆ ئەوە کە "من مرۆڤی تاک و تاقانەم دەوێت".

مرۆڤ وەک خەیار نیە کە ئەگەر یەکێکیان جوان و ڕێک بوو هەڵیگرێت و ئەوەی تر تۆزێک قەڵەو و خوار بوو بەلاوەی بنێت، بەڵکو دەروون و ڕۆحی مرۆڤ لەگەڵ یەکدی پەیوەندی و نزیکی زۆری هەیە، بە تایبەت دوو خوشک کە ئەگەر یەکێکیان جوان و ئەوەی تریان جوان نەبێت.

هەرئەم هەست و هزرانە منی برد بۆ ئەوەی کە من کەسانی دنکە و تاقانەم دەوێت. تام و سام و دەروونی ئەو مرۆڤانەی کە دنکە و تاقانە بن، زۆر جیاوازە لەو کەسانەی کە چەند کەسی هاوشێوەی وەک خۆیان هەبێت. هەر ئەمە منی برد بۆ ئەوەی کە لە دەروونەوە بەوە بگەم کە بۆچی دڵم بە هیچ مەلا و مامۆستا و کەسایەتیەک خۆش نەبووە!؟ ئەمزانی کە زۆربەی ئەو مەلا و مامۆستا و کەسایەتیانەی کە من لە دوور و نزیکەوە ئاشنایان بووم، کەسانی دنکە و تاکانە نەبوون، بەڵکو ئەوانیش دوو دوو و سێ سێ وەک ئەو دوو کەنیشکە کە یەکێکیان جوان و ئەوەی تریان ناجوان بوو، لەیەک سکەوە هاتوونە دەرەوە. من ئەگەریش خوشکە جوانەکە یان مامۆستا ژیرەکە ببینم یان بە نسیبم بێت، هەر بە دڵم نیە، لەبەر ئەوەی کە من تاکانە و تاقانەیەکی جوانم دەوێت کە لە یەک سک و بە یەک زایینی تایبەت هاتبێت!.

ئەم دید و نیگا زۆر کاریگەری لەوە کرد کە دووری و پارێز بکەم لە مرۆڤەکانی دەورووبەرم. هەربۆیە خۆمم تەنیا بە چەند نووسەر و بیرمەندی مردووەوە خەریک کرد، ئەگەرنە هەرهەموو ئەو کەسانەی کە بە زیندوو لە دەوری من دەژین، کەسی تاقانە و دنکە و یەکتایان تێدا نەخولقاوە. ئەمە مانای ئەوە نیە کە من گلەییان لێ ئەکەم، لەبەر ئەوەی کە ئەوان توخم و دەروونیان ئاوەها هاتووە.

جۆری دید و نیگا و ڕوانگەی من بەرانبەر بە هەستی زۆر هەستیارە. هەر ئەم جۆرە دید و نیگایانەیە کە بە ئەنجام و ڕستەی قورس و گرانم دەگەیەنێت، وە زیاتر تەنیاتر و خەمناکترم ئەکات.

# چەند وردە خاڵ لە چەند کورتە چیرۆک

**بەرەبەیانیەک** لە خەو هەڵسابووم و هەر لە خۆمەوە مەیل و ئارەزووی هیچ شت لە گیانمدا نەبوو. نە وەرەس بووم وە نە دڵخۆش. لە ژوورەکەم چوومە دەرەوە، چووم بۆ لای پەنجەرە و لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەم کرد. هەوا خۆش بوو، دەنگی چۆلەکە و قەلەڕەش لە

دوور و نزیکەوە دەبیسرا. لە ناکاوە دەنگی تەلەفۆن هات. لە ماڵەوە بووم. هەڵمگرت و وەڵامم دایەوە. دایکم بوو. هەر وەک هەموو جار تەلەفۆنی کردبوو کە بزانێت حاڵ و ئەحواڵم چۆنە؟

دایکم لە درێژی ساڵەهای ساڵ هەواڵ پرسی و خوەش و بش کردن، هەمیشە داوای یەک شتی لە من کردووە: خواردن بە باشی بخۆ!.

لە بەرەتاوە ئەوەندە گوێم لەوە نەدەدا کە بۆ دایکم گرنگی بە خواردنی من دەدات. ساڵەهای ساڵ هەر کات لە من پرسیاری دەکرد. من بە شێوەیەکی زۆر سارد و نائاگاهانە وەڵامی ئەو پەرۆش و داوایەی دایکمم دەدایەوە.

دایکان بە ئاگاهی و خەم و پەرۆش و وریاییەوە منداڵانی خۆیان لە دەورانی کۆرپەیی گەورە دەکەن. ئەو دەورانە کە منداڵ گەورە دەبێت، دەست و دەم و چاودێری دایک لەسەر منداڵەکەیە. دایک ئەزانێت کە منداڵ بە خواردن و چاودێری و پاراستن و لاواندن گەشە دەکات.

خواردن و خواردنەوە سەرچاوەی سەرەکیە لە گەشەی لەش و هۆشی مرۆڤ.

دایکان لەبەر ئەوەی کە بە چاوی خۆیان بینیویانە کە منداڵ لە کۆرپەیی بە خواردن و پاراستن گەورە دەبێت، هەردەم و هەمیشە لە قسە و هەواڵپرسیدا یەک دەستە پرس و ترس دووبارە دەکەنەوە.

**نیوەڕۆیەک** بۆ خواردن چووم بۆ ماڵی باپیرم. تازە لە ڕوانسەرەوە بۆ سەردانێکی کەم و کورت چووبوومەوە بۆ ماڵی خۆمان. منیش لە لایەن ماڵی باوام خۆشەویست بووم. هەموو جارێک ئاگایان لە من بوو. منیان زۆر دەلاواندەوە. ئەو نیوەڕوانە پاش ئەوەی نوێژی نیوەڕۆمان لە مزگەوت خوێند، لە مزگەوتەوە لەگەڵ مامم چووم بۆ ماڵی باپیرم.

گەیشتینە ماڵ و بە خۆشی و ماچ و دەست لە ملان لە ژووری دانیشتن دانیشتم. میمکم نەختێک دۆی بە قەزوانەوە بۆ من هێنا: ها بخۆ قوروانت بم... ئەزانم حەزت لە دۆیە!.

دۆکەم خوارد و لەگەڵ مام و میمک و داپیر و باپیر خەریک بە قسە و باسی حوجرە بووم. باپیرم پیاوی چاک بوو. خوا ڕەحمی پێ بکات، ئێستە نەماوە و کۆچی دوایی کردووە. باسی مەلا و فەقێکانی کۆنی بۆ من کرد. باپیرم وتی: کاتی خۆی هەر لەم ئاواییە مەلا ئەحمەدێک هەبوو. مەلای باش و ئاگاە، قسەی وەک هەنجیر کراوە و شیرین بوو. ماوەیەک چەند فەقێ هاتن بۆ لای بخوێنن، فەقێکان خەڵکی ئاواییەکانی دەوروبەر بوون، منداڵی داماو و هەژار بوون. فەقێکان بۆ خواردن و بژێوی ژیانیان دەهاتن داوایان لە خەڵک ئەکرد. ئەو کاتەش خەڵک مێوانداری فەقێکانی دەکرد، هەر ئێوارەیەک کەسێک دەیانی برد بۆ ماڵ یان خواردنیان پێیان دەبەخشی.

باوام دەسڕی گیرفانی دەرهێنا و بە خەندەیەکەوە وتی: ڕۆڵە گیان ئێوە مەلا و مامۆستای باشتان هەیە، خوا بیانپارێزێت، شوێنی خەو و خواردن و هەموو داواکاریەکی ئێوە وەڵام ئەدەنەوە... ئیتر لەوە باشتر چی ئەبێت!؟.

قسە و باس هەروەها بەردەوام بوو تا ئەوەی کە خواردنیان هێنا و منیش بە دڵی خۆم خواردنم خوارد. لەبەر ئەوەی کە خواردنی ماڵی باپیرم هەمیشە لە لای من خۆش بوو. خواردنێک کە خەندە و خۆشەویستی و قسە و باسی خۆشی لەگەڵدا بوو.

پاش ئەوەی کە خواردنمان خوارد. میمکم بانگی منی کرد و وتی: ها بێ بۆ ئێرە تۆزێک کارم پێتە وە قوروانت بم!.

منیش چوومە ژوورەکەی ئەو دیو و میمکم دەرگەی داخست و دەستی کردە گیرفانی کەواکەی بەریدا و وتی: ئەم پارەیەم کردووە بە خێر، بیدە بە یەکێک لەو فەقێیانە کە خێری پێ ئەوڕێت!.

منیش بە دەست خۆشیەکەوە وتم: ئاخر میمکە گیان تۆ خۆت نیازت بەو پارەیە هەیە، ئیتر بۆ ئەیبەخشیت بە کەسێکی تر!؟

میمکم بە ئاە و ناڵەیەکەوە بۆ ئەوەی من ڕازی بکات وتی: تو ئەو قورئانە کردوومە خێر... بووم بە قوروانت، بیدە بە یەکێک لەو فەقێیانە بەشکە خوای گەورە شەڕت لێ دوور بکاتەوە!.

پارەکەم لێ وەرگرت، بەڵام لەگەڵ پارەکە پرس و ترسێک منی گرتەوە. ئەو پارەیە و خێر کردنەوەی میمکم یەکەمجار نەبوو، خێر و خێراتی میمکم و دایکم و داپیرم و ژنەکانی تر یەکەم جار نەبوو، بەڵکو هەر ماوەیەک جارێک دەستیان دەبرد و بە پارە و خواردن، خێر و بەخششیان بە کەسانێک ئەکرد. بۆ من بووە پرس و ترس کە هۆی ئەو ترسە چیە کە لە پشتی بەخششی ژنەکانەوەیە!؟ هەروەها پرسیاری من ئەوە بوو کە بۆچی خێراتی ژنان لە پیاوان زیاترە!؟

ڕۆژێک لە داپیرم پرسیارم کرد: بۆچی ژنەکان ئەوەندە فرە خێرات ئەکەن!؟

داپیرم بزگەیەک گرتی: بۆ ئەوەی کە خوا شەڕیان لێ دوورەوە بکات!.

خێرات بۆ دوور کردنی شەڕ، وەڵامێکی سەرەتایی و ئاسان و جوانە، بەڵام ئەو وەڵامە جوانە منی بە خۆیەوە دەگوشی. ئەوەندەی تر منی لەو پرس و ترسە چەقاند، پەیوەندی خێر و شەڕ و بەخشش و ژن لە چیدایە!؟.

**دوانیوەڕوانێکی هاوینی** لە ماڵ خاڵم بووم. خاڵم و باوکم و کوڕە خاڵەکەم خەوتبوون. من و کوڕە چکۆلەکەی خاڵم پێکەوە بە ئەسپایی لە نزیک بە موبەڕیدکە گەرمی قسە و باس بووین. دەرەوە گەرم و زۆر ڕووناک بوو. خۆر لە زەوی زۆر نزیک بوو. ڕووناکیەکەی زۆر زۆر بوو. چەند جارێک سەیری دەرەوەم کرد. گەرما شەپۆلی ئەدا.

خاڵم چەند جار خۆی ئەملا و ئەولا کرد و لە ناکاوە پەردەکەی لەسەر خۆی لادا و خەندەیەکی خۆشی کرد. ئەمە عادەتی خاڵمە کە هەرکات لە خەو هەڵسێت، خەندەیەک بۆ ئەو کەسانە ئەکات کە لە دەوری دانیشتوون. ئەو خەندەیە منی دڵخۆش کرد، هەستم کرد کە خاڵم سەلامەت و سەرحاڵە. بانگی ژنەکەی کرد: ها ژنەکە تۆزێک دۆی مانگا زەردم بۆ بێرە!.

من و کوڕەکەی خاڵم بەو قسەیە پێکەنین.

ژنەکەی خاڵم بە پارچێک دۆی بە قەزوانەوە هات. باوکم و کوڕەکەی تری خاڵم لە خەو هەڵسان. کوڕەکەی خاڵم کە هێشتا خەوی دەهات: ئەرێ باوکە ئێژیت لە سەربازین، ئەمە چیە ئەمە!؟ هەر کات کە تۆ خەوتی ئێمەش دەبێت بخەوین، هەر کات تۆ هەڵسای دەبێت ئێمەش هەڵسین... ئەو خەوە خۆشەت لەسەرم زڕاند!.

کوڕە چکۆلانەکەی خاڵم خەندەیەکی خۆشی کرد، ڕووی لە برا گەورەکەی کرد: هەڵسە دەی.. بارت لە بیارەوە بە شان هاوردووە!؟

باوکم پاڵشتەکەی خستە ژێر شانی: ئەم موبەڕیدە نەبایەت ئەم خەڵکە چی بکردبایەت!؟

کوڕە چکۆلەکەی خاڵم: وەک مەردمی قەدیم!.

خاڵم لە شوێنی خۆی هەڵسا و بە خەندەوە بە کوڕە چکۆلەکەی خۆی وت: تۆ جەدیدی، چووزانیت قەدیم چیان کردووە!؟

خاڵم بە دەم قسەوە: بچۆ شووتی ناو یەخچاڵەکە بێرە با ساردمان بکاتەوە!.

خاڵم قسەی تەواو نەکردبوو، خاڵۆژنم شووتیەکەی لەسەر سینیەک دانابوو و هاوردی. خاڵم ڕووی لە کوڕە چکۆلەکەی کرد و وتی: تۆ جارێ بێ و ئەم شووتیە بخۆ ئەوجا باسی قەدیمم بۆ بکە!؟

هەمووومان لە دەوری سینی شووتیەکە کۆ بووینەوە. کوڕە چکۆلەکەی خاڵم هەڵسا. خاڵم سەیری کرد: ئەوە بۆ کوێ!؟

کوڕە چکۆلەکەی خاڵم: ئەچم نان تێرم... برسیمە!.

تەشتی نانەکەی هاورد و نان و شووتی ساردمان پێکەوە خوارد. تامی نانی کوردی و شووتی سارد و شیرین لە هەوای گەرمی دەشتی زەهاو، وەک خواردنی سەروپێ بوو لە ڕۆژێکی ساردی زستانی!.

**دەمەوئێوارەیەک** لە بن دار بیەکەی کەناری ماڵی خۆمان دانیشتبووم. ئێوارە بوو، گەرما و تیشکی خۆر شکابوو. هەوایەکی خۆش بوو. منداڵەکان وردە وردە بە پاسکیل و تۆپ و کەرەستەکانی گەمەیان لە کۆڵانەکانی ئاوایی دەنگیان لێوە دەهات.

دایکم جل و بەرگی شۆراوی لە تەنافی نێو حەوشە هەڵدەواسی. براکانی ترم لە ماڵ خەریکی سەیری تەلەفیزیۆن بوون. کتێبێکم بە دەستەوە بوو، ئەوەندە تاقەتم لەسەر خوێندن نەبوو. چاوم ئەدا پیاوێکی ئاوایی بێتە ناو دار زەیتوونەکانی حەوشی مزگەوتەکەوە و منیش بڕۆم لەگەڵی هەندێک قسە و باس بکەم.

دەنگی دەرگە هات.

دایکم دەرگەی کردەوە. ژنەکەی دراوسێمان بوو. لە دوورەوە حاڵ و ئەحواڵی وەتەک من کرد و لەسەر بەردێکی نزیک بە دەرگای ماڵەوە دانیشت. تۆزێکی پێچوو و لە شوێنی خۆم هەڵسام و نزیکیان بوومەوە. باسی مریشکیان دەکرد. دایکم: ئەوە بزانە لە کوێ هێلکە ئەکات!؟

منیش حەزم کرد بزانم باسی چی ئەکەن: چی بووە!؟

ژنەکەی دراوسێمان بە خەندەوە سەری لە خوار کرد. دایکم دەستی بە چناکەیەوە گرت و وتی: کورە دوو سێ جووڵکی هەس هێشتا نەهاتوونە هێکلە، لە وەختی خۆی دەرچووە و هێلکە ناکەن!.

منیش بۆم گرنگ بوو: ئەی ئێوە چووزانن کە مامر هاتووە هێلکە یان نە!؟

دایکم وتی: مریشک بێتە هێکلە خاوەنی خۆی ئاگادار ئەکات!.

منیش: چۆن!؟

دایکم: ئەی خاوەن خۆی ئەزانێت، مامر کڕە کڕ و دەنگە دەنگێک هەر ئەکات!.

من: ئەی ئەگەر هەر هێلکەی نەکرد!؟

دایکم: هەموو مامرێک خۆ لە یەک کات نایاتە هێلکە... هەندێک مامر زووتر دێتە هێلکە.

ژنەکەی دراوسێمان: خۆ هەموو مریشکێک هێلکە لە کوولانە ناکات... هەندێک لە مامرەکان ئەیکەن، دوور لە ڕووی ئێوە ئەگەر سەگی خوێڕی لەوناوە بێت ئەوە بۆی هەیە کە ئەو سەگە بیدۆزێتەوە بیخوات!.

ژنەکەی دراوسێمان ئاهێکی هەڵکێشا: کورە قەدیم ژن تا منداڵێکی بە سەلامەت ئەبوو، چەند منداڵی لەبار ئەچوو، ئێستە ژنەکان خەمی هێلکەکانیانە... توخوا واز بێرە!!.

خۆیانیش مابوونەوە کە سەروبەری کێشەکەیان لە کوێوەیە؟ دەرگەی حەوشەم کردەوە: ئێوە بنیشن وە خێر، من ئەچم بۆ ناو دارەکانی مزگەوتەکە.

ئەو باسە تۆزێک سەری منی بە خۆیەوە خەریک کرد. سەرەتاکانی هاتنە هێلکەی مریشک و ژن و منداڵی کۆن و سەگە زۆڵەکان و ئەو قسانە سەری منی لە بن دار زەیتوونەکان گەرم کرد.

**شەوێکی زستانی** باران دەباری، هەورەگرمە و تەوەرگ و تەرزە لەسەربانی ژوورە قوڕینەکان دەنگی دەهات. من لە ماڵی مامم بووم، لەگەڵ منداڵەکانی مامم و چەند منداڵی میمکەکانم و چەند منداڵ و پیاو و ژنی تر لە ژووری زستانەی خانووەکەی مامم دانیشتبووین. ژووری ماڵەکان لە ئاوایی ئێمە هاوین و زستانی هەبوو. ژوورەکانی زستانان گەرم و داپۆشراو و پڕ لە هەست و نەستی خۆ داپۆشین و گەرما بوو.

ئەو شەوە لە ئێوارەیەکی خۆشەوە دەستی پێ کرد، ئەو ئێوارە من میوان بووم، ماڵ و منداڵ و ژنی پیر و میوان و دراوسێ لە ماڵی مامم کۆ بوونەوە. ئەو ئێوارە بە گرمەی هەور و تریشقەی ئاسمان زیاتر لە یەکدی نزیک دەبووینەوە. من بۆ میوانی چووبووم بۆ ماڵی مامم. ئەو کاتە من لە قۆناغی سەرەتای بووم، هەموو هەفتەیەک ڕۆژانی پێنجشەمە و جومعە دەچووم بۆ ئاوایی. ئاوایی و شەونشینیەکانی ئاوایی بە تایبەت لە زستانان بۆ من زۆر خۆش بوو. لەو کاتەوە من هەستم کرد کە زۆر کەیفخۆشم لەوە کە مرۆڤم و لەگەڵ مرڤ دادەنیشم. هەر ئەم خۆشی و حەزە زۆرتر منی ژیر و پیر ئەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەی تر منی لە قوتابخانە یاخی دەکردەوە.

ئەو ئێوارە خۆش بوو، میمکم و داپیرم باسی منداڵی خۆیان دەکرد، باسی ئەو کاتە کە شوویان نەکردبوو. ئەوان زۆر بە زەحمەت باسی ئەو کاتەیان دەکرد، مەگەر ئەوە کە من لەوانم پرسیار بکردبایەت. لە ڕاستیدا ئەوە بۆ من زۆر سەیر و پڕ لە پرسیار بوو کە بۆ منداڵەکانی ئەم سەردەمە پرسیاری منداڵی لە پیران ناکەن!؟.

ئەو ئێوارە من زەفتێکم ( ظبط ، تسجیل) بردبوو بۆ ئەوەی کە بە هاوکاری ئەو زەفتە دەنگی داپیرم هەڵگرم. خەڵکی ئاوایی و بە گشتی دەشتی زەهاو هەر ئەوەیان نەدەزانی کە دەنگی کەسێک بە زەفتێک هەڵگرن. ئەو کاتە داپیرم نەخۆش بوو. منیش لە ترسی لە دەستدانی داپیرم هۆڵی ئەوەم لێ نیشت کە چی بکەم!؟ ئەو ئێوارە زەفتەکەم بردبوو بۆ ئەوێ کە هەموو بێ دەنگ بن و دەنگی داپیرم هەڵگرم.

ڕووم لە داپیرم کرد: داپیرە(داگا) گیان باسی کۆن و نوێی خۆت بکە، کەس قسە ناکات، بەس تۆ قسە بکە، هەرچی کە هات بە بیر و دەروونت باسی بکە!.

هەمووان سەیریان لێ ئەهات کە دەنگی داپیرم هەڵدەگرم، هەمووان بێدەنگ بوون. تەسجیلەکەم خستە کار. داپیرم لە کاتێک کە دەستی بە تەسبیحەوە بوو، دەمی کردەوە: ڕۆڵە گیان باسی چیتان بۆ بکەم!؟ ئەو خوا ئەزانێت کە چەندە ئاوارەیی و دەربەدەریمان کێشا... ئەو خوا ئەزانێت لەو ئێران و عێراقە چی وەسەر خۆمان و مناڵمان هات... دونیا شێوا و عەسکەر و سەرباز هاتنە دەشتی زەهاو... هۆڵ گرتمی.. لە منداڵەکانم ئەترسام....

لە ناکاوە کاک عەلی و کاک هەدایەت دایان لە دەرگە و هاتنە ژوورەوە. منداڵەکان دەنگیان بەرز کردەوە و مامم و ژنەکان لە شوێنی خۆیان هەڵسان. خەڵکی ئاوایی شەوان بە بێ ئەوەی کە

یەکدی ئاگادار بکەنەوە دەچوون بۆ ماڵی یەکدی. ئەمە شتێکی ئاسایی بوو. منداڵەکان پێیان خۆش بوو، لەبەر ئەوەی کە دەیانتوانی بیکەنە زڵەزڵ و هات و هەرا!.

داپیرم دەستی دا بە ئەژنۆی و لە شوێنی خۆی هەڵسا و بە حەسرەتێکەوە وتی: ڕۆڵە گیان با بیبەم بە گۆڕا ئەوەی ئێمە و ئەم کوردە نەگبەتە کێشای... بەو خوا ئەترسێم ئەو خاکەش ئێمە لە خۆی نەگرێت!؟.

هەتا درەنگانی شەو من لە ماڵی مامم بووم، هەر قسە و باسێکیان ئەکرد. هەمەڕەنگ باس و قسە و تەویر و خەندە و چیرۆک و بەسەرهاتیان ئەگێڕایەوە. ئەو کاتە تەلەفیزیۆن نەبوو، ئیتر خەڵک بۆ گوزەراندنی شەویان هەر شەوێک لە ماڵی یەکێکیان کۆ دەبوونەوە. هەموو خەڵکی ئاوایی لەیەک ماڵ کۆ نەدەبوونەوە. بەڵکو هەر دەستە پیاو و منداڵ و ژنێک کە لەگەڵ یەکدی دۆستی و هاونشینی فرەتریان هەبایەت، ئەوە هەر شەوێک لە ماڵی یەکێکیان کۆ دەبوونەوە. هەر ئەم خۆشی و دانیشتن و قسە و باسانەی شەوانی زستان ئەو پرسیارەی لە لای من دروست کرد: بە ڕاستی بۆچی من ئەوەندە ڕق و نەفرەتم لە قوتابخانە هەیە و ئەوەندە کەیفخۆشم بە شەوان و ژیانی ئاوایی!؟.

پاش ئەوەی کە ڕۆژی شەمە هات، ئیتر کاتی ئەوە بوو من لەگەڵ مامم لە بەرەبەیانەوە بڕۆم بۆ شار. لەبەر ئەوەی کە دەبوو نیوەڕۆ بڕۆم بۆ قوتابخانە. لە ماڵی باپیرم هاتمە دەرەوە و بە نابەدڵی کەوشەکانم لە پێ کرد و چوومە بەردەرگی حەوشی ماڵەوە. چەند منداڵی ئاوایی خەریک بوون دەچوون بۆ قوتابخانەکەی ئاوایی. وێنە و بۆنی قوتابخانەکەی شار دەهاتە سەرمدا، ئەوەندەی تر منی نیگەران کرد. مامم لە دەرگە هاتە دەرەوە، بە دەنگێکی نەرم و لە ترسدا وتم: نابێ ئەمڕۆژیش لێرە بم، بە خوا بەیانی ئەچمەوە!؟

مامم هەستی بە نیگەرانی و حاڵی ناخۆشی من کرد، بزگەیەکی کرد و وتی: یەڵا بۆ شار، چەند کاتژمێری تر دەبێت بچیت بۆ قوتابخانە!.

ئەو ڕۆژە من دڵ و دەروونم پڕ لە ڕق و کینە بوو. لەوە کە دەبێت بڕۆم بۆ شوێنێک کە کەیفم پێ نایەت. ڕق و کینە لەوە کە کەس تێناگات لە دەروونی من. پێمخۆش بوو لەگەڵ ئەو خەڵکە و ژیانی ئەو خەڵکە بژیم و هەر لە نێو ئەوان شەو و ڕۆژم بگوزەرێنم. بەڵام ئەوەی من ویستم سەری نەگرت و مامم منی بردەوە بۆ شار و ڕق لە دەروونم هێلانە و هێلکەی کرد!.

پاش ئەوەی کە چەند ساڵی تر لە شاری سەرپێڵی زەهاو خوێندم، دەورەی ئاوارەی بۆ شاران و وڵاتان دەستی پێ کرد و ئیتر لە ئاوایی و ئەو هێلانە گەرمەی ژیانی ئاوایی بێبەش بووم.

لێکدانەوەی من پاش ئەم هەموو ساڵە ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی نەیانهێشت لە ئاوایی بە دڵی خۆم دانیشم، ئیتر هەر ئەو نابەدڵی و دڵشکاندنە، بووە هۆی ئەوە کە من نە لە سەرپێڵ وە نە لە هیچ شارێکی تر ئارام نەگرم. هەرچۆن لە کۆرپەیی و لە کەمپی ئاڵتاش لە باوەشی دایکم تێرشیر و تێرخەو نەبووم، ئیتر هەروەها هیچ شوێنێک نەبووە هێلانەی ئارامکەری من. ئەم

هەموو ئاوارەییە بەرهەمی ئەوەیە کە نەیانهێشت لە ئاوایی بە دڵی خۆم شەوان و ڕۆژان بگوزەرێنم!.

لە بیرمە مامە ناوەندەکەم، بۆ سەربازی ناونووسی کرد. پاش ئەوەی کە سێ مانگی یەکەم و ئامادەیی گوزەراند، ناردیان بۆ شارێک لەسەر سنووری ئێران و پاکستان. بۆ گەیشتن بە ئەوێ دەبوو مامم سێ شەو و سێ ڕۆژ لە ئۆتوبوس بایەت. هەر لەبەر ئەم دووریە مامم ساڵی جارێک دەهاتەوە. ئەو دوور خستنە کاریگەری زۆری لە دەروونی مامم کرد. پاش ئەوەی کە لە سەربازی تەواو بوو و هاتەوە بۆ ماڵی خۆیان، تەواو بێمەیل بوو کە سەفەر بکات بۆ شارانی دوور لە سەرپێڵی زەهاو. هەر ئەو ئەزموونەی سەربازی ئەوی بۆ هەمیشە لە سەرپێڵ و زەهاو ماندەگار کرد.

بەو دوو وێنەیە مرۆڤی ئاگاه زۆر دەرهات و قسەی لێدەگرێتەوە.

**نیوەشەوێکی** هاوینی لە تەنیشت بێشکەکەی خوشکە تازە بووەکەم خەریک بە خوێندنی کتێب بوو. خوشکە تازە بووەکەم لە بێشکە بەسترابووەوە، بەڵام ئەویش وەک من خەوی نەبوو. تاو تاو سەیری منی دەکرد و تاو تاو سەیر و دەستی بۆ گوڵەنگی بێشکەکە دەبرد. من لە خەم و خەیاڵی ئەو کتێبانە بووم کە دەبوو لە چەند ڕۆژ تەواوی بکەم، هەر ئەمە منی تۆزێک شڵەژاو و نیگەران کردبوو. خوشکە چکۆلەکەم حەزی لێ بوو کە بە چاو گەمەی لەگەڵ بکەم. ئەو شەوانە هەوڵ و هۆڵم ئەوە بوو کە دەستە کتێب و نووسراوەیەک بخوێنم و بە ئەنجامی ئەو کتێبانە بگەم. هەر ئەمە دید و دەستی منی لە بێشکەی خوشکە چکۆلەکەم دوور دەگرت.

ئەو کاتە باوەڕم بەوە بوو " کە خوێندن و خێرایی لە خوێندن تەوانی ئەوەی هەیە کە دەروون و ناوەڕۆکی من بگۆڕێت". لە ڕاستیدا پەلە و پەرۆشی زانابیم بوو، لەبەر ئەوەی کە نەزانی وەک ترس و هەارسێک منی هەردەم ئازار دەدا. ئەو هەست و نەستانەی منیش زۆر چڕ و دڕ بوو. هەر لە بەرەتای خوێندن و بیر و هەست و هزرمەوە باوەڕم بەوە بوو کە من دەبێت سقە و سەقامی خۆم لەسەر دەرئەنجامە هزری و هەستیەکانی خۆم بگرم. ئەو کاتەش باوەڕم بەوە هەبوو کە دەبێت زۆر و زوو زوو کتێبەکان و نووسینەکان و ناوەکان بخوێنم. هەر بۆ ئەمەش دەست و دەم و هزر و هەستم بە ناوەکانەوە خەریک دەکرد. ئەو کاتە تەمەنی من بیست ساڵم بوو. نیگەرانی ئەوە بووم کە نەتوانم سەرجەم کتێبەکان بخوێنم. ئاخر هەندێک قسەیان باو کردبوو کە گوایە فلان زانا لە سەردەمی خۆی هەرچی کتێب و نووسراوەی پێشینیانی خۆی خوێندووە و ئیتر ئەگەر کتێب و نووسراوەیەکی تازە بهاتبایەت، ئەوە ئەو کتێبەی دەخوێندەوە. ئیتر منیش لەسەر ئەو قسە باوە دەمەوت کە دەبێت هەرچی کتێب هەیە بیخوێنم. خاڵێکی تر ئەوە بوو کە باوەڕم وابوو کە مرۆڤ هەرچی زیاتر بخوێنێت، گۆڕان و گەشەی بەرفراوانتر لە گیان و ژیانی دروست دەبێت.

پاش ئەوەی کە چەند ساڵ بەسەر ئەو نیوەشەوە گوزەری کرد، بیر و هزرم لەسەر چەندیەتی و چۆنیەتی کتێب و کتێب خوێندن گۆڕا. لە بیرمە کە ژووری دانیشتنەکەی ماڵی باپیرم یەک تاقی هەبوو و یەک کتێبی تێدا بوو!.

قورئان وەک کتێبێک، شێوەیەکی خوێندنی تایبەتی خۆی هەیە. لەم گرتووخانەیە گەیشتم بەو هزرە کە هەر کتێب و نووسراوەیەک شێوەی تایبەتی خوێندنی خۆی هەیە. من ئەم نووسینەم لە تەنگانە و تەنیایی و بەستراوەیی و ترس و لێدانێکی گەورە نووسیوە. کۆیەک هەست و نەستی دەروونی لە پشتیە کە دەبێتە هۆی ئەوە خوێندنی ئەم نووسینە تایبەت بێت. هەروەها هەر نووسین و نووسراوەیەک چ کتێبی ئاسمانی وە چ کتێبی مرۆڤی، کۆیەک هەست و نەستی تایبەتی لە پشتەوەیە. (قواعد التجوید) مانای خوێندنی ئەو کتێبەیە بەو شێوە کە دانەر و خاوەن دەیەوێت کە کتێبی بخوێنرێت. هەروەها خوێندنی کتێبی من، شێوە و شێوازی تایبەتی بۆ خوێندن هەیە.

لەسەرخۆ خوێندن و دان و ددان نیان بە وشەکان و ئارامش خوێندن لە خاڵە گرنگەکانە کە دەبێت خوێنەر ڕەچاوی بکات. هەربۆیە من ئیتر ئەزانم کتێب و نووسراوەی کێ بخوێنم!؟ ئەزانم کێ لە پشت وشەکان و ڕستەکانی کۆیەک هەست و نەستی مانادار و تامداری دەڵاندووە و دامەزراندووە!؟ ئەزانم کێ خاوەن سینگ و هەناسە و هەست و کان و کوانی هەستەکان و هزرەکانە!؟.

لە ڕاستیدا باش خوێندن یان وەک ئەوە کە دانەر دەیەوێت کە کتێب و نووسراوەی بخوێنرێت، گرنگترە لە خودی دەقی نووسینەکە.

فێربووم کە کتێب و نووسین وەک یاسادانەران و پارێزەران بنووسم و وەک ئەحمەدی شاملوو بیخوێنمەوە. هەر ئەم جۆرە لێکدانانەی من وای کرد کە بۆم دەرکەوێت زۆری نووسینەکان کە بە پەلە و شپرزە و شێواو دەنووسرێت یان نووسراوە، کۆیەک هەست و نەستی بۆش و پووچ و بڵقن و خەساوی تێدایە.

بە ڕاستی لە ئێوە پرسیار ئەکەم، ئایا کتێبێک هەیە لە قورئان شایستەتر بێت بۆ ئەوەی کە بە دوو دەست بیگریت و بە دوو لێو وشە و ڕستەکانی بڵێیتەوە!؟.

# منداڵی و چێژ لە ئاوی سارد

ڕۆژێکی گەرمی بەهاری لە نێو شار بۆ خۆم لە خەیاڵ و خۆدا دەسووڕامەوە و وردە وردە لەبەر گەرما و عارەق، پیاسە و هەناسە نەرم نەرم لێم دەشێوا. زۆر پەرۆشی ئەوەم بوو کە بڕۆمە ماڵ و بە ئاوێکی سارد دەست و ڕوومەتم بشۆرم. هەستم بە هەناسەتەنگی و ماندوویەتی زۆر دەکرد.

گەیشتمەماڵەوە و دەست و ڕوومەتم بە ئاوی سارد شۆرد. هەستم بە خۆشی کرد، هات بە سەرمدا کە بۆ چی خۆم بە ئاوی سارد نەشۆرم!؟ هەر ئەم پرسیارە منی بردە بیر و خەیاڵی زۆرەوە. جلەکانم دەرهێنا و ئاوی ساردم بەسەر خۆمدا بەردا. هەست و هەناسەم دەگیرا و دەکرایەوە، خەندە و خۆشیەک منی گرتەوە. کەوتمە بیری منداڵی، ئەو کاتە کە منداڵ لە ژێر ئاوی سارد هەست و هەناسەی دەگیرێت و هات و هاوار دەکات. یەکێک لە گەمە و خۆشیەکانی منداڵی خۆ شۆردن بە ئاوی ساردە. ئەو کاتەی کە ئاوم بە خۆمدا دەکرد و هەناسەم دەگیرا و دەستم ڕادەوەشان، سەیری خۆم کرد، سەیری نیگا و خەندە و خۆشی خۆمم کرد. لە دڵی خۆمدا وتم " ئیتر کاتی ئەوە بەسەر چووە کە من لە ژێر ئاوی سارددا وەک منداڵ هەڵقونم و خۆشی بکەم!".

هەرئەمە وایکرد کە زۆر بیرەوەری و یادەوەری لە سەرم زیندوو بێتەوە. بیری ڕۆژێکم هاتەوە کە باپیرم قبووڵی کرد بە مەکینەی سەرتاشین سەری بتاشم. ئەو ڕۆژە بە جوانی دێتە بیرم، ڕۆژێکی گەرمی هاوینی بوو. باپیرم لە هەیوانی ماڵی ئێمە دانیشتبوو، موی سەری هاتبوو، داوام لێ کرد کە بهێڵێت سەری بتاشم. قبووڵی کرد و کراسەکەی دەرهێنا. زۆر زوو بە مەکینەکە سەرم جوان تاشی. باپیرم خەندەی دەکرد و خۆشحاڵ بوو. وتی: ئەو شڵنگی ئاوەش بێنە و بیگرە بەسەر سەر و ملمدا!.

وتم: ساردە!؟

وتی: قەی ناکات.

شڵنگی ئاوەکەم گرتە سەر سەروملی. ئاوەکە نەختێک سارد بوو، هەستی بە خۆشی ئەکرد، وەک منداڵ کە ئاوی ساردی تێبگریت، ئاوەها باپیرم وەک منداڵ هەناسەی دەبڕا و لە خۆشیدا دەستی ڕادەوەشان.

لە خەیاڵی ئەو ڕۆژە و باپیرم دەرهاتم، بیری ڕۆژێکی تر کەوتم، ڕۆژێک لە مەیدانی پارکێکدا ئاوێکی سارد دەپژرا و بۆ منداڵەکان وەک گەمە بوو. منداڵەکان خۆیان دەخستە بن ئاوە ساردەکە و بۆ چەند چرکە خۆیان ڕادەگرت. لە دەوری مەیدانەکە خەڵکی زۆر سەیری گەمە و خۆشی منداڵەکانی دەکرد. منیش جگە لەوەی کە سەیری خۆشی ڕوومەتی منداڵەکانم دەکرد، سەیری ڕوومەتی بە ئاه و حەسرەتی ئەو خەڵکەم دەکرد.

حەسرەتی نیگای خەڵک بە منی دەوت کە مرۆڤ لە نێوان دەورەکانی تەمەندا، بەستراو و لە بەند و دەردە.

لە خەیاڵی ئەو ڕۆژە و ئەو پارکەش دەرهاتم. بیری ڕۆژێکی ترم کردەوە کە من و مامم لەسەر بۆیسانی کشت و کاڵی زەویەکان خەریکی ئاودان بووین. لە نزیکی ئێمەوە دەستەیەک منداڵ لەسەر حەوزی چاڵی ئاوی بۆیسانەکە لە ژێر ئاوی ساردی بۆریەکان کە ئاوی دەکردە ناو حەوزەکە مەلێیان دەکرد. مامم بێڵەکەی دابووە بن باڵی و بە حەسرەت و خۆزگەوە سەیری ئەو

منداڵانەی دەکرد. وتی: خۆزگەم بەو منداڵانە کە نازانن گەورە بوون چ دەرد و بەرپرسیاریەتیەکی پێوەیە!؟.

منداڵەکان خۆیان ڕووت کردبوو، خۆیان دەخستە ناو ئاوەکە و بە پەلە دەردەهاتن، لەگەڵ ئاوی سارد گەمەیان دەکرد. هات و هەرا و قسەکانی منداڵەکان، دەشت و بۆیسانی خۆش کردبوو. مامیشم تاو تاو بە بێڵەکە خەریکی کار دەبوو و تاو تاویش بێڵەکەی دەدایە بن باڵی و سەیری منداڵەکانی دەکرد.

مامم بزگەیەک گرتی: من نانی ئەو ئاوە دەخۆم کە ئەو منداڵانە لە حەوزەکەی گەمە دەکەن!.

ئەو قسەیەی مامم هەست و هەناسەی ساردی پێوە بوو.

لە خەیاڵی ئەو ڕۆژەش هاتمە دەرەوە. ئەوەندە گەرمی خەیاڵ بووم، هەر ئاگام لە خۆم و ئاوی سارد نەمابوو. ئاوەکەم ڕاگرت و خۆم وشکەوە کرد. لە خۆم پرسیارم کرد: بۆ ئەوەندە یاد و بیری کۆن و نوێ دەکەمەوە!؟ بۆچی مرۆڤ کە گەورەتر دەبێت، بە چاوی خۆزگە و حەسرەت بە منداڵ و بۆ منداڵی ئەڕوانێت!؟.

بە خۆمم وت: جا ئەم پرسیارە لە هەرکەس بکەیت، وەڵامی زۆریان بۆی هەیە!.

دیسان بە خۆمم وت: نە، وەڵامێکی نوێم دەوێت!.

پاش ئەو بە خۆ وتنە بیری ڕۆژێکی تر کەوتمەوە. ڕۆژێک داپیرم دەیەویست کەڵەشێرێک بۆ میوانێکی باپیرم سەر ببڕێت. لە ئیسلامیش ژن بۆی نیە کە سەری قوربانی ببڕێت. هەر بۆ ئەمە دەبوو کە پیاوێک سەری ئەو کەڵەشێرە ببڕێت. باپیری منیش ماوەیەک بوو دەیەوت کە پیاوی پیر باش نیە سەری قوربانی ببڕێت، هەر بۆ ئەمەش ناچار بووین کە بانگی کەسێک بکەین دەستی سەر بڕینی هەبێت. تەنیا مامێکم دەستی سەربڕینی قوربانی هەبوو، ئەویش بە چەقۆکەی گیرفانیەوە لە ماڵ نەبوو. ناچار چووم بانگی برایەکی لە خۆم چکۆلەترم کرد بۆ ئەوەی کە سەری ئەو کەڵەشێرە ببڕێت. منیش شوکر بۆ خوا دەستی سەربڕین و دەمی هەڕەشەم لە هیچ ئاژەڵ و مرۆڤێک نیە!.

براکەم هێنا بۆ ئەوەی کە سەری کەڵەشێرەکە ببڕێت. داوای چەقۆی کرد. داپیرم وتی چەقۆی قوربانی کردنەکە ها لە لای مامت، مامیشت لە ماڵ نیە!.

براکەم چەقۆیەکی دەمکولی میوەخۆری بە دەستەوە گرت و وتی: بەمە سەری ئەبڕم!.

باپیرم لە ژووری دانیشتنی میوان هاتە قسە و وتی: بە چەقۆی میوەخۆری سەری نەبڕە ڕۆڵە گوناە... بە باشی ملی نابڕێت!.

براکەم بە دەنگی بەرز: باوا گیان ئەی چەقۆ نیە... جاران ماڵێک چەند چەقۆی بۆ قوربانی هەبوو، ئێستە کەس ئەو چەقۆ لە گیرفانی ناخات!.

داپیرم دەستی بە دەمیەوە گرت و بە بزگەیەکی خۆش وتی: کوڕەکەی کاک عەلی کە باوکی دەستی یەکەمی هەیە بۆ قوربانی کردن، ئێستە دوو پێنووسی بە لاشانی کراسەکەی خۆیەوە هەڵواسیوە!.

داپیرم تانەی لە منداڵی ئەم ڕۆژە دەدا کە هەموو کەسێک دوو و سێ پێنووس بە خۆیدا هەڵدەواسێت.

لە ناکاوە مەلا عەبدوڵای دراوسێی ماڵی باوام هاتە حەوش و وتی: کوڕەکە بە چەقۆی میوەخۆری سەری نەبڕیت، دەبێت چەقۆیەکی تیژ بێت، گوناهە، با خوا غەزەبمان لێ نەگرێت!.

میوانەکەی ماڵی باپیرم لە ژوور هاتە دەرەوە و وتی: من سەری ئەبڕم... ها ئەو کەڵەشێرم بدەنێ!.

براکەم کەڵەشێرەکەی دا بە میوانەکەی ماڵی باپیرم. کەڵەشێر کە لە بن دەست وەک مامری کڕی لێ هاتبوو، لە ناکاوە بە دەستی میوانەکەی ماڵی باپیرم بەرەو ئاسمان بەرەڵا کرا. میوانەکەی ماڵی باپیرم بە خۆشیەکەوە وتی: لەبەر خاتری من لێی گەڕێن!.

کەڵەشێر چەند جارێک پەڕ و باڵی ڕاوەشان و وەک کەسێک لە بن دەستی زاڵمێک بەخشرابێت، ئاوەها خۆی لە ئێمەوە دوور گرت و لە حەوشەکەی ماڵی باپیرم چووە دەرەوە.

میوان و باپیرم و کاک عەبدوڵا و براکەم چوونە ژوورەوە. داپیرم لە کاتێک کە بەرەو هوماری دانەوێڵەکانەوە دەچوو، لەبەر خۆیەوە بە جۆرێک کە منیش گوێم لێ بێت: بینیت بەم ڕۆژە ڕۆشنە چۆن حەیامان چوو!؟.

# المد و الشد

## خۆر لە ڕۆژانی بەهاردا

کان و گوانی سەرجەم جوانیەکان و ورد بوونەوەکان لە دەورانی منداڵیە. هەروەها منداڵی کان و خوانی بیرەوەریەکان و هەستەکان و خێ گرتنەکانی ژیانی مرۆڤە. منداڵی پڕە لە وشە و وێنە جوانەکانی ژیان.

من کاتێک کە باس و بابەتێک سەرم بە خۆیەوە خەریک دەکات، ئیتر بەردەوام بۆ ئەوە دەگەڕێم کە ئەو باس و بابەتە زیاتر و فرەتر بکەمەوە و زیاتر قسە و وشە و وێنەکانی لێ کۆ بکەمەوە. بۆ ئەمەش سەرەتا کەڵک لە وێنە و وشەکانی ژیانی خۆم وەرئەگرم. ئەم خاڵەم زۆر بۆ گرنگە کە کەڵک لە بیرەوەری و وێنەکان و وشەکانی ژیانی خۆم وەربگرم، ئەگەریش تۆزێک لاواز و لە ماناپێدەری دووریش بێت. مرۆڤ پینە و پەڕۆی خۆی بە جل و بەرگی ماوەی خۆی بکات باشترە.

پینە و پەڕۆکان ئەگەرچی نیشانەی هەژاری و داماویە، بەڵام پاراستنی سەربەخۆیی و کەڵک وەرگرتن لە خۆ گرنگی زۆرتری هەیە.

من باوەڕم بەوە هەیە کە سەر و چاو و گوێی مرۆڤ وەک سەروگوێی مەڕ نیە. مرۆڤ لە بەستراوەیی سکی دایکی دەردێت و تا کۆتایی ژیانی پڕ دەبێت لە کرانەوە و بەستنەوە و بەدواداچوون بۆ کردنەوەی فراوانتر.

خۆر دەوری یەکەمی هەیە لە کردنەوەی دانەکان. خۆر دەوری یەکەمی هەیە لە بەستنەوەی دانەکان. خۆر گیا سەوز دەکات و هەر خۆریشە زەردی دەکات.

لە بیرمە لە دەورانی منداڵی و لە ئاواییدا، یەکێک لە خۆشترین هەستەکان و چێژەکانی منداڵی لە ڕۆژانی خۆش و خۆرەتاوی بەهار بوو. لە ڕۆژانی بەهار دەچووم بۆ سەر کەژەکەی نزیک بە ئاوایی ڕوو لە دەشتی زەهاو پاڵم دەدایەوە و سەیرم دەکرد. خۆشترین کات ئەو کاتە بوو کە ڕووم لە خۆر دەکرد و چاوانم دەبەست. بۆ زیاتر لە خولەکێک چاوانم ڕوو لە خۆر دەبەست. هەستم بە ڕووناکی و گەرمایەکی خۆش ئەکرد. تین و گڕی خۆر منی دەلاواندەوە. وردە وردە و بە ئەسپایی چاوم دەکردەوە، هەست و نەستێکی بە من دەدا، کە لە هیچ شتێک ئاوەها هەست و نەستێکم وەرنەگرتبوو. کاتێک کە چاوم دەکردەوە، دونیا سەوزی و شینیەکەی فرەتر بوو. حەزم دەکرد هەست و تامی ئەو کاتە بکەم بە بۆنێک و هەرکات کە حەزم بکردایەت لە خۆمم بدایەت. نەک بۆ جارێک، بەڵکو بۆ چەندەها جار ئاوەها چاوانم ڕوو لە تیشکی خۆر دەبەست و پاش چەند خولەک دەمکردەوە. ئیتر وای لێهات بۆ ئەوەی کە تام و چێژی زۆرتر وەرگرم، فرەتر لە چەند خولەک لە بەرانبەر بە تیشکی خۆر چاوانم دەبەست و دەمکردەوە.

ئیتر تام و خۆشی ئەو بەسترانەوە و کرانەوە بووە شتێکی خۆش لە لامدا و هەر کات کە خۆری خۆش بایەت، ڕووم لە خۆر دەکرد و چاوانم لە بەرانبەر بە خۆر دەبەست بۆ ئەوەی کە پاش ئەو بەستنەوە، جوانتر و خۆشتر و ڕەنگینتر ببینم.

ژیانم هەردەم هەوڵ بوو بۆ کۆ کردن و کردنەوە، لە بەسترانەوە بۆ کرانەوە. هەربۆیە چاوی خۆ بەستنەوە لە بەرانبەر بە خۆر بۆ من بووە وێنەیەکی جوان و پرسیارێکی گەورە. پرسیاری تر بۆ من ئەوە بوو کە بۆچی بەیانان کە چاو ئەکەینەوە، هەست بە خۆشی ناکەین کە دەرفەتی کرانەوە و بینینمان هەیە!؟

کتێبخانەکان، وەرزەکان، خۆشی و ناخۆشیەکان و سەرجەم هات و نەهاتەکان، وەک ئەو چەند خولەکەی بەرانبەر بە خۆر، هەست و تامی خۆش بە من نەداوە و نادات. ئەمە بۆ من بووە پرسیارێکی گەورە، بۆچی و چۆن لێکی بدەمەوە!؟

پاش ئەوەی کە زۆر ئەو پرسیار و وێنە و هەستەم لێک دایەوە، ئەوەم بۆ دەرکەوت کە " مرۆڤێکی وەک من، یان دانێکی وەک من، یان ڕۆحێکی وەک من" تەنیا بە تیشک و پرشی ڕاستەوخۆی خۆر و

خوا دەکرێمەوە. دانەکان ڕاستەوخۆ بە ئاو دەکرێنەوە، بەڵام ئەو ژینگەی کە دان تێدا دەکرێتەوە، لە ژێر چاودێری و بەخشندەیی خۆرە.

بۆیە بە دڵنیاییی ئێژم کە "نە ئاو منی هەڵگرتووە، وە نە ئاو منی کردووەتەوە".

مەبەستم ڕوونتر ئەوەیە کە دەستە کەسانێک لە بوون و هەستی هەن کە ئارامش و ئاسایش و گەشە و گەرایان بە هەر ئاو و ناوێک نیە.

## المد و الشد

لە تایبەتمەندیەکانی کتێبی قورئان، مەد و شەدی پیتەکانە. ئەم تایبەتمەندیە لە زمانی کوردی و فارسی بوونی نیە. مەد و شەد لە قورئان سەرچاوەی گرتووە و بە شێوەیەکی تایبەت داوا لە خوێنەر دەکات کە مەد و شەد ڕەچاو بکەن و پێی پابەند بن. ئەدەبی قورئان ئەدەبی مەد و شەدە. ئەدەبێکە کە هەر خوێنەرێک تەوانی ئەوەی نیە دەمی لەگەڵی ڕابێت. مەد و شەد هاندەری سەرەکی خوێنەر و باوەڕدارە کە لەسەر پیتەکان و ڕستەکان و ماناکان پێداگری بکەن و ئاگادار بن. دینی ئیسلام بە مەد و شەدەوە لێناگەرێت کە مرۆڤی موسوڵمان بە دەم و پلیان پیتەکان و ماناکان لاواز بکەن و بیشکێننەوە. لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ هەر لە منداڵیەوە دەمی بەرەو شکاندن و شکاندنەوەی پیتەکان و وشەکان دەچێت و بە خواست و ویستی خۆی لاواز و چکۆلە و سووکیان ئەکات.

زمانی کوردی وەک هەر زمانێکی تر تایبەتمەندی خۆی هەیە، ڕێژە و ڕادەی ئاسانگیری و شکاندنەوە و لاواز کردن لە دەم و پلی خەڵکی کورد بە تایبەت زماننناسەکانی ئەمڕۆژی کوردستان زۆر دیار و ئاشکرایە. بە قسە و باسی زماننناسەکان، زمانی کوردی پیتی وەک (حاء و عین و غین) ی نیە و ئەم پیتانە لە زمانی عەرەبیەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردیەوە. هەروەها لە زمانی کوردی مەد و شەد هیچ بەها و دەورێکی نیە. زماننناسەکان پێیانوایە کە ئەم پیتانە و شێوەی دەربڕینی پیتەکان لە زمانی عەرەبی و ئەدەبی قورئانەوە هاتووە ناو زمان و ئەدەبی کوردیەوە. هەربۆیە زماننناس و خاوەن قسەکانی بواری زمانی کوردی هەوڵی ئەوە دەدەن کە مەد و شەد و پیتە عەرەبیەکان لە زمانی کوردی لابەرن. هەروەها بگەیەنن کە زمانی کوردی زمانی سووک و ئاسان کردنی پیتەکان و شێوەی وتنی پیتەکانە لەسەر دەم و بەیانی مرۆڤی کوردی. ناوی من ( عباس) ە ئەم ناوە ناوێکی عەربیە. هەم پیتی عەینی تێدایە وە خاوەن شەدەیە لەسەر پیتی باء. کوردانی شارەکانی سەرووی کوردستان، ناوی من بە هەباس دەبەن و دەم و پلیان لەسەر وتنی عەین و شەدە ڕانەهاتووە و ڕاهاتنی سەخت و دوورە.

قورئان و ناوی من زۆر کاریگەریان لەسەر ئەوە هەبووە کە ناونراوی من کە دەبێتە دەروونی من، لەسەر ڕێگە و ناسین، شەد و مەدم هەبێت.

تیشکی خۆری بەهار کە ڕاستەوخۆ دەداتە ناوچاوانم و من پەرۆش ئەکات بۆ ئەوەی کە زیاتر خۆمی لێ دابخەم بۆ ئەوەی کە وێنە و نیگاری هەستیم بۆ جوانتر بکات، لە ڕاستیدا مانای ئەوەیە کە من لەسەر تام و مانا و بەهای هەستی و هۆی زایین و پێگەی مرۆڤ و نالەباریەکانی مێژووی مرۆڤ و ئەمڕۆژی مرۆڤایەتی زۆر پەلە و پەرۆش و پەرێشانی و شەیداییم تێدایە. ئەم شەد و مەدەی کە لە گیان و ژیانی من بۆ ماناکان و تامەکان و قورئان و جوانی و دەرد و دەرمان هەیە، هەر لە خۆیەوە نەهاتووە و بێمانا نیە.

پەروەردە و فێر کردن و خاوەنداریەتی نەوەکان، دەور و پێگەیەکی گرنگی هەیە بۆ ئەوەی کە نەوەیەک بە مەد و شەد و پەلە و پەرۆش و بەرپرسیاریەتی و شەیدایی گەورە بێت، یان بە پێچەوانەوە، هیچ مەد و شەد و بەها و سرنجێک لە هەستی و بوون تێیاندا نەبێت.

لە ڕاستیدا من لە دوو ئەدەبی دژ و پێچەوانە گەورە بووم، ئەدەبێک کامۆ و سارتر و سادق و دۆستانی ئەوان بوو، ئەدەبێکی تر ئەدەبی قورئان و شەد و مەدی پیتەکان و ماناکانە. ئەدەب و پەروەردەی فارسی وەرگێڕدراوی ئەدەبی ڕۆژئاواییەکان بە تایبەت فەرەنسیەکانە. ئەدەب و پەروەردەی فارسی، زمان و دەروون شل و شێرین دەکات، لە شەد و مەد دووری دەکات و ئاسانخوێنی و ئاسان وەرگرتن فێری نەوەکان دەکات. ئەمە منی تووشی تێکەڵ کردن و ئاژاوەیەکی دەروونی کرد. لە لایەک شلی و شیرینی ئەدەبی فارسی و ڕۆژئاوایی منی بۆ خۆی دەبرد، لە لایەکی تر قورئان هەردەم منی لە شالی سەر بەندوخوێنی شەروالی کوردی ئاگادار دەکردەوە!.

دەم و پل و ئەدەب و ئادابی مرۆڤ لەهەر تەمەنێک بێت، جوانی و ڕەنگی تایبەتی خۆی هەیە. لە منداڵی و قسە خۆشەکانی منداڵ و وشەشکاندنەوەکانی منداڵ بگرە تا بگات بە ژنێک کە لە ڕق و دوژمنیەوە وشە و ناوەکان دەشکێنێت. جوانی و تایبەتمەندی لە هەموو دەورەکان و کەسەکان هەیە، بەڵام سەر و سرنجی من چووە سەر دەم و پل و ئەدەب و ئادابی پیاوان. لە ئیسلام دەم و پلی پیاو بۆ هەڵگرتن و پاراستن و پێدەری پیتەکان و وشەکان و ماناکان وردتر و وریاترە. قورئان زۆر گوشار و ئامادەباشی دەخاتە دەمی خوێنەران بە تایبەت دەمی ژنان وە زۆر بە بەهاوە ئامۆژگاری بۆ چاک خوێندن دەکات.

مەد و شەد هاوکاری دەکات کە مرۆڤ پێداگری لەسەر پیت و وشە و مانا و بەها بکات. هەروەها بەرگری لە چوون و گەرای نارێک و شکاو و شێواو دەکات. بۆ نموونە من لەم نووسیانە زۆر کەڵکم لە هەست و نەستی منداڵان و ژنان وەرگرتووە. ئەم چوون و کەڵک وەرگرتنە لە ئەدەبی نوێی ڕۆژئاوا بە ناوی جوانی و شێواز و ڕێبازە نوێکان ئەناسرێت. هەست و نەستی منداڵان و ژنان بووە سەرچاوەی گەمە و جوانی. بەڵام من بە هاوکاری ئەدەبی مەد و شەد ئاگاداری ئەوەم کە هەستی و زایین و بەها و ماناکان نابێت بکرێتە قوربانی هەست و نەستی منداڵان و ژنان. بۆیە بە مەد و شەدەوە پێداگری لەسەر ئەدەبی مەد و شەد ئەکەم و بە گرنگی ئەزانم کە منداڵان لە سەرەتای فێر بوونی پیتەکان و وشەکان، لە ڕێ و شوێنی مەد و شەد کەڵک وەربگرن. ئەم ئەدەب و

پەروەردە کردنە لە داهاتووی کەسایەتی و گەشەی ئەو منداڵە کاریگەری دەکات. ئەو منداڵە پێداگری لەسەر ناسین و ڕاستی ئەکات.

# ناوەکان لە نێوان بەرهەم و پاشماوەدا

ڕووباری ئەڵوەن لە نێو شاری سەرپێڵی زەهاو گوزەر ئەکات. ئەو کاتە خەڵکانێک کە ماڵەکانیان لەسەر ڕووبارەکە بوو، هەوڵیان ئەدا کە سەوزە و پیاز و توور و ئەو جۆرە گیایانە بکێڵن. ڕووباری ئەڵوەن ڕووبارێکی خاوێن نەبوو، بەڵکو هەر ماڵ و دوکان و خەڵکێک پیسی و زبڵ و پاشماوەی خۆی دەکردە نێو ڕووبارەکە. ئەمە بووە هۆی ئەوە کە ناشیرینی و پیسیەکی زۆر لە وێنە و ناوەڕۆکی ڕووباری ئەڵوەن دروست بێت.

لەگەڵ ئەوەی کە پاشماوە و زبڵی تێدا دیار بوو، ئەوەی کە زۆر فرەتر بوو، پیسی ئاودەستی ماڵەکان بوو. پیسی ئاودەستەکان دەکەوتە نێو ڕووباری ئەڵوەن و هەر ئەمە وای دەکرد کە خەڵک لە ئاوی ئەڵوەن لە نێو شار بۆ خاوێن کردنی لەش کەڵک وەرنەگرن. بەڵام کەڵک و بەهرەی ئەو پیسیە بۆ خاوەن سەوزە کێڵراوەکان بوو. پیسی ئاودەستەکان دەبووە هۆی ئەوە کە سەوزە و گیاکان بە شێوەیەکی خێرا و بە هێز گەورە ببن.

ئەو ماڵانەی کە سەوزەکانیان دەکێڵا، بۆ فرۆشتنیان نەبوو، بەڵکو بۆ خواردنی خۆیان بە کاریان دەبرد. هەر ئەمە ئەو قسەیە لە نێو خەڵک بڵاو کردەوە کە سەوزەکانی تر کە لە نێو شار دەفرۆشرێن، بە پیسی و پاشماوەی مرۆڤ و ئاژەڵ گەشەیان پێ دەدرێت. ئیتر خەڵک دەترسا و زۆر ئاگاداری سەوزە دەبوون و هەوڵیان دەدا لە پێش خواردن باش بیشۆرن.

پاش ئەوەی کە ماڵی باپیرم گەڕایەوە بۆ دەشتی زەهاو، شوێنێکیان دیاری کرد بۆ ئەوەی کە پاشماوەی ئاژەڵەکان و پەلەوەرەکان لەوێ بڕژن. ئەو شوێنە نزیک بە ماڵی باپیرم بوو. هەر چەند ماڵێک شوێنێکی ئاوەهایان بۆ پاشماوەی ئاژەڵ و پەلەوەرەکانیان دیار و دابین دەکرد.

لەو شوێنانەی کە پاشماوەی پیسی ئاژەڵی تێدا دەکرا، گیاکان بە شێوەیەکی زۆر خێرا و بە هێز گەورە دەبوون. بۆ من سەیر بوو کە هۆی ئەوە چیە تۆڵەکە لەوێ زۆر فرە و فراوان گەشە دەکات و گەورە دەبێت!؟. تۆڵەکە لە دەرودەشت پەل و پۆی زۆر درێژ نابێت و گەڵاکەی زۆر پان نابێت، بەڵام لەو شوێنانەی کە پاشماوەی ئاژەڵ و پەلەوەرەکانیان دەکرد، تۆڵەکە پان و درێژ دەبوو. ئەمە بۆ من بووە پرسیار و سرنج.

چەند ساڵ بەسەر ئەوەدا گوزەری کرد و خەڵکی دەشتی زەهاو دەستیان برد بۆ خەیارکاڵی و بەرهەمەکانی تر وەک تەماتە و شووتی و کاڵەت و گەنمەشامی. هەر بۆ ئەمەش زۆر پارەیان دادەنیا. یەکێک لە کارە سەرەتایی و گرنگەکان بۆ کێڵانی خەیار ئەوە بوو کە دەبێت پێش ئەوەی خەیار بکێڵرێت، ڕیقنەی مریشک لە زەویەکە بە زۆری بپژێنن. خەڵک ڕیقنەی مریشکی بۆ

کشت و کاڵ لە ڕێکخراوێکی حکومەتی دەکڕی. ئیتر حکومەتیش زۆر غەل و غەشی دەکرد. دەچوون وردە داری نەجارەکانیان لەگەڵ ڕیقنەی مریشک تێکەڵ دەکرد و بە نرخی ڕیقنە بە خەڵکی داماو دەیانفرۆشت. ڕیقنە زۆر گران و بە کەڵک بوو. هەر ئەمە وای کرد کە خەڵکی ئاوایی ئیتر ڕیقنەی کوولانەی مریشکەکانیان نەپژێنن و فڕێی نەدەن، بەڵکو لە شوێنێکی دیاریکراو کۆی بکەنەوە. ئیتر پاش ئەو ئەزموونانە خەڵک پاشماوەی ئاژەڵ و پەلەوەری فڕێ نەدەدا، بەڵکو هەڵیاندەگرت. هەروەها کەسانێک تایبەت هەوڵیان دەدا کە پشقڵ و پاشماوەی مەڕومالآت بکڕن و لە زەویەکانیان بیپژێنن.

ئەم چیرۆک و بەسەرهاتانە وای کرد لە خۆم پرسیار بکەم کە پیسی و پاشماوە چەند کاریگەری کە کرانەوە و گەشەی دان هەیە؟ پرسیاری تر ئەوە بوو کە من چەندە لە پیسیدا گەشەم کردووە!؟ هەڵبەت ئەوە ڕوون بکەمەوە کە پیسی لە ئەدەبی خەڵک بە پاشماوەی مرۆڤ و ئاژەڵ دەڵێن، ئەگەرنە پیسی جۆرێکی نەخۆشیە. خەڵک پاشماوەی مرۆڤ و ئاژەڵ بە پیس و گڵاو سەیر دەکات.

لە ڕاستیدا دەبێت دان بەوە بنێم کە توخم و دانی من ئەوەندە لە پیسی گەشە دەکات، لە پاکی ناکرێتەوە. ئەمە منی برد بۆ ئەوە پرسیار بکەم کە ئایا هەموو منداڵەکان لە دەورەکانی گەشەیان لە ژینگەی پاک دەکرێنەوە!؟ گەنم لە ڕۆحانی ترین دانەکانە کە وزەی ئەوەی تێدایە بە بێ خاک و لە ئاودا بکرێتەوە. بەڵام هەموو دانێک وەک گەنم نیە، وە هەموو دانێک بەری لە وشکی نیە، بەڵکو بەری لە تەڕی و سەوزیدایە. هەر بۆیە بۆم دەرکەوت پیسی دەوری گرنگی هەیە کە کرانەوەی دان و توخم. لێرە پرسیار ئەوەیە کە مەبەست لە پیسی چیە!؟

من بە نزیکی لە ناوی سادقی هیدایەت و سەید قوتب و فردریک نیچە و ناسری سوبحانی، وە بە کەڵک وەرگرتن لە " **پاشماوەی**" ئەوان توانیم کە خۆم بەهێز بکەم. پیسی مەڕ و مریشک، دەبێتە پاشماوەی ئەو ئاژەڵانە. ئەو پاشماوە و پیسیە، ڕیقنە و پشقڵ، بە شێوەیەک لە دەروونی مەڕ و مریشک هەڕدراوە. ئەو هەڕدراوە، لە دانەوێڵەکانە!.

لێرە مەبەستم لە پاشماوەی ناوەکان، سەرجەم دەرهات و لێکەوت و دەرکەوت و بەجێماوەکانی ناوەکانە جگە لە بەرهەمە دەستیەکانیان کە مەبەستم کتێبەکانیانە. نووسەران و ناوەکان، کتێبەکان بۆ خەڵک و خوێنەر بە ئامادەباشی و هۆشیاری ئەنووسن.

ڕۆژئاواییەکان سەروپێی مەڕ ناخۆن، لەبەر ئەوەی کە قیز و بێزی لێدەکەن و لێی دەترسێن. بەڵام یەکێک لە باشترین بەشەکانی لەشی مەڕ کە کەم کەس بە بەهای ئەزانێت، چاوی مەڕە. کەسێک کە چاوی مەڕ بخوات، کاریگەری باش لە سەروچاوی دەکات. سەروپێی مەڕ پاشماوەیەکی کەم بەهای مەڕ دەناسرێت، بەڵام لەگەڵ ئەو کەم بەهاییە، کاریگەری و بەهای زۆری بۆ لەشی مرۆڤ هەیە. هەروەها ناوەکان و ژیانی کەسایەتیەکان پێک هاتووە لە بەرهەمە دەستیەکانیان وەک کتێبەکانیان، وە پاشماوەکانیان کە دەبێتە سەرجەم دەرهات و لێکەوت و دەرکەوت و بەجێماوەکانی ژیانیان.

هەرچی من ئازاد بهێڵە، من خۆم سفت و سەخت دەبەستمەوە. هەرچی بمبەستەوە، من بۆ کردنەوە ئەچم. ئەمە جۆرە وڵامدانەوەیەکی دەروونیە لە من. ئەو وەڵامدانەوە لە زۆرێک لە مرۆڤەکان هەیە.

جۆری توخم و شوێن و شێوەی کردنەوە و بەستنەوەی و گەشە و هەرەسهێنانی، هەر لە سەرەتاوە نەخشەی بۆ کێشراوە. ئیتر دایک و باوکی نەوەکان نابێت زۆر دەست تێوەربدەن لە کردنەوە یان بەستنەوەی ڕۆڵە و منداڵەکانیان. دایک و باوکی من زۆر لەوە دەترسان کە من لە باشووری کوردستان و ئینگلیس ئاکارم شل و شپرزە بێت و خۆم لە دەست بدەم. بەڵام وا دەرنەچوو، هەرچەند کە تووشی لادان و کردەی ناشیاو بووم، بەڵام بە یارمەتی خوا، نەمهێشت ئاکار و دەروونم بشێوێت و بدۆڕێت. ئەم ئازادی و پلت و پیسیانەی کە من تێدا و پێدا گوزەرم کرد، سەروچاو و سرنجی منی ورد و تیژ و ئاگادار کردەوە. دان کە لە پیسی زوو و بە هێز ئەکرێتەوە، هۆی ئەوەیە کە دەیەوێت بە پێچەوانەی ئەو پیسیە بێت. دان لە پیسی خۆی ئەگرێتەوە و خۆی ئەکاتەوە و بە هێز و وزەیەکی فرەتر لە دانەکانی تر کە گوشار و پیسی لە دەروون و دەوریان نیە، گەشە و گەرا ئەسەنێت.

بەڵام خەڵکی نەزان دەست و دەمی خۆیان دەپارێزن لەو دانانە کە لە پیسی گەشەی کردووە، پێیان وایە کە پیسە و نەخۆشی بڵاو دەکاتەوە. ئەو توخم و دانانە کە لە پیسیدا گەشە و گەرایان سەندووە، پاکن و وزە و بەری باشیان تێدایە.

سەید قوتب گەر سەفەری ئەمریکای نەکردبایەت، بۆ ئیسلام نەدەکرایەوە. هەروەها سادقی هیدایەت گەر لە دەورانی قاجاڕ کە بە پاشماوەیەکی مێژوویی سەیری دەکرد، گوزەری نەکردبایەت، ئەوەندە بە دەم و دەروونەوە هەستی بۆ ژیان و دین و دونیا دروست نەدەبوو. نیچە گەر لە سالۆمە و نیگا و نەفرەتی سالۆمە گوزەری نەکردبایەت، ئەوەندە لەسەر ژن، ژان و ڕستەی پێ نەدەگەیشت.

من هەردەم هەوڵمداوە کە خۆم لە بەرهەمی ناوەکان دوور بگرم و خۆم تێکەڵی پاشماوەی ناوەکان بکەم. ئەوەندەی کە پاشماوەی نیچە و سادق یارمەتی منیدا، ئەوەندە بەرهەمەکانیان منی یارمەتی نەدا. پاشماوەکان وزە و زەمینەیەکی تایبەتی تێدایە کە تۆ و توخمەکان بکرێنەوە.

بەرهەمی ناوێک، ئاماژە و نیشانەی ئەوەیە کە ئەو ناوە خۆی بە دەستی خۆی بەرهەمێکی دیاری کردووە. بەڵام پاشماوە دەرهاتێکە کە فرە فراوانترە لە بەرهەمی ئەو ناوە. ئەم ڕوونکردنەوە دەتوانێت کە هاوکاری زۆرێک لە نەوەکان بکات بۆ ئەوەی کە جیاوازی بەرهەم و پاشماوە بزانن و ئاگاداری شوێن و شێوەی گەشەی خۆیان بن.

# ئغە کردن بۆ منداڵ

هەر زایینێک و زایراوێک لە بەرەتاوە چەند بەخششی پایەداری پێکراوە. کاتێک کە منداڵ ڕەحمی دایکی خۆی دەدڕێت و دێتە دەرەوە، یەکەم ساتەکانی کرانەوەیە. خوای گەورە وێنەی ڕوومەت و ژیانی کێشاوە، منداڵیش بەسەر ئەو وێنە و چیرۆکە کە بۆی کێشراوە گوزەر دەکات. یەکێک لەو بەخششانەی کە لە بەرەتاوە بە منداڵ دەکرێت، ئغە کردن بۆ منداڵە. گەر بە بیری خۆمان بهێنین، هەر منداڵێکی کۆرپە کە لە دایک دەبێت، لە نێو دۆست و قەوم و ئاشنا دەست بە دەستی پێ دەکرێت. لەو کاتەیە کە کەسانێک بە پەنجەی خۆیان ئغە بۆ منداڵ دەکەن، پەنجەی خۆیان دەدەنە ژێر لێوی خواری منداڵەوە!.

ئغە کردن بۆ منداڵ، لە ڕواڵەت بۆ پێکەناندنی منداڵە، بۆ ئەوەی کە فێری پێکەنین و تام بێت. بەڵام لە بنەڕەتەوە ئەوە بۆ کردنەوەی ڕوومەتی ئەو منداڵەیە، بۆیە زۆر بیستوومانە و بووە بە قسە و پرسێک کە جاربەجار خەڵک لە یەکدی دەپرسن: کێ ئغەی بۆت کردووە!؟ یان جار بە جار کەسێک لە کەسێک تووڕە دەبێت و جنێوی پێ دەدات و دەڵێت: لە گۆڕی بابی ئەوە بم کە ئغەی بۆت کردووە!. ئغە بۆ منداڵ کردن، ئاوەزان پێدان و عەیارپێدەر یان عەیارلێدەرە. وەک زێڕ، زێڕ عەیاری خۆی هەیە، ئەو عەیارە مرۆڤ لێی دەدات، بەو مانا کە مرۆڤە عەیاری زێڕ دادەنێت. هەروەها لە سەرەتاوە ئەوە دەورووبەرە کە عەیاری منداڵ دروست دەکات و پێی دەبەخشێت.

کەس سەر و سرنج لەوە نادات کە ئغە کردن بۆ منداڵ چەندە گرنگە، هەربۆیە منداڵی خۆیان لە بەرەتاوە دەدەن بە دەستی هەر کەسێک و بۆیان ئاساییە کە هەرکەسێک پەنجە بە بن لێوی منداڵەکەیان بهێنێت. هەریەک لە ئێمە عەیارێکی هەیە کە دەورووبەر بۆمانی دروست کردووە. دەستەیەک لە منداڵەکان، ژنەکانن کە عەیار و ناز و خەندە و مەکریان پێ دەبەخشن. دەستەیەکی تر لە منداڵەکان بە باشی ئغەیان بۆ نەکراوە و کەس ئاوەزان و عەیاری بۆیان دانەناوە. دەستەیەک لە منداڵەکان لە دەست و باوەشی پیاوەکان، بە تایبەت پیاوە خاوەن تام و سامەکان ئغە و عەیاریان بۆ دیاری دەکرێت.

منداڵ کە دێتە دونیا وەک کچێکە بە شوو دەدرێت، ئەو کەسەی کە دەم و ڕوومەتی ئەو منداڵەی بە ئغە و وشە کردەوە، ئەوە ڕادەی شەرم و پەردەی دڕاندووە و عەیاری بۆ دیاری کردووە. کەسانێک لە منداڵەکان زۆر دەست هاتووە بە بن لێویان، وەک کەسانێک یەک دەست یان چەند دەستی دیاریکراوە هاتووە بە بن لێویاندا. ئەو دەستانەی یەکەم کە لە پێش چاوی دایک و باوکی ئەو منداڵە ئغە بۆ منداڵ دەکات و پەردە دەدڕێنێت و عەیار دیاری دەکات، شوێنی دەست و وێنەی ڕوومەتی خۆی بەو منداڵە دەبەخشێت. هەر ئەو دەست و ڕوومەتەی کە عەیار دروست دەکات، قورسی و بەها و گڕ و تین و ئەوین و خۆشەویستی یان بە پێچەوانەوە سووکی و ساردی و نەفرەت و ڕق بەو منداڵە دەبەخشێت. ئێستە من لە ئێوە دەپرسم: کێ لە کاتی منداڵیتان ئغەی بۆتان کردووە و عەیاری ئێوەی دیاری کردووە!؟. دەزانم کە نازانن، وە دەزانم کە ئغە بۆ منداڵ کردن و عەیارتاشینی ئەو منداڵە بەخششێکە!.

# ئیقره(اقراء) کردن بۆ منداڵ

ڕۆژێک کە کۆی دەستە منداڵێک بووم کە مەلا دەیەویست قورئانیان پێ بخوێنێتەوە. منداڵەکان قورئانیان کردبووەوە و ئامادە بوون. مەلا دەستی بە خوێندنی سوورەتی ناس کرد. یەکێک لە منداڵەکان هەرچی کرد نەیزانی مەلا لە کوێوە ئەخوێنێتەوە. منداڵەکە وتی مامۆستا ئەوە لە کوێوە ئەخوێنیتەوە!؟ مەلا سەیری قورئانەکەی دەستی کرد و وتی: تۆ بەقەرەت کردووەتەوە، چوویتە ئەوەڵی قورئانەوە!.

مەلا سوورەتی ناسی بۆ دۆزیەوە و کتێبەکەی لە بەردەستی دانا.

وتم مامۆستا بۆ دەچیتە کۆتایی قورئانەوە بۆ ئەوەی منداڵەکان فێری خوێندن بکەیت!؟

مەلا بە بزگەیەکی خۆشەوە وتی: باوکەکەم ئیقره بە بەقەرە ناکرێت، ئیقره بە خودی خەڵکەوە ( الناس) بکرێت باشترە!.

لە دەورانی قوتابخانە هەر کات کە باوکم کاغەزێکی بە من دەدا و من نەمدەزانی کە مەبەست و خواستی ئەو کاغەزە چیە؟ باوکم دەیوت: قەبری بابی ئەوە ئیقرەی بۆت کردووە!.

جنێودان و قسەی ناخۆش کردن بەو کەسە کە ئیقرەی بۆ منداڵ کردووە، بوو بە قسەیەکی باوی نێو خەڵک. ئیتر ئەمەش وەک ئغە کردن بۆ منداڵ، لەسەر دەم و دەستی خەڵک وەک پێوەرێک بۆ لێکدانەوەی منداڵ بە کاریان دەبرد.

لە ئەدەبی دین و خەڵکانی کۆن، یەکەم دەمەکان و دەستەکان زۆر گرنگە و کاریگەری ڕیشەیی لەسە منداڵ و مرۆڤ دەکات. ئەم گرنگی و بەهایە لە نێو مرۆڤانی ئەمڕۆژی بە تایبەتی پەروەردەی ئەمڕۆژی بەدی ناکرێت.

لە ئەدەبی کۆندا، کە مەبەستم ئەدەبی ئیسلامیە، کەسێک کە دەم و دەستی منداڵ بۆ پیت و کتێب دەکاتەوە، بەهایەکی فرە و فراوانی هەیە. هەربۆیە مزگەوتەکان و حوجرەکان کەسی تایبەتی تێدا دائەنرا بۆ ئەوەی کە دەم و دەستی منداڵان بۆ کتێب و پیتەکان بکەنەوە. ئەو مامۆستا کە دەمی منداڵ ئەکاتەوە، وزە و هێز بە دەم و پلی منداڵ ئەبەخشێت. هەروەک ئەو کەسەی کە ئغە بۆ منداڵ ئەکات و عەیار و ئاوەزان بۆ منداڵ دیاری ئەکات.

ئەو مامۆستا و مرۆڤەی کە یەکەمجار دەمی منداڵ ئەکاتەوە، قسە و وشە لە دەم و پلی منداڵ دەخات و بۆ هەمیشە جێگیری دەکات. پرس و باس تەنیا پیتەکان و چۆنیەتی دەست پێکردن بە پیتەکان نیە، بەڵکو تام و چامی هاونشینی و هاودەمی مامۆستا، دەروون و خوێن و گۆشتی ئەو منداڵە بە خۆیەوە خێ دەدات. لە بیرمە لەگەڵ ئامۆزایەکی باوکم دانیشتبووم، باسی چیرۆکێکی خۆی بۆم کرد، وتی: کاتی خۆی لە سەردەمی شای ئێران، لە قوتابخانە مامۆستایەکمان هەبوو دەیەوت: دونیا تەبیعیە!.

ئامۆزاکەی باوکم زۆر کەیفی بەو قسەیە دەهات. ڕەگ و ڕیشەی دەرهاتنی ئەو وشەیە لە دەمی ئەو مامۆستایە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چین و توێژەی مامۆستایانەی ئەو کاتەی ئێران کە لە ژێر پەروەردەی فرۆیدی و داروینی ئەو کاتەی ئێران گەشەیان کردبوو. هەربۆیە ئەو مامۆستایەش ئەو قسەیە لە سەر دەمی خۆی خستە دەمی منداڵەکانی قوتابخانە و وەک دیاریەکی ئەو کاتە لە دەمی ئامۆزاکەی باوکم مایەوە. ئامۆزاکەی باوکمیش بە خۆشی و کەیف و خەندە ئەو قسەیە ئەکرد. هەرچەند کە نوێژی ئەکرد و موسوڵمانە، بەڵام بەو قسەیە دەریخست کە زۆر حەزی بەو دونیا و ژیانەیە کە داروین و فرۆید و تەبیعەتگەراکان باوەڕیان پێی هەیە. ئیتر هەر کات بە من دەگەیشت، بە خۆشی و خەندەیەکەوە دەیوت: دونیا تەبیعیە!.

مرۆڤ لە زمانی عەرەبی (انسان) کە لە (انس) ەوە هاتووە، بە مانای هاودەمی و هاونشینیە. مرۆڤ بوونەوەرێکە کە زۆر گۆشتی مەڕ و مریشک ئەخوات. ئەو دوو ئاژەڵە، دوو ئاژەڵی دەرماڵی و بەرماڵی مرۆڤن و خێ دەگرن. گەر چەند جار مەڕ و مریشک بکەیتە کوولانەیەک، ئێواران ئیتر بۆ خۆیان دێنەوە بۆ ئەو کوولانەیە. هەروەها مرۆڤ وەک مەڕ و مریشک، ڕۆح و دەروونی زۆر و زوو خێ دەگرێت بەو دەست و کوولانە و هێلانە کە یەکەم جار خێی پێ ئەدەن.

یەکەم مامۆستایەک کە لە قوتابخانەی سەرەتایی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی ئێران منی بە پیتەکان ئاشنا کرد، خاوەنی ئەدەبی فێر کردن و بەخشش نەبوو. ئەو کاتە لە بن دەستی ئەو مامۆستایە من تازە بە تازە دەستم بە پێنووسەوە دابوو، خەریک بووم بە دەستی چەپ بنووسم، باوکم ئەو کاتە منی ڕاستەوە کرد و پێنووسی لە دەستی چەپی من گۆڕی بۆ دەستی ڕاستم نەک ئەو مامۆستا. ناویم لە بیرە، ناوی ئاغای یوسفی بوو. هەر ئەو مامۆستایە کارێکی کرد کە من بۆ ماوەیەکی زۆر لە وانەکان و خوێندنی خۆم دوا بکەوم و سەرکەوتوو نەبم. هەردەم لۆمەی منی ئەکرد و ئەیەوت: تۆ بڕۆ ساڵێکی تر وەرەوە بۆ قوتابخانە، تۆ سەرناکەویت!.

ئەو مامۆستایە زۆر کاریگەری لە من هەبوو بۆ ڕوانگە و دیدم بەرانبەر بە پەروەردەی کۆماری ئیسلامی ئێران.

پاش ئەوەی کە چەند ساڵ گوزەری کرد و خۆشی و ناخۆشی لە ژیانم دەهات و دەچوو، پیاوێکی تر لە ژیانم بەدەرکەوت کە ناوی مامۆستا حەبیبی کەرەمی بوو. ئەم مامۆستا بەڕێزە، مامۆستای قوتابخانە یان شوێنێکی فەرمی نەبوو. بەڵکو مرۆڤێکی موسوڵمان بوو کە هەر دەیەویست لەبەر خۆشەویستی خوا و پەیامهێنەری ئیسلام منداڵەکان فێری قورئان بکات. مامۆستا حەبیب دەهات بۆ ماڵی ئێمە، وە هەرگیز پارەی لە ئێمە وەرنەگرت. هەمیشە بە دەمی بە خەندە و دەستی کراوەوە دەهات بۆ لای ئێمە. هەمیشە هیوا و ئومێدی بە ئێمە دەدا و دڵمانی خۆش ئەکرد بۆ گەشە و گەرای زانستی لە داهاتوو.

مامۆستا حەبیب یەکەم ڕستەیەک کە بە ئێمەی وت و فێرمانی کرد بسم الله الرحمن الرحیم بوو. ئەو دەستپێ کردنەوە زۆر مانا و بەها لە خۆی ئەگرێت. پیت لە وشە دەوترێت، وشە بە ناوی خوا ئەوترێت، ناوی خوا بۆ سەرەتا دەوترێت، وە ئەم هەمووە بۆ کردنەوەی دەروون و ڕۆحی مرۆڤێکە!.

مامۆستا حەبیب خاوەن ئەدەبی دەست پێ کردن و کردنەوە و چوونە ژوورەوە بوو. خاوەن کتێب و بەرنامە بوو. ئەمەیە کە جیاوازی ئەکاتەوە لەگەڵ ئاغای یوسفی!.

مامۆستا حەبیب خاوەن دەم و دەست و خەندە و کتێب و هاونشینی و نزیکی و مانەوە بوو. هەربۆیە لە دەروون و ڕێگەی ژیان و دینی من کاریگەری فرە و فراوانی کرد. هەربۆیە دەست و دەم لە ڕستەکانی قورئانی پیرۆز بەرنادەم.

خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە قوتابخانەی پەروەردەی مرۆڤی پێی وایە کە هەموو مرۆڤێک لیاقەت و شایستەیی ئەوەی تێدا هەیە کە ئیقرەی بۆ بکرێت و پیتی پێ فێر بکرێت. بەڵام لە ئەدەبی دینی ئەوەی کە سرنجی منی بۆ خۆی ڕاکێشا ئەوە بوو کە دین ئیقرە بە هەموو کەس ناکات. دین، قورئان و ئیقرە و بەقەرەی خۆی بۆ هەموو کەس ناکاتەوە. وشەی ئیقرە کردن بۆ کەسێک لە دەمی خەڵکدا لە چیرۆکی پەیامهێنەری ئیسلامەوە هاتووە. کاتێک کە جیبرەئیلی ئەمین ئیقرەی بۆ دەکات. موحەممەد مرۆڤ ئیقرەی بۆ نەکردووە. ئەو سام و تام و ترس و پرس و گەورەییەی کە جیبرەئیلی ئەمین بە موحەممەدی بەخشی، کەسانی وەک ئاغای یوسفی کە خەریکی سیگار کێشان و گوڵەبەڕۆژە خواردن بوو، بە قوتابی خۆی نایبەخشێت!.

ڕۆح و دەروونی ئەو مامۆستایە یان مرۆڤەی کە ئیقرە بۆ کەسێک و منداڵێک دەکات، هەر ئەو کاتانەی یەکەم دیاری ئەکات کە دەبێت تا کوێ بچێت و چی لێ دەوێت؟.

ئەدەبی دینی هەموو کەس بە کەسی شایستەیی وشە و پیت نازانێت. هەربۆیە لە کۆندا لە هەر خەڵکێک کەسێک یان چەند کەس خەریکی کتێب و زانست بووە. بەڵام پەروەردەی مرۆڤی هێشتا نەگەیشتووە بەو ڕادە کە بزانێت کێ بۆ پێنووس باشە و کێ بۆ گۆچان!؟ کێ بۆ دەست و کێ بۆ دەم!؟.

کەوایە لەم باسە لەسەر ئەوە ورد بووین کە یەکەم کەسەکان کە ئیقرە بە منداڵ دەکەن، دەتوانن کە شوێنی دەم و دەستی خۆیان لەسەر دەروون و ژیانی ئەو منداڵە بەجێبهێڵن.

# بەرخ و باران

جوانی و ناشیرینی پژراوە.

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی دەشتی زەهاو، وێنەکان و وشەکان و ناوەکانی ئەو ناوچەیە. گەر لە وێنەکان و وشەکان و ناوەکانی دەشتی زەهاو ورد دەبیتەوە، پڕە لە جوانی و مانا و تایبەتمەندی. بەڵام ناوەکان و وشەکان لە نێوان دەم و مێشکی خەڵکی زەهاو بە ڕادەیەکی زۆر دوور و پەرتە. کەس لە وشەکان و ناوەکانی ئەو دەشتە ورد نەبووەتەوە. وشە و وێنە جوانەکان لەسەر و بەسەر ئەو ناوچەدا پژراوە.

# داری بەڕوو

یەکێک لە جوانیەکانی ئەو دەشتە ئەوەیە کە هەر ئاواییەک بۆ خۆی دارێکی بەڕووی هەبووە. ئاوایی ئێمە کە دەبێتە بێویانی، دارێکی بەڕوو لەسەر کەژەکەی ئاوایی وەک هێما دیار بوو. ئەو دارە تاق و تەنیا لەسەر لووتکەی کەژەکە دیار بوو، بە شێوەیەک کە ئەوەی بە بینەر دەگەیاند کە ئەو دارە بە دەست و مەبەستێک ئاوەها تاق و تەنیا دانراوە. هەر دارێک کە لەسەر کەژەکانی نزیک بە ئاواییەکانی دەشتی زەهاو دانراوە، وێنە و شێوەی تایبەتی بە خۆی هەبوو. دارەکەی نزیک بە ئاوایی ئێمە، وێنەی وەک کەڵەشێر بوو. دار بەڕووەکەی ئاوایی کلاشی وەک تاووس بوو. بینەر کە سەیری ئەو دارانەی دەکرد، دەیبینی کە وەک کەڵەشێر و تاووسە. ئەمە بۆ من لە پرسیار دەرچووبوو، سەیرم لێ دەهات و ئەوەندە بۆم سەیر بوو، زوو زوو منی هیلاک دەکرد. تەنیا کەسێک بووم کە ئاوەها ئەو دارانە مێشکی خەریک کردبوو!

لە زۆرێک لە خەڵکی دەشتی زەهاو پرسیارم کرد کە کێ مێژووی ئەو دارە بە دروستی ئەزانێت!؟ کەس وەڵامی بۆ ئەو پرسیار نەبوو.

ئاواییەکەی ئێمە لە دەشتی زەهاو بە دارەکە ناسراوە. دارەکە ئاماژە بە دارێکی بەڕووە کە لە سەر لووتی کەژی ئاوایی وەک نیشانە و دیاری چەقێنراوە. چیرۆکی ساڵی چەقاندنی ئەو دار بەڕووە کەس نایزانێت.

ڕۆژێک لە باپیرم پرسیارم کرد کە چی ئەزانی سەبارەت بەو دار بەڕووە. باپیرم چەند قسەیەکی کرد لەوە ئەچوو کە ئەویش ئاگاهی لە هۆ و بۆی دامەزراندنی ئەو دار بەڕووە نیە. وتی: کاتێک کە ئێمە لەم ئاواییە بووین، ئەم دار بەڕووە هەر هەبووە. ئەو کاتە کە گەنج بووم سینیەکی زێڕم لە بن ئەو دار بەڕووە دەرهێنا و فرۆشتم. بە پێی قسەکان، خەڵکی کۆن لە بن ئەو دار بەڕووە، شتە بەهادارەکانی خۆیان چاڵ کردووە تا گەیشتووە بە دەورەی ئێمە.

دەشتی زەهاو پێک هاتووە لە کۆمەڵێک ئاوایی کە هەر ئاواییەک لە سەر کانیەک و لە پاڵ یاڵ و گرد و کەژێک دروست کراوە، وە ئەو کەژانە بە تایبەتی دارێکی بەڕووی لەسەر دامەزراوە. ئەو کاتەی کە باوک و باپیری من لەوێ ژیانیان دامەزراندووە، ئەو دار بەڕووە هەر هەبووە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو دارە بە دەستی کەسانی تر لەو ناوچە دامەزراوە. پرسیارێک کە ئێستەش لە دڵی خەڵکدا وەک ئاو پەنگی خواردووەتەوە و وەڵامی بۆ نەدۆزراوەتەوە، ئەوە بوو کە بۆ ئەو دار بەڕووانە بە تەنیا لەسەر کەژی تەنیشت ئاوایی دانراوە!؟ ئەو دارانە بە دەستی کێ لەوێ چەقێنراوە!؟

خەڵک دەڵێن کە ئەو دار بەڕووانە وەک نیشانە لەسەر کەژەکانی نزیک ئاوایی دامەزراوە، ئیتر هیچ لە مێژووی ئەو نیشانە نازانن.

بەهاری ساڵێکی خوێندن بۆ سەردان ڕووم لە ئاوایی کرد و لەگەڵ منداڵەکان دەرودەشتم دەکرد. ڕۆژانە دەچووینە بن داری بەڕووەکە و گورێسێکمان لە دارەکە بەند دەکرد و تاوتاوەمان دەکرد. ڕۆژێک لە ناوقەدی دارەکە نزیک بوومەوە، سەیرم کرد کە چەند فیشەکێک بە دارەکەوە نراوە و چووە بە ناوی دارەکەوە. بە لای منەوە سەیر بوو کە بۆ ئەو فیشەکانە بە دارەکەوە نراوە. ڕۆژێک لەگەڵ باپیرم لەبن دارەکە دانیشتبووین، پرسیارم لێ کرد کە کێ ئاوەها فیشەکی بەو دارەوە ناوە؟ باپیرم وتی: ڕۆڵە گیان ئێمە و ئەم خەڵکە خاوەنەکانی ئەم ناوچە نەبووین، ئێمە هاتینە ملی ئەم ناوچەدا. کاتێک کە ئێمە هاتین ئەم دارە هەر هەبوو. ئەو کاتە خەڵک بنی دارەکەیان دڕی و کۆمەڵێک شتی بە بەهایان لە بنی ئەم دارە دۆزیەوە و لەبەر نەداری و برسیەتی فرۆشتیان، یەکێک لەوانە خۆم بووم کە سینیەکی زێڕم دۆزیەوە و بە پارەیەکی کەم فرۆشتم. پاش ئێمە کوڕەکانی ئێمە هاتن بەسەردا و بوونە چەکدارەکان و پیاوەکان (باپیرم دەستی بۆ شوێنی فیشەکەکان درێژ کرد) کە ئاوەها بێ ڕێزی بە خاک و داری خۆیان دەکەن و فیشەک بە ئەم دارەوە دەنێن. ئاخر بۆ فیشەک بە داری بەڕووەوە دەنێن، من نازانم!؟

بە پێی قسەکانی باپیرم خەڵک لەبەر خۆشی فیشەکیان بەو دارەوە ناوە و نائاگاهن لەوە کە ئەو دارە وەک نیشانەیەک لە کۆنەوە بۆ ئەو خەڵکە ماوەتەوە بۆ ئەوەی کە دیاری بکرێن.

ماوەیەک بەسەر ئەو فیشەکەدا چوو و من دیسان سەردانی ئاواییم کرد و چوومە بناری دار بەڕووەکە و سەیرم کرد. ئەمجارە ئەو خەڵکە ئاگریان بە دارەکەوە نابوو بۆ ئەوەی کە بیسووتێنن. نیوەی دارەکە ئاگری گرتبوو و نیوەکەی تری هێشتا سەوز بوو.

وتم بە مامم کە کێ ئاوەهای لەو دارە کردووە و بۆ وایان لێ کردووە؟ مامم وتی: منداڵی بێ خاوەن ئاگری تێ بەرداوە!.

زۆر سەیرم لێ دەهات کە بۆ ئەم چەند نەوە کە هاتوونەتە ئەم ناوچەیە ئاوەها تاڵانی شوێنەوار و نیشانەکانی ئەم ناوچەیە دەکەن!؟ جگە لە من نەبێت، کەس هەستی بە دڵ و ڕێخوڵی ئەم پرسیارە نەدەکرد. نەوەیەک بنی دار دەدڕن و نەوەیەک قەدی دار دەسووتێنن و کەس بۆی گرنگ نیە کە ئەو دارە چیە و بەهای لە چیە کە ئاوەها جوان و تەنیا وەک نیشانەیەک دامەزراوە!؟

ماوەیەک بەسەر ئەوەدا چوو و لە زستانێک سەردانی ئاواییم کرد. ئەو ڕۆژە کە چووم باران بوو و هەورە ڕەشەکان پان ببوونەوە و دونیایان لە تەم و لێڵی بردبوو. خۆم کرد بەماڵی باپیرم و لەبەر سۆبەکە دانیشتم و خۆم گەرم کردەوە و چایەکم خوارد. مامم وتی: دارەکەی ئاوایی ڕماوە!.

لە جێگەی خۆم هەڵسام و لەبەر هەیوانی ماڵی باپیرم سەیری کەژەکەم کرد، دارەکە دیار نەبوو. کەژەکە وەک ئەوە بوو کە کەچەڵ بووبێت، پووچ و بێمانا بووبێت، کە سەیری کەژەکەم دەکرد، حەسرەت و ئاخێک دڵی منی گرت. هەستم کرد کە ئەوە کۆتاییەکی تاڵە، وە ئەم خەڵکەی ئەوەندەی تر بێ مانا کردووە.

پاش ئەوەی کە بەهاری پاش ئەو زستانە هات، دەستەیەک لە ئەو کەسانەی کە تەمەنێکیان کردبوو، باسی ئەوەیان کرد کە دارێکی تری بەڕوو لەسەر ئەو کەژەی تەنیشت ئاوایی بچەقێنن بۆ ئەوەی کە شوێنی ئەو دارەکەی تر پڕ بکەنەوە. هەر بۆ ئەمەش جوانە دارێکی بەڕوویان هێنا و چاڵیان بۆ کەند و دەوری دارەکەیان بە بەرد و تەل و داری تر پۆشاند بۆ ئەوەی کە دەمی پەزۆپۆڵ پێی نەگات و دەستی منداڵان لە بن دەری نەهێنێت. پیاوەکانی ئاوایی سقە و ئومێدیان بەوە نەبوو کە جوانە دارەکە بپارێزرێت و لە دەم و دەست ڕزگاری بێت، هەر بۆ ئەمەش چاڵێکی تریان کەند و جوانە دارێکی تری بەڕوویان چەقاند و سوور بوون لەسەر ئەوە کە دارێکی تری وەک دارە کۆنەکە لەسەر ئەو کەژە گەورە بکەن. خەڵکی ئاوایی لەنەمانی دار بەڕووەکە هەستیان بە بێمانایی و پووچی و نائارامی دەکرد.

لە بەرەتاکانەوە هەر ڕۆژ کەسێک بە دەبەیەک ئاوەوە سەردانی جوانە دارەکانی دەکرد و ئاویانی دەدا. خەمی هەموو کەس ئەوە بوو کە دەبێت ئەو دارانە گەورە ببن و شوێنی دارەکەی پێشتر بگرنەوە.

بۆ من بووە جێگەی سرنج و پرسیار و بەدواداچوون کە ئایا ئەو خەڵکە دەتوانن کە دارێک وەک نیشانەیەک گەورە بکەن؟ ئایا ئەو خەڵکە دەتوانن کە ببن بە بەرەتایەک کە بە دەستی خۆیان مێژوویەک دروست بکەن؟ بۆ من گرنگ بوو کە ئایا ئەو خەڵکە دەتوانن کە نیشانە دروست بکەن؟ بۆ من گرنگ بوو کە ئایا هەر وەک دەستی یەکەم، خەڵک دەتوانێت کە ببێتە دەستی دووهەم بۆ دامەزراندنی دارێکی نوێ، وەک نیشانە و دیاریەک؟.

ڕۆژێک لەگەڵ مامەکانم چووین بۆ کێوەکانی داڵاهۆ بۆ ئەوەی کە داری بەڕوو بۆ سووتەمەنی ببڕین و بیهێنینەوە. هەر هەمووی کێوەکانی داڵاهۆ داری بەڕوو بوو. هەر بەوەوە زانیم کە داری بەڕوو لە کەژەکان دەڕوێت، وە کێو و کەژەکانی کوردستان هەر هەمووی بە داری بەڕوو ڕەنگی هەردەم سەوز و شینە. ئەو ڕۆژە چەند دارێکمان بۆ دروست کردنی کۆڵەکە هەڵگرت و چەند کۆیەک دارمان بۆ سووتەمەنی بە گوریس پێچایەوە و بەرەو ماڵەوە بەڕێ کەوتین.

لە مامم پرسیارم کرد کە باشترین چێو چ چێوێکە؟ مامم وتی: چێوی داری بەڕوو بۆ کۆڵەکە و بێشکە و گۆچان بە کەڵک و خۆڕاگرە.

هەروەها لە قسەی خەڵکەوە زانیم کە گەڵای بەڕوو، ئەوەندە بە لای بزنەوە خۆشە، وادەکات کە بزن بۆ ئەو گەڵا لەسەر دوو پێوە ڕاوەستێت. هەروەها زانیم کە داری بەڕوو بۆ سووتەمەنی بە کەڵکە و ئەگەر ئاگری بەر کەوێت دێر دەسووتێت و سووتانەکەی دووکەڵی کەمە و کوانگ لە ژنی کورد ڕەش و پیس ناکات. بەڕوو لە شەوانی زستاندا بۆ شەونشینی و خۆش کردنی شەوان لەسەر سۆبە دادەنرێت و دەبرژێت و دەخورێت. داری بەڕوو ئاوی خۆی لە خاکەوە دەخوات و پێویستی بەوە نیە کە ئاودانی بکرێت. داری بەڕوو باشترین یارمەتی زەوی دەکات بۆ ئەوەی کە تووشی لێژی و لێکترازان و شەق و کەرت بوون نەبێت. داری بەڕو بە دەستەوە گەورە نابێت. داری بەڕوو بە خواستی خاک گەورە دەبێت.

پاش ئەوەی کە خەڵکی ئاوایی بۆ ماوەیەک خەریکی ئاودانی داری بەڕووەکان بوون، دارەکان ئەوەندەی تر دەچوونە ژێر چاو و پرسیارەوە. خەڵکی ئاوایی پێیان وابوو کە " داری بەڕوو ئەو کاتە کە بزن دەستی بە قەدی دارەکەوە ناو و دارەکە نەڕووخا" ئەوە ئیتر دەتوانرێت کە دڵی پێ خۆش بکرێت!.

ماوەیەک بەسەر ئەو چیرۆکەدا چوو و من سەردانی ئاواییم کرد و چوومە سەردانی دوو جوانە دارەکە. سەیرم کرد کە نەماون  و کوچکەکانی دەوریان ڕووخاون و خاکەکەی بنیان وشکی کردووە و شەقی بردووە. لە مامم پرسیارم کرد. مامم وتی: ئەوەندە دەست و دەمی لەسەر بوو، گەورە نەدەبوو، بڕوا ناکەم کە ئیتر لەسەر ئەو کەژە دارێکی بەڕوو سەوز بێت!.

قسەیەکیان بڵاو کربووەوە کە گەڵای داری بەڕوو، بانگی بزن دەکات. ئەو خەڵکە بە ئەو هەموو باس و هەوڵ و تەقالا کە دایان نەیانتوانی دارێکی بەڕوو لە سەر ئەو کەژە بڕوێنن. ئیتر بۆ کەس بەهای نەبوو کە کەژ دارێکی هەیە یان نە، هەروەها وەک خۆی بە بێ دار مایەوە و خەڵک ئیتر هەوڵی ئەوەی نەدا کە دارێکی نوێ دامەزرێنێت.

خاکی کوردستان بە داری بەڕوو ڕاگیراوە، هەر ناوچەیەکی کوردستان لەسەر کەژەکان هەزاران داری بەڕوو بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی یارمەرتی و هاوکاریەک بکەن، خاک و کەژ ڕائەگرن و دەیپارێزن. داری بەڕوو بۆ بەر و بۆمی زۆر بەکار دەچێت و هاوکاری سەختیەکانی کورد و کوردستان دەکات.

لە ئەو بەسەرهاتەی سەرەوە دەتوانم باسی دەستی یەکەم دەربهێنم و بەها بە باسی دەستی یەکەم بدەم. دەستی یەکەم مەبەستم ئەو دەستەیە کە دامەزرێنەری نیشانەکان و ناوەکانە لە بەرزی و دیاریەک کە خەڵک خۆیان دان بەوە دەنێن کە نیشانەیە و دیاریە، بەڵام هیچ لە مێژووی ئەو دیاریە نازانن. دەستی یەکەم ئەو دەستەیە کە نیشانەیەک لە خاک و ئاوی خودی ئەو خەڵکە هەڵدەبژێرێت و بۆ ساڵەهای ساڵ دەمێنێتەوە، لە ناکاوە چەند نەوە بەسەر یەکدا دەردەکەون و لە ناکاوە نیشانەکە دەسووتێنن و لە ناوی دەبەن، وەک ئەوە کە ئەو چەند نەوەیە تایبەت بەوە هاتوون کە ئەو نیشانە لە ناو بەرن. هەر ئەو نەوە کە نیشانە دەسووتێنن، لە پاش ئەوەی کە سووتاندیان و ئاگریان پێوەنا و کەژ و ئاوایی خۆیان پووچ و پووچەڵ و بێ مانا  بینی، ئەو کاتە خۆیان وەک دەستی دووهەم، دەستیان بە کار دەبەن بۆ ئەوەی کە نیشانەیەکی نوێ و مێژوویەکی نوێ دابمەزرێنن و خۆیان ئاگاهیان بەسەریەوە بێت. لە ڕاستیدا مرۆڤ ئاگر لەو نیشانانە بەر دەدات کە بە دەستی خۆی دروستی نەکردووە، بۆ ئەوەی کە خۆی بە دەستی خۆی نیشانە دامەزرێنێت و خاوەنداری بکات. ئەو مرۆڤانە هەرچی هەوڵی ئەوە دەدەن کە نیشانە و هێمایەک دروست بکەن، ناتوانن و تێدا دەمێننەوە.

دەستی یەکەم، دەستی خوایە کە نیشانەکانی وەک نیشانە و دیاری دامەزراندووە، بۆ ئەوەی کە مرۆڤ هەست بەوە نەکات کە مانا و بەهایەکی نیە.

خەڵكی ئاوایی ئێمە هەستیان بەوە دەكرد كە كەسانێكی تایبەت لە كۆنەوە ئەو دارانەیان دەمەزراندووە بۆ ئەوەی كە بگەیەنن كەسانێک لە ناوچەی دەشتی زەهاو خاوەنداریان كردووە وە ئەوەندە ژیر و هۆشیار بوون، دارێكیان لە سەر كەژێک دامەزراندووە. ئەم دامەزراندنە نیشانەی ژیری و هۆشیاری زۆر دەگەیەنێت. خەڵكی ئاوایی ئێمە لەوە دڵنیان كە مرۆڤی ئاگاه ئەو كارەی كردووە.

نیشانەكان و دیاریەكان لە خودی خاک و ئاوی مرۆڤ هەڵدەبژرێت، بۆ ئەوەی كە خەڵكی ئاوایی ئێمە و خەڵكی كوردستان بۆیان ڕوون بێت كە دەستی یەكەم داری بەڕووی بە ئاوایی ئێمە و خاكی كوردستان دیاری كردووە.

سەیرترین بەشی ئەو بەسەرهاتەی سەرەوە ئەوە بوو كە دارێک بە تەنیا لە سەر لووتی كەژێک سەوز بووە كە خەڵک دڵنیان لەوە كە ئەو دارە بە دەست و بە مەبەست چەقێنراوە. لەو بەرەوە لە كەژەكانی دالاهۆ هەزاران داری بەڕوو سەوز بووە، كە خەڵک دڵنیان كە ئەو دارانە بە دەستی مرۆڤ بە مەبەست نەچەقێنراوە. ئایا ئێوە ئەزانن كە ئەو وێنەیە چی دەڵێت!؟.

ئەو دار بەڕووەی ئاوایی ئێمە وەک نیشانە و دیاری، ئاماژە بە شوێنی ئاوەدانی دەكات، شوێنێک كە شتە بەهادارەكان لەوێ و لە بنی چاڵ كراوە. ئەو دار بەڕووە بۆ ئەوە بە كار نەچووە كە بەڕووی لێ هەڵبگیرێت یان لقێكی لێ ببڕێت بۆ ئەوەی كە كۆڵەكەی لێ دروست بكرێت. بەس بۆ نیشانە و دیاری بووە. ئەو دارەی ئاوایی ئێمە وێنەی وەک كەڵەشێر بوو. وێنەی دار بەڕووەكەی ئاوایی كڵاشی وەک تاووس بوو. هەردووكیان لە سەردەمێک و بە دەستی نەوەیەک ڕووخان.

بە پێچەوانەی دار بەڕووەكەی ئاواییەوە، دار بەڕووەكانی دالاهۆ بۆ بەر و پارێزگاری بەكار دەبران، پارێزگاری خاكی كوردستان و پێستی پەزەكان!.

هەر هەمووی ئەو قسانەی من نیشانەی تێدایە، وە نیشانە ئاماژە بە ڕێ دەكات، وەک ئەستێرەكان كە ڕێ و ڕوومەت یارمەتی دەكەن بۆ ئەوەی كە بزانرێت ڕوو لە كوێ بكرێت؟ ئەو ناو و دەستەی كە نیشانەكان دائەمەزرێنێت، ئەزانێت كە لە كوێ بە تاک دایبنێت وە لە كوێ بە كۆ ڕەگ و ڕیشەی بچەقێنێت!.

شەوێک خەریكی شوانی بووم، مانگە شەو بوو و هەسارە و ئەستێرەكان لە ئاسمان ڕووناک بوون و جریوەیان دەهات. بە گۆچانێكەوە لە سەر تەتەیەک دانیشتبووم، سەیری هەسارەكانم دەكرد و بیرم دەكرد كە ئایا هەر هەمووی هەسارەكان نیشانەن، یان دەستەیەک لە هەسارەكان نیشانەن و ئەوانی تر ڕژاون بە دەوریانەوە!؟

لە سەر تەتەكە هەڵسام و سەیری زەویم كرد. سەیرم كرد كە ئەو پشقڵانەی كە لە دواوەی پەزەكانەوە ماون، تەڕن و وەک هەسارەكان بریقە و تریفەیان دێت. سەیری ئاسمانم كرد و پێ كەنین منی گرت و وتم چ پەیوەندیەک لەگەڵ ئەستێرەكانی ئاسمان و پشقڵەكانی زەوی هەیە!؟ وەڵامەكەی بۆ من زوو گەیشت: مرۆڤ نیشانەكانی وەک پشقڵی پەزەكان لە دواوەی دەكەوێت و

خۆی ئاگای لێ نیە، بەسەر یەکدا دەڕژێت و بۆ تاوێک تەڕە و دیارە، پاش تۆزە کاتێک تۆز دەیگرێت و مانایان بۆ نامێنێت و ئەوەندە بێ بنەن کە بە ئاسانی جووڵەیان پێ دەکرێت. بەڵام ئەوەی کە خوای مەزن لە ئاسمانەکان دایمەزراندووە، ئامادە و دیار و بەردەوام و ڕووناکن، وە بۆ نەوەکان و سەدەکان جریوەیان دێت، وە ئەوەندە جوان و ڕێک دامەزراون، لەیەک نادەن و شوێن و پێگەی خۆیان شارەزان.

## بەرخ و باران

ئەوەی کە لە دەشتی زەهاو منی بۆ خۆی برد و سەرکەن و بن گوانی جوانیەکانی دەردەخست، ناوی بەرخ و باران بوو. بۆچی مێشکی منی خەریک دەکرد **!؟**

ناوەکان نراوە و پێدراوە. کێ ناوی بەرخ و بارانی دانا**!؟** بەرخ و باران ناوی یەکێک لە ئاوایییەکانی دەشتی زەهاوە. خەڵکی دەرەوەی ئەو ناوچەیە بە تایبەت کەسانی سەربە حکومەت دانیان بە بەرخ و باران نەدەنا و وەک ئاوایی نەیاندەناسی. کاتێکیش ناویان دەبرد، نەیاندەوت بەرخ و باران، دەیانەوت بەرق و باران**!**. بەرق و باران و بەرخ و باران دوو ناو و دوو وێنەی زۆر لەیەکدی جیاوازە.

لە بیرمە لە کۆتاییەکانی وەرزی زستان کە بۆ بەهار دەچووین، کاتی زایینی مەڕەکان بوو. مەڕەکان دانە بە دانە، لە گەلەخان یان لە لەوەڕ دەزان و دڵی شوانیان خۆش دەکرد. هەر ماڵێک شوێنێکی تایبەتی هەبوو بۆ پاراستنی بەرخەکان و زایراوەکان، ئەو شوێنە پێیان دەوت، ئافڕ. ئافڕ شوێنی بەرخ و گێسکەکان بوو. شەوان داپیرم بە چرایەکی نەوتی دەچوو بۆ سەردانی بەرخە کۆرپەکان. منیش لەگەڵی دەچووم و زۆر پێم خۆش بوو، لەبەر ئەو بۆنەی کە ئافڕەکەی گرتبوو.

پاش ئەوەی کە ماوەیەکی کورت بەسەر زایینی بەرخەکان دەچوو و دەیانتوانی لەسەر پێی خۆیان بڕۆن، کاتی ئەوە بوو کە ببرێن بۆ دەرودەشت بۆ فێربوونی لەوەڕ. یەکەم ڕۆژی لەوەڕی بەرخەکان لەگەڵیان چووم، شادمانی و خۆشی وای لێیان دەکرد کە هەڵپەڕن. هەڵدەپەڕین و جار بە جار لە ناکاوە سەرەشەڕەیەکی خۆشیشیان دەکرد.

ڕۆژەکانی کۆتایی زستان و هاتنی بەهار، بەرخەکانم برد بۆ دەرودەشت، هەم بۆ لەوەڕ وە هەم بۆ کرانەوەیان بۆ دونیا. ڕۆژێک دایانمەبەر و نزیک بە ئاوایی لەسەر ملەیەک ڕایانمگرت. زۆری نەخایاند هەور ئاسمانی داپۆشی و نەرمە تاریکیەک دەشتی زەهاوی لەخۆی گرت. بەرخەکان ملیان دەسووڕاندەوە و سەیریان لێ دەهات. باران نەرمە نەرمە باری. هەور بە بێ گرمە بارانی دەباراند، باران ورد ورد و نەرم نەرم دەنگێکی بە گوێدا دەدا. سەیری بەرخەکانم کرد، باران بۆ یەکەم جار دەیدا لە لەشیان. بۆ بەرخەکان سەرخۆشی و چێژێکی تێدا بوو. هەستم کرد کاتێک کە ئەو بارانە دەدات لە پێستی ئەو بەرخانە، خۆشی و چێژێکیان پێدەدات کە هیچ کەس ئەو

چێژ و خۆشیە لە بارینی باران وەرناگرێت!. چێژی بەرخ لە باران، ئەوەندە کە جوانی تێدا بوو، مانای تێدا نەبوو!. لە دڵی خۆمدا وتم: لە کوێتانە... هاوین و گەنە و زەردگی و چەقۆ!.

پاش ئەوەی کە چوومە حوجرە و زانکۆم تەواو کرد، نۆستالژیا و بیرەوەریەکانی منداڵی و هەڵاتنی من و ئیبراهیم و خواستی ناسین و چێژ و سەرخۆش بوون لە شیعر و ئەدەب و چیرۆک بووە جۆرێک خێگرتن بە وشەکانەوە. ئەمە منی ئازار دەدا. بیری ئەو ڕۆژەم کەوتەوە کە باران لە بەرخەکانی دەدا، ئەو تامەی کە بۆ ماوەیەکی کەم و کورتە. هەروەها بە تەواوی دڵ و دەروونەوە بەوە گەیشتم کە چێژی من لە وشەکان لە بەرەتاوە وەک چێژی بەرخ لە باران بوو. چەندە بەرخ نائاگاهە لەوەی کە چی لە پێشە!؟ هەروەها ئەوەندەش من نائاگاه بووم لەوەی کە چ داهاتوویەکی پڕ لە هەڕەشە و گوڕەشە لە ڕێگەمە.

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی مەڕ ئەوەیە کە ئەگەر باران توندی کرد، مەڕ دەترسێنێت و دەیوەستێنێت. ئەم وێنە و سرنجانە لە مەڕ و بەرخ منی دەخست و هیلاکمی دەکرد. هەستم دەکرد کە وێنەکان و دەورووبەر چەندە پەرۆشی ئەوەیان هەیە کە من ژیر و دانا بکەن!.

وێنەی ئەوە بهێننە پێش چاوتان کاتێک کە خۆر بە دیارەوەیە و باران لە بەرخ دەدات، خۆشی دەکاتە سەرخۆشی!.

## چەرمگسوار

لە دەشتی زەهاو دەستە ناوێک بەکار براوە بۆ کەژەکان و شوێنەکان، پرسیاری بۆ من دروست دەکرد. دەشتی زەهاو چووار دەوری کەژە، هەر کەژێک ناوی خۆی هەیە، شای تۆتیا، بەمۆ، چەرمگسوار، بێشکان، وە زنجیرە کێوەکانی دالاهۆ کە هەر کەژ و یاڵ و کەمەرێک ناوی تایبەتی خۆی هەیە. ئەم ناوانە زۆر بە دەمی خەڵکدا دەهات، بەڵام هەرگیز بیر و هزریان لەوە نەدەکردەوە کە مانا و مێژووی ئەو ناوانە بۆ کێ و کوێ دەگەڕێتەوە!؟ خەڵک لە درێژایی مێژوو ناوی بۆ شوێنەکان داناوە، بەڵام دانەری وێنەی شتەکان و شوێنەکان خەڵک نیە. یەکێک لە جوانی و نهێنیەکانی دەشتی زەهاو، وێنەی کەژی چەرمگسوارە.

هەر ئاواییەک لە گۆشە و شوێنێکی دەشتی زەهاوە. هەر ئاواییەک بەشێوەیەک و دیمەن و وێنەیەک دەور و دەرەوەی خۆی ئەبینێت. گەژی چەرمگسوار لە نێوان ملەی بێشکان و کەژی بەمۆیە. لە دیدی هەر سەیرکەرێکەوە لە ئاوایی بێویانیەوە، هەر لە کەژی بەمۆ تا ملەی بێشکان، وێنەیەکی جوانی تێدایە. ئەو وێنەیە، وێنەی ژنێکە کە پشتی لە زەوی داناوە و سەیری ئاسمان ئەکات. سەر و پرچ و مەمکی ئەو ژنە زۆر جوان و دیارە. ئەم وێنە بەس لە ئاوایی ئێمە و سەرئاوزەهاوەوە دیارە، گەر کەسێک بچێتە ئاوایی قەڵەمە، ئەو وێنەیە لەو کەژە نابینێت.

ڕۆژێک خزمێکمان کە خەڵک بە مەلا عەودلا بانگی ئەکەن، لەسەر جادەی ئاوایی لەگەڵ چەند کەسێکی تر دانیشتبوون و خەریکی قسە و باس بوون. لێیان نزیک بوومەوە و دانیشتم. باسی ژن و

جلی ژنیان دەکرد. مەلا عەدولا دەیەوت دەبێت ژن خۆی داپۆشێت و سەروپرچی بە دەرەوە نەبێت!.

منیش بە خۆشی و پێکەنینەوە دەستم بۆ کەژەکەی لای ئاوایی درێژ کرد و وتم: مەلا عەودلا ئەم کەژە کێ دروستی کردووە!؟

مەلا عەودلا بزە کەوتە سەرلێوی: ها چیە؟ دەڵێت خوا ناناسی!؟

وتم: بەس وەڵامم بدەوە!.

ئەو کەسەکانی تر سەیریان دەکرد و چاوەڕێ بوون کە بزانن مەبەستی من لەو پرسیارە چیە!؟.

مەلا عەودلا دەستی بۆ ئاسمان درێژ کرد و وتی: ئەو کەژە و کەژەکانی تر و من و تۆ خوای گەورە دروستمانی کردووە.

لە شوێنی خۆم هەڵسام و وتم: سەیری چەرمگسوار بکەن، سەیر بکەن، ئەو کەژە وێنەی چیە!؟

مەلا عەودلا و کەسەکانی تر سەیری چەرمگسواریان کرد و بە دەمی سەیر کردنەوە: لە چی ئەچێت!؟ لە کەژ ئەچێت!.

کوڕێکی خزممان کە لەوێ بوو دەمی نزیکی گوێی مەلا کرد و وتی: ئەی ئەو دوو مەمکە!؟

مەلا وێنەکەی پێگەیشت، بە دەستی بن ملی کوڕەکەی خزممانی گرت و بە گاڵتە و پێکەنینەوە: ئەوە لە ژن ناچێت، ئەوە چاوی تۆ ئاوەهای ئەبینێت!.

هەموو کەسەکان وێنەکەیان پێگەیشت و لێی ورد بوونەوە و بۆیان کرایەوە. یەکێکیان وتی: بە خوا ئەمە یەکەم جارمە کە ئەو وێنەیە ئەبینم!.

سەیری مەلام کرد: مەلا ئەو کەژە لە سەر و سینگی ژنێک ئەچێت و ئەوەندە جوان دروست کراوە، سرنج و بیر و دیدی مرۆڤ بۆ خۆی ڕائەکێشێت.

مەلا تووڕەییەکی خۆش ناوچاوانی گرت و لە جێی خۆی هەڵسا: برا بەخوا ئێوە ژنتان نیە، هەرچی ئەبینن دەبێتە ژن لە بەرچاوتان، خوا ڕەحمتان پێبکات!.

هەموومان کردمانە پێکەنین و مەجلسەکەمان تووچاند و هەرکەس چووەوە بۆ ماڵی خۆی.

خەڵکی دەشتی زەهاو خەڵکێکی لادێی و هەژار و داماو و موسوڵمانن و ژنەکان لەو دەشتە داپۆشراون، بەڵام سوتفە کەژێک بە وێنەی سەر و مل و سینگی ژنێک دیارە. ئەمەیە کە پرس و ترس لە وێنەکان و ناوەکان و وشەکان لە گیان و دەروونی من دروست دەکات.

# دەمی گورگ بەسانەوە

ئێوارەیەکی زستانی خەلیفە مارف و دوو لە کوڕەکانی بە پەلە و پەرۆشەوە خۆیان کردە ماڵی مەلا عەبدوڵادا. ئەو ئێوارە باو و باران بوو، سەرما و سۆڵە و تاریکی بوو. منیش بۆ دەمەتەقە و گوزەراندنی کات چووم بۆ ماڵی کاک عەبدوڵا. کاک عەبدوڵا پێیان ئەوت مەلا عەودلا.

مەلا عەودلا، مەلای تەواو نەبوو، بەس خەڵک لەبەر ئەوەی کە کەسێکی چاک و خێرخواز و قورئانخوێن بوو، پێیان ئەوت مەلا. ڕاستیەکەشی ئەوە بوو کە کابرایەکی زۆر باش و بێوەی و سەرسەلامەت بوو. ئیتر ئەو خەڵکە بە کەسێک کە دوو جار بەرنوێژی خەڵک بکات، ئێژن مەلا. چیرۆکی کاک عەبدوڵاش هەروەها بوو. چەند جارێک بەرنوێژی خەڵکی کردبوو، ئیتر هەر بە مەلا بانگیان دەکرد. خەڵکی ئاواییش خۆشیان ئەویست.

ئەو ئێوارە، ئێوارەیەکی سارد و تاریک و بارانی زستان بوو. خەڵکی لادێش لە زستان دەستیان ئەوەندە گیر نەبوو و زۆربەی کات لە ماڵان لەبەر سۆبە و عەلایەدین دادەنیشتن و قسە و باسیان دەگێڕایەوە. ئەو ئێوارە چووم بۆ ماڵی مەلا عەودلا. دراوسێی ماڵی باپیرم بوو. ماڵەکەشی بە قوڕ و دار دروست کرابوو. لەگەڵ ئەوەی کە ئەوەندە زەرق و بەرقی نەبوو، بەڵام خۆشەویستی و ئارامشێکی فرەی تێدا بوو. منیش هەر لەبەر ئەو ئارامشە، چووم بۆ ماڵی مەلا. هەر کاتیش کە دەچووم، زۆر بە من خۆش ئەگوزەرا و تا درەنگانی شەو قسە و قەند و چایی و چاومان تێکەڵ ئەکرد.

سوتفە ئەو ئێوارە مەلا منداڵەکانی فێری نووسین ئەکرد. ئەو کاتە ئاوایی قوتابخانەیەکی سەرەتایی هەبوو. ئەو قوتابخانە دوو ژووری قوڕین و مامۆستایەکی هەبوو. ئیتر منداڵەکان بۆ ئەوەی کە وانە و دەرسەکانیان باش فێر بن، دەچوون بۆ ماڵی مەلا پێیان بنووسێت و پاشان پێیان بخوێنێتەوە. ئەو کاتەش مەلا لەگەڵ ئەوەی کە کتێبەکانی قوتابخانەی بە منداڵەکان فێر ئەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا، جوزئی عەمی قورئانیشی بە منداڵەکان فێر ئەکرد. ئیتر ماڵی مەلا بووە شوێنێکی خۆش بۆ منداڵەکان. شەوانی زستان لەبەر ئەوەی کە دوور و درێژ بوو، منداڵەکان لە ماڵی مەلا کۆ دەبوونەوە و بە خوێندن و چا خواردن و گەمە خۆیان خەریک دەکرد. جاربەجاریش منداڵەکان یەک و دووانیان لە ماڵی مەلا خەویان لێ دەکەوت و لەوێ دەمانەوە.

ئەو ئێوارە منیش کتێبێکی کتێبخانەی شارم بە دەستەوە بوو. ئیتر لەگەڵ مەلا دەست و دەممان بە قسە و باس خەریک کرد و مەلاش وردە وردە منداڵەکانی فێری جوزئی عەم دەکرد. لە ناکاوە خەلیفە مارف و دوو لە کوڕەکانی بە ڕەنگ پەڕیوی و ڕەنگبزڕیسکاویەوە خۆیان کردە ماڵی مەلا و هەر بە سەری پێوە خەلیفە مارف وتی: مەلا سێ لە مێکانم وەتەکی ڕان نیەن و هاتووین پێش ئەوەی کە بڕۆین بۆ گەڕان بە دوایان، دەمی گورگمان بۆ ببەستیەوە!

منیش سەیرم لێهات لە مەبەستی لە بەسانی دەمی گورگ چیە!؟

خەلیفە و دوو کوڕەکەی دانیشتن و ژنەکەی مەلا سەروچایی هێنا و ئەوانیش بە دەستی ڕچاوەوە چایەکانیان خوارد. خەلیفە مارف چەقۆیەکی دەرهێنا. مەلاش بە منداڵەکانی وت کە بڕۆنە ژوورەکەی تر و بێدەنگ بن. منداڵەکان چوون و مەلا دەستنوێژێکی گرت و لە شوێنی خۆی دانیشت، چەقۆکەی لە خەلیفە مارف وەرگرت. چەقۆکە چەقۆیەکی (مشتگ گەوەزن) بوو. چەقۆی مشتگ گەوەزن بە چەقۆیەک ئەڵێن لە مشتەکەی لە شاخی ئاسک دروست بکرێت و دەمی چەقۆکە زۆر تیژ و بڕندە بێت. مەلا سوورەتی ( شرح) ی قورئانی خوێند و لە کاتی خوێندنی سوورەتەکە دەمی چەقۆکەی بەست.

هەر کە مەلا دەمی چەقۆی بەست، خەلیفە مارف و کوڕەکانی هەڵسان. خەلیفە: مەلا عەودلا ماڵت ئاوەدان بێت... خوا ئیمانت پێ بدات، ئیتر ئێمە دەبێت بڕۆین بۆ گەڕیان.

مەلا تۆزێک پەشۆکا: ئەی من لەگەڵتان نەیەم!؟

خەلیفە بە دەمی پێکەنینەوە: هەر کە دەمی گورگت بەسا، ئەوە بۆ ئێمە بەسە!.

خەلیفە و کوڕەکانی چوون و مەلا و منداڵەکان بێدەنگ دانیشتن. ئێمەش مابووینەوە کە بڕۆین یان نە!؟ ئاخر لە ئاوایی لە کاتی ئاوەها خەڵک هاوکاری یەکدی ئەکات.

بە خەندەیەکەوە بە مەلام وت: مەلا دەمی گورگ بەسان ئیتر چیە!؟

مەلا بزگەیەک گرتی: ئەو مەڕانە کە لە شەوانی تەم و تاریک ون ببن، بۆی هەیە ببنە نێچیری گورگ، هەر لەبەر ئەوە بەو سوورەتەی قورئان دەمی گورگ لە حەنای ئەو مەڕانە ئەبەستم، ئیتر گورگ ناتوانێت بیانخوات!.

بە سەیر لێهاتن: ئەی ئەمە ڕاستە!؟.

مەلا: ئیتر ئەمە ڕەسمی کۆنە... خۆ لە خۆمەوە سوورەتی شەرح ناخوێنمەوە!.

ئەو شەوە زووتر لە ماڵی مەلا هەڵسام، ویستم هەندێک لە کاتی شەو بە خوێندنی کتێبەوە خەریک ببم. مەلاش هەر کات کە دەچووم بۆ ماڵی ئەیوت ئیلا دەبێت تا سێی شەو دانیشین، بانگی کوڕەکەی کاک حوسەینی ئەکرد و بە قسەی خۆش شەوی لەگەڵ ئێمە دەبردەسەر. ژنەکەی مەلاش ژنی باش بوو، زوو زوو چای ئەهێنا و هەر جارێک کە بە سینی چاییەوە ئەهات قسەیەک و باسێکی ئەکرد.

ئەو شەوە نیوەی فکر و هزرم لەگەڵ کتێبێک کە دەمەویست تەواوی بکەم، تێکەڵ ببوو. هەر ئەمە وای کرد کە زووتر لە ماڵی مەلا هەڵسم.

هەر کە لە تەنیشت گەلەخانی حەوشی ماڵەکەی کاک عەلی تێپەڕیم، دەروێش ئەمینم بینی کە بە مەسینەیەک ئاوەوە بۆ ئاودەستی مزگەوت ئەچێت. چەند ڕۆژێک بوو کە دەروێش ئەمینم نەبینی بوو، لە دوورەوە بانگم تێبەردا: دەروێش حاڵت چۆنە!؟

بە ئەسپایی سەری با دایەوە و سەیری منی کرد و لە شوێنی خۆی ڕاوەستا: خوا ئیمانت پێ بدات... تۆ کوڕەکەی کاک عەزیزی!؟

دەروێش ئەمین کە ئێستە لە ژیان نەماوە، پیاوێکی داماوی بەستەزوبان بوو. دەروێش ئەمین هەر لە گەنجیەوە هامشۆی شێخەکانی ئەکرد و وەک دەروێش سەروێنێکی سپی لە دەوری سەری ئەبەست و شاڵێکی سەوزی لە دەوری ملی دەپێچاند. دەروێش ئەمین بە هۆی ئەوەی کە ژیانی هەموو خزمەتکاری شێخ و دۆستی دەروێشەکان بوو، هیچ کار و بارێکی تایبەتی نەبوو. ئەو داماوە ژنیشی نەخواست و هەر بە داماوی ژیان و ڕۆژگاری گوزەراند. بە هۆی ئەوەی کە فێری کار و ژیانی شێخەکان ببوو، ئەویش دەچوو بۆ لادێ و دیهاتەکانی دوور بە شێوەیەک کە کەس نەیناسیبایەت. لەو ئاوایی و دیهاتانە دۆعای بۆ ژنەکان ئەکرد و ئەیوت شێخم و چارەسەری نەخۆشی ئەکەم. ئەیوت لە شەجەرەی سەیدەکانم و خوا پێداوین. ئیتر یان پارەی لە خەڵک وەردەگرت یان بەروبۆمی کشت و کاڵی لە خەڵک لە جیاتی پارە قبووڵ ئەکرد. هەر لەم ڕێگانەوە ژیان و گوزەرانی خۆی دەگوزەراند. تاکە دەروێشێک بوو کە لاسایی شێخەکانی ئەکردەوە.

دەروێش ئەمین دوو تایبەتمەندی هەبوو، یەکێک ئەوە بوو کە سەروڕوومەتی خۆی هەمیشە بە جوانی ڕادەگرت. ڕیشی جوان کورت ئەکرد و بەرسمێڵی بە جوانی و ڕێکی دەگرت. شاڵ و سەروێنە سپیەکەی هەمیشە خاوێن و پاک بوو. تایبەتمەندی دووهەمی خواردنی گۆشت بوو. هیوایەت و خۆشی دەروێش ئەمین ئەوە بوو کە گۆشتی برژاو و کەباب بخوات!.

لە دەرگەی مزگەوتەکە چوومە ناوەوە و دەروێش ئەمین بە دەمی بە پاڕانەوە وتی: ها بێژە باوکت بەیانی بە ماشینەکەی بمبات بۆ شار، کارم هەیە، خوا خێرت بنووسێت.

منیش پێموت باشە بەیانی ئێژم بە باوکم وەتەکی خۆی بتبات بۆ شار. زۆر حەزم ئەکرد بیهێنمە قسە و باس. لەبەر ئەوەی کە دەم و دەست و هەناسەی بۆ قسەکردن زۆر بە لامەوە بێئازار و هەژار و شیرین بوو.

وتم: دەروێش ئاگات لێ نیە... ئەمشەو سێ لە مێکانی خەلیفە نەهاتوونەتەوە بۆ ماڵ، بۆی هەیە دز یان گورگ پەلاماری دابێت!.

دەروێش مەسینەکەی دانیا و دەستی بە دەمیەوە گرت و وتی: هەی ماڵم بڕمێت، سێ!؟

من: ئەرێ بە خوا سێ مێ!.

دەروێش: هەی باوکە گیان ئەوە چەند کیلۆ گۆشتی پێوە بێت!؟ بە خوا کوڕەکەی کاک عەزیز... هەی باوکە گیان... سێ مێ!.

دەروێش جۆرێک قسەی وەتەکی من ئەکرد، وەک ئەوە کە لەبەر خۆیەوە قسە بکات.

دەروێش: خوا هەڵناگرێت... ئەی تۆ بۆ لێرە ئەم کتێبەت داوە بە بن دەستت، هاومالّی بۆ وەختی ئاوەها باشە، تۆش بچۆ بگەڕێ!.

من: خەلیفە و کوڕەکانی و چەند کەسێکی تر بە چرا و چەکەوە چوون.

دەروێش مەسینەکەی هەڵگرت و سەری گرتە زەوی و بە خەمەوە: ئاخر خوا هەڵئەگرێت گۆشتی سێ مەڕ بکەوێتە دەمی گورگەوە!؟

من: ئەی تۆش دۆعایەکی بۆ بکە، مەلا عەودلا دەمی گورگی بەستەوە، تۆش دۆعایەکیان بۆ بکە... تۆ ئێژیت لە بنەماڵەی سەیدەکانی، خێرت دەگات!.

دەروێش سەرومێشکی خەریک بوو، دەستی کردە گیرفانی و تەسبیحەکەی دەرهێنا و لە هەیوانی مزگەوتەکە دانیشت و ئاودەست چوونی لە بیر چوو. هەر دوو دەستی ناوە ڕوومەتیەوە و هەندێک وشە و ڕستەی خوێندەوە، وەک ئەوە کە دۆعا بکات.

دەروێش: دۆعا، دۆعای ساڵحانە.... ئیشەڵڵا بەیانی مێکان خۆیان بە دەمی بە قاڕەوە دێنەوە!.

هەستم کرد کە دەروێش ماندووە، ئیتر زۆر لەسەر ئەو باسە نەچووم، لەبەر خۆیەوە لێوی بە ئەسپایی دەجووڵاندەوە. منیش خوا حافیزیم لێ کرد و لە تەنیشت مزگەوتەوە چوومە خوارەوە. لە ناکاوە دەنگی دەروێش هات: باوکت بەیانی من لە بیر نەکات کوڕەکەی کاک عەزیز.

دەروێش هەرگیز ناوی منی نەدەورد، هەر دەیوت کوڕەکەی کاک عەزیز.

منیش دەنگم بەرز کرد: باشە دەروێش، هەر ئێستە ئێژم بە باوکم.

لە نێوان داری بی و زەیتوونەکان چوومە خوارەوە و لە دەرگەی خوارەوەی مزگەوتەکە چوومە دەرەوە.

## مرواری لە سەدەفدا

بەشکە بۆ ئێوە نادیار و دوور بێت کە لەم ئینگلیسە چ هەڕەشە و گوشارێکی گەورەم لەسەرە، چەندە سووکایەتی و بێڕێزی بە من و دەستنووسەکانی من کراوە. خەم و دەردی من تەنیا خۆم نەبووم، کورد و کوردستانم بوو. ڕابردوویەک کە منی بە جێهێشت، بەڵام من ئەوم لەگەڵ خۆم هێنا. فەرامۆش کرام، بەڵام هەرگیز فەرامۆشم نەکرد.

ڕۆژێکی ساردی زستانی لە ژوورەکەم لە خۆمم پرسیار کرد: تۆ لەم زیندانە لە چی ئەچیت!؟.

وتم: من مرواریم لە سەدەفدا!.

سەدەف بوونەوەرێکی زیندووە، بەڵام جووڵە ناکات. سەدەف بە هاوکاری دەروونی نەرم و دەرەوەی سەختی، قورسی و ترس و هەرای دەریا لە دەروونی خۆی هەڵدەگرێت. سەدەف ئاگادارە کە زۆربەی بوونەوەرەکانی دەریا لەبەر ترس و ڕاکەڕاکە ملیان پێوە نەماوە. سەدەف ئەزانێت کە چ بخۆ بخۆ و زوڵم و ستەمێک لە دەریا دەکرێت. بۆیە هەوڵی ئەوە دەدات کە بەری خۆی بنێرێتە دەرەوە. بۆ ئەمەش مرواری دروست دەکات و مرۆڤ وەک زینەت و جوانی بە مل و گەردنی خۆیدا هەڵیدەواسێت. هەروەها سەدەف خۆیشی نەرم و ڕازاوە دەکات بۆ ئەوەی کە هەڵگیرێت و بخورێت!.

تەم و تاریکی و لێڵی و ساردی و پەلامار و هەڕەشە و گوڕەشەی دەریا دەروونی سەدەف نەرم و دەرەوەی سەخت دەکات. ئیتر چوونکە هیچ ئومێدی بە دەرەوە نیە، لە ناوەوە، مرواری وەک بەر و بار و پەیامی خۆی دروست دەکات. هەروەها ئەو گوشار و ساردی و زوڵم و ستەمەی دونیا وای لە من کرد کە دەست بشۆرم لە توخمی ئادەم و ئەوەی لە ئادەم ئەکەوێتەوە. هەروەک سەدەف کە هیچ ئومێدی بە بوونەوەرە بێ ملەکان نیە، هەروەها منیش هیچ ئومێدم بە مرۆڤ و نەوەکانی مرۆڤ نەماوە. تەنیا ڕێگەی من ئەوەیە کە لەم بارووдۆخ و بخۆبخۆیە دەرچم. هەر ئەمە وای کرد کە بڕوا بە تەبەقاتی ئاسمان بکەم، بڕوا بەوە کە مرۆڤ دەتوانێت خۆی دەرباز بکات و دەربچێت.

دوو خاڵ وایکرد کە دونیا ئاوەها بێڕەحم و نالەبار ببینم، یەکەم ئەو جیهانبینییەیە کە ئیسلام بۆ منی دروست کردووە، دووهەم ئەو بارووдۆخە واقعی و ڕوونەیە کە لە پێش چاوی هەریەک لە ئێمەیە.

ئیسلام وە بە تایبەتی قورئان ژیانی سەرزەوی بە گۆڕەپان و کارزاری شەڕ و هەڕەشە دەناسێنێت. شوێنێک کە شەیتان سوێندی بۆ تێکدانی خواردووە. هیچ کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە قورئان هەمووی ئاگادارییە لە هەڕەشە و گوڕەشە و ترس و تۆقاندن.

من لە بنەماڵەیەکی موسوڵمان گەورە بووم و وانە و وێنەکانی ئیسلامم پێ فێرکراوە، هەرئەم فێربوونە ئەو دید و جیهانبینیەی بە من داوە کە زەوی و ژیانی زەوی نائاساییە و هیچ شوێنی هەسانەوە و پاڵدانەوە نیە. هەر ئەمە وایکرد کە من خۆم لە گۆڕەپانێک ببینمەوە. ئەوەش گرنگە کە بزانین هەر منداڵێک کە لە منداڵیەوە بە ئەدەب و پێکهاتەیەکی وشەکان و ڕستەکان فێرکرا، ئیتر تا مەرگی بەو ئەدەب و جیهانبینیەوە دەژی و دەمرێت. بۆیە منداڵی موسوڵمان هەر لە سەرەتای منداڵیەوە دەینێرن بۆ ئەوەی کە قورئان خەتم بکات. بۆ ئەوەی کە خەتم و مۆر و واژۆی هەمیشەیی لەسەر سەر و دڵی دابکوتێت و ئیتر دەرچوونی بۆ نەبێت.

تایبەتمەندی من ئەوە بوو کە لەوە زیاتر و بە شێوەیەکی خۆویستانە و خۆبەخشانە خۆم خستە گۆڕەپانی ناسین و حوجرە و کتێبی ئایینەوە. هەرئەمە ڕەگ و ڕیشەکانی دەروونی منی چەقاند.

خاڵی دووهەم کە وای کرد ئاوەها دونیا زاڵم و ستەمکار ببینم، ئەو بارووдۆخەیە کە وەک کورد ساڵەهایە لە ئاوارەیی و دەربەدەری تێدا گیر و گیرۆدە بووم. هەر لە منداڵیەوە کە لە کەمپی

پەنابەری ڕژێمی بەعس هاتمە دونیا، حەتا ئێستە لە ئینگلیس هیچ دەسڵاتێک ڕێزی لە من نەگرتووە. هەردەم و بەردەوام سووکایەتی و بێڕێزی و پەراوێز خستن بووە.

سەدەف مرواری وەک هێلکە دروست ناکات، بەڵکو وردە بەردی وێڵ و بەرەڵای نزیک بە خۆی هەڵدەگرێت و لە ناوەوە دەوری بە مادەیەکی دەروونی خۆی دەگرێت. سەدەف کاری گرتنەوەی مرواریە. هەر ئەو خۆخەریک کردنەوە لە ناوەوە و هەوڵ و هۆڵی چوونە دەرەوە وادەکات کە ئیتر سەدەف هیچ بنکە و پێگەیەک لە دەریا بۆ خۆی دروست نەکات و بێئازار و ناوخۆش و گرانبەها بێتە دەرەوە. سەدەف ناوی کەنیشکە، هەروەها مرواری بۆ کچان بەکار دەچێت، وە بۆ جوانکاری سەر و گەردنی ژنان بە کار دەبرێت. بەڵام بە داخەوا ژنەکان نازانن کە ئەو مرواریە کە وەک زینەت و بۆ جوانی لە ڕۆژێکی خۆش بە گەردنیان ئەبەستن و خۆیانی پێ ئەنوێنن، پێش ئەوەی کە بیەوێت ملی ژن جوان و بەهادار بکات، پەیام و هەواڵ و ئاگاداریەکی گرنگی پێیە!.

" لە ڕاستیدا دەبوو وە دەبێت کە پیاوانی بیرمەند و ژیر مرواری ببەستن بە دەوری ملیانەوە نەک ژنەکان!."

ئەم باسە دەتوانێت پەیام و گلەییەکی توند لە کورد و ماکورد بێت، لەوە کە زۆربەی نەوەکانی مرۆڤ هەر لە ئادەمەوە بگرە تا ناوەکان و نەوەکانی کورد، ئەوەندە لیاقەتیان نەبوو لەگەڵیان دراوسێیەتی و دۆستی بکەم، لەوە کە ئەوەندە هەژار و چکۆلە و بێبەها بوون، وایکرد کە من بیر لەوە بکەم بڕۆم بۆ ئاسمانێکی دوورتر لەوان. لەوە کە کورد جگە لە چەند ناوێک لە مێژووی کۆنی، هیچ پیاوێکی خاوەن ئەدەبی تێنەکەوتووە و لێنەکەوتووە!.

زۆرێک لە ناوەکان و نەوەکان لە کۆن و نوێ هەروەک سەدەف و دەریا، ژیانی زەوی و مرۆڤیان پێ بێبەها بووە، بۆیە دەچنە ناوەوەی خۆیان و ئیتر لە نەرمی دەروونیان خۆیان دەگرنەوە بۆ ئەوەی کە لیاقەتی ئەوە بە دەست بهێنن کە بڕۆنە دەرەوە. موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا گەر خەڵکی عەرەبی پێ لایق بایەت، کەژی نەدەبووەوە بۆ ئەشکەت. هەروەها گەر نیچە زانکۆ و ڕۆژئاوای پێ تەواو بایەت، یاخی نەدەبووەوە بۆ کەژەکانی ئالپ.

# Claustrophobia

## پشتەکان و هەناسەکان

ئەو کەسانەی کە هەراسیان لە تەنگانە و تاریکیەکان هەیە، هەردەم هەوڵ دەدەن کە بەرەو کرانەوە بڕۆن. بەم ڕستە دەمەوێت کە زەمینەی ئەوە خۆش بکەم کە دوو وێنەی دژبەیەکی تر دەربخەم بۆ ئەوەی کە لە نهێنی دووانە دوور و نزیکەکان و دۆست و دوژمنەکان نزیک ببمەوە.

خەڵکی دەشتی زەهاو بۆ ئەوەی کە زەوی و زارەکانیان ئاوەدان بکەن و ئاوی باش بە کشتوکاڵەکانیان ببەخشن، دەستیان برد بۆ کەندنی چاڵی ئاو. خەڵکی دەشتی زەهاو لە خەڵکی نەهاوەندەوە[2] فێر بوون کە چاڵی ئاو لە زەویەکانیان بکەنن و بە یارمەتی مەکینەی ئاودەرهێنان ئاوی سێ چووار ئینچی لە قووڵایی پانزدە بیست مەتری دەربهێنن. یەکەم کەسەکان کە ناوبانگیان بە چاڵکەنەکان پەیدا کرد، خەڵکی نەهاوەند بوون. نەهاوەندیەکان کە سەر بە ناوچەی نەهاوەند لە پارێزگای هەمەدانن، کەندنی چاڵی ئاوی خەڵکیان لە ئەستۆی خۆیان وەرگرت و یارمەتی خەڵکیاندا کە لە زەویەکانیان چاڵی ئاو بکەنن. مامەکانم وەک خەڵکی تر پارەیان دا بە نەهاوەندیەکان بۆ ئەوەی کە چاڵێکی ئاویان بۆ بکەنن.

پاش چەند مانگ نۆرەی مامەکانم هات و نەهاوەندیەکان چەرخ و گورێس و دۆڵ و قولابیان هێنا و خەریکی کەندن بوون. منیش لە بێکاری و تەنیایی دەچووم بۆ ئەوە کە بزانم کاریان چۆنە و خەریک بە چی دەبن؟ نەهاوەندیەکان خەڵکێکی زۆر ئارام و لەسەر خۆن، بەڵام کێشەی گەورەیان ئەوەبوو کە بۆ کارەکانیان لەسەر کەندنی چاڵی ئاو تریاکیان دەکێشا و خۆیان بەو تریاکە ڕادەگرت.

چەند ڕۆژێکی نەخایاند کە لە هەفت مەتری، خاک کەوتە ئاو و ئەمە بووە هۆی ئەوە کە جێگەی دڵخۆشی بێت بۆ کەندنی زیاتر.

ئەو ڕۆژە بە خۆشیەوە چوومەوە بۆ ماڵی باپیرم، بە خۆشی و خەندەوە وتم بە باپیرم: چاڵەکە کەوتووە ئاو!.

باوام وتی: ئەی لە خوا بێتە زیاد.

بەردەوام بووم: لە یەکێک لە نەهاوەندیەکانم پرسی کە چەندە ئاوی هەیە؟ ئەویش وتی بۆی هەیە گەر تەواو بێت، سێ و چووار تا پێنج ئینچ ئاو بدات!.

باوام وتی: ئینچی چی!؟ ئینچ و مینچ چیە!؟

وتم: ئەو کابرا وای وت، من چووزانم مەبەستی چی بوو!.

ڕۆژی دوای ئەوە باپیرم لەگەڵم هات بۆسەر چاڵی ئاوەکە. لەگەڵ نەهاوەندیەکان قسەی کرد و بە بزگەیەکی خۆشەوە ڕووی لە من کرد و وتی: تۆ دوێکە وتت ئینچ، ئاخر من چووزانم ئینچ چیە!؟ ئێستە ئەزانم گەر تەواو بێت چەندە ئاوی دەبێت!.

منیش وتم: یانی چەندە!؟

---

[2] ـ نەهاوەند یەکێکە لە شارەکانی پارێزگای هەمەدان. خەڵکی نەهاوەند بە نەتەوە کورد و جل و بەرگی کوردی لەبەر دەکەن و بە زاراوەی لەکی و کەڵهوڕی قسە دەکەن.

باپیرم وتی: ڕۆڵە گیان قسە زوبانی خۆت بە زمانی خۆت بکە، چووار ئینچ یانی بە قەد دەمی دوو گا ئاوی هەیە!.

منیش لەو قسەیە پێکەنیم: دەمی دوو گا!؟ ئەی باوا گیان تۆ چووزانی چووار ئینچ دەبێتە ئەندازەی دەمی دوو گا!؟.

باوام پێکەنی و لە سەهەڕی کەپری چاڵئاوەکە دانیشت: ڕۆڵە زۆر لەسەر شت ئەچیت!.

لە خۆشی ئاو و چاڵئاو ڕۆژانە خواردن و پێداویستیەکانیانم بۆیان دەبرد و خزمەتیانم ئەکرد. وردە وردە پاش ئەوەی کە کاریان کەوتە خوارەوەی دە مەتر، ئیتر من ترسم هەبوو کە سەر بگرمە سەر چاڵی ئاوەکە. لەبەرەتاوە زۆر سرنجم لەو ترسە نەدا کە ڕیشەی لە کوێوەیە!؟ لە بن کەپرێک کە بۆ هەوانەوە دروستیان کردبوو دادەنیشتم و خۆم بە چا خواردن و قسە کردن لەگەڵ ئەو کابرا خەریک دەکرد کە لەسەر چاڵی ئاوەکە دۆڵی قوڕ و ئاوی هەڵدەکێشا.

کاتێک کە گەیشتنە پانزدە مەتری دەستیان لە چوون بەرەو خوارەوە هەڵگرت و وتیان کە ئێستە نۆرەی پشتەیە. پشتە بەوە دەڵێن کە لە دوو لاوە بە پانایی بیست مەتر دەچن بۆ ئەوەی کە بگەن بە ڕەگی ئاوەکان و ئەو ئاوە بێتە ناو ئەو چاڵەی کە بە درێژایی کەندوویانە. سەیر ئەوە بوو کە کاتێک ئەوان خەریکی کەندنی پشتە دەبووین، من ترس دەمیگرت و هەراس لە دڵمی دەدا. پرسیارێک لە دڵم بوو و شەرمم دەکرد کە بیدرکێنم. چ دڵێک و سینگێکیان هەیە کە لەو تەنگی و تاریکیە ئاوەها دەچن!؟ هەست و هەناسەی ئەوانە چۆنە و چ دەروونێکیان هەیە کە لە تەنگی و تاریکی لە ئاو و قوڕدا، ڕوو لە تاریکی دەچن و دەکەنن!؟ پرسیار کردن لە دەروونی ئەوانەیە کە لە تەنگانە هەناسەیان پێ دەدرێت.

ماوەیەکی پێچوو و نەهاوەندیەکان لە دوو لاوە تا بیست مەتری چوون و کاری چاڵئاوەکەیان تەواو کرد و پارەی خۆیان وەرگرت و چوون بۆ کەسێکی تر کار بکەن. من بە تەنیا مامەوە لەسەر پرسیارێک کە دەروونی من داگیر کردبوو. چەند ساڵێک بەسەر کار و ئاوی ئەو چاڵئاوە گوزەری کرد و لە ناکاوە ئاوی چاڵئاو کەمی کرد و بۆ ئەوەی کە ئاوی زیاد بکات، دەبوو کە چەند مەترێکی تر بڕۆنە خوارەوە و لە دوو لای ترەوە بیست مەتری تر بکەنن، بۆ ئەوەی کە ڕەگی تری ئاو بدۆزنەوە. هەروەهاشیان کرد و ئەمجارە ئیتر نەهاوەندیەکان نەبوون کە پشتەیان دەکەند، بەڵکو خەڵکانێک لە دەشتی زەهاو لەبەر دەستی نەهاوەندیەکان فێر ببوون کە چاڵئاو بکەنن، هەر ئەوانە کاری کەندنی پشتەی نوێیان لە ئەستۆ گرت. چاڵئاوکەنە نوێکان خەڵکی زەهاو بوون و وەک نەهاوەندیەکان دەست و سینگیان تەوان و هەناسەی کارکردن لە تەنگانەی هەبوو. جاری وا هەبوو ئەو کەسانەی کە پشتەیان دەکەند، بیست مەتر دەچوون و نەدەگەیشتن بە ڕەگێکی ئاو. ئەوان نەیاندەزانی کە ڕەگی ئاوەکان لە کوێوەیە؟ بەس هەوڵی ئەوەیان دەدا کە بیکەنن بۆ ئەوەی کە بیدۆزنەوە. لە بیرمە کە جارێک کابرای پشتەکەن دەنگێکی لێ بەرز بووەوە و هەوڵیدا کە بێتە دەرەوە، کە هاتەسەر زەوی وتی: بەردێکی گەورە لە پێشەوەمانە، هی ئەوە نیە کە دەری بهێنین، من دڵنیام کە لە پشت ئەو بەردە ڕەگێکی ئاوی فراوانی لێ گوزەر دەکات.

سرنجم لەو قسەدا و وتم: چۆن ئەزانی کە ئەو بەردە ڕەگی ئاوی لە پشتەوەیە؟

پێکەنی، پێکەنینێک کە بگەیەنێت بە من کە من ناتوانم هەراس بخەمە قسەکانی دەمی ئەو: زۆربەی بەردە گەورەکان ئاویان لە پشتەوەیە!.

پاش ماوەیەک هەواڵێک لە دەشتی زەهاو بڵاو بووەوە کە خاکی پشتەی چاڵی ئاوێک ڕێزشی کردووە و خاک کەوتووە سەری ئەو کابرا کە لە پشتەدا کاری کەندنی کردووە. ئەم هەواڵە ئەوەندەی تر منی دەجەڕاند و من لە ناوەوەی خۆمدا خۆم دەخواردەوە. پرسیارم دەکرد، ئاخر چ مرۆڤێکی ژیر لە بن خاک بیست مەتر دەچێت و ترسی نیە!؟

ئەوان کاری کەندیان دەکرد و باسی کەندیان دەکرد و بۆ یەکدیان دەگێڕایەوە و من سینگ و هەناوم یەکی دەخوارد و تەنگ دەبوو و هەناسەم پێ نەدەدرا. ئەو پرسیارەم لە خۆم دەکرد کە بۆ دەروونی من ئەوەندە هەراسی هەیە لە تەنگانە وە هەردەم هەوڵی ئەوە دەدەم کە بەرەو کرانەوە بڕۆم؟ من کە شەوان بەتانی دەدرێتە سەر دەم و لووتم هەراسم لێ دەنیشێت، ئێستە چ بگاتە ئەوە کە لە پشتەی چاڵئاوێکی بیست مەتری لە ناو قوڕ و ئاودا بکەنم و دەست و هەناسەم تێکەڵ بکەم!.

یەکێک لە مامەکانم کە تۆزێک هەنا و هەستی وەک منە، بۆ تاقی کردنەوە وتبووی کە بمبەنە خوارەوە بۆ ئەوەی کە بزانم کاری ئەو چاڵئاوکەنانە چ جۆریە!؟ کە بە پەت و گورێسەوە دەیبەسن و چەند مەتر دەیبەنە خوارەوە، دەیکاتە هات و هاوار و دەڵێت کە دەرم بهێنن و کە دێتە سەرزەوی هەناسەیەکی ئارام هەڵدەکێشێت و لە دڵیەوە ئۆخەی دەکات!.

لە پاش ساڵی دووهەزار بەم لاوە ئاوی چاڵئاوەکان دیسان کەمی کرد و خەڵک کەوتە خۆیەوە کە ڕێگەیەکی چارەی باش بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کە چارەسەری یەکجاری ئاوی چاڵئاوەکان بکەن. هەرچی ئەوان دەچوونە خوارەوە، ئاوی چاڵئاوەکانیش دەچووە خوارەوە. ماڵی خاڵم یەکەم کەسەکان بوون کە دەستیان برد بۆ ئەوەی کە ڕوخسەتی کەندنی چاڵی عەمیق لە حکومەتی ئێران وەربگرن. چاڵی عەمیق بەو چاڵئاوانە دەڵێن کە لە سەد مەتر زیاتر دەچێتە خوارەوە، ئیتر پێویست ناکات کە بە دەست و هەناسەی کەسێک بکەنرێت، بەڵکو بە مەکینەیەکی تایبەتی کە خۆی دەچێتە خوارەوە، چاڵی ئاوێک دەکەنێت کە زیاتر لە هەفت و هەشت ئینچ ئاو دەدات. پاش ئەوەی کە ماڵی خاڵم کەندیان، کەسانی زۆر هەوڵی ئەوەیاندا کە ڕوخسەتی ئەو چاڵئاوانە وەربگرن و لە قووڵایی سەد مەتر بە ئاو بگەن.

## من و سەرچاوە و چیرۆکی تەنگانەهەراسی

وێنەی ئەو کەسانە کە چاڵئاو دەکەن وە ئەو کەسانەی کە هەر ماوەیەک جارێک چاڵی ئاوەکانیان کەم دەکات، یەکێک لە باشترین نموونەکانە بۆ ئەو کەسانەی کە بیر و ژیریان بەکار ببەن.

لە دەورانی حوجرەدا جوولە و چوونی وشەکان و هەناسەکان و هەستەکان هەروەک ئەو کەسانەیە کە چاڵی ئاو دەکەنن و لە پشتە بە هەست و هەناسەیەکی قووڵ و قورس، هەوڵی دۆزینەی ڕەگی ئاوەکان دەدەن. کەسانێکیش لە سەر چاڵی ئاوەکان ناوێرن کە سەر بە سەر کونی چاڵئاوەکان بگرن، لەبەر ئەوەی کە سینگیان لە تەنگانە و تاریکی تەنگ و تاریک دەبێت. من هەستم دەکرد کە یەکێک لە کەسە ترسنۆکەکانم کە ناوێرم خۆم لە تەنگی و تاریکی بدەم و ڕەگی ئاوەکان بدۆزمەوە. زۆرجار بە خۆمم ئەوت کە من سینگ و هەناوی کتێب و کتێبخانەم نیە، بە خۆمم ئەوت کە من هەنا و هەناسەی کتێبم نیە و زۆر زوو سینگم دەگیرێت. زۆر جاریش ئەو قسەی خۆمەم بە ناڕاست دەزانی کە " من نامەوێت لەبەر ئەوەیە کە دەترسێم!".

هەوڵی ئەوەمدەدا کە باشترین وەڵام بۆ خۆم بدۆزمەوە، ئەمزانی کە ئەوانەی نەخۆشی پیسیشیان گرتبێت گەر ناوی خوای مەزن ببەن ئەو نەخۆشیە لێیان پاک دەبێتەوە. منیش ناوی خوام هێنا و بە ڕاستم نەزانی کە سینگ و هەناسەم کەم و کورتە، بەڵکو دەرکەوت کە من نامەوێت بە دەست و دەمی خۆم خاک و وشەکان بدڕم بۆ ئەوەی کە بگەم بە ڕەگ و ڕیشەیەک، بەڵکو کرانەوەکان هەرهەمووی بە دەستی خوای گەورەیە.

ئەمزانی کە من ئاوەها لە نووسینی نووسەرەکان سینگم تەنگ دەبێت، هۆی ئەوەیە کە ئەوان وەک چاڵئاوکەنێک بوون کە پشتەیان لێ دەدا کە بە دەستی خۆیان بگەن بە ڕەگی ئاو، هەر ئەمە منی هەراسان دەکرد کە مرۆڤ دەیەوێت بە دەستی خۆی بگات بە ڕەگی ئاو و ڕستەکان. خوای مەزن دەستی تەوانای هەیە کە بارانی ڕەحمەت ببارێنێت بەسەر زەویەکان، بەبێ ئەوەی کە پێویستی بە ئاوی چاڵئاو هەبێت. مرۆڤیش زۆر جار دەیەوێت ئەوە بە نەوەکان بگەیەنێت کە " مرۆڤ خۆی خاوەن قسەی تایبەتی خۆیە".

زۆرێک لە خەڵکی ئاوایی کە خوێندەواری هیچیان نیە، دەڵێن کە ئاوی " بارانی ڕەحمەت" ئیتر بۆ هەندێک لە کشتەکان بەکار نایەت، یان دەبێتە هۆی ئەوە کە کشتەکان لە خەڵک تێک بدات. بۆیە دەڵێن ئێمە پێویستمان بە ئاوێکە کە بە خواستی خۆمان لە ئەنباری بکەین بۆ ئەوەی کە بە خواستی خۆمان بە دانەکانی خۆمانی بدەین.

ئەوانیش ڕاست دەکەن، هەندێک لە کشتەکان دەبێت کە بە ئاوی ئەنبار بدرێت، نەک بە ئاوی باران، نەک بە بارانی ڕەحمەت!.

هەراسەکەی خۆم بەو قسە مرکانەوە کە ئەگەر من سینگم لە چوون بۆ تەنگانە تەنگ و هەراسناک دەبێت، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە من بەرەو کرانەوە دەچم. من کە لەسەر چاڵی ئاوەکان ترسم لە تاریکی و تەنگی کونی چاڵەکان هەبوو، ئاماژە بەوە بوو کە لە هەر خواستێکی ژیان هەوڵی ئەوە دەدەم کە بەرەو کرانەوە بڕۆم. ئەم گرتووخانە کە من تێدا ئەسیرم و دەرگا و پەنجەرەکانی هەردەم بەستراوەیە، نەبووە هۆی ئەوەی کە من سینگ و هەناوم ببەسترێت و هەناسەم لێ قورس بێت، بەڵکو لە درێژی ئەو چەند مانگە شەو و ڕۆژ بە نووسینەکان هەوڵی

ئەوەمدا کە بۆ ناسین و ڕاستی بکریمەوە و سەدان لاپەڕە لە نووسینەکانم لەم چەند مانگە بنووسم، هەر نەمزانی کە لە گرتووخانەیەک بەند کراوم!.

لە دەورانی حوجرەدا باسی بەهای نوێژی شەویان دەکرد و بۆ فەقێکان بەرزیان دەنرخاند. لە قورئان ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر " مقام محمود" تان لە ڕۆژ دەوێت، شەوان لە تاریکی و قووڵایی شەودا یادی خوا بکەنەوە. هەر بۆ ئەمەش منیش چەند شەوێک لە تەنیایی دەستنوێژم دەگرت و ڕووم لە خوای مەزن دەکرد، بۆ ئەوەی کە خۆم پاک بکەمەوە و شایستەی " مقام محمود" لە ڕۆژدا بم.

چۆن دەتوانرێت لە ڕێگەی چاڵی ئاوەکان بگەیت بە لووتکەی کێوەکانی زاگرۆس!؟ شەونوێژ لە حوجرەدا هەروەک نوێژ لە بیابانێک بوو کە هیچ تام و ئارامیەکم پێوە نەبوو و نەدەگرت، وەک ئەو چاڵئاوکەنە بووم کە لەپشتەدا خەریک بە کەندنم و هەراسی ئەوەم هەیە کە خاک لە دواوە بەسەر پشتمدا ڕێزش بکات و لەو تاریکی و تەنیاییە بخنکێم!.

من لە کاتی ئەوەی کە هەناسە و هەناوم تەنگ بێت و تەنگانە بمگرێت، هەوڵ دەدەم کە بە تەواوی ئەو ژینگە تێک بدەم. یەکێک لە شایستەترین کارەکانم ئەوە بوو کە حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری بە جێ بهێڵم و واز لەو تەنگانە بهێنم. ئەوان بە دەم و هۆش و زانستی خۆیان بەری چوون و گەشەیان لە من گرتبوو. یەکێک لە گەورەترین بەربەستەکان کە نەیدەهێشت من بچم و بڕۆم و بکەنم، ئەو بەردە سەختانە بوون کە لە سینگ و هەناو و دەمی مامۆستا و مەلاکان بە من دەگەیشت. چاڵئاوکەن کە بگات بە بەردێک کە زۆر گەورە بێت، یەکسەر دەکشێتەوە، لەبەر ئەوەی کە دەرهێنانی ئەو بەردە خاک و قوڕ بەسەریدا دەڕمێنێت. منیش لە دەم و قسەکانی ناو سینگی مەلاکان و مامۆستاکان دەگەیشتم بە دەستەیەک بەرد کە نەیاندەهێشت وە نەدەبوو کە لەوە زیاتر بەردەوامی ئەو چوون و ڕۆیشتنە بدەم. هەربۆیە ڕێگەی خۆمم گۆڕی بۆ ئەوەی کە ڕەگی ئاوێکی تر بە بێ کێشە بدۆزمەوە.

لە دەورانی زانکۆی سەلاحەدین دیسان هەر ئەو بەزم و وێنە بوو، دەستەیەک مامۆستا کە دەم و دەست و سینگ و بوونیان هەر بەردی گەورە و ڕەق و قوڕ بوو. ئەو بەردەش کە لە خاکی تەڕدا بێت، بە دەستێک بەدەرنایەت. ئەو هەموو بەرد و وشە و نەزانیە کە لە دەم و سینگی مامۆستاکان دەهاتە دەرەوە، ئەوەندەی تر منی بریندار و زامدار دەکرد. هەروەک حوجرە بڕیارمدا کە بۆ ئەوەی بەرەو کرانەوە بچم، دەبێت ڕوو لە ئەدەبی ڕۆژئاوا بکەم، بەشکە لە ڕێگەی وشەکان و ڕستەکانی زاناکانی ئەوانەوە بە کرانەوەی هەمیشەیی بگەم، کە هاتم بۆ ئەوروپا و پێش ئەوەی کە کوێخا ببینم، سەگەکانی بەردەرگی کوێخا ئەوەندە لە من وەڕین و دەم و گازیان لە گیانم گرت، دەم و دەستم لە ڕۆژئاواش شۆرد.

حافز و سەعدی شیرازی، من و ئیبراهیمیان بە ژیانی خۆیان شێواو و شپرزە و ئاوارەی شارەکانی ئێران کرد. شعیری کلاسیک بە غەزەل و قەسیدە و ڕوباعیات دەڵێن کە قافیە و نەزمێکی تایبەتی

هەیە، لە کاتێک کە خاوەن ئەو نەزم و قافیانە ئێمەیان خستە سەفەرێک بەس نەزم و قافیەی نەبوو.

هەراسی من لە تەنگانەی چاڵی ئاو نیشانەی ئەوەبوو کە من کرانەوەیەکم دەوێت کە ڕەها و ئازاد بێت. ئیتر لە هەر شوێنێک بێت، حەتا ئەگەریش لە گرتووخانەیەکی ئینگلیسدا بۆ ئەو ڕەهایی و کرانەوە بچم!.

لەوە نیگەران بووم کە ئایا: چوونی من بۆ کرانەوە، لە هەراسی من لە تەنگانەیە!؟

پرسیاری تر ئەوەیە کە ئایا: دووانەکان لە ژیان یەک دەگرن بۆ ئەوەی کە یەکدی تەواو بکەن!؟

## ئاسۆ

سەردەمی منداڵی یەکێک لە خۆشترین و دڵبەرترین سەرگەرمی و پیاسەکان کە بمکردایەت، گەڕان لە سەر کەژەکان بوو. ئێواران بە تەنیا یان لەگەڵ چەند دۆستێک دەچووین بۆ سەر کەژەکانی دالاهۆ و شای تۆتیا و چەرمگسوار، بۆ ئەوەی کە بە بینینی ئاسۆی ئێواران، دید و هەناسەی خۆمان فراوان و قووڵ بکەین.

نەک تەنیا لە دەشتی زەهاو بەڵکو هەر شار و وڵاتێک کە چووم، بەردەوام هەوڵمداوە کە هات و چۆی ئەو شوێنانە بکەم کە کراوە و فراوان بووە. لە بیرمە کە لە شاری ڕوانسەر بەیانان یان ئێواران دەچووین بۆ دەرودەشتەکانی نزیک بە شار یان دەچووین بۆ کەژەکانی شاهۆ.

ئەم ویست و خۆشیەی من بۆ ئاسۆ و کرانەوە و فراوانی، منی دروست کرد. ئیتر کە لە شوێنێکی تەنگ و تاریک و بەستراو و لێڵ گیرم بکردبایەت، هەناسە و هەرەسەم تەنگ دەبوو. ئەم شێوە گەورە بوونە وای کرد کە ترسم هەبێت لە شوێنانی تەنگانە و لێڵ و تاریک. هەربۆیە نەمتوانی کە فێری مەلێ ببم، چوونکە گوشاری زۆری دەخستە سەر سینگم.

یەکێک لە گرنگترین بەشەکانی فراوان بوونی دەروونی منداڵ ئەوەیە کە لە منداڵی لە چ ژینگەیەک وە بە چ ئاسۆیەک گەورە بووە؟. دەستەیەک لە شێوەکان بۆ گەورە بوون لە نێو خەڵک بەهای هەیە، بۆ نموونە دەڵێن کە کێ ناوی ئەو منداڵەی ناوە؟ یان کێ ناوکی بڕیوە؟ یان کێ ئغەی بۆ کردووە؟ هەروەها و لەگەڵ ئەمانەدا، ئەو منداڵە لە چ ئاسۆیەک گەورە بووە؟.

ئاسۆ مەبەست چیە!؟

ئاسۆ لە زمانی کوردی مەبەست ئەو کەوانەیە کە خۆر تێدا ئێواران دنیشێتەوە. کەوایە مەبەست کەشێکی فراوانە کە مرۆڤ بە هاوکاری ئەو کەشە دەتوانێت هەناسە و دیدی بچێنێت و بچوێنێت. بە دوو شێوە ئاسۆ یان ئەو کەشە ویستراوەی دەروونی من وێنەی گرتووە. یەکەم دەرودەشتەکانی دەشتی زەهاو و کرانەوەکانی کوردستان بووە. ئەمە وای کرد کە من بەردەوام بۆ کرانەوە بچم و لە تەنگانە دووری بکەم. شێوەی دووهەم قورئان وێنەی دروست کردووە. کەوایە مەبەستم ئەو

کتێبانەیە کە منداڵ پێیەوە گەورە دەبێت. ئەو سروشت و کتێبانەی کە منداڵ تێدا و پێیەوە گەورە دەبێت، کەش و ئاسۆی دەروونی ئەو منداڵە دروست دەکات.

## کلاسترۆفۆبیا

لە وڵاتی ئینگلیس لەبەر ئەوەی کە هەردەم و بەردەوام وە بۆ ماوەی شەش ساڵ لە دەربەدەری و نیگەرانی و بارووداۆخێکی خراپ بووم، منی نەخۆش کرد. مەبەستم نەخۆشی دەروونی و لەش پێکەوە.

کەش و هەوای وڵاتی ئینگلیس زۆربەی کات بۆ پەنابەرێکی بێپەنا بەستراو و لە تەم و لێڵیە. ئینگلیس کەژ و کێوی نیە، ئاسۆی نیە. کۆڵان و شار و ژوورەکانی زۆر چکۆلە و داخراو و بەستراوە. هەرئەمە هەناسە و هەرەسەی منی تەنگ دەکرد. پاش ئەوەی کە تووشی سەکتەی مێشک بووم، وردە وردە خەمۆکی توند و لاوازی و هەراس لە تەنگانە منی دەگرتەوە. ئەمە بووە نیگەرانیەکی گەورە بۆ من. لە ئاوەها بارووداۆخێک تەنیا دکتۆرەکان بوون کە هەستیان بە تەنگانەهەراسی من کرد. ڕۆژێک چووم بۆ لای دکتۆر، بە منی وت کە تۆ " کلۆسترۆفۆبیکی" مەبەستی ئەوە بوو کە کەسێکی تەنگانەهەراسی!.

ئەم دیاری کردنی نەخۆشیە بەس دەستنیشان کردنی نەخۆشیەکە بوو، ئەگەرنە دکتۆرەکان هیچیان بۆ من نەکرد و هەروەها وەک خۆی هێشتیانەوە. بەڵام ئەمە بۆ من گرنگی هەبوو کە هەست و دەست و دەمم گەیشتووە بە یەکێک لە حاڵەتە دەروونیەکانی خۆم. ئەمە هاوکاری دەکرد کە خۆم و کورد و ئاسۆ و خاک و وڵاتان باشتر بناسم.

دید و چاو لە کەسێکی کلۆسترۆفۆبیکدا ئەو کاتە دێتە هەراس کە ئەو وێنە یان لاپەڕە یان ئەوەی لە پێشیەتی نائارامی دەکات و دەیخانە تەنگانەوە، لەبەر ئەوەی کە هیچ کرانەوە و ڕووگەیەکی تێدا نیە بۆ ئەوەی کە تێدا بچێت. زۆربەی مرۆڤەکان کە دەبینم، زۆربەی کات ڕوومەتیان وەک تەختە بەردێک دەبینم و هیچی تر نیە!. هەر ئەمە من تووشی تەنگانە دەکات. هەروەها کە سەیری کتێبێک دەکەم، وەک ئەوەوایە کە سەر بکەمە نێو چاڵێک کە نیومەتر کەنرا بێت و هیچی تر، تاریک و ڕەش و چامدار، تووشی تەنگانە و هەراسم دەکات.

یەکێک لە باشیەکانی کەون و خیلقەت ئەوەیە کە سەر و بنی دیار نیە و کەس نازانێت کە چەندە فراوانە. ئەمە جێگەی دڵخۆشی و دڵکرانەوەیە. خوای گەورە لەبەر کەسانی وەک من ئەم کەونەی ئاوەها فراوان دروست کردووە. بۆ ئەوەی کە هەست و هەناو و هەرەسەمان تەنگ نەبێت. هەروەها هیچ شتێک بنی دیاری نەکراوە، هیچ سنوورێک بۆ ناسین و دەربڕین و ئاسۆ و کرانەوە بوونی نیە.

سەدەف چوونکە ئومێد لە تەنگانە و لێڵی و بەستراوەیی و زوڵم و بخۆبخۆی دەریا نابینێت، خۆی دەبەستێت و دەچێتە ناوەوە و خەریک بە دروست کردنی مرواری دەبێت. لێرە ئەوەمان بۆ

دەردەکەوێت کە لە نائومێدی دەرەوە، دەتوانین کە بچینە ناوەوە و ڕێگەیەک بۆ کرانەوە لە ناوەوە بدۆزینەوە. هەر ئەو کارەم کرد کە سەدەف کردی، بە هاوکاری نووسین و سینگ و هەناوی خۆم، ویستم بە ناوی خوای مەزن ڕێگەی کرانەوە لە دەروونی خۆم بدۆزمەوە. ئیتر دیواری سارد و سپی زیندان بەرچاو و دەروونی من تووشی تەنگانە ناکات، چوونکە لە دەروونەوە خەریک بە کردنەوەم. ئەمەش خواستی خوای گەورە بوو کە کەڵک لە نووسین وەربگرم بۆ کردنەوە و کرانەوەی دەروونی خۆم.

مرۆڤێکی سەختگیر و هەستیار و ورد و بەرزیخواز و جواندۆست و ئاسۆویستم، بۆیە ئیتر کەسێکی وەک من زۆر بە دنکە و دەگمەن دەتوانێت سقە و سەقام بە دەورووبەری خۆی بگرێت. بۆ نموونە بۆ چارەسەری پرس و کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ دڵ و ڕوومەتم بە حیزبی کۆمەڵە و دیموکرات خۆش نیە. لەبەری ئەوە کە هەناسە و سینگم تووشی تەنگانە دەکەن، چوونکە هیچ ئاسۆیەک لێیان دەرناکەوێت. هەر ئەم سەختیگری و بەرزی ویستیە، من دەکاتە کەسێک کە وەک دادەوەر لەسە ڕوومەت و هەست و هەناسەی کەسانی تر دادەوەری بکەم. ئیتر هیچ کتێب و نووسەر و بیرمەند و هونەرێک نیە کە من ئارام بکات. چوونکە لە ئاسۆ و کەشێک دەخولێنەوە کە بۆ من دووبارە و بێمانایە. کەسانێک خۆیان وەک خاوەنی ئاسۆ و زەردەی ئێواران دەبینن و خۆیان ئاوەها پیشان دەدەن، بەڵام ئەوانە لە لای من زەردەی هێکلەیەکن. ئەو زەردە لە بەستراوەییەکی دیار و ڕوونە!.

کێشە و پرسی تەنگانەهەراسی من کێشەیەکی دەروونیە. ئەم کێشە و نەخۆشیە منی تووشی خەمۆکی و مانەوە لە خۆمدا کرد. دەورووبەریەکانی من هەر لە بنەماڵە و ئیبراهیمی کوڕی خاڵم کە هاوڕێی کۆنی منە بگرە تا بگاتە دۆستانی تر و نووسەران و ناوەکانی کورد، هیچ کامەیان ئەو ئاسۆ و کرانەوەیانە تێدا نابینم کە لەگەڵیان دانیشم و هەست بە خۆشی لە دەرودەشتێکی فراوان بکەم، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموویان لە خۆیاندا ماونەتەوە و ئەوەندە نائومێدم لێیان، بینین و نەبینینیان بۆ من سوود و خۆشیەکی تێدا نیە. زۆربەی نەوەکان و ناوەکانی کورد، لەوانە کە ئەیانناسم و ئەوانەی کە نایانناسم، ئەوەندە خەمۆک و نائومێد بوون لە مانا و بەها و ئاسۆ لە کەون و هەستی، کەسانی ئانارشی و پووچەگەرایان لێ کەوتووەتەوە. ئیتر هەر حەز بە تێکدان و تێکچوون و شڵەژاوی و بێمانا کردن و ڕەخنە گرتن و بێڕێزی و شکاندنی پیرۆزی دەکەن.

ئاسۆ و کرانەوەی چۆنم دەوێت!؟ یان چی من ئارام دەکات!؟

ڕۆژێک لە پارکێک ڕێم دەکرد، هەوا خۆش بوو و ئاسمان شین و دەنگی پەلەوەرەکان منی گەرمی خەیاڵ کردبوو. دەستەیەک پەلەوەرم لە ئاسمان بینی کە پێکەوە بە شێوەی ژمارەی هەفت باڵ لێدەدەن. زۆرێک لە ئێمە پەلەوەرەکانمان بینیوە کە بە شێوەی هەفت بە کۆ پەرواز دەکەن. لەخۆم پرسیارم کرد کە بۆچی ئاوەها دەڕۆن!؟ چ مانا و بەهایەکی هەیە!؟ ئایا کەس وەڵامێکی هەیە بۆ ئەم پرسیارە!؟ وەڵامەکەی یەکسەر هات!. ئەو پەلەوەرانە لە ئاسمان بۆ مرۆڤ دەنووسن کە هەفت ئاسمان هەیە!. بە خۆمم وت کە چ وەڵامێکی جوان بوو!. یەکسەر وتم: من کرانەوەی

ئاوەهام دەوێت، بەشێوەیەک کە ئەوەندە جوان و سەیر و مەزن بێت، ببێتە هۆی ئەوە کە چۆکی من بدات لە زەوی!. وتم: بە دڵنیایی کە پەلەوەرەکان بە شێوەی ژمارەی هەفت دەڕۆن بۆ ئەوەی کە بە مرۆڤ بگەیەنن کە ئاسمان هەفت دانەیە و ئەمەی کە ئێمە تێداین ئاسمانی دونیا یان(أدنی) یە. بە خۆمم وت: ئایا کەس باوەڕ بەم وێنەی پەلەوەرانە و ژمارەی هەفتە دەکات!؟ وتم: ئەوەندە وێنەکەی جوانە، بێمنەتم لەوەی کەس باوەڕ بکات!. ئەو وێنە تەنیا بۆ من کراوەتەوە. ئەمە بۆ من شانازیە!. ئەمە بۆ منی دەرخست کە کێشەی تەنگانەهەراسی من پەیوەند بەوەیە کە من کردنەوە و کرانەوەی فرە و فراوانی ئەم هەستیەم دەوێت.

ئەمە یەکێک لەو شێوانەیە کە من بۆ کرانەوەم دەوێت. بە دڵنیایی کە ژیانی سەرزەوی زۆر وێنە و مانای بەهاداری تێدایە کە بۆ مرۆڤ زۆر نامۆ و شاراوەیە. مرۆڤە بیرمەندەکان لەبەر ئەوەی کە زوو تووڕەیی لە بێمانایی دەیانگرێت، دەست و دەمیان بە ڕەخنە و بێمانا کردن خەریک دەبێت. زۆرێک لە نووسەران بۆ نموونە کەسانی وەک سادقی هیدایەت و فردریک نیچە زوو تووشی تووڕەیی بوون و دەست و دەمیان هەموو ڕەخنە و شکاندنی پیرۆزی کەون و هەستی بوو، هەر ئەمە وای کرد کە وێنەکان و نهێنی و شاراوەکانی هەستی، خۆیان لە کردنەوە بۆ ئەو جۆرە کەسانە دوور بکەن و نەکرێنەوە. ئەمە بۆ من بووە وانە و پەند کە ئەگەر مرۆڤ دەیەوێت ئاسۆ و دەرگە و کەل و کەلۆرێکی بۆ بکرێتەوە، نابێت زوو لە داڕێژەری هەستی تووڕە بێت و دەست و دەم بۆ بێمانا کردنی بکاتەوە، وەک مار کە مەڕی بۆ ناخورێت، پێیەوە دەدات!.

پاش ئەوەی کە زانیم هەستی و وێنەکانی هەستی هەمووی مانا و بەهای هەیە و بۆ کەسانی بە ئەدەب و بە سەبر دەکرێتەوە، ئیتر بە خۆمم وت کە دەبێت پرسیار و داوای خۆم فرە بکەم و لەوە ئاگادار بم کە نابێت بە ناحەق پرسیار لە هەموو شت بکەم. لەبەر ئەوەی کە لە بەرەتاوە زۆر پەلەم ئەکرد بۆ وەڵامی پرسیارەکانم، بەڵام پاش چەند ساڵ ئەوەم بۆ بەدەرکەوت کە هەر پرسیارێک وەڵامی ڕاستەوخۆی نیە، بەڵکو مرۆڤ دەبێت ئەدەبی ئەوە بە دەست بهێنێت کە پرسیاری خۆی بناسێت و بە جوانی خزمەتی بکات و ئاگاداری بێت. هەندێک پرسیار هەیە لە ژیان زۆر خێر و بەرەکەتی هەیە و کۆن دەبێت و لە پاش ساڵەها وەڵام دەکاتەوە.

ئەوەم بۆ کرایەوە کە ئەدەبی کرانەوە هەمووی پەیوەند بە ژمارەکان و پیتەکانە. بۆیە خوای گەورە ئامۆژگاری بەوە دەکات کە کاتێک قورئان ئەخوێنن بە جوانی بیخوێنن. لە ئەدەبی ئیسلامی وانەیەک هەیە بە ناوی (تجوید) کە فێری مرۆڤ دەکات چۆن وشەکان و پیتەکان بە جوانی و ڕێک و پێکی بخوێنرێن. بۆیە ئەو کەسانەی کە کاریان ڕەخنە و شکاندنەوە و لار و خوار کردنی وشەکان و وێنەکانە، هیچ جیگەی سقە و سەقام نین و دەبێت خۆمیان لێ دوور بگرم.

خاڵێکی تر کە لە کرانەوەی ئاسۆکان بۆ من کرایەوە ئەوە بوو کە ئەو کەسانەی سەبر دەگرن و پێداگری دەکەن و بە جوانی هەست و هەناسەی ئارام و نەرم و قووڵ هەڵدەکێشن، ئەوانە زۆر لە کرانەوە و ئاسۆی نوێ نزیکن. بۆیە ئەو کەسانەی کە وەک گوڵی گوڵەبەڕۆژە سەر و ملیان بۆ

ئەملاوئەولا با دەدەن و نائارام و سەرگەردان دەسووڕێن، ئەوانە پەشیمان و سەرشۆڕ و مل خوار دەبن.

# ئەستێرەکان و نیشانەکان

" نیشانەکان وەک ئەستێرەکانە، ڕووناک و بێدەنگ، بەڵام چکۆلە و زۆرن."

هەر دیمەن و وێنەیەک تەوانی ئەوەی هەیە کە دەست و دەوری هەبێت لە نەخشە و پێکهاتەی ئەدەبی ڕوومەتی مرۆڤ. مرۆڤ پێی وایە ئەو دیمەن و وشە و وێنانەی کە لە ژیانی ڕوو دەدات، بەس گوزەرێکی کاتیە و بەهایەکی نیە، بەڵام هەر ئەو دیمەن و وێنانە تەوانی ئەوەیان هەیە کە وەک نیشانە و هەواڵ بن لە ژیانی مرۆڤدا. کەسانێک تەوانی ئەەیان هەیە کە ئەو نیشانە و هەواڵانە کۆ بکەنەوە و بیکەنەوە.

زۆرێک لە مرۆڤەکان خەوەکان و لێکدانی خەوەکان کە لە شەودا بینیویانە وەک هەواڵ و پێشبینی دەیناسنەوە. زۆرێک لە مرۆڤەکان لە ڕێگەی خەوەکانەوە دەیانەوێت کە داهاتوو بزانن. لە ڕاستیدا خەون دیمەنێکی دونیاییە. لەوە گەورەتر ئەو دیمەن و وێنانە کە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا ڕوو دەدەن، تەوانی ئەوەیان هەیە کە بە ئامادەیی فراوان و لە ڕووناکیدا یارمەتی مرۆڤ بدەن بۆ ئەوەی کە بزانێت ڕێگەی بەرەو کوێوەیە؟ هەر هەمووی دیمەنەکان و وێنەکان کە لە ژیانی مرۆڤدا ڕوو دەدات، لە نێو یەکدیدا بەرەو یەکدی دەچن وە لە یەکدی جێ دەدۆزنەوە.

گەر مرۆڤ سەیری ئاسمان بکات، دەبینێت کە ئەستێرەکان لە شوێنی خۆیان درەوشاوە، دانراون. ئەو ئەستێرانە دانراون و بۆیان نیە کە جووڵە بکەن. وێنەی ئەوە بهێنە بەر چاوان کە ئەو ئەستێرانە لە نێو یەکدی بە خێرایی هات و چۆ بکەن. هەروەها وێنەکان و دیمەنەکانی ژیانی مرۆڤ وەک ئەستێرەکانی ئاسمان دانراون و وەک نیشانە و هەواڵ تەوانی ئەوەیان هەیە کە زەمینەی کرانەوە و چوون بۆ مرۆڤ خۆش بکەن.

هەر مرۆڤێک بۆ ئەوەی کە ڕێ و شوێنی چوونی بزانێت، پێویست دەکات کە لە چەند دیمەن و ئەستێرەی دانراوی ژیانی ئاگادار بێتەوە. ئیتر گرنگ نیە کە هەمووی دیمەنەکانی ژیانی لێک بداتەوە. بۆ ئەوەی کە مرۆڤ لەو دیمەن و ئەستێرانە ئاگادار بێت، دەبێت خوای گەورە بەخشندەیی بە مرۆڤ بکات. گەر سەر و سرنج لە دەرودەشتی قسەکانی من بدەن کە لەم نووسینە درکاندوومە و دڕکاندوومە، چەند دیمەن و وێنە لە بەرەتاوە وەک نیشانەکان بوون. من ئاماژە بە چەند دانە لەو نیشانانە لە ژیانم دەکەم بۆ ئەوەی کە خوێنەر بە وردی و وریایی ژیانی خۆی لێک و پێک بداتەوە، بۆ ئەوەی کە نیشانەکان بدۆزێتەوە.

## ئەستێرەی یەکەم

پاش ئەوەی کە من سەر و گوێم ئێسکی سەخت و نەرمی گرت و ڕووم لە مرۆڤ کرد و قسەم لەگەڵ مرۆڤ کردەوە، یەکێک لەو دیمەنانە ئەوە بوو کە دایکم هەرجار ناوەختێک باسێکی بۆ من دەگێڕایەوە. ئەیوت: ڕۆڵە گیان کاتێک کە من تازە پێگەیشتبووم، لەگەڵ پوورە شەمسەت چووبووین بۆ لای کابرایەکی یارسانی کە وەک شێخ بوو. خەڵک بۆ ئەوەی کە چارەسەری دەردی بێ دەرمانی خۆیانی لە لا بدۆزنەوە، سەردانیان دەکرد. منیش بێ دەنگ و بێ قسە چووم و لە گۆشەیەک دانیشتم. پاش ئەوەی کە قسە و باسیان تەواو بوو، کابرای شێخ وتی ئەرێ کچە بێ دەنگەکە بۆ قسە ناکەیت!؟ کابرای شێخ بە بێ ئەوەی کە قسەی ببڕێت وتی: تۆ کوڕێک چاو سەوزت دەبێت و دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆتان و کوڕەکەت خەریکی خوێندن دەبێت!.

شێخ ئاماژەی بە خاڵێکی تر کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە نەقەوماوە دەستم لە وتن و کردنەوەی ڕادەگرم.

دایکم بۆ منی دەگێڕایەوە کە پاش ئەوەی تۆ هاتیتە دونیا، کچەکانی دەرودراوسێ بە خۆشیەوە دەیاندەوت کە ئەوە قسەی یەکەمی شێخ هاتە دی و دەبێت کە موژدەگانی بە ئێمە بدەیت.

پاش ئەوەی کە جارها و بارەها دایکم ئەو قسانەی بۆم دەگێڕایەوە، هەستم کرد کە دایکم دڵی بە قسەی یەکەمی شێخ خۆش بووە کە ئاماژەی بەوە کردووە کە منداڵێکی چاو سەوزت دەبێت. ئیتر دایکم بە هایەکی بە خاڵی کۆتایی قسەکانی شێخ نەدەدا، بەڵام ئەو خاڵە کۆتاییەی جەنابی شێخ بۆ من بەهایەکی زۆری هەیە، هەر ئەوەیە کە بووە هۆی ئەوەی کە ئەو بەسەرهاتە وەک ئەستێرەیەک بناسمەوە کە هەر دەم درەوشاوەیە.

ئاسمانێک کە یەک ئەستێرە و نیشانەی تێکەوت، دڵنیا بن کە نیشانە و ئەستێرەکانی تریش تێدا دەردەکەون.

## ئەستێرەی دووهەم

پاش ئەوەی کە گەڕاینەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەریکی خوێندن بووم، لە ساڵی هەزار و سێسەد و هەفتا و هەشتی هەتاوی لە ڕۆژی پانزدەی مانگی یەکەمی بەهاردا، من و ئیبراهیم بە دەرچوونێک، دووهەم ئەستێرە وەک ئەستێرەی خاوەن هەواڵ لە ژیانم دامەزرا.

لە پانزدەی مانگی یەکەمی بەهاری ساڵی هەزار و سێسەد و هەفتا و هەشتی هەتاوی من و ئیبراهیم بۆ ئەوەی کە دونیا بناسین لە ماڵەوە، لە شاری سەرپێڵی زەهاو بەرەو شوێنە نەناسراوەکانەوە بە ڕێ کەوتین. ئەو هەڵاتنە وەک هەڵهاتنێک بوو کە لە ساڵانی پاش ئەوە وەک ئەستێرەیەکی دانراوی بەهێزی درەوشاوە ناسیومەتەوە.

لە پاش ئەوەی کە من و ئیبراهیم گەڕاینەوە بۆ کرماشان و بە شێوەی ئاسایی کەوتینە نێو خەڵک، ئەو باس و تەویرە ئەوەندە بەهای هەبوو، وایکرد کە من و ئیبراهیم ببەن بۆ ئیدارەی پۆلیس و بە چەند پرسیار هۆی ئەوەیان بۆ باس بکەین کە بۆ هاڵاتووین و شارمان بە بێ پرس بە

جێ هێشتووە!؟ بەڵام پاش ئەوە وردە وردە کوشتن و زیندوو بە چاڵ کردنی ئەو باسە سەرەتا لە ئیبراهیمەوە دەستی پێ کرد. لە بیرمە کە من و ئیبراهیم لە شاری بەندەرعەباس پێکەوە لەسەر جادەیەک بەرەو دوکانێک دەچووین بۆ ئەوەی کە تەلەفۆن بۆ ماڵەوە بکەین. ئیبراهیم بە ڕوومەتێکی کوژراوە و سارد وتی: ئەم بەسەرهاتە بۆ کەس باس مەکە!.

سەیرم لێ هات، وتم: بۆ باسی نەکەین!؟

بە نەرمە تووڕەییەک کە دەستیشی لەگەڵ ڕوومەتی تووڕەیی خۆی دەردەبڕی وتی: هەر ئەوەندە کە باسی هیچی ئەم سەفەرە بۆ کەس مەکە، تەواو!.

پاش ئەوەی کە من و ئیبراهیم بە خۆشیەوە گەڕاینەوە بۆ شاری سەرپێڵی زەهاو، لە بەرەتاوە خۆم دەپاراست لەوەی کە باسی ئەم سەفەرە بۆ کەس بکەم. بەڵام لە پاش ماوەیەک هەستم بەوە کرد کە هیچ مانایەکی نیە کە ئاوەها شانازیەک لە شاراوەیی بمێنێتەوە. ئیتر داواکاریەکەی ئیبراهیم بۆ من هیچ بەهایەکی نەبوو. لەگەڵ خەڵک باس و بەسەرهاتی خۆم و ئیبراهیمم دەگێڕایەوە. لە ڕاستیدا من وەک وتەبێژی ئەو هەڵاتنە گەورەیە دەمم کردەوە. ئیتر پاشان لە هەر دەورەیەکی ژیانم بە جۆرێک باسی ئەو هەڵاتنە گەورەیەم دەکرد و نەمەهێشت وردە ڕووداوەکانی فەرامۆش بکرێت. لە ڕاستیدا ئەوەندەی کە بۆ من بەهای هەبوو، ئەوەندە بۆ ئیبراهیم بەهای نەبوو. هەر من خۆم وەک خاوەنداری ئەو هەڵاتنە ناسیەوە، هەستم کرد کە ئەو هەڵاتنە لە ژیانی ئیبراهیم وەک ئەستێرەیەکی لێ نەهاتووە. هێلکەش بە هێلکەیی خۆی نابێت زۆری ڕابگریت، دەبێت یان بیزێنی یان بیشکێنیت!.

لە ڕاستیدا ئیبراهیم هەوڵی ئەوەی نەدا کە دەست و دەم بۆ گرتنەوەی ئەو چیرۆک و بەسەرهاتە بکاتەوە. بە پێچەوانەوە من هەر لە لەگەڵ ئەوەی کە گەیشتینە ماڵەوە، پاش ئاسایشێک دەستم کرد بە نووسینی ئەو بەسەرهاتە، وە بە خۆشی و ڕێزەوە هەردەم باسی ئەو بەسەرهاتەم لە خۆمدا گێڕاوەتەوە. بە ناوی خوای مەزن ئەوەم بۆ بەدەرکەوت کە ئەگەر وێنەکان و چیرۆکەکان بە بەردەوامی وەک شانازیەک یاد بکرێتەوە، بە ناوی خوای مەزن بەخشندەیی بە مرۆڤ دەکات و کرانەوەی هەیە. هەندێک لە چیرۆکەکان وەک هەنگوینە، دەوای هەر دەردێکە. هەروەها ئەو چیرۆکە وەک هەنگوین لە هەر دەورەیەک کە من تووشی دەرد و گرفتێک دەبووم، ئەو چیرۆکەم لەگەڵ ئیبراهیم یاد دەکردەوە و بە ناوی خوای مەزن دەرمانی دەرد و گرفتی منی دەکرد.

چەندە من کەڵکم لە ڕووناکی ئەو ئەستێرە وەرگرت، ئیبراهیم لە دەم و دەستی هەرگیز ئاماژەی بە ئەو چیرۆکە نەکرد، لە کاتێک کە ئەو چیرۆکە وەک چیرۆکێکی پیرۆز دەناسمەوە. بە ناوی خوای مەزن ئەو چیرۆکە وەک یەکێکی تر لە ئەستێرە بە هێزەکانی ژیانم بوو کە هەواڵی داهاتوو و باسی پێگەی منی لە داهاتوو دەکرد.

## ئەستێرەی سێهەم

ساڵی دووهەزار و هەشت کە پێم لەسەر خاکی تەڕی ئینگلیس دانیا، خوێن و ئێسکی من شڵەژاو و نائارام بوو. عارەق و قورسی و دەردێک لەگەڵ مندا دەستی پێ کرد. ئەو دەردە کاری لە خەوی من کرد و شەوانی منی تاڵ کرد و تێکیدا. لە پاش دە مانگ، سەکتەی مێشک پەلاماری سەری منیدا و لە سەرشەقامدا کەوتم. ئیتر ئاگام لە خۆم نەبوو تا ئەوەی کە ڕۆژی دوای ئەوە سەر و چاوم بە ناوی خوای مەزن کرایەوە. حەتا ساڵێک نەمدەزانی کە سەکتەی مێشک چیە!؟. بۆ دکتۆرەکان سەیر بوو، بەزەییان بە مندا دەهاتەوە. لە کاتێک کە بۆ من گرنگ نەبوو کە بۆ دکتۆرەکان ئاوەها بەزەییان بە مندا دێتەوە!.

پاش ئەوەی کە ساڵێک بەسەر سەکتەی مێشک چوو، وردە وردە هەستم کرد کە بەسەر سەری من ڕووداوێکی گەورە ڕوویداوە، لە کاتێک کە خۆم ئاگام لێ نیە.

یەکێک لەو شتانەی وای کرد کە من هەست بەوە بکەم، پرسی خوێندن و کتێب بوو. پێش ئەوەی کە تووشی سەکتەی مێشک ببم، من بە شێوەیەکی چڕ و پڕ و دڕ و لە گڕدا خەریکی فێر بوونی وشەکان و ڕستەکانی ئینگلیزی بووم. هەروەها خواستی ئەوە لە مندا هەبوو کە لە داهاتوو لە ڕێگەی بنکەکانی ئینگلیزەکانەوە پەرە بە گەڕان بە دوای ڕاستیدا بدەم!.

لە ساڵی دووهەزار و دەوە ئیتر دەستم بە کتێبەوە نەدەدا، نەک تەنیا کتێب بەڵکو ئەوەی کە بەرهەمی مرۆڤی بایەت، وەک ڕۆژنامە و گۆڤار. هەروەها هەستەکانی من ئاماژەیەکی بەرزی دەروونی منیان بە دەردەخست، هەستم بەوە دەکرد کە من لەوە گەورەترم کە دەستم بە بەرهەمەکانی ئەو مرۆڤانەوە بدەم کە ڕێ و ژیانیان لە من تێکداوە. ئیتر بەرهەمەکانی مرۆڤم زۆر سووک و چکۆلە و بێ بەها دەزانی.

ئیتر زانیم کە سەکتەی مێشک لێدانێک بوو کە وەک ئەستێرەیەک لە ژیانی من بە دەرکەوت. هەروەها زانیم کە ئەو سەکتە بەرەتای دەستپێکی ئەدەبێکی بەهادارە کە لە ژیانم دەمی کردووەتەوە.

لە دوای سەکتەی مێشکەوە بۆ من دەرکەوت کە بۆ ئەوەی ڕاستی بۆ مرۆڤ بەدەرکەوێت، تەنیا خوای گەورە تەوانی ئەوەی هەیە کە ئاوەها سەکتەیەک کە مێشک بدات و پاشان بۆی بکرێتەوە. بۆیە ژینگە و زەمینە خۆش کردن بۆ پێدان و کرانەوە هەردەم بە دەستی مرۆڤ نیە. هەروەها مرۆڤ کە کاری گەیشت بەوە کە بە سەکتەی مێشک بۆی بکرێتەوە، ئەوە دەردەخات کە وشەبەخشی هەموو کات بە زوبان نیە، وە بە دەست و دەمێکی دەرەوە نیە کە فەقێ یان قوتابی لەبەر دەستی کەسێک فێر بێت!.

لە بیرمە پاش ئەوەی کە لە خەستەخانە هاتمەوە و دیسان لەسەر مێزی نووسینەکان دانیشتم و سەیری لاپەڕە نووسراوەکانی پێش سەکتەم دەکرد. یەکەم ڕستەیەک کە نووسیم ئەوە بوو: خوا و سروشت، منەتیان بە من نەبوو!.

ئەو ڕستە ئاماژەی بەوە دەکرد کە من بۆ خوای گەورە بەهایەکم نەبووە و هەر لەبەر ئەوە ئاوەها پەلاماری منیان داوە. هەر ئەو ڕستە بووە جێگە و پێگەیەک کە سەر و سرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، وە بە سەیر لێ هاتن پرسیارم لە خۆم کرد کە بۆ من ئاوەها ڕستەیەکم نووسیوە؟ ئایا ئەو ڕستە تەوانی زایینی ڕستەی تری هەیە!؟

پاش سێ ساڵ بەسەر سەکتەدا ئەو ڕستە گۆڕا بۆ: خوا و سروشت خواستیان لەسەر من هەبووە!.

من خۆم بە بوونەوەرێکی داماوە دەزانی کە لە ئینگلیس لە دایک و باوکم نەبێت کەس خەمی من ناخوات، هەر ئەمە بووە هۆی ئەوە کە سەرشکستە و نائومێد ببم لەوەی کە گەورەیەک خاوەنداری زەوی بکات. هەروەها هۆی نووسینی ئەو ڕستە ئەوە بوو کە من هەموو کاتەکان و ساتەکانی ژیانم بە دوای ناوە بەرزەکان چووم و هەوڵی ئەوەمداوە کە لەش و هۆشی خۆم خاوێن بکەمەوە. خواستی ئەوەم هەبوو کە بە ڕستە ڕووناکەکان بگەم. من زۆر بۆ ئەو ناسین و ڕاستیە گریاوم و فرمێسکم ڕشتووە، بۆ دەبێت ئاوەها بە توندی پەلاماری سەرم بدرێت!؟.

بە ناوی خوای مەزن جگە لە خۆم نەبێت کە ئاگاداری هەموو ئەو نیشانە و ئەستێرانە بووم، کەسێک ئاگاهی لێ نەبوو. باوک و دایکی من کە لە نزیکەوە باس و بەسەرهاتەکانی منیان دەزانی، لە داهاتووی ئەو بەسەرهاتانە نەزان بوون. ئەوان پێیان وایە کە هەر هەمووی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە وەک بەسەرهاتەکانی ڕۆژانەیە کە لە دەورەکان ڕوو دەدەن و پاش ماوەیەک بۆ هەمیشە لە بیر دەچن. هەروەها پاش ئەوەی کە بە ناوی خوای مەزن ئەو نیشانانەم بۆ کرایەوە و بۆ دەورووبەریەکانی خۆم باسم کرد، کەس بەهایەکی بەو نیشانە و هەواڵانە نەدەدا. ئەوان تەوانی ئەوەیان نەبوو کە لە نموونەکانی تری دەورووبەریان کەڵک وەربگرن بۆ ئەوەی کە نموونەکانی تر بکەنەوە. بەڵام هەر ئەو خەڵکە گوێز بە گوێزەوە دەنێن بۆ ئەوەی کە بیکەنەوە!.

" پەندەکان و ئامۆژگاریەکان لە لایەن دۆستان و دراوسێکانی مرۆڤەوە، لە مرۆڤ نزیک دەبێتەوە."

مامەکانم لە وەرزی هاوین و پاییزدا کشت و کاڵی خەیار و تەماتەیان دەکرد. خەیار و تەماتە بۆ ئەوەی کە بە باشی بەر بدات، دەبێت کە خاوەن بەردەوام دەست و چاوی لەسەری بێت. لە کارە بەرەتاییەکان ئەوەیە کە خاکی زەوی نەرم و ورد بکەن و ژینگە بۆ خەیار خۆش بکەن. پاشان لە دوای ئەوەی کە کەرتی خەیار بڕا، دەبێت کە ڕیقنەی پەلەوەر لە خاک بخرێت و پاشان خەیار بچێنرێت و پاش ئەوە نایلۆن بەسەر کەرتەکاندا بدرێت. ئەوانە چەند دەورەیە کە هەر خەیارکاڵێک لەو ناوچە ئاگاهی لێی هەیە. هەروەها پاش ئەوەی کە نایلۆن لابرا و خەیار گەورە بوو، ئیتر خاوەندار بەس ئاو و سامی خەیار دەوەشێنێت. ئیتر خەیار دنک بە دنک دەردەکەوێت، خەیاری بەرەتا دانە بە دانە دێتە دەرەوە و بۆ خواردنی تاکەکەسی بە کار دەبرێت.

باوک و دایکی من تەوانی ئەوەیان نەبوو کە بە هاوکاری بەسەرهاتەکانی خەیارکاڵەکان وەک نموونەیەک کە دراوسێیانە، ئەوەیان بۆ بەدەرکەوێت کە هەندێک بەر لە کۆتایی دەبەخشرێت، وە هەندێک لە دانەکان دەبێت کە دەستی خاوەندار بە بەردەوامی بەسەریدا بێت. ئەگەرنە هەر لە سەرەتاوە تۆی هەرەس دەهێنێت. ئەوان هەر لە نیشانەکانی یەکەمەوە ئاگاە نەبوون، ئەوان لە نیشانەکانی دواییش وریا نەبوونەوە. باوک و دایکی من ئاگاهیان لە ڕێبازی دەروونی من نەبوو.

من باسی نیشانەکان و ئەستێرەکانم کرد بۆ ئەوەی کە هەر مرۆڤێک ئاگاە بێت کە لە ڕابردووی نیشانەکان هەیە. دوو جۆر نیشانە هەیە کە لە ژیانی منداڵ دەردەکەوێت، یەکەم قسەکان و هەست و نەستی دایکە سەبارەت بە ئەو منداڵە. من زۆر سرنجم لەوە داوە کە دایکان منداڵی خۆیان بە ڕستەیەک پێناسە دەکەن. بۆیە قسەکانی دایک لەسەردەمی منداڵی سەبارەت بە منداڵەکەی گرنگی زۆری هەیە. دووهەم نیشانە ئەو کردە و ڕووداوانەیە کە ئەو منداڵە لە دەورانی منداڵی دەیخولقێنێت. دەبێت ئەوە بزانین کە خاڵ و نیشانە سەرەکیەکانی منداڵ چ لە ژیانی وە چ لەسەر پێستی، لە دەورانی منداڵی لێی بەدەر دەکەون.

## بژاردن و گێڕانەوەی خەون و نهێنیەکان

### قال یا بنی لا تقصص روءیاک علی اخوتک فیکیدوا لک کیدا ان الشیطان للانسان عدو مبین (یوسف ٥)

یەکێک لە کێشە و گرفتە گەورەکانی من ئەوە بووە کە " دەست و دەمی خۆم" لە دوژمن و نەیارە گەورەکانی من بووە.

چەند جارێک چەند کەس بە منیان وتووە کە " تۆ دەمت دوژمنی خۆتە".

من گەیشتم بەو بنەما کە دەبێت باس و قسەکان و ناوەکان و سەرجەم وشەکان بە دەم و دەست بوترێت و بگێڕدرێتەوە، بەڵام دەم و دەستی خۆم نەدەپاراست لە باس نەکردنی نهێنی و خەون و نەکراوەکان.

ژنەکان لەگەڵ ئەوەی کە زۆر لە گێڕانەوەی باسی خۆ و ئەم و ئەو زۆر چالاکن و دەمیان کراوەیە، لەگەڵ ئەوەدا دەمیان لە پاراستنی نهێنیەکان و خەونەکان دەپارێزن. ژنەکان، خەون لە لای خەوندان یان کەسی شارەزا لە بژاردنی خەونەکان دەکەنەوە. ژنەکان زۆر بەها بە خەونەکان دەدەن.

من لە نێوان دوو ڕێگە گیرم کرد و سەرم لێشێوا:

**ڕێگەی یەکەم،** ژیانی مودڕنیت و کاری کردنەوە و شکاندنی نەکراوەکان و پیرۆزیەکان بوو. من بە خوێندن و تێکەڵ بوون لەگەڵ ژیان و ژیری ڕۆژئاوا بەو ڕێگە چووم کە دەبێت سەرجەم نهێنی و حاڵەتە دەروونیەکان باس بکرێت و لە دەم بێتە دەرەوە. هەروەهاشم کرد و لە سەرجەم باس و نووسین و گێڕانەوەکانم، نهێنی و نەکراوەکان و خەونەکانی خۆمم دەگێڕایەوە و نهێنی و پیرۆزیەکانیشم دەشکاند.

فەرهەنگ و ژیانی مودڕنیت دەیکاتەوە و دەیشکێنێت و وردی دەکات و لە نوێوە دەور و پێگەی پێ دەدات. منیش لە سەرجەم نووسینەکانم، چ خۆنووسینەکان وە چ خوێنەرنووسینەکان، هەرچی هەست و نەست لە دەروونم بووە، دەرمهێناوە و کردوومەتەوە و لە پێش چاو و دەستی خوێنەرم داناوە. پێموابوو کە بەم شێوە لە ڕاستی یان ڕێگەی ڕاست بۆ گەیشتن بە کانی ناسین نزیک دەبمەوە!.

**ڕێگەی دووهەم،** قورئان و ئیسلام کاریان پاراستن و پیرۆز کردنە. ئیسلام بە پێچەوانەی مودڕنیت، مرۆڤ پیرۆز و گەورە پیشان دەدات و ڕێنوێنی دەکات. من بە ڕێنوێنیەکانی ئیسلام خۆم و جل و دەروونم دادەپۆشی و هەوڵی پیرۆز کردنی خۆمم دەدا. گرنگیم بە بەشە ڕۆحانیەکان و دەروونیەکان و ڕێ و شوێنی غەیب دەدا. بۆیە من خۆم و لەش و دەم و دەستم دەپاراست. هەروەها ئەوەم ئەزانی کە ژیانی مودڕنیت نەک تەنیا بڕوای بە غەیب و شاراوەیی و پیرۆزی و پاراستن نیە، بە پێچەوانەوە بە دوای عەیبەی مرۆڤ دەگەڕێت و نەکراوەکانی دەکاتەوە و خواردنەکانی ( فست فوود ) لە بازاڕەکانی فرە دەکات، کە بە پێچەوانەی پارێز و پاراستنە!.

ئەم دوو شێوە لە نووسینەکان و کەسایەتی من هەیە. ئەم دوو شێوە لە بنەچەقەوە لەگەڵ یەکدی شەڕ و کێشەیان هەبووە و هەیە. بۆیە من ناچار بووم کە ژیان و فەرهەنگی مودڕنیت بکەم بە قوربانی سوورەتی فاتیحە . لەوەش دڵنیا بووم کە خوای گەورە و قورئان باشترین ڕێگەیان بۆ کردنەوە و بەستنەوەی مرۆڤ و وشەکان هەیە.

باوکی یوسف بە کوڕەکەی ئەڵێت کە باسی خەوەکەت مەکە لەبەر ئەوەی کە پیلانت بۆ دەگێڕن و نەخشەت بۆ دەکێشن. یوسف خەونەکەی بۆ کەسی تر نەگێڕایەوە.

ئەوانەی کە کار و نەخشەی گەورەیان لە بن دەست هەیە و بۆیان گرنگە، مێز و نەخشەی سەر مێزی خۆیان بە کەس پیشان نادەن. گەر هات و ئەو نەخشە و پلان و پیلانە ڕوو بوو، ئەوە دەبێت کە نەخشە و پیلان و پلانی تر دابنرێت. کاری نەخشەگێڕ سەخت و دژوار ئەبێت.

چیرۆک و باس و بەسەرهاتی ناوەکانی خوا و چیرۆکەکانی قورئان ئەوەندە سەیر و نامۆیە، ئەوەی بە من دەگەیاند کە خوا لە نەخشە و مەکرەکانی زۆر شارەزا و شاراوە و نەکراوە کاری خۆی ئەکات. خوای گەورە باشترین نەخشەگێڕ و پیلاندانەرە.

من بەم نووسینانە سەرجەم ڕێ و شوێنەکانی بیر و ژیر و هەست و نەستی خۆمم بۆ خوێنەر کردووەتەوە. خوێنەر و کەسێک کە ناسینی منی بۆ گرنگ بێت، بە هاوکاری ئەم نووسینانە بە سەرجەم ڕێ و شوێنەکانی دەروونی من ئاگاهی پەیدا دەکات. پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەم کارەی من کارێکی دروست بووە!؟.

من دەست و دەمی خۆم ڕوو کرد!.

لە ڕاستیدا کاری من وەک کەسێکە کە خێزانێکی هەیە و ئەم خێزانە زۆر هەژارە. ئەم کەسە کتێب و نووسینێکی بەهاداری هەیە و پارەی زۆر دەکات. ئەم کەسە لەبەر هەژاری ئەیفرۆشێت. منیش هەروەها سەرجەم ڕێ و شوێنەکانی هەست و هزری خۆمم بۆ گرنگە، بەڵام لەبەر هەژاری و لاوازی کورد و ئەدەبی کوردی، دەیبەخشم و پێشکەشی ئەکەم.

لە دوای ئەم بەخششە هەوڵی ئەوە دەدەم کە بونیاد و نەخشەیەکی نوێ لە هەستەکان و هزرەکان دامەزرێنم. لەگەڵ ئەو دامەزراندنە، هەوڵی پارێز و پاراستنیشی ئەدەم.

# هەورەکان و تەمەکان

ئەستێرەکان و هەورەکان بەشێک لە سروشتن، هەروەها نیشانەکان و تەمەکان بەشێک لە وشەکانن. ئەستێرەکان و نیشانەکان لە ئاسمانی خوا دانراون، وە هەورەکان و تەمەکان لە ئاسمانی مرۆڤدا جێگیر کراوە.

پاش ئەوەی کە نیشانەکان و ئەستێرەکانم چکۆلە و بێدەنگ لە ژیانی خۆم ناسیەوە. بۆم بەدەرکەوت کە هەورەکان و تەم و لێڵیەکان لە نزیک بە زەوی، بەشێکە کە هەردەم ناهێڵێت نیشانەکان و ئەستێرەکانی ژیان و ئاسمان بەدەرکەوێت. ئیتر هەوڵی ئەوەمدا کە چۆنیەتی تەم و لێڵی و تەوەهومەکان لە ڕێگەی ژیانی خۆم بدۆزمەوە و بیناسمەوە. هەر بۆ ئەمەش کەڵکم لە ناوی هەور وەرگرت، کە تەوانی ئەوەی هەیە وێنەی وشەی تەم و تەوەهوم بێت. تەم پلەیەک لە هەور لە خوارترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من وشەی تەمم بەرانبەر بە وشەی تەوەهوم لە وشەی عەرەبی هەڵبژاردووە.

ئەوانەی کە چاو و دیدەی سەلامەتیان هەبێت، هەوریان بینیوە. هەورەکان بە پێچەوانەی ئەستێرەکان، لە ژینگە و دەسڵاتی مرۆڤدا هات و چۆ دەکەن. هەورەکان بەریان پانە و ڕەنگیان جیاوازە و لە شوێنێک ڕاناوەستن. هەور باشترین ناوە بۆ ئەوەی کە لەگەڵ ئەستێرەکان باسی نیشانەکان و تەم و لێڵی و تەوەهومەکان لە هۆش و دەروونی مرۆڤ بکات. بۆ ئەوی کە خوێنەر ئاشنای مەبەستم بێت، من چەند دەورەی تەم و لێڵی لە ژیانم بەدەردەخەم بۆ ئەوەی پێگەی نزیکی هەورەکان و تەم و لێڵی و تەوەهومەکان بناسێت.

" هەورەکان و تەوەهومەکان تەوانی ئەوەی هەیە کە کێوەکان بشارێتەوە و دایپۆشێت، ئیتر زۆر ئاسان دەتوانێت کە ژیان بۆ مرۆڤ تەنگ و تاریک بکات."

دەورانی تەم و تاریکی و لێڵی لە ژیانی من وەک هەورەکان هەر کاتێک کە ڕوویان لێم کردووە، بەرپان و بڵاو و ڕەش و تاریک دەروونی منیان گرتووەتەوە. ئەو دەورانانە وەک ڕەشە هەوری ترسێنەری تاریککەر، بەڵاچە و گرمە و لەرزەتای لە وشەکانی گیانی من بەرداوە.

یەکەم دەورەیەک کە تەم و تاریکی وەک هەور، بەری ئاسمانی بە ئەستێرەی لە من گرت و نەیهێشت کە نیشانەکان ببینم و لە تەنگانە و تاریکی بە ڕێدا بڕۆم، لە دەورەی حوجرەدا دەستی پێ کرد. حوجرە و ناوی سادقی هیدایەت و دەستە مامۆستایەک کە ڕستەیەک لەسەر زوبانیان نەبوو، کارێکی کرد کە من لە تەنگانە و تاریکیدا هەرچی وشە و ڕستە هەیە پێکەوە بەند و بەست بکەمەوە.

لە ڕێگەی دەستنووسەکان تەوانی ئەوەم هەیە کە باسی چۆنیەتی گوزەری وشەکان لە دەروونی خۆم بکەم. لەو دەورانە کە من لە حوجرە بووم، دوو دەستنووسم نووسی کە یەکەمیان کتێبی ئاوارەگان بە زمانی فارسی بوو. ئەو کتێبە چیرۆکێک بوو کە هەست و خوێن لەسەر ڕستەکانی دین کار دەکات، باسی کوڕێکی قارەمان و پاڵەوانە کە لە ڕێگەی ڕستەکانی قورئانەوە دەیەوێت کە بونیادێکی تر لە موسوڵمانەکان دروست بکات. ئەو کوڕە بە ناوی خوا دەست پێ دەکات و لە کۆتاییدا شەهید دەکرێت. ئەو کوڕە لە پێناو ڕستەکانی ئیسلامەوە ئەو شارەی کە مرۆڤەکانی تر دروستیان کردووە، بە جێدەهێڵێت و بەرەو دامەزراوەیەکی تر دەچێت کە لەسەر ڕستەکانی ئیسلام دادەمەزرێت. ناوەڕۆکی ئەو نووسینە لەسەر ڕستەکانی ئیسلامە وە هەر هەمووی کەسایەتیەکان بە ناوە دینیەکانەوە ناسراون.

پاش ماوەیەک کەبەسەر ئەو کتێبە تێپەڕی، دەورەیەکی تر دەستی پێ کرد کە تەواو بە پێچەوانەی یەکەم نووسین بوو. ناوەکان لە نووسینی دووهەم هەمووی کوردیە و لەو نووسینە باسی شەراب و جگەرە و سەرخۆشی دەکرێت. ئەو نووسینە لە دەورەیەک بوو کە من لە حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری خەریکی خوێندنی قورئان و حەدیسی پەیامهێنەری ئیسلام بووم.

دەورەیەکی دوو ساڵە من خەریک بە ناوەکانی نووسەرەکانی فارسی بووم کە هەر هەموویان لە دەستە نووسەرانێکی دژەدین و ڕوو لە ڕۆژئاوا بوون. بە تایبەت ناوی سادقی هیدایەت کە وەک گەورەی هەر هەموویان بوو.

هەر نووسەرێک کە دەیەوێت دەفتەرێک و نووسینێک لە ڕستەکان و وشەکان پێکەوە گرێ بدات یان بیدوورێنێت، دەبێت کاتی بۆ دابین بکات. کاتی تەنیایی لە نووسیندا دەورێکی فراوانی هەیە کە نووسەر بتوانێت نووسینێک ئامادە بکات. لەو کاتە کە نووسەر تەنیایە، دەستە دەستە وشە و ڕستە لە دەوری سەر و گوێ و چاوی هات و چۆ دەکەن. دەتوانێت کە وێنەی وەک خانووی هەنگ بێت کە هەنگەکان لە دەوری دێن و دەڕۆن بۆ ئەوەی کە هەنگوین دروست بکەن، کە یەک ناو

هات و چۆ دەکات، ئەوەش هەنگە. هەروەها بۆی هەیە کە وێنەی سەر و چاوی نووسەر وەک پیسی ئاژەڵێک بێت کە مێشوولەکان و گیانلەبەرە وردەکانی تر دەوری ئەو پیسیە بگرن. ئەو ئاژەڵە ورد و چکۆلانانە وەک هەنگ یەک ناو و پێکهاتە و خواست نیەن، بەڵکو لە دەوری پیسیەک چەند ئاژەڵی وردی جیاواز ڕزقی خۆی دەخوات!.

مەبەستم ئەوەیە کە سەر و گوێی نووسەر و خوێنەر دەتوانێت کە وەک خانووی هەنگ یان پیسی ئاژەڵێک بێت کە هەر جۆرەیەک لە گیانلەبەرەکان و مێشوولەکان دەوریان لێداوە. ئەو دەور لێدانە لە هۆشی مرۆڤ وەک هەوری ڕەش و تاریک بەری ڕووناکی خۆر دەگرێت و دڵ و هەناوی مرۆڤ تەنگ دەکات. هەروەها دەتوانێت کە بە پێچەوانەوە ڕووناکی و ئاوەدانی بۆ دەروون بهێنێت. ئەو دەور لێدانە کات و ساتی زۆر بۆ خۆی تەرخان دەکات. تایبەتمەندی تەم و لێڵیەکان ئەوەیە کە بە تیشکی خۆر بە بێ ئەوەی کە کێشە دروست بکات ناپەیدا دەبێت. هەورەکان بە پێچەوانەی ئەستێرەکانە، زۆر لە مرۆڤ نزیکە وە شوێنی زۆر داگیر دەکات. بەڵام ئەستێرەکان شوێنی زۆر لە بەرچاوی مرۆڤ داگیر ناکات و لە شوێنی خۆی ماندەگارە و جووڵە ناکات.

لە دەورانی حوجرە لە یەک کاتدا من دوو نووسینم هەبوو کە بە تەواو دژ بەیەک لە یەک گیانەوە هاتنە دەرەوە. نووسینێک باسی خوا و شەهادەت دەکات، نووسینەکەی تر باسی شەراب و جگەرە و ژن دەکات. هەرچەند کە ناوەکان دژ بە یەکن، بەڵام پەیوەندی ئاکاریان پێکەوە هەیە. ئەو دوو نووسینە لە دەورەی حوجرەدا لە بن سەری هەورەکان بوو. من هەرگیز هەوڵی ئەوەم نەدا کە نووسینی یەکەمی خۆم کە بەڵاوم کردەوە وەک یەکێک لە ئەستێرەکان و نیشانەکانی داهاتووی خۆم ناوبەرم، لەبەر ئەوەی کە نووسینی دوای ئەوە دەریخست کە من لە دەورەیەکدام کە هەورە ڕەشەکان بەری نیشانەکان و ئەستێرەکانی لێم گرتووە. هەورەکانی دەورانی حوجرە ئەوەندە ڕەش و ترسناک بوو، خۆی نزیک پیشان دەدا و ترسی لە دڵ دەخست.

لە دەورەی پاش حوجرە، لە زانکۆی سەڵاحەدین من لەسەر دەورەیەکدا چووم کە هەورەکان هەوری ڕەش نەبوو، بەڵکو هەوری سپی بوو کە دوور لە من و بێ ئازار لەسەر سەرم گوزەریان دەکرد. لە درێژی چووار ساڵدا من یەک نووسینم نووسی، ئەو نووسینە لە ساڵی چووارەمی زانکۆ بوو، کە ئاماژەی بە دەروونی مرۆڤێکی کوردی دەکرد کە نالەبارە، وە لەگەڵ ئەو نالەباریە خواستی ئەوەی هەیە کە دەسڵاتی بە دەستەوە بێت. بە پێچەوانەی نووسینەکانی پێشتر باسی شەراب و شەهادەتم نەکردووە، بەڵکو باسی ئاکار و هەوڵی یارمەتی تێدا هەیە. لە ڕاستیدا ئەو کاتە و لە کوردستان لە کتێبەکانی فارسەکان دوور کەوتم و لە کەش و هەوایەک دەژیام کە کەمتر باسی کتێب و خوێندنی تێدا هەبوو.

لە پاش دەورەی زانکۆی سەڵاحەدین کە هاتم بۆ وڵاتی ئینگلیس و داوای پەنابەریم کرد، بۆ ماوەی نزیک بە چووار ساڵە بە بێ ئەوەی دیاری بکرێت کە چی بەسەری من دەهێنن، لە باروودۆخێکی سەرسنووریدا دەژیم و خوای مەزن خاوەنداری هەر هەموومانە و ئەوە کە چارەسەری من بە باشی دەزانێت.

له یەکەم رۆژەکان کە گەیشتمە ئینگلیس هەوڵی ئەوەمدا کە دەفتەرێک بکڕم و دەست بە نووسین بکەم. هەر لە یەکم دەفتەرەوە لە کەمپی شاری لیڤرپوڵ من هەستم بەوە کرد کە لە باروودۆخێکی زۆر خراپدا دەژیم. بە نووسینەکانی ئەو کاتە ئەوەم بۆ بەدەرکەوت. لە دەفتەرێکی شیندا ئاوەهام نووسیوە:

## مانگی ئۆکتۆبری ساڵی دووهەزار و هەشت:

لە رۆژانی نارەحەتی ژیان دەست پێ کردن، لە ڕۆژانێکی پڕ لە ناخۆشی و مەترسی.... ئێستەش لە ئینگلیس پاش بیست و سێ ساڵ ژیان، هەموو گیانم بۆ ڕابردوو کزەی دێت، بۆ ئەو ساتانەی کە چووە و قەت ناگەڕێتەوە.

بیری ئەو کچە ئەکەم کە لە زانکۆ لە دوورەوە خۆشمویست، بەڵام هەرگیز لە نزیکەوە چاییەکمان پێکەوە نەخوارد!.

نازانم چی بنووسم.....

هەراسم هەیە لەوە کە چی ئەبێت....

دەرەوە با و بارانە، مامۆستا موحەممەدی مامڵێ کەویار و کەویار دەخوێنێت...

ڕەنگ زەردی خەزان خەتای پاییزەن، ڕەنگە زەردەکەی من دووری ئازیزەن.

بیرم لە لای کەویار و کەویارەکەی حەسەن زیرەکە، ئاخ شەمامە و شللێرە، شللێرە، شەمام شلکی.... ئاخ شەمام لەبەر نانی......

بیرەوەریەکانی من لە ڕۆحی مردوویەک دەچێت کە بڕوای بە ڕۆح و مردنی نیە، بڕوای بە ڕابردووی نیە...! ئاخ شەمام دڵی ئێشا، ئێشا.....

بیری شەوانی ژیانم لە حوجرە دەکەم. لەوێ خەریکی دەرسی فەقییایەتی بووم. بیری ئەو بەرەبەیانانە کە لە پاش نوێژی بەیانی لەگەڵ دۆستان دەچووینە دەرەوە. لە تاریک و لێڵی بەیانان، زەوی هەر هەمووی گەنم بوو، لە ڕێگەیەک کە بەرەو کێلەچەرمگ[3] دەچوو، بە ڕێدا دەچووین. هەوا سارد بوو، دەنگی چۆلەکە و بۆق دەهات. شنەی با لە گەنم و گیاکانی دەدا، با ڕووناکی لەگەڵ خۆی دەهێنا. یان ئەو کاتەی کە لە حوجرە خەریکی خوێندنی تەفسیری نووری مامۆستا خوڕەمدڵ بووم. تەفسیرەکەم بە دەستەوە دەگرت و نەمدەزانی کە چۆن لەو قورئانە تێ بگەم!؟ قورئانێک کە حاڵی خوێندنیم نەبوو. ئەو کاتانە زۆر سەیر بوو، منداڵ بووم، تازە سەر و کەلەم لەگەڵ کتێب لێک دەدا، ژیر نەبووم. بەڕاستی هەر لەو حوجرە حاڵەت و کاتی قۆڕم زۆر

---

[3] _ کێلەچەرمگ ناوی یەکێک لە ئاواییەکانی نزیک بە شاری ڕوانسەرە.

هەبوو. کاتی ئاوەها کە نەمدەزانی چیە!؟ تەنیا ئەوەی کە... هەموو کتێب و غورفەکانی خوێندن و قالیەکانی حوجرە لەبەر چاوم ڕەشی دەکرد!.

نازانم لە سالّی داهاتوو چی دەبێت، خەم و دەردی ئەوە لە گیانمە کە نەتوانم لە داهاتوو ئەو زانستانەی کە دەمەوێت بیخوێنم.....

## لە شەوی پانزدەی سیپتەمبری دووهەزار و نۆدا:

من بە ڕاستی بە شێوەیەکی سەیر هاتوومەتە پێشەوە... ژیانی من بە ڕاستی بەرەو حالّەتی شێتی دەچوات، شێتیەک کە هەر کات و سات قەومان تێدا بۆی هەیە کە ڕوو بدات.

من ماومەتەوە، هەست بەوە دەکەم وزە و هێز لە دەروونم نەماوە... هەندێک جار لەبەر خۆمەوە پێدەکەنم، جارێک بە بەرەبەیانێکی خۆم پێدەکەنیم، هەر لە خۆوە بیری بەیانیەک کەوتم کە لەسەر جێگەی خەو زۆر هیلاک و ماندوو بووم... میزم دەهات و هەر لە جێگەی خەو خۆم پل ئەدا و میزم لە بیری خۆم ئەبرد، ئەو بەیانیە ئەوەندە بێهێز و هیلاک و لەخۆوەرەس بووم، بە خۆمم وت: ئاگاهانە لەسەر جێگەی خەوت میز بکە!.

بە خۆمم وت چەندە پەرت و پڕووکاو و پەرێشان بووم!. زۆر بە خۆمم دەوت کە لەسەر جێگەی خەو هەڵسە، بە خۆمم دەوت کە زۆربەی کێشە و گرفتەکانی مرۆڤ لەسەر جێگەی خەوی بەیانی دروست دەبێت و زۆربەی نەخشە و گەورەییەکانی داهاتووش لەسەر جێگەی خەوی شەوان پێش خەو دەکێشرێت!. هەمیشە لەسەر جێگەی خەوی شەوان بە شکۆ و شەوکەتەوە خەو من دەبات، بەڵام بەیانان زۆر شل و شپرزە دەکرێمەوە، بەرگری زۆر کەمە. ئایا من چەند دەروون و ناوەڕۆکم لە ناو لەشێکدا!؟ نازانم!.

مرۆڤیش وەک پرتەقالّ جۆری هەیە، کەسانێک وەک نالنگی نەرم و تامخۆش (کە ناوی نراوە خۆشدایکەنە) هەر کە دەستت داپێیانەوە، خۆیان و پێست و پەردە لادەدەن. هەروەها کەسانێکیش وەک پرتەقالّی ناوسوور، بە ڕەنگی سووری ناوەوەی خۆیان وادەکەن کە مرۆڤ بترسێنن یان بە مرۆڤ بگەیەنن خراپ بوون یان بە کەڵک نایەن. ئەو پرتەقالّە پێست و توێکلّ بە خۆیەوە ئەبەستێتەو، بە پێچەوانەی نالنگی!.

هەست و نەستەکانم سەبارەت بە خۆم ڕاستن، هەفتەی ڕابردوو دکتۆر بە منی وت کە تووشی تێکەلّی و ئالّۆزی و کەمکاری هۆرمۆنەکان بووم. ئەمە ئاماژە و نیشانەی ئەوەیە کە من ئاگام لێ نیە کە لە دەروونم چ شەڕ و کێشەیەکە!؟. ئەزانم... باش ئەزانم کە خێر و شەڕ لە ناو خوێن و ژێر پێستی من لە شەڕ و کێشەدان. بە خۆمم دەوت کە نە تەوانی ئەوەم هەیە سەوزەلّێ سەوزە گیان بخوێنم، وە نە زەمینەی ئەوەم تێدا ماوە کە ئایەت ئەلکورسی بخوێنم بەسەر سەروسینگمدا!. بۆ ئاوەها شێواوم!؟. باران ئەبارێت، با لە باران هەڵیکردووە، با سەری لە باران شێواندووە، خۆزگە منیش ڕەشەبایەک لێم هەڵبکردبایەت و بمیبردایەت و بۆ هەمیشە لە دەفتەر

**و کیتابی خوا و ئینسان ڕەش و ونمی بکردایەت.... هیچم بۆ درکاندن نەماوە... ئەوەندە هیلاکم، ناڵەش لە دەمم نایەتە دەرەوە، لەبەر ئەوەی کە ئاە و ناڵەش وزە و هێزی دەوێت!.**

ئەو کۆمەڵە ڕستە کە لە سەرەوە هات هەندێک ڕستە بوو کە من لە دوو دەفتەری شینی چکۆلە نووسی بووم. لە ڕێگای ئەو دەفتەرانەوە دەتوانرێت کە بزانرێت من لە تەم و لێڵیەکی سەیر و نامۆدا بووم. کاتێک کە باسی قالیەکانی حوجرە دەکەم کە چاوم بە ڕەشیان دەبینێت، ئەوە باشترین ئاماژەیە بۆ ئەوە کە هەورە ڕەشەکان و لێڵیەکان ئەو سەردەمانەی ژیانی منیان گرتبووەوە.

ئەو کاتەی کە لە زیندان دەستم بە نووسینی دەفتەرەکان کرد، هەوڵی ئەوەمدا کە بە ناوی خوای مەزن دەست پێ بکەم. هەوڵی ئەوەمدا کە بە ناوی خاوەنێک کە ژینگەی ئەستێرەکان و نیشانەکانی بە دەستەوەیە نووسینەکانی خۆم دەست پێبکەم. لەبەر ئەوەی کە دڵنیابووم ئەگەر بە ناوی مرۆڤ بنووسم، ئەوە ژینگەی خاوەنداری مرۆڤ ئاسمانێکە کە هەورەکان تێدا گوزەر ئەکات.

ناودارانی فارس و کورد هەر هەموویان بە شیعر ناوبانگیان دەرکرد. لە کاتێک کە لە قورئاندا هاتووە: **و ما علمناه الشعر و ما ینبغی لە(یاسین ٦٩) شیعر لە زاری مرۆڤی ڕاستگۆ نایاتە دەرەوە. ئیتر وازم هێنا کە بە هاوکاری سەعدی و مەولەوی و مامۆستا قانع و سادقی هیدایەت و ناوەکانی تر ڕاستی و ڕووناکیم بۆ بکرێتەوە. ئیتر بە ناوی خوای مەزن داوام لە خوای مەزن کرد کە دەم و دەستم لەو ناوانە بپارێزێت کە خەریک بە شیعر و دەستە ڕستەیەک بوون کە تەم و لێڵی و هەوری تێدا گوزەر دەکات.**

**تەواوی ئەو دەرد و گرفتانەی کە من لە ڕێ و ڕێبازی خۆمدا کێشام هەر هەمووی لە بن سەر و دەستی مرۆڤەوە بۆم هات، مرۆڤەکان بوونە هۆی ئەوە کە بۆ ساڵەها لە تەم و لێڵی و تاریکی و نەزانی بمێنمەوە. بە ناوی خوای مەزن دەستم لە هەر هەموو کتێبەکان و بەرهەمەکانی مرۆڤی شۆرد و بە سەکتەیەک کە لێدانێکی گەورە بوو بۆ من، ئەوەم پێگەیشت منیش بە قسەی خۆش عاقڵ نابم!.**

**باش وایە ئاگادار بین کە خوای مەزن خاوەنداری زەوی و ئاسمانەکانە، خاوەن ئاسمانی هەورەکانە و خاوەن ئاسمانی ئەستێرەکانە، ئەوە کە بە ناو و دەستی گەر بیەوێت پەلاماری هەر ناوێک دەدات. خوای مەزن تاکە و تاقە ناوێکە کە گەر بیەوێت ئاسمان لە کەسانێک تەنگ و تاریک و لێڵی دەکات، وە ئەگەر بیەوێت لە کەسانێک ڕووناک و پاک و کراوەی دەکاتەوە، بۆیە ئامۆژگاریم بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لە ئاسمانی هەوری مرۆڤ دەرباز بن بۆ ئاسمانی ئەستێرەکانی خوای گەورە ئەوەیە کە پەنا ببەن بە ناوی خوای مەزن، وە بە ناوی بڵند و پایەداری خوا دەست و گیان و وشەکان جووڵە پێ بدەن.**

# مەڕ و مۆڵ

لە بەهارێکی جواندا لە ئاوایی بووم. منداڵەکان خەریکی گەمە چکۆلەکانی خۆیان بوون. گەنجەکانیش لە زەوی تەنیشت زەوی تۆپان، خەریکی قول قولان[4] بوون. پیاوەکانیش لە خۆشی بەهار لە دەر و دەشت خەریکی گورزان[5] بوون.

لە دەورووبەری ماڵەکان و کوانەگەکان و تەرواڵەکان، مریشک و جووڵک و پەلەوەرەکانی تر بە ڕەنگی جۆراوجۆرەوە دیار بوون. جاروباریش لە ناکاوە کەڵەشێرێک بە دوای مریشکێک دەکەوت و هەتا بەسەری نەفسایەت لە کۆڵی نەدەبووەوە. گێسک و بەرخەکانی نێو حەوشەی گەلەخانیش بە دەنگە جوانەکانیان دەیانقاڕاند و هەڵدەفڕین. لەو بەرەوە لە دەوری ئاوایی، دەستەیەک لە مەڕەکان دەلەوەڕان و دەستەیەکی تر کاوێژیان دەکرد. بزنەکانیش هەر ملەقوتە و ئەمسەرو ئەوسەریان دەکرد. سەگەکانی ئاواییش یەک یەک و دووان دووان دەردەکەوتن و ناپەیدا دەبوون. جار بە جاریش بۆنی قوونی یەکدیان دەکرد و لەسەر گیای تۆڵەکە گەمە و میزی خۆیان دەکرد.

لە سەر جادەی ئاوایی تاوتاو ئۆتۆمۆبیل دەهات و ڕادەوەستا و نەفەرێکی سوار دەکرد و نەفەرێکی دادەبەزاند و چەند کەسێکیش لەگەڵ ئەو نەفەرە کە دەیەویست بڕوات بۆ شار ڕادەوەستان بۆ ئەوەی کە بەڕێی بکەن.

چەند ژن و پیرەژن لەبەر هەتاوی بەهاری بە تەشی خەریکی ڕێسانی خوری بوون، چەند کچە وردەش لە دەوری ئەو ژن و پیرەژنانە بۆ خۆیان هەڵقون و داقونیان بوو.

حەوشی چەند ماڵێک دیار بوو، مامۆژنم لەگەڵ کچەکەی خەریکی نان کردن بوو، چەند ژنیش لە بن سێبەرێک خەریکی قسە و تەویر بوون. دوو ژنیش لەسەر ئاوی کانی خەریکی شۆردن بوون. هەوا خاوێن و خۆش بوو، شینی ئاسمان و سەوزی زەوی چاوی مرۆڤی دەلاواندەوە.

لە دەرەوەی ئەو ژیانەی کە خەڵکی ئاوایی دەیانکرد، من لەسەر کێوێکی تەنیشت ئاوایی وەک ئاگادارێک چاوم لە هەر هەموویان بوو. چێژ و خۆشی بۆ من ئەوە بوو کە لەش و هۆشم خەریکی ئەو بەزمەی ئەوانە نەبوو، بەڵکو لە سەر کێوێک وەک بینەرێک ئاگاداری ئەوان بووم.

---

[4] _ قول قولان، لە هەندێک لە ناوچەکانی کرماشان بە پێ ئێژن قول. قول قولان بە گەمەیەکی کۆنی کوردی ئێژن، ئەو گەمە ئاوەهایە کە کۆمەڵێک پیاو و کوڕی گەنج دەبنە دوو دەستەوە. هەردوو دەستەکە لە بەرانبەر یەکدی دەوەستن و قول یان پێیەکیان لە دواوە هەڵدەبڕن و بە دەست دەیگرن. بەو شێوە هەردوو دەستەکە لەیەک دەئاڵێن و هەوڵی ئەوە دەدەن کە دەستی بەرانبەر لە قول یان پێی بکەنەوە و لە گەمە بیکەنە دەرەوە. ئەم گەمەیە زۆر بە زۆری شان و دەست دەکرێت. ئەو گەمەیە هێزێکی زۆری دەوێت.

[5] _ گورزان گەمەیەکی کۆنە کە زۆرتر پیاوان ئەیانکرد. پیاوان لەبەر ئەوەی کە وەرزی زستان و بەهار کاری تایبەتیان نەبوو، شەوان لە ماڵی یەکێک کۆ دەبوونەوە و گەمەی شەوانەیان ئەکرد، وە ڕۆژان لە زەوی و زارەکانی نزیک بە لادێ کۆ دەبوونەوە و خۆیان سەرگەرم دەکرد. گورزان یەکێک لەو گەمە و سەرگەرمیانە بووە.

لە سەر کێوەکە گەڕامەوە بۆ نێو ئاوایی و چووم بۆ ماڵەوە و داوام لە میمکم کرد کە خواردنم پێ بدات. میمکم خواردنی بۆ من هێنا و خواردم  و دیسان گەڕامەوە بۆ دەرەوەی ئاوایی. ئەو هەست و هزرە منی دەگرتەوە کە دەروونی من نایەوێت وەک هاوتەمەنەکانی خۆم خەریکی گەمەی پێ و تۆپێن بێت. هەر بۆیە ڕووم لە ئەو بەری ئاوایی کرد، شوێنێک کە پەزوپۆڵەکان خەریکی لەوەڕ بوون. هەوا وردە وردە گەرمی دەکرد و مانەوە لە بن تیشکی خۆر پێستی دەسووتان و ڕەشی دەکرد. خەریکی هەستەکانی خۆم بووم کە لە نیگایەکی ناکاوە مۆڵی مەڕەکانم بینی!

شوانی مەڕەکان کوڕێکی خزممان بوو کە بە تەنیا و لە بیردا کڵاوێکی لەسەر سەری دانابوو، سەری لە خوار گرتبوو، دەستی بە گۆچانەکەیەوە خەیک بوو. هەستی بە من کرد، سەری بەرز کرد و لە شوێنی خۆی هەڵسا و بەرەو مەڕەکانەوە چوو. مەڕەکان هەر هەموویان سەریان لە بن لەشی خۆیان گرتبوو. بۆ من سەیر بوو کە بۆ مەڕەکان لە بەر تیشکی هەتاو ئاوەها سەری خۆیان لە بن لەشی خۆیان دەکەن!؟

کوڕە شوانەکە هەوڵی ئەوەی دەدا لە مەڕەکان لە مۆڵەکەیان هەڵتووچێنێت، هەر بۆ ئەمەش دانە بە دانە گۆچانی لە بن ملیان دەخست و دەریانی دەهێنا. مەڕەکان نەیاندەویست کە بێنە دەرەوە. کوڕە شوانەکە بە دەستی مەڕەکانەوە هیلاک ببوو. من نزیک بوومەوە و لە دوورەوە وتم ئەوە بۆ جیا نابنەوە؟ بە ڕوومەتێک کە عارەقی کردبوو وتی: نازانم، کە خۆر گڕ دەبێت ئاوەها سەر بە بن لەشی یەکدی دەگرن و مۆڵ ئەدەن!

منیش بە تووڵە دارێک دەمدا بە سەر پشتی مەڕەکانەوە بۆ ئەوەی کە بێنە دەرەوە. کوڕە شوانەکە وتی: بە تووڵەدار و لە پشتەوە دەرنایەن، دەبێت کە بە گۆچان ملیان بگری و بە زۆر بیانهێنیتە دەرەوە.

کوڕە شوانەکە چەند دانەیەکی لە مەڕەکان دەرهێنا و لە مۆڵەکە جیایانی کردەوە، بەڵام مەڕەکان بە پەلە دیسان سەریان دەبردەوە بۆ بن لەشی یەکدی.

لەبەر ئەوەی کە ئێمە دەستمان تەنیا و زۆر و بازووی فراوانمان نەبوو، بۆ ئێمە کارێکی زۆر قورس بوو کە مەڕەکان لە یەکدی جیا بکەینەوە. ئەوەندە مەڕەکان پێداگریان لە مۆڵەکە دەکرد، وایان کرد کە کوڕە شوانەکە فرمێسک و عارەق لە ناوچاوانی کۆ بێتەوە. ئیتر بۆ خۆی هاواری دەکرد و ئەوەندە هیلاک و ماندوو ببوو، بە گۆچانەکەی بە توندی بەسەر لەشی مەڕەکانی دەدا. منیش لەبەر دڵی ئەو بە ئەژنۆ و تووڵەدارەکە هاتم بەسەر لەشی مەڕەکانەوە. مەڕەکان جووڵەیان دەکرد، بەڵام جووڵەکەیان بە کۆمەڵ بوو. ئەوەیان بۆ گرنگ بوو کە سەریان لە بن یەکدی دەرنەهێنن. هەر ئەمە وای کرد کە من بکەومەوە بیری سەری مەڕ لە زستانانداا. لە زستانان کاتێک کە مەڕ تاریکی و سەرما و باران لە کەلەی کەڵەکەڵە دەکات، دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە شوێنی خۆی جووڵە نەکات و ڕاوەستێت. باران و تیشکی خۆر کاریگەری بەهێزی لەسەر سەر و چاوی مەڕ هەیە.

سەر و کەلەی مەڕ تەواو بە پێچەوانەی بزنە، بزن لە باران و لە بن تیشکی خۆردا، هەرگیز ڕوو لەیەکدی ناکەن و هەرگیز سەر لە بن لەشی یەکدی ناکەن، بەڵکو خواستی ئەوەیان هەیە کە بتووچێن و لە بن بەرد و کەمەر و دیواردا لە باران و خۆرەتاودا شوێنی خۆیان بە تەنیا بگرنەوە. سەری بزن بۆ ئەوە نیە کە وەک سەری مەڕ لە بن لەشدا شوێنی بێتەوە.

کورە شوانەکە سەری مەڕێکی دەرهێنا و بە پێ چووە شوێنی سەری مەڕەکە و لەو شوێنەوە هەوڵی ئەوەیدا کە مەڕەکان لە یەکدی بتووچێنێت. هەربەم شێوە سەرکەوتنی بە دەست هێنا.

هەر ئەوەی کە مەڕەکان سەریان لە مۆڵەکە تووچێنرا، بە خێرایی بە دوای یەکدی کەوتن و دیسان لە ڕێگەی چوونیان بەرەو ئاواییەوە سەریان لەبن دووگی یەکدی گرتەوە.

کوڕە شوانەکە هەر ئەوەی بۆ گرنگ بوو کە سەری مەڕەکان دەربهێنێت و بەرەو ماڵەوە بەڕێیان بکات، بەڵام بۆ من مۆڵی مەڕەکان و مەڕ لە مۆڵدا وەک وێنەیەک بوو کە تەوانایی زۆری هەبوو کە وەک نموونەیەکی سەرکەوتوو، باسی ناوەکان لە تۆڕەکان و شەجەرەکان بە جوانیەکی تر بکاتەوە.

فەرهەنگ و ئەدەب و نەخشەی زمانێک بۆی هەیە کە بە سەر و دەستی چەند ناوێک ببێتە مۆڵگەیەک کە لە سەر و کەلەی خۆیان نەبێت، سەر و کەلەی کەس نەبینن. کەسانێکی زۆر سەریان لە بن مۆڵێک دەگرن و دەمێننەوە. مۆڵدان تایبەتمەندیەکی دیار و ڕوونی زۆرینەی مەڕەکان و نووسەرەکانە!.

ئەدەبی مۆڵدان تەنیا ئەدەبی مەڕ نیە، بەڵکو تەوانی ئەوەی هەیە کە بۆ ئەو کەسانەش بێت کە خەریک بە ناوەکان و وشەکانن. کەسانێک لە ئەدەبی کوردیدا کاریان لەگەڵ وشەکان ئەوەیە کە مۆڵ بە وشەکان بدەن، هەر بەو ئەدەبە خوێنەری خۆیان دەستی دەکەن و مۆڵیان پێ دەدەن. مۆڵدانی مەڕ پێش ئەوەی کە پشت کردن لە خۆر و خاوەن بێت، سروشتیە!.

شاعیران و چیرۆکنووسەکان، وە بە گشتی نووسەرانی کورد کە لە مێژووی کۆن و نوێ ناویان بەرز کراوەتەوە، وشەکانی کورد لە نەخشەیەک بە کار دەبەن کە دەبێتە هۆی ئەوە مۆڵ بە وشەکان بدەن. ئەو کەسانە خۆیان لە مۆڵێکی تری ناوەکان فێری ئەدەبی مۆڵدان بوون. بەرهەمی ئەوانە ئەوە دەبێت کە دەستە دەستە مۆڵ بە نەوەکانی کورد دەدەن، بە جۆرێک کە زۆر زەحمەت ئەبێت سەریان لە ناو مۆڵ دەربێت. جاربەجار کەسانێک هات و هاوارێک دەکەن بۆ سەربەخۆیی و ئەدەبی شاخشکاندن و شاخبەزاندن کە ئەدەبی دژی مۆڵدانە، بەڵام ئەوەندە پایەدار و پتەو نابێت.

مەڕداری و بزنداری و کەرداری لە کوردستان زۆرە بۆ ئەوەی کە کورد بە ناوی خوای مەزن لە ناوی ئەو ئاژەڵانەوە فێری ئەدەب بێت. مەڕ ئاژەڵێکە کە سەر و لووتی بەرز نیە و ئێسکی دیار نیە و دەروونخوازە. لە کوردستان ژنەکانی کورد لە تەنیایی خەریکی تەشی ڕێسانن، خاڵۆ حوسەین(فەرهادی دووهەم) لە تەنیایی خانوویەکی لە نێو کێوا دروست کردووە، نالی شاعیری

ناوداری کورد لە تەنیایی بۆ مەحبوونە وشەکانی لە پەیکەرێک مۆڵداوە. ئەوە من لە تەنیایی زیندان هەوڵی ئەوە دەدەم کە ناوەکان و وشەکان لە مۆڵگە و مۆڵدان بپارێزم.

هەر مرۆڤێک کە دەست بە کتێب دەگرێت و دەیەوێت کە شارەزایی و شانازی بە دەست بهێنێت، بە دەستەیەک لە ناوەکان ئاشنا دەبێت کە ئەو ناوانە لە مۆڵی دەخەن یان هەوڵی ئەوە دەدەن کە وەک ماری دەیمی لێ بکەن.

# کاڵەکی دەیمی و ماری دەیمی

مار بە نازناوی دەیمی لە ناوچەی کرماشان بە دەستەیەک لە مارەکان دەڵێن کە لە ناوچەکانی گەرمەسێر و گەرمیان دەردەکەون. مەبەست ئەوەیە کە لە وشکایی و ناوچەیەک دەژی کە ئاو و ئاوەدانی تێدا نیە، هەر بۆیە ژەهری ماری دەیمی زۆر پیس و کوشندەیە. ئەو مارانە وەک نازناو بۆ مرۆڤیش بە کار دەچێت. بە کەسێک بڵێن وەک ماری دەیمیە، مەبەستیان ئەوەیە کە ترسناک و ژەهرین و سامناکە.

هەروەها کاڵەکی دەیمی بەو جۆرە کاڵەکانە دەوترێت کە بە بێ ئەوەی مرۆڤ ئاوی بدات، بە ئاوی باران گەورە بووە و زۆرجار لە زەوی و زارەکان دەدۆزرێتەوە. کەسانێک لە جووتیارەکان بۆی هەیە کە لە زەویەکانیان بیوەشێنن بەڵام ئاوی نادەن. کاڵەکی دەیمی تام و بۆنێکی خۆش دەبەخشێت.

ماری دەیمی لەبەر ئەوەی کە لە ڕەقانە و وشکایی ژیان دەکات، لە ژینگەیەکە کە کاریگەری لەسەر پێستی دەکات، چیڕ و لوسی دەکات، هەروەها ژەهری کوشندە دەگرێتەوە. هەر لەبەر ئەوەیە کە ماری دەیمی ترسناک و سامناکە.

مار، بۆق و مەڕ و مشک و لەو جۆرە ئاژەڵانە نزیک دەبێتەوە کە سەر و چاو و بوێری تەواویان نیە. ماری دەیمی هەرگیز مۆڵ نادات، وە لە ئاوەدانی و ئەوەی کە ژەهری شیرین بکات دوور دەبێتەوە.

لە نێو زنجیرە و تۆری ناوەکان کەسانێک هەبوون کە هەردەم لە مۆڵ و ئاوەدانی هەڵاتوون و دوور کەوتوونەتەوە. کەسێکی وەک سادقی هیدایەت و فردریک نیچە، وشەکانیان لە تەنیایی خۆیان وەک ژەهری مارێک کوشندە کرد. ئەوان بەو تەنیایی و نامورادییەی کە تووشی بوون، وشەکانیان وەک ژەهر گرتەوە و هەزاران مرۆڤ بە ڕستەکانی ئەوان ناویان توایەوە.

کاڵەکی دەیمی بۆنی خۆی دەوەشێنێت بۆ ئەوەی کە ڕێبوارێک هەڵیکەنێت و بۆ جارێک تام و چێژێک بدات. ئەو کاڵەکە ئەوەندە خەریکی ئەوە بوو لە بن و تامی خۆی خۆش بکات، لە بیری ئەوە نەبوو کە نەوەیەک لە کاڵەکە بۆن خۆشەکان پەروەردە بکات. هەروەها دەستەیەک لە

ناوەکان لە مێژوودا هاتن و بەر و بۆنێکی خۆشیان بەخشی، ئەوانە ئەوەندە پەرۆشی ناو و ناوەوەی خۆیان بوون، بە بەر و بۆمی خۆیان، لە خۆیان باشتریان دروست نەکرد و لێیان نەکەوتەوە.

ماری دەیمی ترس و وشکی و هەراس گەشە پێ دەدات، خۆی بە خاوەندارێکی ئەو ناوچە دەناسێتەوە کە تێدا دەژی، لە بیابان سەرگەردان بۆ نێچیرەکانی دەسوورێتەوە، وە ئاوەهای پێ خۆشە کە هیچ ناوێک بە دوای ناویەوە نەبێت. هەروەها دەستەیەک لە ناوەکان کە تووڕە بوون لە ناوەکانی مێژوو، بە تایبەتی ئەدەبی عیسا و شوانی و مەڕداری و مۆڵدەری، پێیان خۆشە کە بە دوای کەس نەکەون و کەسیش بە دوایان نەکەوێت. ئەو ناوانە بەس بە دوای نێچیری خۆیان دەگەڕێن!.

کاریگەری و کارتێکەری وشەکان جۆرێکە کە دەستەیەک وەک مەڕەکان لێدەکات کە لە ناوی یەکدیدا مۆڵ دەدەن و سەریان بەدەرناهێنن. دەستەیەکیش وەک ماری دەیمی لێدەکات کە بەس دەیانەوێت نێچیری خۆیان لە ناوچەکەیان ژیان بکات!.

هەر ناوێک کە لەسەر سەرچاوەیەک زایرا، ئەوە بە وشەکان و ڕستەکانی ئەو سەرچاوە دەتوانرێت کە ئەو ناوە لێک بدرێتەوە. فردریک نیچە و سەید قوتب، دوو ناون کە وەک ماری دەیمی نە دان بە پێشینەی خۆیان دەنێن، وە نە سەردەمیانی خۆیان بە ناو دەزانن. سەید قوتب بە توندی ناوەکانی مێژووی موسوڵمانەکان دەداتەبەر ڕووی گرژی خۆی وە ناوەکان بە سەرکوتکەر و سەرلێشێوێن باس لێوە دەکات. هەروەها سەید قوتب نەوەیەک گەشە پێ دەدات کە لەسەر باوباپیرانیان حیساب و کیتاب نەکەنەوە و بە ڕێ و پێی ئەواندا هەنگاو نەنێنەوە.

فردریک نیچە هەروەک سەید قوتب، هەڕەشە و گوڕەشەی خۆی لە ناوەکانی ڕابردوو دەکات و بە جۆرێک مێژووی ناوەکان شەن دەکات، وەک کابرایەک کە لە سەر خەرمان شەن دەکات و دان و کا زۆر لە زەوی بەرزی دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوەندە بەلایەوە بێ بەهایە بۆی گرنگ نیە کە دانەکەش بە کاکەوە بچێت. هەروەها نیچە بە لایەوە بەهای نەبوو کە ناوەکان و نەوەکانی ناوەکان و بەرهەمەکانی ئەوانە بداتەبەر شەقەی باوە!.

فردریک نیچە نەوەیەکی دروست نەکرد کە لە خۆی بەرزتر و شکۆدارتر بێت، بەڵکو ئەوەندە بە هەڕەشە و گوڕەشە و سام و ژەهرەوە نووسی کە میشل فۆکۆی فەرەنسەوی لێکەوتەوە. بۆیە وریا بن کە زۆر بەهای هەیە کە چ کەسێک پێنووس بە دەستەوە دەگرێت؟ وە چەندە بە هزر و هەست و هەناسەی لە سەر ڕستەیەک کاتی دادەنێت؟ دڵنیا بن کە ئەو کاتە و ئەو هەستانە کە سەید قوتب لە زیندان بۆ نووسین تەرخانی کرد، وە ئەو کاتانەی کە نیچە لە کێوەکانی ئاڵپ و لە ئاوارەیی بۆ نووسین گوزەراندی بە ئاسانی وەک ئاو لە گیانی خوێنەر نابێتە میز!.

بە ناوی خوای مەزن دان و ددان لەسەر ئەوە دەنێم کە نەوەکان لە پێگەی مەڕ و مۆڵ و ماری دەیمی خۆیان بپارێزن، پاراستنی هەستەکان و هزرەکان. هەستەکانی مرۆڤ لە خوێنی مرۆڤەوە نزیکە، خوێنی مرۆڤ گەر ناوی خوای تێدا بوو یان نەبوو، گرفت و کێشە دروست دەکات.

من بە ناوی خوای مەزن ناوەکان سووک و بێڕێز ناکەم. لە قورئاندا هاتووە کە ئەی موسا گۆچانەکەت فڕێ بدە زەوی. موسا فڕێی دەدات، گۆچان دەبێتە مارێک. خوای مەزن دەفەرمێت ئەوە یەکێکە لە ئایەتەکانی من، بەو ئایەتە بڕۆ بەشکە فیرعەون بترسێت. گۆچان دەبێتە مار، هەروەها ڕستەکان دەبێتە مار. خوای مەزن لە قورئان دەفەرمێت کە ئایەتەکانمان بۆ ترساندن ناردووە. بۆیە قورئان کە دەستە ڕستەیەکە، دەتوانێت کە بە خواستی خوای مەزن بۆ کەسانێک بە دەستی سەید قوتبەوە ببێتە مار. هەروەها لە بیر مەکەن کە ڕستەکان دەتوانێت کە وەک هەنگوین لە دەستی مەلا عەلی کەڵەک ببێتە شیفا. ئەمە خواستی خوای مەزنە کە ڕستەکان لە دەست و دەمی هەر کەسێک بکات بە چ ناوێک، بترسێنێت یان شادمان بکات!؟ بۆیە خوای مەزن لە قورئان دەفەرمێت کە ئێمە پاسەوانی قورئانین.

بە ناوی خوای مەزن دەبێت کە مرۆڤ بە هاوکاری ئەدەبی چۆک و فرمێسک زەمینەی ئەوە خۆش بکات کە ڕستەکان لە ناوێک ببەخشێت. بۆیە پارێزەر بن لەوەی کە فێری ئەدەب بن و ئەو ئەدەبە وەک نالی بە مەحبووبەی خۆتان ببەخشن. هەروەها پارێزەر بن لەو کە وەک مەلا کرێکار ڕستەکان لە دەوری ناوی دوژمنان ببەستنەوە. ئەدەب ئەوەیە کە ڕستەکان لە دەوری ناوی خوای مەزن ببەسترێتەوە، بۆ ئەوەی کە ناوی مرۆڤ شایستەی بەخشندەیی ببێت. نووسراوەی قورئان بە پەنا بردن بە ناوی خوا و بە ناوی خوای مەزن دەست پێ دەکات، وە بەردەوام باس لە شکۆ و شەوکەتی خوای مەزن دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا چەند چیرۆکێک بەردەوام باس دەکات و ناویان دەهێنێتەوە. کەوایە قورئان هەموو ناوەکانی بە ناوی خوای مەزن بەستووەتەوە. هەربۆیە دوژمنانی مەلا کرێکار بایی ئەوەندە نین کە بەردەوام دەستە ڕستەیەک بێتە سەر دەمەوە کە گەرمای وشەکان، پێش مانای وشەکان بە گوێگر بگات. کرێکار ئەدەبی خۆی بە ئەدەبی ئەوانەوە بەستەوە. ئەویش وەک ماری دەیمی بەس نێچیرەکانی خۆی دەوێت!.

# کۆڕی شاعیران و گۆڕی مەڕەکان

و ان لکم فی الانعام لعبرة نسقیکم مما فی بطونها و لکم فیها منافع کثیرة و منها تاکلون (الموءمنون ٢١)

لە قورئانی پیرۆز زۆر بە سادەیی و ئەسپایی دەستە وشە و ڕستەیەک بە کار دەبات کە ئەبێتە هۆی ئەوە خوێنەرێکی وەک من پڕ لە هەستی وەرەسی و بێزاری بێت و پرسی بەدواداچوون بیگرێت. شێوەی بەیان و وتن و داڕشتنی وشەکان لە ڕستەکاندا، زۆر سادە و ئاسان و دیارە. ئەو کاتەی کە قورئانم دەخوێندەوە، لە هەمانکاتدا دەستە کتێبێکی ترم وەک فەلسەفە و بنەماکانی

فەلسەفە و دەروونناسی و کۆمەڵناسی ئەخوێندەوە. شێوەی دارشتن و ڕادەی تێگەیشتن لەو کتێبانە زۆر سەخت و دژوار بوو، بە پێچەوانەی قورئان کە زۆر بە نەرمی و ئاسانی دەستە وشە و ڕستەیەکی سادەی بە کار بردووە. ئەمە بۆ من پرسیار بوو کە بۆچی خوایەک کە (خلاق) و (حکیم) ە کتێبێکی ئەوەندە سادە و ساکاری بۆ بەندەیەکی خۆی ناردووە!؟ ئەمە بۆ من بەس پرسیار و سەیرلێهاتن بوو، بەڵام هەر ئەم سادەیی و ساکاریە بۆ کەسانێکی تر ئاماژە و نیشانەی ئەوە بوو کە قورئان عەرەبی پێپەتی و نەزان نووسیویە. کەسانێکی تریش قورئانیان بە کتێبێکی بازاڕی دەناسی و دەناساند.

من هەستم بەوە کرد کە ئەگەر مرۆڤ لێبووردن (تواضع) ی هەبێت، ئەوە خوا لەسەر زەوی بۆی دادەنێت. ئەگەریش لێبووردنی نەبێت، ئەوە لە بن زەوی بۆی دەشارێتەوە، بۆ ئەوەی کە دەست و هەناسەی تێکەڵی خۆڵ بکات و فێری خاکی بوون ببێت!.

لە نێوان چاو و ڕستەکان، شتێکی تر هەیە کە پێی ئێژن، دید. هەر مرۆڤێک دیدەی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام هەر مرۆڤێک دیدی سەربەخۆی نیە.

منیش لێبووردن و سەبرم گرت بە وشەکان و ڕستەکانەوە. زانیم کە ئەو وشە و ڕستە سادانە کە لە قورئان هاتووە، بە هاوکاری دید و گۆڕانی دید، بەرهەمی تری لێ بەدەر دەکەوێت. لە ئایەتی ٢١ سوورەتی موئمنون زۆر بە ئاسانی ئاماژە بە چووارپێ دەکات و ئەفەرمێت کە پەندی تێدایە و شیرتان پێ دەدات و سوودی زۆری هەیە و لێشی ئەخۆن. من ئەو کاتە بیرم لەوە دەکرد کە مەبەست شیر و بەچکە و گۆشت و خوری و ئەو شتانەیە، بەڵام پاشان هەست و هزرم منی برد بۆ ئەوە کە ( سوودی زۆر) شتانێکی ترە کە من و خوێنەر هەستی پێ ناکەین، مەگەر لە گوزەری کات خوای گەورە دیدی دیدەی خوێنەر بگۆڕێت یان بیکاتەوە. چوونکە بەم ئایەتەی خوارەوە لە قورئانی پیرۆز گەیشتم بەوە و بۆم کرایەوە کە نیشانەکان و ئایەتەکان ئیتر بە شێوەی ڕێکخراو و دیار دانابەزێت، بەڵکو لە ئافاق و ئەنفس دەردەکەوێت، بەو مانا کە لە ڕووالەت لکاوە و شێواو و شپرزە دیارە، بەڵام لە ناوەڕۆک بە جوانی پێکاویەتی.

سنریهم آیاتنا فی الآفاق و فی انفسهم حتی یتبین لهم انە الحق او لم یکف بربک انە علی کل شیء شهید( فصلت ٥٣)

خودای گەورە پێش موحەممەد زۆر زانست و ژیر و حیکمەتی بە پەیامهێنەران بەخشی، بە تایبەتی ئیسرائیل خۆی و باوکان و کوڕەکانی، بەڵام بەو جۆرەی کە شایستە و لایق بوو ڕێزیان لێ نەگرت.

لە دەورانی یەهوود، چ باوکان و چ نەوەکان، دەورانی بەخششە زۆر و فراوانەکان بووە. هەرچی چیرۆک و باس و بەسەرهات هەیە کە باس لە کارە سەیر و گەورەکان دەکات، ڕۆژگارێک هەمووی قەوماوە. بەڵام بە هۆی بێڕێزی مرۆڤ و نەوەکانی ئادەم، بە تایبەت یەهوودەوە، ئەو هەموو بەهرە و توانایانە لە مرۆڤ سەنراوەتەوە. خوای گەورە ئەفەرمێت: و ان من شیء الا عندنا

خزائنه و ما ننزله الا بقدر معلوم (الحجر ٢١) ئەم ئایەتە بە من ئەگەیەنێت کە ئیتر خوای گەورە بەری بەخششە مەزن و فراوانەکانی گرتووە. ئەمە بە من ئەگەیەنێت کە باوک و باپیرانی من چەندە بێ لیاقەت بوون.

هەندێک شەو هەست بە هەناسە تەنگی ئەکەم، تۆپەڵەیەک هەست و هەناسە سەر سەروسینگم ئەگرێت و دونیام لێ تاریک و تەنگ ئەکات. پرسیارێکی ڕیشەیی هەمیشە لە دەروونم خۆی بۆم دەردەخات و ئێژێت کە: ئایا ئەم نەزانی و نەزانینە شایستەی منە!؟. وەک ئەوە کە وەڵامەکەی " نە" بێت!.

ئەو هەموو هەست و هەناسە پڕ جۆش و خرۆشانەی کە بۆ ناسین هەمبوو، وەک پەڕی مریشکێک وابوو کە بایەکی توند دەیباتە هەواوە، سەری لێدەشەوێنێت، بەڵام لە ناکاوە هەواکە لێی گوزەر دەکات و پەڕەکە بە ئەسپاییەوە دەنیشێتەوە زەویەوە. منیش ئاوەها سەرمیان لێ شێواند و سەرگەردانمیان کرد. بەڵام پاش دەورەیەکی سەرگەردانی و هەست و هەناسەی بە جۆش و خرۆشی شپرزە و شێواوەوە، بە ئارامی و ئەسپایی نیشتمەوە. ئیتر منیش کەڵکم لەو سادەیی و ساکاریەی قورئان وەرگرت، زانیم و ئەزانم کە وشەی سادە و ئاسان بەشی گرنگی لە سینگ و هەستەکانی ئەو کەسەیە کە ئێژێتی یان ئەینووسێت. لە بیرمە کە لە زانکۆ و حوجرە فەقێکان و قوتابیەکان دەم و دەستیان پڕ لە وشە و باس و بابەت دەکرد. خۆیان پێ زۆر گرنگ و ژیر بوو، بۆیە زۆرتر هەوڵیان ئەدا کە وشە و ناوە نامۆ و ڕۆژئاواییەکان بە کار بەرن. من ئەمزانی کە ئەو وشە و باس و بابەتانە کە لە نێوان دەم و دەستیانە، لە گەروویان نە چووەتە سەرەوە بۆ مێشکیان، وە نە چووەتە خوارەوە بۆ سینگیان.

لە کۆتایی گەیشتم بەوە کە:

" زاناکان، نموونە و وێنەی تایبەت بە خۆیان هەیە."  ئەو زانایانە بەو نموونە و وێنانە کە دروستی ئەکەن یان وەریدەگرن، کەشی کراوەی دەروونی خۆیان پیشان ئەدەن و ئاسۆکان بۆ نەوەکان ئەکەنەوە و بە خواستی خۆیان گەردش بە ژیر و هۆشی خوێنەری خۆیان ئەکەن و کاریگەری لە نەوەکان و نەوەکانی نەوەکان ئەکەن. ئیتر منیش گەیشتم بەوە کە دەبێت نموونە و وێنەی خۆم هەبێت و هیچ باک و ترسم لە خوێنەر یان وەرگر نەبێت و بە خواست و مەبەستی خۆم نموونەکان باس بکەم. نووسەر یان پێدەری وشەکان هەرچی بێمنەت و بێنیاز و ژیر و زانا بێت، ئارامش و ئاسایشێک بە نووسین و ڕستەکانیەوە دیارە. چوونکە هەستم بەوە کرد کە وشەکان و ڕستەکانی قورئان، ئارامش و ئاسایشێکی سەیر و مەزنی تێدایە!.

## شوانەکان و مەڕەکان

لە زستانێکی ڕەش و سارد لەگەڵ مامم چووم بۆ ئەوەی کە لە لەوەڕی پەزوپۆڵەکان یارمەتی بدەم و وەک بەردەستێک بم. ئەو ڕۆژە خۆم بە جلەوە هەڵپێچابوو و گۆچانێکی خۆشدەستم بە

دەست گرتبوو. هەورە ڕەشەکان و زەوی سەوز دوو ڕەنگی تیکەڵی ترسناک بوون. دڵم بەوە خۆش بوو کە ئەگەر شتێک قەوما ئەوە مامم لە من گەورەترە و چاوی لە من دەبێت.

لە سەر کێوێکی بەرزی سەر بە کێوەکانی دالاهۆ پەزەکان خەریکی لەوەڕ بوون. مامم لە سەر تەتەیەکی پان ڕوو لە دەشتی زەهاو لاتیری دابوو. منیش لە تەنیشتیەوە ڕووم لە زنجیرە کێوەکانی دالاهۆ کردبوو. شوێنێکی پڕ لە ترس و سامناک بوو، لەگەڵ ئەوەشدا گیا و بنچکەکانی سەر کێوەکانی دالاهۆ، بۆن و بەهایەکی تەوانای بۆ پەزەکان هەبوو. بزنەکان سەرەڕەویان دەکرد و پێیان خۆش بوو کە شاخەکانیان لەسەر لووتکەی یاڵە بەرزەکان دەر بخەن و دیار بێت. هەر بۆ ئەمەش من و مامم کاتی ئەوەمان نەبوو کە بە ئارامش لە شوێنێک دانیشین. بزن لەبەری ئەوەی کە گیای بن بەرد و شوێنی سەختی پێ خۆشە، سەرەڕەوی و نائارامی دروست دەکات. بزنەکان تەرا دروست دەکەن و بەلاو دەبنەوە و دەتووچێن و دەیانەوێت کە دەسڵاتی شوان و گۆچان تێک بدەن.

بە پێچەوانەوە مەڕەکان لە دەوری شوان دەسووڕێنەوە. مەڕەکان بە کۆمەڵ لە دەوری شوان دەسووڕێنەوە، مەڕەکان بۆ ئەوەی کە ئارامشی لەوەڕ بە دەست بهێنن و گۆشتی خۆیان شیرین بکەن، لە شوان دوور ناکەونەوە، بۆ ئەوەی کە ون نەبن و هەراس نەیانگرێت و هەرەس نەهێنن.

مەڕ کە بڕوات بە دەمی لەوەڕەوە دەچێت، لەبەر گیا دەچێت، هەر بۆیە بە کۆ دەچوون و دوور نەدەبوونەوە. مامی منیش هەر تاوێک جارێک لە شوێنێک هەڵدەستا و بەری مەڕەکانی دەشکانەوە و هەر لەو شوێنە کە بەریانی دەشکاندەوە دادەنیشت. ئیتر لەوەڕ لەو شوێنە دەبوو کە شوان دەیەویست. خواستی شوان زۆر گرنگە بۆ ئەوەی کە دیاری بکرێت پەزەکان ڕوو لە کوێ بکەن و شوێنی لەوەڕیان لە کوێ بێت؟ هەندێک جار مامم بۆ ئەوەی کە خۆی ئاسایشی هەبێت، بەهای نەدەدا کە مەڕەکان بۆ لەوەڕگای باش ببات.

ئەو شوانانەی کە دەیانەوێت مەڕەکانیان باش بلەوەڕێن، دەیانبەن بۆ کوێستانەکان و لە پەچە و گەلەخان دووریان دەکەنەوە و دەرفەتی مۆڵیان پێ نادەن.

پاش چەند هەفتە دیسان من بۆ ئەوەی کە یارمەتی مامم بدەم، خۆم بە دەزماڵ و شاڵ پێچایەوە و کەوتمە دوای پەزەکانەوە. مامم بە پێچەوانەی جاری پێشتر ئەم جارە پەزەکانی کردە تەنیشت زەویەک کە زەویەکەی تەنیشتی گەنمی کێڵراو بوو. ئەو ڕۆژە مامم ئەوەندە تاقەت و حەوسەڵەی نەبوو، هەربۆیە لە لادێوە دووریانی نەکردەوە.

بەرەبەیانێکی تر من و مامم ڕانمان دایەبەر و لە گۆڕی تەنیشت ئاواییە چووین بۆ کەژەکانی پشت ئاواییەوە. ئەو بەرەبەیانە مامم زۆر کەیفخۆش دەهاتەبەرچاو، هۆی ئەو کەیفخۆشیەیم نەدەزانی!.

مامم وتی: ئیمڕۆژ مەڕەکان ئەبەین بۆ نزیک ئاییەنەوەنەوە!.

ئاوایی ئایینەوەن هەندێک لە ئاوایی ئێمەوە دوور بوو. بۆم پرسیار بوو کە بۆچی مامم ئەمڕۆژ ڕانەکە ئەبات بۆ ئایینەوەن؟ بە دەمێکی شەکەتەوە وتم: جا بۆ ئەوەندە دووریان بکەینەوە!؟

مامم: ڕانەکە ئەکەینە ناو ئەو دۆڵ و دەراوانەوە و خۆمان لەسەر یاڵ و گردەکان بە ئیسراحەت دائەنیشین.

مامم لە بێکاری ببوو بە شوان، ئەگەرنە شوانی نەدەکرد و شوانی نەدەزانی. هەربۆیە دەیانیبرد بۆ شوێنانی بێ کێشە. لە بیرمە چەند جارێک بە بەرد دەست و پێی بزنەکانی شکاند. مامم زۆر زوو لە بزنەکان تووڕە دەبوو. هەر کە بزنێک تۆزێک دوور بچووبایەت، مامم بەردێکی تێ ئەگرت. جاری واش هەبوو مامم ئەوەندە تووڕە دەبوو، دەیەویست کە شاخی بزنەکان بشکێنێت.

لە ڕاستیدا مامم شوانی پێ کردە بوو نەک زانین. شوانی ئەکرد، بەڵام شوانی نەدەزانی.

کابرایەکی خزممان هەبوو کە هەر لە منداڵیەوە شوان بوو، کات و ساتی لەوەڕ و دەرکردنی مەڕوماڵاتەکانی لە هاوین و زستان ئەزانی. زۆر وەخۆوەبوو و وەرزاو بوو. هەردەم گۆچانی بە دەستەوە بوو. ئەو کاتەش کە دەهات بۆ مزگەوت، گۆچانەکەی لەبەر دەرگی مزگەوت دادەنیا. ئەم کابرایەی خزممان ئەوەندە ئەزموون و بیرەوەری شوانی هەبوو، نەیدەهێشت مەڕ مۆڵ بگرێت و نەیدەهێشتیش بزن تەرا بسەنێت. ئەو خزمەمان شوانی بەلایەوە هونەر و ئەرکێکی گەورە بوو.

# مەڕەکان لە نێوان مۆڵ و پەچەدا

مەڕەکان لە ڕۆژ و لە بەر تیشکی خۆردا، مۆڵ ئەدەن و سەر ئەکەنەناو یەکدیدا. لە مۆڵدا مەڕەکان بە چڕی لە ناو یەکدیدا کۆ دەبنەوە. بەڵام مەڕ لە پەچە پلەیەک لە سەرەوەی مۆڵە، بە شێوەیەک کە مەڕەکان لە زەویەکی بەستراوی بە پەرژینەوە پاڵ دەدەنەوە و لەو پەچەدا لە ناو یەکدی دەمێنێن و زۆربەی کات دەمیان بە کاوێژەوەیە. مەڕەکان لە کاتی ئێواران بە تایبەت لە شەودا لە پەچە دەکرێن.

# مەڕەکان لە نێوان پەچە و گۆڕدا

هەرچۆن وتم، پەچە شوێنێکی کراوەتر و فراوانتری بە پەرژینەوەیە، بەڵام گۆڕ پلەیەک فراوانتر لە پەچەیە. پەچە شوێنێکی کراوەیە کە دەست و چاوی شوان و خاوەن لەسەریە و زۆربەی کات گۆڕەکان لە نزیک بە لادێ و ئاواییین.

مەڕەکان لە بەهاران و ئێواران لە گۆڕەکان بەردەدرێن و دەمێننەوە. گۆڕ بۆ مەڕ شوێنێکی ناسیاو و ئارام و بێکێشەیە، لەبەر ئەوەی کە دەست و چاوی زۆر پاسەوانی ئەکات. گۆڕەکان نەک تەنیا شوێنی مەڕەکانە و ئاژەڵەکانی ترە، هەروەها شوێنێکە بۆ خەڵکی ئاوایی بۆ ئەوە کە تێدا دەمەوئێوارانی خۆیان بگوزەرێنن.

مەڕ لە نێوان مۆڵ و پەچە و گۆڕدا دەژی و دەمێنێتەوە و هەرگیز لەو سێ پلە و پێگە ناچێتە سەرەوە.

## ناوەکان و نەوەکان

هەروەها ناوەکان بە خواستی خۆیان نەوەکان دەبەن، بە خواستی خۆیان پلە و پێگە و ژینگە و نەخشەی وشەکان و ڕستەکان و ناوەکان دیاری دەکەن. لە هەر دەورە و ژینگەیەک ناوێک یان چەند ناو ژینگە و نەخشەی وشەکان و ڕستەکان دیاری دەکەن، ئەو چەند ناوە وەک خاوەندار، پلە و پێگە و ژینگە و زەمینە و زەویەکی وەک مۆڵ و پەچە و گۆڕ دروست دەکەن کە بۆ هەمیشە کاریگەری لە نەوەکان دەکات. دەستەیەک لە ناوەکان بە بەر و بەرهەمەکانیانەوە بە شێوەیەکی کاریگەر و فراوان ئەو پێگانە دیاری ئەکەن، بەڵام هەندێک لە ناوەکان لە بێ ناوی و بێکەسی دەبن بە ناو و کەس، وەک مامم کە لە بێکاری ببوو بە شوان**!**

ناوەکان هەست و دەروون بۆ نەوەکان دروست ئەکەن، بەڵام دەبێت ئاگادار بین کە دەستەیەک سیفەت و هەست لە دەروونی مرۆڤەوە دروست دەبێت. بۆیە دەستەی زۆر لە نەوەکان وەک مەڕ هەمیشە دەبێت شوان و مۆڵ و پەچە و گۆڕیان هەبێت. دەستەیەکی تر بە پێچەوانەوە، بەسەر مامۆستاکانی خۆیان بە حەق یان ناحەق زاڵ ئەبن، وەک بزن کە هەر هەوڵ دەدات دەرچێت و مۆڵ و پەچە و گۆڕ و گۆچان بشکێنێت و بشەوێنێت.

من لەوانە بووم کە دەروون و ناوەڕۆکم وەک مەڕ نەبوو، ڕقم لە مۆڵدان و پەچە و گۆڕ بوو، هەردەمیش وەک بزن سەرەڕەو و ملەبڕ و تاکڕە بووم و حەزم لە بەرزی و شاخشکاندن بووە. دەستەی زۆر لە نەوەکان هەر وەک مەڕ پێیان خۆشە کە لە بن دەم و دەستی مامۆستایەک بمێنێن و مۆڵ بدەن. لەبەر ئەوەی کە سروشتیان ئاوەهای دەوێت. هەندێک لەو نەوانە ئەگەر زۆر گوشار لە ژیر و بیری خۆیان بکەن و بیانەوێت کە پلەیەک بڕۆنە سەرەوە، بۆ پلەی پەچە یان گۆڕ گوزەر ئەکەن.

ناوەکانی خاوەن بیر و دەروون کە دەست و دەسڵاتیان بەسەر ئەدەب و فەرهەنگی نەتەوە و نەوەیەک هەیە، بە هەست و هزرەکانی ناو نووسین و بەرهەمەکانیان، کەوان و کەش و ئاسۆ و مۆڵ و پەچە و گۆڕ بۆ نەوەکان دیاری ئەکەن، بۆ نموونە لە حوجرەکان و زانکۆکان ناوێک یان چەند ناوێک، ناویان زیندوو و بەرز دەکرێتەوە وە دەبنە خاوەنداری هەر هەمووی ئەو کەسانە کە بە وشەکان و ڕستەکانەوە خەریکن. لە دەورانی حوجرەدا ناوی دکتۆر یوسفی قەرزاوی وەک ناوێک کە دەبێت وەک ئیمام و نموونەیەکی زیندوو کەڵکی لێ وەربگیرن، ناوی بەرز کرایەوە.

ناوی یوسفی قەرزاوی بە دەستی مامۆستا عەبدولعەزیزی سەلیمی کە وەرگێڕی نووسینەکانی قەرزاوی بوو، بەرز کرایەوە. مامۆستا سەلیمی وەرگێڕی زۆرێک لە نووسینەکانی دکتۆر قەرزاوی بۆ فارسی بوو. هەر ئەو مامۆستا بووە هۆی ئەوە کە نووسینەکانی قەرزاوی و ناوی قەرزاوی وەک نموونەیەکی ئیسلامی لە نێو کوردە موسوڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەشە بکات.

وەرگێڕانەکانی مامۆستا سەلیمی لە عەرەبی بۆ فارسی کاریگەری هەبوو بۆ ئەوەی کە ناوێکی ئیسلامی لە نێو کوردەکان بکرێتەوە. ئەم مامۆستا یەکێک بوو لە دۆستانی مامۆستاکانی حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری کە جار بە جار بۆ وتارێک و ئامۆژگاریەک سەردانی حوجرەکەی ئێمەی دەکرد. نەک تەنیا مامۆستا سەلیمی، بەڵکو مامۆستایانی حوجرە لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ناوی یوسف قەرزاوی وەک نموونەیەکی سەرکەوتووی ئیسلامی بە فەقێ کوردەکان بناسرێت. هەر بۆ ئەم کارەش بەرهەمە وێنەیی و نووسراوەییەکانی مامۆستا قەرزاوی بۆ فەقێکان ئامادە دەکرا بۆ ئەوەی کە لەسەر ناوی ئەو مامۆستا ناوەڕۆکی خۆیان بگرنەوە. لە بیرمە جارێک مامۆستا سەلیمی هات بۆ حوجرە بۆ ئەوەی کە قسە بۆ فەقێکان بکات، فەقێیەک کە لە تەنیشت من دانیشتبوو بە ئەسپایی دەمی هێنایە بن گوێم و وتی: سەیری شانەکانی مامۆستا بکە، یەکێکیان لە خوارترە!.

ئەو فەقێیە دەیەویست بە من بڵێت کە مامۆستا سەلیمی ئەوەندە دەست بە پێنووس لەسەر کتێب و کاغەز دانیشتووە، شانێکی هاتووەتە خوارەوە. لە ڕاستیشدا مامۆستا قەرزاوی نەک تەنیا شانی مامۆستا سەلیمی هێنایە خوارەوە و داینیشاند، بەڵکو سەرجەم نەوەکان و فەقێکانی بە لەش و هۆشەوە دانیشاند و مۆڵی بە هەموویاندا.

ناوی یوسفی قەرزاوی نەک تەنیا لە نێو کورد، بەڵکو لە نێو نەوەکانی نەتەوەکانی تر بە وێنە و نووسراوە وەرگێڕدرا و بووە نموونەیەک بۆ ئەوەی کە نەوەکانی نوێی موسوڵمانان لەسەر ناوی یوسفی قەرزاوی ناوی خۆیان دامەزرێنن.

بەهای ناوی قەرزاوی لەوە بووە کە دەوری بە دەستەیەک لە باس و بابەتەکان داوە کە هەوڵی " لکانی" لەگەڵ بابەتەکانی سەردەم تێدایە، وەک مافەکان و ئابووری و هونەر و سیاسەت و مەعریفەت و کۆمەڵناسی. کار کردنی قەرزاوی لەم بوارە بووە هۆی ئەوەی کە وەک ناوێکی سەردەم هەڵبژێردرێت بۆ ئەوەی کە نەوەکان بە تەراز و هاوشانی ناوی ئەو دروست ببن.

گەشە و بانگەشە بۆ ناوی قەرزاوی، کاریگەری تەواوی لە نێو نەوەکانی کورد و فارس و عەرەب کرد. ئیتر بە ناوی ئەوەوە نەوەکان گەورە دەبوون. ئیتر نەوەکان بە نووسراوەکانی قەرزاوی باش ئاشنا بوون، وە لە ڕێگەی لێکدان و تەویرەکانی ئەو مامۆستایەوە فێری ئەوە دەبوون کە بە دانیشتنەوە بەرگری لە ناوی ئیسلام و دین بکەن. هەروەها لە ڕێگەی ئەو ژینگەی کە قەرزاوی بۆ بیری ئیسلامی نوێ دروستی کردووە، نەوەکان بیر و هەستەکانی خۆیان دەزێنن و گەشەی پێ دەدەن.

ئەم باس و تەویرە تەنیا لە حوجرەدا نەبووە، بەڵکو لە زانکۆی سەلاحەدین ئاوەها کێشەیەک یەخەی قوتابیانی گرتبوو. مامۆستاکانی بەشی کۆمەڵناسی تەوانی ئەوەیان نەبوو کە گەشە بە ناوێکی تایبەتی بدەن. تەواوی کاری ئەوان لەسەر ناوەکانی ڕۆژئاوا بوو لە دوورەوە.

تەنیا ناوێک کە لەسەر زاری هەر هەمووی مامۆستاکان بوو، ناوی عەلی وەردی بوو. عەلی وەردی مامۆستایەکی عەرەبە کە لە بواری کۆمەڵناسی خاوەن قسە و کتێبە. ئیتر مامۆستاکانی بەشی کۆمەڵناسی لە ناوی عەلی وەردی وەک نموونەیەکی سەرکەوتوو کەڵکیان وەردەگرت. دووهەم ناوێک کە مامۆستاکان ناویان یاد دەکردەوە، ناوی " ئیبنی خەلدون" بوو کە ناوی ئەویان لە کۆمەڵناسی عێراقیەوە بۆ نێو کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەدین هاوردبوو. ناوی ئیبنی خەلدون لە ڕێگەی عەلی وەردیەوە گەشە کردووەتە نێو کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەدین.

کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین لەبەر ئەوەی کە خاوەندار و دەرەبەگی تەوانای نەبوو، هەر مامۆستا و قوتابیەک ڕووی لە ناوێک دەکرد. دەستەیەک لە قوتابیەکان و مامۆستاکان بە هاوکاری ناوەکانی فارسیەوە خەریک دەبوون. دەستەیەکی تر لە قوتابیەکان بە هاوکاری ناوە عەرەبیەکانی تر وەک موحەممەدی ئارەگۆن و موحەممەدی حەرب خۆیان خەریک دەکرد.

ئەو قوتابیانەی کە لە ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە لە زانکۆی سەلاحەدین دەیانخوێند، بە خواستی خۆیان کە ئەو خواستەش لە لایەن فارسەکانەوە دروست ببوو، خەریک بە ناوەکانی وەرگێڕدراو بۆ ئەدەبی فارسی، وەک ئالبر کامۆ و میشل فۆکۆ و ژاک دریدا... بوون. ئەو ناوانەش هەر هەموویان فەرەنسەوی بوون.

تەنیا مامۆستایەک کە ئاشنا بە تۆڕی ناوەکان بوو، دکتۆر حەمید عەزیز بوو کە ئەوەندە گاڵتەی بە باروودۆخی زانکۆ و کورد دەهات، باسی هیچ یەک لە ناوەکانی نەدەکرد. تەنیا لە گۆڤاری ڕامان بۆ خوازیارانی فەلسەفە باسی لە ناوەکانی ئاڵمانەوە دەکرد، بە تایبەت لەوانە بوو کە باسی ناوی مارتین هایدگری دەکرد و ناوی هایدگری بۆ نەوەکانی کورد وەردەگێڕد.

دەستەیەک لە مامۆستاکانی بەشی کۆمەڵناسی وەک مامۆستا ڕێبوار سیوەیلی و موسڵح ئیروانی و موراد حەکیم ڕوویان لە ئەو ناوانە بوو کە فارسەکان وەک خاوەن مەعریفەت باسیان لێ دەکرد. فارسەکانیش ناوی ئانتۆنی گیدنزیان وەک کۆمەڵناس بۆ نەوەکانی فارس هەڵبژاردبوو. مامۆستا کوردەکانیش بە هاوکاری ئەو ناوانەی کە فارسەکان گەشەیان پێداوە، تۆڕی ناوەکانیان بۆ نەوەکانی کورد دەکردەوە.

" لە دەهۆڵ دەپرسن، کێ دۆستتە؟ دەهۆڵ دەڵێت: دوزەلە!."

ناوەکان گەر بۆ نەوەیەک کرانەوە کاریگەری لە خوێن دەکەن. کەسێکی وەک قەرزاوی کە بۆ کورد کرایەوە، گەشەی بەوەدا کە کوردەکان هەردەم خەریک بە پێنووس بن. ناوی مەلا کرێکار کە بۆ کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان کرایەوە، گەشەی بەوەدا کە چەک هەڵبگیردرێت. هەروەها شێخ سەعیدی نەقشبەندی لە مزگەوتی فاروقیەی شاری ڕوانسەر، تەزوێی بە دەستی دەروێشەکانی دەدا!.

خاڵە حەیدەر کە لە کوردە ئاوارەکانی ئێران بوو، باسی ئەو کاتەی بۆ من کرد کە بە ناوی نیچە ئاشنایەتی پەیدا کردبوو. وتی پاش ئەوەی کە بە ناوی نیچەی ئاڵمانی ئاشنا بووم، ئاگری لە

کتێبخانەکەی من بەردا. وتی هەر کە نیچەم خوێندەوە، کتێبەکانی تری نووسەرەکانی ترم حەڕاج کرد. ناوی لودویگ ویتگنشتاینی هێنا و وتی: بە خوا خاڵە گیان کتێبی ویتگنشتاینم دا بە کەسانی تر، باسی لە ماتماتیک دەکرد، گاڵتەم بەوە دەهات کە ڕاستی لە کتێبەکانی ویتگنشتاین بێت، حەڕاجم کرد!.

حەیدەر پاش ئەوەی کە ناوی نیچەی بۆ دەکرێتەوە، وشەکان و ڕستەکانی نیچە کاریگەری لە خوێنی دەکات و ئیتر وەک ئاوارەیەک لە زەوی بۆ خۆی دەسووڕێتەوە و دەخولێتەوە. ئەو کاریگەریە وایکرد کە حەیدەر لە ماڵ و بنەماڵەی دوور بکەوێت و هەرگیز لە کۆی کەسانی تردا مۆڵ نەدات. حەیدەر و ئەو گەڕان و نائارامی و نامورادیەی کە لە گیان و ژیانی نیشتبوو، وایکردبوو کە نەفەرەت و ژەهر لە دەم و دەروونی دروست ببێت. حەیدەر خۆی دەیوت کە نیچە لەو کەسانەیە کە کاریگەری لە خوێنی زۆر لە قوتابیەکان و نەوەکانی فارس کردووە.

فارسەکان ناوی نیچەیان بە حەیدەر ئاشنا کرد. ئیتر هەر لە ڕێگەی ئەو ناوەوە ژیانی حەیدەر کۆڵەکە و کەپری هەمیشەیی خۆی دامەزراند.

ناوەکان و ئەو دەستەی کە ناوەکان بە نەوەکان ئاشنا دەکەن، تەوانی ئەوەیان هەیە کە بە خواستی خۆیان گەشە بە ئەدەبی مرۆڤی بدەن. خاوەندارانی کورد دەبێت لەوە وریا بن کە نەوەکانی کورد بە دەم و دەستی هەر وەرگێڕ و مامۆستایەک نەکەنەوە. ئەو ناوانەی کە لە ناوی خوا نزیک دەبنەوە و هەوڵی ئەوە دەدەن کە لە ڕێگەی ناوە پلە بەرزکراوەکانەوە و چیرۆکەکانیانەوە دەرگایان بۆ بکرێتەوە، لە ڕووناکی نزیک دەبنەوە.

هەروەها بە ئەو وێنەیە کە لە خۆم و مامم و شوان و مۆڵ و پەچە و گۆڕ گێڕامەوە، خواستی ئەوەم هەیە کە نەوەکانی کورد بە دەست و گۆچانێک و پێنووسێک نەشکێنەوە، یان بە ناوێک و چیرۆکێک نەبەسترێنەوە و ڕوومەتیان داگیر نەکرێت و ڕوویان لە قیبلەیەک نەکرێت و بە دەرگایەک و مۆڵ و پەچە و گۆڕێک نەبەسترێنەوە. خواستی ئەوەم هەیە کە دیار و ڕوون بێت کە نەوەکان دوو سیفەتی مەڕ و مۆڵدان یان بزن و شاخ و گۆچان شکاندن لە سروشتیان هەیە. لە گوزەری دەورەکانی پەروەردە بوون دەردەکەوێت کە کام لە نەوەکان مۆڵدەر و کام لەوانە شاخشکێنن!؟ ئەو دوو جۆرە دژ بە یەکەیە، لەگەڵ یەکدایە.

جارێک کوڕێکی کورد وتی: هەشتاکان دەوری ئیبراهیم تاتلیس بوو!.

دەیەیەک و دەورەیەک، ناوێک یان چەند ناو، خەڵک و نەوەکان بە خۆیانەوە خەریک ئەکەن و نەوەکان بە خۆشەویستان و مەعشوقەکانی خۆیان ئاشنا ئەکەن، هەروەک ئیبراهیم کە ماقی و گۆرانی ماقی ناساند، هەروەک نالی کە خەرمان خەرمان شیعری بە ناوی حەبیبەوە نووسی. سەرجەم هەستی بن شیعر و ئاوازەکانی ناوەکان کە بە هۆی خۆشەویستێکەوە دروست دەبێت، سنوور و پەچە و کەشێکی دەروونی بۆ نەوەکان و خەڵک دروست دەکات.

لە بیرمدایە کە ڕۆژێک کوڕێکی فارس باسی لە وزەکانی مرۆڤ و تەواناکانی مرۆڤ دەکرد و پێی خۆش بوو کە لەسەر ئەو باسە قسە بکات. چەند دۆستێک بوون کە بە قسەی خۆیان خوێندەوار و شارەزاری کتێب و زانستی دەروونناسی بوون، لەگەڵیان دانیشتبووم کە پێکەوە چایەک بخۆینەوە.

لەگەڵ ئەو چەند فارسە ئەوەی کە بۆ من بەهای هەبوو، ئەوە بوو کە سەرچاوەی باسەکانی ئەوانە لە کوێوەیە!؟ ئەم پرسیارە باشترین ڕێگە بوو کە لە بارودۆخی دەروونی ئەو چەند دۆستە ئاگاە بم و لەسەر ئەو سەرچاوە قسەکانی خۆم بکەم.

پرسیارم لە یەکێکیان کرد: بەڕێز، دەتوانی بە من بڵێیت کە قسەکانت لە چ قەمێک ئاوی خواردووە؟

وتی: من کتێبەکانی زۆر لە دەروونناسە ڕۆژئاواییەکانم خوێندووە، بەڵام فرەتر ئانتۆنی ڕابینز و دیل کارنگیم خوێندووەتەوە.

کە ناوی ئەو دوو ناوەی هێنا زانیم کە ئەوانە لە چ ئاست و بارودۆخێکی دەروونیدا دەژین. ڕابینز و کارنگی ئەو دوو ناوەن کە لە هەژاریدا خولقاون. ئەو دوو ناوە بە وانە وتنەوەی دیداری و کتێب هەوڵی ئەوەیانداوە کە ڕێ و شوێن بۆ سەرکەوتنی تاکانە بە گوێگرانیان بگەیەنن. سەرکەوتنێک کە لە ناکاوە مرۆڤ بگەیەنێت بە گەنجی لە ناکاو و شاراوەوە. وەرگێڕە فارسەکان ئەو دەستە وانانەیان بۆ نەوەیەک وەرگێڕاوەتەوە کە نەزان بوون پەنا بە چ ناوێک بەرن بۆ ئەوەی کە ببن بە خاوەن گەنج و سەرمایە!؟ فارسەکان لەو مرۆڤانەن کە دەیانەوێت بە زوویی بە سەرمایە و گەنجەکان بگەن، هەر بۆیە ئەو دەستە ناوانە کە گەشەی ئەو جۆرە ڕێگانە دەدەن، لە نێو فارسەکان خوێنەر و وەرگری هەیە.

کە فارس بێت و بە ناوی ڕابینز و کارنگی گەشەی کردبێت، لە دڵی خۆمدا وتم: ئێوە زۆر دوور و پەرتن لە ڕووناکی و ڕاستی، هەر ئەوە باشە کە واز بهێنم و چاییەکەم بە قەندەوە بخۆم!.

وێنەی ئەوە بهێنە پێش چاو کە لە بن تۆپبارانەکان لەسەر خاکی کوردستان، شاعیرێک کۆڕێکی شیعر بگێڕێت و بە دەست و دەمی پەرێشان شیعر بڵێتەوە. کورد، جگە لە دووانەی کەر و هەڵۆ، دووانەی بزن و مەڕی تێدایە. لە نووسینەکانی پێشتر باسی ئەوەم کرد کە کەر بە پێ ڕێگە و سنوورەکان ئەناسێت و پێیدا گوزەر ئەکات و تێدا دەمێنێتەوە، وە هەڵۆ بە باڵ ڕێگە و سنوورەکان بۆی مانای نیە، بەڵکو بە عەشقی باڵ و فڕینی خۆی ئەچێت. هەرچۆن کورد مرۆڤی شاخشکێنی بە دنکە تێدا بووە، بەپێچەوانەوە دەستە دەستە مرۆڤی مۆڵدەر و پەچەخواز و شارنشینی تێدا بووە و ئێستەش هەر بەردەوامە، بۆ نموونە شاعیرەکان ئەو کەسانەن کە لە شار کۆڕ دروست ئەکەن.

من لە حوجرە و زانکۆ و هەر دەورەیەکی ژیانم، هەوڵمداوە کە کۆڕ و مۆڵ بشەوێنم و تێکی بدەم. یوسفی قەرزاوی فەقێکانی بە خوێندن، وە عەبدولباست موسوڵمانەکانی بە قەرائەت دادەنیشاند. من بێزارم لەوانە کە نەوەکان دادەنیشێنن. کەیفم بەوانە هاتووە کە شاخدەشکێنن و شاخدەبەزێنن.

شوانەکان و ناوەکان دەبێت شوانی و خاوەنداری بزانن، بەو مانا کە ئەگەر بزنێک چوو و سەرەڕەوی کرد، یان ئەگەر فەقێ یان قوتابیەک قسەی زلی کرد و لووتبەرز بوو، بەردی بۆ نەخەن و بە گۆچان سەرولووتی نەشکێنن، بەڵکو دەبێت زەمینە و ڕێگەی چوونی بۆ خۆش بکرێت. شوانەکان و ناوەکان دەبێت بزانن کە دەستەیەک لە نەوەکان مۆڵدەرن و دەستەیەکی تر شاخبەزێنن. شوان دەبێت هونەرمەند بێت. دەبێت ئەوە بزانێت کە زۆربەی نەوەکان مۆڵدەر و پەچەخوازن، بۆیە گەر فەقێ یان خوێندەوانێک پەیدا بوو کە ویستی مەلا و مامۆستای خۆی بە هەست و ڕستە ببەزێنێت، ئەوە دەبێت جێژن بگرن و شادمانی بکەن کە مرۆڤێکی بەزێنەر و ڕەوەندە هەڵهاتووە یان هەڵکەوتووە!.

# سیخ و سەروپێ

## جیاوازی ناسین و ناسینەوە

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی من ئەوەیە کە بە شێوەی سروشتی " هەوڵ" ئەدەم کە ڕەوشی تایبەتی خۆم بۆ ناسین هەبێت و خۆم لە پێڕەو و شێوازەکانی ناسینی ئەوانی تر دوور بگرم. لەوە دڵنیا بن لە دیدی هەر مرۆڤێک و ناسینی هەر مرۆڤێک دەتوانێت کە جیا و خاوەن و جیاواز و خۆجوان[6] بێت.

کەسانێک بۆ ئەوەی خۆیان جیا بکەن و خۆیان جیاواز بنوێنن، شێوە و ڕەوشی دەستکرد بۆ ناسینی شتەکان دادەنێن یان دەیدۆزنەوە، بەس لەبەر ئەوەی کە پێ لەسەر ڕێ و ڕێبازی ئەوانی تر نەنێن. بە پێچەوانەوە کەسانێکی دنکە و دەگمەن بە شێوەیەکی سروشتی و تایبەت ڕەوش و شێوەی تایبەتی بە خۆیان هەیە.

لە بیرمە کە جارێک لەگەڵ کوڕێک لە سەرشەقام ڕێم دەکرد. ئەو کوڕە وتی: من بۆ ئەوەی کە کەسەکان بناسم، بە پێڵاوەکانی ئەوانەوە دەیانناسمەوە!.

منیش هیچم نەوت و وتم بەشکە ئەوە شێوەی تایبەتی بە خۆی بێت. ماوەیەک بەسەر ئەو ڕۆژە چوو تا ئەوەی کە شەوێک لە تەلەفیزیۆن باسی ئەوەی کرد کە کەسانێک لە ئاڵمانەکان بۆ ئەوەی کە کەسێک بناسن، بە پێڵاوەکانیان لێکیان ئەدەنەوە.

ئەم هەواڵ و باسە منی برد بۆ ئەوە کە بۆی هەیە ئەو کوڕە کورد ئەو شێوەی لێکدانەی بۆ ناسین لە ئاڵمانەکان وەرگرتبێت. هۆکاری سەرەکی لەوە کە دڵنیا بووم ئەو کوڕە کوردە لە ئاڵمانەکان

[6] _ خۆجوان وشەی هاوشانی جوان و قەشەنگە کە لە ناوچەکانی گەرمیانی کوردستان بە کار دەچێت.

وەریگرتووە، ئەوە بوو کە ئەو کوڕە لە ناخ و ناوەڕۆکیەوە کەسێکی بەخشندە و بەرهێنەر نەبوو، بەڵکو کەسێکی وەرگر و وەرگێڕ بوو.

سروشت و ناشیرینی و جوانیەکانی، لەگەڵ یەکدی تێکەڵ بووە. مەبەستم ئەوەیە کە جیا کردنی شێوەکانی سەرەکی ناسین و وردە شێوەکانی ناسینەکان و جوانی و ناجوانیەکان لەگەڵ یەکدی تێکەڵ و پێکەڵ بووە. دەم و دەروونی شارەزای دەوێت بۆ ئەوەی کە ئەو تێکەڵ و پێکەڵیە بە بێ شکاندن و ورد کردنی ناڕاست بۆ کەسانی نەزان و نادان جیا و جیاواز دەربخات.

نموونەیەکی ورد و جیاواز:

من بۆ ئەوەی کە مرۆڤێک لێک بدەمەوە، یەکێک لە پێڕەو و شێوەکان، شێوە و وێنەی ئەژنۆی ئەو مرۆڤەیە. بە شکڵ و شێوەی ئەژنۆ جۆری، ئەو مرۆڤە و دەروون و نەکراوەکانی ئەو کەسە لێک دەدەمەوە. بەڵام بەو مەرجە کە ئەژنۆی ئەو مرۆڤە ببینم!.

گلەیی و ڕەخنەی خۆم ئەوە بوو کە من ناتوانم ئەژنۆی هەموو کەس ببینم!؟ هەروەها ناتوانم کە بۆ ناسین پێداگری لەسەر پێڕەو و ڕەوشێک بکەم کە بەشێکی تایبەتی لەشی مرۆڤەکان بێت!.

لە ڕاستیدا من زۆر لە بەشە نەکراوەکان و شاراوەکانی مرۆڤ نزیک دەبمەوە. ئەمە کێشە نیە، بەڵکو تایبەت بە دید و بینین و شێوە و ڕەوشی سروشتی تایبەتی منە. بۆیە لۆمەی خۆم ناکەم و ئەم شێوەیە جوان و جیاواز دەبینم.

گرنگیدان بە شێوەی ئەژنۆ، ڕەوشێکی تایبەتە بە ناسینەوەی کەسێک. بۆیە دەبێت لێرە ناسین و ناسینەوە لە یەکدی جیا بکەینەوە. ناسین وشەیەکی پتەوتر و گەورەتر و فراوانترە لە ناسینەوە. ناسین دەبێتە زانست، ناسین هاوتای وشەی (حیکمەت و مەعریفەت) لە زمانی ئیسلامیە. ناسین زۆر لە ژیر و عەقڵەوە نزیکە تا کتێب و ڕستەکان. بە شێوەیەکی تر، ناسین زۆر لە ڕەحمی ژنەوە نزیکە تا ئەو منداڵەی کە هاتووەتە دونیا و دەرەوە. بەڵام ناسینەوە نیشانە و ئاماژەیەکی کەم و کورتە. ناسینەوە زۆرتر لایەنی جوانی و کردنەوەی هەیە، بۆ نموونە بزمارێک لە دارێک کوتراوە، کەسێک دەریدەهێنێت و لە شوێنێکی تر بە کاری دەبات. بەو مانا و مەبەستە کە کاری کەم بەو ناسینەوە و بزمارە دەکرێت. بۆ نموونە کەسێک کە مەڕی بۆ قوربانی کردن بوێت، دەست لە گۆشتی پشتی ئەکات، وە کەسێک کە مەڕی بۆ بەر و مانەوە بوێت، سەیری دەم و ددانی ئەکات.

ئەژنۆناسی و شێوەی ئەژنۆ زیاتر باسی لە ناسینەوەی مرۆڤەکانە تا (ناسین) ی مرۆڤەکان. هەروەها و لەگەڵ ئەوەدا دەتوانێت کە ئاماژە بەوە بێت کە ئەو کەسەی کە خاوەن ناسینەوەی تایبەتی بە خۆیەتی، زەمینەی ئەوەی تێدا هەیە کە ڕەوش و پێڕەوی بۆ (ناسین) هەبێت.

## سیخ و سەروپێ

**زانست و ناسین بە دەست نیە، زانست بە ڕوومەتە.** لە حوجرەی موحەممەد ئیقبالّی لاهوری و زانکۆی سەلاحەدین زۆر کتێبی فارسی و عەرەبیم بە دەستەوە دەگرت و ئەمسەروئەوسەرم پێیان دەکرد و لەگەڵ خۆم باریانم دەکرد. خوای مەزن ئاگاهە کە جگە لە ماندوویەتی شتێکم لە بارکردنی ئەو کتێبانە بۆ نەدەمایەوە.

لە زانکۆی سەلاحەدین بە وانەی تیۆرەکان بۆم دەرکەوت کە من لە ڕێگەی ناوەکانەوە دەمەوێت کە بە ناسین بگەم. ناسین و زانست لە ڕوومەتێکەوە دەست پێ دەکات. هەروەها زانست لەسەر بەخشندەیی بە خوازیاری زانست دەدرێت.

ئەو دەمە کە زانیم من لە ڕێگەی ناوەکانەوە دەمەوێت بە ناسین بگەم، ئەوەم بۆ بەدەرکەوت کە من لە بەرەتاوە بەهام بە ناوەکان داوە، وە هەرگیز خواستی ئەوەم تێدا نەبووە کە بە کتێب، ناسین بە من ببەخشرێت. لە حوجرەدا بەهام بە ناوی سەید قوتب و ناسری سوبحانیدا، بەڵام هەرگیز هەوڵی ئەوەم نەدا کە لە ڕێگەی بەرهەمەکانی ئەوانەوە لەگەڵ ناوی ئەوانەوە ئاشنایەتی بە دەست بهێنم. هەروەها لە دەورانی زانکۆ و پاش زانکۆ کە لەگەڵ دەستە ناوێکی تر ئاشنا بووم، هەوڵی ئەوەم نەدا کەلە ڕێگەی بەرهەمەکانی ناوەکانەوە بە ناسینی ناوەکان بگەم.

ناوی دانەرانی تیۆرەکان و تەفسیرەکان بۆ من بەهای هەبوو، وە دەمزانی کەلە ڕێگەی تۆڕ و شەجەرەی ناوەکانەوە ڕێ بۆ چوون هەیە. بەهای ناوی دانەرم لە ڕوومەتی دانەر ئەبینی تا ئەوەی کە بەهای لە بەرهەمەکانی ببینم. من بە هێنان و بردنی ناوی دانەران و ڕوومەتیان و بیر کردن و هەناسە کێشان بە ناویانەوە، هەوڵی ئەوەمدا کە بەناوی خوای مەزن لە ڕێگەیەکی تایبەت بە خۆم بە ناسینی ناوەکان بگەم.

پرسیار ئەوەیە کە بۆ من لە جیاتی ئەوەی کە بەها بە بەرهەمی ناوەکان بدەم، بەهام بە ڕوومەتی ناوەکان داوە!؟

ناو و ڕوومەت پێگەیان لە یەکدی نزیکە. کاتێک کە خواستێک و دڵێک هەیە بۆ ئەوەی یادی ناوێک بکرێتەوە، باشترین ڕێ ئەوەیە کە بە ڕوومەت لە بەرانبەر ڕوومەتی ئامادە بیت.

سەرچاوەی ئەم جۆرە ئەدەبە بۆ ناسین لە ڕستەکانی دینەوە بۆ مرۆڤ لە مێژە کە دانراوە و نێردراوە. کەسانێک لە مێژوودا بە هاوکاری ئەو ڕێگە بە ناسین و زانست گەیشتن. خوای مەزن بە خواستی بەرز و پیرۆزی ناسینی بە ناوەکان بەخشیوە. خوای مەزن بە خواستی پیرۆزی ڕستەکان بە ناوەکان و ڕوومەتەکان دەبەخشێت.

## چۆنیەتی هەوڵی من بۆ ناسین یان کرانەوەی ناوەکان

**لە کاتی منداڵی کە بەردەوام دەچووم بۆ مزگەوت، هەمیشە پیاوانی پیرم دەبینی کە لە ڕیزی پێشەوە دادەنیشتن. پیاوە پیرەکان شوێنی خۆیان لە مزگەوت دەناسی. هەربۆیە کەس نەیدەوێرا شوێنی ئەو پیاوە پیرانە بگرێت. پیاوە پیرەکان بە هۆی ئەوە کە کاروباری تایبەتیان نەبوو،**

زووتر لە خەڵک دەهاتن و خۆیان بە یاد و زکری خوداوە خەریک ئەکرد، هەروەها دەیانەوت کە ڕیزی پێشەوە خێر و بەرەکەتی زۆرتری بۆ نوێژخوێن هەیە.

منیش لەبەر ئەوەی کە پیاوە پیرەکان هەست و هەناسەی خۆشیان هەبوو، وە لەبەر ئەوەی کە بە ئەسپایی و ئارامی هەڵدەسان و دادەنیشتن، حەزم دەکرد بچمە ڕیزی ئەوانەوە. لە ڕاستیدا زۆر کەیفم بە ڕیزی منداڵەکان و گەنجەکان و هاوشانی ئەوانەوە نەدەهات، لەبەر ئەوەی کە زۆر جموجۆڵیان دەکرد. زۆرجار لە کەناری پیاوە پیرەکان دادەنیشتم و سرنجم لە دەم و دەست و تەسبیحیان دەدا. پیاوە پیرەکان بە دەست و دەم و تەسبیحەوە بەردەوام خەریکی زکر و یادی خوا بوون، بۆ ئەوەی کە لە خوا نزیک ببنەوە. پاش ئەوەی کە ئەو وێنەیەم لە پیاوە پیرەکان لە دەروونم هەڵگرت، پاش چەند ساڵ ئەو چیرۆک و ئەو بەردەوام وتنەوەی ناو خوای گەورە، منی برد بۆ ئەو بنەما و ڕستەیە کە " بەردەوام وتنی ناو لەسەر دەم و دەست، مرۆڤ لەو ناوەوە نزیک ئەکاتەوە".

ئەو چیرۆک و بەسەرهات و دەرئەنجامە کە لە پیرانی مزگەوت گێڕامەوە، بووە هۆی ئەوە کە من بۆ ئەوەی ناوەکان بناسمەوە، ڕێگەی تایبەتی بە خۆم هەبێت. من بە یادی بەردەوامی ناوەکان و وتنەوەی بەردەوامی ناویان لە دەم و دەست و نووسینەکانم، خواستی ئەوەم هەبووە کە بۆم بکرێنەوە و لە من نزیک ببنەوە.

لە قورئانەوە ئەوە فێربووم کە " یاد کردن" مرۆڤ لە ناسین نزیک ئەکاتەوە. ئیتر زۆر بە ئاسانی و سادەیی مانای ئەوەیە کە ئەگەر مرۆڤ زۆر ناوێک لە دەم و دەروونی یاد بکاتەوە، ئەوە ئەو ناوە لێی نزیک دەبێت و خۆی بۆ ئەکاتەوە و بە شێوەیەکی تایبەت یارمەتی ئەدات.

لە بیرمە کە ڕۆژێک لەگەڵ هاوڕێیەک چووبووین بۆ زانکۆی لوبنانی فەرەنسی لە شاری هەولێر، بۆ ئەوەی کە بزانین چۆن نەوەکانی کورد فێری ناسین و زانست دەکەن؟ ئەو کەسەی کە وەڵامی پرسیاری ئێمەی دەدایەوە، لە وەڵامدا ئەوەی کە زۆر باسی لێوە دەکرد، ئەوە بوو کە بە ئەوەندە پارە دەتوانی خوێندن دەست پێ بکەیت و بە ئەوەندە خوێندن تەواو بکەیت!.

لە دڵی خۆمدا وتم: خوایە گیان مرۆڤ ڕووناکی و ناسین بە یەکدی دەفرۆشێت، پەنا دەبەم بە ناوت لە ناسینی ئەو دستە کە ڕستەکان بە نەوەکان دەفرۆشێت.

ئەو قڕانەی کە ناوەکان لە نەوەکانی کوردیان خستبوو، وای کرد کە ناو و ڕوومەتی ئەوانە لە کوانگەی تایبەتی خۆمدا سیخیان بۆ داخ بکەم و بینێم بە سەر و چاویانەوە و بیانکزێنم، بۆ ئەوەی کە بە سیخی داخ وەڵامی ئەو لیدانەیان بدەمەوە کە لە ئاستی نەوەکان کردوویانە!.

لە ڕاستیدا کوانگە و سیخ و سەروپێ باشترین وێنەیە بۆ ئەوەی کە شێوەی هەڵسووکەوتی خۆم لەگەڵ ناوەکان دەرببڕم. مرۆڤەکان کاتێک کە بەرهەمی ناوێک بە دەستەوە دەگرن و دەیانەوێت کە لێی تێ بگەن، وەک لەشی مەڕێکی قوربانیکراو بە چەقۆ دەوەشکێن بە گۆشتەکەیەوە و قنجە قنجەی دەکەن. من سەروپێی ناوەکان هەڵدەگرم و دەیبەمە سەر کوانگەی خۆم و دوور لە دەست و

**چاوی ئەوانی تر بە سیخەوە دەوەشکێم پێیانەوە، بۆ ئەوەی کە بە سیخی داخ سەر و چاویان جوان لە هەر ناپاکیەک، پاک بکەمەوە، بۆ ئەوەی کە وردە خاڵ و پیسیەکانی سەروپێ بە داخکردن دیار بکەم، داخ و دیاری دەکەم بۆ ئەوەی کە بیناسم و پاکی بکەم!.**

**لە بەرەتای ئەم نووسینە باسی بەرهەم و پاشماوەی ناوەکانم کرد، لەو باسە باسی گرنگی پاشماوەی ناوەکانم کرد. سەروپێ پاشماوەیەکی گرنگی ناوەکانە. هەرچی وزە و تەوانا و گەورەیی و نهێنیە، لە سەروپێیە. بەڵام بە داخەوا " نووسەر و نووسین" وەک ئەدەبێک کە ڕەوت و شەپۆل و هاتێکی ڕۆژئاوایی ژیانی مودڕنیتە، سەروپێی بێبەها کرد. شەپۆلی مودڕنیت، گرنگی خستە بەرهەمی دەستی ناوەکانەوە، کە دەبێتە نووسراوە یان تاشراوە یان ژەنراوە یان کێشراوە دەستیەکان.**

ئەوەی بە دەستی منەوەیە و لە پێنووس دەچێت، ئەرکی سیخێکی سوور و داخی لە ئەستۆیە کە بۆ ڕوومەتی ناوەکان هەڵمبژاردووە. ئەوەی کە من لەگەڵ مرۆڤ بینیم و ساڵەها لەگەڵ ناوەکان هەڵسووکەوتم کرد، کوانگەیەکی دامەزراند کە سیخی بۆ ناوەکان گەرم دەکرد. ئەوە شێوەی تایبەتی من بوو کە بە تایبەتی بۆ ناسین و خوێندنەوەی ڕوومەتەکان گرتبوومەبەر، بۆ ئەوەی کە دانەران و دەاهێنەران گەر ئاگاهدار نەبن، سەر و کەلەیان وەک سەروپێ لە بەرهەمەکانیان جیا دەکەمەوە و لە کوانگەی خۆم ئەوەندە سیخ بە سەر و چاویان دەهێنم تا ئەوەی کە جوان بۆ من بکرێنەوە و پاک ببنەوە.

# ژنەکان و سەروپێ

**لە بیرمە کە ڕۆژێکی بەهاری باپیرم بە هاوکاری مامەکانم مەڕێکیان ئامادە کردبوو بۆ ئەوەی کە بیکەن بە قوربانی. پاش ئەوەی کە ئاویان بە پەزەکەدا، مامەکانم دەست و پێیان گرت و باپیرم ناوی خوای لێ هێنا و سەری بڕی. پاش ئەوەی کە پێستەکەیان گرتەوە، بە چەقۆ کەوتنە سەر گۆشتەکەی و بەش بەشیان دەکرد.**

**ژنەکان باش لە سەروپێ ورد دەبنەوە. هەربۆیە کاری پاک کردنی سەروپێ لە کوردەواری لە ئەستۆی ژنەکان بووە. هەربۆیە میمکم کە لە تەنیشت مامەکانم دانیشتبوو و سیگاری دەکێشا، هەڵسا و چووە نێو کوانگەی نان کردن و ئاگری لە کوانگ بەردا. پاشان هاتەوە و سەروپێکەی هەڵگرت و شۆردی و لەگەڵ چەند سیخ و تەشتێک ئاو بردیە نێو کوانگەکەوە. منیش بۆ ئەوەی کە بزانم چی لێ دەکات، چووم بۆ کوانگەکەوە. لەبەر دەرگای کوانگەکەوە میمکم خەریک بوو کە سیخی داخ دەکرد و دەیهێنا بە سەروپێکەدا، وتم: میمی بۆ ئەم سەروپێیەت هێناوە بۆ ئێرە لەم کوانگە پاکی ئەکەیت!؟**

**میمکم وتی: بۆ ئەوەی کە ئامادە و پاکی بکەمەوە، سەروپێ بە ئاسان پاک نابێت، ئاو و ئاگری دەوێت!.**

سەروپێ ئاو و ئاگرێکی فرەتری دەوێت بۆ ئەوەی کە پاک بکرێت و ئامادە بێت. هەروەها سەروپێی ناوەکان لە چوون و گەردش و سووڕان، وزە و هێزی فرەیان هەیە بۆ ئەوەی کە لێدەن یان پێدەن. قسە و باسی من لەسەر ئەوەیە کە ناوکان بە تایبەت ناوەکانی دینی و ڕۆحانی، سەرجەم وزە و توانای خۆیان دەخەنە نێو سەروپێیان، ئەزانن کە کاریگەری دەم و ڕوومەتێکی پاک، زۆر لە کتێبێک فرەترە کە نووسەرێک نووسیویە کە خوێنەر نازانێت چ ڕوومەتێک و چ جۆرە هەستێک لە ڕوومەتی نووسەر گوزەری کردووە!؟.

لە پەروەردەی حوجرەدا یەکەم ئامۆژگاریەکان پاراستنی سەروپێی فەقێیە. هەردەم هەوڵی ئەوەیان دەدا کە وتە و ئامۆژگاریە دینیەکان سەبارەت بە پاراستنی سەروپێ بخوێنن و وەک وەبیرهێنانەوە لە شوێنەکانی وەک دەستنوێژخانە و ئاودەست و مزگەوت بینوسن و هەڵیواسن. بۆن و سیواک و دەستنوێژ و شێوەی وتن و قسە کردن، چووار تایبەتمەندی دەورانی حوجرە بوو بۆ پاراستنی سەروپێی فەقێ. سیواک بۆ دەم و ددان، بۆن بۆ کردنەوە و خۆش کردنی ڕوومەت و هاونشینی، دەستنوێژ بۆ پاکی ڕوومەت بە تایبەت پێکان، وشە و قسە کردن بۆ ئاشتی و ژیانی کۆمەڵایەتی. ئەو چووار نیشانە تایبەت دانراوە بۆ ئەوەی سەروپێی فەقێ بپارێزێت. بەڵام لە ئەدەبی ڕۆژئاوا یان زانکۆ و خوێندنگەکانی ئێران و عێراق و کوردستان، وەک حوجرە بە تایبەت ئیسلام، هەوڵ بۆ پاراستنی سەروپێ نەدراوە. سیمبۆلی زانست و پێشکەوتنی مرۆڤی، زانستی پزشکیە. ئەم زانستە زانست لە دەستەوە بۆ دەست دەنێرێت، بەڵام لە ئەدەبی دینی زانست لە ڕێگەی دەم و ڕوومەتەوە گوزەر دکات. کەسێک کە سەروپێی خۆی پاراست، بە دڵنیاییەوە دڵ و دەروونی خۆیشی ئەپارێزێت.

ئەوەی کە سەروپێی منی پیس کرد، لە دەورانی کتێبەکانی سادقی هیدایەت و زانکۆی سەڵاحەدین، بە گشتی پەروەردەی فارس و ڕۆژئاوا بوو. سەروپێ بە جگەرە و خواردنەوەی ئەلکول، لەگەڵ خەمۆکی و نەخۆشی دەروونی، مرۆڤ تووشی تێکەڵی و لێکترازان و شێوان دەکات. جگەرە و خواردنەوە و خەمۆکی کە سەروپێ تێک دەدات، هەمووی بەرهەم و بەرەکەتی دۆستی و تێکەڵی لەگەڵ وەرگێڕەکانی فارس و نووسەرانی ڕۆژئاوا بوو.

زانست و ڕۆح و ناسین و بەخشش و ئارامش لە سەروپێیە. بەڵام بەداخەوا شتەکان مانا و پێگەیان جێبەجێ بوو. لە کۆندا شاڵ و پشتوێن بۆ پاراستن و قایم کردنی توخمی ناو پشت بوو، بەڵام ئێستە بۆ جوانی و داپۆشینی ورگێکە کە بەربووەتەوە!.

# کرمی ئەورێشەم لە زایینی دووانەدا

کەسانێک پرسیار دەکەن، ئەی ئەگەر تۆ کتێبێکی هیچ لە دانەرانت نەخوێندووە، چۆن مافی ئەوە بە خۆت دەدەیت لەسەر سەروپێ و ناو و بەرهەمیان قسە بکەیت!؟

من باوەڕم بەوە هەیە کە مرۆڤ بۆی هەیە کە ناو و بونیادی بگۆڕدرێت بۆ ناوێک و بونیادێکی ترەوە.

من ئەموت ئەی ئەگەر بێت و زانست بە کتێب خوێندنەوە بێت، کتێبەکان و کتێبخانەکان زۆر فراوانن. وێنەی خۆم وەک مێرووڵەیەک هاتە بەرچاو کە ئەو مێرووڵە بیەوێت بە دەست و پێی خۆی ملە و دەراوێکی گەورە ببڕێت.

لەگەڵ ئەوەی کە وێنەی مێرووڵەم هێنایەوە بەرچاوم، بینیم هەڵۆیەک بەسەر دەراوەکە بە باڵ و هەناسەیەک فڕی و گوزەری کرد. بە خۆمم وت: دەراوێک بۆ مێرووڵەیەک زۆرە کە پێدا گوزەر بکات، بەڵام بۆ هەڵۆیەک هەناسەیەک و باڵ بە یەکدادانێکە!

هەروەها باوەڕم بەوە هەیە کە مرۆڤ تەوانی ئەوەی هەیە بە ناوی خوای مەزن ناوی لە پێگەی مێرووڵە بۆ هەڵۆ بگۆڕدرێت. بە ناوی خوای مەزن، مرۆڤ تەوانی ئەوەی هەیە کە بە هەناسەیەک و دەمێک بەسەر دەستەی زۆر لە ناوەکان زاڵ بێت.

ناوەکان بۆ من بوون بە نموونە کە چۆن و لە کوێ وە لە چ دەورەیەک بونیاد و ناویان دەگۆڕدرێت؟ هەروەها ناوەکان ڕێ و شوێنی خولقان و زایینی نوێیان بە من گەیاند.

بە هاوکاری ناوی سەید قوتب و ئەبوحامدی موحەممەدی غەزالی تووسی وەک دوو ناوی دینی، وە ناوی سادقی هیدایەت و فردریک نیچە وەک دوو ناوی دژە دینی باس لە ڕێ و شوێنی زایینی ناوەکان لە سەر ناوەکان دەکەم.

لە قورئان خوای دلۆڤان دەفەرمێت: **إن یشأ یذهبکم و یأت بخلق جدید (فاطر١٦)**

خوای مەزن بە خواستی پیرۆزی دایدەمەزرێنێت کە ناوەکان چۆن لەسەر ناوەکان بزێنێت.

سەید قوتب چیرۆکنووس و ئەدیبێک بوو کە ناوی سەید قوتبی لە سەر چیرۆکی خۆی دانیا و بەوە گەیاندی کە ئەویش چیرۆکنووسێکە وەک ناوەکانی تری میسر کە خەریکی چیرۆکنووسین بوون. میسریەکان لەبەری ئەوەی کە ئاشنایەتیان بە فەرهەنگی فەرەنسەوی هەبووە، بە هاوکاری ناوەکانی فەرەنسەوی گەشەیان بە ناوەکانی خۆیان داوە، ئیتر چیرۆک و فیلم و شیعر و مۆسیقا لە ناویان گەشەی کردووە.

سەید قوتب لە ساڵی هەزار و نۆسەد و چل و هەشت لە ڕێگەی حکەومەتی میسرەوە دەچێت بۆ ئەمریکا و لەوێ لەسەر پەروەردەی ئەمریکی لێکۆڵینەوە دەکات. قوتب لە نووسینەکانی سەبارەت بەو سەفەرە ئامازە بەوە دەکات کە لە ڕێگەی سەفەری ئەمریکا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

سەید قوتب لە چوونی بۆ ئەمریکا چیرۆکنووس و ئەدیبێکە کە دەیەوێت لێکۆڵینەوە لەسەر پەروەردەی ئەمریکا بکات، لە گەڕانەوەدا سەید قوتب وەک ئیمام و موجاهیدێک دێتەوە بۆ میسر کە باس لە ئیسلام و قورئان دەکات!

ئەبو حامدی موحەممەدی غەزالی ناوێکی بەرزی مێژووی موسوڵمانەکان، پاش ئەوەی کە سەفەری بەغدا و شام و فەڵەستین دەکات و پاش ئەوەی کە لەگەڵ نووسینەکانی مرۆڤی بە تایبەت فەلسەفە ئاشنا دەبێت، بەرەو ئیسلامەوە دەگەڕێتەوە و خۆی بە ڕزگاربوویەک دەناسێت کە لە کتێبی **(المنقذ من ألضلال)** کە سەبارەت بە ژیانی دەینووسێت، ئاماژە بەوە دەکات.

غەزالی خەڵکی شاری تووسی سەر بە شاری گەورەی خۆراسانە کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئێران. ئیمامی غەزالی بە سەفەر کردن و تەنیایی و مانەوە لە خۆدا، لە کۆتایی ( بە قسەی خۆی) بە ڕزگاری دەروونی خۆی دەگات.

**ئەو کەسانەی کە خاوەن سەرمایە و دارایی زۆر بن، ئەو کەسانە لیاقەتی ئەوەیان هەیە کە بونیادەکانیان پێ دروست بکرێت. هەروەها ئەو ناوانەی کە خاوەن مێژوویەکی قورس و قایمن لە ژیانیان بۆ خوێندن و ئاشنایەتی لەگەڵ ناوەکان، ئەو کەسانە لیاقەتی ئەوەیان تێدا هەیە کە نەخشە و پەیکەرەکانی زمانی و ئەدەبی بە ناویان بکرێتەوە و دامەزرێت.**

**سەید قوتب لە منداڵی قورئان لەبەر دەکات و خەریک بە وشەکان و ڕستەکان دەبێت. لە تەنیایی هەستەکان و هزرەکانی خۆی بەگڕ دەخات، وە هەڵسووکەوت لەگەڵ ناوەکان دەکات. کەسێک کە لە منداڵیەوە قورئانی لەبەر بێت و لە ناوەندی فەرهەنگی عەرەبی بێت و سروشتی پڕ لە هەست بێت، زەمینە و شایستەیی ئەوەی تێدا هەیە کە وەرچەرخان و وەرگەڕان و زایین و خولقانی دووبارە لە ژیانی ڕوو بدات.**

**ئەبو حامدی غەزالی هەر لە منداڵیەوە لە بن دەستی ناودارانی سەردەمی خۆی لە بەردەستی ئەوانەدا کتێب بە دەستەوە دەگرێت. غەزالی لەبەر ئەوەی کە خاوەن مێژوویەک خوێندن و بەردەستی و سەفەر و تەنیایی و بیر کردن بووە، لیاقەتی ئەوەی بەدەست هێناوە کە لە ناوەکانی شەجەرەکان بێت. غەزالی هەر وەک سەید قوتب چەند ساڵێک بە خۆیەوە تەنیا دەمێنێت و خەریک بە بیر کردن و لێکدانی ئەو بەرهەمانە دەبێت کە لە ژیانی خوێندوویەتی.**

**فردریک نیچە ئەو ناوەیە کە بەرەتاکانی خوێندنی بە ئینجیل دەستی پێ کرد. کتێبی ئنجیل یەکەم ناوێک بووە کە فرمێسکی لەسەر ڕژاندووە. ئیتر تەواوی ژیانی بە ناوی عیساوە خەریک دەبێت. نیچە لەو ناوانە بوو لە خاوەن هەستی فراوان بوو، گریان و تەنیایی و پێنووس دەروونی خاوەنداری کردبوو.**

**لەوە دڵنیا بن کە ئەو کەسانەی بە تیکەی گەورەوە دەست پێ دەکەن و دەمیان بە جاوین زۆر ماندوو دەکەن، لە تیکەکانی کۆتایی ماندوو دەبن. ئیتر دەم گوێ لە سک نادات، چ تێر بێت چ برسی، کە وەستا، دەوەستێت!.**

**نیچە لەوانە بوو کە تیکەی بە تەنیایی و بە وشکی دەخوارد. هەر ئەمە بووە هۆی ئەوە کە لە بیر و مێشکی گرفت و کێشە دروست بێت. لە کۆتایی بە سەکتەی مێشک گیانی لە دەستدا.**

**سادقی هیدایەت هەروەها لەو کەسانە بوو کە بەرەتای بە تەنیایی دەستی پێ کردووە. گرفتی گەورەی نیچە و سادقی هیدایەت ئەوەبوو کە ئەوان و زۆرێک لە ناوەکانی تر، کتێبی بێ خاوەنیان بە دەستەوە گرتووە، هەر وەک سەگێک کە بیدۆزیتەوە، بە سەختی دەستی و ئاشنا دەبێت. کتێبی بێ خاوەن بە دەست گرتن وەک ئەو سەگەیە کە بە بێ ئەوەی ڕەچەڵەک و خاوەنی بنەڕەتی بناسی، بتەوێت کە دەستی بکەیت. ئەو سەگ و کتێبە بۆی هەیە کە لە جیاتی ئەوەی کە دەستی بێت، بە سەختی گاز لە دەست بگرێت.**

**سادقی هیدایەت ماوەی دوو ساڵ لە هیندوستان دەبێت و لەوێ ڕۆمانی بەناوبانگی خۆی (بوف کور) دەنووسێت. دەگەڕێتەوە بۆ ئێران و بەو ڕۆمانە ناوبانگی دەردەکات و ئیتر بەو ڕۆمانە دەناسرێتەوە، وە هەر بەو ڕۆمانە ناوی بە بزمار دەکوترێت. هیدایەت لە ژیانی مامۆستایەکی تایبەتی نەبووە، وە بە بێ خاوەن، فەرهەنگی فەرەنسەوی بە خۆی دەناسێنێت، بە بێ ئەوەی کە ناوێک و مامۆستایەکی هەبێت.**

**فردریک نیچە بە سەفەری بۆ کێوەکانی ئاڵپ لە ئیتالیا بە ناوی زەردەشت دەگات و جێگری ناوی عیسای کوڕی مریەم دەبێتەوە. کتێبی عیسا و شوپنهاوەر لە تەنیایی خۆیدا بە دەست دەگرێت و بە بێ ئەوەی کە لە مامۆستایەک وەریبگرێت، بە ناوی ئەوانەوە ئاشنا دەبێت.**

**سەفەر و تەنیایی ئەو ناوانە بەهەر مەبەست و خواست و دەستێک بووبێت، ناوی ئەوانی بونیاد نا، وە وەچە و زایینێکی تری وەبەرهێنایەوە. نموونەی ئەو ناوانە وەک کرمی ئەورێشمە کە لە تەنیایی خۆیدا بەرهەمێکی گرانبەها دەخولقێنێت. کرمی ئەورێشم باشترین نموونەیە بۆ ئەوەی کە ناوەکان لە تەنیاییدا باش بناسینەوە.**

کرمی ئەورێشم ئەو کرمەیە کە بۆ وەبەرهێنانی ئەورێشم کەڵکی لێ وەردەگیردرێت. قۆناغەکانی بەر و بەرهەمی ئەورێشم ئەوەندە هەستیار و ناسک و جوانە کە لیاقەتی ئەوەی تێدا هەیە کە ببێتە نموونەیەکی سەرکەوتوو.

کرمی ئەورێشم دەبێت دەستێک خاوەنداری بکات، دەبێت کە خاوەندارەکەی ژینگەی بۆ خۆش بکات و لە برسیەتی دەربازی بکات. کرمی ئەورێشم کرمێکی زۆر برسیە و دەبێت کە بەردەوام گەڵای داری لەبەر بکرێت، بۆ ئەوەی کە تێر بێت.

کرمی ئەورێشم دەبێت کە ژینگەی بۆ خۆش بکرێت، بۆ ئەوەی کە لە دەورەی برسیەتی بۆ دەورەی دروست کردنی خانووەکەی لە تەنیایی گوزەر بکات، بۆ ئەمەش دەبێت کە خاوەندارێک زەمینەی ئەو ژینگە خۆش بکات. ئەگەر ژیان و ژینگەی کرمی ئەورێشم بە جوانی و دروستی نەپارێزرێت، ئەوە ئەورێشم بەرهەم نادات و ئاژەڵەکانی تر قوربانی دەکەن.

کرمی ئەورێشم دەورەیەک کە لە ناوەوەی خۆیدا خەریکە ئەورێشم دروست بکات و بەری پڕ بەهای خۆی بونیاد بنێت، ئاگای لە دونیای دەرەوەی خۆی نیە. لەو کاتە ئیتر بۆی هەیە ببێتە قوربانی، یان وەک پەپوولەیەک باڵ دەربهێنێت و بفڕێت.

کرمی ئەورێشەم پێش ئەوەی کە دیواری بەری خۆی کون بکات و بێتە دەرەوە، بە دەستی خاوەنەکەی دەکوژرێت، بۆ ئەوەی کە بەرەکەی بەها و تایبەتمەندی خۆی لە دەست نەدات.

بەری کرمی ئەورێشەم بۆ بەرهەمی گرانبەها بە کار دەچێت و لە لای مرۆڤدا بە بەهاوە ناوی لێدەبرێت. هەروەها ژینگە و دەورەکانی ژیانی کرمی ئەورێشەم و دەستی خاوەنێکی ئاگاه، بەهای زۆری هەیە بۆ ئەوەی کە وەک نموونەیەکی شایستە بۆ پەروەردە کردنی نەوەکان و ناوەکان بە کار بچێت.

بەڵام مرۆڤ تەوانی زۆری نیە، مرۆڤ بوونەوەرێکی هەژار و دەستکورتە کە زانست و تەوانی ئەوەی نیە کە نەوەکان بە جوانی و سەرکەوتوویی بپارێزێت و داهاتووی نەوەکان شکۆدار بکات. پەروەردەی مرۆڤ چەند سەد قوتابی لە بونیادێک ڕاگیر دەکات، لە دەورەیەک خاوەندارییەکی سنووردارییان دەکات.

یەکەم قوتابخانەیەک کە بە سەرەتایی من ناسرا، سەرەوەی چووارسەد قوتابی بوو کە زۆرپەیان لە خێزانی کەمدەرئامەد و هەژار بوون. هەربۆیە لە بازاڕەکان و کۆڵانەکان خەریکی ئێش و کار بوون. لە زانکۆی سەڵاحەدین کە وەک دوا ناوەندی خوێندنی من بوو، سەرەوەی چەند سەد قوتابی خەریکی خوێندن بوون کە خاوەنێک خاوەنداری ئەوانەی نەدەکرد. ئەوە من لە زیندان لە خوا نەبێت کەس ئاگاهی لێم نیە. مرۆڤ ئەوەندەی کرمی ئەورێشەم بەهای نیە!.

ڕستەیەکم لە قورئانی پیرۆز هێنا کە خوای مەزن دەفەرمێت: **إن يشأ يذهبكم و يأت بخلق جديد (فاطر١٦)**

لە ئایەتی پێش ئەوەدا خوای مەزن دەفەرمێت کە ئەی خەڵک، ئێوە لە لای خوادا هەژارن و ئەوە خوای مەزنە لە بێنیازە. مەبەست زۆر ڕوونە، خوای مەزن ئاماژە بەوە دەکات کە با بە ناوی بەرزی خۆم لە هەژاری و نەداری و نەزانی دەربازتان بکەم!.

ئەو ئایەتە ئاماژەیەکی ڕوونە کە بە خواستی خوای گەورەیە کە مرۆڤێک ببات و تەنیای بکات و ژینگەی بۆ خۆش بکات و لەو ژینگەدا زەمینەی زایینێکی تری بۆ خۆش بکات. خوای مەزن زەمینە بۆ ناوەکان خۆش دەکات بۆ ئەوەی کە یان بگەڕێنەوە، یان لە تەنیاییدا وەک سادقی هیدایەت گۆڕ بە گۆڕی ببن، یان وەک نیچە لە شێتخانە بکەون، یان وەک سەید قوتب لە سێدارە بدرێن.

**هیچ ناوێک بە بێ خواستی خوای مەزن بەرز نابێتەوە، وە بە بێ خواستی خوای دلۆڤان ناکرێتەوە. ئەوە خوای مەزنە کە ناوەکان لە ژینگەی سەرەتایی دوور دەخاتەوە و لە ئەدەبەکانی تر و زەویەکانی تر زەمینەی زایینیان بۆ خۆش دەکات.**

لە باسی کرمی ئەورێشەم ئەوەی کە سرنج ڕاکێشە سێ شتە، یەکەم دەستێکە کە دەبێت خاوەنداری کرمی ئەورێشەم بکات. دووهەم، برسیەتی کرمی ئەورێشەمە، کە دەبێت بە

بەردەوامی گەڵای پێ بدرێت. سێهەم، تەنیایی و بەسترانەوەیە لە دونیا، بۆ ئەوەی کە بەری خۆی دروست بکات.

هەروەها نەوەکان دەبێت کە دەستێک خاوەنداریان بکات و ژینگەیان بۆ خۆش بکات. کەسانێک لە نێو نەوەکان بە ناوی خوای مەزن وەک کرمی ئەوریشەم برسی ناسین و زانستن، ئەوانە دەبێت کە بە دەستی خاوەندار بە شایستەیی تێر بکرێن. پاشان ئەو نەوە برسیە، لە دەورەیەک دەکەوێت کە پێویستی بە تەنیایی و لە خۆ بووندایە، دەبێت کە خاوەندار زەمینەی ئەو تەنیاییەی بۆ خۆش بکات. دەورەی گۆڕانی ناو و بونیاد لە کرم بۆ پەروانە لە خانوویەک دەکرێت کە جگە لە خوا نەبێت کەس ئاگاهی لێ نیە. بۆیە بەسترانەوە و خۆ و تەنیایی و شاراوەیی تایبەتمەندی ئەو دەورەیە.

# هەنگ و تاووس لە نێوان گرتنەوە و کردنەوەدا

## شێخ و دەروێشەکان لە دەف و دایرەدا

لە سەردەمی پێش ئەوەی کە شەڕ و ئاوارەییەکان دروست بێت، پیاوان و ژنانی دەشتی زەهاو دوو تایبەتمەندیان هەبووە، یەکەم ئەوە کە هەر پیاوێک سوار و چەکداری بەگ و خانێک بووە. دووهەم ئەوە کە زۆربەی ژن و پیاوەکان دەروێش یان شوێنکەتووی شێخێک بوون. ئەمە دوو تایبەتمەندیە کە ئێستە دەور و باوی نەماوە.

دەورانێک کە شای ئێران دەستی دا بە هەندێک چاکسازی سیاسی، خان و بەگەکانی لە زۆرێک لە ناوچەکانی ئێران کۆ کردەوە و ئیتر باوی چەکداری بۆ بەگ و خانێک نەما. تەنیا بیرەوەری و باس و چیرۆکەکانی لە نێو خەڵک مایەوە. هەروەها هەرچۆن کە دەروێش و شێخایەتی لە پێش شەڕ ڕەنگ و بۆنی دیاری لە ژیانی خەڵک هەبوو، لە پاش شەڕ و ئاوارەییەکان، ئەو ڕەنگ و بۆنەی نەما. نەمانی ڕەنگ و بۆنی ئەو دەروێشایەتیە، لە نێو نەوەکان دیار بوو، ئەگەرنە، باوکان هەر کەم و کوت و هەر ماوەیەک جارێک سەردانی شێخی خۆیان دەکرد.

ژنێکی خزممان دەروێشی شێخ ئیسماعیل بوو. ئەم ژنە زۆر ژنی داماو و چاک و بەستەزوبان بوو. زۆر دەهات بۆ ماڵی ئێمە، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە وێنەیەکی شێخ ئیسماعیل کە ماڵی ئێمە بوو. ئەم ژنەش دەهات و باوەشی بە وێنەی شێخ دەکرد و لەسەر وێنەی شێخ دەگریا و سەرمۆری دەهێنا و ئیتر هەتا تێر تێر نەگریابایەت وازی لەو وێنەیە نەدەهێنا.

ڕۆژێک پاش ئەوەی کە تێر و تەسەل لەسەر وێنەی شێخ گریا، لەگەڵ دایک و باوکم بۆ خواردنی چایەک هاتە هەیوانەکە. هەمووجار باوکم زۆر قسەی خۆشی لەگەڵ ئەکرد، جارێک باوکم بە

گەمەوە وتی میم زینەت ئەمە بۆ واز لەم شێخە ناهێنیت؟ ئەگەر دەتەوێت، با وێنەکەی شێخت پێشکەش بکەم و بیبە بۆ خۆت!؟.

میم زینەت زۆرجار بێدەنگ دەمایەوە و قسەی نەدەکرد. وێنەکەشی ندەبرد بۆ ماڵی خۆی. ئەیوت دووری لە شێخ و هاتن بۆ ئێرە و گریان لەسەر وێنەکەی، تام و مانایەکی تری هەیە. ئەم جۆرە لێکدانەوانەی قسەکانی میم زینەت منی زیاتر لە خۆی ورد کردەوە.

هەر جارێکیش کە شێخ دەهات بۆ سەرپێڵی زەها و دەشتی زەهاو، میم زینەت بە دوای شێخ ماڵ بە ماڵ و لادێ بە لادێی دەکرد.

بۆ من سەیر بوو کە چ عەشق و خۆشەویستیەک لە نێوان ئەو دوو مرۆڤە هەیە!؟ چ شتێک هەیە کە من هەستی پێ ناکەم!؟

ئەم باس و چیرۆکە بەسەرچوو و من بە هۆی خوێندن و حوجرە و زانکۆوە، لە ماڵ و وڵات دوو کەوتمەوە. پاش ئەوەی کە ژیانم هاتە شاری لەندەن و جار بە جار لە شاری لەندن پیاسەم دەکرد، وێنە و حاڵەتێکی تری وەک میم زینەتم بینی. چیرۆکی ئەو وێنەیە ئاوەها بوو:

ڕۆژێک بۆ سەردانی دۆستێک دەچووم. ئەو دۆستە لە ناوچەیەکی خۆشی لەندەن بوو. لەو بەشەی لەندەن زۆر کۆبوونەوە و کۆنسرت و بەزم و مەزات دروست دەبوو. سوتفە ئەو ڕۆژەی کە من چووم، کۆنسرتێکی مۆسیقی بوو. پاش ئەوەی کە لە قیتاری بن زەوی هاتمە دەرەوە، لە بەردەم ویستگەی قیتارەکە ڕاوەستام. ئەو دۆستەی منیش، تەلەفۆنی کرد و وتی ئەوە بەڕێوەم. منیش تا گەیشتنی ئەو دۆست و هەڤاڵە لە سالۆنی کۆنسرتەکە چوومە ناوەوە. پڕ بوو لە کوڕ و کچی گەنج. بۆ من سەیر بوو، نەمزانی کە چ گۆرانیبێژێکە، بەڵام ئەوەی کە سرنجی منی بۆ خۆی برد، کچ و کوڕی زۆر بوو. هەر ئەوەم زانی پیاوێک کە گوایە گۆرانیبێژ بوو، لە دەرگەیەک هاتە دەرەوە و کوڕ و کچەکان هەموویان کردیانە هات و هاوار. لە کچەکان و هات و هاوارەکە نزیک بوومەوە. یەکێک لە کچەکان لەوەی کە ئەوەندە نزیک بە ئەو گۆرانیبێژەیە دەگریا و بە دەستی ڕوومەتی دەگوشی. چەند کچێکی تر لە گریان و خۆشیدا هەر کەوتنە سەرزەوی و هاواریان دەکرد. بۆ من سەیر بوو!!.

ئەم وێنەیە منی زیاتر خستە نێو بیرەوە. زۆر وێنە و هەواڵی ئاوەهام دەبینا کە دەستەیەک لایەنگری کەسایەتیەک چەندە تووشی حاڵەتی سەیر دەبن کاتێک دەگەن بە ئەو کەسەی کە دەیانەوێت. هاوار دەکەن و هەڵدەفڕن و دەگرین و هەر وەک ئەوە کە بیانەوێت بە هات و هاوار خۆیان لە ئارامی و بزگەی نەرمی خۆشەویستەکەیان جیا بکەنەوە!. هەستم کرد کە ئەو جۆرە کەسانە لە ڕووی دەروونی و ڕۆحیەوە شتانێکی تایبەتیان تێدا هەیە.

دڵنیا بووم کە ئەو کچانەی کە بۆ ئەو گۆرانیبێژە دەگریان و لە زەوی دەکەوتن، هەر وک میم زینەت کە بۆ شێخی خۆی دەگریا وەک یەکن. ئنجا ئەمە منی دەبرد بۆ ئەوەی کە زیاتر ئەو جۆرە کەسانە بناسمەوە و لێکیان بدەمەوە.

لە دەورانێک کە لە زانکۆی سەلاحەدین خەریک بە خوێندن بووم، لەگەڵ چەند ناوێکی کورد ئاشنا بووم. لەوانە ناوی عەبدولڕەحمانی قاسملوو و عەبدوڵا ئوجەلان. ئەو دوو ناوە لە دەست و دەمی قوتابیانی کوردی پارچەکانی تر باس و یاد دەکرایەوە.

ناوی عەبدولڕەحمانی قاسملوو ناوێکی ئاشنای دەورانی منداڵی من بوو. لە دەورەی ژیانم لە کەمپی ئاڵتاشدا ئەو ڕۆژەم لە بیر ماوەتەوە کە لەبەر شەهید کردنی دکتۆر قاسملوو وەک شەهیدی گەل، هەر هەمووی خەڵک پارچە و پەردەی ڕەشیان هەڵکرد و بە دەر و دیواری ماڵەکانەوە هەڵیانواسی. ئەوەم لە بیرە کە شەهید بوونی قاسملوو بۆ خەڵک وەک کارەساتێکی گەورە بوو.

لە پاش ئەوەی کە گەڕاینەوە بۆ کرماشان، ناوی ناودارە کوردیەکان بە دەمدا نەدەهات، ئەوەش لەبەر ئەو ترس و هەڕەشە بوو کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی لە خەڵک دەکرا. ئیتر ناو و باسی لە لای مندا کوژرایەوە تا ئەو کاتە کە بۆ پەرەدان بە خوێندن ڕووم لە باشووری کوردستان کرد. بە خواستی خوای مەزن لەگەڵ چەند قوتابیەک لە ماڵێک دامەزرام و خەریک بە خوێندن بووم. ئەو قوتابیانە زۆربەیان سەربە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون.

لە درێژی چەند ساڵ دراوسێیەتی و هامشۆیی لەگەڵ ئەو قوتابیانە تەنیا بەرهەمێک کە بینیم، کتێبی **( کورد و کوردستان)** ی عەبدولڕەحمانی قاسملوو بوو. وەک کتێبێک بە دەستەوە دەگیرا کە زیاتر لە سەرەوەی کتێبێکی ئاسایی بوو. کتێبێکی خۆشویستراو بوو کە نەدەخوێنرایەوە، بەس لەبەر ناوی قاسملوو و لەبەر ناوی خاوەن کتێب بە دەستەوە دەگیرا. کێشەی من لەگەڵ ڕوومەتی ئەو کەسە بوو کە ئەو کتێبەی بە دەستەوە دەگرت. ئەو قوتابیانەی کە ناوی دکتۆر قاسملوویان دەهێنا، ئەوەندەی تر بوونە هۆی ئەوە کە من سڵیان لێ بکەم و لە ڕێگەی ئەوانەوە بە ناوی عەبدولڕەحمانی قاسملووەوە ئاشنا نەبم.

ئەمە من دەخاتە بیری ئەو کتێبەی کە باوکم لەبەر خۆشەویستی خاوەن کتێب بە دەستیەوە دەگرت. لە بیرمدا ماوە کە ساڵی هەزار و سێسەد و هەفتا و پێنجی کۆچی هەتاوی هەواڵ و دەنگ و هەرا بڵاو بووەوە کە مامۆستا موحەممەدی ڕەبیعی کوژراوە و خەڵک لە شارەکانی کرماشان دژی ئەو کوشتنە لە کۆماری ئیسلامی هەڵساون. هەر ئەم هەواڵە ناڕەحەتی و دەردی نەمای ئەو مامۆستایە لە لای خەڵک دروست کرد.

هەر لەو ڕۆژانە بوو کە نیوەڕوانێک باوکم لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی هاتەوە بۆ ماڵەوە و کتێبێکی بە دەستەوە بوو. وتم بە باوکم کە ئەوە چ کتێبێکە بە دەستتەوە؟ کتێبەکەی بە مندا و وتی ئەوە کتێبی **(باقیات و صالحات)** ی مامۆستا ڕەبیعیە. کتێبەکەم کردەوە و سەیری پێڕەوەکەیم کرد. سەبارەت بە فقهی ئیسلامی بوو. زانیم کە لەبەر خۆشەویستی مامۆستا ڕەبیعی ئەو کتێبەی کڕیوە.

باوکم کتێبەکەی لەسەر تاقەکە دانیا. ئەو کاتە لە ماڵەوە کتێبخانەمان نەبوو، جگە لە کتێبی دیوانی شیعری مامۆستا قانیع و کتێبی باقیات و ساڵحاتی مامۆستا موحەممەدی ڕەبیعی نەبێت. ئەو کتێبەی مامۆستا ڕەبیعی بۆ فەقێ و ئەو کەسانە باش بوو کە پێویستیان بە شەرع و حەڵاڵ و حەرام هەیە، بە کەڵکی ئەوە نایەت کە هەر کەس بە دەستیەوە بگرێت و بیخوێنێت. سەرچاوەیەکی فقهی و مەزهەبی شافعیە.

ئەو کتێبە لە سەر تاقەکە بە تەنیا مایەوە و بووە شوێنێک بۆ ئەوەی کە دەستە کاغەز و بەڵگەیەکی تێدا دابنێین کە پارێزراو بمێنێت. کاغەزی وەک کوپن و بەڵگەیەکی قوتابخانە و وێنەیەکی کۆن، یان ژمارە تەلەفۆن یان بیرەوەریەک و نامەیەک. ئەو کتێبە بووە شوێنی ئەو جۆرە کاغەزانە، هەربەم شێوەیە شەق و شڕ ببوو. کەس ئەو کتێبەی نەدەخوێندەوە، لەبەر ناوی مامۆستا موحەممەدی ڕەبیعی لە ماڵەوەمان ماندەگار ببوو.

هەروەها کتێبەکەی دکتۆر قاسملوو لە نێو ژوورەکانی ئەو قوتابیانە ئەو بەسەرهاتەی وەبیری من هێنایەوە.

ئەو دەرد و نیگەرانیەی کە لە مەرگی دکتۆر قاسملوو و موحەممەدی ڕەبیعی لە نێو خەڵکدا دروست بوو، بووە هۆی ئەوە کە پێگەی ئەو دوو ناوە لە نێو خەڵکدا نزیک ببینم، وە بە کار و بەرهەمەکانیان ئەو دوو ناوە لەیەک پێگەدا لە لای مندا لەیەکدی نزیک بوونەوە.

مامۆستا ڕەبیعی لە تایبەتمەندیەکانی ئەوە بوو کە لە نێو وڵاتەکانی موسوڵمانەکان بە قاڕی قورئان دەناسرا. لە نێو خەڵکدا بە کەسێکی خەڵکدۆست و خەڵکی دەناسرا. مامۆستا ڕەبیعی شعیری دەوت و چیرۆکی دەنووسی و بەرگری لە فەرهەنگی کوردی و ئیسلامی دەکرد.

دکتۆر قاسملوو کەسێکی خەڵکدۆست بوو وە خەڵکیش خۆشیان دەویست. بە خوێندەواری بواری ئابووری دەناسرا. هەر ئەم خوێندەواریە وای کرد کە من لە ناوی دوور ببمەوە. دکتۆر قاسملوو لە پراگ و فەرەنسە گەشەی بە ناوی خۆی دابوو. لەبەر و بن دەستی ناوەکانی فەرەنسیەکان و سۆڤییەتەکان ناوی خۆی دروست کردبوو، وە بە ئەو ئەدەبەی کەلە ڕۆژئاوا فێری ببوو، نەوەکانی کوردی پەروەردە کردووە. ئەو ئەدەبەی کە ئەو سەردەمە لە فەرەنسە و ڕۆژئاوا و سۆڤییەت بڵاو بوو، ئەدەبی سۆسیالیزم و کاپیتالیزم بووە.

ئەدەبی سوسیالزم و مارکسیزم لەو سەردەمە وەک هەورێکی ڕەش بووە کە هاتووە بەسەر زەویەکانی تردا و بە ئەو هەورەگرمە کە دروستی کردووە، نەوەکانی وەک قارچک لە زەوی دەرهێنا. ناوەکان کە وەک قارچک بە گرمە دەرهاتن، وەک قارچک چەتر و کەپرێکیان بۆ دەستەیەک لە بزووتنەوەکان و نەوەکان دروست کرد.

کەسانێکی وەک مەنسووری حیکمەت لە نێو فارسەکان و عەبدوڵا ئوجەلان لە نێو کوردەکانی باکوور لەو ناوانەن کە لە سەردەمی گرمەی سوسیالیزم دەرهاتوون. ئەو ناوانە لە ڕێگەی ئەو جادەیە کە دەسڵاتدارانی ئەو سەردەمە کێشاویانە، بەریان گرتووە و ناویان لە بەر و بن دەستی

ڕۆژئاوا زایراوە. ئەوان بوون کە ناوەکانی کورد و فارس و عەرەبیان زایاند و هەر ڕۆژئاواییەکان بوون کە ناویان بۆ حیزبەکانی ئەو ناوانە دروست کرد!.

ئەو ڕێگاوبانانەی کە ناوەکان بۆ نەوەکان دروستی دەکەن، کاریگەری لە خاک و خوێنی نەوەکان دەکات. دکتۆر قاسملوو لە پراگ بووە مامۆستای ئابووری و مەنسووری حیکمەت لە ئینگلیس بووە مامۆستا، هەر ئەمە وای کرد کە نەوەکانی کورد و فارس بە دەستی ئەو ناوانەوە جادەیەکیان بۆ بکەنرێت و لە ڕێگای ئەو جادەوە نەوەکان بە ناوی خۆیان بگەیەنن. مەنسووری حیکمەت و دکتۆر قاسملوو باش مارکسیان دەناسی، بەڵام مارکس نەوەکانی خۆی نەناسی!.

کەسانی وەک عەلی شەریعەتی و عەبدولکەریمی سروش ڕێگەوبانیان بەرەو ئینگلیس کێشا. قوتابیە فارسەکان لەبەر ئەوەی کە ئەوانە دەرچووی بواری زانستە مرۆڤیەکانی ڕۆژئاوا بوون، حیسابیان بۆ دەکەن. لەبەر ئەوەی کە باسی فەلسەفە و زانستی فەلسەفە بۆ نەوەکانی فارس دەکەن.

**"نەوەکان، بە ئەدەبی ناوەکان قسە دەکەن."**

نەوەکان لە ناوەندەکان لەبەر دەستی ناوەکان فێری قسە و ڕستە دەبن. کەسانی وەک غەزالی تووسی و عەبدولکەریمی مودەڕس لە بەغدا خەریک بە مامۆستایەتی بوون، هەر ئەوانە لەو ناوەندە وانەیان بە نەوەکانی داهاتوو وتەوە. بۆیە ئیتر جادەی بەغدا بەهای نەما و ئیتر کەس بۆ ناسین و زانست ڕوو لە بەغدا ناکات!.

ناوەکان لە کوێ کۆ ببنەوە، نەوەکان بە شوێنی ئەو ناوانەوە دەچن. ناوەکان جادە بۆ کوێ بکێشن، نەوەکان بەسەر ئەو جادە مەیل و خواستیان هەیە.

**چیرۆکنووسەکانی کورد و فارس کە خەریک بە چیرۆکنووسین بوون، لە خوێندنی چیرۆکەوە دەستیان بە نووسینی چیرۆک کردووە. کاتێک کە لەگەڵ ناوەکانی نێو چیرۆک و دیمەن و ڕووداوەکانی چیرۆک ئاشنا دەبن، هەر ئەو ئاشنایەتیە بە دوای خۆی دەیانبات، ئیتر یان سەفەری ئەو وڵاتانە ئەکەن کە چیرۆکەکان تێدا سەرچاوەی گرتووە، یان کاتێک کە دەستیان کرد بە چیرۆکنووسین، کەڵک لە ئەو ناو و دیمەنانە وردەگرن کە لە ئەو چیرۆکانە خوێندویانە. نموونەی زۆر هەیە کە کەڵک لە ناوەکانی بیانی وەردەگرن، باسی قیتار دەکەن، لە کاتێک کە لە شارەکەی خۆیان قیتاریان نیە. باسی شەراب و دەرمان دەکەن، لە کاتێک کە خۆیان دەمیان بە شەراب و دەرمانەوە نەداوە، باسی کەسایەتیەکی چیرۆکەکەی خۆیان دەکەن کە خەریک بە قومار دەبێت، باسی کچێکی لەشفرۆس دەکەن، لە کاتێکی ژنی لەشفرۆشیان لە ژیانی خۆیان نەبینیوە. بە گشتی جگە لەوەی کە شێوە و ڕەوشی نووسین لەوانی تر وەرگیراوە، ناوەکان و دیمەنەکانیش لەوانی تر وەردەگیردرێت.**

**" کورد وەک منداڵ دەبێت ناوی پێوە بنرێت، هەر منداڵ و چکۆلەی بەردەستی ئەوانی تر بووە، وادیارە کە هەر منداڵ دەمێنێت و قەت گەورە نابێت!.**

ئینجا باش وایە ئاماژە بەوە بکەم کە من بۆ لەم نووسینە باسی ناوەکانی کورد لەپێگەی پیرۆز ناکەم؟ ئەم پرسیارە وەڵامی بە وشە ناوێت، بەڵکو ڕوو لەوانە هەڵدەگەڕێنم کە ئەو پرسیارە لە من دەکەن. ناوەکانی کورد هەر هەموویان لەسەر جادە و ڕێگە و بانی ئەوانی تر هات و چۆیان کردووە. ئەوان لەسەر ڕێگە و جادەیەک پێیان نیاوە کە بە دەستی خۆیان دروستیان نەکردووە، ئەوان بەس قاڕی و وەرگێڕی بەرهەمەکانی ئەوانی تر بوون.

## هەنگ و تاووس لە نێوان گرتنەوە و کردنەوەدا

**هەنگ دەگرێتەوە و تاووس دەکاتەوە. هەنگ هێمای نەهان و ناوەوە و نەکردنەوەی نهێنی هەستیە، بەڵام تاووس بە پێچەوانەوە هێمای کردنەوە و دەرخستنی چۆنیەتی نەقش و نیگاری هەستیە.**

**ئەدەب و زانستی مرۆڤی دەیەوێت کە نەهان و نهێنی هەستی بکاتەوە و بەسەریدا زاڵ بێت، بەڵام ئەدەبی دینی دەگرێتەوە و بۆ کەسانێکی تایبەت دەیکاتەوە، بە بێ ئەوەی کە نەهان و نهێنی هەستی بۆ هەر مرۆڤێک بکاتەوە. لە بنەچەق و بنەڕەتەوە خوای گەورە سەرچاوەی ناسین و حیکمەت بۆ کەس ناکاتەوە.**

**مرۆڤ بە دیدی چاو و هێزی کێشانی دەست دەیەوێت کە پەردە لەسەر نەقش و نیگاری هەستی لابدات و دەریبخات. زۆربەی نووسەران و بیرمەندان و ناوەکانی ئەدەب و زانستی مرۆڤی هەوڵی ئەوەیانداوە کە بە دیدە و دەستەوە، وردە وردە خاڵ و چاڵەکان کۆ بکەنەوە و بیکەنەوە.**

**پەڕێکی تاووس نیگارێکی تێدایە کە لە هەموو پەڕەکانی تر دووبارە دەبێتەوە. ئەو نیگارە بە چاویش دەناسرێت. سەرجەم چاوەکانی سەر پەڕەکان بە لەشی یەک تاووسەوە لکاوە و بەند بووە.**

**لێرە ئەوەی کە بەهای هەیە ئەوەیە کە کەسانی بیرمەند دەبنە دوو دەستەی سەرەکیەوە، دەستەیەک کە نەک بە دید و دەستێکی کەم و کورتەوە، بەڵکو وەک تاووس بە کۆیەک دید و دیدەوە دەیانەوێت کە خۆیان و هەستی بکەنەوە و پیشانی بدەن. دەستەیەکی تر وەک هەنگ بە بێ ئەوەی کە بیانەوێت نەهان و نهێنی خۆیان و هەستی بکەنەوە، هەوڵ ئەدەن ئەوەی کە پێیان فرمان کراوە، بیگرنەوە.**

**کەسێکی وەک نیچە ویستی وەک تاووس بە چەندەها چاو و دیدەوە، نیگا بکات و بیکاتەوە و بەسەر وێنەکان و وشەکان و ماناکان زاڵ بێت. بە پێچەوانەوە کەسێکی وەک موحەممەد درودی لێبێت، نەیهێشت کە فەرموودەکانی بنووسرێت، لەبەر ئەوەی کە ئەویش وەک هەنگ نەیهێشت نهێنی و نەهانی ناوەوەی بکرێتەوە.**

**سەرچاوەی ناسین و ڕاستی دەبێت کە وەک وەحی بۆ موحەممەد و هەنگ، بە نهێنی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی کە ئەگەر سەرچاوەی ڕاستی و ناسین بکرێتەوە، کەڵکی خراپ و خۆویستانەی لێ ئەگیرێت و ئەنجامی خراپی لێ ئەکەوێتەوە.**

**لێرە نەوەکانی کورد دەبێت بە کەڵک وەرگرتن لە وێنە و ناوی هەنگ و تاووس خۆیان بگرنەوە یان بکەنەوە. کەسانێک سروشتیان بۆ ناو و وێنەی هەنگ دەچێت و کەسانێک سروشتیان بۆ ناو و وێنەی تاووس دەچێت. بە دڵنیاییەوە کە خوای گەورە داوا و ویست و خواستی کەس بە بێ وەڵام ناهێڵێت و هەرکەس بە لیاقەتیەوە پێی ئەبەخشێت.**

جارێک کوڕێکی کوردم بینی کە باسی لە بەختیار عەلی دەکرد و دەیوت کە مەچەکی بەختیار عەلیان گرتووە کە لەوانی ترەوە وێنەی هەڵگرتووە. **لە دڵی خۆمدا وتم: ئەو دزەی کە سەگ بیگرێت، ئەوە دز نیە، ئەوە نیازمەندە.** سەگ بۆ ئاگادار کردنی خاوەن ماڵە!.

کاک شێرزاد حەسەنم لە نزیکەوە بینی کە باسی ئەو نەوەی دەکرد کە بەردەوام پەنجەکانیان بە مۆبایلەوە خەریکە، ناوی ئەوانەی بە ئەسپێکوژەکان ناو دەبرد. جارێکی تر لە دوورەوە بینیم کە باسی فرۆیدی دەکرد. فرۆید ناوی تەنیا لەسەر زوبانی شێرزاد حەسەن نەبووە، بەڵکو زۆرێک لە مرۆڤەکان باس لە ناوی فرۆید دەکەن. نەوەکانی سەدەی بیست هەر هەموویان ئاشنایەتیان بە ناوی فرۆید هەیە وە هەر ئەمە ڕەنگ دانەوەی لێ دەکەوێتەوە. ناوەکان کە بەردەوام بەسەر زوباندا هات و چۆیان کرد، ئەوە ڕستەکان بە دوای خۆیان دەهێنن، وە ڕستەکانیش وەک خوری ڕەنگێکی خۆی هەیە، بەڵام ئەو کەسەی کە ئامادەی دەکات، ڕەنگێکی تایبەتی خۆی لێ دەدات. هەروەها ڕستەکانی مارکس لە لای دکتۆر قاسملوو، وە ڕستەکانی نیچە لە لای خاڵە حەیدەر، وە ڕستەکانی فرۆید لە لای شێرزاد حەسەن، کاریگەری خۆی لەسەر ئەوان کرد. نیچە کاریگەری لە خودی حەیدەر کرد و فرۆید کاریگەری لە بەرهەمەکانی شیرزاد حەسەن کرد.

مامۆستا ڕێبوار سیوەیلیم لە بەشی فەلسەفەی کۆلیژی ئاداب بینی. وتی: بە ئێمە دەڵێن، جاشەقەڵەم!. وتم: کێ؟ وتی: کەسانێک لە دەسڵاتی کوردی!.

مامۆستا ڕێبوار باسی کاری هزر و پێنووسی خۆی کرد، وتی: من باسی شتە چکۆلەکان دەکەم، وەک ئەوە کە دەست و دەستدانی سیاسیەکان لە سیاسەت چەند بەها و دەوری هەیە!؟.

**چاوی ورد بوون و ڕخنە کردن و ڕەخنە گرتن لە تایبەتمەندیەکانی بیرمەندان و نووسەرانی کوردیە. وەک ئەسپێ و پەنجە و مۆبایل، دەست و سیاسەت. ورد بوونەوە ئاماژە بە وردبوون و وردکراوی ناوەکان دەکات. بەو مانا کە ناتوانن بابەتەکان یان وێنەکان وەک دانەکانی هەنار لە بن پێستێک بخەن و لە کۆیەک بیبەخشن بە خوێنەر. لە وێنەیەکی تر ئەو نووسەرانە پەڕێکی تاووس پیشان دەدەن. ئەو نووسەرانە وزە و تەوانی ئەوەیان تێدا نیە کە وێنە گشتیەکەی تاووس پیشان بدەن. بۆیە دانە بە دانە لە درێژی ژیانیان هزر و هەستیان بۆ دروست دەبێت و لە کۆتایی و ئەنجامدا دەیکەن بە کتێبێک. من لەسەرجەم ئەو نووسیانە وەک سواڵکەر و گەدا نەمنووسیوە و**

**دانە بە دانە کۆم نەکردووتەوە، بەڵکو هەوڵمداوە کە وەک هەنگ لە دەروونەوە لیاقەتی ئەوە بە دەست و دەروون بهێنم کە شانێک هەنگوین دروست بکەم.**

لە حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری ئێمەیان فێری هات و چۆی تاران کرد. هەموو ساڵێک فەقێکان و مامۆستاکان بۆ پیشانگای کتێب بەرەو شاری تارانەوە بەڕێ دەکەوتن. ئەوە تەنیا چوونێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو ڕێگەی تارانیان بە ئێمە فێر دەکرد، بەو فێرکردنە ئەوە دەگەیەنن کە تاران شوێنێکی شایانە بۆ ئەوەی کە کتێبە خاوێنەکان لەوێ بە دەست کەوێت. ئیتر هەر ساڵ مامۆستا و فەقێکان سەردانی پیشانگای کتێبی نێودەوڵەتی تارانیان دەکرد و لەوێ لەگەڵ فارسەکان و بەلوچەکان و عەرەبەکان و ئەوانەی کە لە بواری دین کاریان کردبایەت ئاشنا دەبوون. چوون بۆ تاران خەتێک بوو کە مامۆستاکانی حوجرە بۆ ئێمەیان کێشا بوو.

لە دەورەیەک کە لە ڕێگای تاران و مامۆستاکان وەرەس و هیلاک ببووم، ڕووم لە باشووری کوردستان کرد بۆ ئەوەی کە لەو قەیران و نالەبارییەی دەروونم کە مرۆڤ بە منی بەخشی بوو، دەرباز ببم. زانکۆی سەلاحەدین و ئەو ژینگەیە کە لە کوردستان بوو، ئەوەندەی تر منی هیلاکتر کرد. پاشان ڕووم لە ڕۆژئاوا کرد بۆ ئەوەی کە ئاسایش و ئارامش ببینم، بە خواستی خوای مەزن لە ئینگلیس سەکتەی مێشکم کرد، وە لە پاش ئەو سەکتە بوو کە لە ناوی مرۆڤ و ڕێ و جادەکانی مرۆڤ دووریم گرت. هەر لەم دەورە کە من بێ دەنگ خەریک بە نووسینم، دەستە دەستە کورد بۆ خوێندن ڕەوانەی ڕۆژئاوا دەکرێن، وە ئەمریکی و ئینگلیسەکان بە خواستی خۆیان مەجلسی دەف و دایرەی خۆیان بردووەتە کوردستان و وەک شێخ نەوەکانی کوردیان کردووە بە دەروێشی بەزمی بارەگاکانی مەعریفی و سەبازی و ئاسایشی خۆیان.

تایبەتمەندی باشی من ئەوەیە کە خۆم دەخەمە ڕێگەکانەوە، باش هاوڕێیەتیان دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا ناسیاریان دەبم و ئەگەر بزانم کە وەرگێڕ و بەردەست و بن دەستی ئەوانی ترن، بە دڵنیایی وازیان لێ دەهێنم. هەر ئەمە وای کرد کە هیچ دڵخۆشیم بۆ ناوە کوردیەکان نەبێت، ئەوانە هەر هەموویان لەبەر و بن دەستی ناوەکانی تر گەشەیان کردووە وە وەک دەروێشەکانی شێخێک، بە کۆ لەبەر پێی شێخ هەڵدەستن و بە دانە لە ڕێی ئاودەست مەسینەی ئاو بۆ شێخ ئامادە دەکەن!.

ڕێ و ڕەسمی شێخەکانی ناوچەی کرماشان ئەوەیە کە دەروێش حەتا ئەو ڕۆژەی کە هەیە، دەروێش دەمێنێتەوە وە هەرگیز لە پلەی دەروێشی بۆ شێخی گوزەر ناکات. شێخ و دەروونی شێخ هەرگیز بۆ کەس ناکرێتەوە، ئەوەندە دەمیان قورس و ئارام دەجووڵێت کە سەختە قسەیەک لە دەمیان ڕاو بکرێت. بە پێچەوانەوە دەروێشەکان دەم و دەستیان هەردەم ئامادەیە بۆ کرانەوە. چیرۆکە خۆشەکانی شێخ لە نێو دەروێشەکانیەتی.

شێخەکان لە هەژاری و نەداری هات و چۆی شوێنان ناکەن، بەڵکو لە بێ نیازی و شکۆی ناوی خۆیان سەردانی شوێنەکان دەکەن. بۆ ئەوەی کە دەروێشەکانی خۆیان لە دەوری خۆیان کۆ بدەن و بەناویەوە دەف و دایرە ببەسترێت. دەروێشەکان لە دایرە دەبن و دەفەکان بە دەستیانەوەیە.

شێخ لە ناوەندی ئەو دایرە ناوەکانی تر لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە. ئەمە ئەدەبێکە کە لە کۆنەوە دامەزراوە، ئەدەبێک کە پیرۆزکراوە، ئەدەبێک کە لە سروشت هەیە، وەک کچەکان کە بۆ کابرای گۆرانیبێژ دەکەوتن یان وەک میم زینەت کە بۆ شێخی خۆی دەگریا.

پێم خۆشە کە دەف بشکێنم و دایرەی دەروێشەکان بتووچێنم.

دەروێشەکان، نەوەکان، مەڕەکان، سەگەکان، هەر هەموویان لە دەورانی سەرەتایانەوە دەتوانن کە خێ بە دەرماڵ و مۆڵگە و پەچەیەک بگرن، گەر لە یەکەم مۆڵگە و دەرماڵ زیاتر بوو، ئەوە ئیتر زۆڵ و بێوەفا و سووک ئەبن.

کێشە و پرسی سەرەکی خێگرتن و مۆڵدان و مانەوەیەکە کە لە دەروونی مرۆڤ و مەڕ و سەگ هەیە. کاتێک کە شێرزاد حەسەن بە ناوی فرۆید دەیگرێت و حەیدەر بە ناوی نیچەوە ئەبەسترێتەوە، نیشانەی مۆڵدان و خێ گرتنی ئەو کەسانەیە.

بزن کە زۆر حەزی لە خۆیە، بۆ ئەوەیە کە پێست و گۆشتی بۆ مانەوە و چوون زیاتر خۆشە بکات. بزن کەمتر لە مەڕ خێ دەگرێت و لە شوێنێک دەمێنێتەوە. مەڕ بە بزن ژیر نابێت، ئەگەر سەدان ساڵیش پێکەوە بن، مەڕ لە مۆڵدان و خۆشەویستی پەچە دەرنایەت!.

ئەم باس و قسانە من دەبات بۆ ئەوە کە بگەیەنم دەستەیەک لە مرۆڤەکان هەر لە سروشتیانەوە شێخمەنش و گەورە خولقاون، ئیتر لە بەردەوامی ژیانیان دەبنە خاوەن دایرە و تەکیەن، وە بە پێچەوانەوە دەستەیەکی تر سروشتیان ئەوەیە کە لە دایرە بن و بە دەفەوە لە دەوری شێخی خۆیان بسوورێن.

کەسانێک لە بیرمەند و فەیلەسوف و پەیامهێنەرەکان لە دەروون و ناوەوەی خۆیانەوە بەزەییان بەوە هات کە خەڵک لە دەوری خۆیان کۆ بدەن و بیانکەن بە قوربانی خۆیان، هەربۆیە بە خەڵکیان وت کە خۆتان بن و خاوەن ڕوومەت و گەورەیی خۆتان بن و چۆک مەدەن بۆ هیچ شێخێک، بەڵام بەم قسە و باسەش خەڵک هەر لە دایرە و تەکیە مانەوە. ئەگەرچی ناو و شێوە و وێنەی تەکیە و دایرەکان گۆڕاوە، بەڵام ناوەڕۆک هەر یەک شتە. مرۆڤ و مەڕ ڕادەیەکی فرەی لە خێ گرتن و مۆڵدان بۆ پەچە و تەکیە تێدا هەیە!.

## دەف و بێژنگ لە دەست و ژەندندا

**نەوەکانی کورد وەک بێژنگ بە دەستی ئەوانی ترەوە ژەندراون، وە ناوەکانی کورد وەک دەف لە دانیشتنی شێخەکانی ئەوانی تر ژەنراون.**

**ڕۆژێک لە بازاڕی شاری سەرپێڵی زەهاو لەگەڵ ناسیاوێک ڕێم دەکرد. ناسیاوەکە بە منی وت: ئەو کوڕە دەبینی لەوبەری جادەکەوە؟**

**دەستی بۆ کوڕەکە ڕاکێشا و منیش وتم: بەڵێ، بۆ!؟**

ناسیاوەکە وتی: ئەوە سەیری مەکە کە ئاوەها ڕێ دەکات و سەلامەتە، ناوەوەی دڕاوە!.

کە وتی ناوەوەی دڕاوە سەیرم لێ هات، بە پەلە سەیرم کرد و وتم: مەبەستت چییە کە ناوەوەی دڕاوە!؟

ناسیاوەکە وتی: ئەوە لە شەڕی عێراقدا دژی ئەمریکا شەڕی کردووە، زۆر فیشەک و پەلاشەی بەرکەوتووە، کون کون بووە!.

## چیرۆکی کوڕێکی تر

لە شاری لەندەن کوڕێکی کوردم بینی کە چەند کتێبێکی ئینگلیزی بە دەستەوە بوو و خەریکی ئەوە بوو کە بە هاوکاری زانکۆ و زانستگاکانی ئینگلیس فێری سیاسەت بێت و لە ڕێگەی ئەو زانستانەوە کە لە ئینگلیس فێری دەبێت، کورد و کوردستان دەرباز و ڕزگار بکات.

وتم: وشەکان و ڕستەکان وەک چەکە، کەسێک کە ئەو چەکە دروست دەکات دەستی کراوەیە کە بیدات بە هەر کەس کە بیەوێت. ئەو زانستەی کە تۆ لە لەندەن فێری دەبیت، فارسەکان و عەرەبەکان و تورکەکانیش فێری دەبن. ئەوانە ئاگاهن لەوەی کە تۆ بە چ شێوەیەک قسە دەکەیت و چ جۆرە بەڵگە و قسانێک بۆ بەرگری لە مافی کورد بە گڕ دەخەیت.

لە بەردەوامی قسەکان: نەوەکانی کورد بە دەستی ناوەکانی کورد وەک بێژنگ کون کون کراون و بە دەستی ئەوانی ترەوە دراون، ناوەکانی کورد خۆیان وەک دەفی بێ کون بە بۆنی خۆشەوە بە دەستی ئەوانی ترەوە دەژەنرێن، بۆ بۆنەکان و خواستەکانی ئەوانی تر دەژەنرێن. لەبەر ئەوەی کە ئەوانی تر بونیادی ناوەکانی کوردیان کرد بە دەفی بێ کون، لەگەڵ ئەوەشدا نەوەکان لە یەکدی بێگانە و نەناسیاو وەک کونەکانی بێژنگ، کون کون و بەستراو، بە دەستێک ژەنراون و دەژەنرێن و خاکی ئەوانی تر پاک دەکەنەوە. قازی موحەممەد و ئوجەلان و قاسملوو و موفتی زادە و سوبحانی و ڕەبیعی و حوجرەی ئیقباڵی لاهوری وەک دەف بۆ ئەوانی تر وە بە دەستی ئەوانی تر ژەنیاون. ئیتر ئەو نەوانەی کە لەبن دەست و ناوی ئەوانە بوون، قوربانی و وەک بێژنگ بۆ ئەوانی تر ژەنیاون. سەلەفیەکانی کوردستان وەک بێژنگ بۆ ئەوانی تر وە بە دەستی ئەوانی تر کون کون و لە تەپ و تۆزدا قڕ و ون بوون.

ئەو کوڕە کوردە بەهای بە قسەکانی من نەدا و هەر لە کاری خوێندنی خۆی بەردەوام بوو. منیش وازم لە برادەری ئەو کوڕە هێنا و دام بە دەستی خوای مەزنەوە کە بە ناوی گەورەی خۆی بڕیاردەر بێت.

دەستەیەک لە پیاوانی دەشتی زەهاو سوار و چەکداری ڕەزا خانی نێرژی بوون، دەستەیەکی تریش دەروێشی بنەماڵەی شێخ سەفایەدین بوون. هەموویشیان پێکەوە و لە ناو یەکدی دەژیان و هاوماڵیان دەکرد. هەروەها لە دەورەی دوایی و نوێدا خەڵکی کوردنشینی شاری کرماشان

**خۆشەویستی و ڕێزی خۆیان بۆ مامۆستا موحەممەدی ڕەبیعی و مامۆستا عەبدولڕەحمانی قاسملوو دەردەبڕی. ئێستەش ئەو دوو ناوە وەک دووی ناوی کوردی و بەڕێز دەناسن.**

**بۆ من بووە پرسیار کە ئەو خەڵکە بۆ یەک ڕێز و خۆشەویستیان بۆ دوو کەس بە دوو بیر و باوەڕی جیاواز هەیە!؟**

**پاش ماوەیەک بۆم دەرکەوت کە ئەو خەڵکە ناوماڵی کوردی و هەست و نەستی خۆبوون لە دەروونی زیاترە لە ئیسلامی مامۆستا موحەممەدی ڕەبیعی و سۆسیالیزمی مامۆستا قاسملوو. ئاوارەیی و ژێردەستی و تەنیایی کورد، وای کردووە کە کورد دەستە هەستێکی هاوبەشی بۆ یەکدی هەبێت.**

**نەوەیەک کە هیچ بنەوایەکی لەسەر و لەبن نەبوو، بۆی هەیە کە مرۆڤی سەرەڕەوی و سەرسەری و سەرشێتی سەرەوەی هزر و ئەندیشە و خەیاڵی لێ بکەوێتەوە.**

**مرۆڤ بوونەوەرێکە بۆ ناسین و لە ناسیندا بێ سەبر و شێواوە. هەرئەمە وادەکات کە بۆ ڕێباز و ئەنجامی جۆراوجۆر بچێت. بۆ نموونە پراگماتیسم لە ئەدەبی ئینگلیسەکان، ڕیالیسم لە ئەدەبی باڵزاک، ئیدەئالیسم لە ئەدەبی ئاڵمانەکان وە شێوەکانی تری چوون بۆ ناسین وای کرد کە سەروگوێی مرۆڤ کپ و کڕ بێت. ئەمە کاری سروشتە کە ئەو سەر و سینگەی کە زۆر بەرزی و نزمی بکات، گوشان و کپ بوون و گوشار و کرانەوە و بەسترانەوە دەیگرێت.**

**بۆ سڕینەوەی ناوەکان کە لە ئەدەبێک هات و چۆ دەکەن، پێویست بە لێدانێکی بەهێز دەکات کە لە پەیکەری ئەو نەخشە و ئەدەبە بدرێت. سەلەفیەکانی شاری کرماشان هاتن بۆ ئەوەی کە ناوی مامۆستا ڕەبیعی و مامۆستا قاسملوو، وە سەرجەم هەست و نەستەکانی خەڵک بۆ ئەو دوو ناوە و ناوەکانی تر تێک بدەن و ناو و هەست و خۆشەویستی تر باو و بڵاو بکەنەوە. ئەو سەلەفیانە دەست و دەمی خۆیان لە خەڵک وەشاند، بۆ ئەمەش لە گەنجانەوە دەستیان پێ کرد. دایکم قسەیەکی هەبوو، ئەیوت: ژنداری و خواداری لە گەنجی و جوانی خۆشە! ئەو سەلەفیانە لە کاتی خۆی و شوێنی خۆی یەخەی نەوەکانیان دەگرت!.**

لە شاری سەرپێڵی زەهاو دەستەیەک موسوڵمان بە ناوی ڕەوتی سەلەفی دەرکەوتن کە دروشمەکانیان لە شمشێرەکانەوە نزیک دەکردەوە. ئەو کۆمەڵە سەلەفیە پێداگریان لەسەر سەلەفی ساڵح دەکرد کە مەبەستیان ڕێبازی پەیامهێنەری ئیسلام و یارانی ئەو پەیامهێنەرە بوو. ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەلەفیانە هەر لە بنەڕەتەوە پەیڕەوی لە بنەوایەک دەکرد کە نەک تەنیا شار و پێکهاتەی جادەکان، بەڵکو خەڵکەکەشیان بە دوور لە ئیسلام پێناسە دەکرد. ڕۆژێکی جەمعە بۆ نوێژی نیوەڕۆ چووم بۆ مزگەوتەکەیان. کۆمەڵێک گەنج بوون کە بە هەست و خواستەوە کۆ بوونەوە.

ئەو کۆمەڵە دەستە باسێکی دەورژاند و دەبرژاند کە دەیەویست خاوەنداری بەسەر مرۆڤدا بکات، خاوەنداریەک کە ڕستەکانی دیار بوو. یەکێک لەو باسانە خوێندن لە قوتابخانەکانی فارسی بوو،

کە ئەوان بە توندی دژی ئەوە ڕاوەستا بوون کە منداڵان لە قوتابخانەکانی دەسڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران پەرە بە خوێندن بدەن. هەر ئەو قسە و باسانە ئەوەندەی تر ڕق و قینی لە قوتابخانەکانی فارسی گەشە پێدا و زۆرێک وازیان لەوە هێنا کە بخوێنن. ئیتر ئەوان بە پێچەوانەی حوجرەی ئیقباڵی لاهوری، هات و چۆی تارانیان نەدەکرد. ئەوان بە پێچەوانەی حوجرە کە گەشەی بە پێنووس دەدا، پەرەیان بە نەوەیەک دەدا کە دروشمەکان بکەن بە شمشێر و بیدەن بە دەستی بەچکە موسوڵمانەکانەوە و بیانهەنێرن بۆ ئەو وڵاتانەی کە شەڕی کافر و موسوڵمان هەیە. ئەو کۆمەڵە ئیسلامیە تەوانی زۆریان هەبوو کە ڕستەکان بکەن بە دروشمەکان و بە ئاسانی ئەو دروشمانە بکەن بە شمشێر و بیدەن بە دەستی نەوەکانەوە. ئەو کۆمەڵە و سەرجەم کۆمەڵە ئیسلامیەکان بە ڕادەیەک کانی ڕستەکانیان لەبەر دەستە، پێویستیان بە بیرمەند نیە، بەڵکو پیاوێکیان دەوێت کە لەشی لیاقەتی ئەوەی هەبێت کە ڕستەکان بە ئاسانی بکات بە شمشێر.

ئەو کۆمەڵە سەلەفیە بە هاوکاری نەخشەی ڕستەکانی قورئان، بەها بۆ هیچ نەخشە و ئەدەبێکی تر نادەن، نەک تەنیا بێ لایەن نین لەگەڵ ئەو ئەدەبانە، بەڵکو بە هۆکاری نەزانی و گێلی و ستەم دەیناسنەوە.

لە ڕاستیدا هەناسە کێشان لەگەڵ کۆمەڵێک بیر و ڕستە زۆر زەحمەت و پڕ لە دەرد و ئازارە.

ناسین لە زەوی لەسەر بنەیەکی ئاکاری بەند و بەست کراوە. هۆکاری ئەوەی کە ئەو کۆمەڵە سەلەفیە نەیانتوانی لەسەر ئەو ڕێگە بەردەوام بن، گرفتی ناسین و مەعریفەت نەبووە، بەڵکو گرفتی ئاکاری ئەوانە بوو. ئەو کۆمەڵە لە خاڵ و چاڵێکیان دەدا کە شەڕەکان هەر هەموویان لەسەر ئەوەیە. ئەو کۆمەڵە بە ڕاشکاوی ئەوەیان دەگەیاند کە شەڕ، شەڕی ناوەکانە.

ئەو کۆمەڵە سەلەفیە، باسیان لە ناوی ئیماندار و کافەر و موسوڵمان و موشرک دەکرد. ئەوان ئەو ناوانەیان بۆ ناساندن هەڵدەبژارد وە بە توندی دژایەتی ئەو ناوە نوێیانەیان دەکرد کە لە کۆمەڵگا بەرە و پەرەی دەسەند، وەک ڕۆشنبیر و فەرهەنگی و ئەو جۆرە ناوانە.

**مرۆڤ گەر دەستی لەگەڵ بدەیت ناچاری لەگەڵی دابنیشیت، کە دانیشتی ناچاری قسەی لەگەڵ بکەیت، کە قسەت کرد، ئاشنایەتی و نزیکی دروست دەبێت. باش وایە بۆ کرانەوەی ئەم باسە ئەم بەسەرهاتە بگێڕمەوە:**

ڕۆژێکی بەهاری خەڵکی ئاوایی لە ڕەقانی لای ئاوایی کۆ بوونەوە و خەریکی قسە و دەمەتەقە و پێ کەنین بوون. هەوا خۆش بوو و خەڵکی ئاوایی لەسەر کەیف و شادمانی بوون. لە ناکاوە چەند ئۆتۆمۆبیل خۆیان کردە نێو ئاواییدا و کەسەکان دابەزین و بە چەکەوە هاتن بەرەو خەڵکەوە. بە سەر و جل و بەرگیان دیار بوو کە یارسانن. خەڵکیش کۆی خۆیان شێواند و بەرەو ئەو کەسانەوە چوون. جۆرێک سەیر لێهاتن خەڵکی گرتەوە.

**یەکێک لە یارسانەکان لە دوورەوە دەستی بەرەو کەژەکانی دالاهۆ بەرز کردەوە و وتی: داوگەکە[7] ئاسک ڕاو کردیمە، هاتنە ئەڕا ئی کەژانە، ئویشن ئیوەش بان و بچیمن!؟( یا حەزرەتی داود، ئاسکمان ڕاو کردووە، هاتوون بۆ ئەم کەژانە، گەر ئێژن ئێوەش بێن با بڕۆین)**

خەڵکی ئاوایی تێ گەیشتن کە ئەوانە گەلەیەک ئاسکیان ڕاو کردووە و ئاسکەکان هاتوون بەرەو کەژەکانی پشت ئاواییەکەی ئێمەوە. خەڵک کار و بارێکی نەبوو، هەربۆیە هەرکەسە کە لە ماڵەوە چەکی هەبایەت، هێنای و بەڕێ کەوتن بەرەو کەژەکانی پشت ئاوایی ئێمەوە، کە بەدەم کەژەکانی دالاهۆوە بوو.

پیاوان و منداڵان بۆ ڕاوی ئاسک بەرەو کەژەکانەوە بڵاو بوونەوە. کاتژمێرێک لە یاڵەکان و باڵەکانی کەژەکان ئەمسەروئەوسەریان دەکرد و بە دووربین چاویان دەدا. هەر ئەوەمان زانی کە تەقەیەک هات و هەموو بەرەو تەقەکەوە بەڕێ کەوتین. کاتێک کە گەیشتین سەیرمان کرد بەرازێکیان کوشتووە. خزمێکمان بە تووڕەیی وتی: ئەم سەگبابانە درۆیان لەگەڵ ئێمە کردووە، ئەمە کەی ئاسکە!؟

خەڵکی ئاوایی بە دەم و قسە یەخەی یارسانەکانیان گرت و بە تووڕەیی وتیان: بۆ درۆتان لەگەڵ ئێمە کردووە کە گەلە ئاسک هاتووە بەرەو کەژەکانەوە؟ ئێوە دەتانزانی کە ئێمە بەراز ناخۆین بۆیە وتتان ئاسکە!.

یارسانەکانیش کردیان بە فشە و تیان: ئەی ئێوە بەراز نیەخوەین، چووی باریمەتان ئەڕا ڕاوە بەراز!؟ وەتیم با بوویشیم ئاسکە، کە ئیوەش کومەکمان بکەن!.(ئەی ئێوە بەراز ناخۆن، چۆن بتانهێنین بۆ ڕاوی بەراز!؟ وتمان با بێژین ئاسکە بۆ ئەوەی کە ئێوەش یارمەتیمان بدەن)

**یارسانەکان زیرەک بوون، ئەوان خەڵکیان بینی کە بێکار و بێبار بۆ خۆی دانیشتووە، بە بیانۆی ئاسک چەکیان بە خەڵک هەڵگرت و خەڵکیان بردە سەر کێوەکان و ڕاوی خۆیان کرد و خەڵکەکەشیان بەجێهێشت. هەروەها دەستەیەک لە مرۆڤەکان، دەستەکانی تر بە شوێنی ڕاوی خۆیان دەخەن.**

لە ناکاوە دەستەیەک بە چەک دەکەونە نێو خەڵکەوە و بۆ ڕاوی خۆیان و بۆ خواستی خۆیان خەڵکانی تر بە کار دەبەن. لەوە هەردەم نیگەران بووم کە بە ناحەق ببم بە قوربانی ناوێک و خواستی کەسانێک، بە بێ ئەوەی کە ئاگاداری خۆم ببمەوە.

**سەلەفیەکانی شاری سەرپێڵی زەهاو وەک ئەو دەستە یارسانە کە خەڵکی موسوڵمانیان بە دوای بەراز خست، هەروەهاش ئەوان نەوەکانی کوردیان بە دوای ڕاوێک خست کە کەسێکی تر گۆشتەکەی دەخوات!.**

---

[7] داوگەکە مەبەستیان ناوی داودە. داود ناوێکی پیرۆزی یارسانەکانە. شێوەی وتنی داوگەکە وەک کەسێک بڵێت ئیمامەکە.

خەڵک " ئەژەنرێت" بۆ ئەوەی کە " بگیرێتەوە". لە گرتنەوەدا ڕاستی و حەقیقەت ئەوەندە بەهای نیە، بەڵکو دەستێک گرنگە کە بتوانێت بە باشی بگرێتەوە و خاوەنداری بکات.

# ناوەکان لە گەڕانەوەکانیاندا

لە منداڵی خۆشەویستی نێو کۆڵان پڕە لە هەست و بیرەوەری تاڵ و شیرین. ساڵی هەزار و سێسەد و هەفتاد و سێی هەتاوی لە کۆڵانێک دەژیام کە نزیک بە پێنج دۆستی باشم هەبوو. هەموومان لە گەمە و قوتابخانە و گەڕان و شەڕ و ئاشتیدا گیانمان پێکەوە بوو. پاش خواردنی نانی نیوەڕۆ لە کۆڵان کۆ دەبووینەوە و گەمەمان دەکرد. ئەوەندە پێکەوە بەسترابووینەوە کە دونیا و مانای دونیا لەو کۆڵانە بوو. شەڕمان دەکرد و زووش پێکەوە ئاشتمان دەبووەوە. جار بە جار پێکەوە و جار بە جار لەسەر یەکدی شەڕمان دەکرد، هەمیشەش پێکەوە خەندان بووین، هەروەها بێ خەم و بێهۆ و بێهوودە لەسەرجادە و کۆڵانەکان دەسووڕاینەوە.

پاش ساڵێک ژیانی گیان بە گیانی کاتی ئەوە هات کە ماڵمان لەو کۆڵانە بار بکات. بار کردن بۆ من دەردێک بوو کە جەرگ و هەناوی منی دەسووتاند. ئێوارەیەک لەگەڵ دۆستانی شیرینم پێکەوە لە بن تیری بەرقێک، لە نزیک دیوارێکی نزم لە گۆشەی کۆڵان دانیشتبووین. ئاسمان لێڵ ببوو، کەس بە کۆڵاندا هات و چۆی نەدەکرد. ئەو خۆشی و گەشییەی جاران لێمان تەرای سەندبوو. خەمی لە دەستدانی یەکدیمان پێ قبووڵ نەدکرا. پێکەوە گریاین و دەم و گۆنامان، لەو فرمێسکە خۆی دوور دەخستەوە و دەچووە خوارەوە!.

ئیتر لە خەم و خوسەی ئەو جیا بوونەوە، ڕۆژ و شەو نانم پێ نەدەخورا و لە خەیاڵ و خەمدا دڵم دەکولایەوە. تا ئەوەی کە پاش چەند ڕۆژ باوکم ماشینێکی بارهەڵگری هێنا و خەریک بە بار کردن بوو. دۆستانی وەفادار و عەزیزم هاتن و لە کەنارمدا لە گۆشەی حەوشەوە ڕاوەستابوون، هیچ قسەیان پێ نەدەکرا، بێ دەنگ و مەلول پێیان خۆش بوو کە شت و مەکی بار کردن هەرگیز تەواو نەبێت!.

ئیتر سەرنوشتی ئێمە ئەوەبوو کە لەو کۆڵانە بڕۆین. کاتێک کە بارەکە ئامادە بوو، باوکم منی لە دواوە لە سەر بارەکە دانیا و بە چاوی پڕ لە فرمێسک سەیری دۆستانم دەکرد. نە دەستم لەگەڵیاندا و نە ماچیانم کرد. لە دواوەی بارەکە من لە چووندا بووم و ئەوان کپ و پەرێشان لە شوێنی خۆیان بوون. ماشینە باریەکە لە سەرکۆڵانەکە بایدایەوە و ئیتر بۆ هەمیشە لەو کۆڵانە چووینە دەرەوە!.

قورسایی و خەم و بێ تاقەتی و تەنیایی وای کرد کە هەر ڕۆژ لە گۆشەی شارەوە بڕۆم بۆ بینینی دۆستانی خۆشەویستم. ڕۆژان کە دەمامەوە لەوێ، لەبەر ماندوویەتی هەستی بێ شوێنی لێمی دەدا. ئیتر ئەو بێ شوێنیە وردە وردە وای کرد کە بیر لەوە نەکەمەوە جارێکی تر بڕۆم بۆ ئەوێ!.

لەگەڵ ئەوەی کە تەواوی کون و شوێنەوارەکانی ژیانم لێک و پێک دەدایەوە. دەروونم لە دەسکەوتەکانی خۆم ئاسایشی نەدەگرت. من گەڕامەوە بۆ ڕابردووی خۆم، وە لەو گەڕانەوەشدا زۆر لە وشە و وێنە و بەسەرهاتەکانم هەڵتەکاند، بەڵام هیچم بە دەست نەکەوت!.

**گەڕانەوە** بۆ شوێن و جێگەیەک کە وەک بنەیەک و نەخشەیەک کە سەرچاوەی ڕستەکان بێت، لە ژیانی نەوەکان و ناوەکان هەبووە.

زۆرێک لە مرۆڤەکان کە تەمەنێک ئەکەن یان لە خاکی خۆیان دوور ئەکەونەوە، نۆستالژیەکی سەیر دەیانگرێت. ئەو مرۆڤانە بە گەڕانە بۆ ڕابردووی خۆیان، دەیانەوێت کە ئاسایشێک بە دەست بهێنن.

تەواوی وێنە و بەسەرهاتەکانی من لەسەر ڕابردوویەک بووە کە پێدا و تێدا گوزەرم کردووە. ئەو گوزەرە وەک سەرچاوەیەک بوو کە من ناسین و ڕاستی تێدا بدۆزمەوە. لە ڕاستیدا من بە گەڕانەوە بۆ ڕابردووی خۆم، هەوڵی سەربەخۆییم داوە. لە درێژی ژیانی هەست و هزرەکانم، سەروچاوم لەسەر ڕابردوو و گەڕانەوەکانی کەسانی تر زۆر ورد بووە. من بۆ ڕابردووی کەس نەگەڕاومەتەوە، هەرچەند گەڕانەوەکانی ئەوانی ترم ڕاڤە کردووە. لە دەورانی کەمپی ئاڵتاش خێزانی من ئاویان لە جام دەخوارد، هەمووان دەمیان بە یەک جام و ئاوەوە دەنا. لەبەر ئەوەی کە سەربەخۆ نەبووین. ئێستەش من گەر دەم و دەست بە وشە و ناو و بەسەرهات و وانە و وێنەکانی پەرت و شێواوی خۆم و دەوروو‌بەرم بگرم، لە ڕاستی و ڕووناکی نزیکە و نزیکترم ئەکاتەوە. من لەوە دڵنیام و ئێوەش دڵنیا دەکەم کە هەر مرۆڤێکی خوازیاری ناسین دەبێت لە ئاستی سەرچاوەی ڕووناکی و ڕۆشنایی، لە گۆشە و ڕادەیەکی دیار و دیاریکراو بێت. دووری و نزیکی لە ڕادەبەدەر، دید و بیگا تووشی کێشە ئەکات.

" ناسین پرسێکە کە پەیوەند بە دید و وشەوەیە، ناسین پرسێکە کە لە دەرەوەی لەش بە مرۆڤ دەبەخشرێت."

لە ژیانی ناوەکان بە باشی ئەوەمان بۆ بە دەردەکەوێت کە گەڕانەوە چ دەور و پێگەیەکی لە ژیانی ئەوانە هەبووە.

سادقی هیدایەت بۆ ژیان و ڕابردووی خۆی نەگەڕایەوە، نەک تەنیا نەگەڕاوەتەوە، بەڵکو بێمانا و پووچیشی زانیوە. ئیتر کاتێک کە قین و ڕقی لە ئیسلام بڵێزە دەگرێت، بەرەو ئێرانی کۆن دەگەڕێتەوە وە دەیەوێت کە لە ڕێگەی ئێرانی کۆنەوە ئاسایش بە ناوی خۆی بدات. کەڵک لە عومەری خەیام وەردەگرێت وەک ناوێک کە دەهریە و ماڵی دیندارانی لە نێو فارسەکان کاول کردووە. هەروەها کەڵک لە گیاخوەری وەردەگرێت، وەک هەوڵێک بۆ کوژاندنەوەی دڕندەیی باسەکانی سەربازەکانی سپای موسوڵمانەکان لە ئەدەبی فارسیدا. هەروەها هیدایەت دەگەڕێتەوە بۆ بەکار بردنی وشەکانی فارسی وە زیندوو کردنی ناوەکانی کۆنی ئێران.

ئەو نووسراوانەی کە لە سادقی هیدایەت ماونەتەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە گەڕانەوەی هەبووە بۆ فەرهەنگی کۆنی ئێرانی پێش ئیسلام.

سادقی هیدایەت لە گەڕانەوەی بۆ کۆن، هیچی بۆ نەما کە ئارامی و ئاسایشی پێ بدات، هەر لەبەر ئەمە لەو خاکەی کە باسی ناوەکانی دەکرد و شانازی پێوە دەکرد، دوور کەوتەوە و لە پاریس خۆی کوشت!.

فردریک نیچە کە بە فەرهەنگناس و دیبناس ناوی لێ دەبەن، دەگەڕێتەوە بۆ خواکانی کۆنی یۆنان و لە ڕێگەی ئەفسانە و هۆنراوە و نووسراوە و ناوەکانی یۆنانەوە هەوڵی ئەوە دەدات کە ئارامش بە دەروونی خۆی بدات. باسی بوتەکان و خواکان و ناوەکان و ئەدەبەکانی کۆن، باسی ئاپۆلۆن و زەردەشت و ئەفلاتون و عیسا دەکات. هەر هەمووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی هزری و ئەدەبی نیچە لە کۆنەوە، دوژمنی هەستەکان و هزرەکانی عیسای کوڕی مریەمە، وە دۆستی بڵند و باڵای ئەدەبی ناوی زەردەشتە. نیچە بە گەڕانەوە بۆ نەخشەکان و ئەدەبەکانی کۆن، خواستی ئەوەی هەبوو کە بە ئاسایش بگات.

نیچە بە ئاسایش نەگەیشت، بەڵکو بە چەند سەکتەی مێشک ژیانی بە دەرد و ناڕەحەتی تەواو کرد. ئەوە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو گەڕانەوە، لێدان و کوتان و قڕان دروست دەکات.

سەید قوتب لە سەفەری بۆ ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ دەقەکانی قورئان و لە گەڕانەوەی بۆ میسر، گەڕاوەیەک بۆ ئیسلام دەچێتەوە بۆ میسر. پاش تەمەنێک لە کاری ئەدەبی و خوێندن و نووسین، سەید قوتب بۆ ئەوەی کە ئاسایش بە گیان و دڵی ببەخشێت، باس لە قورئان دەکات. پاش ئەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ میسر و دەردەکەوێت کە گەڕاوەتەوە بۆ ئیسلام، کەسانی تر نەیاری دەبن و دوژمنی دەکەن و کێشەی بۆ دروست دەکەن و ڕەوانەی زیندانی دەکەن. لە زیندان تا ئەو کاتەی کە لە سێدارە دەدرێت بە وشەی شەهادەت خۆشحاڵ دەبێت، وە ئاماژە بەوە دەکات کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی ئەو پێگەیە. سەید قوتب بە دەرد و نەخۆشی لەشیەوە لە زیندان لە سێدارە دەدرێت.

سەید قوتب ئارام دەمرێت، بە مەرگێک گەیشت کەساڵەها چاوەڕوانی بوو. بە پێچەوانەی نیچە کە هەڕەشەی لەشی خۆی ژیانی لێ تەواو کرد.

لە ڕاستیدا لە دەروونی ئەو ناوانە بوونێکی ڕەوەندەی نائارام هەیە کە خواستی ئەوەی هەیە کە لە زەویدا بە ڕووناکی بگات و لە ئاسایش سەر بنێتەوە. گەر خوێنەر لە ژیانی ناوەکان ئاگادار بێت، ئاگاداری ئەوە دەبێت کە ناوەکان لە زەوی بەدوای ئاسایشی دەروونی خۆیان بوون، هەر ئەو بەدواداچوونە چیرۆکی سەیری لێ کەوتووەتەوە.

گەڕانەوە یەک چوونی نیە، بەڵکو سەرچاوەی گەڕاوەکان زۆرن، بۆ نموونە گەڕانەوە بۆ ئیسلام یان یۆنانی کۆن یان بۆ میسۆپۆتۆمیا یان ئایینەکانی هیندی یان شارستانیەتی کۆن لە ئەمریکای لاتین. ئەو ناوانەی کە کاریگەریان لە ئەدەب و فەرهەنگی مرۆڤی کردووە، گەڕانەوەیان بۆ

ئەدەبی ئیسلام یان یۆنانی کۆن یان میسۆپۆتۆمیا کردووە. لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ئەو ئەدەبانەوە دڵی خۆیان خۆش کردووە.

ناوەکان بە تەواوی لە ڕێگەی گەڕانەوە هەوڵی ئەوە دەدن ئاسایش بە دەست بهێنن. بەشکە خوێنەرێکی وریا پرسیار بکات، ناوەکان تا کوێ چوون کە دەگەڕێنەوە بۆ دواوە!؟ ئەمە پرسیارێکی دروست و شایستەیە.

کاتێک کە ناوی ڕەوەندە یان ئەو کەسەی کە خوازیارە تەوانی ئەوەی نیە کە بە دەستی خۆی ئاو لە چاڵئاو دەربهێنێت، پەنا بۆ دەستی ئەوانی تر دەبات کە یارمەتی بدەن. ئەو کەسە نەک تەنیا چاڵی ئاوی نیە، تەوان و هێزی دەستیشی نیە.

سەرەتا و کۆتایی ناوەکان دەتوانێت کە دوو جۆر بێت: وەک دار کە ڕێشەی لە خاکە و بنەوای هەیە و لە شوێنێکەوە چێنراوە. لق و پۆکانی لە ئاسمانەوەیە، لقی دار لە کۆتایی تەنیایە و لاوازە و بە هەر بایەک دەشەکێتەوە و بۆی هەیە کە بە بایەکی توندتر بشکێتەوە.

لە وێنەیەکی تردا سەرەتا و کۆتایی ناوەکان دەتوانێت کە وەک گوریس بێت کە سەرەتا و کۆتایی گوریس دیار نیە وە لە هەردوو لاوە بە کار دەبرێت وە لە هەردوو لاوە بەهای هەیە کە سەلامەت و بەستراو بێت. گوریس لە هەر لایەکەوە کە بیگریت، دەتوانێت کە وەک سەرەتا بێت.

لە ئەدەبی ناوەکاندا سەرەتا و کۆتایی مانایەکی تری هەیە، ئەوەش ئەوەیە کە سەرەتا هەر کۆتاییە، کۆتاییش هەر سەرەتایە. دەرهاتنی ئەم مانایە لە ئەدەبی قورئانەوە بوو. لە قورئاندا کەڵک لە وشەی (خلق و رجع و مصیر) وەردەگیردرێت. لە خواوە هاتووین و بۆ خواش دەگەڕێنەوە. گەڕانەوە مەبەست ئەوە نیە کە لە شاری سلێمانیەوە بۆ هەولێر بڕۆیت و لە نیوەی ڕێگە لە کەرکوک بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و نەچیت بۆ هەولێر. گەڕانەوە بۆ ناوەکان وەک گەڕانەوە بۆ شوێنێک نیە کە لە سەر جادەیەک بێت. گەڕانەوە لە ئەدەبی ناوەکان وەک خۆر و مانگ و زەوی، سەرەتا و کۆتاییان نیە، بەڵکو هەرکام لەو ناوانە خاوەن پێگەیەکن کە لە چەرخان و گەڕاندان.

" مرۆڤ پێی خۆشە کە ئیتر بۆ دواوە نەگەڕێتەوە."

# هەفت پشت و پشتەکان

کەسانێک گەڕانەوە بۆ ڕابردووی خۆیان دەکەن، وە کەسانێک گەڕانەوە بۆ ناوە چکۆلە یان شوێنە چکۆلەکان دەکەن. کەس بۆ خواردنی ئاو ڕوو لە دەریا ناکات. کەم کەس بۆ ڕاو ڕوو لە دەریا دەکات. دەریا شوێنی هەر کەسێک نیە.

شێوەی گەڕان و گەڕانەوەی ناوەکان چ وێنەی و چوونێکی هەیە!؟

شێوەی چوون و گەڕان و گەڕانەوەی ناوەکان دەتوانێت کە وەک چوونی کولە و بۆق و کانگرۆ بێت کە بە هەڵقونین دەڕۆن. دەتوانێت کە وەک هەڵۆ بە یەکجار کرانەوەی باڵی بەرەیەکی فراوان بڕوات، یان وەک کرمیان لێ دێت کە لەبەر ئەوەی لە ژینگەی گڵ و قوڕینە، بونیادی لەشی لە مەترسی دەکەوێت، یان وەک کیسەڵیان لێ دێت کە لە ئاو بە شێوەیەک دەچێت وە لە وشکی بە شێوەیەکی تر دەچێت. مەبەستم ئەوەیە کە چوون، دەتوانێت کە وەک چوونی ئاژەڵەکان بێت یان وەک موحەممەد بێت کە ئەسرا و میعراج بە شەوێک دەکات!

لێرەدایە کە باس لە یەکێک لە گرنگترین وشەکان بە ناوی پشتەکان دەکەم.

لە بیرمە کە دەیانوت منداڵ دەبێت هەفت پشتی خۆی بزانێت. مەبەست ئەوە بوو کە منداڵ دەبێت ناوی هەفت لە باوکەکانی بزانێت، باوک و باوکی باوک و باوکی باوکی باوک و هەتاوەکو ناوی هەفتەم. بەوە دەڵێن هەفت پشتە.

لە باسی شەرجەرەکان ئەوەی کە بەهای هەیە ئەوەیە کە ناوی باوکەکان لە فەرامۆشی بپارێزرێت. ناوەکان پشت بە پشت جووڵەی کردووە بۆ ئەوەی کە نەوەکان ناوی باوکەکان بزانن بۆ ئەوەی کە بزانن لە کوێوە هاتوون و لە چ بنەیەکی ناوەکان گەشەیان کردووە؟

ناوەکان لە پشتەکان بەهایەکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی کە نەوەکان ئاگاداری شێوەی گەشەی چوونی ناوەکان بن.

ناوە ناودارەکانی مێژوو بە زۆری وجاخیان کوێر دەبێت و بێ نەوە دەمێننەوە. کەسێکی وەک موحەممەدی موستەفا کچێکی لێ مایەوە کە نەوەکانی لەو کچە، بنەماڵەی موسوڵمانەکانی تووشی قەیران کرد. کەسێکی وەک عیسا لە باوکێکەوە نەهاتووە و نەوەیەکی بە جێ نەهێشتووە. هەروەها فردریک نیچە نەوەیەکی نەخستووەتەوە. سادقی هیدایەت ژنی نەهێنا و نەوەی نەخستەوە. سەید قوتب ژنی نەهێنا و نەوەیەکی بۆ نەمایەوە.

ناوەکان چوونێکی ئاساییان نەبووە. ناوەکان جووڵەیەکی ئاساییان نەبووە. ناوەکان بە هۆی ئەوەی کە نەوەیەکی شایستە یان یاوەرانی شایانیان نەبووە، وجاخیان کوێرەوە بووە.

لە قورئاندا بە جوانی ئاماژە بەوە دەکات ناوەکان لە باوکەکانەوە بەرەو نەوەکانەوە گوزەری کردووە. لە ئادەم و نوح تا ئیبراهیم و ئیسحاق و ئیسماعیل تا دەگاتە ناوی عیسا کوڕی مریەم و موحەممەدی موستەفا. ناوەکان لە زنجیرەیەک و شەجەرەیەکی ڕوون هاتوون.

پێگەی پەیامهێنەری و زانایی لە باوکانەوە بە نەوەکان دراوە. باوکەکان لە خوای مەزن پاڕاونەتەوە کە کوڕەکانیان و نەوەکانیان پاک و خاوەن پێگە بکات. لە ئیبراهیم بۆ ئیسحاق و لە یەعقوب بۆ یوسف.

لە پاش ئەوانەوە ئیتر پێگەی ناوەکان تۆڕی بووە. بۆ ئەوی باسی تۆڕی بوونی ناوەکان بکەم، باسی شێوەی گەشەی چەند لە ناوەکان دەکەم.

سادقی هیدایەت لە سێ لە ناوەکان نزیک بووە کە بەرهەمەکانی ئەوانی بۆ ئەدەبی فارسی وەرگێڕاوەتەوە، ئانتوان چخۆفی ڕووسی، ژان پۆل سارتری فەرەنسەوی و فرانتس کافکای ئاڵمانی.

سەید قوتب ناوی لە سێ ناو کە کاریگەریان تێ کردووە نزیک بووەتەوە، ئیبنی تەیمیەی کوردی، ئەبولئەعلا مەودودی هیندی و عەباس مەحمود عقادی میسری.

فردریک نیچە بە فراوانی هەستەکانی لەسەر ناوی عیسای کوڕی مریەم گەشەی کردووە وە خوێنەری بەرهەمی شوپنهاوەری ئاڵمانی بووە وە دۆست و دوژمنی واگنەری پێکنەر و دانەری مۆسیقی بووە.

گەر ورد بیتەوە لە سەرجەم ئەو ناوانەی سەرەوە، شێوەی چوون و جووڵەی ناوەکان بەدەر دەکەوێت.

سادقی هیدایەت بەرهەمی ڕووس و فەرەنسی و ئاڵمانی بۆ زمانی فارسی وەرگێڕاوە. کەڵکی لە ناوەکانی ڕووس و فەرەنسەوی و ئالمانی وەرگرتووە. کەڵکی لە بەرهەمەکانی نووسەرانی چیرۆکنووسی ئەوان وەرگرتووە. سادقی هیدایەت کە خاوەن شەجەرەیەک لە ناوەکانی باوک و باپیرانیەتی، بۆ گەشەی پێگەی ناوی وەک نووسەرێک، بەهای بە دەستەیەک لە ناوەکان داوە کە هیچ پەیوەندیان بە شەجەرەی ناوی باو و باپیری ئەوەوە نەبوو. هەروەها بە شێوەی بڵاو کەڵکی لە ناوەکان وەرگرتووە.

سەید قوتب بە هاوکاری چەند ناوێک گەشەی بە ناوی خۆی داوە کە لە دەرەوەی ناوی باوک و باپیری خۆی بووە. ئیبنی تەیمیە لە ناودارانی بواری زانستەکانی ئیسلامی سەردەمێکی دوور لە سەردەمی سەید قوتب بووە، وە عەباس مەحمود عقاد ئەدیبێکی میسریە، وە مەودودی ناوێکی موسوڵمانی هیندیە. سەید قوتب بە هاوکاری چەند ناوێک گەشەی بە ناوی خۆیدا کە لە ناوی باوک و باپیریەوە دوور بوون.

فردریک نیچە نووسەری ئاڵمانی کاتێک کە باس لەو ناوانە دەکرێت کە کاریگەریان لێ بووە، ناوی عیسای کوڕی مریەم و ئارتور شاوپنهاوەر و ژنە خۆشەویستەکەی بە ناوی سالومە، یاد دەکرێنەوە. ئەو ناوانە زۆر دوور بوون لە ناوی باوک و باپیرانی کە دەبنە پشتەکانی فردریک نیچە.

"پشتی من، ناوی خوایە."

من کە ناوی سادقی هیدایەت و فردریک نیچە و سەید قوتب دەهێنم، بۆ ئەویە کە لێیان خۆم دوور بگرم و لێیان خۆم خاوێن بکەمەوە.

مرۆڤ بوونەوەرێکە کە نەبەستراوەتەوە بە ناوێکەوە یان شەجەرەیەکەوە یان تۆڕێک لە ناوەکانەوە. شێوەکانی چوون جیاواز و ئاڵۆزە وە دەتوانێت کە وەک پەلەوەرێک بێت کە باڵێکی شکا بێت و ناچار بێت کە بە پێ بە زەیدا بڕوات، یان وەک پەپولەیەک کە باڵی لە ئاو گیری

کردبێت و ئاو ئەسیر و یەخسیری خۆی کردبێت، یان وەک مردوویەک کە کەسێک نەبێت بینێژێت و بۆنی پیسی بڵاو بکاتەوە، یان وەک زاییینێک کە ناتەواو و ناڕێک بێت، یان وەک مرۆڤی چینی کە دەست و ڕوومەتی بۆ کرێکاری دروست کرابێت!.

بە ناوی خوای مەزن من دان و ددانم لەسەر ئەوە دەنێم کە چوون بە خواست و دەستی خوای مەزن بێت، خوای مەزن ناوەکان ببات و ئەو بیهێنێتەوە. هەروەها بەها بە پشتەکانی مرۆڤی نادەم وە دەربازبوون لەوە دەزانم کە ناوەکان، ناوی خوای مەزن بە پشتی خۆیان بزانن. بە ڕاشکاوی بڵێم کە موحەممەدی نێردراوەی خوای مەزن بە پشتی خۆم ناناسمەوە وە دەست بە ناویەوە ناگرم. بە ناوی خوای مەزن بەو قسە فتنە و گێژ کردن و لێڵ کردن دروست ناکەم، بەو قسە مەبەستم ڕوون دەکەم کە خوای گەورە پشت و دەستی باڵایە.

خوێنەرەکان پێیان وایە کە خوێندن و بەدواداچوون و زۆر کتێبی جیاواز بە دەست گرتن مرۆڤ بەرەو ڕووناکی دەبات، بە پێچەوانەوە، ئەوەندەی تر لێوارەی ڕێگا دەساوێت و ڕێگە ون دەکات.

من مەبەستم لەوە کە خوای مەزن پشتە، ئەوەیە کە ناوەکان جگە لە ناوی خوای مەزن تەوانی ئەوەیان نیە کە مرۆڤ و نەوەکان بە پێگەی شایستە بگەیەنن. شێوەی ئاسایی بۆ فێر بوون و زانا بوون لە نێو مرۆڤدا بەوە ناسراوە کە قوتابی یان فەقێ ساڵەهای ساڵ کتێب بە دەستەوە بگرێت و بخوێنیت و لە قوتابخانە و حوجرەکان بێت و بڕوات و بە وشە فێر بێت، بەڵام خوای مەزن گەر بیەوێت کە مرۆڤێک و نەوەیەک زانا و بینا بکات، بە چرکەیەک و فرمانێک ئەوە دەکات، وە کاتێک کە کردی، زانستی بەرزی پێ دەدات و دڵ و مێشک و دەروونی پێکەوە ڕووناک دەکات. خوای مەزن گەر بیەوێت کە ببەخشێت، زۆری لەبەر دەستە کە بە مرۆڤی ببەخشێت.

# گەنم لە نێوان دان و هەفت و دان و سەد دا

گەنم کاتێک کە بەرێکی کەمی بەخشی و بیانەوێت کە ناوی بنێن، دەڵێن کە دان و هەفتی کردووە، وە هەر کاتیش کە گەنم بەرێکی باشیدا، دەڵێن کە گەنم دان و سەدی کردووە.

ناوەکان وەک گەنم بەریان لە نێوان هەفت و سەددایە. هەروەها ناوەکان زۆر بە دەگمەن دان و سەد دەهێننەبەر. دانەکان و ناوەکان لە شەش و هەفت زۆر نزیکن.

هەر ناوێک کە کاریگەری لە مرۆڤەکانی تر کردووە، بە ئەدەبێک خۆی لە نێو مرۆڤەکانی تر دەرخستووە. هەر هەمووی ئەو ئەدەبانە خاوەن ڕستەکان بوون. باشترین ناوەکان، نەخشەیەکیان لە ڕستەکان لە نووسینێک بە مرۆڤ بەخشیوە. سەرکەوتووترین نووسینەکان لە نووسینێک یان چەند نووسینی کورت بووە. پەیامهێنەری ئیسلام بە یەک کتێب ئەدەبی خۆی لە نێو مرۆڤدا گەشە پێدا. سەید قوتب هەر هەموو کتێبەکانی لە دەوری ئەو یەک کتێبە بوو کە موحەممەدی

پەیامهێنەر بەخشیویەتی. ناسری سوبحانی هەروەها تەواوی قسە و ڕستەکانی لە دەوری ئەو کتێبە بوو کە موحەممەدی پەیامهێنەری دایمەزراندووە.

کێ بوون ئەوانەی کە دان و سەدیان کرد، وە کێ بوون ئەوانەی کە دانەکەشیان وەک تۆ بە خاوەنی خۆیان نەدایەوە!؟

" هەر مرۆڤێک وەک ژن تەوانی ئەوەی هەیە کە چەند زایین و زانست لە دەروونی خۆی بەر بهێنێت."

باس لە ناوەکان دەکەم کە چەند بەریان هێناوە وە چەند بەهای هەبووە وە ئەو بەرەیان لە کوێ کردووە؟. زۆرێک لە ناوەکان کە بەرێکی ئەدەبی دەدەن، وەک مریشکێکن کە هێلکەی دێت و ئیتر لە هەر شوێنێک بوو، هێلکەکە دەکات، چ خاوەن بزانێت چ خاوەن نەزانێت. لەوەش دڵنیا بن کە مریشک هێلکە لە نێو دەستی خاوەنی خۆی ناکات!.

ناوی فردریک نیچە لەو ناوانەیە کە بە بەرهەمەکانیەوە ئاماژە بەوە دەکات کە بە گورێسێک خۆی گرتووەتەوە. ئەوە بۆ خوێنەر دەردەخات کە بەرەکانی پەیوەندیان پێکەوە هەیە. لە نووسینەکانی بەرەتای، کتێبی زایینی تراژدی، باس لەوە دەکات پرسی بوون بۆ ئەو وەک کارەساتێکی گەورەیە. ئیتر لە ژیانیدا وەتەکی ئەو کارەساتە ئەژی و بەو کارەساتە شێت دەبێت و سەکتە دەکات. دوا دەورانی ژیانی پڕ کارەساتی بە کتێبی (ئاوەهایە مرۆڤ) کە ئاماژە بە ناوی خۆی دەکات، ئەدەبی خۆی تەواو دەکات. نیچە هەرچەند کە بە ناوی عیسا و شوپنهاوەر و زەردەشتەوە ئەدەبی خۆی ڕازاند، لەگەڵ ئەوەدا بەرێکی بەهێزی بە مرۆڤ بەخشی کە زۆرێک لە نەوەکان بە ناویەوە خەریکن.

شوێنی نووسینی نووسینەکانی نیچە بەهای هەیە بۆ ئەوەی کە دەرکەوێت لە کوێ بوو کە ڕستەکان زایراون؟. لە کەژەکان، هۆتیلەکان و سەفەرەکان کە هەر هەمووی لە تەنیاییەکدا ژیاوە، کات و شوێنانێک کە هەستەکانی شڵەژاو و نائارام و نیگەران بووە.

نیچە ئەو کاتەی لە تەنیایی و پەشۆکاوی بوو، دۆست و ئەدەبێک نەبووە کە ئاسایشی پێ ببەخشێت. بۆیە دەروونی هەناسە و هەستی سارد و قورسی خولقاند. ئیتر لەو تەنیاییە کە تەنیا خۆی و ناوی زەردەشتی بۆ مایەوە، کار و بەری سەری نەگرت و ژیانی بە داماوی تەواو کرد.

سادقی هیدایەت ئەدیبی خۆکوژی ئێرانی بە ئەو بەر و بەرهەمانەی کە بەخشی، دەری بڕی کە کەسێکی لاواز و بێکەس بووە. نووسینەکانی هیدایەت پەیوەندیان تەنیا بە چەند وشەیەک هەیە، لەو وشانە وشەی مەرگ و تەنیاییە. لە نووسینێک بە ناوی (نهێنی ئافەرینش) باس لە بەسەرهاتی چیرۆکی دروستبوون لە لای ئیسلام دەکات، دەیکات بە گەمە و لاقرتی و کەڵک لەو ناوانە وەردەگرێت کە لە ئیسلامدا هاتوون وەک ئادەم و حەواو و ئیبلیس و... ئاوەها نووسینێک ئاماژە بەوەیە کە خاوەن ئەو نووسینە کەسێکە کە بەو چیرۆکە بەند و بەست بووە، نە تەوانی

هەیە کە فەرامۆشی بکات وە نە تەوانی هەیە کە قبووڵی بکات. ئەو نووسینە لە نووسینەکانی بەرەتایی هیدایەت بووە.

سادقی هیدایەت سەفەری زۆر کردبوو، هەموو سەفەرەکانی لە دەرد و پەژارەیی بوو، هەر بۆیە تەنیایی، لەشی لاواز و سارد کردبووە. نووسینەکانی هیدایەت کە بە نووسینی (نهێنی ئافەرینش) دەست پێ بکات، کۆتایی ئەوەندە ڕێک و پێکی نابێت. نووسینی (توپ مرواری) کە لە نووسینەکانی کۆتایی هیدایەتە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئیتر تەواوی کردووە. تۆی کۆتایی مرۆڤ گرفت و کێشەی تێدایە. بەو نووسینە دۆستەکانی هیدایەت بۆیان دەردەکەوێت کە هیدایەت سەر و بەری لێ شێواوە، وە بە خۆکوشتنی سادق، قسەی دۆستەکانی ڕاست دەردەچێت. هیدایەت بەرێکی نەبەخشی کە وەک بەرێک بێت کە خاوەنەکەی وەک بەرێک بۆ تۆ لێی هەڵبگرێت. ئەو گەنمەی کە بەری باش دەدات و تۆی پڕی هەیە، وەک گەنمی تۆ ناوی دەنێن و لێی هەڵدەگرن و بە کەسانی تریش دەیفرۆشن.

سەید قوتب ناسراو بە بیرمەندی ئیسلامی، چەند بەرێکی بەخشی کە بۆ موسوڵمانەکان وەک بەری بەهێز و پڕ ناویان لێ بردووە. وەرگێڕە فارسەکان و کوردەکان ناوی سەید قوتبیان بە نەوەکانی فارس و کورد ناساند بۆ ئەوەی کە لە بەری ئەو ناوە تۆ هەڵبگرن. قوتب بە چیرۆکێک بە ناوی (أشواک) دەست بە بەری خۆی دەکات، وە ئەو نووسینە وەک یەکەم بەری ئەدەبی قوتب ناوی لێ دەبرێت.

" چی ئەوەشێنیت، ئەوە هەڵدەگریت. هەروەها چی ئەخوێنیتەوە، ئەوە ئەنووسیتەوە."

تۆ لە وەشێنراوەکان هەڵدەگیردرێت، هەروەها نەوەکان و تۆکان لە ناوەکان هەڵدەگیردرێت. گەورە پیاوانی ئەدەبی ئیسلامی لە نێو فارسەکان و کوردەکان بۆ ئەوەی کە لە قورئان ناسیار بن، ڕوویان لە کتێبەکانی سەید قوتب کرد. من کە پێتان دەڵێم تۆ بۆ وەشاندن لەو گەنمە هەڵدەگیرێت کە پڕ و جوانە، ئەوە بۆ ئێوە بەدەردەخات کە تۆکان و نەوەکان لە ئەو بەرهەمانەوە کە ناوەکان دەیبەخشن، دەزێنرێن. سەید قوتب خۆی تۆی ناوەکانی پێش لە خۆیەتی، ئیتر هەروەها نەوەکان لە تۆی ناوکانی پێشتریان گیراونەتەوە.

تەنیایی لە گرتووخانە توانی کە بەر بخولقێنێت. ئەوە بە خواستی خوای مەزنە کە ناوەکان لە کوێ بەر بخولقێنن. سەید ژێرخانی ئەدەبی مرۆڤی لەگەڵ ئەدەبی قورئان تێکەڵ کرد. ئیتر سەید ئەدەبی بردە نێو تەفسیری قورئانەوە، هەر ئەمە وای کرد کە من لە ناوی قوتب دووریەکی تایبەتیم هەبێت. لە قورئانی پیرۆز سوورەتێک بە ناوی (الشعراء) هەیە کە بە ناوەکەیەوە دیارە کە باس لە شاعیرەکان دەکات. خوای مەزن بەو سوورەتە موحەممەد ئاگادار دەکاتەوە کە تۆ شاعیر نیت، وە شایستەی ناوی تۆش نیە کە شاعیر بیت. خوای مەزن باس لە کاری شاعیرەکان دەکات لەگەڵ وشەکان، ئاماژە بەوە دەکات کە خۆیان و کاری ئەوانە لەگەڵ وشەکان وەک ئەوە وایە کە خۆڵ لە بیابانێک سەرگەردان بێت. ئەو سوورەتە لە سوورەتە گەورەکانی قورئانە وە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو کەسانەی کە نێردراوەی خوای مەزن بن، لە شاعیریەوە دوورن.

هەروەها ئەوە دەربڕی ئەوەیە کە ئەو ناوانەی کە لە ئەدەبی خوادا کار دەکەن، وشەکان لە شیعر نابەستنەوە، وە ئاگاداری دەبەخشێت کە وریا بن لەوەی کە بە چ شێوەیەک وشەکان بە کار دەبەن.

سەید قوتب لەگەڵ ئەوەی کە تەفسیری سوورەتی (الشعراء) دەنووسێت کە من نازانم چی نووسیوە!؟ وشە لە شیعر دادەڕێژێت و بە سەید قوتبی شاعیریش دەناسرێتەوە. قوتب کە شیعر دەنووسێت و چیرۆک دەخولقێنێت و تەفسیر دەنووسێت، بە کتێبی (معالم في ألطريق) پێڕەوێک دەنووسێت بۆ ئەوەی بڵێت کە ڕێگە بەرەو کوێوەیە. مەبەستی من ئەوەیە کە قوتب لە درێژی تەمەنیدا چەند پێگە و ناو پێکەوە بە ناوی خۆی دەبەستێتەوە کە وەک وردە خاڵی سەر ڕوومەتی کەسێکە کە بەو وردە خاڵانە باشتر دەبینرێت و دەناسرێتەوە!.

ئەو سێ ناوەی سەرەوە کە لە درێژی ئەم نووسینە ناوم لێیان هێناوە، بە ناوەکانی فەرهەنگەکان دەناسرێنەوە، وە لە تۆی ئەوانەیە کە فەرهەنگەکانی تر تۆیان گرتووەتەوە، وە بە هاوکاری ناسینی ئەوانە بووە کە فەرهەنگەکان نەوەکانی خۆیان کردووە بە ناوکان، وە بە یارمەتی بەرەکانی ئەوانە بووە کە بەر و بەرهەمەکانی تر لە فەرهەنگەکانی تردا خولقاوە. ئەو سێ ناوە وەک گەورەکانی فەرهەنگەکان دەناسرێن و یادیان لێ دەکرێتەوە.

پێتان وایە کە ئەوانە وەک گەنم لە نێوان هەفت و سەددا چ بەرێکیان داوە!؟

پاشاکان یەک کوڕیان دەوێت کە ببێتە میراتبەری شایستەی پاشا. ئەو پاشایانە کە چەند کوڕیان هەبووە، شەڕ و کێشە کە نێو کوڕەکانی کەوتووە. هەروەها میراتبەری ناوەکان و کتێبەکان کێشە و گرفت دەکەوێتە نێوانیانەوە. فردریک نیچە کە خۆی ئاوەها تەنیا و نەخۆش و گرفتار دونیای بەجێهێشت، چاوەڕوانی دەکرێت کە چ تۆیەک لە نێو نەوەکانی مرۆڤ بخاتەوە!؟ سادقی هیدایەت کە خۆی ئاوەها نەزان و تەنیا لەگەڵ وشەی مەرگدا ژیاوە، چ ئومێدەوارییەک لەو ناوانە دەکەیت کەلە پاش ناوی ئەوەوە دێن!؟ سەید قوتب کە لە چیرۆکنووسین دەستی پێ کردووە و گەیشتووە بە ڕێبەری، ئاماژە بە بەند و بەستی بوونی ئەو بوو بە ئەدەبەکان و ناوەکان و فەرهەنگەکانەوە، بە شێوەیەک کە سەری لێشێوابوو چی بکات و چی بنووسێت!؟ بۆیە ئیتر ئەو پرسیارە دێتە کایەوە کە چ نەوەیەک لە ئاوەها سەرکردەیەک بخولقێت کە نووسینەکانی سەرکردایەتی لە بەند و بەستدا نووسیوە!؟

چۆن نەوەکان لەوە وریا دەبنەوە کە نەهێڵن شیری تازە و پشقڵی تەڕ تێکەڵی یەکدی ببنەوە!؟

لە بیرمە کە داپیرم کاتێک شیری دەدۆشی، لەگەڵ ئەوەی کە شیرەکەی دەدۆشی، بزنەکان پشقڵیان دەکردە نێو ئەو مەنجەڵە کە لە بن گوانی بوو. داپیرم بە پەلە پشقڵەکانی دەردەهێنا و نەیدەهێشت کە بەری مەڕ و بزن و پشقڵی مەڕ و بزن تێکەڵی یەکدی ببێتەوە. بزنیش بۆ ئەوەی کە شیر لە داپیرم پیس بکات، پشقڵی تێ دەکرد. مەڕ و بزن پێیان وایە کە ئەگەر پشقڵ بکەنە

نێو مەنجەڵی شیردۆشینەوە، شیرەکە پیس دەکەن. لە داپیرم پرسیار کرد: ئەی ئەو شیرە پیس نیە کە پشقڵی تێ بکەوێت!؟

داپیرم وتی: ڕۆڵە گیان پشقڵێک کە لە شیر دەربهێنیت، ئەو پشقڵە شیر دەگرێتە خۆی. شیر، پشقڵ لە خۆی ناگرێت، بۆیە شیر بە پشقڵ پیس نابێت!.

دەستەیەک لە ناوەکان بەریان ئەوەندە لاواز و کەم و سووکە کە نە بۆ ئەوە دەبێت کە بیکەیت بە تۆ و هەڵبگریت، وە نە مەڕ تێری لێ دەخوات، وە نە بە کەڵکی ئەوە دەبێت کە بیکەیت بە ئارد. هەروەها دەستەی زۆر لە ناوەکان بەرەکانیان وەک ئەو بەرەیە کە بە کەڵکی هیچ شت نایەت. ئەو ناوانە کە بەرەکانیان لاوازە، لە تۆی ناوە نەخۆش و خۆکوژ و بریندار و تەنیاکان دروست دەبن. بەڵام ئەو ناوانەی کە لە ناوەکانی بەرەتا و پڕ و قەڵەو بەری خۆیان دەدەن، ئەوە دەتوانرێت کە بەها بە ناویان بدرێت. بۆ نموونە ناوی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا بە بەرێکی تاقانە چووە نێو خەڵکەوە، ئەو بەرە یەک کتێب بوو، چەند کتێبی جیاواز نەبوو کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە دەریبخات، وەک فردریک نیچە کە لە تەمەنێکی گەنجی بە کارەسات دەستی بە نووسین کرد و لە کۆتاییدا بە شێتی و سەکتە تەواوی کرد. موحەممەد هەزاران ناوی لە پاش خۆی دروست کرد، هەزاران قوتابخانە و حوجرە و مزگەوتی لە سەرتاسەری دونیا خستەوە، ئەوەیە دان و ناو!.

دان و تۆی ڕستەکانی موحەممەد لە ناوەکانی ترەوە نەهاتووە، گەر هاتبایەت بەرێکی ئاوەها بەهێزی بە مرۆڤ نەدەبەخشیەوە. موحەممەد ناوێک بوو کە بەردەستی هیچ مامۆستایەکی مرۆڤی نەکرد وە ڕستەکانی لە شاعیرەکانی سەردەمی خۆی وەرنەگرتبوو. ئەو شاعیرانە زۆر دوور بوون لە پێگەی موحەممەدەوە.

هەر هەمووی مرۆڤەکان دانیان لە نێوان هەفت و سەددایە، هەر هەمووی مرۆڤەکان لەبەر دەستی ناوەکانی ترەوە گەشە و گەرایان سەندووە. بۆیە وریا ببنەوە لەوەی کە تۆ و بەر لە کێ وەردەگرن وە بە دەستی کێ تۆتان دەوەشێنرێت؟ ئەمە گرنگە کە نەوەکانی کورد بەری ئەو ناوانە وەرنەگرن کە لاواز و نەخۆش و خۆکوژ و نەکبەت بوون، بەڵکو تۆ لەوانە وەربگرن کە زۆر دەست بە دەست نەکرابێت، لە تۆیەک بەر نەخەنەوە کە خاوەنی نەناسرابێت.

# نامە و کتێب لە نێرەران و دانەرانەوە

ناوەکان لە پێگەی جیاوازدا بوون. وەک نێردراوان و نووسەران و شاعیران و ڕێبەران و لێکۆڵەران و تا دەگاتە پێگەی مامۆستایی کە پێگەیەکی هاوبەشە لە نێو مرۆڤەکاندا.

ئەو ناوەی کە من لە بەرەتای ژیانمەوە لەگەڵی ئاشنا بووم، پێگەی مامۆستایی بوو. مامۆستاکان لە قوتابخانەکان باشترین کەسەکانن بۆ ئەوەی کە باسی ناوەکان و کتێبەکان بکەن. لە دەورانی قوتابخانەدا مامۆستاکان منیان بە پێگە و ناوی نووسەران و شاعیران و لێکۆڵەران ئاشنا کرد.

لە دەورەیەک کە هات و چۆی مزگەوتم کرد، بە ناوی نێردراوەکان ئاشنا بووم و کتێبی قورئانیان بەدەستی منەوەدا. مزگەوت قورئانی وەک کتێبێک بۆ ئاگادار بوونەوە بە دەستی منەوەدا وە بە ناوی موحەممەدی نێردراوەی خوا ئاشنا بووم.

لە دەورانی حوجرەدا مامۆستا و مەلاکان منیان بە ئەدەبی ئیسلامەوە ئاشنا دەکرد. ئەو ئاشنایەتیە لە ڕێگەی ناوەکانی نێردراوەکان و نووسەرەکان بوو. هەر دوو پێگەکە لە کاری ئەواندا تیکەڵ ببوو. لە حوجرە فەقێکانیان بە ناوەکانی نێردراوەکان و نووسەرەکان و شاعیرەکان ئاشنا دەکرد، ئەم ئاشنایەتیە ئەوەندە تر فەقێکانی لە قوڕی نەزانی دەچەقاند. نامە کاتێک کە دەخوێنرێت، دەبێت کە بۆ دەست دیاری بکات کە چی بکات وە ڕوومەتی مرۆڤ ڕوو لە چ شوێنێک بکات؟. بەڵام ئێمە لە حوجرە دەماینەوە بۆ ئەوەی کە بزانین سقە بە ناو و قسەی کێ بکەین!؟. ئێمە نەزان و هەتیو و هەژار دەماینەوە. فەقێش کە لە حوجرە زۆر بمێنێتەوە گۆشتی شیرین دەبێت، وەک ئەو مەڕە وایە کە لە زەویەک بە بێ ترس سەر لە خوار بگرێت و بلەوەڕێت. هەرچۆن کە لەوەڕی بێ ترس، گۆشت شیرین دەکات، هەروەها خوێندن لە حوجرە فەقێ خاو و شل و نەرم دەکات. ئەوانەی کە نامەیان بە دەستەوەیە لە حوجرە نامێننەوە!.

کەسانێک پرسیار دەکەن، چ مەترسییەکی هەیە کە فەقێ یان قوتابی بە هەر جۆرەیەک لە ناوەکان و بەرهەمەکان ئاشنا و ئاگاه بێت!؟ ئەوانەی کە ئەو پرسیارە دەکەن، بۆ ئەوە نیە کە بزانن، بەڵکو ئاماژە بە ترسی ناوەوەی خۆیان دەکەن، ترسێک کە کەوتووەتە ئەژنۆیانەوە.

ئەوانەی کە بە کتێبی نووسەران دەست پێ دەکەن، مەترسی ئەوەیان لەسەرە کە نەگبەتی و نەزانی بە توندی پەلاماریان بداتەوە. کەسانێک کە دەستیان بە دەستە کتێب و نووسینێکەوە دەگرن، پێیان خۆشە کە لە ڕێگای ئەو بەرهەمانەوە پەرە و بەرە بە ناسنیی خۆی بدات.

مرۆڤ بە وشەی ناسین ئاشنا بوو وە کەیفی بەوە هات کە بە ناسینەوە خەریک بێت. بەڵام نێردراوەکان کە نووسینیان بۆ مرۆڤ هێنا، بە وشەیەک لەسەرەوەی ناسین دەستیان پێ کرد، کە ئەویش " وەبیرهێنانەوەیە".

لە قورئان باس لەوە دەکات کە خوای مەزن مرۆڤی خولقاندووە وە زۆری بە مرۆڤ بەخشیوە. تەواوی ئەو بەر و بەرهەمە مرۆڤیانە کە باس لە هێزە نائاساییەکانی مرۆڤ دەکات، ڕۆژگارێک خوای مەزن ئەوانەی بە کەسانێک بەخشیبوو. لە قورئان باسی ئەوە دەکات کە بۆ ئەو ڕۆژانەی باوک و باپیرانتان لە بیر چووە!؟ باسی ئەوە دەکات لە (منطق الطیر) ی بە سولەیمان بەخشیوە، کە لەگەڵ گیانلەبەرەکانی تر کە یەکێک لەوانە پەلەوەرەکان بووە، قسەی کردووە!.

قورئان بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوانەی ستایشی خوای مەزن بکەن، هێز و تەوانا و دەسڵاتیان پێ دەدەین. خوای مەزن کە ئاوەها دەڵێت، حیساب بۆ کەس ناکات!

یەکێک لەو کەسانەی کە خوای مەزن تەوانای پێ داوە لە کوردستانە و ناوی مەلا عەلی کەڵەکە، کە خەڵک دەتوانێت بە زیندوویی بیبینێت و کاری خوای مەزن ببینێت. بەو کارەی کە مەلا عەلی لە کوردستان دەیکات، ئەوەندەی تر هێزەکانی شەڕ دەبەسترێنەوە و سینگ و هەناویان تەنگ دەبێت. خوای مەزن بە خواستی خۆی ئاوەها نموونەیەک لە ئەو بەشەی کوردستان دەخات بۆ ئەوەی کە دوژمنانی ڕووناکی سینگیان تەنگ بێت و دەستیان گوڵمۆچە کراو بمێنێت. مەلا عەلی نموونەیەکە بۆ سەرلێشێواندنی خەڵک.

لە قورئان هاتووە کە سولەیمان سەربازی زۆری لەبەر دەست هەبووە، لە جنۆکەکان و پەلەوەرەکان و ناوەکانی تری سروشت. کە باسی سەرباز دەکات مەبەست ئەوەیە کە شەڕیان پێ دەکات و بە کوشتیشیان دەدات و خۆی بە گۆچانەکەیەوە بە بێ ئەوەی کە برین لە لەشی بکەوێت گیانی دەبەخشێت. وریا بن لەوە کە شەڕ بە سەربازەکان دەکات و بە کوشتیشان دەدات.

خوای مەزن بە کتێبێک کە بە موحەممەدی نێردراوە دەیبەخشێت، بەس وەبیرهێنانەوەیە و هیچی تر نیە. لێرە دەبێت کە وریا بن کە کتێب و نامە لە یەکدی جیا دەکەینەوە. نووسەر و نێرەر لە یەک جیا دەکەینەوە بۆ ئەوەی کە بزانین، بزانین کە نامە کورتە و بە چەند ڕستەیەک هەواڵ یان پەیامێک دەنێرێت.

کەسانی کەم لە نێو مرۆڤەکان تەوانی ئەوەیان هەبووە کە کتێب وەک نامە بۆ مرۆڤ بنێرن. نیچە هەوڵی ئەوەیدا کە ئەدەبی وەک ئەدەبی نێردراوەکان بێت، وەک ئەوان بنووسێت وە نەخشەی ئەدەبەکەشی وەک ئەوان داڕێژێت. نیچە بە بەرهەمەکانی و ئەو دژایەتیەی کە دژی تەواوی ناوەکان کردی، وەک پەیامهێنەران نووسی. هەروەها پەیامهێنەران دژایەتی زۆرێک لە ناوەکانیان کردووە وە بە گژیاندا چوونەتەوە.

سەید قوتب پاش ئەوەی کە واز لە چیرۆکنووسین دەهێنێت، لە کتێبی (معالم في الطريق) وەک نێرەرێک و پەیامدەرێک بۆ نەوەکان قسە دەکات. کەسانێک هەبوون لە نێو مرۆڤەکان کە بە کتێبێک کە دایانیاوە، وەک نێرەر دەوریان بینیوە. کارل مارکس و برادەرەکەی لە کتێبی (مانیفستی کۆمۆنیست) وەک نێرەر بۆ مرۆڤەکان قسە دەکەن. ئەو کتێبانەی کە وەک نێرەر بڵاو دەبێتەوە، دەرهاتی نائاساییان لێ دەکەوێتەوە.

ئەو کتێب و نامانەی کە لە دوورەوە و لە شوێنێکی نەناسراو بێنە دەرەوە، ئەوە بۆ مرۆڤ نەناسراوە وە کەم کەس خۆی بەو ئەدەبەوە خەریک دەکات. مرۆڤ کاتێک کە تەوانی ئەوەی نیە مرۆڤێک یان ئاژەڵێک بندەست یان بەردەستی خۆی بکات(مەبەستم دەستی بوونە یان دەستی کردنە) ئەوە وەک سەگ بەردی تێ دەگرێت. ئەمە کێشەیەک بوو کە ناوەکان بۆ مرۆڤیان دروست

کرد، وە بە خواستی خوای مەزن مرۆڤەکان لەبەر ئەوەی کە ترسنۆکن، دەبن بە خەڵک، خەڵکیش کۆیەکی بەربڵاوی مرۆڤەکانن کە زوو دەستی و بەردەستی مانیفستنووسەکان دەبن!.

نێرەرەکان باس لە ڕێگەیەک دەکەن کە خوێنەریان ناوێت، بەڵکو بکەر و دەستیان دەوێت. لەبەر ئەوەی کە نێرەرەکان ئەو نامە و نووسراوە کە دەینێرن، بە فرمانەوە دەست پێ دەکەن.

## لە چیرۆکنووسین تا مانیفست نووسین

کەسایەتیە بەناوبانگەکانی مێژووی ئەدەب و کتێب کاتێک کە لە بەرەتای ژیانیان خەریک بە نووسین و ئەدەب و وشە و پیتەکان دەبن، ئەوانیش وەک هەر نووسەر و بیرمەندێک خواستی ئەوەیان هەیە کە بە شێوەیەکی ئاسایی و سادە بۆ خەڵک و نەوەکان بنووسن، وەک سەید قوتب و سادقی هیدایەت کە بە چیرۆک دەستیان بە نووسین کرد. بەڵام پاش ئەوەی کە ئەو کەسانە لە دەورەکانی ژیانیان گوزەر ئەکەن و ئەبینن و ئەخوێنن و بیر ئەکەنەوە و دەمێننەوە، هەست بەوە دەکەن کە کار و باری ئەوان ئیتر چیرۆکنووسین و گێڕانەوەیەک نیە کە ببێتە فیلم و لە سینەماکان خەڵک بە دەست و دەمی بە گەنمەشامیەوە سەیری بکەن، بەڵکو هەست و ترس و پرسەکانیان دەیانگەیەنێە ئەنجامی قورس لە مێژووی مرۆڤایەتی بە گشتی، وەک دەرئەنجامەکانی فردریک نیچە و کارڵ مارکس.

پاش ئەوەی کە ناوەکان لە شیعر و چیرۆک و خەیاڵی خاوی باخی شیرازی گوزەر دەکەن، دەگەن بە قۆناخی مانفیسنووسی و نامەنووسی بۆ مرۆڤەکان و ئاگادارکردنیان لە مانا و بەها و پرس و ترسەکانی مێژووی مرۆڤ و هەستی بە گشتی. ئەم مانیفستنووسیە ئەنجامی گەورە و گرانی لێ ئەکەوێتەوە. نووسینەکانی نیچە کە وەک نامە بۆ مرۆڤ نووسی، هیتلەری لێ کەوتەوە. نووسینەکانی مارکس کە بۆ مرۆڤ نووسی، بەرەی کۆمۆنیزم و شەڕ و هەرای دووبەرەیی جیهانی لێ کەوتەوە. نووسینەکانی سەید قوتب کە وەک نامە نووسی، بزووتنەوە چەکداریەکانی ئیسلامی لێکەوتەوە!.

مانیفستنووسەکان بە شێوەیەکی دەستکرد و ساختەیی دروست نابن، بەڵکو گوشار و گوشانی مێژوو و ئەدەب و کۆمەڵگا، ئەوانە دروست دەکات. ئەو کەسانەی کە لە قۆناخی چیرۆکنووسین و شیعروتن بۆ قۆناخی مانیفستنووسین گوزەر ئەکەن، کەسانێکن کە تایبەت خوای گەورە دەرودەرگەیان بۆ دەکاتەوە. ئەو جۆرە کەسانە دنکە و دەگمەن لە نێو مرۆڤەکان دروست دەبن.

" پێش ئەوەی کە کتێبە دەستنووەکانی مرۆڤ بخوێنیت، باش وایە کە جارێک نامەکان بخوێنێت."

وشەکان و ڕستەکان کە بە مرۆڤ درا و بەخشرا، وەک دانێکە کە لە خاک دەکرێت. ئەو دانە ماوەیەک خۆی لە خاک بۆ ئاو ئامادە دەکات، گەر وەرزی بەسەردا چوو و ئاوی پێ نەگەیشت، ئەوە ئیتر بۆ وەرزێکی تر بەر نادات. هەروەها هەر ڕستە و وشەیەک بۆ ئەوەی کە بەر بدات،

دەورەیەک لە گیانی مرۆڤدا زەمینەی کارئامەدی و کارایی و بەری تێدا هەیە، گەر خزمەت نەکرا، ئەوە لە گیاندا ورد و وەریو دەبێت.

# قوڕ و سرووت

سرووت لە دەورەیەک کە درەو کراوە، نائومێد بە دەم باوە ئەمسەروئەوسەری پێ دەکرێت و بێ خاوەن و بێ بەهایە. لە ناکاوە دەستێک هەڵیدەگرێت و دەیبات بۆ بڕینەوەی خشت و بۆ بونیادێکی نوێ بە کار دەچێت.

ساڵی هەزار و هەفتا و سێی هەتاوی کە خزم و کەسوکارم گەڕانەوە بۆ دەشتی زەهاو، دەیانەویست کە خشت ببڕنەوە و بەو خشتانە خانوو دروست بکەن. هەر بۆ ئەمەش خاکیان دەکەند و کۆیان دەکردەوە و ئاویان تێبەردەدا و دەیانگرتەوە.

ئەو کاتە من بەرپرسی بردنی نانی چاشتەگە و نیوەڕۆ بووم. نان و دۆ و چا و هەرچیەک کە پێویستیان بایەت. بەرەبەیانی ڕۆژێک کە ڕۆیشتم بۆ سەر کاری مامەکانم، چەند گونیەی سرووتم بینی. سەیرم لێ هات کە ئەو سرووتەیان بۆ چیە!؟.

مامم گونیەیەکی سرووتی هەڵگرت و لەگەڵ ئەوەی کە ئاوی لە خاکەکە بەردەدا. سرووتەکەی دەپژاندە نێو خاک و ئاوەکەدا. وتم: بۆ سرووت لەسەری دەکەیت!؟ مامم وتی: ئەم خاک و ئاوە یەکدی دەگرن و زۆری پێناچێت کە یەکدی بەر دەدەن.

وتم: ئەی جا سرووت بۆ چیە!؟

مامم لە کاتێک کە قوڕەکەی دەشێلا وتی: ئێمە خانوو بە کوچک دروست ناکەین، خانوو بە خشت دروست دەکەین. ئەو خانووەش کە دروستی دەکەین بۆ ڕۆژێک نیە، بۆ شوێنێکە کە دەمانەوێت تێدا ژیان بکەین. کاتێک کە خاک و ئاومان بۆ ماوەی زۆر یەکدی ناگرێت، ناچارین کە سرووتی تێکەڵ بکەین، سرووت قوڕ بە خۆیەوە ئەوەستێنێت.

سرووت بەو پوشە دەوترێت کە لە پاش درەوی گەنم و جۆ دەمێنێتەوە. سرووت دەتوانرێت کە بکرێتە کا یان بۆ بانهەناوی خانوو بە کار ببرێت یان بۆ قوڕ گرتنەوە بە کار بچێت.

ئاو و خاکی دەشتی زەهاو کە بکرێتە خشت، ماوەیەکی زۆر پێکەوە نامێنێت و دەوەرێت. ئیتر ئەو خاکەی جارێک بووەتە خشت، بە کەڵکی ئەوە نایەت کە جارێکی تر بیگرێتەوە.

بە پێوەرەکان و نموونەکان، دەتوانرێت کە زۆر نەکراوە و نەزانراو بکرێتەوە و کۆ بکرێت. بۆ نموونە ئەو کاتەی کە ماڵی باپیرم و خاڵەکانم بۆ یەکەمجار چوونەوە بۆ دەشتی زەهاو، هەردوولایان دەستیان برد بۆ دروست کردنی خانوو. باپیرم کوڕەکانی ڕاسپارد کە بە خاک و ئاوی

دەشتی زەهاو خشت ببرنەوە بۆ ئەوەی کە خانوو دروست بکەن. بە پێچەوانەوە ماڵی خاڵم بۆ دروست کردنی خانوو کەڵکیان لە بەرد و کوچکەکانی دەشتی زەهاو وەرگرت. ئەمە بۆ من پرسیار بوو کە بۆچی باپیرم خانووی بە خشت دروست کرد و خاڵەکانم خانوویان بە بەرد و کوچک بونیاد نا !؟

بەرد و خاک بۆ دروست کردنی خانوو فراوان بوو. کەوایە وەڵامی سەرەتایی ئەو بوو کە خاک و بەرد بۆ خانوو فراوان بووە. هاوینی دەشتی زەهاو گەرمە و زستانەکەشی بە پێچەوانەوە زۆر سارده. ئەو خانووەی کە باپیرم بە خشتی خاکی زەهاو دروستی کرد، بۆ ماڵی هاوینە و ژیانی هاوینەی دەشتی زەهاو باشتر لە خانوویەکە کە بە بەرد دروست کراوە. بەڵام بە پێچەوانەوە خانووە بەردینەکانی ماڵی خاڵەکانم، بۆ ژیانی زستانی تایبەت و تەواو بوو.

لە لایەکی ترەوە هۆی ئەوە کە خاڵەکانم خانوویان بە بەرد دروست کرد، دەگەڕایەوە بۆ دید و نیگای ئەوان بۆ ژیان. خاڵەکانم دید و نیگایان بۆ ژیان و مانەوە فرەتر و فراوانتربوو، بەو مانا کە ئەیانزانی خاک و ئاوی دەشتی زەهاو بە باشی یەک ناگرێت و ئەگەریش یەک بگرێت ماوەیەکی دیاریکراوە، هەربۆیە بە بەرد دروستیان کرد. باپیرم هەموو ژیانی دەورەیی و کۆچی ژیاوە. مەبەستم ئەوەیە کە دید و نیگای بۆ دوو یان سێ دەیە چووە، نەک بۆ پەنجا و سەد ساڵ.

قوڕ و بەرد بۆ خانووی هاوینە و زستانە، چەند دووانەی دوور و نزیکە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بۆ ڕاستی و دروستی، دووانەکان لە شوێنەکان بە دروستی دامەزراوە. ئەگەریش کێشە یان ناڕاستی هەبوو، ئەوە ناڕاستیەکی جوانە، بەو مانا کە چارەسەری نزیکە. بۆ نموونە خاک و ئاوی دەشتی زەهاو بۆ خشتی خانوو، ئەوەندە یەک ناگرێت. بۆیە پێویست بەوەیە کە سرووت بەکار ببرێت(سرووت جوانیەکەیە). سرووتیش لە خودی خاک و ئاووەیە. لێرە باش وایە کە ئاماژە بەوە بکەم کە دەرمانەکان دوو جۆرە: " گیراوەی مرۆڤی و گیراوەی سروشتی". بۆ نموونە کەسێک کە مایەسیری هەیە، بە هاوکاری هەنجیر چاک ئەبێتەوە. ئەمە دەرمانێکی گیراوەی سروشتیە.

هەندێک لە توخم و بونیادەکان بە گیراوە و هەڕدراوەوە دەگیرێنەوە. خاک و ئاوی دەشتی زەهاو بە گیراوەی سرووت ئەبێتە خشت.

لە سوورەتی نەمل لە قورئانی پیرۆز ئاماژە بەوە دەکات: قل عسی ان یکون ردف لکم بعض الذی تستعجلون( النمل ٧٢) لەم ئایەتە پێوەرێک دەردەهێنم، ئەوەش ئەوەیە کە " دووانەکان بە شێوەیەک یەک دەگرنەوە" ، ئیتر ئەگەر دوور و دوژمنیش بن لەگەڵ یەکدیدا.

ڕاستی و ناسین " بە وشە" لە سروشت و زمان، وەک دانەکانی هەنار یان دانەکانی تەسبیحێک، تەکاوە یان تووچاوە. کەسانێک بۆ ئەوەی چارەی دەردی نەزانی خۆیان بکەن، هەوڵ ئەدەن کە دانەکانی هەنار یان دانەکانی تەسبیح بگەڕێننەوە بۆ شوێنی خۆی، کە ئەمە بۆ زۆر کەس کارێکی سەخت و گرانە. دەستەیەکی تر هەوڵ ئەدەن کە گیراوەیەکی تر لە دانەکانی هەنار و

دانەکانی تەسبیح دروست بکەن. مرۆڤ و زانستی مرۆڤی نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ سەرەتا و وێنەی هەناری یەکەم، بەڵکو هەردەم هەوڵ بۆ گرتنەوەی دەرمانەکان دەدات.

کەسانێک زۆر ئەزموون ئەنجام ئەدەن بۆ ئەوەی کە دەرمان و ڕێگەی چارەسەر بگرنەوە. مەبەستم ئەوەیە کە سەرجەم هەوڵ و تەقالای ئەو کەسانە ئەوەیە کە دووانەکان بدۆزنەوە و دەریبخەن و دیاری بکەن. لەگەڵ ئەوەی کە هەوڵی مرۆڤەکان بۆ گەیشتن بە ناسین و ڕاستی جیاوازە، کەسانێک بە زانست و ناسینێکی گەورە و تایبەت باس لە دووانەکان و کرانەوەکان دەکەن.

من زۆر هەوڵ ئەدەم سقە و سەقام لەسەر ئەو وشە و وێنانە دروست بکەم کە لە دەروونم دەردەکەوێت. کاتێک کە وشەیەکی وەک سرووت هات بە سەر و دەروونمدا، یەکەم وشە و وێنەیەک  کە پاش ئەوە دەروونی منی گرتەوە، ناوی کاک ئەحمەدی موفتی زادە بوو. بۆ من پرسیار بوو کە هۆی ئەوە چیە کە ئەو دوو ناوە لە دەرەوە لەیەکدی بێگانە و دوورن، لە دەروونی من بە دوای یەکدا هاتن!؟.

کەوایە ئەو دوو خاڵە ڕەچاو بکەن بۆ ئەوەی کە سەروبەری ئەم باسەتان لێ تێک نەچێت:

یەکەم ئەوە کە بە پێی ئایەتی ۷۲ ی سوورەتی نەمل، هەندێک لەو شتانەی کە مرۆڤ پەلەی بۆ دەکات، لە مرۆڤەوە نزیکە. هەندێک دووانەیی و نزیکی زۆر تایبەت و جوانن، وەک هەنجیر و گوێز، مەڕ و بزن. هەندێکیش لە دووانەکان لە یەکدی دوورن، وەک هەنجیر و مایەسیری، هەنجیر و قۆخ. کەوایە دووانەکان لە دەروون و دەرەوە، گەر دوور و نزیک بن، یەک دەگرنەوە. ئەوە لەم خاڵە گرنگە دەردەکەوێت کە من بە دوای ڕێ و شوێنی غەیب و کرانەوەکانی خوای گەورە ئەگەڕێم.

دووهەم ئەوە کە من وەک کوردێک هەوڵ ئەدەم وشە و وێنەکانی کوردی بۆ پەروەردەی کوردی بەکار بەرم. چوونکە خوای مەزن لە سوورەتی نەمل ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێک لە شتەکان کە پێتان وایە دوورە و پەلەی بۆ دەکەن، لە نزیکتانە.

کەسانێک بە بێ ئەوی کە بزانن بوونی ئەوان تەوانی ئەوەی هەیە کە بونیادێک لە وشەکان دروست بکات، هەر لە خۆیانەوە خۆیان بە وشەکانەوە خەریک دەکەن و دەیانەوێت کە لە خاک و ئاوێکی ناسازگار، بونیادێکی ماندەگار دروست بکەن. ئەو کەسانە وەک باپیری من، دید و نیگایان بۆ دوو سێ دەیەیە.

وشەکان و ڕستەکان لە دەروونی مرۆڤ بونیاد دروست دەکەن و لەسەر یەک کار دەکەن و لەگەڵ یەکدی بە بێ ئەوەی کە مرۆڤ بزانێت، دۆستی و دوژمنی دەکەن و هات و چۆی یەکدی دەکەن. کەسێکی وەک کاک ئەحمەدی موفتی زادە، لەو کەسانە بوو کە لە هەر دەورەیەک کە ڕووی لە کەسانێک دەکرد، قسە و ڕستەکانی دەروونی، وەک خاک و ئاوێک کە ناسازگاریان لەگەڵ یەکدی هەبێت، دەوەرا و دەبووە کەلاوە. خوای مەزن لەگەڵ هەر مرۆڤێک بە خواستی خۆی دەجووڵێتەوە.

کاک ئەحمەد دەورەیەک لە دەستی پاشای ئێران کەوتە گرتووخانە و لە دەورانی گرتووخانە لە تەنیایی بوو کە چووە سەر ڕستەکانی ئیسلام و وازی لەو باس و بەرنامە هێنا کە پێشتر لە سەری بووە. ئەوەندەی کە من ئاگادار بم، کاک ئەحمەد پەیوەندی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە هەبووە و هەر بە هۆی ئەو پەیوەندیەوە ڕەوانەی گرتووخانە کراوە. دیارە کە کەسێک ئەندامی حیزبی دیموکرات بێت، بۆی هەیە کە ڕستەکانی ئیسلام بە دەستەوە بگرێت، بەڵام بە پێ ڕێڕەوی ئەو ڕستانە ناکات!

پاش ئەوەی کە بە ناوی ئیسلام گەشە بە دڵ و دەروونی خۆی و خەڵکی دەورووبەری خۆی دەدات، بە توندی پێچەوانەی نەیارانی ئیسلام ڕائەوەستێت و هاوکاری لەگەڵ شوڕشی گەلانی ئێران بە تایبەت ئاخوندەکان دەکات بۆ ئەوەی کە ئیسلام لە ئێران دەسڵات بە دەستەوە بگرێت.

پاش ئەوەی کە ئاخوندەکان نابەدڵی کاک ئەحمەد دەکەن و بە خواستی خۆیان دەجووڵێنەوە، کاک ئەحمەد سەر ڕێگەیان لێ دەگرێت و بەتوندی یەخەیان دەگرێتەوە. ئاخوندەکانیش دەیگرن و لە بەندی دەکەن و بۆ ماوەی دە ساڵ لە بەند دەبێت و لە پاش ئەو ماوە بە دەرد و ئازار و نەخۆشی لە بەند بەری دەدەن.

پاش ئەوەی کە کاک ئەحمەد لە بەند بەر دەبێت، دیسان دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو شێوە قسە کردنە کە لە پاش گرتووخانەی یەکەمی هاتبووە دەرەوە. دیسان باس لە گۆڕانی هزر و ئەندیشە و قسە و باسەکانی دەکات. تەنیایی تەوانی گرتنەوی بۆ ئەو هەبووە. کاک ئەحمەد لەگەڵ ئاو و خاکی خۆیدا بۆ ماوەیەکی کەم یەکانگیر بووە. لەبەر ئەوەی کە دوو جار دەری بڕیوە کە هەڵەی گەورەی کردووە و خەڵک بوونەتە قوربانی بۆچوونەکانی.

کاک ئەحمەد نەک تەنیا قسەکانی خۆی و خەڵک، بەڵکو خۆی و ڕستەکان نەیانتوانیوە کە بە شایستەیی یەکدی بگرنەوە. لێرەوەیە کە سرووت دەوری بەدەردەکەوێت، دەبێت کە ناوێکی سێهەم پێکەوە بیانگرێتەوە.

بونیادی ئەدەب وەک بونیادی خانوو نیە کە لە بەرچاو بێت و بزانی کە ئاو و خاک یەک ناگرێتەوە. کاتێک کە کاک ئەحمەد دوو جار لەبەر بیرەکانی ڕەوانەی گرتووخانە دەبێت و خۆی دان بەوە دەنێت کە هەڵەی کردووە، ئەمە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو بونیادە ئەدەبیە کە کاک ئەحمەد گرتوویەتیەوە تەوانی ئەوەی نیە کە لەگەڵ ناوەکانی تر یەک بگرێتەوە. ئەو ئەدەب و قوڕە کە ئەو بۆ نەوەکانی کورد گرتیەوە، خشتێکی لێ دروست بوو کە ماوەیەکی نەخایاند بە سەر خۆی و یارانی ڕمایەوە.

من لە باسی قوڕ و سرووت خواستی ئەوەم هەیە کە خوێنەر ورد و وریا بێت کە لێکدان و تێکدان و پێکدان و ڕێکدانی ناوەکان و ئەدبەکان بە هەر کەس و ناوێک ناکرێت. سرووت ئەو پووشە بێ بەهایەیە کاتێک کە با لێیهەڵدەکات، بە منەتەوە هەڵیدەگرێت، لەبەر ئەوەی کە نە بە کەڵکی ئاو دێت وە نە بە کەڵکی خاک، هەر ئەو پووشە بێ بەهایە دوو ناو پێکەوە بۆ خواستێکی گرنگ

دەبەستێتەوە. بۆیە وریا بن کە ئەو ناوانەی کە ناوەکان پێکەوە بەند دەکات و گرێیان دەدات، لە ئاو و خاکەوە هاتوون و زۆر لێیەوە نزیکن و زۆر بە بێ بەها سەیر کراون!.

هەر کەسێک کە دەیەوێت خشتی بونیادی ئەدەبێک دروست بکات، دەبێت کە شارەزایی ئەوەی هەبێت کە ناوەکان بە باشی پێکەوە بگرێتەوە. کەسانێک خشتیان دەوێت کە کوولانەی سەگ و مریشکی پێ دروست بکەن، ئەوانە بۆیان گرنگ نیە کە خشتەکەیان سفت و سەخت بێت یان نە؟ هەروەها کەسانێک لە ئەدەبی کوردیدا هەر نەزانن لەوەی کە چیان لە وشەکانی کورد دەوێت!؟ هەر تاوێک وشەکان بۆ بونیاد و ئەدەبێک خەریک دەکەن و وەک کۆیلە ڕەفتار لەگەڵ وشەکاندا دەکەن. ئەوانە بۆ خۆخافلاندن و خۆخەفاندن کەڵک لە وشەکان وەردەگرن. هەستەکانیان وەک خاک و خۆڵی بیابان، تاوێک خاک و خۆڵە وشک و سووکەکان دەبات، وە تاوێک خاک و خۆڵەکان، هەستەکان هەڵدەگرێت.

گەر خاک و ئاوی دەشتی زەهاو یەک ناگرنەوە، ئەوە سرووتەکەی زەویەکانی دەشتی زەهاو کەلەو خاک و ئاوەوە هاتووە، ئەو دوو ناوە پێکەوە بۆ بونیادێکی گرنگ دەبەستێتەوە. هەروەها گەر لە هەر ناوچەیەکی مرۆڤەکان و لە دەروون و دەرەوەی مرڤەکان ناسازگاری هەبوو بۆ ئەوەی کە ناوەکان یەکدی بگرنەوە، ئەوە لە نزیک ئەوانە وە دەرهاتوو لەوانەوە ناوێک هەیە کە ئەو ناسازگاریە چارەسەر بکات و پێکەوە ناوەکان بەند بکات. هەربۆیە هەندێک جار بۆ چارەسەر بۆ دوور مەڕوانن!.

لە ڕاستیدا ئەوە بڵێم کە خاک و ئاوی کورد کۆنە و کۆن بووە، هەربۆیە کاری ئێمە گەیشتووە بە پینە و پەڕۆ!.

## بێشکە لە جوواندن و بەستنەوەدا

چەند وشە لەم باسە گرنگە، جوواندن و جووڵاندن، گرتنەوە، بەستنەوە.

ئەو بێشکە کە من تێدا لاوێنراومەتەوە باس و بەسەرهاتێکی دوور و درێژی هەیە کە شایستەی ئەوەیە باس بکرێت. بێشکە لە کوردەواری ناوێکی جوان و بە کەڵک بووە بۆ ئەو دایکانەی کە لە تەنگانە و ئاوارەیی منداڵیان زایراوە.

بە قسە و باسی دایک و داپیرم ئەو بێشکەی کە من لە کەمپی ئاڵتاش تێدا گەورە بووم، بێشکەیەک بووە کە چەند نەوە و چەند دەیە و چەند مەنزڵگەی بە خۆیەوە بینیوە. ئەو بێشکە پێش ئەوەی کە شەڕی ئێران و عێراق دەست پێ بکات، لە ئاواییدا چەند منداڵی تێدا گەورە کراوە و کاتێک کە شەڕ دەست پێ دەکات و بەرەو عێراقەوە دەیانبەن، ئەو بێشکەش وەک پێویستیەک لەگەڵ خۆیان بار دەکەن.

بێشکە لە دار دروست دەکرێت و سووکە و بە ئاسانی هەڵدەگیرێت و لە کاتی شەڕ و ئاوارەیی بە شاندا دەدرێت وە بار دەکرێت. بێشکەی کوردی باشترین شوێنە بۆ منداڵ کە بجوێنرێت.

بێشکەی کوردی بە جوواندن ناسراوەتەوە وە بینراوە. بێشکە جۆرێک دروست کراوە کە بە ئاسانی منداڵ تێدا بجوێنرێت. منداڵانی کورد لە جووان و جووڵان خەویان لێ دەکەوێت. منداڵەکانی کورد بە دەمی دەستی بە جووان و جووڵەوە خەویان لێ دەکەوێت.

جگە لە جووان و جووڵان، بەستنەوە یەکێکی تر لەو کارانەیە کە پێش ئەوەی منداڵ لە بێشکە بخەوێنرێت، ئەنجام دەردرێت. جووان و جووڵان لە بەستنەوەی منداڵ تا خەو، تەوانی ئەوەی هەیە کە باس لە نەوەکانی مرۆڤ بکات.

کۆرپە پاش ئەوەی کە نۆ مانگ لە ئارامش لە دایک دەبێت و دێتە دونیاوە، ئەو ئاسایش و ئارامشەی لێ تێک دەچێت کە تێدا وەچەی سەندووە. جوواندن بۆ منداڵ نائارمیەکە کە دەتوانێت تێدا خەوی لێ بکەوێت.

لە منداڵی من دوو وێنەی ترم لە بیرە کە سەر و گیانم دەجوێنرا:

یەکەم، کاتێک کە ددانم ئازار و ژانی هەبوو، سەرم دەنیاوە سەر چۆکی دایکم و ئەو سەری منی دەجوواند. سەری منی دەجوواند بۆ ئەوەی کە لە جووڵە و جووان دەرد و ئازار لە خۆیدا ون بکات.

دووهەم، لە منداڵی فێری ئەوە بووین کە گورێس بە دارەوە ببەستین و سواری گورێسەکە بین و تاوتاوە دروست بکەین. ئەوە وەک گەمەیەک بوو کە ئێستەش منداڵان وەک گەمەیەکی خۆش دەیکەن. ئەو گەمە لەش لە دوو لاوە بەرز دەکاتەوە و لە زەوی دووری دەکاتەوە.

جووانی منداڵ لە بێشکە، لە جووانی سەر لە ئازاری ددان زۆر نزیکە. جووان و جووڵەی بێشکە، منداڵ بە دەمی گریان و نائارامیەک کە دایک هەستی پێ دەکات، دەخەوێنێت. دەردێکە کە بە جووان و جووڵان لە جووان و جووڵان ون دەبێت و منداڵ بە ڕوومەتی بە فرمێسکەوە خەوی لێ دەکەوێت.

جۆری ئەو دەرد و گریانە کە منداڵ هەیەتی، لە پاش ئەوەی کە دێتە دونیاوە، دەردێکە کە پەیوەندی بە دەورەی ڕەحمی دایک و ناو سکی دایک هەیە. دەردی دەرهاتن و زایینە، هاتن لە بەستراوەییەک بۆ کرانەوەیەک، لە تەنگانەیەک بۆ ژینگەیەک کە دەبێت ڕوومەتی بکرێتەوە. ئەمە بۆ منداڵ دەردێکی گەورەیە کە ڕوومەتی بکرێتەوە.

منداڵ لە مانگی یەکەمی زایینی هیچ قسەیەک لەوە ناکرێت کە ڕوومەتی چۆنە؟ نە لە ڕەنگی چاوی وە نە چۆنیەتی ڕووخساری. لە پاش ئەوەی کە چل ڕۆژ بەسەر ڕوومەتی گوزەری کرد، ئەوە قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کە چ تایبەتمەندی و جوانیەکی هەیە؟

جووان و جووڵە جۆرە دەرمانێکی ئارامش بەخشە کە منداڵی کورد پێوە خەوی لێ دەکەوێت. لەگەڵ ئەوەی کە جووانددن لە نێو فارسەکانیش هەیە، بەڵام ئەو جووانددنەی کە لە نێو فارسەکان دەکرێت، بە نەرمی و ئەسپایی و بە چووار پەنجە دەکرێت بۆ ئەوەی کە کۆرپەکەیان خەوی لێ بکەوێت. بەڵام کۆرپەی کورد بە چووار پەنجە خەوی لێ ناکەوێت، بەڵکو بە پێنج پەنجەکان بێشکە دەگرن و بە توندی بێشکە لابەلا دەکەن. منداڵی کورد لە بێشکە کەسێکی دەوێت کە بە قایمی بیجوێنێت!.

هەروەها منداڵی کورد زۆر بە قنگەوە دانانیشێت. منداڵی کورد زۆر بە قنگەوە ناڕوات. منداڵی کورد زۆر بە قنگ و دەستەوە ناڕوات.

جووان و جووڵە لە بێشکە ئەو کاتە دەکرێت کە کۆرپە بە ڕێک و پێکی بەسترابێت. پرسی بەستنەوە گرنگترین خاڵە کە بەردەوامی بەستنەوەیە لە دەورانی سکی دایکدا. منداڵ لە دەورەی بێشکە دەبەسترێتەوە، وە بەو بەسترانەوە ئاسوودەییەک بە گیانی منداڵ دەگات. پاش ماوەیەک منداڵ وردە وردە لەلای ڕاستیەوە دەکرێتەوە و دەستی ڕاستی کراوە دەمێنێت. هەروەها لە ئەدەبی ئیسلامیدا مردوو بە لای ڕاستیەوە دەنێژرێت. لەو لاوە کە دەکرێتەوە، هەر لەو لاوەش دەبەسترێتەوە!.

"بەستنەوە، گرتنەوە دروست دەکات. هەروەها بەستنەوە چێژێکی خۆشی تێدایە"

منداڵ کە لە سکی دایک دێتە دەرەوە، دەبێت ببەسترێتەوە و بپێچرێتەوە. لەبەر ئەوەی کە منداڵ لە بەستراوەیی سکی دایک هاتووە و دەبێت کاری کرانەوەی بە ئەسپایی و قوناخ بە قۆناخ بێت.

کاتێک کە منداڵ دەست و پێی هەڵدەبڕێ و ئەزریکێنێت و ئەگری و ئارام نابێت، هۆکارەکەی ئەو کرانەوەیە کە ئازاری ئەدات. کەوایە کرانەوە قۆناخ بە قۆناخ دەکرێت. ئەگەر منداڵی کۆرپە ئەرکی بەستنەوە و پێچانەوەی دروست نەبوو، ئەوە لە داهاتوودا کاریگەری فرە لەسەر کەسایەتی ئەو منداڵە دادەنێت.

بەستنەوە تەنیا بۆ منداڵ و مردووە نیە، بەڵکو بۆ سەربازەکان و قوتابیەکان و فەقێکان و ئەوانەی کە دەست پێ دەکەن و کۆتایی پێ دەهێنن، پێویستیەکە. لە دەورانی حوجرە بەستنەوەی سەر بە کڵاوی سپی، بووە فەرمانێکی پەروەردەیی. هەروەها ئاوەها شایستە بوو کە فەقێکان بە چۆخە و ڕانەکی کوردی لەشی خۆیان ببەستنەوە. لە جلی کوردەواری نەک تەنیا پیاوەکان، بەڵکو ژنەکان بە جل و پۆشینی کوردی لەشی خۆیان فرەتر و فراوانتر لە پیاو دەبەستەوە. جل و پێڵاوی کوردی لەگەڵ ئەوەی کە بەستراوە، کرانەوەیەکیشی لەگەڵدایە. بەستنەوە وشەی وەک هەڵجەڕاندن و ئامادە کردن لە خۆی نزیک دەکاتەوە. هەروەها بەستنەوە ئاماژە بە دەستی خاوەندارێک دەکات کە خواستی ئەوەی هەیە کە بگرێتەوە و ئامادە بکات و بە کار بهێنێت.

پێچانەوە و بەستنەوە بۆ گرتنەوە و گیرانەوە ئەدەب و ئادابی تایبەتی خۆی هەیە. گەر منداڵێک بۆ بەستنەوە زۆر گوشاری کەوتەسەر، ئەوە بۆی هەیە بە پێچەوانەوە دەربچێت، یان ئەگەر منداڵ بە بێ بەستنەوە و پێچانەوە گەشە و گەرای سەند، بۆی هەیە ئیتر جگە لە خۆی نەبێت، خۆی بۆ کەس نەبەستێت و نەپێچێتەوە. بەستنەوە و پێچرانەوە بۆ ژیان، ئەدەب و ئادابی هەیە.

یەکێک لە ڕەگ و ڕیشەکانی دەروونی من کە کرانەوەی فرەم دەوێت و نائارامم لەم نەزانی و بەستنەوەیە کە تێدام، ئەوەیە کە بۆی هەیە من لە منداڵی باش نەپێچرابێتمەوە!.

هەرچۆن کە لەش لە سەرەتاوە ئاوەها دەبەسترێت، هەروەها هۆش و دەروونی مرۆڤ بە ڕستەکان دەبەسترێتەوە.

باسی وشەی بەستنەوە و جووان و جووڵان، دڵ و هەناوی زۆر کەسی ئازار داوە. لە سەردەمی نوێدا ئاوەها باو کراوە کە ئیتر منداڵ نەبەسترێت و لە بێشکەی کوردی نەنرێت و بە پێنج پەنجە نەجوێنرێت. بەڵکو بە دەرپێیەکی تەنک و کورت منداڵ دادەپۆشرێت، وە لە لاوێنگەیەکی ئاسنی یان داری دەنرێت و بە چووار پەنجە دەخەوێنرێت و ئیتر بەستنەوە مانا و بەهای نەماوە. هەروەها وای لێ هاتووە کە ئەم نەوە کە لەم دەورانە گەورە دەبن، دەڵێن کە پێمان خۆشە کاتێک کە مردین بسووتێنرێن و ئەوەی کە لێمان دەمێنێت لە دەریاکان و دەشتەکان بکرێت!.

ئەوەی کە زیاتر و زۆرتر بەهای هەیە ئەوەیە کە جوواندن و جووڵاندن بۆ گرتنەوە، لە بەستنەوە دەکرێت.

هەرچۆن لە حوجرە کڵاوی سپی و چۆخە و ڕانەکی کوردیم لەبەر دەکرد، لە زانکۆی سەلاحەدین کڵاوەکەم لەسەرم لابرد و بە بۆین باخ ملی خۆمم ڕۆژانە بە دەستی خۆم دەبەستەوە و دەچووم بۆ کۆلێژی ئاداب. ئەوە تەنیا بەستنەوەی جل نیە، بەڵکو نیشانە و ئاماژە بەوەیە کە قوتابی یان فەقێ، دۆستی دەستەیەک لە وشەکان و ڕستەکان دەکات. لە هەر دەورەیەک قوتابی و فەقێ بە دەستەیەک لە وشەکان و ڕستەکان دۆستی دروست دەکات، ئەو وشە و ڕستانە پاشەڕۆژ دەبنە ئەدەبێک کە خاوەنداری هۆش دەکەن. گەر خاوەنداریەکە زۆر ستەمگەرانە بێت، وەک سادقی هیدایەت و ژان پۆل سارتر، نەک تەنیا پێنووس بەڵکو جگەرەش بە دەستی یەکدی دەدەن.

جووان و جووڵە دەستێکی دەوێت کە لە بەستنەوەدا کۆرپە بجووڵێنێت. ئەمە دەبێت بۆ نەوەکانی کورد وانە بێت کە بۆ جووڵان و جووان دەبێت کە بە باشی بەستراوە بن. سەرجەم جووڵانەوەکان لە بەستنەوەدا دروست دەبن، لە بەستنەوەیە کە لەش و هۆش بە جل و ڕستەکان هەڵپێچراو دەبن و بە سەرکەوتووتی دەگیرێنەوە.

فەقێ و قوتابی لە بەستراوەییدا دەگیرێتەوە، لە گیرانەوەشدا گەشە دەکات.

لە هەر دەورەیەک و ژینگەیەک و زەوینە و زەمینەیەک فەقێ یان قوتابی بە دەستەیەک لە ناوەکان و ڕستەکان بەستراوە دەبێت کە کاری بەستنەوە و گرتنەوەیان دەکەن، وە لە پاشەڕۆژدا

کۆرپەکان جووڵانەوەی خۆیان بۆ ئەو ناوانە دەکەن کە لە سەرەتاوە ئەوانیان جووڵاندووە و بەستووە و گرتووەتەوە.

کار و باری زەوی لە بەسترانەوە دەچێت. ئەو کەسانەی کە چیرۆک دەنووسن لە بەستنەوەی ناوەکانی چیرۆکەکە، چیرۆکی خۆیان دەنووسن. تۆی پیاو و ژن لە بەستراوەییەک دەبێتە کۆرپە. کرمی ئەورێشەم لە بەستراوەیی ئەورێشەم دروست دەکات و خۆی دەکاتە پەپوولە. هەر زایین و ژیان و گۆڕانێک لە بەستراوەیی دروست دەبێت.

مرۆڤیش لە وێنەیەک وەک دار دەبێت نیوەی لە خاک بەستراو بێت و نیوەی تری لە هەوا ڕەها بێت. مرۆڤ وەک تۆی دارێک لە بەستراوەیی دەکرێتەوە و هەر لە بەستراوەییە کە چوکەر دەدات و دەکرێتەوە.

بۆ ئەوەی کە خوێنەر لە باسی بێشکە لە بەستنەوە و جوواندندا بگات بە دەرهاتێک، باش وایە کە هەوڵی بەستنەوە و گرتنەوە و جووڵاندنی خۆی بدات. هەوڵی ئەوە بدەن کە لە دەستێکی مرۆڤی کە بتانبەستێت و بتانجووڵێنێت و بتانگرێتەوە پارێز بکەن، لەبەر ئەوەی کە ئەو دەستە تا مەرگ دەستی لە گرتنەوەی دەروون و بونیادی ئەندیشەی مرۆڤدا هەیە. دوو جۆرە دەست هەیە بۆ جوواندن و بەستنەوە و گرتنەوە: دەستێک کە باوک و دایک تایبەت ڕایئەسپێرن بۆ ئەوەی کە ئەو منداڵە بگرێتەوە. لە کۆن و نوێدا کەسانێک لە باوکەکان و دایکەکان، منداڵانی خۆیان دەدەن بە دەستی کەسایەتیەکی تایبەت بۆ ئەوەی کە ئەو منداڵەیان بۆ گەورە بکات. ئەمە خواستێکی مرۆڤیە.

جۆرێکی تری دەستەکان ئەو دەستانەیە کە سروشت یان خوای گەورە بۆ مرۆڤی خۆش ئەکات. کەسانێک بە شێوەیەکی سروشتی لە ژیانی منداڵ پەیدا دەبن و ئەرکی بەستنەوە و جوواندن و گرتنەوەی بە عەشق و هەستەوە لە ئەستۆ وەردەگرن. بەسەرهاتی ژنێکتان بۆ دەگڕێمەوە:

ژنێکی کورد کە ماڵ و مێردی خۆی لەدەستدابوو، کەوتووبووە لای براکانی خۆی و براکانی مێردەکەی. ئەم ژنە داماوە لە پاش ئەوەی کە ژیانی لێ تووچا، تووشی نەخۆشی و دەردی زۆر بووەوە. تاقە کوڕێکی هەبوو، کوڕەکەشی لە بن دەستی برایەکی شووەکەی دەژیا. خۆیشی هەر ماوەیەک لەگەڵ یەکێک لە کەس و کاری دەژیا.

پاش ماوەیەک هەریەک لە براکان و براکانی مێردەکەی دەبوونە خاوەن منداڵ، ئەم ژنەش بۆ ئەوەی کە لە بەرانبەر بە خزمەتی ئەو برا یان برای مێردەکەی وەڵامی چاکەیان بداتەوە، خەریک بە خزمەت کردنی منداڵیان دەبوو. ئیتر هەر لە ڕۆژ تا شەو ئەو منداڵانە بەسەر کۆڵ و شانی ئەو ژنەوە دەمانەوە. ئیتر دایکی خودی منداڵەکە ژیان و کاری ئاسان بوو.

نەک تەنیا یەک منداڵ بەڵکو سەرجەم منداڵەکانی ئەو بنەماڵەیە لەسەر شان و کۆڵی ئەو ژنە گەورە بوون. هەر ئەم نزیکی و پێکەوە بوونەی ئەو ژنە لەگەڵ ئەو منداڵانە وای کرد کە سەرجەم هەست و نەستەکانی ئەو ژنە بچێتە دەروون و ناوەڕۆکی ئەو منداڵانەوە.

هۆکاری سەرەکی ئەوە کە ئەو ژنە بەردەوام لەگەڵ ئەو منداڵانە دەبوو و دەیانیلاواندەوە و خزمەتیانی ئەکرد، ئەوە بو کە وەڵامی چاکەی براکان و براکانی مێردەکەی بداتەوە، ئەگەرنە ئەوەندە کەیف و خۆشی لەسەر منداڵ نەبوو. هەرئەمە بووە هۆی ئەوە کە لە چاوی من دیار بێت کە ئەو ژنە لە عەشق و خۆشەوسیتی دەروونی نیە کە ئەو منداڵانە گەورە دەکات، بەڵکو لەسەر ناچاریە. ئەم ناچاریە شاراوەیە بە شێوەیەکی نادیار و گەورە کاریگەری لە دەروون و ناوەڕۆکی ئەو منداڵانە کرد. زۆرجار دەمبینی کە ئەو ژنە بە شێوەیەکی بەپەلە و خێرا ئەو منداڵانەی لە بێشکە دەجوواند، جاربەجاریش لە بێشکە دەریانیدەهێنا و لەسەر چۆکی لالا و لۆلۆی بۆیان دەخوێند. هەر لەو کاتەوە ئەو ژنە دڵەڕاوکێ و پەرێشانی و پەشۆکاوی خۆی بەو منداڵانە گەیاند. ئەو منداڵانە حاڵەت و دەروونی زۆر جیاو و جیاوازیان بۆ پەیدا بوو، یەکێکیان بێدەنگ و یەکێکی تریان هاروهاج، یەکێکی تریان کە هەر لە منداڵیەوە لە بن دەستی ئەو ژنە بەسترا و گیرایەوە، خەمۆکی و شێواویەک ژیانی گرتبووەوە. ئیتر هەر کامەیان جۆرێکیان لێدەهات.

پاش ئەوەی کە ئەو منداڵانە گەورە بوون، وردە وردە لە دەروی ئەو ژنە دوورکەوتن و ئەوەندە ئەو ژنەیان بۆ گرنگ نەما. ژنەکەش هەرچی گەورەتر و پیرتر دەبوو، تووڕەیی و نەخۆشی و دەردی زۆرتر دەیگرتەوە.

# هەورێنک

دەورەیەک کە من ژیانم لەگەڵ ماڵی باپیرم دەکرد، لە هاویناندا من بەرگەلەوانیم بۆ بەرخ و گێسکەکانی ئەوان دەکرد. بەو کەسەی کە شوانی بەرخ و گێسکەکانی دەکرد، دەیانوت کە بەرگەلەوانی بەرخەکانە.

هاوینی دەشتی زەهاو بە پێچەوانەی خۆشی بەهاری دەشتی زەهاو، گەرم و ناخۆشە. لەو گەرما و وشکی و زەردیەدا، شوانی بۆ شوانەکان سەخت و ناڕەحەت دەکرد، بە تایبەت بۆ منداڵەکان کە شوانی بەرخەکانیان دەکرد.

بەیانان زوو بەرخەکانم دەبرد بۆ لەوەڕ و هەر کە گەرما دابهاتبایەت، دەیانمدایەبەر و دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە. هەمیشەش کە دەگەڕامەوە باپیرم لە سێبەری بەرهەیوان ڕوو لە چەرمگسوار خەریکی چای خواردن و جگەرە کێشان بوو. منیش گۆچانەکەم لە دیواری هەیوانەکە هەڵدەواسی و تا دەمەوئێوارە لە ماڵ دەمامەوە.

پاش ئەوەی کە گەرمای نیوەڕۆ تۆزێک بشکابایەت، بەرخەکانم دەدایەبەر و دەیانمبرد بەرەو دەرودەشتەوە. لەو گەرمادا دوو شتم بۆ پاراستنی خۆم هەڵدەگرت. یەکێکیان گوم گومەی ئاو بوو، ئەوەی تر دەزماڵێک بوو کە هەم سێبەری دروست دەکرد وە هەم وەک تۆڕێک بەکار دەهات بۆ ئەوەی کە بەرگری لە ئازاری مێشوولەکان بکات.

ئاوەکەمان لەگەڵ خۆمان دەبرد بۆ ئەوەی کە سەون نەمانبات. کەسی " سەون بردوو" بە کەسە دەڵێن کە گەرما بە با خۆی لە لەشی ئەو کەسە داوە و بووەتە هۆی نەخۆشی. سەون بایەکی گەرم و نەخۆشکەرە. لە دەشتی زەهاو وە ناوچەکانی گەرمەسێر لە هاویندا گەرما بە باوە خۆی دەکات بە لەشدا، هەر وەک سەرما کە لە زستان بە باوە خۆی دەکات بە لەشی مرۆڤدا. سەون تەوێکی گەرماییە کە لە گەرمای هاویندا دروست دەبێت. بەو گوم گومە ئاوە خۆم لەبەرانبەر گەرما ڕادەگرت و خۆم فێنک دەکردەوە، وە دەزماڵەکەم بە دەوری سەر و ملمدا دەدا و دەمکردە فێنکی.

سەون وەک کێشەیەکی گەورە نەبوو بۆ من، بەڵکو مێش مردارەکان ترس و هەراسیان بۆ من دروست کردبوو. ئەو مێش مردارانە وایان دەکرد کە کاتێک دەممان دەکردەوە ئاگامان لەوە بێت کە نەچێتە نێو دەممان و تۆی خۆی نەڕێژێت. لەبەر ئەوەی کە تۆ ڕشتنی مێش مردار لە گەروودا کۆکە و ناخۆشی و ئازار و خوران بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

میش مردار ئەو ئاژەڵەیە کە وەک مێشوولە بەڵام گەورەتر و پیستر لە مێشوولەیە. مێش مردار لە دەوری بەرگەل و مەڕوماڵاتەکان هات و چۆ دەکات، وە لە دەرفەتێک کە بۆی بکرێتەوە هەوڵی ئەوە دەدات کە بچێتە نێو دەمەوە، کە چووە ناوەوە تۆی خۆی دەخات و ئیتر کۆکە و خوران بە دوای خۆی دەهێنێت. من دڵنیا نیم لەوە کە تۆ بڕژێتە نێو گەرووەوە، بەڵام خەڵکی لادێ وایان دەوت. بۆیە منیش دەڵێم تۆ دەخاتە نێو دەمەوە.

ڕۆژێک چووم بۆ لای بەرگەل و خۆم بە دەزماڵ و تۆڕ پێچابووەوە. ئەوەندە لە بیری ئەوەدا نەبووم لە مێش مردار خۆی بۆ من ئامادە کردبێت. دانیشتبووم لەبەر بەرگەلەکان کە لە ناکاوە مێشێک خۆی کرد بە دەممدا و دەرهات و چوو. منی ترساند و لە جێگەی خۆم هەڵسام کە تۆزێک ئاو بە دەمی خۆمدا بدەمەوە. هەرچی تفم کرد هیچ بە دەممەوە نەهاتەوە دەرەوە.

کاتژمێرێکی پێ نەچوو کە کۆکە دەستی پێ کرد. زانیم کە مێش مردار بووە. ئەوەندە لە ئازاری ئەو کۆکە هەراسم هەبوو، پێش ئەوەی کە خۆر ئاوا بێت بە کۆکەوە چووم بۆ ماڵی باپیرم و بە مامێکم وت کە مێش مردار هێلکەی لە گەرووی من کردووە. مامم وتی هیچ دەرمان و شتێک نیە کە چارەی بکات، دەبێت ماوەیەک بکۆکی، دوای ئەو ماوە خۆی نامێنێت. بە ناڕەحەتی وتم: چەندە دەبێت بکۆکم!؟

مامم بە پێ کەنین وتی: ئەی من کرمم لە گەرووتدا، چووزانم کە چەندە دەبێت بکۆکی!.

شەو لەسەر سەکۆی بەرماڵی باپیرم دانیشتبووم و هەر بۆ خۆم کۆکەم دەکرد و وەڕەس بووم لەوە کە ئیتر بچم بۆ لای بەرگەل و شوانی بکەم. مامم گوێی لە گۆرانی لێلم لێلی ناسر ڕەزازی دەگرت و دەستی بۆ تەکان دەدا. ڕوی لە من کرد و وتی: بڕۆ دەرمانی سرکەری ددانەکە بهێنە با چەند فشێک بە لولەکەی بکەمە نێو دەم و گەرووتەوە، ئێ.. بەشکە چارەی بکات!.

لە جێگەی خۆم هەڵسام و بە پەلە چووم دەرمانەکەم هێنا. مامم سەری لولەکەی کردە نێو دەممدا و چەند فشێکی کردە نێو گەروومەوە.

تام و توندی ئەو دەرمانە لە گەروو و دەمم مایەوە. ئیتر چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد کە کۆکەکەم نەمێنێت. شەو چوومە سەر جێگەی خەو و پاڵم دایەوە، دڵم خۆش بوو دەرمانەکە کرمەکان بکوژێت. بەڵام لە بەختی من دەرمانی سرکەر سوودێکی نەبوو. ئیتر بۆ ماوەیەک شەو و ڕۆژ کۆکەم دەکرد و تفی گەرووم ڕائەکێشا و ڕوو و ڕەگای خەڵکیشم نەمابوو.

پاش ئەوەی کە وەرزی پاییز و زستان بەسەر ئەو هاوینە تاڵەدا چوو، بەهارێکی تازە هات و دیسان من بەرگەلم دەورد بۆ دەرودەشت بۆ ئەوەی کە بلەوەڕێن. لە کۆتاییەکانی بەهار بوو کە مامەکانم بڕیاریاندا پەزەکان ببڕنەوە. هەر ماوەیەک کە پەزەکان خوریان زیاد بایەت، پێش گەرمای هاوین بە هەورێنک[8] دەیانبڕیەوە. پێش ئەوەی کە پەزەکان ببڕنەوە لە گۆمی ئاوێک چاک هەر هەموویان دەشۆرد و ئامادەیان دەکرد بۆ بڕینەوە.

ئێوارەیەک چەند کەس ئامادە بوون بۆ ئەوەی کە پەزەکان ببڕنەوە. چەند هەورێنکیان بە هەسان چەور کرد و کەوتنە بڕینەوەی پەزەکان. منیش وەک سەیرکەرێک سەرم نزیک دەکردەوە و سرنجی ئەوەمدەدا کە بزانم بڕینەوە چیە و چۆنە!؟ کاتێک کە مەڕێک یان بزنێک بڕینەوەی تەواو دەبوو و قاچ و دەستیان بەرەڵا دەکرد، زوو لە جێگە هەڵدەپەڕی و بە لەشێکەوە دەچوو کە من پێکەنیم پێی دەهات. ئیتر ڕووتی ڕووت دەبوو، بە تایبەت ئەو بزن و مەڕانەی کە گوانیان شۆڕبایەت، ئیتر جێگەی پێکەنین بوو. بزن و مەڕەکان خۆیانیش سەیری لەشی بڕاوەی خۆیان دەکرد و ڕێیان دەکرد!.

گەورەترین کێشەی پەزەکان لە بڕینەوەدا کەمێڵ و گەنە بوو. کەمێڵ بە پاشماوەی پیسی پەزەکان دەوترێت کە لەگەڵ خوری پێستیانەوە بە گوزەری کات دەمێنێت و پتەو دەبێت. ئەو کەمێڵە جاری وا ئەوەندە قورس و وشکە، وادەکات لە کاتی چوونی مەڕ دەنگی لێوە بێت و تەقە تەق بکات. لە بڕینەوەی کەمێڵدا جاری وا هەورێنک بەری پێست دەکەوێت و پێستی مەڕ بریندار دەکات.

کێشەی تری مەڕ لە بڕینەوەدا گەنەیەکە کە لە گوزەری کات بە لەشی مەڕ دەنووستێت و لە بن خوریدا خوێنی مەڕ دەمژێت و بۆ خۆی لە خوێن مژیدا دەمێنێتەوە. مەڕ دەستی ئەوەی نیە کە گەنەکان لە لەشی خۆی بکاتەوە، ئیتر ئەوە خاوەنیەتی کە دەبێت ئاگاداری لەشی مەڕەکان بێت. خاوەنیش کە مامەکانی من بن، ئەوەندە کێشە و گرفت و ناڵەیان هەبوو کە نەیاندەپەرژا خۆیان خاوێن بکەنەوە چ بگات بەوە کە مەڕەکانیان خاوێن بکەنەوە!.

---

[8] هەورێنک بەو کەرەستە ئێژن کە خوری پەزوپۆڵەکانی پێ دەبڕنەوە.

کاتی بڕینەوەی مەڕەکان هەندێک لە گەنەکان بە دەمی دەستەوە هەڵدەکەنران و لە خوێنمژی دەبڕانەوە، دەستەیەکی تر کە نەدەبینران هەر بۆ خۆیان بە لەشی مەڕەکانەوە دەمانەوە و دەژیان.

ڕۆژێک مامم  لە شوانی هاتەوە و جلەکانی خۆی دانیا و بانگی منی کرد و وتی: ها وەرە سەیری پشتم بکە، لەشم لە خۆیەوە ئەخورێت!.

چووم و سەیرم کرد کە گەنەیەک بە پشتیەوەیە، بە پەلە گەنەکەم هەڵکەند و فڕێمدا و بە دەنگی بەرز وتم " گەنە" مامم هەر لە خۆیەوە بەلاچەیەک هات بە لەشیدا و لە ترسدا دەستی برد بۆ پشتی و سەیری گەنەکەی کرد و بە پێ تلیقاندی. بە ناڕەحەتی وتی: خوایە ئەوە چەندە بێت کە خوێنی من دەخوات و من ئاگام لێی نیە!؟

ئەو دوو بەسەرهاتە منی لە بیر و ئەندیشە خست. بیر و ئەندیشەیەک کە هەمووی پرس و ترس بوو، بە خۆمم وت: چەندە مەڕ و مرۆڤ لە یەکدی نزیکن!.

کەسانێک هەن کە داری گوێز بەو بەخیلی خۆیە کە گوێز بە ئاسان ناخاتە سەرزەوی، گوێزیان پێ دەدات، کەچی ئەوان گوێزەکە دەدەنە دەستی منداڵەوە و ئەوانیش بەو گوێزە لە سەرخاک گەمە دەکەن!.

## جیڕجیڕە

من هەوڵمدا کە بونیادی دید و جیهانبینی خۆم بگۆڕم، بۆ ئەمەش لە شتانی زۆر ئاسایی ژیانی خۆمەوە ئەو هەوڵەم دەدا. گەنە کە وەک وردە ئاژەڵێکی پیس و موفتەخۆری خوێنخۆر ئەیانناسی و دوژمنیان ئەکرد، لە مندا بیر و هزرم سەبارەت بەو وردە ئاژەڵە گۆڕا. لە لای مندا گەنە هەر ئەو کارە بۆ مەڕ ئەکات کە حجامەت بۆ مرۆڤ ئەیکات!.

لێکۆڵینەوەکانی مرۆڤ زۆر زۆر کەمترە لە داهێنانی خوای گەورە. بۆیە بۆ من پرسیار بوو کە بۆچی دەبێت کانی زالوی تێدا بێت و مەڕ گەنەی هەبێت!؟ ئەمانە هەندێک پرسیار بوون کە بە ئاسانی بۆ من دەهات و منی بە سەختی بە خۆیەوە خەریک ئەکرد.

دوو ڕستەم وەک وەڵام بۆ ئەو دوو پرسیار دانا: " گەنە مەڕی خۆش ئەوێت". " زالو ئاو پاک ئەکاتەوە و بەهای پێدەدات".

پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا گەنە، خوێن و گۆشتی مەڕ و ئاژەڵەکانی تر پاک و خاوێن ئەکات یان سەرچاوەی نەخۆشی و ناخۆش کردنی ژیانی ئەو ئاژەڵانەیە!؟ ئایا ئێوە بینیوتانە کە دەستەیەک لە ئاژەڵەکان مەل و پەلەوەرەکان لەسەر سەر و مل و پشتیان ئەنیشنەوە و مەل و مۆرە وردەکان ئەخۆن!؟ بە دڵنیایی کە ئەو جۆرە وێنە، وێنەیەکی سروشتی و جوان و بە سوودە.

ئنجا من لێرە پرسیارێکی تر و باسێکی تر ئەهێنمەوە کایەوە. ئایا ئێوە نەرمە دەنگی جیرجیرەتان لە دەرودەشتی هاوینانی کوردستان بیستووە!؟ جیرجیرە جۆرە وردە ئاژەڵێکی ورد و چکۆلە وەک کولەیە و لە شەوانی هاوین دەنگێکی ورد و نەرم و باریک دروست ئەکات. بە دڵنیایی کە هەر یەک لە ئێمە شەوێک یان شەوانی زۆرمان بە تەنیایی لە شەوانی هاوینی دەرودەشتی کوردستان بەڕێکردووە. ئەو دەنگە کە جیرجیرە دروستی ئەکات، چ دەور و کارایییەکی بۆ شەو و شەوگار و ئاژەڵەکان و بیسەرانی تر هەیە!؟.

ئەو کاتەی کە من لە ئاوایی بووم نەمبیست کە باسی ئەوە بکەن کە گەنە سەرچاوەی نەخۆشیە بۆ مەڕ و ماڵاتەکان. خەڵکی ئاوایی گەنەیان تەنیا وەک وردە ئاژەڵێکی خوێنمژ دەناسی. لە کاتی بڕینەوەی مەڕوماڵاتەکان ئەگەر گەنە بهاتبایەتە بەردەستیان ئەوە لایاندەبرد، ئەگەر دیار نەبایەت هەر بە لەشی مەڕ و ماڵاتەوە دەمایەوە. مەبەستم ئەوەیە کە شوانەکان تایبەت گرنگیان بە گەنەکان نەدەدا.

لە ئەدەبی پزیشکی کۆنەوە بە تایبەتی لە ئەدەبی ئیسلامی باس لە سوودەکانی حجامەت ئەکەن. حجامەت دەرهێنانی هەندێک خوێنە لە لەشی مرۆڤ. هەروەها گەنە بە شێوەیەکی سروشتی خوێن لە لەشی مەڕ و ئاژەڵەکان دەرئەهێنێت.

هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی نیە کە باس لەوە بکات کە گەنە بۆ مەڕ باشە. ئەمە منی دەخستە دوودڵی و دڵەڕاوکێ کە ئایا ئەم قسەیە باس بکەم یان نە!؟.

جیرجیرە بەو دەنگەی کە لە شەوانی هاوینی دروستی ئەکات، کۆڵەکە یان ستوونێکی دەنگیە کە هاوکاری لە ڕێکخستنی شەپۆلەکانی تر دەکات. من زۆرجار لە شەوانی هاوینی بیرم لە دەوری دەنگی جیرجیرە کردووەتەوە، هەست و هزرم منی برد بۆ ئەوە کە جگە لەوە دەنگی جیرجیرە جوانی لە شەوانی هاوینی هەیە و خەیاڵ خاو دەکات و خەو ئەهێنێت و خەم ئەڕمێنێت، دەوری لە هەماهەنگی و ڕێکخستنی دەنگ و شەپۆلەکانی تری دەنگی هەیە. بە شێوەیەکی ڕوونتر بەو کۆڵەکە و ناوەندەی کە بە دەنگی دروستی ئەکات، کەشێک و سنوور و بازنەیەک دروست ئەکات، کە ئەو کەش و بازنە و سنوورە پەیوەندی نێوان گوێ و شەپۆلەکان ڕێکدەخات.

لە بەرەتاوە من وا هەستم کرد کە جیرجیرە لە ماندوویەتی و تەنیایی ئەو دەنگە دروست دەکات. وردە وردە ئەو وردە ئاژەڵە بە خۆی و دەنگی منیان برد بۆ ئەوە کە هاوکاری زۆری شەوان و شەپۆلەکان دەکات. ئەم دەرهات و پێگەیشتنە منی دەبرد بۆ ئەوە کە دید و جیهانبینیم بەرانبەر بە سەرجەم بوونەوەرەکان و ناوەکان بگۆڕدرێت.

لە ڕاستیدا کاری من وەک کەسێکە لە گەنم دەکێڵێت و جووتیاری ئەزانێت، هەروەها وەک نانەوایەکە و گرتنەوەی ئارد و نان ئەزانێت، هەروەها وەک برسیەکە کە نان ئەخوات. من کە لە زەوی ئەژیم و لە شەوان و ڕۆژانی زەوی گوزەر ئەکەم، چەند ئەرکم هەیە. بە کورتی و کوردی بە

شتێکەوە ناوەستم، بەڵکو پرس و سرنجەکان لە هەستی دەگەیەنم بە ئەنجام و دەرهاتێکی تایبەتی.

قورئان هاوکاری منی زۆر کرد بۆ ئەوەی کە شێوە و ڕەوشی نووسین و هەست و هزر لە لامدا دروست بێت. بۆ نموونە لە قورئانی پیرۆز هاتووە: قل عسی ان یکون ردف لکم بعض الذی تستعجلون(النمل ٧٢) ئەم ئایەتە ئەو بنەمایەی دروست کرد کە: دووانەکان دەور و مانا و بەهای ناسیاو و نەناسیاو و دیار و نادیار و دوور و نزیکیان لەگەڵ یەکدی هەیە.

جاری وا هەیە پرسیار وەک شەرواڵە لە پێی وەڵامدا. هەر پرس و ترسێک، هەر دووانەیەکی دیار و نادیار، پێویستی بە ڕووناکیەکە کە لە دید و بینینی مرۆڤ هەیە. بۆیە تاوەکو مەحرەمی پرسیار نەبیت، وەڵامت بۆ دەرناکەوێت!.

# چیرۆکێکی قوتابخانەی ئامادەیی

## ڕوومەتە ئاگرینەکان

" وێنەی ستەم کردن لە هۆش وەک ئەوەیە کە ئاوێک لە گۆمێک ببەستیەوە بە بێ ئەوەی کە دەرفەت و ڕێ و کەلی پێ بدەیت کە بڕوات."

" هیچ وێنە و چیرۆک و بەسەرهاتێک لە بووندا ناسڕدرێتەوە، دڵنیا بن لەوە!."

بە هاوکاری دوو بەسەرهات هەوڵی ئەوە دەدەم کە باس لەو ڕوومەتانەوە بکەم کە هەر لە بەرەتای کرانەوەیان، ئاسوودەییان لەگەڵ زۆرێک لە ڕوومەتەکان نیە.

من لە هەر دەورەیەک بە قسەیەک و بڕیارێک چوونی خۆمم دژوار و سەخت و ڕوون کردووە. لە بیرمە کە لە دەورەی حوجرەدا بەشێکی خوێندنی ئێمە لە قوتابخانەی (ملا صدرا) کە خوێندنی فەرمی و حکومی بوو دەکرا. ئەو کاتە کە من چوومە حوجرە، دووی ئامادەیی بووم. یەکەمی ئامادەیی یان دەبیرستانم لە شاری سەرپێڵی زەهاو تەواو کردبوو.

زۆربەی فەقێکان لەگەڵ ئەوەی کە وانەکانی حوجرەیان لەبەردەستی مامۆستاکانی حوجرە وەردەگرت، هەوڵی ئەوەشیان دەدا کە وانەکانی زانستە ئیسلامیەکان بخوێنن. هەر لەبەر ئەمەش ناچار بوون کە نیوەی ڕۆژ لە قوتابخانەی خوێندنی فارسی بن وە نیوەکەی تریش لە بەردەستی مامۆستاکان زانستە ئیسلامیەکان بخوێنن. ئەو تێکەڵ کردنە گوشار و گوشانی لەش و هۆشی دەدا، زۆر گرفت و کێشەی بۆ ئێمە دروست کرد کە بووە هۆی دەرد و برین و لێکۆڵینەوە. مامۆستاکانی حوجرەش هەستیان بەوە نەدەکرد کە چ گرفتێکی گەورەی دروست کردووە، تا

ئەوەی کە ئەوەندە کێشە و لێپرسینەوە و تەلەفۆن بۆ حوجرە زۆر بوو، وەک ئاو لە دیواری ئیدارەی حوجرە چامی دایەوە!.

کێشەکە لەوێ دروست بوو کە فەقێکان لەبەر ئەوەی کە کاتی خەو و ئارامشیان لێ تێک چووبوو، ئیتر خۆیان لە چوون بۆ قوتابخانە دەشاردەوە. هەر ڕۆژێک دەستەیەک لە فەقێکان نەدەچوون بۆ قوتابخانە، ئەمەش دەنگی بەرپرسانی قوتابخانەی دەرهێنا و ئەوانیش پەیوەندیان بە مامۆستاکانی حوجرەوە کرد کە ئاگاداریان بکەنەوە فەقێکان لەسەر وانەکانی خوێندنیان ئامادە نابن.

مامۆستاکان کە ئاوەها کێشەیەکیان پێ گەیشت، یەکڕاست یەخەی فەقێکانیان گرتەوە و داوایان لە فەقێکان کرد کە بەردەوام بە ڕێک و پێکی بڕۆنە سەر وانەکانیان لە قوتابخانەی مەلا سەدرا، وە ئیتر دەنگی ئەو کێشە دەرنەیەت.

لە ڕاستیدا مامۆستاکان ئەو کێشەیانە بە قسەی دەم کوژاندەوە. ئاگرێک کە بە بای دەم بکوژێتەوە، دەتوانرێت کە دیسان هەڵبگیرسێتەوە، بەڵام ئەو ئاگرەی کە بە ئاو بکوژێتەوە، زۆر دوورە کە دیسان گڕی تێ بەربێت. مامۆستاکانی حوجرە و قوتابخانە هیچ جۆرە ڕوویەکیان بەوە نەدا کە وەک کێشەیەکی گەورە سەیری بکەن. هەر ئەم کێشە زۆرێک لە فەقێکانی خەودۆست کردبوو، وە مەیل و دڵی خۆشیان بە خوێندن نەدەدا. ئەو گرفتە تەشەنەی کردە ڕەگ و دەمارەکانی فەقێکان کە لە دواییدا لەگەڵ کێشەکانی تر بەسەر مامۆستاکاندا تەقیەوە.

من لەو دەورەدا لەوانە بووم کە بەدوای چارەسەری ئەو کێشە دەگەڕام. لەو گرفتەدا من تەنیا نەبووم، بەڵکو کاک ئیبراهیمی کوڕە خاڵم هاوڕێی من بوو. دەمەویست کە بە جۆرێک چارەسەری بکەم کە ئەو فەقێکانی تر پێی تێ نەخەن. لەبەر ئەوەی کە بارودۆخەکە ئەوەندە سازگار نەبوو کە من سقە بەهەر فەقێیەک بکەم. ڕۆژێک چووم بۆ قوتابخانە و چوومە ژووری بەڕێوبەرایەتی قوتابخانە و لەگەڵ بەرپرسی قوتابخانە دانیشتم. بەرپرسی قوتابخانە ئاغای موحەممەدی بوو، بە ڕاستی پیاوی لایقی بەڕێوبەرایەتی بوو. دانیشتم و وتم: من ئیتر نامەوێت کە زیندوو وانەکانی دووهەمی دەبیرستان بخوێنم، دەمەوێت کە بە (متفرقە) تەواوی بکەم. موتەفەڕیقە بەو خوێندنە دەوترێت کە قوتابی بەس بۆ ئەزموونەکانی کۆتایی دەچێت بۆ قوتابخانە.

بەرپرسی قوتابخانە و مامۆستاکانی قوتابخانە لەبەر ئەوەی کە مامۆستاکانی حوجرەیان دەناسی و ئاشنایەتیان لەگەڵیان هەبوو و ڕێزیان لێیان دەگرت، بە قسەی تاڵ و توند لەگەڵ ئێمەدا نەدەجووڵانەوە. ئەو مامۆستایانە هەر هەموویان کورد و کوردپەروەر بوون و بە جلی کوردی دەهاتن بۆ قوتابخانە و هەوڵی ئەوەیان دەدا کە بکرێنەوە بۆ قوتابییەکان و دۆستیان لەگەڵ دروست بکەن.

بەرپرسی قوتابخانە بە نەرمی بە منی وت کە هەر جۆرێک کە خواست و مەبەستت لەسەریەتی بۆ خۆت بکە. ئەگەریش دەتەوێت کە بە موتەفەڕیقە بخوێنیت ئەوە کێشەیەک نیە.

گەڕامەوە بۆ حوجرە و باسی ئەوەم لەگەڵ کاک ئیبراهیم کرد و ئەویش بە خۆشیەوە قبووڵی کرد. پاش چەند ڕۆژ مامۆستا حەبیبی کەریمی بانگی منی کرد و باسی خواستی من و ئیبراهیمی کرد کە دەمانەوێت بە ڕەوشی موتەفەڕیقە بخوێنین. مامۆستا حەبیب بە زوبانێکی وریا وتی: ئێوە ئەم ڕێگە تاقی بکەنەوە، گەر سەری گرت، ئەوە لە ساڵانی داهاتوو کارێک دەکەین کە فەقێکان بە موتەفەڕیقە وانەکانیان بخوێنن!.

بە خۆشیەوە وتم باشە و ئیتر من و ئیبراهیم بە شێوەی موتەفەڕیقە دەرسمان دەخوێند. پێ کەنین لەوە بوو کە ئێمە هەر بە قسەی خۆمان ئاوەهامان دەکرد، لەبەر ئەوەی کە لە قوتابخانە ناوی ئێمە هەر وەک قوتابی ڕۆژانە بەردەوام دەخوێنرایەوە. ماوەیەک ئاوەها سەری خۆمان و مامۆستاکانمان گەرم کردبوو، تا ئەوە کە ڕۆژێک بۆ سەردان چووم بۆ قوتابخانە و یەکێک لە موعاوینەکان بە جلی کوردیەوە بانگی منی کرد و وتی: ئێوە زۆر غەیابتان هەیە لە قوتابخانە، ئەمەش کێشە دروست دەکات، وامان لێ دەکات کە داوا لە مامۆستاکانتان بکەین بۆ ئەوەی کە هۆی نەهاتنی ئێوەمان بۆ دەرکەوێت و ئێوە بە توندی سزا بدرێن.

قسە و لێپرسینەوەی ئەو موعاوینە و گوشار و گوشانی باروودۆخی ژیان و خوێندن و ئەو هەموو هیلاکەتی و ماندوویەتیە منی تووڕە کرد و وتم: دەبێت کە ئەوە بە ئێوە تێبگەیەنم کە ئێمە لە ژێر ستەم و چەوساندنەوەدا ئارام ناگرین!.

موعاوینەکە ئاگر لە گیانی بەر بوو و بە تووڕەی وتی: دەتەوێت کە من تێ بگەیەنیت!؟.

پاش ئەو قسە بوو کە ئیتر من ناوی خۆمم بە تەواوی لە قوتابخانە ڕەش کرد و مامۆستاکان بە چاوی قوتابیەکی تووڕە و نیگەران منیان سەیر دەکرد. نەک تەنیا لە قوتابخانەی فارسی بەڵکو لە حوجرەش دیسان کەوتینە لێپرسینەوە و ئیتر بە دەردی خۆمانەوە ناڵەمان دەکرد.

خاڵێک کە من لەو بەسەرهاتە بۆم مایەوە کە بەهایەکی زۆری هەبوو، ئەوە بوو کە من لەو کاتە و لەو تەمەنەدا وشەی " تێبگەیەنم" بۆ مامۆستایەک بە کار بردووە، کە جێگەی سرنج و مانەوەیە. ئاوەها قسەیەک بە مامۆستایەک نیشانەی دەروونێکە کە ستەم قبووڵ ناکات وە ئاماژەیە بە داهاتوویەک کە قسەی تری ئاوەهای پێیە بۆ وتن، هەرووەها دەیەوێت کە بە ڕوومەتی گرژەوە مامۆستای خۆی تێ بگەیەنێت!.

گرفت و کێشە ئەوە بوو کە دوو دەستە مامۆستا بە جلی کوردیەوە زانستیان بە ئێمە فێر دەکرد، دەستەیەک باسی شاعیرانی فارسیان بۆ ئێمە دەکرد و دەستەیەک باسی شاعیرانی عەرەب، ئەمە بووە هۆی ئەوە کە دڵم گەرم و خوێنم لە خرۆش و دەمم تاڵ و ڕوومەتم گرژ و دەستم هەڵبڕاو بێت بۆ تێگەیاندن!.

لە کۆتایی چیرۆکی تاڵی من و شاری ڕوانسەردا، جنک و جەواڵی خۆم پێچایەوە بۆ ئاواییەکەی خۆمان بۆ ئەوەی کە بە دەرد و ناڵەوە بەجێیان بهێڵم. منیش گەر ئەدەب و پەیکەرێک بە دەم و دەستم لا نەچێت، ئەوە من بە جێی دەهێڵم بۆ خاوەنەکەی.

## چیرۆکی حاجی ئەحمەدی بێویانی

هەندێک لە وێنەکان هەم وەک ڕۆنی زەیتوونە کە لە دەرەوە لە پێست دەدرێت، وە هەم دەخورێت بۆ ئەوەی کە لە بن پێست کاریگەری دروست بکات. مەبەستم ئەوەیە کە لە دوو لاوە!.

بەسەرهاتێکی تر کە وەک ڕۆنی زەیتوون لە ناوەوەی من و دەرەوەی من کاریگەری کرد، بەسەرهاتی حاجی ئەحمەدی بێویانی بوو. حاجی ئەحمەد برای باپیرم بوو کە لە سەردەمی موحەممەدڕەزاشا کوێخای ئاوایی و پیاوێکی بە دڵ و دەست بووە. حاجی ئەحمەد پاش ئەوەی کە بە هۆی شەڕی ئێران و عێراقەوە ماڵبەدەر دەبێت، لەگەڵ خەڵکی تردا ڕەوانەی شارەکانی عێراق دەکرێت و بۆ ساڵەها لەوێ جێگیر دەبێت. پاش ئەوەی کە بۆ ماوەی سێزدە ساڵ دووری لە خاک دەگەڕێنەوە، لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەگیرێت. حاجی ئەحمەد بە تۆمەتی ئەوە کە چەکی دژی شۆڕشی ئیسلامی هەڵگرتووە، دادگاهی دەکەن و حوکمی پانزدە ساڵ زیندانی بەسەردا دەبڕنەوە.

حاجی ئەحمەد ڕەوانەی گرتووخانەی دیزڵ ئابادی کرماشان دەبێت و حوکمی دەست پێ دەکات، ئەمە لە کاتێکدابوو کە تەمەنی سەرەوەی هەفتا ساڵ بوو. بەو پیری و دەرد و مەینەتە لە گرتووخانە دەمێنێت و وردە وردە نەخۆشی ڕووی تێ دەکات و دەکەوێت و لە بەنددا گیرۆدە دەبێت. لە گرتووخانە ڕەوانەی خەستەخانەی دەکەن و پاش دەورەیەکی کورت دیسان ڕەوانەی بەندی دەکەنەوە.

پاش ماوەیەک کە ئیتر بە تەواوی نەخۆش دەبێت و هیلاک دەکەوێت، ڕووخسەتی پێ دەدەن کە سەردانی ماڵەوەی خۆیان بکات، لەوە دەترسێن کە لە گرتووخانە بمرێت. زۆر بەسەر ئەو ڕووخسەتانە ناچێت کە حاجی ئەحمەد وەفات دەکات و ئەو مەرگە لە دڵی زۆر کەس دەبێتە دەرد و دەمێنێتەوە. من ئەو کاتە منداڵ بووم، ڕۆژی نێشتنی تەرمەکەی لەگەڵ خەڵک بەڕێ کەوتم بۆ ئەوەی کە شایەتی ئەو نێشتنە بم. لە بیرمە لەسەر لێوارەی قەبرەکەی دوو بەردم بە دەستەوە بوو و پێکەوە دەمساواند و سەیری ئەو خاکە نەرمەم دەکرد کە دەکرایە سەر تەرمی ئەو پیاوە دڵ گەورەیە. خوای گەورە بەزەیی بە ڕۆحی حاجی ئەحمەددا بێتەوە و شادمانی بکات.

حاجی ئەحمەد چوو و چەند کوڕ و نەوە و وەچەیەک بۆی مایەوە، کە بە تەواوی دڵ و دەروونیان پێچەوانەی باپیریان دەرچوو. ئەمە بۆ من بووە گرفتێک کە بۆ پیاوێک ئاوەها ژیانی سام و تامی هەبوو و باسی دەکرا و شێخ و ئاغا دۆستی بوون و حەجی کردبوو و بۆ خاکی خۆی شەڕی کردووە، ئاوەها کوڕانێک و نەوەگەلێک و وەچانێک دوای ناوی کەوتوون!؟. بۆ لەبەرانبەر ئەو ستەمە کە لە حاجی ئەحمەد کرا ئاوەها بێ دەنگ مانەوە!؟ بۆ هەر باسی ئەو کارەساتە ناکەن!؟

بۆ ئەوەی کە منداڵەکانیان بێنە خۆیاندا، چەند جارێک یەخەی نەوەکانی حاجی ئەحمەدم گرتەوە کە بۆچی ناو و بەسەرهاتی باواتان فەرامۆش کردووە؟ ئەوان وەڵامیان بۆ ئەو پرسیارە نەبوو!.

من تەنیا کەسێکم کە بە نووسراوەیی یادی دەکەمەوە وە تەنیا کەسێکم کە یادی ئەو پیاوەم ئەوەندە بۆ گرنگ و پڕ بەهایە. نەوەکانی حاجی ئەحمەد زوبان و زمانیان لەسەر ناوی باپیریان بەستراوە. من وەک وەبیرهێنەر و وەبیرخەری ئەوان باس لە ناوی باوایان دەکەم، وە ئەوە منم کە ئەوەندە لە ستەمی بەردەوام کە لە نەوەکان دەکرێت، تووڕە و لە خەمدام. هەروەک ستەمی دەورەی حوجرە کە کەس ئێستەش لەسەر ئەو دەرد و نیگەرانیە قسەیەکی نەکردووە کە دەنگی بەرز بێتەوە، ئەوە من لە سەدان لاپەڕەدا هاوار دەکەم کە پەنا ببەنە ناوی خوای مەزن لەو هەموو ستەم و جەورە کە لە نەوەکان دەکرێت.

لەوە دڵنیا بن کە بەو ستەمەی کە لە نەوەکان دەکرێت، من شادمان نیم کە ناوێک لە قوتابخانەکانی فارسی یا حوجرەکان یان زانکۆکان هەڵسێت و بە گژی ئەو هەموو ستەمەدا بچێتەوە!.

ئەو دوو نموونەی سەرەوە هەواڵ و پەیخاوێکی هاوبەشیان هەیە: نەوەکان لە دەرەوەی ستەمێک کە بەردەوام بە مرۆڤ دەکرێت، دێنە قسە و لێپرسینەوەوە.

هاتنە قسەی ناوەکان بە دەستی خودی مرۆڤەکان نیە. بەڵکو خوای گەورە ناوەکان، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ ڕائەسپێرێت بۆ ئەوەی کە لەسەر ناوەکان بێنە قسە. ئنجا من پرسیار دەکەم کە خوای دلۆڤان چ پەیڕەو و داڕشتنێکی هەیە بۆ ئەوەی کە ناوێک بنێرێت یان ناوێک (وەک ناوەکانی دانراوەکان) دامەزرێنێت؟ کێن ئەوانەی کە لە تەنیشت دەستە دەستە خەڵک و نەوەی خامۆش هاوار دەکەن و وەبیردەهێننەوە!؟

خاڵ و چاڵێکی تر کە لەو دوو نموونەی سەرەوە ڕاکێشین ئەوەیە کە ئەوانەی لە منداڵیەوە ئاوەها بە دژ و گژی ناوەندەکان و مامۆستاکان ڕائەوەستن وە لە بەرانبەر نەوە گەمژەکاندا ڕوومەتی خۆیان گرژ دەکەن، ئەو کەسانە ڕوومەتە ئاگرینەکانن. ئەوەی کە لە داهاتووی هەر نەوەیەک بقەومێت، لە ناوی ئەوان و نزیکانی ئەو جۆرە کەسانەوە نزیکە!.

## ژژوو لە تیر و تەنیاییدا

ڕۆژێک کابرایەک بووە میوانی ماڵی ئێمە و باسی یەکێک لە کوڕەکانی دەکرد کە تاقەت و تەوانی خوێندنی نەماوە. ئەو کابرا ڕووی لە من کرد و بە ڕوومەتێکی ئامۆژگاریکەرانە بە منی وت: ڕۆڵە گیان تۆ وەک کوڕەکەی من مەکە کە وازی لە خوێندن هێناوە، دەرسەکانی خۆت بە باشی بخوێنە تا وەک ئێمە نەخوێندەوار نەبیت!.

کابرا بە پێ کەنین بەردەوام بوو: بە خوا ڕۆژێک چووم بۆ ناو شاری کرماشان و کارم کەوتە ئیدارەیەک نەمەزانی لە کوێیە!؟ من کە ناتوانم تابلۆ و سەردەری شوێنەکان بخوێنم، دەمەویست کە خۆم بیدۆزمەوە، عەیبم لێ دەهات کە خەڵک بزانێت نەخوێندەوارم. لە ئاخریەکەیدا ناچار بووم کە پرسیار لە کەسێک بکەم، ئێژن کە پیاو لە عەیبە ڕوو لە ژن دەکات، منیش ڕێم لە ژنێک گرت و پرسیاری ئەو شوێنەم لێ کرد.

کابرا سەری بۆ هەر هەموومان سووڕاند و وتی: لەم سەردەمەدا بەنی ئادەمێک کە نەخوێندەوار بێت، لە شارەکەی خۆی ون دەبێت!.

ئەو دەمە خوێندنەوەی تابلۆ نموونەیەک بوو بۆ ئەو خەڵکە کە خوێندەواری نەبوو. خەڵک بەو جۆرە قسانەوە هانی نەوەکانی خۆیان دەدا بۆ ئەوەی کە خوێندەواری فێر ببن. دایکان بە منداڵانی خۆیان ئەوت کە بڕۆ فێری خوێندن ببە با سبەی بزانی نووسراوەی سەر تابلۆیەک بخوێنیتەوە.

پیتەکان وەک ئاردی گەنم، هەر کەسێک بۆ جۆرە نان و بەرهەمێک ئەیگرێتەوە. هەر ئەدەب و ناو و پەروەردەیەک ناوێکی بۆ پیتی ئەلف هەڵبژاردووە. لە ئەدەبی فارسی ئەلف بە( آب) دەستی پێ دەکرد. لە ئەدەبی ئیسلامی ئەلف بە الله. لە نێو خەڵک خوێندن بۆ خوێندنەوەی تابلۆکانە، وە لە ئەدەبی قورئان خوێندن (اقراء) بە (اقراء باسم ربک الذی خلق) دەست پێ دەکات. خوێندن بە ناوی خوای گەورە. پاشانیش قورئان دیاری ئەکات کە چی بخوێنێت؟ بەڵام کاری ئەو خەڵکە بە خوێندنی تابلۆکان دەست پێدەکات.

ئەدەب و کتێب و ناوێک کە وشەکان و ڕستەکان و وێنەکان و شێوەی چوونی دیاری کرد، تەوانی ئەوەی هەیە کە سەرکەوتن بە دەست بهێنێت.

من لە شاری سەرپێڵی زەهاو لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی بە ناوی نەسر(نصر) خەریکی خوێندن بووم. پیتەکانم بە فارسی لە ئەو قوتابخانەیە وەرگرت. لە قۆناخی سەرەتاییدا هەوڵی ئەوە دەدرێت کە پیتەکان بە قوتابی بناسرێت، وە لەگەڵ ئەوەشدا وشەکان و چیرۆکەکان دەوترێتەوە.

لە پەروەردەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە وشەی عەرەبی (محصل و تحصیلات) بۆ ئەوانە کە خەریک بە خوێندن بوون کەڵک وەردەگیرا. وشەی مەحسوڵ لە چەند پیتی (ح ص ل) دروست دەبێت کە بە هەڵگرتنی بەرهەم دەوترێت، هەروەها بە هەڵگرتنی بەرهەمەکانی کشت و کاڵی (محصولات) دەوترێت.

لە دەورانی حوجرەدا لە وشەی تەڵەبە و فەقێ کەڵکیان وەردەگرت. ئەو دوو وشە لە ئەدەبی ئیسلامی و عەرەبیدا بە کار براوە. وشەی فەقێ تایبەت لە حوجرەکان بە کار هاتووە.

لە دەورەی زانکۆی سەڵاحەدین لە وشەی قوتابی و خوێندکار کەڵک وەردەگیرا. گەشەی ئەو دوو وشە لە ناوچەکانی سلێمانی و هەولێر بۆنی حیزبی و سیاسی لێ دەهات و ئێستەش هەر ئەو

بۆنەی لێدەێت. وشەی قوتابی لە کتابییەوە هاتووە، کەسانێک کە دەست و دەمیان خەریک بە کتێبەکانە. وشەی خوێندکاریش لە خوێندن و کارەوە تێکەڵ کراوە کە ئاماژە بەوەیە خوێندن کارێکە. ئەمە من دەبات بۆ ئەوە کە شیوعیەکان لەبەر ئەوەی خەریک بە ناوی کرێکار و کارکردنن، ئەو وشەیانە بە وشەی خوێندنەوە لکاندووە.

کاتێک کە هەر خاوەنێکی پەروەردەیی و سیاسی لە نێو میللەت و نەتەوەیەک، ناوێکی جیاواز بۆ نەوەکانی خۆی دادەنێت، ئیتر چ چاوەڕوانی لەو نەوانە دەکەیت کە ناونراو و دەروون و جووڵانەوەی هاوبەش و هاوشێوەیان لێ بکەوێتەوە.

ناوەکان لە نێو کورد و فارس و عەرەبدا بە خواستی جۆراوجۆر تێکەڵ کراوە. کەسێک کە بزمار دەفرۆشێت، ناپرسێت کە چی پێ ئەکوتیت!؟ بەڵام ئەو کەسەی کە وشەکان دەبەخشێت بە ڕێک و پێکی دەڵێت کە دەبێت بە وشەکان کوێ بکوتێت!.

وشە بە پێدان و بەخشندەیی بە مرۆڤ گەیشتووە. وشەکان و ڕستەکان وەک دیاریەک بە بێ ئەوەی کە مرۆڤ پەشۆکای بێت، لە سەرەتاوە لە لایەن خوای مەزنەوە بەخشراوە.

وشە کە بەخشندەییە، ئیتر نابێت کە خوازیار بە دوای خۆیدا هیلاک بکات. زۆرێک بە شوێنی ئەو قسەیە کەوتن کە زانست و ناسین دەبێت کە ساڵەهای ساڵ کتێب بە دەستەوە بگریت و حوجرە و مەلاکان بساویت بۆ ئەوەی کە فەقێ ڕووخسەتی وتنی پێ دەدرێت. هەویر تا باش بۆ ئاگر پان نەبێتەوە، ئاگر نایکات بە نانێکی بۆنخۆشی تامخۆش. مەبەستی من ئەوە نیە کە فەقێ دەبێت باش لە حوجرەکان پان بێتەوە. لەبەر ئەوەی کە فەقێکان بۆ دەورەیەک ژیانی خەڵک تێر دەکەن و ڕایدەگرن. پێداگری بۆ ناسین کاتی ناوێت، بەڵکو هەست و گڕی دەوێت. کەسانێک دەیان ساڵ خەریکی کتێب بوون، دەمی ئەوانە قسەی تێ کەوت، بەڵام ناو و ڕوومەتی شایستەیان لێ بەدەر نەکەوت. ئەو دەیان ساڵە وەک زەویەکی لێ هات کە ئەوەندە ئاو دراوە، خاکی پێکەوە نووساوە و بووەتە کەسەڵ، کە ئیتر چاوەڕوانی ئەوەی لێ ناکرێت بەر بدات.

کەسانێکی زۆر لە خوێندنگەکان و ناوەندەکانی وشەکان و ڕستەکان پێیان وایە کە مرۆڤ خۆی بۆ خۆی بە بێ ناوی خوا دەتوانێت کە ببێتە خاوەن ڕستە. ئەوانە نەزان و ونن. خوای مەزن لە قورئان باسی ئەوە دەکات کە ئێمەین تۆکان و دانەکان دەکەینەوە. وشەکانیش هەر وەک دانەکان تا خواستی خوای مەزنی لەسەر نەبێت، ناکرێنەوە و بەرهەمی خۆیان نابەخشن.

ناسین و زانست بەخشندەییە کە خوای مەزن دەیکات. گەر قوتابیەک هەزاران کتێب بخوێنێت و هەوڵ و تەقالا بدات و خەریک بە ناوەکان بێت بۆ ئەوەی کە ببێتە خاوەن ناسین، بە بێ ناوی خوای مەزن بۆی ناکرێتەوە و بە دەم و دەستی ناگات. ئەوانە ڕستەکان دەکەن بە تیر و هەرکەس لێیان نزیک بێتەوە بۆی دەوەشێنن، وەک ژژوویان لێ دێت، هەر هەموو گیانیان دەبێتە تیر و لە تەنیایی و لە خۆدا دەڕۆن.

گەر ئاگاداری ناوی فردریک نیچە و سادقی هیدایەت بن، بۆتان دەردەکەوێت کە زۆرێک لەو ناوانە کە مرۆڤ بە گەورەیانی ناسی، وەک ژژوو لە تەنیاییدا بە پشتێک لە تیر و تیژی ڕۆیین. ژژوو ئەوەندەی کە تیری لە دەوری خۆی کۆ کردووەتەوە، ئیتر ڕێگەیەک بۆ ئەوە نەماوە کە ڕوومەتی بەدەرکەوێت. ئەوەش بزانن کە تیر وەشاندن، ڕوومەت تیژ و گرژ دەکات.

لە ئەدەبی قورئاندا خوای مەزن بە دەمی ناوەکانەوە دەنێت کە داوایان کردووە یان دەڵێت کە لە خوا داوا بکەن کە زانستتان پێ ببەخشێت. بەخشینی زانست بەوەوە بەند کراوە کە داواکەر لە خوای مەزن داوا بکات، ڕوو لە خوای مەزن بکات و داوای ناسین و زانست بکات.

ناسین لە ماڵی باوک بە دەست نایەت. دەروونی مرۆڤ دەبێت کە خاوەن دەستەیەک هەست و هزر بێت کە ژینگە زینەت بدات و زەمینە خۆش بکات کە ناسین بۆ مرۆڤ بکرێتەوە. ناسینی خوای مەزن وەک کانیەکە کە لە ناکاوە لە کەمەری کێوێک دەتەقێت.

مرۆڤ زانستێکی دەوێت کە لە زەوی بە دەستی خۆی هەڵیبگرێت. مرۆڤ دەستی کوڵ و کورتە و زۆری پێ هەڵناگیرێت. دەستی مرۆڤ بۆ ئەوە کراوە کە کتێبی بەخشراوە بە دەستەوە بگرێت!.

مرۆڤ دەیەوێت کە بە بێ ناوی خوای مەزن بە ئەنجام و کۆکراوەی زانست بگات، لە کاتێک کە دەم و دەستی مرۆڤ تەوانی ئەوەی نیە کە ئەنجام بگرێت. ئەنجام بۆ کەسانێک ئەوەیە کە گەنم لە زەوی بەر بدات، بۆ کەسانێک ئەوەیە کە وەک گەنم لە دەستی جووتیار بێت، بۆ کەسانێک وەک ئاردە، کە لە دەستی نانەوا دەکەوێت، وە بۆ کەسانێکی برسی وەک نانێکە کە بە دەستیان سکیان تێر دەکات. گەنم بە دەستی جیاواز و ناوی جیاواز دەکەوێت. هەروەها کەسانێک لە هەژاری و برسیەتی و نەزانی و نەزانین دەست و دەم بۆ پیتەکان دەکەنەوە و کەسانێک لە تێری و خۆشیدا بۆ کردنەوەی جوانی و نهێنیەکانی بوون و هەستی، دەم و دەست بۆ پیتەکان دەبەن.

ناسین و زانست بەخشراوەیەکە کە بە دەم دەدرێت، زانست بە دەست ناچێت، ئەگەریش بچێت، ئەوەندە دەپژرێت و دەتووچێت و دەست بە دەست دەبێت کە نەوەکان، ناوەکان بە دەستەکانەوە دەناسنەوە. ناسین و زانست بە دەم و دەستی ئەوانە دەکەوێت کە خوای مەزن بە تایبەتی پێیان دەبەخشێت. لە قورئاندا هاتووە کە خوای مەزن باش ئەزانێت کە کتێبی خۆی بە دەستی کێوە بدات. هەروەها خوای مەزن ناسین و ڕستەکان بە کەیف و خواستی خۆی دەبەخشێت، وە باش ئەزانێت کە ئەو تیرەی کە دەیبەخشێت بە ژژوو، تا کوێ دەچێت!.

ژژوو بە کۆڵێک لە تیر و لە تەنیاییدا، لە خۆدا و بە سەر و دەروونێکی بۆژە[9] کراوە دەچێت. دەمیش ناپارێزێت، ئەوەی کە هاتە ڕێیدا و بە دەمیدا چوو دەیخوات.

[9] بۆژە یان کەسی بۆژەکراو بە کەسێک ئەوترێت کە ترسێنراوە و هەر لەبەر ئەوەی کە کەسێک و دەستێک ترساندوویە، ئیتر بە ڕوومەت و کردەیەوە دیار دەبێت کە ترسێنراوە.

ژژوو و کێسەڵ جیاوازی و لێکچوونی زۆر نزیکیان لەگەڵ یەکدی هەیە. هەردووکیان هێز و دەرفەتی ئەوەیان هەیە کە لە ناوەوەی خۆیاندا جووڵە بکەن، بەڵام جیاوازی سەرەکیان لە کەوڵ و پشتیانە. کێسەڵ بە پشت و کەوڵێکی سەخت، وە ژژوو بە کەوڵێکی پۆشراو لە تیر.

تیر و تەنیایی، ئاماژە بە پشت کردن لە دونیا و بردنە ژێر پرسیار و گلەیی و گازندەییە. ئەم تایبەتمەندیە پێگەی زۆر لە ناوەکانی لە پێگەی ژژووەوە نزیک کردووەتەوە.

جیا کردن و تەنیا کردن بۆ پەروەردە، دوو حاڵەتی جیاواز و لە یەکدی نزیکە. ناوەکان و حاڵەتەکانی ناوەکان وەک حەڵقەکانی زنجیرێکی پەروەردەیی، یەک لە دوای یەکدی دروست دەبن. ئەو حەڵقە و بازنە بەستراوانە، گرێ و بەستنەوە و مانەوە دروست دەکات.

نموونەیەک دەهێنمەوە:

بولبول، هەڵۆ، داڵەکەرخۆرە، بایەقوش، شەمشەمەکوێرە.

سرنج لەو ناوانەی سەرەوە بدەن. هەریەک لەو ناوانە کات و شوێنی تایبەتی هەیە بۆ ئەوەی کە دەرکەوێت.

سرنج لەم ناوانەی خوارەوە بدەن:

ژاڵژاڵۆکە و هەنگ

هەنگ و مێرووله

هەڵۆ و کەر

کەر و کەو

مار و مەڕ

مەڕ و بزن

بزن و حوشتر

حوشتر و هەنجیر

هەنجیر و گوێز

بی و بەڕوو

بی و توو

هەریەک لەو ناوانەی سەرەوە، حاڵەت و ناوەڕۆک و مانا و بەهای خۆی هەیە. هەریەک لەو ناوانە دەتوانن کە بۆ مرۆڤ ببن بە وانە بۆ پەروەردە. هەریەک لەو ناوانە وەک حەڵقە و بازنەیەکن.

من لەم نووسیانە هەندێک جار دەڵێم فلان کەس یان فلان ناو وەک ئەو ناوەیە، بۆ نموونە لە شوێنێک وتم کە کتێبی ڕشتەی مرواری وەک داری بیە. هەر بەو ناوەوە ئەو کتێبەم بەستەوە. ئەو کتێبە بەو ناوەوە بەسترایەوە و ئیتر لەوە زیاتر ناچێت. یان لە شوێنێک وتم من دەورەیەک وەک داڵەکەرخۆرە بەس مردووخۆر و تۆپیوخۆری کتێبەکان و نووسینەکان بووم، بەڵام بە یارمەتی نیچە لە داڵەکەرخۆری بۆ هەڵۆ کە سیمبۆلی زیندووخۆریە، گوزەرم کرد.

کەسانێک کە هەوڵ ئەدەن پێبگەن و گەشە بکەن، لە وشە و وێنەیەکەوە بەرەتای خۆیان دەست پێدەکەن، بۆ نموونە من لە بۆق سیفەتی دەستم بە فێربوونی زمانی عەرەبی کرد. هەریەک لە ئێمە لە پێگە و دەورێک خۆمان دەبینین و دەست پێدەکەین. لەو پێگە و دەورەوە هەوڵ ئەدەین کە بۆ پلە و پێگەی باشتر گوزەر بکەین. بۆ نموونە لە بۆق سیفەتی بۆ ڕاو کردن وەک مار، لەوەشەوە بۆ هەڵۆ، لەوەشەوە بۆ هەنگ. هەریەک لەو ناوانە دەتوانن کە ئاماژە بە قۆناخ و دەورەیەکی پەروەردەیی بکەن.

کەسانێک لە نووسەران و بیرمەندان وەک شەمشەمەکوێرە بەس شەوان و لە تاریکی دەردەکەن، لەبەر ئەوەی کە دید و دیدە و جیهانبینی ئەوان هی ڕۆژ و خۆر و ڕووناکی نیە.

خوای مەزن، کۆی سەرجەم ناوەکانە. هەربۆیە مرۆڤ کە لە دایک ئەبێت و ئەکرێتەوە، زەمینەی ئەوەی تێدا هەیە کە لە ناوەکان و وێنەکان گوزەر بکات. جاری وا هەیە کەسانێک بە شێوەیەکی تایبەت بە بێ ئەوەی کە کەڵک لە ناوی ئاژەڵەکان وەربگرن، بە شێوەیەکی تایبەتی کە خوا بەخشێوە، گەشە دەکەن و ناوی خۆیان بەرز ئەکەنەوە.

تەنیایی و لە تەنیا چوون و لە تەنیایی مانەوە، حاڵەت و شێوە و ڕەوشێکی پەروەردەیی کۆن و نوێی نەوەکان و ناوەکان بووە. زۆر لە کەسایەتیە مرۆڤیەکان چوونە نێو تەنیاییەوە و لێی گوزەریان کردووە. ئەو کەسانە بۆ ئەوەی کە لە ناو و وێنەیەک گوزە بکەن، خۆیان خستووە ناو تەنیاییەوە.

پرسیار ئەوەیە کە چۆن مرۆڤ بزانێت لە چ ناو و پێگەیەک نزیکە!؟ چۆن زەمینەی بۆ خۆش بێت کە گوزەر بکات!؟

لە ئەدەبی ئیسلامی ئامۆژگاری بەوە دەکات کە ئیماندار لە شەوان هەڵسانی شەو بکات، یان شەوان هەڵسێت. هەڵسان بۆ یادی خوای مەزن. ئەمە حاڵەت و شێوەیەکی ئیسلامیە، بە جۆرێک تەنیا بوونی مرۆڤە. بەڵام لەپاش ئەوە تەنیا بوونە و لەگەڵ ئەو تەنیا بوونە هەردەم ئامۆژگاری بە کۆ کراوە. ئیتر ئیماندار پاش نوێژی شەو و یادی شەو، لەسەری فەرزە کە نوێژی بەیانی لە کۆی ئیمانداران بکات. مەبەست و مانا لەو دوو حاڵەتە جیاوازە ئەوەیە کە بگەیەنێت ئەو حەڵقە

و بازنانەی کە بۆ ئیماندار دیاری کراوە، یەک لە دوای یەک بە پێڕەو و بەرنامەیەک داڕژراوە. مانا و مەبەستی سەرەکی ئەوەیە کە مرۆڤ هەردەم پاسەوانی دەکرێت. مەبەست و مانا ئەوەیە کە دەستی خوا و خاوەنێک هەیە کە ئاگادارە بەسەر پەروەردەی مرۆڤدا.

من لە دەورانی حوجرە لەو حەڵقە و بازنانەی کە ئیسلام و حوجرەکەی ئێمە دایانڕشتبوو خۆمم دەرکرد و هاتمە دەرەوە. تەنیایی و تەنیا کردنی من سەری لە بازنە و حەڵقەی جیایی و خۆ دوورکردن و ون بوون دەرکرد. هەر لە بەرەتاوە ڕوویەکی گرژ و تاڵم لە هەستی و بوون پەیدا کرد. پرسیار ئەوەیە کە ئەم گرژی و تاڵیە، پێدراو بوو یان زایراوی دەروونی خۆم بوو!؟ لە قورئانی پیرۆز ئاماژە بە کەسانێک دەکات کە بە خواستی خوا بوونەتە مەیمون، وە لە زۆر شوێن ئاماژە بەوە دەکات کە دەستەیەک لە مرۆڤەکان لە ئاژەڵ کەمترن. مەبەستم ئەوەیە کە هیچ ئاژەڵێک نابێتە مرۆڤ، بەڵام زۆر مرۆڤ دەبن یان شایستەیی ئەوە بە دەست دەهێنن کە بکرێنە ئاژەڵ.

بوون بە ئاژەڵ لە ناو و ناوەڕۆکەوە، بەو مانا کە کەسێک بە لەش ببێتە ئاژەڵ یان کردە و شێوەی دەروونی لەو ئاژەڵە بچێت، لە دینەکان زۆر باس کراوە. بەڵام ئەوەی کە بۆ من گرنگە و بەهای هەیە، ئەوەیە کە ئاژەڵەکان دەتوانن ببن بە وێنە و وانە بۆ مرۆڤی خاوەن ژیر و بیر.

من لە کۆی فەقێکان و دۆستی خۆم کاک ئیبراهیم جیا بوومەوە و ئەو جیاییە لە بازنەی تەنیایی دەرچوو و گەیشتە بازنە و حەڵقەیەک کە دەتوانم پێی بڵێم ئاوارەیی و بەرەڵایی بۆ ناسین و مانا. ئەو ئاوارەییە دەرد و نیگەرانی و نائومێدی و تاڵی و ڕوو گرژی و نالەباری زۆری دروست کرد، ئەم تەنیایی و نالەباریە، وردە وردە ڕەگ و ڕێشەی گرژی و ڕەخنە و نەقد و تیر و ژەهری لە دەروونی من دروست کرد.

منیش بە هەست و دەروونی وەک هیدایەت و نیچە، خواستی ئەوەم هەبوو کە بە دەست و پێی خۆم لە زەوی بگەڕێم و زانست و ناسین بە دەست و دەم بهێنم.

سادقی هیدایەت بۆ من وەک ژژوویەک بوو کە لە تەنیایی و مانەوە لە خۆیدا دەسووڕایەوە و لەبەر ئەوەی کە ڕێگە و گاڕێگەی لێ تێکەڵ ببوو، سەردەمێکی ژیانی ڕووی لە ڕۆژهەڵات(هیند) کرد وە سەردەمێک ڕووی لە ڕۆژئاوا (فەرەنسە) کرد. ئایا ژژوو ئەزانێت بۆ کوێ ئەڕوات!؟ نیچە ڕێک بە پێچەوانەی سادق، سەرەتای ژیانی ڕووی لە یۆنان کرد و لە کۆتایی ڕووی لە زەردەشت کرد. ژژوو لەبەر ئەوەی کە سەروگەردنی ڕێ و ڕێگە و چوونی نیە، خاوەن ڕێگە و پێی تەواو نیە. سادق و نیچە لە تەنیایی ڕستەیان نەنووسی، بەڵکو تیری ژەهراوی لە پێنووسەکانیان کەوتەوە.

کاتێک کە ئاڵبر کامۆ و کافکا کتێبی بێگانە و مەسخ دەنووسن، ئەوەیان گەیاند کە ئەگەر کەسێک بێهوودە و لە ترسدا ڕێ بکات و بنووسێت، ڕستەکانی وەک تیری لێ دێت. ئەو تیر و گرژیەی کە لە ژژوو هەیە، هاتوو لە ترس و لاوازی ئەو بوونەوەرەیە.

بە کوڕێکم وت: ئەزانی بۆ حوشتر پشتی بەرز بووەتەوە!؟ وتی بۆ!؟ وتم: حوشتر پشتی ئاوەها بەرز کرد بۆ ئەوەی کە کەس سواری نەبێت!.

هەروەها کاتێک کە ناوەکان لەسەر خاک و زەوی ڕێ دەکەن، وردە وردە دەروون و شێوەیان وێنە دەگرێت. کەسانێک بۆی هەیە ئەم باسە بە خەیاڵی منەوە بەند و بەست بکەن، هەروەک ئەو کوڕە کە لە وەڵامی باسەکەی من و حوشتر وتی: بەشکە کاری خودی سروشت بێت و هیچ پەیوەند بەو قسەی تۆوە نەبێت!.

من سادق و نیچەم وەک ژژوو بینی. دوو مرۆڤی بیرکەر کە لە دەروونی خۆیان هەوڵی کردنەوە و کرانەوە دەدەن. دەیانەویست کە بە خواست و دەستی خۆیان ناسین دەربهێنن. هەر ئەو دوو مرۆڤە بیرکەرە بوونە وانە و وێنە کە لە گوزەری تەنیایی خۆمدا نەگەیەم بە دروست کردنی تیر و گلەیی و گازندە لە بوون و هەستی.

سادق و نیچە بە کۆیەک گلەیی و گازندە و شیعر و پەخشانی تووچاو و شێواو دونیایان بەجێهێشت و ڕۆیشتن. هەر ئەوان وەک پرد و وێنە بوونە وانە و هاوکاری منیان کرد کە ئاگادار بم و لە تەنیایی بۆ حەڵقە و بازنەی تیر گوزەر نەکەم.

حەڵقەکان و بازنەکانی پەروەردەیی کە مرۆڤێک تێیاندا گوزەر دەکات، بەو دەرهات و لێکەوت و بەرهەمانەی کە لێیان دەکەوێتەوە، دەگەیەنن کە ئەو مرۆڤە چ وێنەیەکی هەیە. سادق لەبەر ئەوە کە وێنەکەی وەک ژژوو بوو، نووسینەکانیشی شپرزە و شێواو و تیژ بوو. سادق منداڵی نەخستەوە، بەڵام کۆیەک نەوەی ئێرانی وەک خۆی خستەوە و هەرهەموویانی تەنیا و ئاوارە و بێ ڕێگە و ڕوومەت کرد!.

لێرە گرنگ ئەوەیە کە نەوەکان لە زنجیرەیەک حەڵقە و بازنەی پەروەردەیی گوزەر دەکەن، هەرچی ئەو بازنە و حەڵقانە خاوەنی ئاگاهی هەبێت، ئەوە بۆی هەیە ئەنجامی گەورەتری لێبکەوێتەوە. لە سەرەتای ئەم باسە باسی وشەی نەخوێندەواریم لە دەمی کابرایەکی میوانی ماڵمان کرد. نەوەکانی هاتوو لە ئەو پیاوە و کەسانی وەک ئەو پیاوە، لە داو و بازنە و حەڵقەی مانای نەخوێندەواری و خوێندەواری ئەمێنێن، ئەگەریش گوزەر بکەن، ئەوە تەنیا لەو حەڵقە و وشەیە گوزەریان کردووە. ئیتر بێنە پێش چاوت کە ژژوو و ڕێ و ڕوومەتی ژژوو لە کوێ و موحەممەد و ئەسرا و میعراج لە کوێ!؟.

گەر مرۆڤ بیەوێت خۆی بە پێ و دەستی خۆی لە هەستی و مانای هەستی بکۆڵێتەوە، ئەوە هەستی وەک ژژوو ورد و چکۆلەی دەکات، لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ خۆی بە تەنیا بە بێ ناو و یارمەتی خوا، لە بەرانبەر بە هەستی هیچ نیە، بۆیە هەستی زوو لە خۆیدا وردی دەکات و ناوی پێدەدات و دەیبەستێتەوە. بەڵام ئەگەر مرۆڤ دەست بۆ ئاسمان درێژ بکات و داوای یارمەتی لە خاوەنی ناوەکان و وێنەکان بکات، ئەوە بۆی هەیە خوای گەورە نەیکات بە ژژوو یان

داڵەکەرخۆرە یان مەیمۆن یان مار و مەڕ و گوڵی گوڵەبەڕۆژە یان داری بی و گوێز، بەڵکو بە خواستی خوای گەورە ببێت بە ناو و وێنەیەک کە خۆی بزانێت چیە!.

دەبێت بە نەوەکان بوترێت زانست و ناسین بە مرۆڤ ئەبەخشرێت. هەرچیش حیساب بۆ خاوەنی مەلەکووتی هەفت ئاسمان نەکەیت، دڵنیابە کە وەک ژژوو و لە ژژوو خراپتر، بێ ڕوو و ڕێگە دەبیت و لە خۆتدا جێگەت نابێتەوە و سەر بەرەوخوار دەکرێیت و دەمێنێتەوە... بۆ هەمیشە!.

# بزنی شامی لە شاخ و بەردا

دراوسێیەکی ماڵی باپیرم دەستە بزنێکی هەبوو کە پێیان دەوت بزنی شامی. ئەو بزنانە بەوە بەناوبانگ بوون کاتێک کە دەزان، بەری دووانەیان دەدا. بزنی شامی لە ناوچەی کرماشان کەم و نرخەکەشی گران بوو وە بە دەستی هەر کەسێکیش نەدەکەوت.

ئەو بزنانە بۆنی لەش و پێستیان خۆشیەکی تێدا بوو، منیش حەزم دەکرد گێسکەکانی ئەو بزنانە لە باوەش بگرم. بزنی شامی خوری نەدەدا وە تایبەتمەندی ئەوە بوو کە شاخی لەسەر سەری نەدەڕوواند. لەگەڵ ئەوەی کە شاخی نەدەڕوواند، گوانی ئەو بزنانە جوان و شۆر و بە شیر بوو. هەروەها تایبەتمەندی بزنی شامی ئەوە بوو کە لە دەستە و کۆی خۆیان دەلەوەڕان و لە کۆیەک لە گەلەخان دەکران. ئەو کەسەی کە بزنی شامی هەبایەت ئیتر جۆرەکانی تری بزنی بۆ ڕانەدەگیرا و تێکەڵی جۆرەکانی تری بزنی نەدەکرد و لە گەلە و ڕانی ئەم و ئەو بەرەڵای نەدەکرد و هەردەم دەست و چاوی لەسەریان دەبوو.

ئەوەی کە لە بزنی شامی بۆ خاوەنی بەهای هەبوو، ئەوە بوو کە دەیزانی ئەو بزنە لە کاتی زایین دوو گێسک دەدات، وە ئەوەی کە بۆ من بەهای هەبوو، ئەوە بوو کە ئەو بزنە شاخی شەڕی نیە!.

شاخی بزن لە بەرزایی بزن جوان دەکات و بەرزی بە بزن دەبەخشێت. بەڵام بزنە شامیەکان تۆیان تەنیا لەوە بەهای هەبوو کە بەری دووانەی دەزایاند.

مامۆستا عەبدولڕەحمانی شەرەفکەندی ناسراو بە هەژار، بە شاعیر و فەرهەنگنووسی کورد دەناسرێت. مامۆستا هەژار کاتێک کە دەگەڕێتەوە بۆ ئێران بە یارمەتی حکومەتی ئێران شوێن و ڕێی پێ دەدرێت و خەریک بە نووسین و لێکۆڵینەوە دەبێت. مامۆستا هەژار لەبەر ئەوەی کە شارەزایی لە بواری زمانی عەرەبی هەبوو، ڕائەسپێردرێت کە کتێبی (قانون) لە نووسینی ئەبوعەلی سینا لە زمانی عەرەبی بۆ زمانی فارسی وەربگێڕێت. مامۆستا هەژار ئەو کارە دەکات و ناوی خۆی وەک وەرگێڕێکی تەوانا دەردەخات و یارمەتی ئەدەبی فارسی دەدات و وەک ناوێک بەشداری لە فەرهەنگ و فەرهەنگستانی فارسی دەکات.

هەروەها مامۆستا هەژار هەوڵی ئەوە دەدات کە چووارینەکانی عومەری خەیام لە زمانی فارسی بۆ زمانی کوردی وەربگێڕێت. مامۆستا هەژار چووارینەکانی عومەری خەیام بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕیت و ناوی خۆی بەو بەرهەمە بەرز دەکاتەوە.

هەروەها مامۆستا هەژار لەو سەردەمە کە لە ئێران و تاران دەبێت، کتێبی قورئانی پیرۆز بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕێت. وەرگێڕانی ئەو بەرهەمە لەو دەورە ئاماژە بەوە دەکات کە مامۆستا هەژار لە ژێر دەستی کۆماری ئیسلامی قورئانی بۆ کوردی وەرگێڕاوە.

وەرگێڕانی کتێبی (قانون) کارێکی ئاسان نیە و بە هەر کەس ناکرێت. هەروەها وەرگێڕانی چووارینەکانی خەیام بۆ سەر زمانی کوردی دڵێکی دەوێت کە لەو بەرهەمە نزیکی هەبێت. هەروەها لەگەڵ ئەوانەشدا وەرگێڕانی قورئان بۆ زمانی کوردی ئاماژە بەوەیە کە مامۆستا هەژار کەسێکی خاوەن شارەزایی و تاقەت و سەبر و لێبووردن بووە.

دوو ناوی عومەری خەیام و ئەبو عەلی سینا لەگەڵ ناوی مامۆستا هەژار تەوانی ئەوەیان هەیە کە باسی بزنە شامیەکان بۆ من سەربگرن و جوان و ڕێکی بکەن. ئەو سێ ناوە لە تەوان و سەبر و لێبووردن، دەروونیان، کێش و بەرێکی پانی بە خۆیەوە گرتبوو.

ئەبو عەلی سینا لە دەورەیەک کە دەیلەمیەکان یارمەتی دەدەن و سووڕانی باری ژیانی لە ئەستۆ دەگرن، کتێبی (قانون) دەنووسێت. ئەبو عەلی بە هۆی ئەوەی کە پاشاکانی ئەو پاشایەتیە لە نەخۆشی و دەرد یارمەتی دەدات، وە هەروەها بە هۆی زانین و ناسینیەوە، وەک دۆست و هاوڕێی کۆشکەکان هەڵیئەبژێرن. ئەبو عەلی یان بە یارمەتی دۆستانی بە خێو کراوە یان بە لوتف و کەرەمی پاشایەتیەکان.

عومەری خەیام لە دەورەی پاشایەتی سەلجوقیەکان وەک ڕاوێژکار و دۆستێکی زانا هەڵیئەبژێرن، ئەویش لە بەرانبەرەوە خزمەتی دەم و دەزگاکانی ئەو پاشایانە دەکات. لە دەورەیەک کە دۆستی ئەو پاشایەتیە دەکات، چەند بەرهەمی خۆی وەک (گاهشماری) کە لە سەر ڕۆژژمێریە، بەرهەمی دەهێنێت و پێشکەشی بە پاشای ئەو کاتە دەکات. هەروەها لەو سەردەمە بەرهەمێکی تری کە لەسەر ماتماتیکە، دەنووسێت و ناوبانگی خۆی بەدەر دەکات. هەروەها باسی خەیام دەکەن کە گوایە لە ژێر کاریگەری ئەبو عەلی سینا بووە.

مامۆستا هەژار کە لە ئێران جێگیر دەبێت، چەند بەرهەمێک لە عەرەبی بۆ زمانی فارسی، وە لە فارسی بۆ کوردی وەردەگێڕێت، کە ئەو بەرهەمانە وەک هۆی ناوبانگی مامۆستا هەژار لە ئێران دەناسرێنەوە. فارسەکان ئاوەها باسی دەکەن کە ئەوان شوێن و ڕێیان کردووەتەوە و دایانمەزراندووە، کە ئاوەها باسی بکەن، دیارە حەقی ئەوەش بە خۆیان دەدەن کە وەک وەرگێڕ و کەسێکی بە تەوانا، بەرهەمەکانی زمانەکانی تری پێ وەربگێڕنەوە.

ئەو دوو ناوە لە ڕێگەی مامۆستا هەژار، ئەوە دەردەخەن کە دەستەیەک لە ناوەکان لەبەر دەستی دەسڵاتداران گەشە دەکەن و بە یارمەتی ئەو دەسڵاتانە بەرهەمە گەورەکانی خۆیان دەهێننە بەرهەمەوە.

هەروەها کە باسی بزنی شامیم کرد، خاوەن هەوڵی ئەوە دەدات کە هەردەم دوور لە بزنەکانی تر بیانپارێزێت وە خزمەت و خاوێنیان بکات و دەست و دەمی لەسەریانەوەیە بێت. هەروەها دەستەیەک لە ناوەکان لەبەر ئەوەی کە تەوانی زایینی بێ کێشەیان هەیە وە موڵک وماڵی خاوەنیان زۆر دەکەن، لە ناوەکانی تر جیا دەبنەوە و دوور و خاوێن و لە ئاسوودەیی ڕائەگیرێن.

لە دەورەیەک کە مامۆستا هەژار لە تاران لە ژێر خزمەتی فارسەکان خەریکی وەرگێڕانی قورئان بووە، ناسری سوبحانی لە بەند و گرتووخانەی کۆماری ئیسلامی بوو. ئایا هەردووکیان خزمەت بە ناوی ئیسلام ناکەن!؟ بۆ یەکێک دەپارێزن و ئەوەی تریان لە بەند دەکەن و دەیکوژن!؟ بۆ کاتێک کە مامۆستا هەژار وەفات دەکات، وەزیری فەرهەنگی ئێران دەچێتە سەرەخۆشیەکەی، لە کاتێک کە ناسری سوبحانی پاش ئەوەی کە دەیکوژن، خۆیان دەینێژن، بۆ ئەوەی کە دەنگی لێوە دەرنەیەت!؟.

ئەو سێ ناوەی سەرەوە هەر وەک بزنی شامی کە بەری پڕ دەدات و خاوەن شادمان دەکات، هەروەک بزنی شامی شاخی شەڕیان لێوە دەرنایەت و سروشتیان بە بێ شاخ و شەڕ دەبێت و دەچێت.

ئایا کەسێکی وەک فردریک نیچە وەک بزنی شامیە!؟ نە، ئەو بەر نادات کە خاوەنەکەی بۆ خۆی بیبات و بیخوات، بەڵکو بەرێک و گۆشتێک دەداتە قەساب کە مار پێوەی دابێت، ئەو ئاژەڵەش کە مار پێوەی دابێت، بۆ خواردن نیە. کەسێکی وەک نیچە و سادقی هیدایەت ناسنامەکانی خۆیان بێ بەها کرد و خۆیان نەبەستەوە بە ئەو ناسنامانەوە، ئیتر ئێوە پێتان وایە کە ئەوانە لە کۆشکی پاشا وەرگێڕی دەکەن!؟

من دەمەوێت ڕوونی بکەمەوە کە دەستەیەک لە ناوەکان وەک بزنی شامی شاخی شەڕیان پێوە نیە، وە ئەگەر خاوەن بیەوێت کە خێری لێ ببنێت، دەبێت بە دەست و دەمی خۆی جوان خاوەنداریان بکات و بیانپارێزێت. ئەو ناوانەی کە وەک بزنی شامین، هەرگیز بۆن و ڕستەی شەڕ و کوشتن لە دەم و دەستیان بەدەر ناکەوێت، بۆیە ئەو ناوانە لە ناوەکانی تر کە ڕستەی شەڕ و کوشتن و لێدان دروست دەکەن، جیاوازیان هەیە.

هەروەها لە نێو نەوەکانی کورد وە نەوەکانی مرۆڤ دەستەیەک لە ناوەکان سروشتی بزنی شامیان هەیە، بەس دەتوانن لەو ژینگە بەر و بەرهەم بدەن کە خاوەندار ئاگای لە ژیان و ئاسایشیان بێت.

ئەو جۆرە کەسانە خاوەن تەوانا و سەبر و لێبووردن و وردیەکی تایبەتن کە دەبێت شانازیان پێوە بکرێت و ڕێزیان لێ بگیرێت. زایینی ئەو کەسانە، بە خاوەنداری ئەو کەسانە ئیدارە

دەکرێت و بەرهەمەکانیان دێتە بەرهەمەوە. بۆیە خاوەندار بۆ ئەو کەسانە دەور و پێگەیەکی دیار و زاڵی هەیە.

من لە پێگەی ئەوەم کە ناوەکان لە ناوەکان نزیک بکەمەوە، بۆ ئەوەی کە نەوەکان ورد و وریا ببنەوە کە ناوی خۆیان لە چ دەستەیەک لە ناوەکان دەناسنەوە یان نزیک دەبیننەوە؟.

من زۆر باسی ئەوە دەکەم کە خاوەنداری خۆم دەدەم بە دەستی خوای مەزنەوە بۆ ئەوەی کە ژینگە و ژیانم بۆ خۆش بکات. هەرهەمووی ناوەکان لەبەر دەستی پاشا و گەورەیەک ناوی خۆیان کردووەتەوە. لەبەر ئەوەی کە ئەو کەسانەی خەریک بە ناوەکان و کتێبەکان و ڕستەکان دەبن، دەم و دەستیان بە هەر شتێکەوە نادەنەوە. ئەمەیە کە ناوەکان هەر هەموویان لەبەر دەستی پاشایەک دەزێن و بەری خۆیان دەدەن. گەر خوای مەزن خاوەنداری ناوەکان بگرێتە ئەستۆ و یارمەتیدەر بێت، ئەوە ئیتر ناوەکان سەر بە کۆشکی هەر پاشایەکدا ناکەن و لەبەرانبەر هەر پاشایەکی خنجەر بە شاڵەوە بە سەر و دەستی بە پێنووسەوە کڕنۆش نابەن.

ناوەکان بە ناوەکانەوە بەند و بەست دەبێت و شێوەی ژیان و پێگە و هەست و هزری مرۆڤ دەردەبڕنەوە. ناوەکان بە ئەو دەسڵات و چوونەی کە لە یەکدیدا دروستی دەکەن، ناوی مرۆڤ بۆ هەمیشە دەبەستنەوە. کەسانێک وەک هەڵۆ هێلانەیەکی چکۆلە دەکەن، وە هەر ناوێک تەوانی ئەوەی نیە کە بەسەر ئەو هێلانەدا باز بدات.

# شێخ و هەنگوین

## چنگ خستنی ژنان

پاش ئەوەی کە داپیرم مرد و بۆ ئەو مەرگە سەرەخۆشی و دەوار هەڵدرا، خەڵکێکی یەکجار زۆر ڕوویان لە ئاوایی کرد. دەوار شوێنی ژنەکان بوو، تۆزێک لە ماڵەوە دوور خرابوونەوە، لەبەر ئەوەی کە ژنەکان هەر خەریکی گریان و سەرمۆرهێنان بوون.

من لە بەردەرگای حەوشی ماڵی باپیرم لەگەڵ دەستەیەک منداڵانی ئاوایی ڕاوەستا بووم و هەر خەریکی سەیر کردنی خەڵک بووم. دایکم کە لەبەر ئەوی دایکی مردبوو، جۆرێک دەگریا وەک ئەوەی کە کەس دایکی نەمرووده.

ڕەسمی هاتنی ژنەکان ئاوەهابوو کە هەر کات دەستەیەکی ژن لەسەر جادەی ئاوایی لایاندەدا بۆ ئەوەی کە بێنە نێو ئاوایی، دەستەیەک لە ژنەکانی دەوارەکە دەچوونە پیریانەوە و بە " وای وای کردن" بە بێ ئەوەی کە حاڵ و ئەحواڵ پرسی لەیەکدی بکەن، دەهاتن بۆ نێو دەوارەکە و دەستیان بە شین و باوکەڕۆ دەکرد.

جارێک کە دەستەیەک لە ژنەکان هاتن، ویستم بزانم ئەو ژنانەی کە بە وای وای کردن دەچنە پیری ژنە میوانەکانەوە چی دەکەن؟ لە دوورەوە لەگەڵ ژنەکان چوومە سەر جادە و نزیکیان بوومەوە، ئەو کاتە من منداڵ بووم، کەس سەیری منی نەدەکرد و کەس لە منی نەدەپرسیەوە کە بۆ سەیری ژنەکان دەکەم!؟.

ژنەکان کە بەیەکدی دەگەیشتن دەستیان بەرز دەکردەوە و پەنجەکانیان بەیەکەوە دەلکاند و دەیانهێنا بەسەر ڕوومەتیاندا. هەندێکیان ئەوەندە بە توندی دەیانهێنا بەسەر ڕوومەتیانەوە، دەبووە هۆی ئەوە کە گۆنایان برینی تێ کەوێت و خوێن بێتە خوارەوە. ئیتر ژنەکان تا دەگەیشتنە نێو دەوارەکە، ڕوومەتیان خەت و خوێنی تێکەوتبوو. هەر هەمووی ژنەکان ئاوەها بە توندی خەتیان لە ڕوومەتیان نەدەخست، بەڵکو چەند ژنێک وەک سەرکاروان ئاوەهایان دەکرد.

پاش ئەوەی کە ئەو سەرەخۆشی و پرسەیە تەواو بوو، ئیتر من بیرم بە سەختی لە لای ئەوە بوو کە چەندە بەهای هەیە ژن ئاوەها لە ڕوومەتی خۆی دەکات!؟ ژنێک کە تەواوی بەها و جوانی لەسەر ڕوومەتیە!.

ڕۆژێک لەگەڵ کچێکی دراوسێمان کردم بە شەڕ و ئەو کچە دەستی خستە گۆنام و بە پەنجەکانی کرێکی هێنا بە گۆنامەوە، هەر ئەو کاتە کە ئەو کەنیشکە کڕ و خەتی بە گۆنامدا دەخست، من هەستەکانی پڕ لە ڕق و قینی ئەو کەنیشکەم خوێندەوە. خەت کە لە دەم و چاو خرا چاک بوونەوەی دوورە.

چەندەها جاری تر کەنیشکەکانم بینیوە کە بۆ ئەوەی قورسترین لێدان بدەن لەیەکدی و دڵیان ئارام بێت کە دەستی خۆیان وەشاندووە، پەنجەکانیان دەخستە سەر دەم و چاوی یەکدی بۆ ئەوەی کە کڕی تێبخەن. بە پێچەوانەوە کاتێک کە کوڕە منداڵەکان شەڕ دەکەن، زۆر کات یان سەری یەکدی دەشکێنن یان شەق بە قوونی یەکدیدا دەدەن. لە هەردوو حاڵەتەکە شوێنی لێدان و برین شاراوەیە!.

ئایا ئێوە ژنێکتان بینیوە کاتێک کە بایشک ئەدات بە دەست بەر دەمی نەگرێت!؟

ژنەکان بە شێوەیەکی سروشتی هەردەم کە بایشک ئەدەن، بە دەست بەر دەمیان دەگرن، وەک ئەوە کە ترسێک لە پشت ئەوەوەیە. هۆکاری ئەمە چیە!؟ گەڕان بۆ دوای وەڵام بەهای نیە، مەگەر ئەو کاتە کە بتوانین کۆیەکی تر لەو ڕەفتارانە لەژندا بناسین و کۆی بکەینەوە.

پشیلە و مانگا دوو ڕەفتاری بەرانبەریان تێدا هەیە. زۆربەی کات پشیلە و مانگا بە ئارامش و بە ئەسپاییەوە دەجووڵێن. جاربەجار و لە ناکاوە مانگا هاریەک دەیگرێت، وە پشیلە دەنگ و حاڵەتێکی بە گژداچوونەوە لێی بەدەر دەکەوێت.

بوونی ئەم دوو حاڵەتە یەک بنەمای گرنگ لە سروشت بۆ من دەردەخات: هەرچی دووانەی دژ کە لە سروشت هەیە، بە خواستێک دانراوە.

چەند نموونەی شێواو بۆ ئەم دەست و خواستە ئەهێنمەوە:

زۆربەی منداڵەکانی ئەم سەردەمە، گەمەی پلی ئستەیشنیان کردووە، هەروەها لە زۆر مۆبایل و کۆمپیوتر و دەزگاکانی تر ئەو گەمانە بۆ خۆشی و بەسەر بردنی کات هەیە. کاتی خۆشی و گەمە و پێکەنینی منداڵ ئەو کاتەیە کە گەمەیەک دەکات کە کەسێک لەو گەمە دەکەوێتە شەڕ و لێدان و هەڵات هەڵاتەوە. دوو حاڵەتی دژ لە منداڵ و ئەو کەسەی کە گەمەی پێ دەکرێت هەیە.

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی دەورانی منداڵی ئەوەیە کە کڕ و خەت زۆر بەسەر شتەکان ئەهێنێت. لە بیرمە کە لە دەورانی منداڵی لە ڕووی هەر دیوارێک خەتمان دەکێشا و نەقاشیمان دەکرد و زۆربەی کات خەت و نووسین و نەقاشیەکان شێواو و بێمانا بوو. شێواندن وشەی هاوبەشە. ئایا ئێوە سرنجتان لە میز کردنی منداڵ داوە!؟ منداڵیش وەک سەگ حەز ئەکات کە میز بە شتەکاندا بکات!.

لە بیرمە کە لە مزگەوت منداڵەکان بۆ خەتمی قورئان کۆ بوونەوە و مەلا دەیەویست کە دەم و پلی منداڵەکان بە جوان خوێندن ڕابهێنێت. کوڕێکی خوێنشیرین هەبوو کە نەیدەتوانی پیتی ڕێ بە دەمیدا بهێنێت. کە قورئانی دەخوێند، لە جیاتی ئەوەی کە بیوتایەت ئەلف لام ڕا، ئەیوت ئەلف لام لا!.

لە منداڵێک پرسیارم کرد چەندە پارەت پێیە!؟ بە جۆش و خرۆشەوە وتی: سەد و پەنجا و چووار و سێ هەزار و هەشتا و هەفتا و دە ملیۆن و یەک!.

ئایا ئێوە دارێکتان بینیوە کە چەند پەلەوەر لەسەری لانەیان کردبێت!؟ لەسەر دارێک، لەسەر هەر چڵێکی پەلەوەر هێلانە ناکات، لەسەر دارێک دانەیەک یان دوو پەلەوەر هێلانە دەکات.

## لە جۆگە بۆ کەندڕ

ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و نۆ کە شەڕی ئێران و عێراق دەست پێ دەکات، ڕژێمی بەعس بە هێزی سەبازیەوە دێنە دەشتی زەهاو و داگیری دەکەن و خەڵک شڵەژاو دەبێت و ئاوارەیی دەست پێ دەکات.

ئاواییەکەی ئێمە ئەو کاتە لە نێوان دوو کێو بووە. خانووەکان پاڵیان بە کەژەکەوە دابوو و ماڵ و گەلەخانەکان لە نێو ئەو دوو کەژەدا دروست کرابوون.

پاش ئەوەی کە بەعس داگیری دەکات و خەڵکی ئاوایی ئاوارەی عێراق دەبێت، خانووەکان بە جێ دەهێڵن و بە کۆمەڵ زەهاو چۆڵ دەکەن و لە کوردستان و عەرەبستان لە خەم و دەردی ئاوارەیی گیر و پیر دەبن. ئیتر ژنەکان تا ئەو شوێنەی کە عەرەب بایەت ئەیانوت عەرەبستان، نەیانەوت عێراق!.

پاش ئەوەی کە سێزدە ساڵ بەسەر ئەو ئاوارەییە دەچێت، خەڵک دەگەڕێتەوە بۆ دەشتی زەهاو و ئاواییەکان ئاوەدان دەکەنەوە. باپیرم خۆی و منداڵەکانی گەڕانەوە بۆ ئاوایی بێویانی و لەوێ چادریان هەڵدا تا ئەو کاتەی کە خانوو بە خشت دروست بکەن. من ئەو کاتە لەگەڵ باپیرم دەگەڕام و سەردانی کەژ و کێوەکانی ئەو دەوروبەرەمان دەکرد.

ڕۆژێک چووبووینە سەر کەلاوە کۆنەکانی ئاوایی کە لە دەورانی شەڕی بەعس بە جێیان هێشتبوو. باپیرم چووە سەر کەنێک کە ئاوایی دەکردە دوو بەشەوە. سەیری کەنەکەی کرد و وتی: ئەم کەنە ئەو کاتە ئاوەها دڕ و دڕاو نەبوو، دوای سێزدە ساڵ ئاوەهای لێ هاتووە!.

باپیرم سەری بەرز کردەوە و وتی: کەنەکانی ئەو دێوی ئاواییش ئەو کاتە ئاوەها دڕاو نەبوون. لە درێژی ئەم ساڵانە کە کەس خاوەنداری ئەم دەرودەشتەی نەکردووە، لە لایەکەوە بەعسیەکان کەژەکانیان دڕیوە و کردوویانە بە شوێنی تۆپ و تانک و لە لایەکی ترەوە ئاوی لافاو و تۆفان و باران، دەشتەکان و جۆگەکانی ئەوەندەی تر دڕیوە و شەق و تەرەکی تێ خستووە.

بە دەم ڕێ کردنەوە من و باپیرم چووین بەرەو کەژەکانی پشتەوەی ئاواییەوە. لە بەرزاییەکانی کەژەکانەوە چووینە نێو دەراوێکی گەورەوە، تانکێکی بەعسی تۆپێنراوی تێدا بوو. خەڵکی ئاوایی بەو بەشە دەیانوت " تانکەکە". تانکێکی بەعسی لەوێ مابوو. چوومە نێو تانکە سووتاوەکە، چۆڵ و زەرد بوو. باپیرم وتی: سەیر بکە ڕۆڵە.... بەعس ئەم هەموو کەژەی کردە جادە و تانکی هێناوەتە سەر کێوەکانی دالاهۆ!.

سەربازەکان بە خواستی خۆیان کەژ و کێوەکانی دەشتی زەهاویان کون و لەت و کوت کردووە. هەروەها لافاو و بارانەکانیش بە خواستی خۆیان زەویەکان ئاو دەدەن و هەندێک لەو زەویانەش دەدڕن بۆ ئەوەی کە لەو ڕێگەوە کۆیان بێتەوە. باپیرم ڕاستی دەکرد، کاتێک کە خاوەندار لە سەر زەویەکان نیە، ئەوە زەویەکان بە خواستی داگیرکەران دۆڵ و دەراو و چاڵ و چۆڵی تێ دەکەوێت.

ئێوارە هات و من و باپیرم چووین بۆ ماڵی میمکم. شووەکەی میمکم لە بەرتارمی ماڵەوە دانیشتبوو، لە شوێنی خۆی هەڵسا و بە گڕ و گەرماوە هاتە پیریمانەوە. شووەکەی میمکم ناوی سابیرە. مامۆ سابیر ئامۆزای باوکمە، فەقیری ماڵی خۆیەتی و کرێکاری کارگەی بلۆکی ئاواییە. بە دەمی بە خەندەوە دانیشت و پاش ئەوەی کە چووار چایی خوارد، دەستی نا بە ئەژنۆی منەوە و وتی: کرێکار چا خۆرە ... ها!.

باسی شەوق و ئشتیاقی خۆی بۆ شیعر کرد. منیش هەستم کرد ئەو شەوق و ئشتیاقەی ئەم پیاوە کان و سەرچاوەیەکی هەیە. هەر ئەو سەر و سرنج و هەستە وای کرد کە زوو زوو بڕۆم بۆ ماڵی و بزانم کە سەرچاوەی ئەو هەست و عەشقەی بۆ شیعر و ئەدەب لە کوێوەیە!؟

شەوێکی زستانی لە خانووە خشتیەکەی مامە سابیر میوان بووم. باران بە توندی دەباری و دەنگی باران لەسەر خانووەکە ئەوەندەی تر ئێمەی لە یەکدی نزیک دەکردەوە. میمکە عەتیەم کە ژنێکی ڕووخۆش و میهرەبان بوو، زوو زوو چای دشلەمەی دەنایە بەردەستی من و مامە سابیرم.

ئەو شەوە مامە سابیر خەریک بە پینە کردنی پێڵاو بوو. دەستی باشی لە پینە و پەڕۆی پێڵاو و کەوشی لاستیکی هەبوو. ئەم مامە خۆشەویستە زۆر کەیف و خۆشی بۆ منداڵەکان هەبوو، منداڵەکانی ئاواییش لەبەر ئەوەی کە هەر هەموویان کەوشی لاستیکیان لەبەر دەکرد، هەر ڕۆژە و کەوشێکی یەکێکیان کون دەبوو و دەدڕا و مامە سابیر بە سیخ و سوژن پینەی دەکرد و دەیدا بە خاوەنەکەی. منداڵەکانیش لەبەر ئەو پینە و پەڕۆ زۆر مامە سابیریان خۆش دەویست و هەموو کات لە ماڵەوەیان کۆ دەبوونەوە.

پاش ئەوەی کە کەوشەکەی پینە کرد و دەستی شۆرد، لە تەنیشت من دانیشت و وتی: ئێستە بە خێر هاتی!.

بانگی کچەکەی کرد و پێی وت کە دەفتەری شیعرەکەی بۆ بهێنێت. کچەکەی دەفتەرەکەی هێنا و کردیەوە و شیعرێکی بە ناوی ( ئاویاری دەیمان) خوێندەوە:

## ئاویاری دەیمان

ئاویاری دەیمان    ئاویاری دەیمان

دەستم بە دامان    دەستم بە دامان

وە یەک کون فیکون    سەراپا تەواو

سەحرا و کەژ و کێو گشت ئەکەیت پاراو

لە فەسڵی هاوین خۆرەتاو بەتینە

لە فەسڵی زستان ئاسمان گریان و شینە

لە فەسڵی بەهار دارەکان گەڵایان جوانە

لە فەسڵی پاییز گەڵا ڕێزانە

وەهات داناوە ئەو فەسڵ و مانگە

ساڵی چوار فەسڵە فەسڵی سێ مانگە

ئەو چوار فەسڵە باش بکەم بەیان

بەهار و هاوین پاییز و زستان

دروستت کردووە هەفت ئاسمان

ئیرادەی خۆتە کەسی بێ کەسان

مانگ و خۆر و ئەستێرەی جوان

لە گەردشدایە بێ کەسر و نوقسان

شەوت داناوە بۆ ئیسراحەت و خەوتن

ڕۆژت داناوە بۆ مەعاش و کار کردن

باران ئەوارێ وەڕووی ئەرزا

دانە و گیا لە خاک سەر ئەکات بەرزا

لە یەک دانە سەد دانە ئەڕوێ

ئەی لە سەد دانە چەند دانە بڕوێ

هەنار و خورما لە خاک تێنە بەرهەم

یەکێ ترشە یەکێ شیرین لە دەم

قەڵەم و زوبان لە وەسفت ماتن

زاڵم و زۆردار خۆ بێ دەسڵاتن

بە کوردی نووسیم وەسفی جوانی تۆ

بەندەی خۆت "سابیر" نەکەیت ڕەنجەڕۆ

پاش ئەوەی کە شیعرەکەی تەواو کرد، بزگەیەکی خەمناک دەم و ددانی گرتەوە و سەیری منی کرد، وەک ئەوە وابوو کە هەستەکانی ئەو کاتە کە ئەو شیعرەی نووسیبوو دیسان دەروونی گرتووەتەوە. لەو کاتە هەستم بە ڕۆح و دەروونی کرد، هەستم کرد کە لە دەروونەوە هەست بە تەنیایی و مانەوە و بێدەسڵاتی ئەکات. من گوێم لە دەنگی بوو و سەیری دەم و ڕوومەتیم ئەکرد. مامە سابیر زۆر خۆشحاڵ دەبوو کە کەسێک گوێ لە شیعرەکانی بگرێت و بەها بە شیعرەکانی بدات.

پاش ئەوەی کە شیعرەکەی تەواو کرد و دەمی دەفتەرەکەی بەست، وتی باش وایە کە باسی ئاغای دهقانت بۆ بکەم. ئاغای دهقان مامۆستایەکی خەڵکی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بوو کە لە سەردەمی پێش شەڕی ئێران و عێراق و ئاوارەییەکە مامۆستای ئاواییەکەمان بوو. مامۆستایەکی زۆر زیرەک بوو، هەر جار کە دەچووەوە بۆ ماڵەوەی خۆیان، یەک دەستە کتێبی تازەی دەهێنا بۆ ئەوەی کە بیخوێنێتەوە. ئەو مامۆستا لە کۆمۆنیست و توودەییەکانی ئەو کاتەی ئێران بوو. منیش لەبەر ئەوەی کە کەیف و خۆشیم لەسەر کتێب هەبوو، کتێبەکانی بە من دەدا و جار بە جار کتێبم وەک دیاری لێی وەردەگرت و دەمخوێندەوە. لەو کاتەدا من لە قوتابخانە قوتابیەکی

زیرەک بووم و ئینگلیزیم باش بوو و دەمەویست کە لە داهاتوودا ببم بە شاعیر و نووسەرێکی گەورە. بەڵام بە داخ و هەزار داخەوا کە شەڕ و ئاوارەیی مەجالی نەدا و ئاوارە و دەربەدەرمانی کرد و ئاغای دهقان بە ترسەوە ڕۆیشت و ئیتر هەرگیز نەمانبینیەوە.

مامە سابیر ڕوومەتی لەقسە کردن ڕاوەستا و مات بوو، فرمێسک دەڵاندیە ناوچاوانی و بزگەیەکی خەمناک دەم و لێوی گرتەوە.

دەستی بۆ چاییەکە برد و دیسان دەستی بە قسە کردن کرد: ئەوەندە کتێب و نووسین و پینووسم خۆش دەویست کە لە کاتی هەڵات هەڵاتەکە کتێبەکانم لەگەڵ خۆم برد بۆ عێراق. ئەو کاتە کە چووینە نێو کەمپی ئاڵتاش، هەرا و بەزم و برسیەتی و یەک تۆز و خۆڵێک بوو کە چاو چاوی نەدەبینا. هەتا لەو کارەسات و خۆڵ و با چادرمان هەڵدا و خانوومان دروست کرد، زۆری پێ چوو و زۆر ئێمەی هیلاک کرد.

مامە سابیر ڕووی لە کەنیشکێکی بە ناوی سەمیرە کرد و وتی: بڕۆ کتێبەکانی نێو سندوقەکەم بۆ بهێنە.

سەمیرە چەند کتێبێکی هێنا و دای بە باوکی. مامە سابیر کتێبەکانی گرت بە دەستەوە و وتی: ئەم کتێبانە لە پەنجاکاندا کەوتووە دەستی من، ئەوە سەرەوەی بیست و پێنج ساڵە کە من لە خاکەکان و زەویەکان ئەمسەروئەوسەری پێ دەکەم!.

مامە سابیر پێکەنی و وتی: تۆ پێت وایە کە من پینە کردنی کەوش لە کوێوە فێر بووم!؟ من ئەو کاتە کە کتێبێکم بە دەست دەکەوت، یەکەم کار ئەوەم دەکرد کە بە سووژن و نەوڕ دەمدووری بۆ ئەوەی کە لاپەڕەکانی لەیەکدی جیا نەبێتەوە.

کتێبێکی بە دەستی منەوەدا. کتێبەکەم بە دەستەوە گرت و سەیرم کرد. کتێبەکە زەرد ببوو، دیار بوو کە لە کۆنەوە ماوەتەوە. کە سەیری ناوی نووسەرم کرد، لەبەر خۆمەوە وتم: ئەی خوایەگیان! ئەمە تۆ لە کەیەوە کافکا دەناسیت!؟ سەرم جووڵاند و وتم: مامە گیان تۆ ئەزانی ئەم کتێبە هی نووسەرێکی ئاڵمانی بە ناوی کافکایە کە سادقی هیدایەت نووسەری ئێرانی وەریگێڕاوە بۆ زمانی فارسی!؟

کاتێک کتێبەکەی کافکام بە دەستەوە بوو، لە ناکاوە وێنەی تانکەکە هاتە خەیاڵم. نەمزانی کە چ پەیوەندیەکیان پێکەوە هەیە!؟.

مامە سابیر وتی: ئەوە تەنیا یەک کتێبە کە بە دەستی تۆیە، سندوقێکی پڕ کتێبی بەهاداری ئاوەهام برد بۆ عێراق و لەو تەپ و تۆزەدا لێم ون بوون و کەس نەیزانی چیان بەسەر هات!؟.

کتێبی (پروین دختر ساسان) ی بە دەستی منەوەدا. بە جوانی بەرگی کتێبەکەی دووراندبوو. پاشان هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و بە ڕوومەتێک کە هەزارناڵەی تێدا بوو وتی: ئەو چەند کتێبەش تۆ ببیە بۆ خۆت، ئیتر بە کەڵکی من نایەت. ئاوارەیی و کرێکاری و نەداری نەیهێشت کە

بە خواستەکانی خۆم بگەم. ئەوە خۆم کە خەریکی بلۆک دروست کردنم وە ئەوە منداڵەکانم کە دەستیان بۆ کرێکاری دەچێت.

مامە سابیر دەستی بە من پیشاندا و وتی" سەیری دەستی من بکە؟" دەستی هێنا بەسەر گۆنامدا: ئەو دەستە زبر و دڕاوەی من لە کار و کرێکاری وای لێ هات، پەنجەکانم هەموویان لار و خوار بوون، ئەوەندە ئاو و سەرما و ئاسنی لێ دراوە!.

پاش ئەوەی کە ئەو شەوە گەڕامەوە بۆ ماڵی خۆمان، بیر و ژیرم بە مامە سابیرم خەریک بوو. کافکا لە کوێ و پینە کردنی کتێب لە کوێ!؟ دەستیێک کە شیعر دەنووسێت لە کوێ و دەستێک کە بلۆک دروست دەکات لە کوێ!؟ مامە سابیر نووسینێکی دەستنووسی شیعری هەیە کە هەر بە دەستنووسیاوی ماوەتەوە. ئەم پیاوە یەکێکە لە پیاوە بەهێزەکان کە وزە و ژێرخانێکی فرەی هەیە بۆ بەرهەمی هونەری و ئەدەبی. مامە سابیر لەو کەسانەیە کە شەوانی زستان لە ماڵان خەڵک بە قسەی خۆش و کۆمیدی خەریک دەکات. کەسێکە کە دەستی بەهێزی هەیە، پەنجەکانی تەوان و وزەی ئەوەی هەیە کە دەرزی و سووژن و بێڵ و پێنووس بە دەستەوە بگرێت. کەسێکی وەک من کە خەریکی نووسینم ئەوە باش ئەزانم کە دەستی من وزە و هێزی فرەی تێدا نیە، بۆ نموونە ناتوانم کە جگە لە پێنووس کار بە هیچی تر بکەم، ئەمە بۆ من لاوازی و ناتەوانیە و هەردەم خۆم لۆمە دەکەم. بەڵام مامە سابیر جگە لەوەی کە خاوەن دەستی کار و هونەر و نووسینە، دەمی قسە و کۆمیدی و سەرگەرم کردنی منداڵ و گەنج و پیری هەیە. باس کردن لە مامە سابیر باس کردن لە کەسێکە کە وزە و هێزی زۆری تێدایە، بەڵام بە هۆی خراپی بارووdۆخی سیاسی و ئاوارەییەوە، نائومێد و دڵشکاوی دونیا دەبێت.

ئەو نموونەی سەرەوە هاوکاری من دەکات بۆ ئەوەی کە باسی ئەوە بکەم کە ئاوارەیی و ماڵ وێرانی چەندە دەوری هەیە لەوە کە دەست و ڕوومەت و ژیانی کەسێک تەرەک و شەق بدات. بەعس نەک تەنیا خاکی کوردستانی لەت و کوت کرد، بەڵکو نەوەکانی کوردی کوت کوت و لەت لەت کرد.

ئەو جۆگەی کە دەورەیەک ئاوی پێدا دەڕۆیشت و ئەو دێیەی کە ژیانی تێدا دەکرا و ئاوەدانی تێدا بوو، ئەو نەوە کە دەورەیەک کتێبی بە دەستەوە دەگرت و پێنووس بە کراسەکانیانەوە بوو، ئەوە جۆگەی لێیان کردە دەراو و کەندڕ و نەوەکانی ئەو کاتەی کردە کرێکار و کۆیلەیەک کە بەس لە بیری ئەوەن لە برسیدا خۆیان و منداڵەکانیان بژێنن.

مامە سابیر ئەو کاتە لە قوتابخانەیەک دەیخوێند کە زمانی فارسی نەوەکانی کوردی دەلاواندەوە، وە لە پاش ئەوهەموو ئاوارەیی و دەربەدەریە کە کێشایان دیسان فارسەکان قوتابخانەیان لە کوردستان کردەوە و نەوەکانی کوردیان بە دەم و دەستی خۆیان خەریک کرد.

ڕوومەتی مرۆڤ کە هەر دەستە وشەیەکی تێدا بێت، ئەوە ئەو وشانە سەر و چاوی ئەو مرۆڤە دەسووڕێنن. مامە سابیر لەوانە بوو کە لە قوتابخانەی فارسی  بە ناوی دهقان و کافکا و سادقی

هیدایەت دەست بە کتێبەوە دەدات وە هەر لەوانەوەیە کە حەزی شیعر لە لایدا گەشە دەکات. پاشان کە سەربازەکانی بەعس ڕوو لە ڕوویان دەکەن، ترس و هەراس لە ڕوومەتیان کاریگەری دەکات.

گەر مرۆڤ بە هێزەوە بترسێنرێت، ئەوە مرۆڤ ڕوومەتی لە کیس دەدات. یەکەم شت کەلە شێت دەبینی و سرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێت، ئەوەیە کە دیدی لەدەست داوە.

پاش ئەوەی کە ئەو هەموو چیرۆک و ئاە و حەسرەت و دڵشکاوەییەم بیست و بینی، بوونە هۆی ئەوە کە من بە پێچەوانەوە وەڵام بدەمەوە. من کە بە هۆی باروودۆخێکی ناخۆشی ژیانەوە ئاوارەی وڵاتی ئینگلیس بووم، زۆر گوشار و هەرەشەم لەسەرە بۆ ئەوەی کە وەک مامە سابیر دەست لە نووسین و کتێب بشۆرم، بەڵام من وازم لە پێنووس نەهێنا. من هەرگیز نەمهێشت کە ئەو باروودۆخە سەختە بمچمێنێتەوە و وردم بکات. کێشە تەنیا مامە سابیر و کەسێکی وەک من نیە، بەڵکو کێشە نەوەکانی هاودەورەی مامە سابیر و نەوەکانی هاودەورەی منە. من ناچەمێمەوە و ناشکێمەوە و بە گژیدا دەچمەوە و داوا دەکەم لە هاودەورەییەکانم کە توخم و تۆی دەروونیان نەشکێننەوە و بە گژیدا بچنەوە.

## شێخ و هەنگوین

گوڵ بۆ پەپوولە، ڕەنگە. گوڵ بۆ هەنگ، تۆیە. گوڵ بۆ مرۆڤ، بۆنە.

گوڵ بوون ئاماژە بەوەیە کە پێستی پاک و بۆن خۆش و ڕەنگینی و جوانی یەک دەگرێتەوە.

وشەیەکی تر کە لە ناوی گوڵەوە نزیکە، کرانەوەی گوڵە. گوڵ لە بەستراوەیی بۆ کرانەوە، دەکرێتەوە و جوانی و بۆن و شەوق بە مرۆڤ دەبەخشێت. گوڵ شوێنی هەڵمژین و نیشتنەوە لە سەری خۆی خۆش دەکات. بە دەرکەوتنی خۆر، گوڵەکان دەکرێنەوە و بە چوونی خۆر، گوڵەکان دەم دەبەستنەوە.

ئەوانەی کە خۆشەویستی دەکەن و مردەی کەنیشکێک بن، بە گوڵەوە دەچن بۆ دۆست و خۆشەویستیان. شێخەکان بە هەنگوینێک کە لە گوڵ گیراوە، دەچن بەرەو نەخۆشەکانەوە.

وێنەی گوڵ باشترین وێنەیە بۆ ئەوەی کە کەسێک خۆی تاقی بکاتەوە کە چاو و دیدی تووشی ترس و ترازان و لادان بووە یان نە!؟ بۆ ئەوەی کە دەرکەوێت، دەبێت سەیری گوڵێک یان وێنەی گوڵێک بکەیت، گەر هات و چاو ترازا و پەڕێک چاوی برد، یان وێنەیەکی تر دروست بوو، ئەوە دەریدەخات کە ئەو کەسە تووشی کێشەی دید بووە.

بۆ ئەوەی کە ئەم باسە پشتڕاست بکەمەوە، وێنە و نموونەیەکی تر دەهێنمەوە: زۆربەی ئێمە لە ئاودەست کاتی بەسەر بردووە، دانیشتووە و دید و خەیاڵی تاو تاو لەیەک تێکەڵ بووە. جارێک سەیر ئەکات و جارێک خەیاڵ دەیبات. لەو کاتەیە کە (بۆ نموونە) سەیری گۆشەیەکی

ئاودەستەکە دەکات، چەند خەتی وشکبوو، کە لە چامی ئاو وشک بووەتەوە، بە چاوی گەمە دەکەن. هەر جارێک( لەو کاتە کە خەیاڵ و دید لێی تێکەڵ بووە) دەبێتە وێنەیەک، جارێک دەبێتە فیلێکی چکۆلە، جارێکی تر دەبێتە فلْچەیەکی ڕەنگ کردن کە ڕەنگ لێی دەتکێت. ئەو کەسە کە سەیر دەکات گەر زۆر بەردەوام بێت، دەتوانێت زۆر وێنەی لێی دەربهێنێت. زۆرجار بە هاوکاری ئەو جۆرە کات و سەیر کردنانە توانیومە کە وێنە بکێشم، لە کاتێک کە من دەستی نەقاشیم نیە!.

ئەمە من دەبات بۆ ئەوە کە بڵێم پێوەر و عەیارێک هەیە بۆ ئەوەی بڵێین کێ چاو و دیدی سەلامەتە و کێ تووشی تەرەک و تەراز بووە؟

هەنگوین لە هەنگ و هەنگیش لە گوڵەوە، چارەی زۆرێک لە تەرەکەکان و لێکترازانەکان و کەرتبوونەکان و شەقبوونەکان و لەتبوونەکان و دڕانەکان  و کڕانەکان و بڕانەکان و تلْیشقانەکانە کە لە نەخۆش و لێدراو ڕوویداوە. هەنگوین تایبەت بۆ چارەسەری ڕوومەت دانراوە.

ئەمە بووە هۆی ئەوە کە من دڵپەشۆکاوی و دڵەڕاوکێیی بمگرێت. ماوەیەک وەک مامراوی سەرم لەسەر پەڕ و باڵی خۆم دادەنیا و دەخەوتم، لەبەر ئەوەی کە سقەم بە هیچ ناوێک و کتێب و نووسینێک نەمابوو. کە سەیری ڕابردووی خۆم دەکرد کە خەریک بە کتێبی سادقی هیدایەت و ئەو دەستە ناوانە بووم، هەستەکانم وەک نۆکێک کە زۆر کوڵاو بێت و پێستە سپیەکەی جیا بێتەوە، منیش هەر ئەوەی مابوو کە وەک نۆک دەروونم کەرت و لەت بێت. ئیتر شەرمم لەو ڕابردووە دەکرد کە خەریک بە ناوی سادقی هیدایەت بووم و لەبەر دەستەیەک مامۆستای گێژ و گەمژە بنەوای ژیانم دامەزراندووە.

ئەو هەستانە کە ڕق و قینی لە دەستە دەستەی ناوەکان دەگرت و لێیان دوور دەبوو، وەک مەلوچک دەستە دەستە لە پاساری دڵم هێلانەیان دەکرد و منیان ئاگادار دەکرد کە ئیتر بەسە بۆ خوێندنی مرۆڤێک کە خۆی دەکوژێت یان دەڕووخێت و ون دەبێت و بێ منەتە کە نەوەکان چیان بەسەر دێت؟

هەوڵی ئەوەمدا کە باش لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە بکەم، لێکۆڵینەوە لە ڕێ و شوێنی ئەو لێدان و تێسرەواندنانە کە لە مرۆڤەوە بە من گەیشتبوو. هەر بۆ ئەمەش وەک فلفلی سەوزم لێ دەهات کە ئاگرم لە گیاندا ئامادە دەکرد. ڕستەیەک منی گرتەوە: دەستی پێدەر، حیساب بۆ دەستی لێدەر ناکات.

دەستەیەک لە باسەکانی من وەک گای سەرخەرمانە، گەر هەوساری دەمی بە دەستەوە نەگریت، دەم لە ئەو خەرمانە دەنێت کە دەیکوتێت.

وتم بە خۆم: ئەگەر بێت کە ئەم کەژە بەم کەرە ببڕیت، ئەوە ها لە ناکاوە لە کەنێک هەواتی دایەوە خوارەوە و مل و مەهەزتی شکاند!.

هەنگوین ئەو بەرهەمەیە کە کەسانێک لەبەرەبەیانان وەک خواردن دەیخۆن، وە کەسانێک وەک دەرمان بە کاری دەبەن. یەکەمجار کە بیستم هەنگوین بۆ دەردەکان دەرمانە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتە کە مامم تووشی نەخۆشی دەروونی ببوو و ژیان و گیانی لێ شێواو بوو. ئەو کاتە مامميان برد بۆ لای زۆر دکتۆر و خەستەخانە بۆ ئەوەی کە دەرمانی بکەن. دەرمانەکانی دکتۆرەکان قازانجی نەبوو. لە پاش ئەوە باپیرم مامی هەڵگرت بۆ ئەوەی کە بیبات بۆ لای شێخ بۆ ئەوەی کە دەرمانی بکات. خەڵکیش دین و ئیمانی تەواوی نیە، نەخۆشی خۆیان دەبەن بۆ لای دکتۆر، کە زانیان لە دەستی مرۆڤ دەردی چارەسەر نابێت، ئەو کاتە ڕوو لە شێخ دەکەن!.

باپیرم بە مامم و هەنگوینەوە هاتەوە. وتی جەنابی شێخ وتوویە کە ڕۆژێک چەند چمچە هەنگوینی پێ بدرێت بە خواستی خوای مەزن ئەو نەخۆشیە لە دەروونی لادەچێت.

دووهەم جار کە باسی هەنگوینم بیست کە وەک دەرمانە، لە قورئان بوو. ئەو کاتە کە فەقێ بووم و خەریکی کتێبی خوای مەزن بووم. لە حوجرە بە ئێمە دەوترا کە هەنگوین دەرمانە و وەک شیفای زۆر دەردێک ناوی لێ براوە. لە ڕاستیدا ئەو کاتە ئەو باسە ئەوەندە بۆ مامۆستاکان کراوە نەبوو و بەهایەکی نەبوو کە باسی لێوە بکرێت.

سێهەم جار کە باسی هەنگوینم وەک دەرمان بیست، لە دەست و دەمی مامۆستا عەلی کەڵەک بوو کە بە هەنگوین دەرمانی دابووە کەنیشکێکی خزممان کە تووشی دەردێک ببوو کە لە لای دکتۆرەکان و خەستەخانەکان بێ دەرمان مابووەوە. ئەو کەنیشکە هەر وەک مامم، بە هەنگوین دەردی دەرمان بوو.

ڕێ و شوێنی کاری دەرمانی نەخۆش و دکتۆر دەستە، بەڵام ڕێ و شوێنی کاری دەرمانی نەخۆش و شێخ بە دەمە. دکتۆرەکان لە لەشی نەخۆش نزیک دەبنەوە و شێخەکان لە خوای لەشی نەخۆش.

بۆ من پرسیار بوو کە شێخەکان لە کوێوە ئاوەها بە هەنگوین دەرمان دەکەن، بە بێ ئەوەی کە خوێن و لەشی نەخۆش تاقیکاری بکەنەوە!؟

دەستی پێدەر، حیساب بۆ دەستی لێدەر ناکات. ئەو نەخۆشیە کە کەنیشکەکەی خزممان تووشی ببوو، لە لایەکی ترەوە هاتبوو، وە ئەو کەسەی کە دەرمانی کرد لە لایەکی ترەوە. خوای مەزن لەبەر ئەوەی کە خۆی خاوەن لەشە، ئیتر حیساب بۆ ئەوە ناکات کە تاقیکاری خوێن و میزی نەخۆشی بکات. شێخەکان زاڵن بەسەر نەخۆش و ئەو دەستانەی کە نەخۆشی دروست دەکەن.

هەربەم شێوەیە منیش دڵم خۆش بوو کە دەتوانم چارەسەری کێشە بنەڕەتیەکانی خۆم بکەم، بە بێ ئەوەی کە نیازمەندی دەست و دەمی مرۆڤ ببم. هەستم بە خۆشی کرد کە هەروەک ئەوە کە نەخۆشی ئەو کەنیشکە بۆ شێخ گرنگ نیە کە چی وای لێ کردووە!؟ هەروەها زمانی گەڕ و گولی منیش گرنگ نیە کە چی ئاوەهای لێ کردووە!؟ خوای مەزن بە ناوی پیرۆزی دەتوانێت کە پاکم بکاتەوە.

هەنگ لە نێردراوەکانی خوای مەزنە بۆ ئەوەی کە پەند و وانە بێت بۆ من کە هەنگوین هێمای دەرمانە. دەرمانەکان هەر هەمووی بەند و بەستی ناوی خوای مەزنە. زۆر کەس هەنگوین دەخوات و نەخۆشە، بۆ!؟ هەنگوین دەبێت کە لە دەستێکی پاکەوە بە نەخۆش " بدرێت" یان لە دەمێکەوە بۆ نەخۆشێک "پێبسپێردرێت" کە بە کاری بەرێت.

لە قورئاندا هاتووە کە قورئان و هەنگوین شیفای مرۆڤە، هەروەها هاتووە کە قورئان ڕووناکی بۆ مرۆڤە. لێرە دیسان بە گرنگیەوە باسی وشەی ئەمانەت بۆ کتێب(قورئان) و هەنگوین بە کار دەبەم. دەبێت ئەو دەستەی کە دەیبەخشیت یان پێشکەش و دیاری ئەکات، لەسەرەتاوە لە دەمێکی پاکەوە وەک دەرمان و چارەسەر ببەخشرێت و دیاری بکرێت. ئەمە نهێنی ئەرک و کاری شێخە!.

لە قورئاندا هاتووە کە وشەی پاک وەک دارێکە کە ڕیشەی لە خاک و لقەکانی لە ئاسمانە و وشەی پیس وەک دارێکە کە ڕیشەکانی لەسەر زەویە و قەرار و مەکانی بۆ نیە. پاشان خوای مەزن دەفەرمێت کە ئەو دارە ئەو کاتە بەری دەدات کە خوای مەزن خواستی لەسەری هەبێت. هەروەها قورئانیش سەدان ساڵ بیخوێنەوە گەر خوای مەزن نەیەوێت، وەک ئەو دارەیە کە هەر چی خزمەتی بکەیت، بەرێک نەدات. وەک گوڵ تا خۆی نەکاتەوە، ئەوە ناتوانرێت کە بکرێتەوە، مەگەر ئەوە کە بۆ کرانەوە تێک بدرێت!.

دەبێت کە زایین و کرانەوە خواست و ویستی خوای مەزنی لەسەر بێت. ئەمە ئەو ڕیشەیەیە کە زۆرترین ئاو هەڵدەمژێت و دەیگەیەنێت بە هەر هەمووی ئەم لاپەڕانەوە.

تەرەک و شەق و دڕاوەکان و کەندڕەکان و بڕاوەکان و کڕاوەکان لە زمان و ئەدەبدا ئاماژە بەوەیە کە ئەو کەسەی کە تووشی بووە لە مەترسی ئەوەیە کە ئەوەندەی تر بدڕێت و بتڵیشقێت. کەسانێک ئەدەب و زمانیان وەک ئەو زەویەیە کە زەوی لەرزە لێداوە و بووەتە چەند بەشەوە کە ئیتر لە تەوانی خودی ئەو مرۆڤە نیە کە چارەسەری بکات و ئەو تەرەک و شەق بوونە بدوورێنێت و بیلکێنێتەوە. تەنیا خوای مەزن تەوانی ئەوەی هەیە کە بە ناوی پیرۆز و گەورەی بەشە شەق گرتووەکان بە یەک بگرێتەوە. هەروەها دروونی من و سەری من ئاوەها شەقی برد و لێک جیا بووەوە و خۆمیش لەوە مامەوە کە چۆن چارەسەری ئەو شەق بردنە بکەم!؟ دڵم گاڵەیەکی لێ هات کە بووە ناڵەیەک و ناڵە ئەوەندە لە ناکاو و گەورە بوو وەک بزنێک بەردی تێ بگریت و لە زۆری دەرد باڵە بکات، هەروەها منیش ناڵەم بووە باڵە باڵ و وتم: چۆن دەبێت کە من لە زەویدا ئاوەهام لێ بێت!؟ منیان وەک شەکەر کرد بە پەشمەک و چکوڵێک داریان کردووە پێمدا و بە دەستی خۆیان لە زەویدا دەمسووڕێنن. خوایە تۆ پارێزەر و ئاگاهی کە من پاکی و ڕووناکیم دەوێت و دووری لە هەر چی چڵک و پیسیە داوا دەکەم.

ئەوانەی کە تەوانی ئەوەیان هەیە کە بزانن خوا گەورەیە، ئەوە دەزانن کە شێخ بە هەنگوین دەیەوێت کە ئاماژە بەوە بکات کە خاوەندارەکان بە کتێبێک مرۆڤەکان بۆ هەمیشە لە سەر ڕێی ڕووناک دەخەن و بە هەنگوین شیفای دەردی بیماران دەبەخشن. خاوەندارەکان بە ناوێک و

بەرهەمێک شیفا و ڕووناکی دەبەخشن، بەڵام هونەری مرۆڤ ئەوەیە کە کتێبخانە بە هەزاران کتێب دادەمەزرێنێت و نەوەکانی هەر نەزانن، وە داروخانە بە هەزاران جۆری دەرمان دروست دەکات کە سقە لەسەریان نیە، حەبێک بۆ دەردی سک دەخۆیت کەچی چاوی مرۆڤ دەپەنەمێت. مرۆڤ لەبەر ئەوەی کە خاوەندار نیە، ئاگای لە شوێنێکە و نائاگاهە لە شوێنەکانی تر.

لە ئەدەبی شێخ و هەنگوین، وردی و وریایی دروست دەکات کە هەر دەرد و نەزانی و برینێک بە چەندەها دەستی جیاواز دروست دەبێت و یەک دەگرێت و لە ناکاوە لە یەک جیا دەبێتەوە و مرۆڤ تووشی شەلەل و نائومێدی و هەرەس هێنان دەکات. کارێک دەکات کە مرۆڤ دان بەوە بنێت کە تەوانی چارەی نیە. نەخۆشی دید و جیهانبینی و شێواوی دەروون تا بگاتە دەشتی زەهاو و خاکی کوردستان و تێکچوونی نەوەکان و خاکەکان و نەبوونی چارەسەری ئەم هەموو کێشە و دەردە، من بێهاز و بێهێز ئەکات. چارەسەری ئەم کۆمەڵە کێشە و دەردە " یەک" دەرمانە!.

هێما و سیمبۆلی شێوانی دید و دەروون، تێکەڵ کردن و وڕاوەیە. وەک تێکەڵ کردنی وشەکان و وێنەکان. وەک شکاندن و کورت کردنی وشەکان و وێنەکان. ئەم حاڵەتانە لە کەسانێک پەیدا دەبێت کە تووشی شەیدایی و پەرێشانی ببن. گرفتی گەورە ئەوەیە کاتێک کە کەسێک پەرێشانی و شەیدایی لە دەروونی تێکەڵ بێت، وەک ئەوەیە کە لە ڕۆژی ژن هێنان ددانی دەرد و ئازاری زۆری هەبێت!. لە یەک ڕۆژدا هەم حەز ئەکات کە ئەو ڕۆژە بە هۆی شایی تەواو نەبێت، وە هەم حەز ئەکات بە هۆی دەردی ددان زوو کاتی لێ بڕوات!.

کاتێک کە فەرهاد پیرباڵ شعیر دەخوێنێتەوە: دەمگوت با و دەیگوت نا.... ئەمە هەر ئەو شێواوی و تێکەڵ کردنەیە. یان نەقاشیەکانی فەرهاد پیرباڵ خۆی شێواوی و تێکدەریە.

یەکێک لە دەستە داهێنانە نوێکانی مۆسیقا و شیعر و نەقاشی، بریتیە لە شکاند و تێکەڵ کردن و جۆرێک وڕێنە کردن. ئەو داهێنەرانە باوەڕیان بەوە هەیە بۆ ئەوەی کە ستایل و شێوەی نوێ بزێت، دەبێت کە لە تێکەڵ کردن و شێواندەوە دەست پێ بکرێت. ئەم کارەش نوێ نیە و لە کۆنەوە کراوە.

شکان و شێوان لە یەکدی جیاوازیان هەیە. کەسێک کە ئێسکی دەستی شکا بێت، بە ئاسانی و تۆزێک دەردەوە دەگیرێتەوە. بەڵام شێوانی دەروون بە دەم و دەستی هەر کەسێک و بە ئاسان ناگیرێتەوە.

دەیانەوێت نەک تەنیا بیشکێنن، بەڵکو دەیانەوێت بیشەوێنن!.

# پێستی گوڵ و پێستی مار

لە بیرم لە ساڵی دووهەزار و یەک لەگەڵ دەستەیەک مامۆستا و فەقێ سەردانی پیشانگای کتێبی تارانمان کرد و هەر لە ڕێگەی ئەو سەردانانە حەز و هەوەس و هەستمانی بۆ خۆی ڕاکێشا و دەم و ڕوومەتمانی بۆ خۆی کردەوە.

ئێمە وەک فەقێ بۆ ئەوە چووبووین کە کتێبە دینیەکانمان بە دەست بکەوێت و لەگەڵ کەسانی تردا ئاشنایەتی دروست بکەین. هەر بۆ ئەمەش هەر هەموو فەقێکان و مامۆستاکان لە ساڵۆنێک بە ناوی ساڵۆنی میلاد کۆ دەبووینەوە و بە کۆ دەگەڕاین و سەیری کتێبەکانمان دەکرد. ساڵۆنی میلاد تایبەت بە کتێبە عەرەبی و ئیسلامیەکان بوو. هەر لەبەر ئەوە فەقێ و مامۆستا فارسەکان و عەرەبەکان و بەلوچەکان و تورکەکان و کەسانی تریش سەردانی ئەو ساڵۆنەیان دەکرد و بەردەرگا و ناوەوەیان بە هات و چۆی خۆیان قەرەبالغ کردبوو.

من نە پارەی ئەوەم بوو کە کتێبە دینیە چەند بەرگیەکان بکڕم، وە نە حەزم بەوە دەهات کە لە سەر ئەو کتێبانە سەر و دەستی خۆم خەریک بکەم. کاتێک کە سەیری ساڵۆنی میلادم دەکرد، هەر هەمووی پیاو و مەلا و عەبا و شاڵ و ڕیش بوو، ئەوەندە نەدەوەستام و نەدەگەڕام، دەچوومە دەرەوە بۆ ئەوەی کە بۆ خۆم بە تەنیا بگەڕێم و پیاسەی شوێنەکانی تری ئەو پیشانگا بکەم. هۆیەکی تەنیاچوون ئەوە بوو کە من حەزم دەکرد بە تەنیا دەست بۆ کتێبەکان بەرم و کەس ئاگای لەوە نەبێت کە من دەمەوێت خەریک بە چ کتێبێک ببم. هۆیەکی تری کە سەیر و نامۆ ئەوە بوو کە من دەمەویست لە نێو ئەوەکانی تردا ون ببم و بۆ خۆم خەریکی خۆم بم. بە تەنیا سەردانی ساڵۆنەکانی چاپی ناوەوەی ئێرانم دەکرد. فارسەکانیش ئەوەندە کتێب و بەرهەم بۆ خوێنەران وەردەگێڕن، دەبێتە هۆی ئەوە کە خوێنەران بەرهەمەکان بە وەرگێڕدراوی بخوێننەوە. جۆراوجۆری بەرهەمەکان و تایبەتمەندی تری ئەوە بوو کە فارسەکان هەناسەکانی سینگیان بە ناوەکانی ڕۆژئاوا خەریک دەکەن، بە تایبەت ئاخوندەکانی فارسی کە زۆر کەڵک لە بەرهەمەکانیان وەردەگرن. منیش حەزم لەو هەوا و هەناسە دەکرد و کەیفم بەوە دەهات کە بە شوێن ئەو کەش و هەوایەوە بڕۆم. ئیتر من لە مەلاکان و فەقێکان دادەبڕام و لێیان دوور دەکەوتمەوە.

لە پیشانگا بە دوای ئەوە بووم کە نووسەرەکان و ناوەکان ڕاستەوخۆ لەوێ ببینم و سەیری ڕوویان بکەم و بزانم کە ئەوانە چ جۆرەیەک لە قسەکان بە کار دەبەن؟ یەکێک لەوانە کە بە دوای بووم بیبینم، برازاکەی سادقی هیدایەت بوو، دەمەویست کە لە ڕێگەی برازاکەیەوە دەستی دۆستی لەگەڵ خوێنەرانی سادق بکەمەوە، هەروەها دەمەویست هەندێک زانیاری تایبەتی لە ژیانی سادق لە برازاکەی وەرگرم.

ئەو کاتە لە پیشانگای تاران دەستەیەک لە ناوەکان ژووری تایبەتی خۆیان هەبوو، لەبەر ئەوەی کە بەرهەمەکانیان فراوان و داواکاری زۆری هەبوو. یەکێک لەوانە عەلی شەریعەتی بوو کە ژووری تایبەتی خۆی هەبوو. سادقی هیدایەت بە هۆی ئەوەی کە دژایەتی ئیسلامی کردووە، دەرفەتی ئەوەیان نەدەدا کە بە ئازادی ناوی ببرێت و باسی لێوە بکرێت. برازاکەی هیدایەت

ناوی جەهانگیری هیدایەتە کە بە هۆی ناوبانگی مامیەوە ئەویش خەریکی کار و کەسابەت بە ناوی مامیەوەیە. بەداخەوا نەمتوانی جەهانگیر ببینم و لەوە زۆر ناڕەحەت بووم.

هەر لەو پیشانگا بە دوای بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی نووسەرانی ڕۆژئاوا دەچووم، ئەو کاتە لەو تەنیاییە ناوی کامۆ و سارتر تام و چێژێکی هەبوو کە منی بەدوای خۆیەوە دەبرد و ڕێی بۆ من دەڕازاندەوە.

چووم بۆ سالۆنێک کە تایبەت بە وتاری وەرگێڕان و نووسەران بوو، ئەوەندە بە لامەوە خۆش بوو کە هەر سالۆنی میلادم لە بیر چووبوو. تایبەتمەندی تری کەنیشکەکان بوو. ئەو کاتە تازە بە تازە سەرەتای دڵکردن و کرانەوەی من بوو. ئیتر لە پیشانگایەک کە کەنیشکە فارسەکان بۆ ڕابواردن و ناسین و کتێب کڕین هاتبوون، چاوی منیان تۆزێک بە خۆیانەوە خەریک دەکرد. ئەو کاتە بوو کە من هەستم بەوە کرد کە ئیسلام و قورئان بە زۆر لەسەر تاران سەپاوە، ئەگەر نە ئەو گەنجانە کە نە خوایان دەوێت نە پێغەمبەر، بۆ خۆیان خەریکی خۆیان و بەژنوباڵای خۆیانن. هەستم بە دەردێک کرد کە بۆ من ئاوەها وەک فەقێیەک بە قاتێکی کوردی ڕووم لە تاران کردووە!؟ پەتێک و گورێسێکی قایم منی بە تارانیەکانەوە دەبەسایەوە، ئەوەش ئەو هەوا بوو کە ئەوان هەناسەیان پێ دەکێشا. ئەو پیشانگا ئەوەندەی تر منی لە حوجرە و ناوی حوجرە دوور دەکرد و منی بەرەو تەنیایی و بەرەڵاییەک دەبرد کە وای دەکرد کەس وەک خاوەن لەسەر سەرم نەبێت، بۆ ئەوەی کە نە شاڵی دین ببەستم وە نە کڵاوی دین لەسەرم بکەم.

پیشانگا و نووسەرەکان و کەنیشکەکان و کتێبەکان و کامۆ و سارتر و تەنیایی ئەوەندەی تر ژینگەی بۆ من دەڕازاندەوە کە واز بهێنم لە حوجرە و ڕوو لە شوێنێک بکەم کە ئەو تایبەتمەندیانەی هەر هەموو پێکەوە تێدا بێت.

چوومە سالۆنێکی کتێبەکانی ناوەوەی ئێران، زۆر گەورە بوو، بە ئەسپایی چوومە نێو غورفەیەکەوە. مێزەکان هەمووی پڕ لە کتێب بوو. خۆشیەک لە دڵی منیدا بوو. هەر سەیرم دەکرد و تێرم نەدەخوارد. چوومە تەنیشت مێزێک و ڕاوەستام، چاوم بەست و پەنجەم هێنا بەسەر کتێبەکانەوە. هەندێکیان بەرگەکانیان زبر و هەندێکی تریان بەرگەکانیان لوس بوو. بە خۆمم وت: ئەی کەسێک کە کوێر بێت، چۆن ببینێت و بخوێنێت!؟ بزگەیەک منی گرت، وتم ئەوە من دەبینم و ناتوانم بیکڕم!. بە خۆمم وت " من بۆ لێرەم!؟" جۆرێک تووڕەیی لەوە بوو کە من بۆ هاتووم و ناتوانم بە کەیفی خۆم کتێب بکڕم!؟. وێنەی کولەیەک هاتە پێش چاوم، دەچێتە ناوچەیەک کە خاکەکەی نەرمە ئاوێک گرتوویە!. چوون بۆ ئەو کولە سەختە.

مامۆستاکانی حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری لە هەمان کاتدا کە مامۆستای ئێمە بوون، مامۆستایەتی حوجرەی کەنیشکەکانیان دەکرد. ماوەیەک کە بەسەر فەقێیایەتی من لە حوجرە گوزەری کرد، ئەو کاتە زانیم کە حوجرەیەکیش هەیە بۆ کەنیشکەکان کە هەر لە نێو شاری ڕوانسەرە. ئێمە و کەنیشکەکان هەرگیز یەکدیمان نەبینی و هەر بۆمان نەبوو کە یەکدی ببینین و سەردانی یەکدی بکەین. مامۆستاکانیش جار بە جار کە کارێک و پێویستیەک بایەت باسی

حوجرەی کەنشکەکانیان بۆ ئێمە دەکرد. ئیتر فەقێکان ئاوەها خەیاڵیان دەکرد، کاتێک کە خوێندنیان تەواو کرد، دەبێت یەکێک لە کەنیشکە فەقێکان بخوازن. ئەمە بووە لک و گلێک لەسەردڵمان کە ئەم مامۆستایانە ئێمە بە خۆیانەوە دەبەستن و هەر لێرە لە بن دەستی خۆیان ژنمان بۆ دەهێنن!.

فەقێکانیش ئەوەندە وڕ و گێژ نەبوون، سەردانی شارانیان دەکرد و هات و چۆی زانکۆکانیان دەکرد و دڵیان خۆش بوو. لەگەڵ ژیانی بێ دینیش ئاشنایەتیان هەبوو، خۆشترین شتی ژیانی بێ دینی بۆ من، ئازاد هێشتنی من بوو. وێنەی ئەو ئازادیە وەک کەپرێک بوو کە بە چووار دار دروست کراوە کە لە هەر چووار لاوە کراوەیە کە بڕۆیت و بچیت!.

هەر دەستەیەک لە ناوەکان ژینگەی گوزەر دەڕازێننەوە. مەبەستم لە ڕازاندنەوەی ژینگە ئەوەیە کە ناوەکان وا دەکەن کە نەوەکان وەک ئەوان بژین و هەڵسووکەوت بکەن. بۆ نموونە فردریک نیچە بە چەند شتێکەوە ژیانی خۆی ڕازاند کە وای کرد نەوەکان بە شوێنی ئەو شێوەی ژیانە بکەون. نیچە بەوە خۆش بوو کە لەگەڵ ژن ڕابوێرێت و بۆن بکات و تام و چێژی جوانی و زایین پێی بگات. نیچە باشیەکەی ئەوە بوو کە لە دووکەڵ و خواردنەوە دووری دەکرد. نیچە تەنیا بوو و هەر بە تەنیایی ژیانی تەواو کرد.

نووسەرەکانی تری وەک سارتر و کامۆ و هیدایەت بە جگەرە و خواردنەوە و تەنیایی و باسی کرانەوەی بێ سنوور و بێ خاوەن، وایان دەکرد کە نەوەکان بە دوای ناویان بکەون. هەر ئەمە وای کرد کە من بۆ ماوەیەک دەست بۆ جگەرە و خواردنەوە بەرم و هەستەکان و هزرەکان لە تەنیایی تاقی بکەمەوە. هەر ئەمە وای کرد کە بە پێچەوانەی حوجرە کە بە دەستی بە دەستنوێژەوە کتێبم بە دەستەوە دەگرت، بە دەستی بە جگەرەوە کتێبم بە دەستەوە دەگرت و کتێبەکانم دەخوێندەوە.

ئێوارەیەک لەگەڵ کوڕێکی کورد بووم کە دەیوت من چیرۆکنووسم و دەمەوێت کە چیرۆکێک بنووسم. باسی شەوێکی خۆی دەکرد کە دەبووایە تێر بخواتەوە و مەست بکات و هەست و هزرەکانی مەستی بنووسێتەوە. من لەوە دڵنیام کە ئاوەها شێوەیەک بۆ نووسین کە مەست بکەیت و بتەوێت کە بنووسیت، هی کورد نیە و لە کورد زۆر دوورە. بە خواردنەوەی سادقی هیدایەت و ئدگار ئالن پوو وە بە دەرمانکێشانی چەند ناوی ئینگلیسی کە دەیانەویست هزرەکانی کاتی کێشان بزانن و بینووسن، بۆم ڕوون بوو کە ئەوە ڕۆژئاواییەکانن کە دەیانەوێت بە سەرخۆشی بە ڕووناکی و ڕاستی بگەن!.

من بە دوای ئەوە بووم کە دەستم بە هەر شتێکەوە بدەم کە لە کرانەوە و ئازادی و خۆشی نزیکم بکاتەوە. دەستم بە دەستنوێژ دەگرت و دەستم بە جگەرە و خواردنەوە دەدا، دەستم بە کتێبی مەسخی کافکا دەدا و دەستم بە کتێبی قورئانەوە دەدا، حەزم دەکرد کە دەستم بە زۆر شتی تریشەوە بدەم، بە تایبەت ئەو کاتە دەمەویست دەستم بە لەشی ژنەوە بدەم، بۆ ئەوەی کە بە زۆر شت بگەم، بۆ ئەوەی کە ئەو دەست پێوەدانە چاو و دیدەم ببەستێت!.

لەگەڵ ئەوەی کە دەستی من لە زەوی ئارامی نەگرت، خۆشترین و ئارامبەخشترین کات ئەوە بوو کە دەستم بۆ فرمێسکی چاوم دەبرد کە بەسەر دەم و چاومدا پانی بکەمەوە. لە درێژی ئەم چەند ساڵە کە دەربەدەر و ئاوارەی دەستی ناوەکان بووم، فرمێسک و دەستم ئاشنایەتیان پێکەوە هەبووە، هەر ئەو فرمێسکە بووە هۆی ئەوە کە تا ئێستە زیندوو بمێنێم. لەگەڵ فرمێسکدا وشەکان باشترین دۆست و هاوڕێی من بوون، کە لە هەر شوێنێک بۆ من پڕ لە وەفا و خۆشەویستی بوون. وشەکان و من وەک مەڕ و شوانین کە تاوێک مەڕەکان شوان دەدەنەبەر وە تاوێک شوان پەزەکان دەداتەبەر، هەروەها تاوێک وشەکان منیان داوەتەبەر وە تاوێک من وشەکانم داوەتەبەر.

دەستی من بە ڕوومەتی من خاوەنداری دەکرا، ڕوومەتم ڕووی لە خوای مەزن کرد و چەند ڕستەیەک بوونە هۆی ئەوە کە لە جگەرە و خواردنەوە دوور بکەومەوە:

" ئەو دەمەی کە دووکەڵی پێدا دەچێت، مسۆگەر بن کە ڕستەی خاوێنی زیندووی پێدا گوزەر ناکات."

" ئەو ڕوومەتەی کە ئەڵکوڵ سووری بکات و بیخەوێنێت، ئەوە خێر و خۆشی لەو ڕوومەتە دوورە."

ئیتر بە ناوی خوای مەزن زانیم کە سادقی هیدایەت و سارتر و کافکا و کامۆ و ناوەکانی تر کە دەم و دەستیان بە خواردنەوە و جگەرە خەریک بووە، ئەوە لە ڕۆشنایی و ڕووناکی دوور و بەدەر و دوورکراو و تێهەڵدراو و ڕەشکراون.

دەستی من لەگەڵ فرمێسک و وشەکان مایەوە.

پاش ئەوەی کە دەم و دەستی خۆم بە ناوی خوای مەزن لە کتێبەکان و خواردنەوە و جگەرەوە خاوێن کرد، داوام لە پەروەردگاری مەزن کرد کە لێبووردنی هەبێت بەرانبەر بە دەم و دەستی من و لێمخۆش بێت.

لە پاش ئەم هەموو گرفت و دەردانە، شادمانی من لەوەیە کە هەر لە بەرەتاکانەوە خواستی پاکی و ڕووناکیم هەبووە و لەبەر پاک کردنی دڵ و دەروونم، دۆستی و دوژمنیەکانم گەشەی کردووە. ئەو خواستە وەک ئەستێرەیەک لە دەروونم چکۆلە و گەش، لە ناوەڕۆکی تەنیایی و تاریکی دەدرەوشێتەوە و پەیتا پەیتا چاوم لێ هەڵدەگرێت، هەر ئەو ئەستێرە نیشانەی ئەوە بوو کە من لە ڕێکخراوەیەکی مانادار دەژیم و پێگەم هەیە.

مرۆڤ دەست بە پێستی ماردا دەهێنێت و پێ وایە کە بە گوڵدا دەست دەکێشێت، نائاگاە و نەزانە کە لە سەری مارەوە چەند نزیک بووەتەوە!؟ مرۆڤ نەزانە لەوەی کە پێستی ڕەنگین و نەرمی مار و پێستی ڕەنگین و نەرمی گوڵ بە سەری پەنجەکان ناناسرێتەوە، بەڵکو بە ڕوومەت دەناسرێتەوە.

## دەم و دەست

و لا تمش فی الارض مرحا.... واقصد فی مشیک(لقمان ١٨ و ١٩)

لە ئەدەبی نێو خەڵکدا قسەیەک باوە کە ئێژن هەموو شت لە دەستی خوایە، یان فلاَن شت لە دەستی فلاَن کەسە، یان ئێژن هەموو شت لە دەستی خۆتە. ئەم قسانە و قسەکانی نێو قورئان: و ان الفضل بید الله یوءتیه من یشاء(الحدید ٨) ئاماژە بە گرنگی و بەها و نەکراوەکانی نێو دەستی مرۆڤ دەکەن. منداڵ پێش ئەوەی کە دەمی بکەوێتە قسە، دەستەکانی بۆ شتەکان درێژ دەکات و دەیەوێت کە لە ڕێگەی پەنجەکانیەوە هەست و نەست و ناسینی شتەکانی پێ بگات. دەست و نهێنیەکانی دەست هەروەک دەم و بنەپێ و دڵ و بەشەکانی تری لەشی مرۆڤ، پڕ لە بەها و کارایی و نهێنیە. دەست لە ئەدەبی قورئان جگە لەوەی کە هێمای وزەیە، سەرچاوەی زۆر کار و کردەی ترە، وەک دەستی موسا کە ڕووناک و سپی دەبوو، یان دەستی عیسی کە نەخۆشەکانی چاک ئەکردەوە.

دەم لە پێگەی یەکەمدایە، لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ کردنەوەدا ناسین و حیکمەت ڕوون و دیار ئەکات. وەک یوسف کە خەونەکانی دەبژارد، یان پەیامهێنەری خۆشەویستی ئیسلام کە بە وشەکان ڕووناکی دەبەخشی وە لە لایەکی ترەوە بە وشەکان نهێنیەکانی وەک گوێزی نەکراو و نەشکاو دەبەخشی، بۆ ئەوەی کە کەسانی تر هەوڵی کردنەوە بدەن.

ئەدەبی قورئان پارێز بۆ دەم و دەست و پێ و بە گشتی بۆ لەش دادەنێت، بۆ ئەوەی کە بەو پارێزە بپارێزرێت و پاسەوانی بکرێت. هەرچۆن خوای گەورە لە سوورەتی لوقمان ئەفەرمێت: و لا تمش فی الارض مرحا، یان ئەفەرمێت: واقصد فی مشیک. قورئان ئەزانێت دەست و پەنجەی مرۆڤ، بنەپێی مرۆڤ، دەم و زوبانی مرۆڤ چ بەها و نهێنیەکی گرنگی هەیە. بۆیە ئامۆژگاری بە پارێز و ئاگاداری لە جووڵە دەکات. بە پێچەوانەی ئامۆژگاریەکانی قورئان لە بەرەتاوە دەمم بە شیعر خەریک بوو، کە پێچەوانەی دەم پارێزیە، وە دەستم بە هەر کتێبێکەوە دەگرت، کە پێچەوانەی دەست پارێزیە، وە پێم بە شێوەیەکی بەرەڵا بۆ هەر شوێنێک دەچوو، کە پێچەوانەی ئامۆژگاری قورئان بوو. ئەمە بۆ من دەریدەخات کە مرۆڤ لە سەرەتای منداڵیەوە، هەر لە سەرەتا و بەرەتاوە کۆیەک چوونی دژە ڕاستی تێدایە. وەک دەستی منداڵ کە بۆ هەر شتێک دەچێت، یان دەمی منداڵ کە ناتوانێت وشەکان بە باشی بدرکێنێت، بە تایبەت گریانی منداڵ کە شێوەیەکی دژایەتی و گژایەتیە بەرانبەر بە زایین. من لە سەرەتای چوونی دەستم، لە چەپەوە دەستم کردەوە. بۆ نموونە بەرد و پێنووسم بە دەستی چەپ دەگرت و دەوەشاند، یان خواردنم بە دەستی چەپ دەخوارد. هەستم کرد کە وزە و چوونی لای چەپم فرەترە لە لای ڕاستم. هەر ئەمە ئاماژە و نیشانەی ئەوە بوو کە من دژە ڕاست و ڕاستی کراومەتەوە.

شاعیرانی ئێرانی وەک حافز و سەعدی، وە وەرگێڕەکانی ئێرانی بە تایبەت سادقی هیدایەت، لەگەڵ نووسەرەکانی فەرەنسەوی وەک کامۆ و سارتر، منیان و زۆرێک لە نەوەکانی ئێرانی بۆ بەرەڵایی و گەڕاڵی و وێڵگەڕی برد. لە قورئانی پیرۆز ئاماژە بەوە دەکات کە مەبەست و ( قصد) لە چوونتان دیاری بکەن. من هەر لە بەرەتاوە کە لەگەڵ ئیبراهیم دەست و پێم خستە ڕێگە و بۆ

دونیاناسی چووین، حەتا ئێستە کە لە ئینگلیسم، بە شێوەیەکی بەرەڵا و نەزانکارانە هەنگاوم ناوە و هاتووم. لەگەڵ ئەوەی کە هەموو ئەو شوێنانەی کە چووم هەڵە بوو، بەڵام ئەوەی کە منی سەربەرز هێشتەوە ئەوە بوو کە من هەردەم لە هەنگاوی پێ و هەناسەی سینگم، خۆم لە ( مرحا ) پاراستووە و هەردەم ( قصد ) و خواست و چاوم بۆ شوێنێک و داوایەک چووە. کەوایە دەبێت ئەوە باس بکەم کە هەرچەند گەڕاڵی و بەرەڵایی لە من و هەنگاوەکانم هەبووە و هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا هەردەم خۆم لە خەیاڵی خاوی شیرازی کە مەبەستم دووری لە مانای (مرح ) ە لە قورئان، پاراستووە. من هەردەم بە چاو و دیدەی پڕ لە هەست و بەرپرسیاریەتی بۆ ئەم هەستیە هەنگاوم هەڵگرتووە و هەردەم بیرم لەم زایین و بوونە کردووە. لەو ئایەتەی سوورەتی لوقمان دەیەوێت کە بگەیەنێت دوو شت لە ڕێ و پێتان دوور نەبێت، یەکەم ئەوە کە بە خۆشخەیاڵی و خاوی ڕێ و پێ هەڵنەگرن. دووهەم ئەوە کە بزانن بۆ کوێ ئەچن، بەو مانا کە دڵ و دید و ڕێ و پێتان لەگەڵ یەکدی هاوکار بێت و خۆتان لە گەڕاڵی بپارێزن.

لە حوجرەی ئیقباڵی لاهوری بە منیان نەوت کە بەها و دەوری دەست و پێ چیە و چۆنە!؟ تەنیا دەستی ئێمەیان بە کتێبەکان خەریک کرد. مەبەستم ئەوەیە کە ناسین و زانستیان لەسەر بەها و دەوری دەم و دەست نەبوو. هەر ئەم نەزانیە منی وای لێ کرد وەک منداڵ دەم و دەست بۆ هەموو شت بەرم. لە ڕاستیدا ئەگەر منداڵ لە منداڵیەوە کەسێکی چاودێر و پارێزەری نەبێت، ئەوە بە دەست و پەنجەی پرسیارکەریەوە خۆی لە ناو دەبات. هەروەها من وەک منداڵ دەست و دەمم بە هەر وشە و ئەدەب و شتێکەوە خەریک ئەکرد، بۆ ئەوەی کە بزانم و تامی شتەکان بکەم!.

ئەوەندەی کە دیدی مرۆڤ وشکی بە سەرئاو(سرآب) دەبینێت، ئەوەندەش دەستی مرۆڤ زەمینەی ئەوەی تێدایە کە تووشی وەهم و هەڵە بێت. ئەوە مەکر و فیڵی سروشتە، سروشت هەرچۆن مەکری لە هاجەری دایکی ئیسماعیل کرد، مەکر و فێڵیش لە مرۆڤی تر دەکات. لە کۆتایی ئەزمووندایە کە کانی ئاو ئەتەقێت. مەبەستم ئەوەیە کە بۆی هەیە بە ناوی خوای گەورە لەو شوێنەی کە سەرئاوە(سرآب) هەر لەو شوێنە کانی ڕاستەقینە بتەقێت. ڕوونتر مەبەستم ئەوەیە کە لە هەندێک وێنەدا، دووانەکان پشتیان بە یەکەوەیە و زۆر لە یەکدی نزیکن.

لە ڕاستیدا من ئەوەندە دەم و دەستم بەسەر ناوەکان و کتێبەکان هێنا، وە ئەوەندە فێڵ و مەکریان لە من کرد، هەر لە دەم و دەستەوە تووشی شێوان و شێواوی (اختلال) ی ناسین بووم. هەرکوێ من ڕووم تێکرد، لێم بووە ( سەرآب)، هەر لە شیراز تا لەندەن!.

دەست و دەم و پێی مرۆڤ لە پیرۆزترین شتەکانە. بەڵام مرۆڤێکی نائاگاە و نەزانی وەک من، بە بێ پارێز کردن دەستم بە هەر شتێکەوە دەساواند و دەمم بە هەر ناو و وشەیەکەوە دەجووڵاند و پێم بەهەر کەلاوە و کەن و کەلێکدا دەچوو!.

# هەڵۆ و پەپوولە لە جووڵە و ڕەنگدا

وشەکان کە لە زمانەکانی ترەوە دێن بۆ زمانێکی تر و نەوەکان کاری پێ دەکەن، بەو وشانە، وە ئەو وشانە تەوانی ئەوەی هەیە کە ئەدەب دروست بکات. بۆ نموونە وشەی عەرەبی وەک (تناسخ و تبديل و تحويل و تغيير) چەند وشەیەکە کە بەردەوام ئەدەبی فارسی و کوردی کەڵکی لێیان وەرگرتووە وە کاریگەری لە ئەو زمانانە کردووە کە ئەو وشانەیان وەک میوان وەرگرتووە.

لە دەورانی فەقێیایەتی و خوێندنی قورئاندا بە ئێمە وتراوە کە وشەکان هەر هەموویان هی خوای مەزنە و لە لایەن خوای مەزنەوە بە مرۆڤ بەخشراوە. لەسەر ئەو حیسابە ئیتر ئێمە دەم و دەستمان بە هەر وشەیەک و ئەدەبێک خەریک دەکرد.

من کە بە وشەی (تناسخ و تبديل) دەست پێ دەکەم، خواستی ئەوەم هەیە کە زەمینە بۆ دوو ناوی پەپوولە و هەڵۆ لە دووری و نزیکیدا خۆش بکەم.

پەپوولە جوانە و هێمای خاوێنیە، وە لە کەش و هەوای خۆش و نزم و ڕەنگین دەردەکەوێت، دەرکەوتنێک کە لاوازە و ناتوانێت کە ڕاست بڕوات. منداڵ بە دوو پەنجە دەیگرێت وە سەگ بۆ خۆشی خۆی بە دوای دەکەوێت و بە بایەکی نەرم بونیاد و باڵی پەرێشان دەبێت.

هەڵۆ ناشیرینە و هێمای بەرزەفڕی و نەبوونی بەزەییە، وە لە کەش و هەوایەکی سەخت و دژوار دەژی و لە ئاسمانەکان دوور لە دەست و چاو دەردەکەوێت، وە چوونی ڕاست و بەهێز و فراوانە. هەڵۆ ئەو ئاژەڵەیە کە ماسی لە ئاو دەردەهێنێت، وە مار بە چنگ و دنوکی کوت دەکات و دەیبات. هەڵۆ لەبەر ئەوەی کە لە ئاسمانەکانە و گوشاری هەوای ئاسمان لەسەر ڕوومەتیە، گرژی و تیژی کەوتووەتە ناوچاوانی. هەروەها هەڵۆ لەبەر ئەوەی کە لە ڕێگەی هات و چۆی هەورەکانە، پەڕ و باڵی ڕەنگی هەورەکانی لێ نیشتووە. هەر وەک پەپوولە کە دراوسێی گوڵەکانە و ڕەنگی ئەو گوڵانە دەگرێت، هەروەهاش هەڵۆ بە بۆنەی دراوسێیەتی هەورەکان ڕەنگی ئەو هەورانە دەگرێت.

دەستەیەک لە ناوەکان لە دەم و دەزگا و باروودۆخی ڕەنگین و خۆش دەردەکەون. هەر وەک پەپوولە کە لە هەوای ڕەنگین و خۆش خۆی بەدەردەخات. زۆربەی ناوەکانی فارس و کورد و عەرەب لە سەدەکانی پاش هاتنی قورئان وەک پەپوولەکان لە سەر ئەدەب و دەزگایەکی بەهێز زایراون و دەرکەوتوون. ناوی حافزی شیرازی بۆ فارسەکان زۆر گەورەیە، حافز بە وتەی فارسەکان بە چوواردە ڕەوایەت قورئانی لەبەر کردووە. کەسێک کە ئاوەها قورئان لەبەر بکات و بەهای پێ بدات، هەر وەک ئەو پەپوولەیە کە هەتاوەکو هەوا خۆش نەبێت و گوڵ و خۆر و ڕووناکی نەبێت، بەدەر ناکەوێت. ئەو کارەش کردیان ئەوە بوو کە وەک پەپوولە چوونیان لاواز و نزم بوو. لەبەر ئەوەی کە شیعرەکانی بە دەمی هەر کەسێک کەوت و هەر کەس بۆ خۆشی و سەفای خۆی لەبەری کردووە و لەسەر سفرەی شەراب و دەرمان خوێندراوەتەوە و قال و مەنقەڵیان تێکەڵ کردووە. ئەوە قسەی لاواز و نزمە.

سەعدی شیرازی کە ناوێکی ترە و فارسەکان شانازی پێوە دەکەن، لە بەغدا و پەروەردەیەک گەورە بوو کە ئیسلام گەشەی پێدا. سەعدی هەر وەک حافز لە سەردەمێک دەرکەوت کە هەوا خۆش و ڕەنگین و ژینگە ئارام بووە. لە ئاوەها ژینگەیەک کە شاعیران هەر خەریکی تەکیە و خانەقا و بارەگاکانن و دەست و کتێب و دەستنوێژ دەگرن و دەنووسن، وە گرنگتر لەهەر هەمووی ئەوانە هەر کام لەو ناوانە لەبەر دەستی مامۆستایەکی تەوانا لەو بنە و بارەگایانە گەشەیان کردووە و فێری ئەوە بوون کە بە شێوەیەک و ئەدەبێک وشەکان بە کار بەرن.

مامۆستایەکمان هەبوو بە گاڵتەوە ئەیوت حەزرەتی حافز کە دەچوو بۆ مەیکەدە هەروەک مزگەوت پێشەکی دەستنوێژی دەگرت!.

زۆرێک لە ناوەکانی کورد و فارس و عەرەب ئەوەندە ژینگە و سەرەدمیان خۆش و پڕ لە ناو و کتێب بووە، فێری ئەوە بوون کە لەسەر قوونیان دانیشن و خەریک بە کتێب و پێنووس بن و وشەکان بە دەم و جەوهەرەوە لەسەر کاغەز بۆ کەسانی تر بڕازێننەوە، بە پێچەوانەی دەستەیەک لە ناوەکانی تر کە ناویان زۆر کەمە، لە سەر ئەژنۆیان بە چۆکدان خەریکی ئەوە بوون کە وشەکان لە دڵ و دەروونیان دابمەزرێنن. سەرجەم ناوەکان لە دەروون و ناوەڕۆکی پێکهاتەیەک کە دین دایمەزراند، زایراون و گەشەیان کردووە.

دەستەیەکی تری دنکە و نایاب لە ناوەکان، وەک هەڵۆ لە ئاسمانەکان بەرزەفڕ و خاوەن چوون و باڵن، وە لە ژینگەیەکی تەنیا و دژوار و سەخت ژیان دەکەن. باشترین ناو بۆ ئەوەی کە یادی بکەمەوە ناوی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵایە کە سەختی و تەنیایی و دەرد و پەژارەیی و دژواریەکی زۆی کێشا بۆ ئەوەی کە یەک کتێبی بۆ دیاری بکرێت. ناوی موحەممەد لەو ناوانەیە کە وەک پەپوولە نەبووە کە لە ژینگەیەکی ڕەنگین و خۆش و گوڵ و بولبول زابێت و دەورووبەری تەکیە و مرۆڤی کتێب بەدەست بووبێت و ئاوەدانی لە دەوری هەبووبێت، بە پێچەوانەوە لە سەردەمێک زاوە کە تەم و تاریکی فراوان بووە.

موحەممەد بە کتێبی قورئان و شێوەی چوونی ڕستەکانی قورئان، دڵی خوێنەر دەگرێتە دەستەوە، وە دەستە دەستە ڕستە وەک دار لە هۆشی مرۆڤ دەشکێنێت بۆ ئەوەی کە فێری ڕاهێنان و داهێنانی بکات. دڵ و دەروون دەگوشێت و گوشار لەسەر بونیادی مرۆڤ دەخات و ئەوەندە لە مرۆڤ نزیک دەبێتەوە، ئەوەندەش تەرای لێ دەسەنێت. لە سوورەتی نووردا لە قورئانی پیرۆز هاتووە کە وێنەیەکی ئاوەها دروست دەکات: شەپۆلێکی گەورە لە سەر شەپۆلێک دێت وە لەسەر ئەو شەپۆلانەوە هەروی ڕەش پان بووەتەوە. دەستێک لە شەپۆلی یەکەمەوە دەردێت و داوای یارمەتی دەکات، شەپۆلێکی گەورە دەدات بەسەریدا و کەس بە هاواریەوە ناگات مەگەر خوای گەورە نەبێت!.

باس لە دژواری بارودۆخی مرۆڤ دەکات کە ئەوەندە تەنیایە و لە گرفتە، وە لەو تەنیاییە کەس تەوانی ئەوەی نیە کە بگات بە هاواریەوە. خوای مەزن ناوی خۆی بەرز دەکات و دەڵێت کە ناوی من تەنیا کەسە کە ئاگاهی لە تەنیایی و داماوی ئەو مرۆڤە هەیە. موحەممەد کەسێک بوو کە لە

تەنیایی و بێ کەسی خۆیدا لە ئەشکەوتێک خوای مەزن دەستی گرت و یارمەتیدا و دەرگەی بەخشندەیی بۆی کردەوە. ئیتر گەر بێت و باسی ئەو ژینگە بکەین کە حافز و موحەممەد تێدا گەشەیان کرد، هەڵسەنگاندنێکە وەک ئەوە کە ژینگەی ژیانی هەڵۆ و پەپوولە هەڵبسەنگێنیت.

خوێنەران و موسوڵمانەکان زۆر بە سەختی و دژواری دەتوانن کە لەو ژینگە و کەش و هەوا کە موحەممەد تێدا زایراوە ئاگاە بن و لێی نزیک ببنەوە. ئەوە کاری هەر کەس نیە کە بزانێت ڕستەکانی ئەو ژینگە و کەش و هەوا چ تام و چ مانایەکی هەیە!؟. ئەو کەسانەی کە ناوی سەعدی و حافز و نالی و مەولەوی لەبەر دەکەن و هەر بەو دەستە کە قورئان بە دەستەوە دەگرن، دیوانەکانی شیعری ئەوانە لە دەست دەگرن، ئەوە بەو کارە ئەوەندەی تر خۆیان لە تەم و تاریکی دەخەن!.

لە سەرەتای ئەم بابەتە باسی وشەی (تناسخ و تبدیل) م کرد کە دوو وشەی عەرەبین کە لە قورئان باسی لێوە کراوە. لە قورئان باس لەوە دەکات کە ئەوە بە دەستی خوایە کە کێ سەر ڕاست و کێ سەرلێشێواو بکات. خوای مەزن گەر بیەوێت کە فەقێ یان خوێندەوانێک لە نەزانی و چوونی وەک پەپوولە دەرباز بکات، تەوانی ئەوەی پێ دەدات کە بوونی بگۆڕدرێت بۆ بوونێکی تر. هەر وەک لە باسی کرمی ئەورێشەم باسم کرد، ناوەکان و بوونەکان لە تەنیاییدا خوای مەزن دستی تێ ئەخات و دەیگۆڕێت. کەسانێک وەک کرمی ئەورێشەم دوو بونیاد دەگۆڕن، وە کەسانێک وەک بزنی شامی بۆ ئەوەی بەر بدەن دەبێت خاوەنیان هەبێت، وە کەسانێک وەک بۆق ڕاو دەکەن و کەسانێک وەک ژاڵژاڵۆکە لەسەر سووچ و کەناری ئەوانی تر ماڵ و تۆڕ ئەکەنەوە. هەموو ئەم نموونانە و نموونەکانی تر لە ناوەکانی تر وانە و وێنە و پەند و ئامۆژگاریە بۆ ئەوانەی کە خاوەن دید و دەروونن.

یەکێک لە هەستیارترین حاڵەتەکان و هەستەکان کە بۆ زۆرێک لە مرۆڤەکان نامۆ و سەیرە، وە دنکە و دەگمە کەسانێک هەستیان بەو حالەتە کردووە:

جارێک لە پەنجەرە سەیری دەرەوەم دەکرد، سەیری دەستی خۆم کرد. لە ناکاوە دەردی پشت و شانم من برد بۆ ئەو بیر و هەستە ناخۆشە: کوا ئەو دڵخۆشیەی کە موژدەت بە خۆت دەدا!؟ سەیری خۆت بکە کە چۆن هیلاک و ماندوویت!؟

پاش ماوەیەک کە بەسەر ئەو حاڵەتە گوزەری کرد، ڕۆژێکی تر لە پارکێک ڕێم دەکرد، هەست و بیرێکی خۆش منی گرت و منی بۆ ئەو قسە برد: بەختەوەری کە دەرفەتت پێ دراوە کە بە پێ و لەسەر پێ بە هۆشیاری و ئارامش و ئاسوودەیی بیر و داوا لە خوا تیکەڵ بکەیت. ئەمە بەختەوەریەکە و داهاتوویەکی خۆشی پێوەیە!.

لە ناکاوە سەیری خۆم کرد و هەست و دید و دەروونم شتێکی دەوت کە بە پێچەوانەی جارەکانی تر بوو. لە ناکاوە سەیرم کرد و بینیم، لە ناکاوە سەیرم کرد کە من شتێکی ترم!.

لە زیندانێکی ناخۆش بووم، زۆر هەستم بە ناخۆشی دەکرد، دەمەویست هات و هاوار بکەم، لە ناکاوە چاوم کرایەوە، هەستم کرد کە ئەمە بەس خەونێکە! لە شوێنی خۆم هەڵسام و هەندێک بە پێ ڕێم کرد، مارێکی گەورە هاتە ڕێم، لە خۆمم پرسیار کرد: بۆ ترس وازم لێ ناهێنێت!؟ دەمەویست بگریم. لە ناکاوە چاوم کرایەوە، زانیم کە ئەمەش خەو بووە! چووم ئاوێکم دا بە دەم و چاوم، چووم لەگەڵ براکەم قسە بکەم، هەستم کرد کە هێشتا لە خەوم، ئەترسام کە دیسان لە خەونێکی تر هەڵسمەوە.

ئەمەیە کە لە ناکاوە خوا بیەوێت مرۆڤ و دەروون و دیمەن دەگۆڕێت.

و ما امرنا الا وحدة كلمح بالبصر(القمر ٥٠)

ئەو کاتەی کە تێکەڵی شیعری شیرازی و چیرۆکی فارسی بووم، ئەوەی کە منی بە خۆیەوە خەریک کرد، داهێنان لەو ژینگە بوو. وەک پەپوولەیەک کە لە ڕۆژێکی خۆش و خوڕەم بیەوێت بە باڵ و پەروازی جوانی خۆی بنوێنێت و نیگا و دیمەن برازێنێتەوە، منیش ڕێک ئاوەها ویستم لە ئەدەبی فارسی و کوردی وەک پەپوولەیەک، وەک شاعیر و چیرۆکنووسێک جوانی و نیگا و دید بەدەربخەم و هەر ئەوە! بەڵام پاش ئەوەی کە خوای گەورە منەتی بەسەری منەوە دانا و گەڕام و لە تەنیایی زۆرتر مامەوە، زانیم کە پەپوولە بوون لە باخی شیرازی و ئەدەبی فارسی و گرنگیدان بە جوانیەکان، من تێر ناکات. من دەبوو کە لە کەش و هەوایەکی فرەتر و گەورەتر پەڕ و باڵ بکەمەوە. ئەم چوون و گوزەر کردنە، ئەم جووڵە لە پەپوولە بۆ هەڵۆ، منەتی خوایە، من هەرگیز نەمەتوانی کە لە خۆمەوە گوزەر بکەم. بۆ نموونە مامۆستا هەژار و عومەری خەیام و ئەبوعەلی سینا لە دەید و نیگای من وەک بزنی شامی بوون و ئەم وێنەیە لەسەریان سەپا و بەسترایەوە. بۆیە جووڵە لە پەپوولە بۆ هەڵۆ و لە هەڵۆش بۆ هەنگ، کاری مرۆڤ نیە!.

ئازادی مانا و معنای ئەوەیە کە گوزەر بکەیت بە ڕەزامەندی خوا!.

من ناوی خوای مەزن بەرز دەکەمەوە کە ئەگەر بیەوێت نەوەکان بۆ ناوەکان دەگۆڕێت و ئەوە دەستی پیرۆزیە کە ناوەکان خاوەنداری دەکات. ژیان و بونیادی پەپوولەی ڕەنگین و چوونی وەک پەپوولە لە نزمی و تێکەڵ بە حەشەرەکانی تر و لە ژینگەیەک کە بۆی هەیە پەلامار بدرێت و بە دوو پەنجە ڕاو بکرێت، ئەو ڕستەیە دروست دەکات کە: باش وایە کە خۆتان قوربانی دوو پەنجە نەکەنەوە!.

خوای مەزن لەبەر ئەوەی کە دانەر و بونیادنەری بوونە، تەوانی ئەوەی هەیە کە ناوەکان و نەوەکان بە هەر وێنە و دیمەنێک خاوەنداری بکات. خوای مەزن بە هێزی ناسین و داهێنانێک کە هەیەتی، دەتوانێت قورئانێک ببەخشێت کە هەزاران ناو لەسەری دروست ببن و هەزاران کتێب لەسەری بنووسرێت. هەروەها خوای مەزن دەتوانێت کە بە کتێبێک، هەزاران کتێب وەک پووش لێ بکات، کە ئەو پووشە منەتی دەمی گا ببات بۆ ئەوەی بە دەمیەوە بگرێت!.

# ڕوومەت و خاڵی کوتراو

زۆر لە ژنە کۆنەکانی کرماشان، دەست و دەم و ڕوومەتیان خاڵی کوتراوی پێوە دیارە. پاش ئەوەی کە من چاوم کرایەوە و ژنەکانی کوردم بینی، خاڵ لەسەر ڕوومەتیان دیار بوو. دەورەیەک ژنەکانی کورد ئازادی ئەوەیان هەبوو کە لەسەر دەست و ڕوومەت و لەشیان خاڵکوتی بکەن و پێیانەوە دیار بێت و وەک جوانیەک بناسرێت.

کەنیشکێکی خزممان لەو دەورەدا لەسەر گۆنا و دەستی خاڵی بۆ جوانی کوتابوو. ئەم کەنیشکە لە دەورەی پێش کۆماری ئیسلامی ئەو خاڵەی کوتابوو. پاش ئەوەی کە لە کەمپی ئاڵتاش گەڕاینەوە و ژیان لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کرد، خەڵک زۆرێک لە داب و نەریت و بیر کردنەوەکانیان گۆڕانی بەسەردا هات. زەمینەی ئەو گۆڕانە جگە لەوە کە کۆماری ئیسلامی بێت، لە کەمپی ئاڵتاشەوە دەستی پێ کردبوو. لە کەمپی ئاڵتاش خەڵک بەرەو دینی ئیسلامەوە کرایەوە و لە بەر دەستی عەرەبی عێراق وانەکانی دینیان پێ وترایەوە. عەرەبی سونی عێراق توندی و پێداگری زۆر لەسەر شەرعی ئیسلام دەکەن. هەر ئەمەش کاریگەری لەسەر ژن و منداڵ و خێزانی ئەو کوردانە کرد کە لە ئاڵتاش ڕاگیرابوون.

ئەو کەنیشکە کە دەست و ڕوومەتی خاڵکوتی بوو، لە دەورەی پاش گەڕانەوە بۆ ئێران، لەژێر گوشاری بارووددۆخ ناچار بوو کە بیر لەوە بکاتەوە خاڵەکانی سەر ڕوومەتی لابەرێت!.

پاک کردنەوەی خاڵەکانی سەر ڕوومەت کارێکی ئاسان و بێ دەرد نیە، بەڵکو دەبێت کە بە ئاسنی داخ بکرێت. ئەو کاتە شتێک بە ناوی پاک کردنی خاڵ بە لێزر نەبوو.

پاش ئەوەی کە ماوەیەک ئەو کەنیشکە خۆی ون کرد و بەدەر نەدەکەوت، بۆ من بووە پرسیار کە ئەو کەنیشکە چی بەسەر هاتووە و بۆ بەدەر ناکەوێ!؟ لە دایکم پرسیاری ئەو کەنیشکەم کرد. دایکم وتی کە ئەو کەنیشکە لەبەر ئەوەی کە گۆنای بۆ پاک کردنی خاڵەکان سووتاندووە، بەدەر ناکەوێت!.

بۆ من پرسیار و ترس و تێ مانەوە بوو کە بۆ دەبێت ئەو خاڵە بسڕێتەوە وە بۆ دەبێت کە بە ئاسنی داخ لای بەرێت!؟

پاش مانگێک زیاتر ئەو کەنیشکە بە ڕوومەتێکی سووتاوی ڕەشبوو، کەوتە دەرەوە و ئەوەندەی تر منی لە ترس و هەراس خست. چەند جارێک لە نزیکەوە سەیری ڕوومەتی ئەو کەنیشەکم کرد و بینیم کە شوێنی خاڵەکەی سووتاندووە بۆ ئەوەی کە بیسڕێتەوە و دیار نەمێنێت.

زۆرێک لە ژنەکانی تر کە خاڵی سەردەمی پێشتریان بەسەر دەست و ڕوومەتەوە هەبوو، هەر وەک خۆی هێشتیانەوە و نەیانسڕیەوە. بۆ من بووە پرسیار کە ئەو کەنیشکە بۆ ئاوەهای لە ڕوومەتی خۆی کردووە و بە ئاگر خاڵەکانی ڕەش کردووەتەوە!؟ پاش ئەوەی کە لە ژیانی ئەو کەنیشکە ورد بوومەوە، بۆم دەرکەوت کە دین هۆی ئەو ڕەشکردنەوە بووە. ئەو کەسانەی کە

سەرپەرەشتی ئەو کەنیشکەیان لە ئەستۆ گرتبوو، لە دەورەی گەڕانەوە لە ئاڵتاش بە دینەوە گەڕانەوە، ئیتر ئەمە بووە هۆی ئەوە کە ئەو کەنیشکە ڕوومەتی لە خاڵەکانی دەورانی پێشتر بسڕێتەوە.

وێنەی خاڵ لەسەر ڕوومەت بۆ من بووە وێنەیەکی سەرکەوتوو بۆ ئەوەی باس لەوە بکەم کە ئەدەبەکان چەندە کاریگەری لەسەر دەست و ڕوومەتی مرۆڤ دەکەن. ئەدەبێک خاڵ لەسەر ڕوومەت جوان دەبینێت وە ئەدەبێک خاڵ لەسەر ڕوومەت ناڕەوا باس دەکات!.

نەوەکانی داویی کە گەڕانەوە بۆ ئێران و نەوەکانی دەورانی کۆماری ئیسلامی، ئیتر خاڵکوتیان وەک جوانیەکی باو سەیر نەدەکرد، بەڵکو پێیان وابوو ئەو کەسانەی کە خاڵکوتی دەکەن، لە دۆم و قەرەجەکانن کە کارێکی ناشیرین و ناشایستەتە.

ئەدەبەکان و نەخشەکانی ڕستەکان وەک خاڵ لەسەر ڕوومەت و دەست و زوبانی مرۆڤ و نەوەکان و نەتەوەکان دەمێنێتەوە. ئەو نەخشەی کە کوتراوە، گەر ڕەشیش بکرێتەوە، شوێنی ڕەشی لەسەر ناوەڕۆکی مرۆڤ دەمێنێتەوە. ئەم ڕەشکردن و پاک کردنە کە تا ڕادەیەک شوێنەواری لێدەمێنێتەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئیتر زەمینە و ژینگە بۆ نەخشە و خاڵی تر نەمێنێت، وە ئیتر ڕوومەت نەتوانێت کە نەخشە و خاڵێکی تر لە خۆی بگرێت.

زۆرێک لە فەقێکان کە لە حوجرەدا خەریک بە قورئان بوون، لە دەورەی پاش حوجرە خۆیان لە مزگەوت و دین شاردەوە. خەڵک ئەو کەسانەی دەناسی و ئەیانزانی کە ئەوانە قورئانیان بە دەستەوە گرتووە. دەورەیەک کە ئەو فەقێیانە سەردانی زانکۆکانیان کرد، ئیتر وازیان لەوە هێنا کە قورئان بە دەستەوە بگرن. پاش ئەوەی کە ئەو کەسانە ژیانیان لە نێو خەڵک دامەزراند، ئیتر خەڵک ڕوومەتی ئەو کۆنە فەقێیانەیان وەک ڕوومەتێک دەبینی کە خاڵی دین و حوجرەیان ڕەش کردووەتەوە. خودی ئەو کەسانە لە هەڵسووکەوت و دانیشتنیان لەگەڵ خەڵک ئەوەیان پێوە دیار بوو و هەستیان پێ دەکرد کە خەڵک ڕوومەتی ئەوان ڕەش بوو و سووتاو دەبینێت.

هەر نەتەوە و خەڵکێک کە بە ئەدەب و نەخشەیەکی ئەدەبی ئاشنا بوو، ئەوە لەسەر ڕوومەتی ئەو نەتەوە و خەڵکە خاڵی خۆی کوتاوە. گەر کەسانێک بیانەوێت کە ڕەشی بکەنەوە وە یان بیسڕنەوە و لە ناوی بەرن، وەک ڕوومەتی کەنیشکەکەی خزممان دەبێت کە بە ئاسنی داخ یان هەر ئامرازێکی تر ڕەشی بکەنەوە، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر ئەو پێستە دەکات، شوێنەکەی شوێنەواری پێوە دەمێنێت.

خاڵکوتی لەسەر ڕوومەت لەم دەورەدا کارێکە کە دەتوانرێت شوێنەکەی پاک ببێتەوە، بەڵام ئەو خاڵەی کە لەسەر کەژی تاقی بۆستان کوتراوە بە ئاسان پاک نابێتەوە. ئەو خاڵەی کە لەسەر بێستوون کوتراوە بە ئاسان پاک نابێتەوە.

ناوەکان و کتێبەکان و ئەدەبەکان تەوانی ئەوەیان هەیە کە وەک خاڵێک کە بە ڕەنگێک و دەستێکی شارەزا کوترابێت، بە ئاسان پاک نەبێتەوە. دەستەیەک لە خاڵەکان لە سەر شوێنێک

کراوە کە پاک کردنەوەی شوێنەواری مەترسیدار دروست دەکات. بە تایبەت کە ئەگەر خاڵەکان بە ناوەکان و کتێبەکان لەسەر دەروون و ناوەڕۆکی مرۆڤ بکوترێت، ئەگەر لەسەر دەروونی نەتەوەیەک کوترابێت، ئەگەر کە بە دەستی شارەزایەک دامەزرابێت، ئەوە زۆر سەختە کە پاک بێتەوە، ئەگەر پاکیش بێتەوە، شوێنەواری خۆی بە جێ دەهێڵێت.

ناوەکانی ئیسلام لە دڵ و دەروون و گیانی من خاڵکوتی کراوە. خوێنەر بە خوێندنی ئەم نووسینە دەزانێت کە ئیسلام بە ئەدەب و نەخشەیەک کە هەیەتی، خاڵی لەسەر زمان و زوبانی من داکوتاوە. ئەمە بۆ من کێشە و گرفتێکی دەروونی مەزنی دروست کرد و هەردەم منی ئازار دەدا. لەبەر کردنی سوورەتی فاتیحە لە بەهێزترین خەت و خاڵەکانە کە بۆ هەمیشە لە دەروون ئەمێنێتەوە. ئنجا بۆ منی کورد ئەوە گرنگە کە چۆن لەگەڵ برایانی کوردم چارەسەری کێشەی کورد بکەم!؟ ئەو خەت و خاڵانەی کە ئیسلام لە دەروونی منی کێشاوە، هەردەم هەست و نەستی من دەبات بۆ ئیسلام و ناتوانم کە دژایەتی ئیسلام و موسوڵمانەکان بکەم. بۆیە بە ڕوونی و دڵنیایی دەڵێم کە خوێن و دەروونی من لەگەڵ قورئان تێکەڵ بووە و هەر لە منداڵیەوە خەت و خەتمی قورئان لەسەرم کوتراوە، ئیتر باش وایە کە کەس لۆمەی نزیکی هەست و نەستی من بۆ ئیسلام نەکات. ئەمە پەیامێکی زۆر ڕوونە.

لە دەورەیەک کە لە بەشەناوخۆیی زانکۆی سەلاحەدین بووم، بێگانەییەک لەگەڵ خوێندەوانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لای مندا هەبوو. قسە و باسەکانی زمان و زوبانی ئەوان بە دەستی کەسانێک خاڵکوتی کرابوو کە بۆ من بەهایەکی نەبوو. لە دڵ و دەروونی خۆمدا ئەمزانی کە ئەو خاڵکوتیە کە لە سەر گیان و هۆشی ئەوانە کراوە، ئیتر پاک کردنەوە و کوژرانەوەی بۆ نیە. ئەمە وای دەکرد هەست بەوە بکەم کە لە کۆی کەسانێک دەژیم کە بۆ من، مردوو دەناسران.

خوای مەزن باشترین پاککەرەوەی خاڵ و نەخشەکانە. دەستی پیرۆزی تەوانی ئەوەی هەیە کە هەر نەخشە و خاڵێک کە تێکەڵی خوێنیش بووبێت پاکی بکاتەوە. مرۆڤ و ناوە مرۆڤیەکان هەر لە بەرەتاکانەوە خاڵ و خەت و نەخشەیان لە خوێنی من تێکەڵ کرد و منیان بە دەستەیەک ناو و ڕستەی دوور لە ڕووناکی کوتاو و منیان ڕەنگین کرد. ئێستە کە سرنج لەو ڕابردووە دەدەمەوە، دەڵێم: من لەوانە بووم کە بەرەو نەزانی و ئاخرشەڕی دەچووم، خوای مەزن منی لەو ئاخرشەڕیە ڕزگار کرد.

هەر نەخشەیەک کە بەسەر دڵ و ڕوومەتی مرۆڤەوە کوترا، ئیتر جێگەی دڵخۆشی و ئومێد لەو مرۆڤە نامێنێت کە ڕزگاری بێت و دەرباز بێت. هەر لە بەرەتاوە ئەو مرۆڤە بەو خاڵ و نەخشە کە بەسەر ڕوومەتی کوتراوە، کۆتایی دیاریکراوەیە. بۆ نموونە ئەو دەستە لەو خوێندەوانانە کە لە زانکۆی سەلاحەدین بە ناوەکانی سۆسیالیستەکان و کۆمۆنیستەکانەوە خەت و خاڵیان بۆ کوتراوە، یان بە دەستی ئینگلیزەکان و ئەمریکیەکان نەخشە و خاڵیان بۆ کێشراوە و کوتراوە و دامەزراوە، ئەوانە ئیتر خۆیان و نەوەکانیان خەت و خاڵیان کێشراوە و کوتراوە و بڕاوەتەوە.

لە بیرمە کە دەستە گەنجێک لە پارکەکان خەریک بە خاڵ کوتان دەبوون. ئەو گەنجانەی کە تازە پێ دەگەیشتن بە خۆشەویستی کەسێک یان ناوێک، وێنەیەک یان ناوێکیان لەسەر پێستی خۆیان دەنووسی. کەسانێکم دەناسی کە هەر لە خۆیانەوە بەس بۆ ئەوەی کە پێستیان شین بکەن، چەند وردە خاڵێکی بێ مانایان لەسەر پێستیان دەکێشا. هەروەها مرۆڤ وشەکان و ناوەکان لەسەر گیان و دەروونی خاڵ دەکوتێت و بۆ ماوەیەک پێوە دەمێنێت و لەگەڵ ئەو خاڵەوە دەژی. نەوەکان لەبەر ئەوەی کە ئاگاە نین کە وشەکان و ڕستەکان وەک خاڵی سەر پێستە، خۆیان لەگەڵ هەر کتێب و ڕستە و ناوێک تێدەخەن و دەروونی خۆیان بۆ دەستی کوتەری خاڵکوتەکان شل دەکەن.

کەسانێک لە ئەدەب و پەروەردەیەک خەریکی خوێندن دەبن، وەک ئەو فەقێیانە کە لە حوجرەیەک بۆ ماوەیەکی درێژ دەم و دەست و دەروونی خۆیان بە ناوی سەدان ناوەوە دەدەن، یان وەک خوێندەوانێکی زانکۆ کە لەسەر زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەخوێنێت و بۆ ماوەی چەند ساڵ دەم و دەستی بە ناوەکانی ڕۆژئاوا خەریک دەکات، ئەو کەسانە کە ئاوەها بۆ ماوەی چەند ساڵ بە ناوەکانی بنەیەک و پەروەردەیەک خەریک دەبن و لەسەری سەبر دەکەن، ئەوانە خاڵی بونیادیان کێشراوە و خۆیان ئاگاهیان لە خۆیان نیە. مەگەر ئەو کەسانە کە خوای مەزن بە خواستی خۆی خاڵەکانیان بۆ بکوژێنێتەوە و زەمینەی ئەوەیان بۆ خۆش بکات کە خەت و خاڵی تر بکوتن.

نەوەکان بۆ ئەوەی کە بگەن بە پێگەی ناوەکان، دەبێت کە خەت و خاڵ لەسەر دەروون و ڕوومەتیان هەبێت. کەسانێک هەن کە دەیانەوێت بە خواست و هەست و هزری خۆیان خەت و خاڵ لەسەر دەروونی خۆیان بکێشن. بۆ نموونە ناوە کوردیەکان کە لە بواری قورئان خەریک بوون، هەوڵی ئەوەیاندا کە بە دەستی خۆیان خەت و خاڵ لەسەر دەروونی خۆیان و دەورووبەریەکانیان بکێشن. کەسانی وەک ئەحمەدی موفتی زادە و ناسری سوبحانی لەو کەسانە بوون کە دەیانەویست بە دەستی خۆیان، بە ڕستەکانی قورئان، نەخشە و خەت و خاڵ بکێشن.

خەت و خاڵی دەرزی لەسەر پێست، ئاساییترین شێوەیە کە کەسێک ئەزانێت بە چی خەت و خاڵ دروست دەکات، بەڵام ئەو پەروەردەیەی کە خەت و خاڵەکانی وشەکان و ڕستەکان دەکێشێت وە ئەو دەم و دەستانەی کە دەیکوتێت، وە گرنگتر لەسەر چ ڕۆح و دەروونێک خەت و خاڵەکان دەکێشرێت، بەهای زۆری هەیە. دەستە دەستەی ناوەکانی کورد چ دیندار و چ بێ دین، لە شۆڕش و هەڵسانەوەکانیان پێش ئەوەی کە خەت و خاڵ و نەخشە لەسەر دەروون و ڕوومەتی خۆیان بکێشن، دەستیان وەک دەستی خاڵکوت بەکار بردووە و نەخشە و خاڵ و خەتیان بۆ دەستە دەستەی خەڵک کێشاوە کە بە ئاسان ڕەش نابێتەوە. خەڵک کە دەستە ڕستە و باسێکی بۆ بکەیتەوە، بەو قسە و باسانەوە دەبەسترێنەوە و دادەکوترێن.

# ئەشکەوت و شار لە ئەدەبی ناوەکاندا

دەوڵەت شارەکانی یۆنان ناوێکە کە لە ئەدەبی فەلسەفەدا بە شوێنی ناوی ناودارانی فەلسەفە ناسراوە. باسی ئەم دەوڵەت شارانە بۆ سەرجەم زمانەکان وەرگێڕاوە و نەوەکانی هەر زمانێک بە ئەو ناوانە کە لە دەوڵەت شارەکانەوە گەشەیان کردووە، ئاشنایەتیان هەیە.

دەوڵەت شار ئاماژە بە دوو وشەی دەوڵەت و شارە کە لە کۆنەوە لە یۆنانەوە گەشەیان کردووە وە ئەو شارانە شوێنی گەشەی ناوەکان بوون. ئەدەبی مرۆڤی کەیفی خۆش بووە کە یۆنان وەک سەرەتایەکی ناسیاو بۆ سەرەتای ناسین بناسێت و پێداگری لەسەر بکات. هەربۆیە بنەوای سەرجەم زانستەکان دەگەڕێننەوە بۆ یۆنان وە بە خۆشەویستی هەوڵی ئەوە دەدن کە لە ڕێی یۆنانەوە سەرەتای ناسین دەست پێ بکەن.

چەند وردە خاڵێک هەیە کە هۆی خۆشی مرۆڤ بەرەو یۆنانەوە دەردەخات، یەکێک لەوانە ژیانی مرۆڤ لە شارە. شار بۆ ناسین شوێنێکە کە لە تەنیایی و بێ دەنگی مرۆڤ دەردەهێنێت وە ئاماژە بەوەیە کە دەستەیەک لە مرۆڤەکان لە هەوڵی ئەوەن کە بناسن و بزانن. شار و شەراب، شار و پەیکەرە تاشراوەکان، شار و قوتابخانەکان، شار و گەشتی ناوەکان، شار و خواکان، شار و ئەفسانە و چیرۆکەکان، شار و ئاغاکان، شار و هونەرەکان. شارەکانی یۆنان بۆ ئاغاکان بووە وە ئەوان خاوەنداری مرۆڤ و کتێبەکانیان کردووە. لە شارەکان قوتابخانەکان گەشەیان کردووە وە نەوەکان لەبەر دەستی ناوەکان گەرایان سەندووە.

یۆنانیەکان لە شارەکاندا ناسینیان بە دەست هێناوە، ئەو ناسینە بە ناوی مرۆڤەوە ناسراوە وە زانستێک بووە کە بە خواستی خودی مرۆڤ بووە. مرۆڤەکان بە خواستی خۆیان گەشەیان بە وشەکان داوە.

من لە دەورانی حوجرەدا بڕوایەکم بۆ دروست بوو کە ناسین لە شارەکان و قوتابخانەکانی نێو شارەکانەوە گەشە دەکات. هەر هەمووی ناوەکان کە من ئاشنایەتیم لەگەڵیان دروست کرد، لە شارەکانەوە گەشەیان بە ناوی خۆیان داوە. سادقی هیدایەت لە تاران گەورە بوو وە لە فەرانسە ناوی خۆی بۆ نەوەکانی فارس کردەوە. ئەحمەدی موفتی زادە لە بنەماڵەی موفتیەکانی شاری سنە بوو کە باوک و باپیرانی وەک ناوە ناسراوەکانی شاری سنە ناسراون. سەید قوتب لە سەفەری بۆ ئەمریکا و گەڕانەوەی لەو سەفەرە دەم و دەستی دەکاتەوە.

لە زانکۆی سەلاحەدین بە دەستەیەک لە مامۆستاکان ئاشنا بووم کە هەرکامەیان لە شارێکەوە هاتبوونەوە، یەکێک لە مۆسکۆوە و یەکێک لە بەرلینەوە و یەکێکی تر لە لەندەنەوە و یەکێکی تر لە بەغداوە. ئەو مامۆستایانە هەر هەموویان باسیان لە دەستەیەک لە ناوەکان دەکرد کە دەوریان هەبووە لە دامەزراندنی شارەکان و قوتابخانەکانی شارەکان. باسی ناوی کارڵ مارکس دەکرا کە بە باسی سۆشیاڵ، گەشەی بە سۆسیالیزمدا. سۆسیالیزم دەوری هەبوو لە دامەزراندنی

نەخشەی شارەکان و نەخشە ئەدەبیەکان. باسی ناوی مۆنتسکیۆ و ڕۆسۆیان دەکرد کە دەوریان هەبوو لە یاساکانی شار و دامەزراندنی پەروەردەی شاری.

قوتابخانە فیکریەکان وەک قوتابخانەی فرانکفۆرت، لە نموونەکانی شاری کردنی ناوەکان و هزرەکانە. ئەو قوتابخانە و قوتابخانەکانی هاوشێوەی کاریگەریان لە نەوەکان و ناوەکان کرد کە شاری بژین و گەشە بە شاری بوون بدەن. بە گشتی مودرنیت و کۆڵەکەکانی بەرەتای مودرنیت، دامەزرێنەری شار و ژیان و ئەندیشەی شاری بوو.

فردریک نیچەی ئاڵمانی لە فەلسەفەی یۆنانەوە وە لە باسی شارەکان و خوای شارەکانی یۆنان دەستی بە ناسین کرد. نیچە وەک پێشینیانی خۆی ڕێ و شوێنی ناوەکانی گرتەبەر و هەوڵی ئەوەیدا کە لەگەڵ ناوەکان و وشەکانی یۆنان ئاشنایەتی دروست بکات. نیچە لەگەڵ خواکانی یۆنان و وشەکانی یۆنان بە جوانی ئاشنا بوو وە پاش ئەو ئاشنایەتیە بووە مامۆستایەک و لە زانکۆیەک وانەکانی ئەدەبی یۆنانی دەوتەوە. بەڵام یۆنان و وشەکانی یۆنان نەیانتوانی کە ئارامش بۆ ناوی نیچە بهێنن. هەربۆیە لە شیعر و مۆسیقا و پەیکەرەکانی شار هەڵات بۆ کەژەکانی ئالپ و لەوێ چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە یەکێک بێتە هاواریەوە.

بۆ شێرکۆ بێکەس وەسیەت دەکات لە ناو شار و لە پارکی ئازادی بینێژن!؟ دیارە کە خۆی لە وەڵام باسی ئەوە دەکات کە پێی خۆشە لە گۆڕدا لەگەڵ شایی و خۆشیەکانی خەڵکی شاری سلێمانی تێکەڵ بێت. دیارە شێرکۆ بێکەس هەستی بەوە کردووە لە گۆڕیش هەر دەژی. بۆیە پرسیار ئەوەیە کە ئایا شێرکۆ بێکەس ترساوە لە گۆڕێک کە لە چۆڵەوانی و بیابان بێت!؟

" بە کورتی ئەوە بڵێم کە مرۆڤ وردە وردە و لە درێژی مێژووی خۆیدا، دڵ و دەروونی لە هەموو بڕیوە و دەیەوێت کە لەناوخۆ و دەروونی خۆی لەگەڵ مرۆڤەکانی تر بژی. مرۆڤ ئیتر نایەوێت کە باسی خوا و پەیامهێنەر و چۆڵەوانی و غەیب و ڕۆح گەشە بکات!. هەربۆیە شاری ژیان کردن لە دیاردەکانی سەردەمی نوێی مرۆڤایەتیە".

ئەشکەوت لە ناسیندا ناوی بەرانبەر شارە. لە دەورانی حوجرەدا کە مامۆستاکان قورئانیان بۆ من دەخوێندەوە، باسی ئەوەیان نەدەکرد کە ناوەکانی دین هەر هەموویان لە کەژەکان و چۆڵەوانیەکان و ئەشکەوتەکان گەشەیان کردووە. مامۆستاکانی حوجرە بە دەمی خۆیان قورئانیان بۆ ئێمە دەخوێند و بە دەستی خۆیان ئێمەیان دەبرد بۆ تاران بۆ ئەوەی کە کتێبەکانی ناسین و زانست بکڕین. لە پاش ئەوەی کە لە حوجرە جیا بوومەوە، هەوڵی ئەوەمدا کە خۆم قورئان بخوێنمەوە و نەهێڵم کە کەس قورئانم بۆ بخوێنێتەوە. بە خوێندنەوەی خۆم بۆم ڕوون بووەوە کە هەر هەمووی ئەو ناوانە کە دین و باسی دینیان لە نێو مرۆڤ گەشە پێداوە، لە ئەشکەوتەکان و کەژەکان و تەنیاییەکان و چۆڵەوانیەکان کراونەتەوە.

باش وایە کە خوێنەر بە وردی لە هەست و هزرەکانی ئەو ناوانە نزیک بێتەوە کە لە شارەکان هەڵاتوون و پەنایان بۆ کەژەکان بردووە. پاڵنەر و هۆکاری ئەو ناوانە چیە کە لە دەوریەکی ژیان لەگەڵ شارنشینەکان لە شارەکانەوە، لە ناکاوە پەنا بۆ کەژەکان و ئەشکەوتەکان دەبەن**؟!**

ناوە مرۆڤیەکان هەردەم هەوڵی ئەوە دەدەن کە بەرەو ناوەوە بڕۆن و پێکهاتەیەک دروست بکەن کە لە دەوری شارەکان بێت. ناوە مرۆڤیەکان بەرەو ناوەوە دەچن و ڕێکخراوەکان دروست دەکەن و مرۆڤ ئەوەندەی تر بە پێکهاتەکانەوە بەند و بەست دەکەن. مەبەست لە ناوەوە ئەوەیە کە نەوەکان بۆ ئەوەی کە بگەن بە ناسین و زانست، بە ئاسانی بەو پێگە بگەن. وەک جادەکانی شار، بۆ ئەوەی کە بۆ هات و چۆ ئامادە و فەراهەم بێت، هەروەها ئینترنت و میدیاکان بووەتە خۆراکی ڕۆژانەی خەڵک کە بە شاری کردنی مرۆڤە. مرۆڤ دەیەوێت کە ناوی خۆی بە خۆیەوە بەند بکات وە ژینگەیەک دروست بکات کە نەوەکان لە ڕێگەی ناوە مرۆڤیەکان هەنگاوەکان هەڵبگرن. مرۆڤ خواستی ئەوەی هەیە کە نەوەکان بە ناوی مرۆڤەوە ڕێ و ڕێبازەکانی بۆ خۆش بکرێت. مرۆڤ هەرچی کە بونیادی شارەکان نەخشە دەکێشێت، ئەوەندە لە دەرەوەی شارەکان بێگانە دەبێت.

لە قورئان هاتووە کە ناوەکان لە تەنیایی و لە چۆڵەوانی ناسین و بەخشندەییان پێ کراوە. لە قورئان هاتووە کە: لكل جعلنا منكم شرعة و منهاجا(المائدة٤٨) هەر یەک لە ناوەکان خاوەن شەقام و ڕێی خۆیانن. قورئان چۆڵەوانی بۆ خەڵک فەراهەم ناکات، بەڵکو ئاوەهای دامەزراندووە کە یەکێک یان چەند کەسێک پێکەوە لە کەژەکان و چۆڵەوانیەکان بەخشندەییان پێ دەکرێت.

موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا کاتێک کە پەنای بۆ ئەشکەوتی حەرا برد، بۆ ئەوە بوو کە لە بارودۆخی شاریەکان، شوێنێک بۆ ئارامش بدۆزێتەوە. موحەممەد هەڵات بۆ ئەشکەوتی حەرا بۆ ئەوەی کە سکاڵای دەروونی بگەیەنێت و بە دوای چارەسەر بگەڕێت.

فردریک نیچەی ئاڵمانی پاش ئەوەی کە ساڵەها خەریک بە ناوەکانی یۆنان دەبێت و بە زانستی یۆنان ئاشنا دەبێت، دڵی تەنگ دەبێت و نیگەران و هیلاک دەبێت، بۆ ئەوەی کە ئاسایشێک بدۆزێتەوە، پەنا بە کەژەکانی ئاڵپ دەبات. پەنا بردن بۆ ئاڵپ مانای ئەوەیە کە بونیادەکانی شاری مرۆڤ زەمینەی ئەوەیان تێدا نیە کە ئارامش بە دەروونی مرۆڤ بدەن.

شار شوێنی خەڵکە وە خەڵک لە شارەکان بابەتەکان بە دوای خۆیاندا دروست دەکەن و پەرەی پێ دەدەن. ئەو دەستە لە زانستانەی کە لە یۆنانەوە گەشەی کرد، بۆ ئەوە بوو کە شاریەکان لە ژیانی شاری هاوکاری بکات، بۆ ئەوەی کە خەڵک لە شاردا بە ئاسایش بگەیەنێت. زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی و ئابووری و دەروونناسی ئەمڕۆ لە داوێنی دەستەیەک لە ناوەکان سەریان بەرز کردەوە کە لە ڕێی ناوەکانی یۆنانەوە دەستیان بە خوێندن کردووە.

خاوەنداریەتی تەواوی بنەکانی دروستبوو لە ناوەڕۆکی شارەکاندا، پێکەوە بەند و بەستی یەکدین و دەستەکانی نێو شار هەر هەموویان پێکەوە گرێ دراون. بۆیە دڵخۆشی لە لای ئەو

دەستانە بە دی نایەت. حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلاح و دەعوەتی سەر بە ئیخوانی موسلمین، پەیوەندی هەیە. حوجرە پەرە بە ئەو کتێبانە دەدات کە ئەو دەستانە پێیان خۆشە گەشە بکات. هەروەها خاوەندارانی زانکۆکانی باشووری کوردستان شوشەی شەرابیان لە مەجلیسی سیاسیەکان تەقەی دێت!.

# گەنج و تاج لە دەستەکان و سەرەکاندا

### ڕێ و پێ

**قل عسی ان یکون ردف لکم بعض الذی تستعجلون(النمل ٧٢)**

ژنەکان پێڵاوی بن بەرز لە پێ دەکەن و بنە پێیان لە خاک دوور ئەکەن. بە پێچەوانەوە لە هەندێک لە ڕێ و ڕەسمە دینیەکان، دەبێت پێڵاو لە پێ دەربێت.

بنە پێی مرۆڤ پێگەی مرۆڤ لە زەویدا دیاری ئەکات. غرور و خۆ لە خاکەوە زۆر نزیکە. مرۆڤ تەوانی ئەوەی هەیە بە ناوی خوا لە ڕێگەی بنە پێیەوە پێگەی خۆی بزانێت. چۆنیەتی و شێوەی ئەم زانینەش ئەوەیە کە مرۆڤ بە پێی پەتی بەسەر خاکدا ڕێ بکات. مرۆڤ هەرچی بنەپێی لە زەوی دوور بێت و بنە پێی لە خاک بێمنەت بزانێت، ئەوە دانایی کەم و شێواو دەبێت.

ئایەتی ٧٢ ی سوورەتی نەمل بە ڕوونی دەریدەخات کە هەندێک شت کە پەلەی بۆ ئەکەن، زۆر نزیکە. هەروەها بۆ ئەوەی کە مرۆڤ پێگەی خۆی بزانێت، باش وایە لە پێ و بنەپێی کەڵک وەرگرێت.

من زۆر هەوڵمداوە کە ڕێ و پێی خۆم تاقی بکەمەوە، هەرچۆن کە لەش و جلەکانی خۆم تاقی کردووەتەوە. سەرچاوەی ناسین و زانست لە ڕێ نیە، بەڵکو لە پێیە. هەرچەند کە مرۆڤ باش و دروست ڕێ بە پێی بکات، لە خاک و بنە پێیەوە ناسین و زانست بەو کەسە دەگات.

بەڵام مرۆڤ زانست و ناسینی وەک گەنج و تاج دەوێت، دەیەوێت کە بە دەست و سەریەوە بێت!.

## گەنج و تاج لە سەر و دەستدا

دەستەیەکی کەم لە ناوەکان بۆ ئەوەی کە بگەن بە ناسین و ڕاستی، ژیانی خۆیان لە ترس و هەراس خستووە. ئەو ناوانە پێیان وابووە کە ڕاستی وەک گەنجێکە کە لە سەرزەمینێک نێژراوە و ئەوان دەبێت کە بە دڵ و دەروون و هەستەکان و بیرەکانیان پێی بگەن. گەنجەکان و شتە بەهادارەکان بە دەستێکی تەنیا دەنێژرێت، وە بە دەستێکی تەنیاش لە چاڵ دەردەهێنرێت. ئەو دەستە لە ناوانە پێیان وایە کە ڕاستی وەک گەنجێکە کە دەبێت بە دەستی خۆیان لە چاڵی

دەربهێنن. تینویەتی و گڕی گیانیان نانیشێت، مەگەر ئەو کاتە نەبێت کە بە دەستی خۆیان دەری بهێنن.

هەر ئەم گەنجە زۆرێکی لە قوتابیەکان و فەقێکانی بە دوای خۆیدا شێت و شەیدا کرد وە تا کۆتایی ژیانیان لە تەنیایی و گۆشەگیری مانەوە. کەسێکی وەک ئەبوحامدی غەزالی کە لە شاری بەغدا خاوەن پلە و پێگەی زانستی بوو، بۆ ئەوەی کە بگات بە ناسین و تینویەتی دڵی بکوژێنێتەوە، ڕووی لە شام و شارەکانی تر کرد و خۆی لە گۆشەگیری و تەنیایی شاردەوە. لە کۆتایی بە بەرهەمێکی نووسراوە کە بە دەستی خۆی دەینووسێت، ئاماژە بەوە دەکات کە بە ئاسایش و ئارامش گەیشتووە.

فردریک نیچە و کارڵ مارکس، هەرکامەیان بە دەستی خۆیان بە دوای گەنجەکە دەکەون و بەها بە هەوڵەکانی یەکدی نادەن و هەرکام لەوان بە ئەدەب و نەخشەیەک دەگات و بانگەوازی بۆ دەکەن. نیچە بۆ ئەوەی کە بە گەنجی ڕاستی بگات، ئاوارەیی کەژەکانی ئالپ دەبێت و هەوڵی ئەوە دەدات کە هەستەکان و هزرەکانی لەسەر کەژەکانی ئالپ داڕێژێت و ئامادەی بکات. لەو کاتە کە ناوەکان لە تەنیایی و گۆشەگیری دەژین و دەمێنن، ئەوەی کە بۆیان گرنگە ئەوەیە کە بە کۆتاییەک بگەن کە بڕوایان پێی هەبێت.

مرۆڤە خوازیارەکان دەیانەوێت پێش ئەوەی کە بمرن، بە دەستی خۆیان بە ناسین و ڕاستی بگەیەن. دەیانەوێت کە بە دەستی خۆیان تینویەتی و تاسقیەتیان بشکێت و ئارام ببنەوە.

پێم قورس و سەخت بوو کە منیش وەک هەر خوێندەوانێکی تر لە زانکۆ یەک کتێب و یەک نووسراوە بە دەستەوە بگرم. ئەو نووسینانەی کە ئەوانی تر بە دەستەوەیان دەگرت، منیش بە دەستەوەم دەگرت و دەمخوێندەوە. دەروونی من ئەو ستەمەی قبووڵ نەدەکرد. بە بازبازێن و ئەمسەروئەوسەرێک کە بۆ دۆزینەوەی ناسین و ڕاستی دەمکرد، هەستم بەوە کرد کە منیش وەک هەریەک لەو کەسانەی کە بە شوێنی زانست و ناسین کەوتوون، منیش ئاوەها بە دوای ناسین کەوتووم. منیش وەک ناوەکانی تر بۆ ئەوەی کە بگەم بە ناسین دەبێت بە دوای ئەو گەنجەدا ئاوارە و ماڵبەدەر ببم. لەبەر ئەوەی کە دەمەوێت خۆم بە دەستی خۆم گەنجێکی تایبەت لە ئەدەب و ڕستەکان بدۆزمەوە کە دڵ و دەروونی من تێر بکات.

لە بیرمە لە دەورەی حوجرە، لە کاتی خوێندن بە چۆخەوڕانەکەوە دەمخوێند و کتێبەکانم بە دەستەوە دەگرت. شاڵی قاتەکەم جوان جوان دەجەڕاند و جۆرە حەزێکم تێدا بوو کە بە شاڵی بەستراوەوە، کتێبەکان بخوێنم. لە کاتی خەوتنیش هەر بە قاتی کوردیەوە دەخەوتم. ئاوەها خەوتنێک بۆ من بووە جێگەی پرسیار. لە دەورانی زانکۆی سەلاحەدین ئەو خۆپێچانەوە دیسان منی گرتەوە. بە توندی بۆین باخم دەبەست و بە بەستراوەیی دەچووم بۆ زانکۆ. لە کاتی گەڕانەوە لە زانکۆش هەر حەزم لێ بوو کە بە قاتەوە لەسەر مێزی خوێندن دانیشم و خەریکی خوێندن ببم.

ئاوەها خوێندنێک کە فەقێ بیەوێت بە قاتی کوردیەوە بخوێنێت و بخەوێت، ئاماژەیە بە دەروونێکی پڕ لە هیوا و ئومێد. کەس نەبوو کە هەست بەوە بکات کە من دەروونێکی پڕ لە ئومێدم هەیە.

دەستەیەک لە ناوەکان بۆ ئەوەی کە بگەن بە گەنجی ناسین و مەعریفەت، لەسەر ناسینەکان و زانستەکان خۆیان پل و تل داوە. لە زانستەکانی دین بۆ زانستەکانی مرۆڤی، لەوەشەوە بۆ زانستە سروشتیەکانەوە، وە لەوەشە بۆ فەلسەفە و ژێرخانەکانی فەلسەفە.

ئیبراهیمی کوڕی خالّم پاش ئەوەی کە زانستەکانی دینی تەواو کرد، دڵ و دەروونی تێر نەبوو، بۆ تێر کردنی دەروونی ویستی کە زانستە کۆمەڵایەتیەکان بخوێنێت. کەسێکی وەک سەید حوسەینی نەسر و عەبدولکەریمی سروش کە بە ناودارانی بیر و تیرەکانی دینی ئیسلامی ئێرانی دەناسرێن، لە چەند بواری زانستی ئەمسەر و ئەوسەریان کردووە، لە فەلسەفە و دین و زانستە سروشتیەکان و زانستە کۆمەڵایەتیەکان کتێبیان خوێندووەتەوە و بۆ دۆزینەوەی ناسین و ڕاستی هەوڵیان داوە. دۆستی هەر ناوێکیان کردووە و لەگەڵ هەر ناوێک دەستیانداوە.

فردریک نیچە تینی دڵی نەشکا و مۆسیقاش ئەوی نەگەیاندە مەنزڵگە و لە تەنیایی و داماوی سەکتەی کرد و مرد. نیچە بە گەنجی خۆی نەگەیشت. نەک تەنیا ئەو، بەڵکو هیچ کەس بە گەنج ناگات مەگەر خوای مەزن خواستی لەسەری هەبێت و بەری پێ ببەخشێت. لە قورئاندا هاتووە لە وشەی پاک وەک داری پاکە کە ڕەگ و ڕیشەی لە زەوی بێت و لقەکانی لە ئاسمان شەکاوە بێت. وشەی پیسیش وەک دارێکە کە ڕەگ و ڕیشەی لە زەوی نەبێت و لە زەوی کەنرا بێت و با بەرەو هەر لایەک بیبات. خوای مەزن دەفەرمێت کە داری پاک، بەری خۆی ئەو کاتە دەدات کە خواستی لەسەر هەبێت.

بەردانی دار نموونەیەکە کە خوای گەورە لە قورئان کەڵکی لێ وەردەگرێت. ناسین وەک گەنج نموونەیەکە کە مرۆڤ کەڵکی لێ وەردەگرێت. بەر بۆ ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کە لە نزیک ئەو دارەن، لێی بخۆن. بەر بۆ جارێکە و بۆ دەمێکە.

ناوەکان لە شارەکان بۆ شارەکانی تر دەچن وە لە زانستەکان بۆ زانستەکانی تر دەچن، لە شارەکان بۆ ئەشکەوتەکان دەچن، تاوێک سۆفی دەبن و تاوێک جیهادی دەبن، سەردەمێک دەبنە ڕۆژهەڵاتی و سەردەمێک دەبنە خۆرئاوایی، هەر هەمووی ئەم جووڵانەوە و خۆ تل و پلدانە بۆ ئەوەیە کە بە ناسین و ڕاستی بگەن و دڵ و دەروونیان ئارام بێت. بە خواستی خوای گەورە مرۆڤ هەرچی کتێب و کتێبخانە گەشە پێدەدات، ئەوەندە سەر و چاو و گوێی بەند و بەست و داخراو دەبێت و دەمێنێتەوە. مرۆڤ لەوە دوورە کە خوای مەزن خۆی ئاسایش بە دەروونی مرۆڤ دەبەخشێت، تەنیا خوایە کە ئەتوانێت وشەکان لە نەخشە و خاڵێک لەسەر ڕوومەتی مرۆڤ بە جوانی بکوتێت و تیشکی ڕووناکی لەسەر بگرێت و دەری بخات. لەوە دڵنیا بن کە ئەو کەسانەی کە چەند جار خاڵ بە ڕوومەتیان دەکوتن و پاکی دەکەنەوە، ئیتر ئەو پێستە خاڵی تر بە جوانی وەرناگرێت و دەرناخات.

بەسەرهاتی من و زانست لە بەردەستی مرۆڤ چیرۆکێکی ترە کە شایستەیە نەوەکان بە پێنووسی خۆم لێمی وەربگرن و ئاگاهیان لە بارودۆخی من هەبێت.

لە دەورانی حوجرەدا هەنگاوەکانم لە شوێنە پێکانی ئەو ناوانە دەنیا کە بۆ دیناسی هەوڵیان دەدا. بۆ نموونە بەهام بە ژیانی موحەممەدی غەزالی میسری و موحەممەد عەبدە دەدا. ئەو دووانە بۆ ئەوەی کە بزانن و دین بناسن، ژیانێکی سەخت و ناڕەحەتیان کێشاوە. ئەو کاتە لە حوجرە باسی ئەوەیان نەدەکرد کە موحەممەدی پەیامهێنەر بە چ ڕێیەک بە ڕووناکی گەیشتووە!؟ بە ئێمەیان نەدەوت کە ئەوە چۆن بوو تیشک بە ئەشکەوتدا نادات، بە ئەشکەوتەکەی موحەممەد کەوت و لێ ئاوەدانی کردەوە!؟.

منیان بە شوێن ناوی موحەممەدی غەزالی و موحەممەد عەبدە خست، لە جیاتی ئەوە کە بە شوێنی ناوی موحەممەدی کوڕی عەبدولاّم بخەن. ئەمە هەڵەیەک بوو کە نەزانی و ناتەوانی مامۆستاکانی حوجرەی دەگەیاند. بە ئێمەیان نەدەوت کە کڕنۆش و ستایشی خوای مەزن لە شەوان نوور و تیشک دەبەخشێت، بەڵکو دەیانەوت کە ناسری سوبحانی و موحەممەدی غەزالی لە شەواندا، لەسەر کتێبەکان چاویان لە خەو دەچووو!.

خوای مەزن بەخشندەیی بە ناوی موحەممەدی کوڕی عەبدولاّ کرد، ئەو کەسە کە لە تەنیایی و تاریکی ئەشکەوتدا، مابووەوە. مامۆستاکانی حوجرەش ئێمەیان فێری ئەوە دەکرد کە شەوان بە سەر کتێبەکانەوە خەومان لێ بکەوێت. ئەوەندە دژایەتی خەو و جێگەی خەویان دەکرد، خەو لێمان بووە کێشەیەکی گەورە و تووشی ناڕەحەتیمانی کرد.

من پاش ئەوەی کە لە زانکۆی سەلاحەدین خوێندنم تەواو کرد، بارودۆخی ژیان لە ئێران و عێراق بۆم سەخت بوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری منی نەکرد و منیش بۆ ئەوەی کە شوێنی ژیان بدۆزمەوە وە پەرە بە خوێندنی خۆم بدەم، ڕووم لە ڕۆژئاوا کرد و لە وڵاتی بریتانیا داوای پەنابەریم کرد. پاش ئەوەی کە بارودۆخی من نالەبار بوو، هەستم کرد کە ئەگەر ئەو زانستەی کە من دەمەوێت ئاوەها ژیان لە من تێک دەدات و لەشم دەردەدار دەکات، ئەوە من دەست لەو زانستە دەشۆرم و واز دەهێنم. ئیتر سوێندم بە ناوی خوای مەزن خوارد کە لەوە زیاتر نووسینی مرۆڤ بە دەستەوە نەگرم و واز لە بەرهەمەکانی مرۆڤ و ناوەندەکانی مرۆڤ بهێنم. هەستەکانم منیان شایستە و لایق دەزانی و یەخەی منیان دەگرت و بە منیان دەوت کە: ئیتر ئێمە بۆ ڕووناکی ناچین، ئەوە ڕووناکیە کە دەبێت بەرەو ئێمەوە بێت!.

ئاوەها قسەیەک لە گیانی هەر کەسێکەوە بەدەرنایەت کە " ئەوە زانستە دەبێت کە بەرەو منەوە بێت". ئەمە ئاماژە بەوە بوو کە دەروونی من ڕادەیەکی بەرزی لە هەستەکان و هزرەکانی بۆ بەدەر کەوتووە. زانست بۆ من وەک گەنج نیە کە دەبێت بەدوای سەرگەردان و ئاوارە ببم، بەڵکو وەک بەخششێکە کە دەبێت خوای مەزن پێی مرۆڤ بە شایستە بزانێت و لە بنە پێی بنێت. زۆر لە ناوەکان خۆیان بە دەستی خۆیان بە دوای گەنج و تاج دەگەڕێن کە لە سەریانی بکەن و خۆیان بە نەوەکان بناسێنن. ئەوانە لە ڕووناکی و ڕاستی دوور و بەدەرن.

لە ماوەی ئەم چووار ساڵە کە لە وڵاتی ئینگلیس بە سەختی و دەرد و گرفتاری بەڕێم کردووە، بۆ من دەرکەوت کە ناسین و ڕاستی وەک تیشک و ڕووناکیە کە لە کرانەوەدا دەبەخشرێت، تیشک و ڕووناکی لە دەمەوە ناوەشێنرێت. دەرکەوت کە ناسین و ڕاستی لە ئەو تیشکەوەیە کە خوای مەزن لە تیشکی پیرۆزی بە مرۆڤ ببەخشێت. ئیتر ئینگلیس و کۆمەڵناسی و پەروەردە و زانکۆ و ئەو ناوانە بۆ من بەهایەکیان نەما و بە ناوی خوای مەزن لێیان دوورم گرت و پارێزم لەو ناوانە کرد.

ڕێ و شێوەی ژیانی وشەکانی من تەنیا بۆ خۆم داڕژراوە. من بۆ نەوەکان تەنیا دەتوانن کە وەک نموونەیەک بمخوێننەوە. وێنەی من و ئێوە وەک ئەوەیە کە کوڕێک بیەوێت کە فێری ئەسپ سواری بێت، ئەو کوڕە بە ئەسپێک فێر دەبێت کە بەس بۆ ڕاهێنان ڕاگیراوە. ئەو ئەسپە بۆ شەڕ و ڕاوی کوڕەکە نیە. دڵنیا بن لەوە کە من بەم نووسینە دەتوانم کە کەسانێک بە ناوی خوای مەزن ڕابهێنم بۆ ئەوەی کە خۆیان بە ئەسپی تایبەتی خۆیان ڕاو و شەری خۆیان بکەن. من دەمەوێت کە بە باشترین ڕستەکان زەمینە و ژینگەی ئەوە بۆ نەوەکان خۆش بکەم کە بە تەوانا و بە هێز بڕۆن و ئاسۆکان و بەستراوەکان بکەنەوە.

لە بیرمە کە لە لادێ کەرێک لە ناکاوە پەیدا بوو. کەرەکە هەندێک برین لە پشتی دیار بوو، دیار بوو کە ئاژەڵی دڕندە پەلاماری دابوو. هەستم کرد لە بێکەسی و ترس هاتبوو بۆ ئاوایی ئێمە. منداڵەکان لە دەوری کۆ بوونەوە و کردیانە هات و هاوار و خۆیان دەدایەسەر پشتی کەرەکە و دەیانەویست سواری ببن. کەریش بە کەری خۆی هەستی بەوە کردبوو کە ئەم منداڵانە بەس دەیانەوێت کە تاوێک سوار ببن و چێژێک ببینن. ئەوەندە هات و هەرایان کرد و کەریان نەقیزەدا، کەر جووتەی دەخست و سەڕەی دەکرد. کەس برین و خوێنی لەشی کەری بۆ گرنگ نەبوو. نۆرەی من هات کە سوار کەر ببم و دەورێک بە کەر بدەم. منیان سواری کەر کرد، پشتی کەر زۆر لە زەویەوە نزیکە. منداڵەکان هەر هەموویان لە دەوری کەرەکە کۆ بوونەوە و هەوساری کەرەکەیان بە دەستەوە گرتبوو. منداڵەکان هەر حەزیان لەو زڵە زڵ و هات و هاوارە بوو. سواری کەرەکە بووم، وتم بە منداڵەکان کە دەمەوێت بە تەنیا کەرسواری بکەم. لە کاتی گەڕانەوە بۆ لای منداڵەکان، کەرەکە سمی لە بەردێک نیا و من بە سەرەوە دام بە زەویدا و سەرم شکا. من هەرگیز لە بیرم ناچێت کە نە من وە نە هیچ یەک لە منداڵەکان چاومان برین و دەردی کەری نەدەبینی، بەس بە دوای خۆشی و سوارکاری خۆمان بووین.

هەروەها لە ناکاوە کەسێک بە چەند بەرهەمی ئەدەبیەوە پەیدا دەبێت، یان کەسێک باسی ناوێک بۆ نەوەکانی کورد دەکات کە ئەوە باشترین کەسە بۆ ئەوەی کە بە ناوی ئەوەوە نەوەکان فێری چوون بەرەو زانست ببن و بۆیان بکرێتەوە. نەوەکان دەبێت دەرو و پێگە و بەرهەم و پاشماوە و سەرجەم وردەکاریەکانی ناو و ڕوومەت و دەروونی ناوەکان بزانن، بۆ ئەوەی کە بزانرێت کێ بۆ وانەی پەروەردەیی، وە کێ بۆ پەندی پەروەردەیی باشە؟ کێ بۆ ڕاهینانە، وە کێ بۆ داهێنان؟ زۆرێک لە ناوەکان و کەسایەتیەکان وەک ئەو کەرە بریندار و داماوە، لە بێکەسی و ترس و داماوی خۆیان دەردەخەن و خۆیان دەکەنەوە، بەڵام نەوەکان و خوێنەر ئاگای لەوە نیە

که ئەو کەرە داما و بێکەسە بەس ئاماژە و نیشانەی ترس و هەراس و دڕندەییەکە کە زۆر نزیکە!.

هۆی ئەوەی کە حوجرە باسی ڕێگەی ناسین و ڕووناکی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵای نەدەکرد، ئەوەیە کە ئەو نەخشە و ڕێگەی کە موحەممەد هەڵیبژارد بۆ ڕووناکی و ناسین شایستەی هەر کەسێک نیە و هەر کەسێک بۆی نیە کە بە ناوی ئەوەوە فێری ناسین و ڕاستی ببێت. هەر ئەوە شایستە و لایقی موسوڵمانەکانە هەردەم ناوی بەرن و سەڵەوات لەسەر ناوی بدەن و ئەوەندە بەرزی بکەنەوە، ناوی خۆیانی لێ دوور بکەنەوە!.

# چیرۆکێکی قوتابخانەی سەرەتایی (١)

کتێبەکانی دەورەکانی خوێندنی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە سەرەتاوە وێنەی خومەینی پێوە بوو. من و زۆرێک لە منداڵەکان نەماندەتوانی کە ئەو وێنە هەر وەک خۆی بە بێ دەستکاری بهێڵینەوە. بە پێنووسی سوور و سەوز سمێڵمان بۆ خومەینی دروست دەکرد یان چاویلکەیەکی ڕەشمان دەنایە سەر چاوی و ئیتر هەر بە خواستی خۆمان سەر و چاوی خومەینیمان دەڕازاندەوە. هەندێک جار ئەوەندە لەو وێنە پەست دەبووین، دەماندڕی و لە کۆڵمان دەکردەوە.

لە پۆلی پێنجی سەرەتایی لەسەر پۆل دانیشتبووم لە ناکاوە چەند مامۆستایەک خۆیان کرد بە ژووری خوێندن و دەرگەکەیان داخست و وتیان کە دەبێت کتێبەکانتان دەربهێنن بۆ ئەوەی کە سەیری ئەو لاپەڕە بکەین کە ڕەسمی ئیمام خومەینی پێوەیە. ترس و هەراس من و چەند دۆستێکمی گرت و کەوتینە پەلە پەل و بە پەلە کتێبەکانمان دەرهێنا و سەیری لاپەڕەکانمان دەکرد و پەلەمان بوو کە تا ئەو کاتەی نۆرەی ئێمە دێت، وێنەکان بدڕین و ونی بکەین. کوڕێکی کورد کە لە تەنیشتی من بوو، کتێبەکانی بردە بن مێزەکە و بە ئەسپایی وێنەکانی خومەینی دەدڕاند و لاپەڕەکانی گوڵمۆچە دەکرد. بە ترس و هەراسێک کە لە ناوچاوانی دەرکەوتبوو، وتی: بە خوا دەمانگرن و تێرمان لێ ئەدەن!.

لەگەڵ ئەوەی لە سەیری کتێبەکانی خۆم دەکرد وتم: چیە؟ چەند وێنە لە کتێبەکەی تۆ ماوە، چیت لە سەر و چاوی خومەینی کردووە!؟

وتی: پەنجەرەکە داخراوە، نە دەتوانین کە وێنەکان فڕێ بدەین، وە نە دەتوانین کە بیدەین بە دەستی مامۆستاکانەوە!.

کوڕێکی کوردی تر کە لە دواوە دانیشتبوو، بە خەیاڵی ئاسوودە وتی: بە خوا براکەم هەر هەمووی دڕاند...

دەستی برد و دای بەسەر شانی ئەو کوڕەی کە دەترسا و وتی: بیخۆ، بینە ناو دەمت و قووتی بدە!.

کوڕەکە بە پەلە سەری بردە بن مێزەکە و لاپەڕەکەی ناوە نێو دەمی و هەرچی دەکرد کە بە ئاوی دەمی قووتی بدات، نەیدەتوانی. لە بن مێزەکە سەری بەرز کردەوە و وتی: ناچێت... شل نابێت!.

کونێکی ئاسنینیم لە تەنیشت مێزەکە بینی و بە پەلە وتم: بیدە بە من، دەیخەمە ناو ئەو کونەوە.

بە تەڕی لە ناو دەمی دەریهێنا و دای بە دەستی منەوە: هەر ئەم وێنە ماوە، ئەوانی ترم دڕاندووە.

هەر هەموو وێنەکانم خستە کونی مێزەکە و لەو هەراس و ترسە ڕزگارمان بوو.

مامۆستا هات و وتی بە من کتێبەکانت دەربهێنە. منیش دەرمهێنا و دام بە دەستی مامۆستاوە. هەر چەی سەیری دەکرد نە وێنەی دەبینی وە نە شوێنەواری لە وێنەکانی دەدۆزیەوە. وتی: چیت بەسەر وێنەکانی حەزرەتی ئیمام هێناوە!؟

منیش ترسام و وتم: بە خوا ئاغای موعەلیم برا بچکەلەکەم هەر هەمووی دڕاندووە!.

مامۆستا وتی: بڕۆ دەرەوە دەی، قسەی خۆشت بۆ دەکەم!.

مامۆستایەکی تر لەوبەرەوە نەرمە پێکەنینێکی کرد و وتی: ئەمانە خوەشیان لە ئیمام نایەت!.

نۆرەی کوڕە کوردەکەی تر گەیشت و ئەویش سەری کردە خوار و وتی براکەم وای لێ کردووە. مامۆستا خۆی تووڕە کرد و وتی: درۆزنگەلی سەگبابەکان، خۆتان دڕاندووتانە، دەیخەنە ملی برا چکۆلەکانتان، ئەی برای چکۆلە دڕاندوویە، بۆ لاپەڕەکانی تری نەدڕاندووە، ها!؟

هەفت هەشت منداڵیان دەرهێنا و بردمانیان بۆ ئیدارەی قوتابخانە. ترسی ئەوەمان هەبوو کە لە قوتابخانە دەرمان بکەن یان کێشەی گەورەترمان بۆ دروست بکەن. کاغەزێکیان بە ئێمەدا و وتیان کە دەبێت هەر هەمووتان ناوی خۆتانی لە ناوی بنووسن و هۆکاری دڕاندنەکەش بنووسن و پەیمان بدەن کە ئیتر وێنەی ئیمام نەدڕێنن.

ترس دڵی منی گرت، ناوی خۆمان نووسی و بە بێ ئەوەی کە دەستمان پێوە بدەن، وتیان کە بڕۆنە پۆلەکانتانەوە. لە ڕێی چوون بۆ پۆل بە کوڕە کوردەکەم وت: بە خوا ئەو ناوانە لە لایان دەمێنێت و لە داهاتوو ئەمانناسن و ناهێڵن کە بچین بۆ زانکۆ، لەبەر ئەوەی کە پێیان وایە دژی ئیمامین.

ساڵی دوای ئەوە و لە دەورانی ناوەندی ئیتر وێنەکانی خومەینیمان نەدڕاند، هەر وەک خۆی مایەوە و ترسی ئەوەمان لادا دروست ببوو کە ئەگەر جارێکی تر بمانگرن، ئەوە کێشەیەکی گەورەمان بۆ دروست دەکەن.

پاش ئەوەی کە چوومە حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری و وانەکان و کتێبەکانی دینیم بە دەستەوە گرت، جۆرە ڕق و نەفرەتێکی تر دڵ و دەروونی منی گرت و بووە هۆی ئەوەی کە بە نابەدڵی کتێبەکانی دین بە دەستەوە بگرم.

لە دەورانی فەقێیایەتی، خوێندن و کار کردن لەگەڵ وێنەکان و چیرۆکەکان بە وشە و ڕستەکانە. سەرتاسەری باسەکانی دین هەر هەمووی وێنە و چیرۆک و بەسەرهاتە، هەر هەمووی ئەوانەش بە ڕستەکان دامەزراوە. لە دەورەی حوجرەدا بە جۆرە وێنە و خاوەندارێکی تر گیر و گیرۆدە ببووم کە بووە هۆی ئەوە دڵ و دەروونی من پەرێشان بکات.

قورئان بۆ من نووسینێک بوو کە باس لە دەستە دەستە وێنەکانی جەهەننەم و ئاگر و قەبر و قەیامەت دەکات و دەرفەتێک بۆ دەربازبوون نیە و هەر هەمووی ژیانمان لە کوفر و خەسارەت بەسەر دەچێت و لە ئاگری جەهەننەم دەسووتێن و بە تڕی سەگدا دەچن و کارمان تەواو دەبێت. وێنەکانی ترساندن و تۆقاندن و لێدان لە قورئان زۆر فراوانە. نەک تەنیا لە وێنەکانی قورئان بەڵکو لە کتێبەکانی خوێندن ئەوەندەی تر وێنەی ترسناک و تۆقێنەری هەبوو، دڵ و جەرگی ئێمەی هیلاک کردبوو. کتێبێک بە ناوی تەسریفی مەلا عەلی ئەشنەوی و نەحوی جامی هەبوو کە لە یەک کتێب چەند دەقی هەبوو. دەقێک کە ئەسڵی نووسینەکەیە، لە تەنیشت ئەو دەقە، چەند دەقی تر لە پەراوێز هەبوو کە بە خەتی دەستی و خوار و لار لە پەراوێزی کتێبەکە نووسرابوو. ئەو جۆرە دەقانە ئەوەندەی تر بووە هۆی ئەوە کە دڵم لە زانستە دینیەکان ناخۆش بێت.

بۆ من بووە پرسیار کە ئەگەر قورئان هەر باسی ئاگر و جەهەننەمە، ئیتر سەرف و نەحو و شیکاری ئەدەبی و زمانی چ سوود و دەورێکی هەیە!؟

کاری خوێندنی زانستە دینیەکان ئەوەیە کە فەقێ تەوانا بکات کە بەسەر وینەکان زاڵ بێت وە شایستەیی ئەوەی پێ ببەخشێت کە وێنە بە وشەکان دروست بکات وە وێنەکان لە ئەدەبێک بە کار ببات.

حوجرەکان فەقێیان دەکردە مەلا، وە مەلایان بۆ خەڵک دروست دەکرد. خەڵکیش دەبێت کە کاری گەلی و گەللەیی لەگەڵ بکرێت. کاری گەلی و گەللەیی کردن مەبەستم ئەوەیە کە خەڵک بە وشەکان و ڕستەکان دەبێت داگیر بکرێن و بەسەریاندا زاڵ بیت. دەبێت کە خەڵک لە جەهەننەم ئاگادار بکەیتەوە. جەهەننەم، ترساندن و تۆقاندنی بونیادی لەش و هۆشی مرۆڤە.

مامۆستاکانی حوجرە نەیاندەزانی کە خوای مەزن زۆرپەی وێنەکان کە لە قورئان هاتووە بۆ خەڵک دایتاشیوە، خەڵکیش بە جەهەننەم نەبێت، بە هیچی تر دەست و دەمیان لە شەڕ و درۆ ناپارێزن. لە ئایەتی(٣٩ و ٤٠)[10] ی سوورەتی نوور وێنەیەک بە وشەکان دروست دەکات، کە

[10] _ و الذین کفروا اعملهم کسرآب بقیعة یحسبه الظمان مآء حتی اذا جاءه لم یجده شیا و وجد الله عنده فوفه حسابه و الله سریع الحساب(٣٩) او کظلمت فی بحر لجی یغشه موج من فوقه موج من فوقه سحاب ظلمت بعضها فوق بعض اذا اخرج یده لم یکد یراها و من لم یجعل الله له نورا فما له من نور ( ٤٠ النور)

ئەگەر ئەو وێنە بۆ خەڵک بە کاری بەریت، ئەو خەڵکە خوێن و گۆشتیان بۆی شل نابێت، خەڵک تەنیا گۆشتیان بۆ ئاگری جەهەننەم موچڕکە و بزە دەیگرێت، لەبەر ئەوەی خەڵک موژدە و سزا، وە خۆشی و ناخۆشیان دەوێت!.

حوجرەی ئیقباڵی لاهوری دەبوو کە دەستەیەک لە وێنەکان کە بۆ دروست کردنی زاناکان پێویستە بە کاری ببردایەت وە بە هاوکاری ئەو وێنانە نەوەکانی بۆ خوا، نەک بۆ خەڵک ئامادە بکردبایەت.

لە قورئان هاتووە کە ئەگەر بمانەوێت، مرۆڤ کەڕ و کپ و کوێر دەکەین. ڕستەکانی قورئان تەوانی ئەوەی هەیە کە خوێنەری خۆی بینا یان کوێری بکات، کەڕ و کەر یان بیسەری بکات. عەرەب بۆ ئەوەندە کەڕ و لاڵ ماوەتەوە، بۆ ئەوەندە عەرەبەکان بە دەبەنگ و گێل و نەزان دەناسرێن!؟ قورئان و ئیسلام دەستی هەبووە لە کەڕ و کپ کردنی کەلەی عەرەب. وێنەی عەرەب و قورئان وەک ئەو کەسەیە کە مانگایەکی هەیە، ئەو مانگا شیری زۆری هەیە کە بیبەخشێت، کابرای خاوەن مانگا بۆ ئەوەی کە دەمی بە شیری مانگا بگات، دەیەوێت کە سەری مانگا ببڕێت و پێستی بکەنێت و لە ڕێگەی دڕاندنی لەشیەوە بە شیری ئەو مانگا بگات، دەیەوێت کە بە خواستی خۆی کونێک لە گوانی مانگا بدۆزێتەوە و دەم بەو کونەوە بنێت کە خۆی لە گوانی مانگا دروستی دەکات. ئەو کابرا نەزانە، بۆ ئەوەی کە دەمی بە شیری سپی مانگا بگات، دەستی بە خوێنی سووری مانگاوە تێکەڵ دەکات!.

ئەدەبی قوتابخانەی فارسی و حوجرە پێش ئەوەی کە دەم و دەستی منداڵان بە خۆیان خەریک بکەن، چۆک بە منداڵەکان دەدەن. مەبەستم ئەوەیە کە بە وێنە و سوورەتێک " پیرۆز بوون" لە پێش هەر شتێک دادەنێن. ئەدەبی پەروەردەی فارسی و حوجرە پێش هەر شتێک هەستی نەفرەت و وەڕەسی لە گیانی من هەڵخزاند. هەر ئەم هەستە منی لێیان دوور کردەوە. من بە چۆکەوە لەگەڵ ئیسلام نەمامەوە. من ئەو پیرۆزی و گەورەییەی ئیسلامم شکاند و لە ئیسلام و حوجرە دوور کەوتمەوە. هەمووی دەگەڕایەوە بۆ ئەو خاڵە کە پێش ئەوەی مرۆڤ تێگەیەنن و بیکەنەوە، مۆر و خەتمی مرۆڤ دەکەن و دەیبەستنەوە و دەستی خۆیان دەکەنەوە.

لە ڕاستیدا من لە سوورەتی فاتیحەوە نەبوو کە بۆم کرایەوە، بەڵکو لە کۆتایی و لە سوورەتی ناسەوە قورئانم بۆ کرایەوە. پاشان زانیم کە پەروەردەی فارسی وەک پووشی پاییزە. پووشی پاییز ئەوەندە بێکەڵکە کە نە جووتیار کۆی کردووەتەوە و نە پەزوپۆڵەکان بە دەمیان گرتووە!.

# پێگێڕاوەکان و وەرگێڕاوەکان

"هەندێک لە دەروون و ڕوومەتەکان، هیچ جۆرە زەمینەیەکیان تێدا نیە کە ببن بە دۆست و ئاشنای یەکدی، وە چارەی یەکدیان بە هیچ شێوەیەک ناوێت."

# لە حسێنی کەربەلا تا سارتری پاریس

بەهارێک بۆ سەردان چووم بۆ شاری تاران، بۆ سەفەر و کتێب کڕین، بۆ تەنیا کردن و دوور خستنی خۆم. ئەو سەفەرە بە خۆشی دەستی پێکرد، بەهار و هەوا خۆش بوو، ماڵەوەشمان ئەوەندە پرسیاریان نەدەکرد بۆ کوێ ئەچم و کارم چیە؟ لەبەر ئەوەی کە زۆر سقەیان بە من هەبوو.

ئوتوبوس لە ترمیناڵی شەهید کاویانی بەڕێکەوت و بە خۆشی و سەلامەتی پاش دە کاتژمێر، هەشت و نۆی بەیانی گەیشتم بە ترمیناڵی ڕۆژئاوای تاران. ماندوو و هیلاک بووم، ویستم هوتلێک بدۆزمەوە و ئسراحەتێک بکەم. هەروەهاشم کرد، چووم و لە ناسرخۆسرۆ(ناصر خسرو) ژوورێکم گرت و تا ئێوارەکەی خەوم لێکەوت. ئەڵێن خەوی ئێواران حاڵی مرۆڤ تێک ئەدات، کە لە خەو هەڵسام، حاڵم خۆش نەبوو، وەک ئەوەی کە لە ماڵی باوکم بم و بیر لە باس و بابەتە هەمیشەییەکانی خۆم بکەم. ئەو حاڵ و ئەو ئێوارەیە و برسیەتی، پرسیارێکی لە ناکاوەی بۆ من دروست کرد: چۆن فارس و ئێرانی لێک ئەدەیتەوە!؟.

لە جێگەی خۆم هەڵسام و چووم لە پرسگە داوای قۆریەک چام کرد. ئەوەندەی نەبرد، کابرایەک بە سینیەک چا و قەندەوە هات. لە بیر و خەمی وەڵامی ئەو پرسیارە بووم. ئەو پرسیارە پرسیارێکی نوێ و تازە نەبوو. من بە دەگمەن سقە بە هاتنی وەڵامی پرسیاری نوێ دەکەم. ماویەکی زۆر ئەو پرسیارە یەخە و بەرۆکی منی گرتبوو، بۆ وەڵامی کورت و یەکلاکەرەوە دەگەڕام. ئەو پرسیارە وەک شنە بایەک لە ناکاوە هات و منی گرت، هەر چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد کە ئەو پرسیارە لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنم بۆ تاران خۆی لە من قیت بکاتەوە!.

بیری منداڵی و شەوانی ئەربەعینی حسێن کەوتم. بیری مامۆستا فەریبورز و نووسەرانی فەرەنسە کەوتم. کەوتمە بیری وشەی عەرەبی( توکل توسل، اقتداء). خودی ئەو جۆرە بیر کردنە شێواو و شپرزانە منیان بۆ ئەنجام و دەرهاتی دروست دەبرد. فارسەکان دوو دەستەن، دەستەیەک ڕوویان لە حسێن و کەربەلایە، دەستەیەکی تر ڕوویان لە ڕۆژئاوا و لەندەن و فەرەنسەیە.

بە خۆمم وت: جا دەرخستنی ئەم قسەیە چۆن هاوکاری من ئەکات؟

فارسەکان و ئەو ڕۆحەی کە لە دەم و سینگی ئەدەبی فارسی هاتووەتە دەرەوە، هەردەم لە ڕێگەی وەرگێران و دەستپێوەگرتن بە کەسێکی گەورەتر، کەسێک کە ڕوو لە ڕاستی و ناسین ئەکات، خۆیان دەربڕیوە. ئیتر ئیمامی حسێن و ژان پول سارتر، ناویان وەک کۆڵەکە و مەزارگەیەکە کە فارسەکان لە دەوری دەسووڕێن و خۆیان خەریک ئەکەن. گەر سەیری ئێران و شارەکانی ئێران بکەیت، ئەبینیت کە مەزارگە زۆر دروست ئەکەن و لە دەوری ئەو مەزارگانە گەردش و دۆعا و یادی خۆیان ئەکەنەوە. فارسەکان، مەزارگەکان دەبەنە ناوشارەکان و شاری ئەکەنەوە.

هەرچۆن پێشتر باسم کرد، فارسەکان فەرهەنگی چاخانە و قاوەخانەیان لە فەرەنسەویەکان وەرگرت و لە چاخانەکان بە پاڵدانەوە و دانیشتن باسی ڕێگەی ڕاست و ناڕاست ئەکەن. فارسەکان و ئێرانیەکان(فارسەکان ڕۆحی خۆیان بە نەتەوەکانی تری ئێران داوە) پەروەردەیەک لە ناویان دروست بووە کە مرۆڤە تاکانە و تاقانەکان، ئەو کەسانەی کە ڕاستەوخۆ و بوێر شەڕی ڕووناکی و ترسی تەنیایی و تاریکی ئەکەن، تێیاندا نازێت. ئیتر سەرجەم ناوەکانی کۆن و نوێی ئێرانی، یان ڕوویان لە حسێن کردووە یان لە ڕۆژئاوا. ناوەکانی ئێرانی وەک ژنێکی سەماکەر، پێیان خۆشە کە مەزات و بەزم و دەف و دایرە و دەنگ و هەرایەک هەبێت و ئەوان سەماکەری ئەو مەزات و بەزمە بن. فارسەکان سەمای خۆیان لە مەزاتی ناوەکان ئەکەن، شیعری خۆیان بۆ ناوەکان ئەنووسن.

پێستی مار لەسەر پێست و قەوسەکانی لەشی ژن، بە خۆشی و ئەسپایی جووڵە ئەکات. کاتێک دوو دژی دژ بە ڕاستی یەک ئەگرن، ڕاستی زۆر دوور ئەکەوێتەوە!

بۆ من پرسیار بوو کە بۆ فارسەکان دەیانەوێت(وحدت) یان یەکتایی قیبلە و ڕووگە تێک بدەن!؟ بۆ فارسەکان کەربەلایان لە مەکە و کەعبە پێ گرنگترە!؟ بۆ پەرە بە فرەیی و شێواندن و شپرزە کردنی ڕێگەکان ئەدەن!؟.

لەم هەست و هزرانە بووم، هەستم بە تەنگی هەناسە کرد. هەستم کرد کە هاتنی من بۆ تاران زۆر بێکەڵکە. هەستم بە سووکی و چکۆلەیی کرد کە هەنگاو و پێم لەسەر خاکی تاران داناوە. بە خۆمم وت: ئاخر بۆ ئەوەندە هەنگاو و پێی خۆتت بۆ گرنگە!؟ پێت وایە کە تۆ کێیت!؟ ئەم قسانە چ کاریگەریەکی هەیە؟.

بە دڵنیایی ئەو کەسانەی کە یەکتا و تاقانەن، دەست و دەم تەنیا بە ناوی خوای گەورە ئەگرن. پەیامهێنەری ئیسلام ژیر و ئاگاە بوو کە نەیهێشت فەرموودەکان و حەدیسەکانی بنووسن، ئەیزانی کە ناو و کتێبی تاکانە و تاقانە بەس ناو و کتێبی خوایە و هەر ئەوە بەسە. هەربۆیە بۆ من ڕوون بوو کە دەبێت دەست و دەم و دەروون لە هەرچی ناوە، چ داهێنەرەکان کە هەوڵ ئەدەن خالق و یەکتا خۆیان بنوێنن و دەرخەن، وە چ وەرگێڕەکانی (ئیتر چ نموونەی کەربەلایی و چ نموونەی فەرەنسەوی) خۆم پاک و خاوێن بکەمەوە. لەبەر ئەوەی کە من لە دەروونی خۆمەوە هەستم بەوە کرد کە من کەسێکی خاوەن دیو و دیوەخانم، کەسێکم کە سەما لە مەزاتی ئەوانی تر ناکەم.

هەر وشە و ناو و نەتەوەیەک دەور و پێگەی خۆی هەیە. کەس کەم نیە و هەموو خاوەن پلە و پێگەی تایبەتی خۆیانن، فارسەکانیش هەروەها جێگە و دەور و پێگەی خۆیان هەیە. فارسەکان سەمای مەزاتی ناوەکان ئەکەن، بەڵام من وەک کورد، بە هاوکاری وشەکان و خوێنی کوردی دەروونم هەستم بەوە کرد کە کورد سەماکەری مەزات نیە، بەڵکو وزە و زەمینەی ئەوەی تێدایە کە مەزات و بەزم دروست بکات و سەماکەران بهێنێتە سەما! بەڵام بە داخەوا کە سیاسیە

وەرگێڕەکانی کورد و دەستە نەزان و کاولکەرەکان، توخم و توی نەوەکانی کوردیان دەستکاری کرد.

ئەو هەست و بیرکردنەوانە وای کرد بڕیار بدەم کە ئیتر کتێبی فارسی نەکڕم، هەربۆیە لەو سەفەرە لە جیاتی ئەوە کە بڕۆم بۆ کتێب فرۆشیەکانی تاران، خۆم بە جوانیەکانی ناوشار خەریک کرد و پاش چەند ڕۆژ گەڕامەوە بۆ کرماشان.

فارسەکان گەر وەرگێڕ و سەماکەری ئەدەب و کۆڕی ئەوانی تر بن، بە عەشق و بۆ خۆشی خۆیان ئەیکەن!.

## پێگێڕاوەکان و وەرگێڕاوەکان

چیرۆک و بەسەرهاتی مامە نادر(پیاوێکی خەڵکی ئاوایی ئێمە) لە نێو خەڵکی ئێمە بووە پەند و باسێک کە خەڵک بۆ نەوەکانی خۆیان باسی دەکەن و دەیگێڕنەوە.

لەسەردەمی پاشایەتی ئێراندا، گەنجێک بە ناوی نادر بۆ کار و کەسابەت سەردانی شارەکانی ئێران دەکات و لە شارەکانی تاران و کەرەج و قەزوین دەمێنێتەوە. نادر کە خەڵک ناویان کردە مامە نادر، بووە پەند و باوی سەر دەمی خەڵک. مامە نادر بە قسەی خۆی لەو کاتە سەردانی تیئاتر و دیسکۆ و باڕەکانی تارانی کردووە وە خەریکی جگەرە کێشان و بیرە خواردن بووە. ئەو کاتە مامە نادر وەک گەنجێک لە دەشتی زەهاوەوە چووە بۆ تاران بۆ ئەوەی کە کرێکاری بکات. لەو دەورەدا کەس بۆ کار و کەسابەت ڕووی لە تاران نەکردووە، مامە نادر بە قسەی خۆی تەنیا کەس بوو کە لە ناوچەی دەشتی زەهاو سەردانی تارانی کردووە. ئەو کاتە مامە نادر خەریکی کار و ڕابواردن و خۆخۆش کردن بووە، بە قسەی خۆی ئەو کاتە مۆدێلی سەری فۆکۆلی کردووە وە وەک هیپیەکان جلی لەبەر کردووە وە چاویلکەی ڕەشی لە چاو کردووە چووە بۆ باڕەکانی ئەو کاتەی تاران. بۆ منی دەگێڕایەوە کە ڕۆژێک بە سەرخۆشی سەری خۆی کردووە بە باڕ و کابارەیەکدا، لەو کابارە سوسەن گۆرانیبێژی ئێرانی خەریکی سەما و گۆرانی بووە، ئەویش کە چەند یەک تمەنی و دوو تمەنی ئاسنی لە گیرفان بووە، داویەتی بەسەر قوونی سوسەندا!. مامە نادر دەیوت کە خەڵک لەبەر جوانی و سەما و سەرخۆشی پارەی ئاسنیان لە گیرفان دەردەهێنا و دەیاندا بەسەر قوونی سوسەندا. مامە نادر لە سەردەمی پیری خۆی ئەو باسانەی بۆ من دەگێڕایەوە. کاتێک کە باسی تمەنە ئاسنیەکان و قوونی سوسەنی دەکرد، دەم و چاوی خۆشیەکی تێدەکەوت و پێدەکەنی!.

پاش ئەوەی کە مامە نادر بۆ سەردان دەگەڕێتەوە، ئیتر خەڵک بە مرۆڤێکی تر دەیناسن و جۆرێکی تر سەیری دەکەن. بە قسەی خۆی، نادرێک لە چوو بۆ تاران ئیتر نەگەڕایەوە، ئەوە نادرێکی تر بوو کە گەڕایەوە بۆ دەشتی زەهاو.

مامە نادر وتی: بە چاویلکەی ڕەش لە ناوی خەڵکدا هات و چۆم دەکرد، بە پەنتۆڵێکی چارلستۆن و کراسێکی قۆڵ کورت و بۆنی خۆش دەچوومە ناو خەڵکەوە. تا ئەوەی کە ڕۆژێک باوکم پێمی وت کە ئەمڕۆ شێخ و دەروێشەکان دێن بۆ ئاوایی و مەجلیسی زکر و دەف و دایرەیە!.

مامە نادر پێکەنی و وتی: منیش پرچم درێژ بوو، بەڵام ئەو پرچە درێژەی کە من لە تارانەوە هێنا بووم، وەرگیراو لە مۆدێلەکانی ئەمریکی بوو کەلە تارانی ئەو کاتە باو بوو.

مامە نادر ئەو ڕۆژە کە ئەو بەسەرهاتەی کۆنی بۆ من دەگێڕایەوە، ڕۆژێکی هاوینی بوو. من و ئەو لە ژووری دانیشتنی ماڵی باپیرم دانیشتبووین. ئەو کاتە مامە نادر گوشارێکی لەسەر بوو کە نەیدەتوانی خەوی نیوەڕوان بکات. منیش بە دەرفەتم زانی کە لەبەر بای موبەڕیدە و فێنکی ئەو نیوەڕوانە باسی ئەو کاتەی خۆی لێ وەربگرم. مامە نادر زۆری پێ خۆش بوو کە من هەواڵی ئەو کاتەی لێ وەردەگرم، وە بە خۆشی دەزانی کە بگەڕێتەوە بۆ باسی ئەوە کاتە، بە شەوقی ڕوومەتیەوە ئەوەم زانی.

مامە نادر وتی: کە مەجلیسی دەف و دایرە کرایەوە، دەروێشەکان سەر و دەستیان بەرز دەکرد و بە پرچیان گەمەیان دەکرد. زکری خوا و دەف و هەرا، خەڵکی ئەوەندەی تر کۆ کردەوە. سەر و پرچی من لە ناوی خەڵکدا دیار بوو، کەس چاویلکەی لە چاو نەدەکرد، خەڵک زۆرپەی نەیاندەزانی کە چاویلکە چیە!؟. ئەو سەردەمە هەر ناوچەیەک شێخێکی هەبوو، خەڵکی ئێمەش دەروێشی بنەماڵەی شێخ سەفایەدن بوون. جەنابی شێخیش کە لە هەویوان دانیشتبوو، هەر چاوی لەسەر من بوو، وتبووی بە باوکم: ئەڕێ دەروێش غەفوور ئەم کابرا بەم چاویلکە و شەرواڵەوە کێیە لەم مەجلیسەدا!؟ باوکم وتبووی جەنابی شێخ ئەوە نادری کوڕمە. شێخ بە سەیر لێ هاتن وتبووی: نادری کوڕت!؟ باوکیشم وتبووی: بەڵی قوربان!.

مامە نادر وتی: هەر ئەوەم زانی کە جەنابی شێخ سەر و پرچی منی گرت و وتی: نالە ئەم سەر و پرچە چیە کە هێناوتەتەوە لە تاران؟ هەی گوو بە ئەو سەر و پرچەت بێت!.

مامە نادر وتی: ئیتر دەشتی زەهاو و شێخ و خەڵکم لەبەر چاو کەوت و هەوڵی ئەوەمدا کە بە زووترین کات بگەڕێمەوە بۆ تاران و ئیتر نەگەڕێمەوە.

پاش ماوەیەک دایکم بەسەرهاتێکی تر لە مامە نادر گێڕایەوە، وتی: لە پاش ئەوەی کە ماوەیەک مامە نادر لە تاران دەبێت و دەگەڕێتەوە، پێی دەڵێن کە ژن بخوازە. ئەو سەردەمە کوێخای ئاوایی بە دەست و بردێک کە هەیبووە، گوشاری لە سەر مامە نادر خستووە کە ژنێک بۆ خۆی بخوازێت و دانیشێت. ئەو کاتە کوێخا ئەحمەد بانگی دەکات و پێی دەڵێت کەنیشکی فلان کەس و کەنیشکی فلان کەس هەیە، هەر کامەیانت دەوێت لە خۆتی مارە بکە. مامە نادر ئەو کاتە قسەیەک دەکات و لە بیر و ئێسکی خەڵک دەچێت و هەردەم دەڵێن کە مامە نادر ئەو کاتە ئاوەهای وتووە، مامە نادر وتوویە: من سوخمە لەبەر ناخوازم!.

باوکم بەسەرهاتێکی تری لە مامە نادر گێڕایەوە، وتی: من منداڵ بووم کە مامە نادر لە بن سێبەری دیوارەکانی ئاوایی دادەنیشت و ڕۆژنامەی بە دەستەوە دەگرت. ئەو کاتە خەڵک لەوەدا مابووەوە کە ئایا بەرگی ڕۆژنامە کە بە لای گا و گوێرەکە خۆشەویستە، بۆ ئەوە دەبێت کە بیدەیت پێیان بیخۆن یان نە!؟ ئەو کاتە کە مامە نادر ڕۆژنامەی لە بن سێبەری دیوارەکان بە دەستەوە دەگرت و دەیخوێندەوە، خەڵک بە دوای پەز و پۆڵەکان لە دەرودەشتەکان وێڵ و سەرگەردان بووە.

مامە نادر لە بەرەتای شەڕی ئێران و عێراقدا لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵک ڕەوانەی عێراق دەبێت و لە کەمپی ئاڵتاش بۆ ماوەی بیست ساڵ دەمێنێتەوە. مامە نادر بە قسەی خۆی دەکات و سوخمە لەبەر ناخوازێت و هەتاوەکو ئێستە کە لە پیریدایە، بێ ژن و منداڵ ماوەتەوە. هەر وەک مامە نادر کە بە بێ وەچە و گوردە مایەوە، بنەماڵەی شێخەکانیش کە خاوەنداری خەڵکیان دەکرد، لە ڕەگ و ڕیشەوە لە ناو خەڵک بڕانەوە و کۆتایی بە دەسڵاتی ئەوانیش هات!.

مامە نادر یەکێک لەو کەسانەیە کە بە خواست و خۆشەویستی خۆی لە تارانەوە شێوەی ژیان و مۆدێلەکانی ژیانی هەڵدەبژێرێت و بۆ ژیانی تاقانەی خۆی بە کاری دەبات و لە پێناو ئەو وەرگێڕانە گیان و ژیانی قوربانی دەبێت و لە نێو خەڵکدا دەبێتە پەند و وانەیەک بۆ ئەوەی کە نەوەکان بترسێنرێت. مامە نادر ئەو شێوە ژیانەی بۆ کەسانی تر وەرنەگێڕا، بەڵکو بۆ ژیانی خۆی وەریگرتبوو، وە بۆ خۆشی ژیانی لەگەڵ فارسەکان دۆستی کردبوو.

هەروەها کەسێکی وەک سادقی هیدایەت کە وەرگێڕی کافکا و سارتری فەرەنسەویە، بە خۆشیەوە بۆ شێوەی ژیان و نووسینەکانی خۆی ئەو بەرهەمانە وەردەگێڕیت و بەکاری دەبات. هیدایەت بە وەرگێڕێک دەناسرێت کە بۆ خۆی هەوڵی داوە، ئیتر چ کەسانی تر ئەو بەرهەمەیان بوێت یان نەیانەوێت. لێرە من دەمەوێت کە وشەی وەرگێڕ لە وشەی پێگێڕ جیا بکەمەوە. هەروەها دەمەوێت کە وشەی وەرگێڕی سیاسی لە وشەی وەرگێڕی ئەدەبی جیا بکەمەوە، هەروەها وشەی وەرگێڕی سیاسی و وشەی پێگێڕی سیاسی جیا و شل و شی و شیتەڵ بکەمەوە.

فردریک نیچە وەرگێڕی ناوی زەرەدشتە، ناسری سوبحانی وەرگێڕی ناوی سەید قوتبە، سادقی هیدایەت وەرگێڕی ناوی کافکایە. مامۆستا هەژار پێگێڕێکی ئەدەبیە کە بە خواستی فارسەکان بەرهەمەکان دەگێڕێتەوە. مەسعود بارزانی پێگێڕێکی سیاسیە کە بە خواستی ڕووسەکان و ئەمریکیەکان، ئەدەبەکان و نەخشەکان بۆ کورد دەگێڕێت.

سیاسیەکان جادەکان دروست دەکەن و قوتابی و خوێندەوانەکان پێی لەسەر دادەنێن. کاتێک کە سادقی هیدایەت سەردانی ڕۆژئاوا دەکات و لەگەڵ فەرەنسە ئاشنا دەبێت، لەگەڵ نووسینەکانی فەرەنسە ئاشنا دەبێت و دەچێتە دڵیەوە. سیاسیەکانی فارس نەیانوت کە سادقی هیدایەت دەبێت کە کافکا بۆ فارس وەربگێڕێت، بەڵکو ئەوان بەس ڕێ و جێیان بۆ هیدایەت خۆش کرد کە بزگیری و جامبازی ناوەکان و بەرهەمەکان بکات. فارسەکان لە ڕێگەی بەرهەمە ئەدەبیەکانەوە نەوەکانی فارسیان بە ناوەکانی فەرەنسەوە ئاشنا کرد. هەر لە ناو ئەو وەرگێڕانەوانە بوو کە

ناوەکانی داهاتووی ئێران دروست بوون. بۆیە دەتوانرێت بوترێت کە سیاسیەکان دەستی یەکەمن بۆ گێڕانی ناوەکانی فەرەنسیەکان بۆ نەوەکانی فارس.

سەردەمێک باسەکانی مارکسیەکان و تەویرەکانیان لە نێو کورد گەشە و گەرای سەند و هەر دەم و دەستێک بە ناوی مارکسیەکانەوە خەریک بوو. بەرهەمەکانی شیوعیەکان بۆ کورد وەرگێڕدرا و نەوەکانی کورد بە ناوی مارکس و لنین ئاشنا بوون. بە شێوەیەکی زۆر و فراوان دەستەیەک لە ناوەکان دەرزیان بە دەستەوە گرت و ڕوومەتی نەوەکانی کوردیان خاڵکوتی کرد. کوردیش گەر بە ناوێکەوە گرتی وازی لێ ناهێنێت و پێوە خۆی دەبەستێتەوە. من باش دەمزانی کە زۆرینەی نەوەکان و ناوەکانی کورد باش پێیان " نەخوێنراوەتەوە". لە بیرمە لە کوردستان کاتێک کەسێکیان بە جۆرە قسە و باسێکەوە بدیبایەت دەیانوت: ئەمە بیری مارکسە!. ئەو کەسانەی کە قسەی وایان دەکرد، بەس ئەوەیان لە مارکس دەزانی کە دژی دین و خوایە. ئەو کەسانەش کە " بیریان مارکس" بوو، بەس دژایەتی خوا و دینیان لە مارکس وەرگرت!.

لە مزگەوتەکان و حوجرەکان بەها بەو کەسە دەدەن کە یەکەمجار قورئان بە کەسێک دەخوێنێتەوە. گەر ئەو کەسە کێشەیەکی هەبایەت و دەم و دەستی لەگەڵ قورئان ڕانەهاتبایەت و نەیتوانیبایەت کە قورئان بە باشی بخوێنێت، پرسیاریان دەکرد کە کێ یەکەم کەس قورئانی پێت خوێندووەتەوە، کێ ئیقرەی پێت کردووە!؟ مەبەستیان ئەوەیە کە ئەو کەسە کەسێکی نەزان و ناتەوان بووە کە نەیتوانیوە قورئان بە باشی لە دەمدا بگێڕێتەوە. لەبەر ئەوە کە بڕوایان ئەوە بوو کە یەکەم کەس دەتوانێت هەر وشە و ڕستەیەک کە بیەوێت بە دەمی نەوەکان بیگێڕێت.

من لە بیرمە کە لە زانکۆی سەلاحەدین دەستەیەک لە قوتابیەکان بۆ خوێندن ڕوویان لە رووسیە کرد و دەستەیەکی تر لە مامۆستاکانی ئەو قوتابیانە کە چوون بۆ ڕووسیە، ڕوویان لە ئینگلیس کرد. ئەو جادەی کە بۆ رووسیە دروستکرابوو، سیاسیەکانی کورد دروستیان کرد بۆ ئەوەی کە نەوەکانی کورد وەرگێڕی ناوەکانی ڕووسیە و ئینگلیس بن. ناوەکانی کورد بە قەسد و مەبەست بابەتەکانیان بۆ دەوترێت بۆ ئەوەی کە وەریبگێڕن بۆ نەوەکانی کورد. دامەزراندنی زانکۆ بە زمانی ئینگلیزی لە هەولێر و سلێمانی نیشانەی پێگێڕانی سیاسیە کە ئینگلیسەکان ئامۆژگاری بەو وەرگێڕانە دەکەن.

دوو پیاو لە دەشتی زەهاو دراوسێ بوون و هیچیان نەبوو بۆ ئەوەی کە بژێوی ژیانیان پێ بەڕێ بەرن. بڕیاریاندا بڕۆن لە ناوچەی کوێستانی کرماشان لە دەستی چەند خاوەن مەڕوماڵاتێک یەکی سەد سەر مەڕ بهێنن بۆ ئەوەی کە بە خێوی بکەن و دووکووت هەرچی خێری لێ کەوتەوە، لەگەڵ خاوەن مەڕدا بەشی بکەن. یەکێک لەو دوو پیاوە دەچێت بۆ لای خاوەندارێک و داوای لێ دەکات کە سەد سەر مەڕی پێ بدات بۆ ئەوەی کە بژێوی ژیانی خۆی پێ دەربهێنێت و لە لایەکی تردا نیوەی خێر و بەرەکەتی مەڕەکان بداتە خاوەندارەکە. خاوەن مەڕەکان ئەو پێشنیارە قبووڵ دەکات و سەد سەر مەڕ بە ئەو پیاوە دەدات و ئەو پیاوە بە سەد سەر مەڕەوە بە خۆشحاڵی دەگەڕێتەوە بۆ دەشتی زەهاو.

پیاوەکەی تر دەچێتە لای خاوەندارێکی تر و هەر ئەو داواکاریە دەکات و چاوەڕوانی وەڵامی ئاغا دەبێت. کابرایەک کە دۆستی ئاغا دەبێت و لەو کاتە لە لای ئاغا ئامادەیە، بە ئاغا دەڵێت: قوربان با قسەیەک بکەم کە بەهایەکی زۆری هەیە بۆ ئەو بڕیارەی جەنابت.

ئاغا دەڵێت: فەرموو دۆستی باش، تۆ جار و بار بە قسەکانت من لە شەڕ و بەڵا دوور دەکەیت، بەشکە ئەمجارەش بە قسەیەکت من یارمەتی بکەیت.

دۆستی ئاغا دەڵێت: قوربان ئەم دەشتەی کە ئەم کابرای لێوە هاتووە بۆ ئەوە نابێت کە سەد سەر مەڕی تێدا ڕابگیرێت. یەکەم هۆی ئەوەیە کە ئەم کابرا لەبەر نەداری خۆی هاتووە بۆ لای جەنابت، مەڕەکانی جەنابت ئێستە لە دەرودەشتێکی خۆش و بەرفراوان دەلەوەڕێن. دەشتی زەهاو بۆ مەڕداری دەبێت، بەڵام بۆ مەڕەکانی جەنابت نابێت کە لە ناز و نیعمەت گەورە بوون. ئەم کابرا شوێنی باشی نیە بۆ ئەوەی کە مەڕەکانی جەنابت تێدا ڕابگرێت، لەبەر ئەوەی کە لە ناوچەی گەرمیان نەخۆشی و مار و گەنە و دز و نەداری لە پاش شەڕی ئێران و عێراق بەربڵاوە، مەڕەکانی خۆت لە ڕەنج و دەرد و مەینەت مەخە. دوای ئەوە ئاغا گیان مەڕداری خاوەنی دەوێت، ئەم کابرا بە تاقی تەنیا هاتووە بۆ ئەوەی کە سەد مەڕ لە جەنابت وەرگرێت، سەد مەڕ بە کەسێک لە کوێستان ناچێت بۆ گەرمیان، هەروەها بە خزمەتی جەنابت بگەیەنم کە دەشتی زەهاو پڕ لە مین و تەقەمەنیە و هێشتا خاوێن نەبووەتەوە، هەر ساڵە چەندەها مەڕ لەو دەشتە دەبنە قوربانی مینەکان، هەروەها ئەوەندە پووش و گیا و کای نیە کە ئەم سەد مەڕەی جەنابت تێری لێ بخوات، مەڕەکانی جەنابت هەر ساڵە تۆ و بەرێکی باش دەبەخشن، گەر لە دەشتی زەهاو بلەوەڕێن، لەبەر نەبوونی گیا و کا خەڵک خەریکی خەلەخوەری و زیانین، جەنابت کە کابرایەکی دەست و ماڵ پاکی، خوای گەورە قبووڵ ناکات کە مەڕە پاکەکانت کە دەمیان بە حەرامەوە نەداوە، دەمیان بە گوناهەوە تێکەڵ بێت، ئیتر بەر و گۆشت و شیری ئەو مەڕانە شەڕ بۆ ماڵ و ژیانت دەهێنێت. هیوادارم کە بە گەورەیی خۆت ئەم قسانە بە ڕاستی و لەسەر دڵی پاکم لێ وەربگریت، من کابرایەکم جار بە جار هات و چۆی دیوەخانی جەنابت دەکەم، دەمەوێت کە توخم و تۆی ڕاست لە دەستی جەنابت بکەوێتەوە!.

ئاغا بە خۆشی دەڵێت: ئەی دۆستی باش، سەد ڕەحمەت لە گۆڕی باوکت بۆ قسەکانت، من قسەکانی تۆ بە ڕاست دەزانم و خوا تۆمان بۆ بپارێزێت بۆ قسەکانت.

ئاغا بانگی کابرا دەکات و پێی دەڵێت: بەداخەوا داواکاری جەنابت ڕەت دەکەمەوە وە ئامادەی ئەوە نیم کە مەڕی خۆم بە دەستی جەنابتەوە بدەم. ئێمە بار بە پشتی کەردا دەدەین، نەک بە سکی کەردا. کەسانێک پێیان وایە کە سکی کەر، بەشێک لە پشتی کەرە!. من بار بە سکی کەردا نادەم، من پشت و سک لە یەکدی جیا دەکەمەوە.

کابرای خەڵکی زەهاو دەگەڕێتەوە بۆ ئاواییەکەی خۆیان و باسی خۆی بۆ پیاوەکەی تر دەکات. کابرای تر پێی دەڵێت: ئاغاکان هەر هەموویان وەک یەک نین، هەیانە کە دۆستی ئامۆژگاریکەری نیە!.

مرۆڤەکان کە خەریک بە ناوەکان و نەوەکان دەبن، هەر هەموویان لە سەرچاوە و کانێک قسە و باسەکانی خۆیان دەردەهێنن و تۆی لێ هەڵدەگرن، کەسانێک لووت و دەروونیان بەرزە و بەها بە ناوە بەرزەکان دەدەن، وە کەسانێک لە خاوەندارەکان وەک ئەو باوکەیە کە بۆ ئەوەی منداڵەکەی هەست بە بەرزی بکات و دڵی خۆش بێت و سەفایەک بکات، دەینێتە سەر شان و ملیەوە و بەرزی دەکاتەوە.

ئەو کەسانەی کە دەکەونە شوێن ناوی دەستە وەرگێڕێک کە بە عەشق و خواستی خۆیان بە دوای ناوەکان دەکەون، ئەوە دەتوانم هیوا و ئومێدم هەبێت کە بگەن بە ناسین و ڕۆشنایی، بەڵام ئەو کەسانەی کە بەرهەمی پێگێڕانە سیاسیەکانن، هیچ دڵخۆشی و ئومێدێک نیە کە ناوی لایق و شایستەیان تێ بکەوێت.

هەروەک بەسەرهاتەکەی مامە نادر، لە پاش شەڕی ئێران و عێراق نە مامە نادر نەوەیەکی خستەوە، وە نە ئەو شێخەی کە ڕۆژێک سەر و پرچی گرت و لۆمە و بۆژەی کرد بۆ ئەو جۆرە جل و پۆشینە کە بردبوویە دەشتی زەهاو، هەروەها لە دەورەکان و لێدانە گەورەکان، وەرگێڕەکان و شێخەکان دەتووچێن و لەناو دەچن و نەوەیەکیان لێ ناکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی کە ئەو وەرگێڕی و شێخایەتیە لەبەر ناوی خۆیان و پێگەی خۆیان کراوە.

فردریک نیچە کە باسی زەردەشت دەکات، دڵی خۆشە کە باسی ناوێکی بەرز دەکات. نیچە پێش هەر شتێک باسی زەردەشت بۆ خۆی ئەکات، بۆ چارەسەری قەیران و نیگەرانیەکانی خۆی. کوردیش ئەوەندە داماوە کە دەیەوێت بە هاوکاری ناوی چیرۆکنووس و شاعیرەکان لە ناسین و دەرگاکانی ڕۆشنایی نزیک بێتەوە!

# عەلائەدینی سەجادی و جەودەلی دوورەکان

لە کەمپی ئاڵتاش جۆرە پێخەف و مەلافەیەک لە نێو خەڵک بڵاو بووەوە بە ناوی جەودەلی. جەودەلی بە جۆرە مەلافەیەکیان دەوت کە بۆ خەوی نیوەڕوانی هاوینان بە کار دەهات. جەودەلی بە مەلافەیەکیان دەوت کە لە چەندەها تیکەی پەڕۆ پێکهاتبوو. ژنەکان تیکەکانی پەڕۆیان کۆ دەکردەوە و لەو پەڕۆیانە جەودەلیان دروست دەکرد. ئیتر خەڵک جەودەلیەکانیان هێنایەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وەک دیاری کەمپی ئاڵتاش لە ماڵەکان مایەوە.

جەودەلی کاتێک بووە مەلافە و پێخەف کە خەڵک زۆر نەدار بوو و ئەوەندە دەست و باڵی کراوە نەبوو کە پارچە و پەڕۆ بکرێت. ئەوەی کە خەڵک هەیانبوو لە لایەن بنکەی نەتەوە یەگرتووەکان لە کەمپەکە پێیان بەخشرابوو.

تیکەکانی جەودەلی لە کۆی پارچە جۆراوجۆرەکان دروست ببوو. پارچەی جل و پەردە و کۆن و تازە و ڕەنگاوڕەنگ و دڕاو و کەم و کورت و هەرجۆرە پارچەیەک کە ئەوەی تێدا بایەت کە

بدووریایەت و پێکبنرایەت. هەروەها ژنەکان مێردەکانی خۆیان ڕادەسپارد کە لە دوکانی پارچە فرۆشەکان هەرچی پارچە و پەڕۆی تیکە و بێکەڵکە بیهێنن و کۆی بکەنەوە بۆ ئەوەی کە جەودەلی لێ دروست بکەن. جەودەلی هەرچەند لە نەداری دروست دەکرا، بەڵام جوان و دڵگیر و باو بوو.

بە هاوکاری باسی جەودەلی باسی پێکهاتەی ئەدەبی کوردی و وەرگێڕاوەکانی کورد و پێگێڕاوەکانی کوردی و ئەو دەستانەی کە ئەدەبی کوردیان لە پێکهاتەیەک پێکەوە دووراند و پێکەوە لکاند، دەکەم.

عەلائەدینی سەجادی خاوەن کتێبی ڕشتەی مرواری، پێکنەری جەودەلیەکی کوردیە. مامۆستا هەژار بە کتێبی چێشتی مجێور، خاوەن جەودەلیەکی تری کوردیە. ئەو کارەی کە مامۆستا سەجادی کردوویە بۆ ئەدەبی کوردی، ئەوە بووە کە باس و بەسەرهاتەکانی کۆ کردووەتەوە و بە هەر هەموویان جەودەلیەکی دروست کردووە بۆ ئەوەی کە نەوەکانی کورد، پێوە ئاسایش و ئارامشێک بیانگرێت.

سیاسیە وەرگێڕەکان و پێگێڕەکانی کورد هەر کامەیان ڕوویان لە ناوێک و وڵاتێک کردووە بۆ ئەوەی کە نەوەکان بدەن بە دەستی قوتابخانە و پەروەردەیەک بۆ ئەوەی کە زمانی نەوەکانی کورد خاوەنداری بکەن. دەستەیەک نەوەکانی خۆیان بە فەقێ دەزانن و لە حوجرەکان بە خێویان دەکەن، وە دەستەیەک نەوەکانی خۆیان لە قوتابخانەکانی ئینگلیز بە قوتابی دەکەن و فێری ڕستەکان و ناوەکانیان دەکەن. ناوەکانی کورد وەک عەبدولڕەحمانی قاسملوو و عەبدوڵا ئوجەڵان لە ناوە وەرگێڕەکان بوون، بوونە وەرگێڕی سیاسی و کاریگەریان کە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد. وێنەی ئەو دەستەی کە ئەوانە وەشاندیان وەک ئەو ڕۆژەیە کە مامم هەوڵیدا قوڕێکی باش بۆ خشت بڕین بگرێتەوە. ئەو ڕۆژە مامم ئاوی بەردایە خاکێک کە تایبەت بۆ قوڕگرتنەوە دانرابوو. ئاوی بەردایە خاکەکە و بە پێ چووە سەر خاکەکە بۆ ئەوەی کە بیشێلێت، مامم ئاوەکەی لەگەڵ پێکوتەکەی نەوەستان. پاش ئەوەی کە قوڕەکە وردە وردە کرایە خشت و گیرایەوە، بۆمان دەرکەوت کە ئەو ئاوەی کە دابوویە خاکەکە، چووە بە زەویدا و شوێنی خشت بڕینەکەی لێیان تێکداوە. ئیتر لە پاش ئەو قوڕە کە گیرایەوە، وازیان لەو زەویە هێنا و لە شوێنێکی تر خاکیان ڕژاند، لە شوێنێک کە ئاو بە زەویدا نەچێت و ژینگەی گرتنەوە تێک نەدات. هەروەها ناوەکانی کورد ئەو وەرگێڕاوانەی کە هێنایانە ناو ماڵی کورد، وەک ئەو ئاوەیە کە زەویەکەی بڕینەوە و دروست کردنی خشتی تێکداوە. بەس بۆ یەک جار دەتوانن کە نەوەکان و خشتەکان بگرنەوە.

عەلائەدینی سەجادی بە ڕشتەی مرواری کتێبێکی نووسی کە بووە مەزاتی دەمی ئەوانەی کە دەیانەوێت بۆ پێکەنین و ڕابواردن شەکرێک بشکێنن. ئەو دەستە لە بازاڕیانە کە هیچ دین و ئیمانێکیان نیە و نەبووە. عەلائەدینی سەجادی لە پێشەکی کتێبی ڕشتەی مرواری ئاماژە بەوە

دەکات کە نەوەکانی کوردیش هەر وەک نەوەکانی تر پێویستیان بە ئەدەبێکە کە پێوە خەریک بن و پێوە قسە بکەن.

لە جۆری ئەو نووسینە بوو کە باسی پێکنەری پێکهاتەی ئەدەبی و باسی جەودەلی دووریم بە بیر هاتەوە، منیش ئەو نموونە و وێنە و وشانەی کە بەدوای یەکدیدا دێن، بە هاوکاری یەکدی دەیچنم و ئامادەی دەکەم. ئیتر ئەمە ڕێ و شێوەی منە!.

عەلائەدینی سەجادی کە کاتی ژیانی لە بەغدا نیشتەجێ بووە، لە سەرەتای نووسینەکەی ئاماژە بە وتەیەکی هیتلەر دەکات. پاشان ئاماژە بە هەوڵی ئەبو فەرەجی ئیسفەهانی دەکات کە کتێبی (الاغانی) نووسیوە، وە ئاماژە بە (العقد ألفريد) دەکات کە (ابن عبد ربه) نووسیویەتی. مامۆستا سەجادی پێی وایە کە وەک هەوڵەکانی ئەو دوو نووسەرە کە هەوڵیاندا زمانی عەرەب بپارێزن، ئەویش دەتوانێت کە زمانی کوردی لە نەمان و ون بوون یارمەتی بکات. هەر بۆ ئەمەش وە لە ژێر کاریگەری چۆنیەتی و شێوەی کۆ کردنەوەی بابەتەکانی ئەو دوو ناوە، مامۆستا سەجادی هەوڵی ئەوە دەدات کە کۆڵەکەیەک بداتە ژێر زمانی کوردیدا و بۆ نەوەکانی بهێڵێت.

قورئان کتێبی ئیسلام، زمانی عەرەبی لەسەر زمان و زوبانی غەیری عەرەبیش خست. قورئان باس و مەسەل و نموونە و ڕستە و زانست و هەواڵ و ناوی زۆری تێدایە. خوای مەزن بە خواستی پیرۆزی گەشە بە زۆرێک لە ناوەکان دەدات کە لە تەوانی هەر کەسێک نیە کە باسی لێوە بکات. ناوی هەنگ دەبات و ئاماژە بەوە دەکات کە ئێمە وەحیمان بە هەنگ کرد کە لە شێوەی ئێمە کار بکات. باسی سولەیمان دەکات کە هێزی بای لە ژێر دەستی خستووە. خوای مەزن دەفەرمێت کە هەر هەموو وشەکان هی منە و گەر دەریاکان ببنە جەوهەر، وشەکانی من تەواو نابن. خوای مەزن دەفەرمێت کە قورئان شیفایە و دەبێتە هۆی هیدایەت و ڕۆشنایی چاوی ئەوانە کە ڕێگەیان لێ ون بووە، وە خوای مەزن دەفەرمێت کە ئێمە بێ نیازین و ئەوە مرۆڤە کە بەرەو لای ئێمەوە نیازمەندە.

جیاوازی کتێبی( العقد الفريد) و کتێبی ڕشتەی مرواری مامۆستا سەجادی لەگەڵ قورئان لە چیدایە!؟ ئینی عەبد ڕەبە و مامۆستا سەجادی هەوڵی ئەوەیان داوە کە باس و بەسەرهات و چیرۆک و هەر جۆرە باسێک، گرنگ نیە ئەگەر باسی گانیش بێت، کۆی کەنەوە و لە نووسینەکەی خۆیان باسی لێوەکەن و بیدەن بە نەوەکانی کورد و عەرەب.

لێکچوونی مامۆستا سەجادی بە کۆکردنی باسەکانی نووسینەکەی لەگەڵ پەڕۆ و پارچەکان چیە کە خەڵکی کەمپی ئاڵتاش دەیانکردە جەودەلی!؟

خەڵک لەبەر ئەوەی کە هیچی نەبوو و دەستی هەژار بوو، هەر ئەوەندەیان پێ دەکرا کە پاشماوەی پەڕۆکان لە دوکانەکان کۆ بکەنەوە و بیدوورێنن و بیدەن بە ملی خۆیاندا، هەرچەند کە جوانیەکی پێوەبوو!.

ئەو فەقێ کە قورئانی بە دەستەوە دەگرت، ئەوەی پێ دەوترا کە قورئان نووسینێکە هەر هەمووی باسەکان و ناوەکانی بەیەکەوەیە و ئەوەی کە ئیمانی پێ دەهێنێت و دەیخوێنێتەوە و دەیەوێت کە فێری بێت، دەبێت کە هەر هەموو باسەکانی فێر بێت و بخوێنێتەوە.

من لە دەمی خەڵکم دەبیست کە مامۆستا سەجادی لە کتێبی ڕشتەی مرواری ئاوەها و ئاوەها بەسەرهاتێکی وتووە. ئەو کەسەی کە باسەکەی دەگێڕایەوە، بەس بەسەرهاتێک یان چەند بەسەرهاتی دەزانی. ئەو بەسەرهاتانەشی بۆ کەیفخۆشی و سەرخۆشی و پێکەنین دەگێڕایەوە.

لێرە خواستی من ئەوەیە کە کورد و نەوەی کورد ئاگاە بێت کە بە گێڕانەوەی بەسەرهات بۆ بازاڕیەکان دڵم خۆش نابێت، بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت زیاتر لە باسی ژن و مەلا و مارەبڕین و کەر و کوێخا بۆیان بدوێیت و بە قسەکان بیانکەنێنی. ئەو کەسەی کە دەیەوێت بە ئەدەب و باس و نموونە نەوەیەک و زمانێک دەرباز بکات، دەبێت کە خاوەنداری وشەکان و ناوەکان بکات. خوای مەزن لە قورئان دەفەرمێت کە من موسام بۆ خۆم گەورە کرد، بۆ ئەوەی کە بیکەم بە پەند و وانە. خوای گەورە خۆی چیرۆکی یوسفی دروست کرد بۆ ئەوەی کە بیگێڕێتەوە. مامۆستا سەجادی چیرۆکێک بۆ نەوەکانی کورد دەگێڕێتەوە کە خۆی دروستی نەکردووە. ئەوەی کە ئەو کردووەیە ئەوەیە کە دەستەیەک باس و بەسەرهات کۆ بکاتەوە و لە کتێبێک دایڕێژێت.

مامۆستا سەجادی خۆی مەلای دین بووە و ئاگاهی لە باسەکانی دین هەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ناوی ئەبو فەرەجی ئسفەهانی و ئیبنی عەبد ڕەبە دەکاتە نموونەیەک بۆ ئەوەی کە ئەدەب و زمان بپارێزێت، لە بەسەرهاتی جەودەلی دوورە هەژارەکان و داماوەکان زۆر نزیک وە لە ئەدەبی بەرز و بڵندی قورئان زۆر دووری دەکاتەوە.

قورئان ئەوەندە باس و بابەتەکانی سامی هەیە، هەرکەس ناوێرێت کە بە دەستی بگرێت و هەرکەس ناوێرێت کە بیخوێنێتەوە. قورئان نەوەکان پێ ناکەنێنێت، بەڵکو بە ناوی خوای مەزن وریا و ژیر و ئاگاهیان دەکات کە هەر هەمووی ناوەکان لە هەنگ بگرە تا مانگ، لە ژێر دەست و دەسڵاتی پەروەردگاری مەزنە. ئیتر چیم داوە بەوە کە بابەت و باس لە ئەدەب و زمانی جەودەلی دوورەکان وەربگرم، کە لەبەر هەژاری و بۆ ئەوەی کە وشەکانی زمانیان لێ قڕ نەبێت، هەر باس و ناو و حەکایەتێک بۆ نەوەکانی خۆیان کۆ دەکەنەوە!؟

لەگەڵ ئەوەی کە سەرچاوەی دوورینی جەودەلی هەژاری و نەداری بوو، کەسانێک شێوەی دوورینی جەودەلی بۆیان وەک شێوەیەکی هونەریە، ئەو کەسانە لەوپەڕی دەوڵەمەندی تیکەکانی پارچەکان دەدڕن و ڕەنگاوڕەنگ دەیدوورن و مەلافەیەکی جوان یان بەرهەمێکی جوانی لێ دروست دەکەن. هەروەها کەسانێک شێوەی کارەکەی مامۆستا سەجادی بۆیان وەک شێواز و ڕێبازێکە بۆ ئەوەی کە بەرهەمێکی ڕەنگاوڕەنگ بەربهێنن. مامۆستا سەجادی لە سەرەتای نووسینەکەی ئاماژە بەوە دەکات ئەم کارە بۆ پاراستنی زمانی کوردیە، نەک بۆ دەرهێنانی بەرهەمێکی ئەدەبی کە لە دەوڵەمەندی ئەدەبی کوردی بێت!

لێرەدا من حەق بەوە دەدەم کە هەر زمان و ئەدەبێک کەسانی وەک مامۆستا سەجادی هەبێت، بەڵام نابێت کە کاری کۆکەری باس و بەسەرهاتەکان بۆ خەڵک و دەم و پێکەنینی خەڵک بەوە بناسرێت کە ئەو زمان و نەتەوە دەربازی بووە. لێرە خاڵی گرنگ ئەوەیە کە خوێنەر تەنیا ئەوە بزانێت کە مامۆستا سەجادی چۆن بیر ئەکات و چۆن دەیەوێت کە زمانی کوردی ڕێبەری بکات؟ دەوڵەمەند کردن و قەڵەو کردنی زمانێک جیاوازی لەوە هەیە کە زمانێک بنەڕەتێکی پتەوی لە ڕستەکان و ناوەکان هەبێت. بنەڕەتێک کە نەوەکان بیرمەند و وریا ئەکات و ئاسۆکان ئەکاتەوە و هەردەم سنووری بەستراوەکانی ناوەوە و دەرەوەی وشەکان دەکاتەوە.

# داخ کردنی ئەسپ و منداڵ

ڕۆژێکی زستانی من و چەند هاوڕێیەکم لە کۆڵان خەریکی یاری بووین. لە ناکاوە دەنگی دەرگەیەک هات کە بە توندی درا بەیەکدا. یەکێک لە هاوڕێکانم بە گریان و ناڕەحەتی و دەرد هاتە نێو کۆڵان و ئێمە بە سەیر لێ هاتن وازمان لە یاری هێنا و بەرەو هاوڕێکەمان چووین. هەرچیمان کرد کە هۆی گریانەکەی بۆ ئێمە باس بکات، گریان مەجالی پێ نەدەدا. پاڵی بە دیوارێکەوەدا و دەستی خستە ناوچۆکی و سینگی بە ئەژنۆیەوە نیا.

بەختیار بە فرمێسک و لەبەر خۆیەوە وتی: دایکم ئەحمەدی داخ کرد!.

کە وتی ئەحمەدی داخ کرد، ئەوەندەی تر بانگی گریانی لێ بەربوو و هاواری کرد. لەبەر گریان دەمی کرایەوە و فرمێسک ڕێی خۆی خستەبەر گۆنای و دەهاتە خوارەوە.

لە تەنیشتی بەختیار دانیشتین و وتمان کە باس بکە چۆن داخی کرد و بە چی داخی کرد!؟ چوونکە بۆ ئێمە زۆر نامۆ و سەیر بوو!.

وردە وردە گریانی بەختیار ڕاوەستا و دەمی کردەوە: دایکم چمچەیەکی لەسەر عەلایەدینەکە داخ کرد و خستیە سەر دەستی ئەحمەد و ڕووی لە من کرد و وتی ئەگەر تۆش ڕووداری بکەیت داخت ئەکەم. منیش لە ترسدا هاتمە دەرەوە.

هاوڕێیەکم چاو و لووتی نیا بە یەکەوە و وتی: چی لێ هات، دووکەڵ لە دەستی هات!؟

بەختیار: ئەحمەد هاواری کرد و گریا، گۆشتی دەستی تاویایەوە، بە چمچەی ئستیل سووتاندی. دایکم عەسەبی بوو و هەر دەیوت ئەحمەد دانیشە، ئاخریەکەی چمچەی بۆ داخ کرد و نیای بە دەستیەوە.

ئەو ڕۆژە هەر لە بیری ئەوە بووم کە ئاخر بۆ دەبێت دەستی ئەحمەد ئاوەها داخ بکرێت؟ ئەم چیرۆکە بووە پرسیارێک و لە گیانی من مایەوە. جاربەجار دایکم بە منی دەوت کە داخت دەکەم

وە وشەی داخ کردنی بۆ من بە کار دەبرد، بەڵام هەرگیز منی داخ نەکرد. بە پێچەوانەوە باوکم قەت وشەی داخ کردنی بۆ من بە کار نەبرد.

ماوەیەک بەسەر ئەو چیرۆکە چوو تا ئەوەی کە ئیتر بەختیار لەماڵیان نەدەهاتە دەرەوە. ڕۆژێک لە قوتابخانە یەخەی ئەحمەدم گرت و وتم بۆ بەختیاری برات دەرناکەوێت؟ ئەحمەد وتی: دایکم هەر وەک من دەستی داخ کردووە!

کە وتی دەستی بەختیاریش داخ بووە، ئەژنۆم شل بوو، بۆ؟

ئەحمەد وتی: ڕووداری دەکرد، ئەو ڕۆژە باران دەباری، بەختیار دەستی برا بچکۆلەکەمی بە دەستەوە گرتبوو و دەیەویست کە بەو بارانە فێری ڕێ کردنی بکات، دایکم گرتی و چمچەی بۆ داخ کرد و دەستی بە قایمی گرت و داخی کرد. ئێستەش بەختیار لە ماڵە و دایکم دەڵێت کە نابێت بڕواتە دەرەوە، تا ئەو کاتەی کە شوێنی داخ کردنەکە خۆش بێتەوە.

ماوەیەک بەسەریدا چوو، ڕۆژێک بەختیار لە ناکاوە بە دەستی پێچراوەوە بەدەرکەوت. وتم: چۆنی بەختیار!؟

بەختیار وتی: باشم.

سەری لە خوار دەگرت و دەستی دەخستە پشتیەوە. شەرمێک و دەردێک وای دەکرد کە سەری لە خوار بکات. ئەو بەختیارە ترسێنرا بوو، هیلاک دەهاتەبەر چاو. ئەو ڕۆژە هەر هیچ قسەی نەکرد و وەک کەسێکی زوبان بەستراو بوو.

هەر ئەمە وای کرد کە بمەوێت بزانم ئەم دایکە بۆ وا لە منداڵەکانی دەکات!؟ هەرچی بیرم لێ کردەوە، هەرچی هات و چۆی ماڵی بەختیارم کرد، هیچم بۆ بەدەر نەکەوت. ئیتر وازم هێنا کە لەو باسە بکۆڵمەوە.

پاش چەند مانگ ڕۆژێک باپیرم باسی داخ کردنی ئەسپێکی بۆ من کرد و دیسان ئەو پرسیارە لە گیانی من سەریهەڵدایەوە کە داخ کردنی ئەسپ و منداڵ چ پەیوەندیەکیان پێکەوە هەیە؟ لە باپیرم پرسیارم کرد کە بۆ ئەسپ داخ دەکرێت؟ باپیرم وتی: لا دەستی ئەسپ داخ دەکەن بۆ ئەوەی کە باش دەستی ببێت و لەشی بۆ دەست خۆشە ببێت، بۆ ئەوەی کە خاوەن بەبێ کێشە بە خواستی خۆی بەڕێی ببات و سواری بێت.

وتم: ئەی بۆ منداڵ داخ دەکەن!؟

باپیرم پێکەنی و وتی: کەی منداڵ داخ دەکرێت ڕۆڵە گیان، ئەوە کە دەڵێن داخت ئەکەم، بەس بۆ ئەوەیە کە منداڵ بە گوێی دایک و باوکی بکات.

هەر چی سەیری قسەکانی باپیرم کرد، ئەوەی کە من دەمەویست پێی نەگەیشتم. دیسان پرسیارەکە لە گیانم بە بێ وەڵام خەوتەوە.

ماوەیەکی تر بەسەر ئەو ڕۆژە چوو کە باسی داخ کردنی ئەسپم لە دەمی باپیرم بیست. بێ وەڵامی و نەزانی لە وەڵام وای کرد کە ئەوەندەی تر ڕقم لە دایکی ئەحمەد و بەختیار بێتەوە. ئەوەندەی تر ڕقم لە کردەکانی مرۆڤ بێت.

هەوڵی ئەوەمدا کە لە ڕێگەی ڕوومەت و ئاکار و هەستەکانی ئەحمەد و بەختیار سرنجم بدەم، بۆ ئەوەی بزانم کە کاریگەریەکانی داخ کردنی منداڵ لە ژیانی چی دەبێت؟ ماوەیەکی نەبرد کە لە ناکاوە ڕۆژێکم لە بیر هات کە لەگەڵ بەختیار بە شەڕدا هاتم. سەیرم لێ هات کە بۆ من تاوەکو ئێستە ئەو ڕۆژەم لە بیر نەهاتووە!؟ چیرۆکی ئەو ڕۆژە ئاوەها بوو کە من و بەختیار لە کۆڵان بە شەڕدا هاتین و بەختیار چنگی خستە ناو ڕوومەتی من و خەتێکی لە سەر گۆنام دروست کرد. سەیرم لێ هات کە بۆ بەختیار وەک ژن دەستی بۆ ڕوومەتی من هێناوە!؟

ئەحمەد کە گەورە بوو، خەریکی ئیش و کار بوو، ئیتر هەر لە دەوری دایکی بوو، جنێوی پێ دەدا و بە قسەی دەکرد و لەگەڵ یەکدیش پێ دەکەنین. ڕۆژێک دایکی ئەحمەدم بینی کە لە دەرگی ماڵەوەیان باسی ئەحمەدی بۆ دایکی من دەکرد، دەیوت ئەحمەد پێی وتووە(ئەحمەد بە دایکی وتووە) کە وەک گوێرەکە سنکی دەکات و دەیبەسێتەوە. دایکی ئەحمەد سەیری لێ دەهات کە بۆ ئاوەهای پێ دەڵێت!؟.

ڕەفتارەکانی ئەو دوو کەسە گۆڕا، بەختیار تا بڵێیت، هەستەکانی منداڵدۆست بوو. بەڵام ئەحمەد هەرچی گەورەتر دەبوو، ڕەفتاری سەیری لە خۆی دەردەخست، بۆ نموونە ڕێی لە ئەو کەسانە دەگرت کە شێت بوون یان بە قسەی خەڵک عەقڵیان ناقس بوو، قسەی قۆڕی لەگەڵیان دەکرد. ئەو جۆرە خۆشەویستیەی کە ئەحمەد بۆ شێتەکان هەیبوو، لە ناوچاوانی دیار بوو. حەزی دەکرد کە سەر لە سەری شێتەکان بنێت و لەگەڵیان پێ بکەنێت.

ڕاستی وەک خنجەری بە لاشاڵەوە بەستراو نیە، کە هەر کات ویستت دەریبهێنی. پرسیارەکان وەڵامەکانیان لە جێگەیەکە کە ڕێگەی چوون بۆی دیاری نەکراوە. لەگەڵ ئەوەدا ئەمزانی کە ئەوەی من وەک وەڵامی هۆکاری داخ کردن دەمەوێت، بە ئاسان بە دەستی من ناگات.

سەرم بۆ هەر بەسەرهاتێک دەچوو کە لە دەوروبەری ماڵەوەی ئەحمەد و بەختیار بوو، بەڵام هەرگیز بە بن و بنچکی ڕەگ و ڕیشەی وەڵامی ئەو پرسیارە نەدەچووم کە لە لامدا دروست ببوو، وە ئەوان هەرگیز ئەوەندە هەستیان بەوە نەکرد کە من ئەوەندە پەرۆشی ئەوەم کە بزانم داخ کردن لە چ کانێکەوە ئاو دەخوات!؟. باوکی ئەحمەد و بەختیار کە پیاوێکی گەورە بوو، لەسەر داخ کردنی منداڵەکانی دەنگی لێوە دەرنەهات و بە ئاسانی قبووڵی کرد. دایکی ئەحمەد و بەختیار ژنێک بوو کە زوو تووڕە دەبوو، کە تووڕەش دەبوو حەزی دەکرد کە دەستێک بخات، بە جۆرێک شوێنەواری بۆ هەتا هەتایە بمێنێتەوە. لەگەڵ خۆم دەموت ئاخر خوایە گیان ئەوە چ جۆرەیەک لە قین و ڕقە کە دەیەوێت بۆ هەتاهەتایە شوێنەواری لەسەر مرۆڤ بمێنێتەوە!؟.

داخ کردنی ئەحمەد و بەختیار بووە نموونەیەک کە دەروون و بەسەرهاتی خۆم و دەستەیەک لە فەقێکان و قوتابیەکان لێک بدەمەوە. دەورەیەک کە لە کوردستان بووم، دەورەیەک بوو کە ئاژاوەیەکی گەورە لە دەروونم بوو، نە دەمتوانی کە واز لە ئیسلام بهێنم وە نە دەمتوانی کە دەستی پێوە بگرم. هەر ئەوە وای کرد کە هەرگیز نەتوانم لەگەڵ هیچ یەک لە ناوەکان بە ئاسوودەیی پەیوەندی بکەم. وەک ئەحمەد کە کەیفی دەهات لەگەڵ شێتەکان قسە بکات، منیش کەیفم دەهات کە لەگەڵ دەستەیەک لە ناوەکان هات و چۆ بکەم کە بە جوانی شوێنەواری داخ کردن پێیانەوە دیار بایەت.

فردریک نیچە لەوانە بوو کە ئینجیل بە باشی دڵی داخ کردبوو. هەر ئەمەش وای کرد کە هیچ هەست و هزرێکی ئاسایی نەبێت. عیسا کە لە زەوی ژیانی کرد، ژنی ناهێنا. دایکیشی بە مریەمی پاکداوێن ناوبانگی دەکرد، هەر ئەمە وای لە نیچە کرد کە حەزی لە ژنی لەشفرۆش بێت، کەیفی بەو ژنانە دەهات کە بە خۆشی لەشیان پیاو ئازار دەدەن. ئەو ڕق و قینەی نیچە ئەوەندە لە ڕوومەتی مرۆڤ کاریگەری کرد، بووە هۆی ئەوە کە ئێستە تازە بە تازە ڕۆژئاواییەکان دەزانن لەشی ڕووتی ژن چ دەرد و دەرمانێکە!. چوونکە باوەڕیان بە پاکی عیسا نەکرد، ئاوەها دونیایان پڕ بوو لەو ژنانە کە لەشیان دەفرۆشن و خۆیان ڕووت دەکەنەوە.

سەید قوتب وەک نیچە بە ڕستەکانی قورئان داخ کرابوو. ئەوەندە لەسەر گیانی بە توندی شوێنی مابوو، تا کارێکی کرد کە شان و ملی بۆ ئیسلام بە داردا بدات. ڕستەکانی بەرەتا کە لە دەروونی سەید قوتب کوترا بوو، لە تەمەنی گەورەیی کاریگەری خۆی بەدەر خست.

لە ناو خەڵکی موسوڵمان دەبوو کە هەر منداڵێک لە مزگەوت فێری ئەوە بێت کە قورئان خەتم بکات. زۆربەی خەڵکی موسوڵمان قورئانیان پێ خەتم کراوە. خەتم کردن بە مانای داخ کردنێکە بە ڕستەکان کە ئیتر لەش و هۆش بۆ هەمیشە گیرۆدەی خۆی دەکات. خەتم بە مانای مۆر کردنە. لە کۆندا هەر بنە و دەزگایەک خاوەن مۆری تایبەتی خۆی بووە. مۆر لە ئەدەبی کۆندا بەهایەکی فرە و فراوانی هەبوو، مۆر و خەتم هێمایەکی دیار بووە. مۆر کردن و نیشان کردن بۆ ئەوەیە کە ئەو شتە یان کەسە پێیەوە دیار بێت، وە ئەوە بگەیەنێت کە نیشان کراو و مۆرکراوە. ئەو کەسانەی کە دەبینی زۆر دڵ و دەروونیان پڕ لە ڕقە بەرانبەر بە ئیسلام، ئەوانە بە دەم و دەستێک وشەکانی ئیسلامیان پێ وتراوەتەوە کە وا کاریگەری لەسەر دەروونیان کردووە کە ئیتر بە خۆشی ڕوو لە ئیسلام ناکەنەوە. پیاوانی ژیر، ئاژەڵان بە داخ کردن دەستی دەکەنەوە، منداڵەکانیش بە وشەکان. بەڵام دەستی بوون و بەستنەوە لای ژنەکان، دەبێت کە بە مل و دەستەوە دیار بێت!.

لە دەورانی زانکۆ وساڵانی تر زۆر لەسەر ئیسلام و قورئان دەمامەوە، ئیتر بە دەم و دانیشتن باسم دەکرد یان لە دەستنووسەکانم ناوەکانی ئیسلامم بە کار دەبرد و باسی بەسەرهاتی خۆم و قورئانم دەنووسی. ئەوندە لەسەرم کاریگەری هەبوو، بە ناچار دەستم بۆ قورئان دەبرد و بە جۆرە گرتنێک قورئانم بە دەستەوە دەگرت، وەک کەسێک شتێکی لە کەسێک بیەوێت و ئەو کەسە

پێی نەدات. لە بیرمە کە شەوێک لە بەشە ناوخۆیی ئەیلول نزیک بە فندق فەرید چارەکێک ویسکی و بیرەیەکم کڕی بوو بۆ ئەوەی کە بیخۆم. چوومە ژووری چەند دۆستێک کە خەڵکی پشدەر و ڕانیە بوون. بە سەلامەتی لەگەڵیان دانیشتم و خواردمەوە. هەر ئەوەندەم زانی کەسەرم گەرم بوو و ڕوومەتم سوور هەڵگەڕا. ئەمخواردەوە، هەستم بە خەمۆکی و بێزاری و هیلاکی دەکرد. منی گوڵمۆچە دەکرد و دەمیبردە نێو خۆمدا و لە بیر و خەیاڵمی دەبرد و هەستەکانی منی گڕ تێ بەر دەدا. ئەو دۆستانەش کە لە دەوری من بوون، بە قسە و پێکەنین منیان دەهێنایە قسە و پێ دەکەنین. ئەوان لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ خەڵکی کرماشان هەڵسووکەوتیان نەکردبوو، جۆرێک پێیان خۆش بوو کە من قسەم دەکرد. ئەوان نەیاندەزانی کە دەروونی من چ گێرە و کێشەیەکی تێدایە؟ هەستیان بەوە نەدەکرد کە من چ دەردێک لە سەر کتێبەکان دەکێشم؟ ئەگەر ئەوانیش بیانزانیبایەت و من دەردی دڵم بەوان بوتایەت، ئەوان بە وردی و ژیری نەیاندەزانی من چ دەردێکم هەیە!؟.

سەرم گەرمتر بوو، ئەوانیش خەریکی قسە و باس بوون. منیش سەرم لە دونیای خۆمدا گڕ دەدا. لە ناکاوە قورئانێکم لەسەر تاقی تەنیشت پەنجەرەکە بینی. بە بێ ئەوەی کە پرس بەوان بکەم، هەڵسام و بە سەرخۆشی قورئانەکەم هەڵگرت و کردمەوە. ئەوانیش ئەوەندە هەراسان بوون و لێیان تێکچوو، دەستیان هێنا کە قورئانەکە لە من وەربگرن و لێمی دوور بکەنەوە، لەبەر ئەوە کە دەیانوت تۆ سەرخۆشی و نابێت قورئان بە دەستەوە بگریت. ئەوان لەبەر ئەوەی کە من پێداگریم کرد، لەسەر حیسابی سەرخۆشی هیچیان نەوت و وازیان هێنا و وەک کەسێکی سەرخۆش سەیری منیان دەکرد و لۆمەی منیان دەکرد. کوڕێک لەوێ بوو لە شوێنەکەی خۆی هەڵسا و وتی: کاکە تا خوا بەردی بەسەرمان نەباراندووە من ئێرە بە جێ دەهێڵم، ئاخر وتوویانە کە قورئان بە سەرخۆشی بە دەستەوە بگریت!؟

ڕۆژێکی تر لە بەشە ناوخۆیی ڕاستی بووم، گوێم لە قورئان دەتەکاند. کوڕێکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە منی وت: تۆ کە خەڵکی کرماشانی، بۆ گوێ لەو قورئانە وەردەگریت!؟

کوردەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیان وابوو کە ئەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت، ئەوەندە نێوانی لەگەڵ قورئان خۆش نیە. کوڕێک کە ئەو کاتە دەیانەوت لەگەڵ پاراستن ئیش دەکات و قسە و باس دەبات، ڕۆژێک منی بینی کە گوێ لە قورئان دەگرم. سەیری دەم و قەپۆزم کرد و جۆرێک سەری دەلەقاند، ئەمزانی لە دڵی ئاوەها دەڵێت: باشە... دوو قسەی خۆشت بۆ دەکەم، لە باشووری کوردستان گوێ لە قورئان دەتەکێنێت!؟.

هەر لەسەر ئەم گوێ گرتنانە بانگی منیان کرد بۆ ئاسایش و ئەگەر ماڵی کاک عەبدوڵای خزممان نەبایەن، منیان بەند دەکرد.

لەم گرتووخانە کە ئێستەش باس و خواسی قورئان لە گیانم هەیە، جاربەجار دەڵێم ئەمە سەرچاوەکەی ئەو داخەیە کە کراوم. ئەو داخە کە منی وای لێ کرد کە بە تووڕەیی و نیگەرانی لە سەرخۆشیدا دەستی بۆ بەرم، وە کارێک بکات کەلە ئاسایش بە گرتم بدات. لە لایەکی ترەوە

هەستەکانم بۆ ئەوەی کە یارمەتیم بکات، زۆر هەوڵی ئەوەی دەدا کە خاوێنم بکاتەوە لەوە کە من داخ کراوم. بەڵام ئەوەندە کە ئێستە لێکی دەدەمەوە، ئەوە داخێک بوو کە سەرشێتی و سەرەگڕە و سەرگەردانی و سەرلێشێواوی و سەرسەریەتی و سەرەمڕە و سەرشۆڕی زۆری بۆ من دروست کرد. بەڵام، هەر ئەوە ماوە کە سەربەزری و سەربڵندی بۆ من بهێنێت!.

دەستەیەک لە کتێبەکان و نووسینەکان و ناوەکان و ڕوومەتەکان ئەوەندە هێز و تەوانی لێدەریان هەیە کە وەک داخ کردن لە دەروون کاریگەری خۆیان دادەنێن و دەروونی مرۆڤ هەوق و هەوساری خۆیان دەکەن. کاریگەری ئەوەندەیە کە ژیانی مرۆڤ بە خۆیەوە خەریک دەکات، کارێک دەکات کە نە لێی دوور بکەویتەوە وە نە دەستی لێ هەڵبگریت. زۆرینەی خەڵک بە هۆی دینەکان و بیرەکان و ناوەکان و ڕێبازەکان داخ کراون و کەسێک کە داخ کرا، بۆ هەمیشە کاریگەری لەسەر دەروونی دەمێنێت و گیرۆدەی دەکات. بۆیە وریا بن کە دەست بە کتێبی کێوە دەدەن وە لەگەڵ چ ناوێک و کتێبێک و ئەدەبێک خۆتان خەریک دەکەن؟.

لەوە دڵنیا بن کە خوای مەزن تەوان و زانست و دەستێکی باڵای هەیە، وە بە خواستی پیرۆزی خۆی هەڵسووکەوت لەگەڵ مرۆڤ دەکات. ئەو کەسەی کە بیەوێت سەرشێتی دەکات، وە ئەو کەسەی کە بیەوێت سەربەرزی دەکات. کەسیش بۆی نیە دەم بکاتەوە!.

# چیرۆکی ئەو پشیلە کە چۆلەکە باڵشکاوەکانی دەخوارد

ئەو ڕاوچیە کە نێچیرە جوانەکانی بە بێ برین ڕاو دەکات، تەوانی ئەوەی هەیە کە نێچیرەکانی دەستی و بەرماڵی خۆی بکات و وردە وردە بیانکات بە قوربانی خۆی. کەسانێکیش بۆ ئەوەی کە نێچیری خۆیان ڕاو بکەن، سەگ و داو و تفەنگ پێکەوە بە کار دەبەن.

بۆ ئەوەی کە باش سووڕ بخۆنەوە نێو ئەم بابەتە، بەسەرهاتێکتان بۆ دەگێڕمەوە بۆ ئەوەی کە زەمینە و خاکی باسەکەتان بۆ شی بکەمەوە.

پشیلەیەک لە ئاوایی هەبوو کە سرنجی منی بۆ خۆی ڕاکێشا و منی ماوەیەک بە دوای خۆیدا خەریک کرد. ئەم پشیلە لە ئاوایی بە پشیلەی ماڵی دەیانناسی، بۆ ئەوەی کە ڕاوی مشک بکات و نەهێڵێت کە ئاژەڵە نەناسراوە چکۆلەکان سەر بە حەوش و ماڵدا بکەن. نیوەڕوانێک لە حەوشەکەی مزگەوتی ئاوایی دەچووم بۆ مزگەوت بۆ ئەوەی کە نوێژی نیوەڕۆ بخوێنم. سەر و ڕوومەتم لە بن دارەکان گرتبوو، تا ئەوەی کە لە ناکاوە پشیلەکەم بینی کە لەسەر جادەی ئاوایی بەرەو خوارەوە دەچوو. لە لای خۆمدا خەیاڵم کرد، ئەم پشیلە بەم نیوەڕۆ بۆ کوێ دەچێت!؟ ئەوەندە گرنگیم بە پشیلەکە نەدا و سەرم کرد بەمزگەوتدا. تا ئەوەی کە ڕۆژی دوایی هەر لە ڕێی نوێژی نیوەڕۆدا دیسان پشیلەکەم بینی کە لە دەرگای ماڵی خاڵم خەریکی مش و مۆڵە و سەرەگڕەیەتی. خۆم لە بن دارێک ڕاگرت و وتم با بزانم کە ئەم پشیلە چی ئەکات کە

هەر نیوەڕوان من ئەچم بۆ نوێژ ئەمیش ئەچێت بۆ شوێنێک!؟ ئەم پشیلە کە بۆ نوێژ ناچێت، ئەی بۆ کوێ دەچێت!؟.

پشیلە وازی لە مش و مۆڵ هێنا و کەوتە بن دیوار و پاساری خانووەکەی ماڵی خاڵم. دیواری خانووەکەی خاڵم زۆر درێژ و گەورەیە. پشیلە هەر سەیری ڕێی دەکرد و بەسەر جادە و لە دەوری جادە سەری گڕ دەدا. لەبەر سەیر کردن و چاوە چاو کردن زۆر بە ئەسپایی بە ڕێدا دەڕۆیشت. منیش عەیبم لێ دەهات کە لەسەر جادە و لە بن دیواری ماڵی خاڵم ڕاوەستێم و سەیری پشیلەیەک بکەم بۆ ئەوەی بزانم کە خەریکی چیە!؟ گەر خەڵک بیانزانیبایەت کە من بە دوای ئەو پشیلە دەچم، منیان بە تەواو نەدەزانی. وتم قیر و سیا هەرچی دەبێت بابێت، هەرکەس هەرچی دەڵێت با بڵێت. لە گۆشەی دیواری دوکانەکەی ئاوایی خۆم لە پشیلە داگرت و چاوم لە پشیلە بوو.

پشیلە سەری بردە کونێک و چنگی لە کون دەخست، لە دیوارێکی چکۆلە چووە ئەو بەرەوە و قەپی بە مەلوچکێکدا کرد و بە چەند چنگ وەشاندن مل و پەڕی لێ کردەوە و خواردی. یەکڕاست بە پەلە ڕێی خۆی گرتەبەر و گەڕایەوە بۆ ناو ئاوایی.

ڕۆژی دوای ئەوە من لەسەر زەویەکانی ماڵی باپیرم دەچووم بۆ سەر چاڵئاوی ماڵی خاڵم، تۆزێک لە ئاواییەوە دوور بوو. هەوا تۆزێک گەرم بوو. لە خانووی سەر چاڵئاوەکە نزیک بوومەوە و لە بن دیواری خانووی چاڵئاوەکە پشیلەکەم بینی، ترس منی گرت، وتم خوایە ئەمە پشیلەیە، ئەمە چیە کە ئاوەها ئەوەندە سرنجی منی بۆ خۆی ڕاکشاوە وە لە ڕێی مندا دەردەکەوێت!؟

مەلوچکێکی چکۆلە کە لە زەویدا شەل بوو و نەیدەتوانی کە بفڕێت، کەوتە داوی پشیلە و کون بە کون خۆی لە پشیلە دەشاردەوە. چووە ناو کونی دیوارەکە و پشیلە دەستی بردە ناوەوە و مەلوچک دەرهات. مەلوچک کەوتە سەرجادەکە و هەرچی باڵە فڕەی بوو، نەیدەتوانی کە بفڕێت و باڵ بگرێتەوە. پشیلە قەپی بە مەلوچکدا کرد و ڕووی لە من کرد و لە کاتێک کە بە ڕێدا دەڕۆیشتەوە، قووتیدا و چوو بەرەو ماڵەوە.

یەکڕاست یەکەم شتێک بە بیرمدا هات ئەوە بوو کە ئەم پشیلە بە دوای ئەو مەلوچک و پەلەوەرانە دەگەڕێت کە شەل بن و نەتوانن بفڕن. ئەو جۆرە مەلوچکانەی ڕاو دەکرد و دەیخوارد. ئیتر چەندەها جاری تر ئاوەها بینیم و چەندەها جار بە دوای کەوتم و ڕاوم دەنیا و دوورم دەخستەوە. بەڵام ئەوە پشیلەی ئێمە نەبوو وە خۆشم نەدەهات کە باسی ئەوە بکەم کە ئەو پشیلە مەلوچکی شەل دەخوات. خەڵک ئەگەر باسێکی ئاوەهایان لە لادا بکەیت، ئەوەندە بۆیان بەهای نیە.

کوڕێکیش لە ئاوایی بوو کە کارەکەی ڕاوی پەلەوەرەکان بوو. ئەم کوڕە پلیسرگ و مەلوچکەکانی بە دوولق دەکوشت. کاری ئەم کوڕە بۆ ڕاوی مەلوچکەکان زۆر ئاسان بوو، بە ئاسانی بە دوولق لێیانی دەدا و پێش ئەوەی کە بتۆپێت، سەری لەملیان جیا دەکردەوە.

ئەو کوڕە جۆرە داوێکی دارینی هەبوو کە بۆ ڕاوی باز و پەلەوەرە جوانەکان بە کاری دەبرد. ڕۆژێک بۆ ئەوەی کە بزانم چۆن دەیانگرێت لەگەڵی چووم. تەڵەکەی لە شوێنێکی بەرز دادەنیا و ئامادەی دەکرد، بۆ ئەوەی کە نێچیرەکەی خۆی بنێرێتە سەر داوەکە بۆ ئەوەی کە هەردوو لاقی بگرێت و بە بێ برین بە دەستی بکەوێت. لە داوەکەی خۆی دوور دەکەوتەوە و نەیدەهێشت کە کەس بە دەوریدا بچێت. هەر کە پەلەوەرێکی ڕەنگین و جوانی دەبینی، دەستی بەرز دەکرد و دەستی تەکان دەدا و چەپڵەی بۆ لێ دەدا بۆ ئەوەی کە بەرەو تەڵەکەی ئەو بڕوات. جاری وا بە چەند ڕۆژ تەڵەکەی دەنیاوە، بەڵام پەلەوەرێکی نەدەگرت و نێچیری نەدەکرد. هەر ڕۆژێکیش کە پەلەوەرێکی جوانی بگردبایەت، ئەو پەلەوەرەی نەدەکوشت، دەیبردە شار و دەیفرۆشت و پارەکەی دەخوارد، کەیفی بەوە خۆش بوو کە ئەو کارە دەکات. ئیتر هەر هەموو منداڵەکانی ئاوایی دەچوون بۆ لای ئەم کوڕە کە فێریان بکات چۆن ڕاوی پەلەوەر بکەن. ڕۆژێک دەیەویست فێری کوڕێک بکات کە تازە لە شارەوە هاتبوو. وتی لەگەڵم وەرن بۆ ئەوەی کە ڕاوی پلیسرگتان پێ پیشان بدەم. لەسەر جادەی ئاوایی نەچووبووینە خوارەوە لە ناکاوە بەردێکی وەشاند و پلیسرگێکی خوێنئاوڵ کرد. یەکڕاست چووە سەری و وتی پەلەوەر سەیری مەکەن بۆ ئەوەی کە نەفرێت. ئیتر ئەم کوڕە بووە مامۆستای منداڵەکانی ئاوایی و هەر ڕۆژە چەند منداڵێک لەبەر دەستی دەخولانەوە.

ئەو سەردەمە من لە کتێبخانەی شاری سەرپێڵی زەهاو بۆ خۆم دەخولامەوە، بیرم دەکرد و دەستم بۆ کتێبەکان دەبرد و ئەمسەر و ئەوسەرم بە کتێبەکان دەکرد و لەسەر هەر مێزێکی ئەو کتێبخانە دادەنیشتم و خۆم و کتێبخانە و ئەو خەڵکەم هیلاک دەکرد. ئەگەر کەسێک زۆر لە کتێبخانە بمێنێتەوە وەک ژنێک لە ئاشپەزخانەیە، دەستی تەڕە و دەمی وشکە. منیش خەیاڵات و بیرم دەکرد و لێکم دەدایەوە کە لە چ بەشێک دەست پێ بکەم!؟. لە کام کتێب دەست پێ بکەم؟ کتێبم لە کولیاتی فەلسەفە هەڵدەگرت، دامدەنیا سەر شوێنی خۆی. کتێبم لە دەروونناسی هەڵدەگرت و تۆزێکم دەخوێند و لەسەر شوێنی خۆی دامدەنیا. مابوومەوە کە لە ڕاوی چ کتێب و پەلەوەرێک دەست پێ بکەم؟ ئەو کتێبخانە وەک دەشتێکی گەورە بوو بۆ من. هەر ئەو کاتە چۆنیەتی دەست پێ کردن لەگەڵ کتێبەکان وای کرد لە بەسەرهاتی پشیلەی چۆلەکەی باڵشکاوخۆر بۆ من گرنگ بێت. ئیتر بۆ من باسی پەروەردە بەهایەکی نەبوو، بەڵکو بۆ من وەک ڕاو بوو کە چۆن بەسەر نێچیرەکان زاڵ ببم؟.

لە دەورانی حوجرەدا مامۆستا و فەقێ بۆ ئەوەی کە لە قورئان تێ بگەن، دەستە دەستە کتێبیان بە دەستەوە دەگرت بۆ ئەوەی کە بەسەر قورئاندا بکرێنەوە. چۆلەکە کە باڵی شکا، ئیتر بۆ کون دەگەڕێت کە پێدا بچێت. هەروەها فەقێکان بەسەر قورئاندا نەدەکرانەوە، سەریان بەسەر تەفاسیر و تەساریف دەگرت. پرسی پەروەردە لە کاردا نەبوو، بەڵکو پرسی ڕاو و نێچیر کردن بوو. قورئان وا لە فەقێکان دەکات کە ئەگەر ئەو ڕۆژە هات و فەقێ بووە موفەسرێک، وەک ئەوە وایە کە بووەتە زانای زاناکان!. مەبەستم ئەوەیە کە قورئان خۆی بە ئاسان بە دەستی مرۆڤەوە نادات، وە بۆ هەرکەسێک خۆی ناکاتەوە. ئایا فەقێ هەیە کە بە بێ خوێندنی تەفاسیر ببێتە

کەسێک کە باسی ڕستەکانی قورئان بکات!؟ ئەمەیە کە ئەوانەی بۆ ڕاو دەچن، سەگ و داو و تفەنگ لەگەڵ خۆیان دەبەن، بۆ ئەوەی کە هەرچیان لەڕێدا هات نێچیری بکەن.

دەورەیەک من وەک ئەو پشیلە کە چۆلەکە باڵ شکاوەکانی دەخوارد، منیش سەرم بەسەر دەستەیەک لە کتێبەکان گرتبوو کە ئاماژەی بەوە دەکرد. یەکێک لە کەسە نزیکەکانم جگە لە ناوی سادقی هیدایەت، سادقی چووبەک بوو. سادقی چووبەک کەسێکی نووسەر و خاوەن کتێب بووە. یەکێک لە چیرۆکەکانی ئەم نووسەرە ناوی ( قفس) ە کە باسی دەستەیەک مریشک دەکات کە بەندی دەستی خاوەنیان بوون. ئەو چیرۆکە باسی ژیانی مرۆڤ دەکات کە وەک مریشک بەستراوەتەوە. من بە چیرۆکەکانی چیرۆکنووسەکانی فارس دەستم بە خوێندنی کتێب کرد، هەر ئەمەش وای کرد منیش وەک نووسەرانی فارس، بە دوای دەستەیەک لە بابەتەکان بکەوم کە وەک چۆلەکەیەک بێت کە باڵی شکاوە، بابەتی لاواز و هەژار و لەبەندی بابەتی تر کە بۆ کون دەگەڕێت!.

لە دەورانێک کە هاتمە وڵاتی ئینگلیس لەگەڵ خۆمدا تاوتوێم دەکرد کە من لە داهاتوو خەریک بە چ جۆرە کارێک بم لەگەڵ وشەکاندا!؟ بە هەستێک کە لە پشتەوەی ترسی تێدا بوو وەڵامم دەدایەوە کە من بە دوای کاری چیرۆکنووسین دەکەوم. پاش ماوەیەک هەوڵی ئەوەمدا کە ڕێ و شوێنی ئەو ترسە بگرم کە لە پشتەوەی ئەو قسە بوو. بۆم دەرکەوت کە دەروونی من هەستی بەوە کردبوو کە ڕێگەیەکی زۆر فراوانتر لە چیرۆکنووسین لە پێش منەوەیە، بۆیە ئاوەها بە ترسەوە وەڵامم دەدایەوە کە دەبم بە چیرۆکنووس!.

سادقی هیدایەت ئەوەندە گاڵتەی بە سادقی چووبەک دەهات، پێی دەوت سادقی چووقەک!. هۆی ئەو جۆرە ناونیانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە سادقی هیدایەت هەر هەموویانی لە بن دەستی خۆی خڕدابوو. هەر هەموویان بەردەستی ئەدەبی هیدایەت بوون.

زۆر لە قوتابیەکان و فەقێکان، ناوەکان و نووسەرەکان بریندار دەکەن و لەگەڵ هەرکەس و ناکەسێکدا ناویان دەهێنن و قسەکانی ئەوان باس دەکەن و ڕەخنەی لێ دەگرن و دیوئەودیوی دەکەن بۆ ئەوەی کە یان لێیان گوزەر بکەن یان پێوەیان بمێننەوە. وەک ئەو ڕاوچیە کە سەگ و تەڵە و تفەنگ بۆ ڕاوی خۆی بەکار دەبات. فارسەکان لەگەڵ ناوەکان دەمێننەوە و پێوەیان دەمێننەوە. بەڵام کەسێکی وەک نیچە دەیەوێت کە لە ناوەکان گوزەر بکات، بۆیە ئیتر پێنووس بەس پێنووس نیە، بەڵکو بۆ کوشتن و بێ بەها کردن بە کار دەچێت. فارسەکان دەم و دەستی وشە و ڕستەکانیان وەک لەشی ژنە، ڕاستی تێدا نیە، بەڵام جوانی تێدا هەیە.

وردە وردە کە بیرم دەکردەوە، کەڵکم لە تەواوی وێنەکان و بەسەرهاتەکان و بیرەوەریەکان وەردەگرت بۆ ئەوەی کە لە وێنەی پشیلەیەک کە چۆلەکەی باڵ شکاو دەخوات بۆ ئەو ڕاوچیە گوزەر بکەم کە بە دوای ڕاوی نێچیرە جوانەکان دەکەوێت و بە بێ برین ڕاویان دەکات. لەگەڵ ئەوەی کە ئەمزانی بۆ سادقی هیدایەت بۆ چووبەک دەکاتە چووقەک، فێری ئەوەش بووم کە بۆ سادقی هیدایەت بە نووسینەکانی کافکاماندوو دەبێت و دەیانکات بە فارسی؟ بە ناوی خوا

لەوەش گوزەرم کرد کە وەک نیچە تەڵە بنەمەوە بۆ ئەوەی کە ڕستەکان بە چەند سەگ و تفەنگ نیوە گیان و کەوتوو، ڕاو بکەم!.

## گوزەر کردن

گوزەر کردن وشە و وێنەیەکە کە من زۆر لە ڕێگەم بە کارم بردووە. مەبەست و مانا لە گوزەر کردن چیە؟ لە چی گوزەر بکرێت؟

کاتێک کە لە ناوچەیەک گوزەرت کرد، ئەوە لەو ناوچە گوزەرت کردووە. مەبەست ئەوەیە کە بە هەست و پێ لەسەری چوویت و هەست و هەناسەت سەبارەت بەو ناوچە دروست بووە. بەڵام مەبەست و مانا لە گوزەر کردن لە هزر و ئەندیشە چیە؟ وشەی گوزەر کردن بووە وشەیەکی باو لە دەمی قوتابیان و فەقێکان. مەبەست و مانای ئەو وشەیە ئەوەیە کە بەسەر ناوێک، هزرێک، هەستێکی دیاریکراو گوزەریان کردووە.

سرنج لەو قسەیە بدەن: زۆرجار هەریەک لە ئێمە قسەیەکمان کردووە و بەرانبەر وتووە: ئەزانم... من ماوەیەکی پێشتر ئەوەم چێشتووە، ئەزانم لە باسی چ هەست و هزرێک ئەکەیت!.

جارێک لەگەڵ کوڕێک قسەم ئەکرد، باسێکم بۆی کرد. بە پێکەنینێک کە مانای ئەوە بوو کە زۆرت ماوە، وتی: ئەو قسە و هەستانەی کە تۆ بۆ منی دەگێڕیتەوە، چەند ساڵ پێش تێدا و پێدا گوزەرم کردووە. لە دڵی خۆمدا وتم: خوایە گیان ئەمە من لەگەڵ هەر کەس قسە ئەکەم و باسێکی بۆ ئەکەم، ئێژێت ئەوە لە کۆنەوە بەسەر ئەو باس و قسەدا گوزەرم کردووە!. ئەمە بۆ من قورس و گران بوو کە هەرکەس و ناکەسێک بەسەر ئەو هەست و بۆن و ڕستانەی کە من باسی دەکەم گوزەری کردووە. منی لە دەروون ئازار ئەدا. دەمەویست لەسەر دەستە هەست و ڕستە و تام و بۆنێک گوزەر بکەم کە کەس بەسەر و بنیدا گوزەری نەکردبێت.

جاربەجار لە بازاڕ کەسانێک دەبینیم کە بۆنێکی تایبەتیان لە خۆیان داوە. کەسانێک هەن کە دەیانەوێت بەهەر شێوەیەک بێت خۆیان لە خەڵکەوە جیا بکەنەوە، حەتا ئەگەر بە شێوەیەکی ناحەق و ناڕێک و ناسروشتیش بێت. هەروەها کەسانێک دەبینم کە بۆنێکیان لە خۆیان داوە کە زۆر کەس ئەوەی لە خۆیداوە. من ئەوەم تێدا نەبوو کە بۆنێک لە خۆم بدەم کە هیچ کەس لە خۆی نەدابێت. بەڵکو ئەو بۆنەی کە لە لام خۆش بایەت حەزم ئەکرد لە خۆمی بدەم. ئیتر ئەو بۆنە بۆی هەبوو کەسانی تر لە بازاڕ لە خۆیان دابێت. ئەمە بە شێوەیەک منی ئاگادار ئەکرد کە من دەمەوێت خۆم خۆش بم، ئیتر زۆر بۆم ئاساییە کە لە هەمان کاتدا کەسانی تر بەو بۆن و خۆشیەوە لەگەڵ مندا بژین.

بەڵام ڕستەکان و هەستەکان وەک بۆنەکان نیە کە دیار بێت و بفرۆشرێت. بەڵکو هەستەکان و ڕستەکان بێبن و بێکۆتاییە. کەوایە ئەمە منی دەبرد بۆ ئەوەی کە تایبەت و جیاواز بگەڕێم و داوا بکەم.

وشەیەکی تر هاوشانی گوزەر کردن، خوێندنەوەیە. هزر یان هەستی کەسێک بخوێنرێتەوە. زۆر جار مرۆڤەکان هەست و هزری یەکدی ئەخوێننەوە، بەڵام جاربەجار کەسانێک هەست و هزری نوێیان پێیە و بۆ ئەوەی کە خاوەن هەست و هزرەکە بیگەیەنێت، دەبێت چەند جار دووبارەی بکاتەوە.

هەر بیرمەند و خاوەن هەست و هزرێک، دەستە هەست و هزرێکی تێدایە کە تایبەت بە خۆیەتی، وە دەستە هزر و هەستێکی تێدایە کە لە کەسانی تر وەریگرتووە.

کەسانێک کە دەیانەوێت تام و چامی هەست و هزری تازە بکەن، خۆیان لە باروودۆخێکی تایبەتی دەخەن. " خۆیان دەخەن، کەس ئەوان ناخاتە ئەو باروودۆخەوە." بۆ نموونە پەیامهێنەری ئیسلام کە ئەسرا و میعراج دەکات، کەسانی تر دەیبەن. دەیبەنە ئەو شوێنانەی کە هیچ مرۆڤێک نەچووە و ناچێت. بۆیە گرنگ ئەوەیە کە دەتبەن یان خۆت دەچیت!؟.

خاڵێکی تر کە گرنگە، ئەوەیە کە دەستە هەست و وێنەیەک کەم کەس دەتوانێت تامی بکات. بۆ نموونە کەسێک لە پێی سێدارەیە و سەیری خەڵک ئەکات و بزگەیەک دەیگرێت!. کێ دەتوانێت بڵێت ئەو بزگە چ هەستێکی قووڵ و گەورەی تێدایە!؟. یان کەسانێک پێش ئەوەی بمرن، ڕستەیەک دەڵێن. کێ دەتوانێت هەستەکانی پشت ئەو ڕستەیە بخوێنێتەوە!؟

بە باس کردنی ئەم نموونانە مەبەستم ئەوەیە کە هەر وشە و وێنەیەک بە ئاسانی بۆ هەرکەسێک ناکرێتەوە. بەڵام کەسانی خوازیار هەردەم دەیانەوێت کە بزانن ئەو وێنە و ڕستانە چ هەست و دیدێکی لە پشتەوەیە.

چەند خاڵێک گرنگە:

یەکەم ئەوەیە کە ئەو کەسە خوازیارە دەیەوێت کە تام و بۆن و هەستی پشت وێنەکان و ڕستەکانبکات و بزانێت.

دووهەم ئەوەیە کە دەیەوێت پاش ئەوەی کە تام و بۆنی کرد، لێی گوزەر بکات و بچێت بۆ بۆن و تام و هەستی تر.

سێهەم ئەوەیە کە ئەو کەسە دەیەوێت یەکەم کەس بێت لە تام و بۆن کردنی وێنە یان ڕستەیەک. بە شێوەیەک کە دەیەوێت هەردەم یەکەم بێت، بە جۆرێک کەس نەبێت کە دەستە هەست و وێنەیەکی لە لادا بێت کە ئەو کەسە خوازیارە تام و بۆنی نەکردبێت.

هەر مرۆڤێک بۆن و وێنەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆن و وێنە کاریگەریان لەوە هەیە کە مرۆڤ بە ڕووی خۆشی یان ناخۆشی بکرێتەوە. هەر مرۆڤێک دەستەیەک بۆن و وێنەی ناخۆش ئەچێژێت. بەڵام کەس نازانێت کە لە ژیانی چی دێتە ڕێگەی؟ من داوام لە خوای گەورە کرد باشترین هەست و نەستەکانی ژیانم پێبگەیەنێت، بۆ ئەوەی کاتێک کە لە زەویدا ڕێ ئەکەم،

ئەوەندە هەستی قورس لە گیانم هەبێت بۆ ئەوەی خۆم شایستە بزانم کە بە پێڵاوەوە ڕێ ئەکەم!.

هەر ژنێکی جوان، هەر شێخێکی حەکیم، تام و بۆن و هەست و وێنەی تایبەتی خۆیان هەیە. من خۆویستی و خۆخوازیم لە تام و بۆنی هەستەکان بەلاوە نەماوە. بە هیچ شێوەیەک نامەوێت کە لە هەموو هەست و تام و بۆنێک گوزەر بکەم. تەنیا خوایە کە زاڵە بەسەر هەموو تام و بۆن و هەستەکان. هەرکەسیش کە خوا بیەوێت، بۆن و تام و هەستی تایبەتی پێ ئەبەخشێت.

کەسانێک هەن لەشیان بۆنێکی تایبەتی لێدێت. ئەو بۆنە پێی بەخشراوە. هەر ئەو بۆنە ژیانی ئەو کەسە دەرگیر دەکات بە خۆیەوە!.

زۆرینەی کەسانی خوازیار کە دەبنە فەقێکان و خوێندەوانان، بەردەست و ماوەخۆرن، وەک ئەو پشیلە کە شەلخۆر بوو. هەروەها هەروەک ئەو کەسانەی کە وەک ڕاوچی بە چەک و داو و ڕاو و سەگ نێچیری خۆیان دەگرن، کەسانێک بە کەرەستە و ئامێر و داو و ڕاوی جۆراوجۆر دەیانەوێت کە ئاسۆی هەستەکان و نەستەکان ببەزێنن و ببڕن. لە ڕاستیدا ئەوانە نیازمەند و برسین و لە کوان و خوانی ماڵ و دڵیان هیچیان نیە بۆ چارەسەری ئەو برسیەتیە. بۆیە ئەم هەموو باس و بەسەرهاتە منی ژیر کرد و منی لە حەقیری و فەقیری دەرهێنا و وتی: بۆ ئەوەی تام و بۆنی ئەو هەست و هزرانە بکەیت کە کەس بۆن و تامی نەکردووە، هیچ کات پەلە و پەرۆشی بۆ مەکە، هەروەها داو و ڕاوی زۆر لەگەڵ خۆت هەڵمەگرە، لەبەر ئەوەی کە تام و بۆن و هەست و هزر ئەبەخشرێت، وەرناگیردرێت.

هەوایەک کە موحەممەد لە ئەشکەوتی حەرا هەڵیمژی لە کوێ و ئەو هەوا کە ئێستە هەڵئەمژرێت لە کوێ!؟

ئەو کەسانەی کە حەریس و حەسوود و چاوەچنۆک بن و هەر سەیری دڵ و ماڵی ئەم و ئەو بکەن، ڕوومەتی خۆیان دەخەنە مەترسیەوە. ئەوانە شایستەی بەخششی گەورە نین و بەردەوام شەلخۆر و ماوەخۆر دەمێننەوە. ئەو جۆرە کەسانە لە بەرەتاوە وەک بەرخ هەڵدەپەڕن و ماوەیەک نابات وەک مەڕ مۆڵ دەدەن و سەر و مل دەکەنە نێو کەسانی وەک خۆیان و ئیتر پشت و قوونیان لە خۆر و ئاسۆ و دونیا دەکەن. ئەو جۆرە کەسانە لە هەر فەرهەنگ و ئەدەبێک بە مەترسی ئەزانم، لەبەر ئەوەی لە ئەدەبی مەڕ و مۆڵ و سەرشۆڕی و شەلخۆری بڵاو دەکەنەوە و مل و پشت و دەروون لە ئاسۆکان و ملەکان هەڵدەگەڕێنن.

ئەوانەی کە بەشی خۆیان دەوێت، کەم کەم لێی هەڵدەگرن. ئەوانەی کە دەیانەوێت زۆر بڕۆن، یەواش یەواش بە سەبرەوە دەڕۆن. لە ڕاستیدا شێوەی ڕوومەت و دەست و دەم پێکەوە دەگەیەنێت کە ئەو کەسە خوازیارە چ جۆرە هەست و نەستێکی بۆ وەرگرتن و بەخشندەیی هەیە؟.

## بۆن و بیرەوەری

ڕۆژێکی جێژن بە خۆشی و دڵێکی شادمانەوە لە خەو هەڵسام و خۆم بۆ بۆن و خۆشی ئەو ڕۆژە ئامادە دەکرد. ڕۆژانی جێژن، هەر لە بەرەبەیانەوە کۆیەک هەست و نەستی خۆش بۆ خەڵک ئەهێنێت.

ئەو جێژنە بڕیاربوو کە دەستە دۆست و هاوڕێیەک سەردانی ئێمە بکەن.

لە هەفت و هەشتی بەیانیەوە چۆخەوڕانەکی کوردیم لەبەر کرد و بۆنی خۆم خۆش کرد و لە دەرگەی حەوشەکەمان چوومە دەرەوە. چوومە ناو دارەکانی مزگەوتەکە و لەو تەنیایی و چۆڵیە چەند خولەکێک ڕاوەستام. هەستم بە خۆشی ئەکرد، هەستم بە وزە و هێز و دەروونێکی ئاوەدان ئەکرد. ئەوەندەی نەبرد، منداڵە وردەکانی ئاوایی لە دەرودیواری مزگەوتەوە دەرکەوتن و لە خۆیانەوە ورەیان ئەهات.

لە حەوشی مزگەوتەکە نزیک بوومەوە، خەڵکی ئاوایی بە جلی جوان و بۆنی خۆش بەردەرگی مزگەوتیان پڕ لە هەست و نەستی جۆراوجۆر کردبوو. لەسەر کورتە دیواری بەردەرگی مزگەوت دانیشتم، حەزم ئەکرد هاتنی خەڵک و شادمانی ڕوومەتی خەڵک ببینم. ئەوەندەی نەبرد، چەند گەنج و منداڵی ئاوایی کە بۆ بیانۆ ئەگەڕان کە لە بەردەرگی مزگەوت دانیشن، لە دەوری من کۆ بوونەوە. ئەو منداڵ و گەنجانە نەک لە ڕۆژی جێژن، بەڵکو لە ڕۆژانی جومعەش تاقەت و حەوسەڵەی باس و بابەتی مەلایان نەئەبوو.

کوڕێکی خزممان کە لە شار ئەژیا و ئەو جێژنە بۆ سەردان هاتبوو بۆ ئاوایی، بە خەندە و خۆشیەوە هات بۆ مزگەوت. هەر کە نزیک بووەوە، بۆن و عەترێکی لەگەڵی خۆی هاورد و ئەو بۆنە منی خستە بیر و خەیاڵی زۆرەوە. ئەو بۆنە یەکەمجار کە بۆنم کرد، دەگەڕایەوە بۆ ساڵەها پێشتر. ئەو بۆنە مامۆستایەکی قوتابخانەی سەرەتایی من لە خۆی ئەدا. لەو سەردەمە ئەو مامۆستایە هەموو ڕۆژێک بەو بۆنە خۆشەوە دەهات بۆ قوتابخانە. هەر لەو سەردەمە من دۆستێکی ئازیزم هەبوو کە بە داخەوا لە پێکدادانێکی ئۆتۆمۆبیل ژیانی لە دەستدا. ئەو کوڕە ناوی مەسعود بوو، یارسان بوو، زۆر دۆستی و هاوڕێیەتی خۆش و نزیکمان پێکەوە هەبوو. مەسعود لە بنەماڵەیەکی خاوەن موڵک و ماڵ بوو، کەس و کاری لە کوردە ڕەسەنەکان بوون. ئەو کاتە ئێمەش بە هۆی ئەوەی کە باخێکی گەورەیان نزیک بە شار هەبوو، هەموو ڕۆژێک دەچووین بۆ ناو باخەکە لە کەناری ڕووباری ئەڵوەن تا دەمەوئێواران لەگەڵ چەند دۆست و هاوکۆڵانی تر گەمە و یاریمان ئەکرد.

لە ناکاوە یەکێک دای بەسەر شانم و سڵاوی لێم کرد، سەرم بادایەوە، کاک ڕەئوف بوو. منی لە خەیاڵ و بیری مەسعود هێنایە دەرەوە. سڵاو و خۆش و بشم لەگەڵ کرد و ئەوەندەی نەبرد، مەلا لە مزگەوت دەستی بە قسە کرد. من و کاک ڕەئوف و چەند گەنجێکی تر لە تەنیشتی یەکدی لە ڕیزێکی ناو مزگەوت پێش ئەوەی دانیشین، دوو ڕکعەت نوێژی سونەتمان خوێند. پاش ئەوەی کە نوێژم تەواو کرد، یەکێک بە ئەسپایی دەستی نا بە پشتمەوە، ویستی ئاگادارم بکاتەوە، سەرم با دایەوە، کاک سابیر بوو، لە شارەوە هاتبوو. بە ئەسپایی چوومە ڕیزەکەی ئەوانەوە و بە دەنگی

کەم حاڵ و ئەحواڵم پرسی. لە کاتی ئەحواڵپرسی، بۆنی جۆرێکی " مسک" هات. چەند چرکەیەک لە خەیاڵ بووم، زانیم کە ئەو بۆنەم پێشتر کردووە، ئەوەندە ئاگام لە کاک سابیر نەما. ئەها... یەکسەر بیری کاک ئیسماعیل کەوتم. ئەو بۆنە بۆنی کاک ئیسماعیلی خوراسانی بوو. کاک ئیسماعیل کاتی خۆی لەگەڵ دەستە فەقێیەک هاتبوو بۆ خوێندنی دینی. جارێک پێکەوە سەفەرێکی تارانمان کرد، ئەو سەفەرە زۆر بە لای منەوە خۆش بوو. لە بیرمە کە کاتژمێر هەشت و نۆی شەو لە ترمیناڵی کاویانی کرماشانەوە بەڕێ کەوتین بۆ تاران. کاک ئیسماعیل بۆنێکی خۆشی لە خۆیدابوو، ئەو بۆنە زۆر خۆش بوو. ئەو شەوە لەو ڕێگە دوور و درێژە کە بەرەو تارانەوە دەچووین، کاک ئیسماعیل خەوی لێکەوت، بەڵام من لە تەنیشتی پەنجەرەوە خەم و خەیاڵ و خوێندن و کتێب و هەزار و یەک هەست و هزری تر لەگەڵ ئەو بۆنە لە دەروونم تێکەڵ ببوو. هەتا دەمەوبەیانی من هەناسەم لەگەڵ ئەو بۆنەی کاک ئیسماعیل تێکەڵ ببوو، بەدەم سەیر کردنی دەرودەشتەکانی ئێرانەوە بیرم لە هەموو شت دەکردەوە، لە دەروونەوە دڵم خۆش بوو، هەستم کرد کە ئەو بۆنە ئەوەندەی تر منی خۆش کردووە!.

لە ناکاوە دەنگی( الله االکبر) ی مەلا بەرز بووەوە. منی لە خەیاڵ دەرهێنا، سەرم گەڕاند بۆ ئەوەی کە بزانم کێ ئەو بۆنەی لە خۆی داوە؟ هەرچی بۆنم کرد، بۆنەکە دەهات و ون دەبوو، ئیتر بە دوای نەچووم.

مەلا قسەکانی تەواو کرد، کوڕێک کە هەمیشە قامەتی ئەبەست، هەڵسا و قامەتی بەست و مەلا ڕووی لە قیبلە کرد. ئێمەش هەڵساین و دەنگە دەنگ و شڵەژاوێک ناو مزگەوتەکەی گرتەوە. کوڕێکی ئامۆزام هات و وتی: دەمەوێت لە لای تۆوە نوێژ بکەم؟! وتم بۆ؟ وتی: ئەو ڕەزا سەرپانە هەر تێت بۆ لال و کاتێک دەست ئەگرم بۆ نوێژ، ئەمکەنێنێت!.

وتم: چی ئێژێت کە تۆ ئەکەنیت!؟

وتی: کورە هەر جووڵە جووڵ ئەکات و پای بە پامەوە ئەنات و ئیتر واز ناهێنێت.

لە ناکاوە بۆنێکی تر هات بە دەم و لووتمدا، وەک کەسێک بۆن بکات و بە دوای بچێت، یەک چرکە ئاگام لە ئامۆزاکەم نەما، بە خۆمم وت کە ئەو بۆنەم پێشتر کردووە... دەم و ڕوومەتم ڕاگرت بۆ ئەوەی کە بزانم بۆ کێ و کەی ئەگەڕێتەوە!؟. هەرچیم کرد وەبیرم نەهاتەوە. دەستی ئامۆزاکەم گرت و لە تەنیشتی خۆم ڕامگرت. ڕەزا، ئەو کوڕەی کە ئامۆزاکەمی نیگەران دەکرد، هات و لە تەنیشتیەوە ویستی بۆ نوێژ دەست بگرێت. لە ناکاوە خاڵۆ عەلی ملی ڕەزای گرت و بە نەرمە تووڕەییەکەوە وتی: ئەرێ تۆ مناڵ و سەگی ئاواییت عاسی کردووە، ئەمە بۆ واز ناهێنیت!؟ بڕۆ لە دواوە ڕاوەستە دەی!.

دیسان ئەو بۆنە هاتەوە، دیسان منی بردەوە. ئەمجارە بیرەوەریەکەشی لەگەڵ خۆی هێنا. ئەو بۆنە لە ساڵی هەزار و نۆسەد و نەوەد و هەشت لە باشووری کوردستان پێم ئاشنا ببوو. کەوتمە بیری ئەو کاتە. لە بیرمە بە دزیەوە چووبووم بۆ سلێمانی و کەلار بۆ سەردانی خزمەکانمان.

خزمێکمان ئەو بۆنەی لە خۆی ئەدا، ئەو کاتە ژنی نەهێنا بوو، هەر کات دەچوو بۆ ماڵی دەزگیرانی، ئەو بۆنەی لە خۆی ئەدا. چەند جارێک ئەو بۆنەم لە خۆمدا و چووم بۆ ناو بازاڕی کەلار، زۆر بە لامەوە خۆش بوو. هەر ئەو بۆنە بووە هۆی ئەوە کە بیرەوەری خۆشم لە بازاڕی کەلار لە لادا بمێنێت.

مەلا ڕووی لە هەردوولا کرد و بە دەنگی بەرز: السلام علیکم و رحمة الله و برکاتە

نوێژ تەواو بوو. خەڵک بە پەلە هەڵسا و تووچا. من مامەوە، هەندێک بیر و خەیاڵم کز و مات ببوو. بە ئەسپایی قوئانێکم هەڵگرت و کردمەوە. هەستم بە ماندوویەتیەک کرد، پاش نوێژ ئیتر هەستم ئەکرد، ڕۆژ و جێژن تەواو بووە. سەیری جلەکانی خۆمم کرد، سوورەتی جنم خوێندەوە. هەر بە لائیرادی بۆنی نێو لاپەڕەکانی ناو قورئانەکەم کرد، بۆنێکی کۆن و ناوسیاوی لێدەهات. بیرم چوو بۆ ئەوەی کە بزانم کەی ئەم بۆنەم بۆنەم کردووە!؟ ئەها... بە بیرم هات. سەرەتای بەهاری ساڵێک کە لە حوجرە بە تەنیا مامەوە. ئەو بۆنە و ئەو ساڵە و ئەو بەهارە زۆر منی بردە خەم و خەیاڵەوە، وەک کەسێک مردوویەکی خۆشەویستی بێتە خەم و خەیاڵیەوە.

لە بیرمە سەرەتای بەهارێک کە دەبووە سەرەتای پشووەکان، من بە پێچەوانەی هەموو قوتابی و فەقێکان لە حوجرە مامەوە، ئەو ساڵە زۆر دەرگیر و لە خەم و دەردی کتێب و نووسین و ناسین و زانست و ئەو قسە و باسانە بووم، هەربۆیە من نەچوومەوە بۆ ماڵەوە، بۆ ئەوەی کە لەو کاتە بتوانم زیاتر تەنیا ببم و زیاتر لەو تەنیاییە خۆم و ناخی خۆم بخۆمەوە و بخوێنمەوە.

لە بیرمە هەر لەو کاتە کە زۆر سەرودەستم خەریک بە کتێب بوو، ڕۆژێک کوڕێکی دراوسێی حوجرە کە لەسەر دوکانەکەی تەنیشتی حوجرە کاری ئەکرد، بە گاڵتەوە بە منی دەوت: کەم خۆت لە ناوەوە بخۆرەوە با باڵات کورت نەبێت!.

ئەو کوڕەش هەستی بە ناوەڕۆکی من کردبوو.

سەرەتای ئەو بەهارە لە حوجرە مامەوە، ویستم بە تەنیا لە یەک حوجرە خەریک بە خوێندن ببم. لەبەر ئەوەی کە منیش وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی بۆ خۆم باوەڕم بە دەستە شتانێک هەبوو کە تایبەت بە خودی خۆم  بوو و بۆ کەسی تر نەبوو. من تۆزێک مەغرور بووم، پێم قورس بوو سەروکەلەی من لە حوجرەیەک بێت کە دەستە سەروکەلەیەکی تری تێدایە کە هیچ خەم و خەیاڵ و بیر و هەستێکی گەورەیان نیە. ئیتر لەبەر ئەو هەست و بیرکردنەوانە لە حوجرە مامەوە!.

دەنگێک هات و من سەرم هەڵبڕی، دەنگی کەسێک بوو کە وەک ئاخر کەس لە مزگەوت دەچووە دەرەوە. قورئانەکەم لە شوێنی خۆی دانیا و لە دەرگەی چوونە دەرەوە نزیک بوومەوە، بۆ ئاخرجار بۆنی ناو مزگەوتم هەڵمژی و چوومە دەرەوە. بەردەرگی مزگەوت چۆڵ و هۆڵ ببوو. کەوشەکەم لە پێ کرد و لە حەوشی مزگەوت چوومە دەرەوە.

لە کەناری دیواری مزگەوتەوە بەرەو ماڵەوە دەچووم، دەنگی مەزهەری خالقی لەماڵی کاک حەمیدەوە دەهات. دەنگی مەزهەر هەر لە خۆیەوە منی برد بۆ یادی هاوڕێیەکم لە باشووری کوردستان. هەندێک لە ناو خۆمەوە مامەوە و نەرم نەرم بەرەو ماڵەوە دەچووم، بیری ئەو کوڕەم کردەوە. لە بیرمە ساڵێک بۆ سەردانی چووم بۆ باشووری کوردستان و چەند ڕۆژێک میوانی بووم، زۆر بە لامەوە دۆستێکی بەڕێز بوو، نێوانیشمان زۆر خۆش بوو. ئەو کوڕە هەمیشە یەک بۆنی لە خۆی دەدا، ئەو بۆنەشی نەدەگۆڕی. بۆ هەرکوێ بچووایەت ئەو بۆنەی لەگەڵ خۆی دەبرد، ئیتر لە شین بایەت یان شایی.

ئەو بۆنەی ئەو کوڕە لە لای من زۆر خۆشەویست ببوو، نەک تەنیا لەبەر بۆنەکەی، بەڵکو لەبەر ئەو هاوڕێیەم خۆی. داوام لێ کرد کە لە گەڕانەوەم بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شووشەی بۆنەکەیم پێ ببەخشێت. ئەویش بە بێ هیچ قسەیەک لەبەر خۆشەویستی قبووڵی کرد. لە کاتی گەڕانەوە شووشەکەی خۆی و شووشەیەکی تری لەو بۆنە بە من بەخشی. ئیتر من لەبەر ئەو دۆستە و ئەو بەخششە، هەردەم ئەو بۆنەم خۆش ئەویست.

پاش ئەوەی کە مانگان و ساڵان تێپەڕی، بۆ سەردانێکی تر چووم بۆ باشووری کوردستان و سەردانی ئەو دۆستە بەڕێز و خۆشەویستەم کرد. یەکەم شتێک کە هەست و نەستی من بۆی چوو، ئەوە بوو کە ئیتر ئەو بۆنەی بەکار نەدەبرد. بۆنێکی تری تایبەتی لە خۆی دەدا. بە سەیرلێهاتن وتم: ئیتر ئەو بۆنە لە خۆت نادەیت!؟ بە بزگەیەکی شیرینەوە وتی: تۆ لەگەڵ خۆت بردت!.

کوڕێکی زۆر هەستیار و ژیر بوو، زانیم گۆڕینی ئەو بۆنە هۆیەکی تایبەتی هەیە. پرسیارم لێ کرد: ڕاستم پێ بڵێ، بۆچی ئیتر ئەو بۆنە لە خۆت نادەیت!؟

نزیکم بووەوە و وتی: لەبەر ئەوەی کە دۆستێکی خۆشەویستی پێت ئەڵێم!.

شووشەی بۆنە نوێکەی هێنا و وتی: ئەو بۆنە و سەرجەم هەست و نەستی دەور ئەو بۆنەم بە تۆ بەخشی، من بە تۆم بەخشی!.

هەندێک ڕاوەستا و بە چاو پێکەنینێکی خۆشی کرد و وتی: گەیشتی لە مەبەستم!؟.

بە جۆرێک کە ویستی زیاتر لەسەر ئەو باسە بەردەوام نەبێت وتی: ئیتر هەر پیاوێک بە بۆنێک، ژنێک، کتێبێک، ڕوومەتێک، حاڵ و ئەحواڵێک، خەندەیەک، هەست و هزرێک... ئەناسرێتەوە!.

لە دەرگەی حەوشی خۆمان چوومە ژوورەوە، بۆنی برنج و مریشکێک هات کە تایبەت دایکم دروستی ئەکرد. ئەو برنج و مریشکەی دایکمم زۆر پێ خۆش بوو. لە پلەکان چوومە سەرەوە و چوومە ناو ئاشپەزخانەکە، دایکم خەریک بوو ئاو و گۆشتی مریشکی لە قاپەکان ئەکرد، سەیری دایکمم کرد، لە دڵی خۆم وتم: ئەم بۆنە ئیتر بیرەوەری نیە، هەم دایکمم لەلایە، هەم برنج و گۆشتەکەی!.

# حەرا و کەعبە لە شوێن و دەرگەدا

## دەرگەکانی ماڵەکان لە ئاواییدا

دەرگەکان لە نەخشەی بونیادنیانی خانووەکانی ئاواییدا سێ جۆرە دەرگەی جیاوازی هەبوو. دەرگەیەکی سەرەکی کە لە پێشەوەی خانووە و هات و چۆکان و گوزەرە بەردەوامەکان و زۆرەکان لەو دەرگەوە دەکرێت. دەرگەی پێشەوەی ماڵەکان دیار و گەورە و ناسراوە و ڕووی لە ئەو شوێنانەیە کە ڕێگە و بان و هات و چۆکانی لەسەرەوەیە. دەرگەیەکی تر دەرگەی پشتەوەیە کە زۆرپەی خانووەکان دەرگەی پشتەوەیان چکۆلە و ڕێ و گوزەری ناسیاوەکان لەسەریە و نەناسراوەکان ڕێ و پێیان بەو دەرگەدا ناچێت. ئەو دەرگە بۆ ژنەکان و دراوسێکان و منداڵەکان و سەگەکان و پەلەوەرەکان و ئاژەڵەکان کراوە، بۆ ئەوەی کە بە ئاسان بتوانن ڕوو لە بەشێکی تری ئاوایی بکەن. دەرگەی سێهەم دەرگەی دراوسێیە. هەر خانوویەک دەرگەیەکی بەرەو دراوسێی خۆی هەیە کە تایبەت بۆ هات و چۆی ئەو دراوسێ و ئەوەی کە پەیوەند بەوانەوەیە کراوە.

ئەو سەردەمەی کە من منداڵ بووم و لە خانووەکانی ماڵی خزمەکانمان هات و چۆم دەکرد، بە هەر دەرگەیەک و ڕوویەک گوزەرم دەکرد و هات و چۆم دەکرد. بۆ منداڵەکان و سەگەکان و پەلەوەرەکان و ئاژەڵەکان سەیر نەبوو کە سەر و ڕوویان بە هەر دەرگەیەک بکردبایەت. بەڵام پیاو و ژنە گەورەکان بۆیان عەیب و عار بوو کە لە دەرگەی پشتەوە هات و چۆی ماڵان بکەن، مەگەر لە کاتێکی تایبەتی نەبایەت. جاروبار لە دەورەی منداڵی بەسەر دیواری ماڵەکان هەڵدەقونین و هات و چۆمان دەکرد. کەس یەخەی ئێمەی نەدەگرد و لۆمە نەدەکراین.

ماڵی خاڵم لەگەڵ ئەوەی کە چەند دەرگەیان بۆ هات و چۆ هەبوو، سەگەکانیان هەر کە گەفە و مڕەی سەگێکیان دەبیست، خۆیان بە کونی دیوارەکان دەکرد و خۆیان دەگەیاندە هەراکەوە. سرنج لەوەدابوو کە سەگەکان بە کونەکان باشتر پشت و دەستیان دەچەمێتەوە و گوزەر دەکەن، وە بە خێرا خۆیان دەگەیەنن.

پاش ئەوەی کە لە دەورانی منداڵی و ئاوایی تێپەڕیم و سەرم کرد بە حوجرەدا و دەستم خەریکی کتێبی قورئان بوو. ئایەتێکم لە سورەتی بەقەرە خوێندەوە کە خوای مەزن ئاماژە بەوە دەکات لە پشتەوە نەچنە ماڵەکانەوە، بەڵکو لە دەرگەی ڕووەوە بچنە ماڵەکانەوە. هاتووە: و لیس البر بان تاتوا البیوت من ظهورها و لکن البر من اتقی و اتوا البیوت من ابوابها(البقرة ١٨٩) من بەو ئایەتە زانیم کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە لە دەرگەی ماڵەکانەوە بچمە ژوورەوە، لەبەر ئەوەی کە تەمەن و لەشم لە دەورەی منداڵی تێپەڕیوە.

## دەرگە و بونیادی ئەدەب و فەرهەنگەکان

پاش گوزەری چەند ساڵ ئەو ئایەتە پێستێکی تری بۆ من خست و بەرێکی تری بە تۆ و توێکڵی نوێوە بەخشی. ئەم بەرە کە بەخشی ئیتر بۆ من نیە، بەڵکو بۆ نەوەکانە.

بۆ ئەوەی کە لەگەڵ هەر ئەدەب و نەخشەیەکی زمانی ئاشنایی پەیدا بکەیت و ئاگاە بیت، دەبێت کە لە پێش دەرگەی ئەو ئەدەب و نەخشە خۆت بناسێنیت و خۆت دەر و دیار بخەیت. دەبێت کەسانێک هەبن کە نەوەکان فێری ئەوە بکەن کە لە دۆستی و نیازمەندیدا لە دەرگەی کێ و کام دەرگە بدەن و بە چ ئەدەبێک لە دەرگەکان بدەن؟.

ئەو کەسانەی کە لە ئاوایی ئێمە خانوویان دروست دەکرد، بۆ ئەوەی کە نەخشەی بکێشن، بڕیاریان دەدا کە ڕووی لە ڕۆژهەڵات بێت یان ڕۆژئاوا. خانووەکان ڕوویان یان ڕۆژهەڵاتی بوو یان ڕۆژئاوایی. ئەو خانووەی کە ڕووی لە ڕۆژهەڵات نەخشەی بۆ دەڕێژرا، خۆری بەرە بەیانان دەیگرێت، وە ئەو خانووەش کە لە نەخشە ڕووی لە ڕۆژئاوا بوو، خۆری ئێواران ڕووی تێدەکرد.

پاش ئەوەی کە دیارکرا ڕووی خانوو لە کوێ دەبێت، ئیتر گرنگ نەبوو کە بۆ دەست پێکردنی دروست کردنی نەخشەکە لە دەرگەوە دەست پێ بکرێت و دەرگەکان نەخشەی بۆ بکێشرێت. هەروەها لە کاتی دروست کردنی ئەو نەخشە لە دەرگەوە دەست پێ ناکرێت، بەڵکو لە بەرەتا و سەرەتاوە ژێرخان و بنەوای ئەو خانووە دەردەهێنرێت. خەریک بوون بە دیواری دەرگەوە، لە کارەکانی کۆتاییە.

من باسی خاوەن خانوو لە سەرەتاوە دەکەم، وە ئەو کەسەی کە دەیەوێت ڕوو لە خانوو بکات. ئەو کەسەی کە خانوو دروست دەکات، لە دەرگەوە دەستی بە بونیاد ناکات وە ئەو کەسەی کە ڕوو لەو خانووە دەکات، دەبێت کە ڕووی لە دەرگەی خانووەکە بکات.

لیس البر ان تولوا وجوهکم قبل المشرق و المغرب (البقرة ١٧٧)

باسی ئەوە دەکەم کە ئەوانەی بونیادەکان دروست دەکەن وە ئەو کەسانەی کە سەردانی بونیادەکان دەکەن چ جیاوازیەکیان هەیە لە سەرەتای دەستپێک و ڕوو کردنیان؟ بۆ نموونە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا لە بەرەتاکاندا ڕووی لە ئەشکەوتی حەرا کرد، لە پاشان ڕووی لە کەعبە کرد. جیاوازی ڕوو کردن لە ئەشکەوت و کەعبە زۆر دیار و ڕوونە.

لە ئاواییدا کاتێک کە ڕووم لە ماڵەکان دەکرد، هەرگیز بۆ کار و گەمەی خۆم بانگی پیاوەکانی ماڵەکانم نەدەکرد. لە دوورەوەی دەرگەی ماڵەوەیان هاوارم دەکرد. هەر کەسیان هاتبایەتە دەرەوە دەموت کە کارم بە کوڕەکەتان هەیە، دەمەوێت کە گەمەی لەگەڵ بکەم. ئەو وێنانە لە دواییدا بۆ من وەک یارمەتیدەرێک بوو بۆ ئەوەی کە ئەدەبەکان و خاوەنەکان و ئەوانەی کە تێیاندا دەژین بناسمەوە.

بۆ ئەوەی کە فەرهەنگی ئاڵمان بناسرێت، دەبێت کە ڕوو لە کتێبەکانی کێ بکرێت؟ بۆ ئەوەی کە ئاڵمان بناسیت ڕوو لە کێ دەکەیت؟ بۆ ئەوەی کە فەرهەنگی عەرەب بناسیت، ڕوو لە کێ دەکەیت؟ بۆ ئەوەی کە ئیسلام بناسیت، ڕوو لە کوێ و کێ دەکەیت؟

"بۆ ئەوەی کە گەواد بناسیت، ناچیت بۆ ماڵی گەوادەکە، بەڵکو ئەو دێنیت بۆ ماڵەکەت."

ئەدەب لە ناوەکانە، ناوەکان لە بەرهەمەکانە، ڕووناکترین بەرهەمەکان لە وشەکانەوەیە. هەر بۆیە من دان و ددان بە ئەو ناوانە دەنێم کە خاوەنی وشە و ڕستەن. بۆ ئەوەی کە ئاڵمان بناسم هەوڵی ئەوە دەدەم کە خاوەن وشەکان و ڕستەکانی ئاڵمان بناسم. ئایا هەر خاوەن کتێبێک خاوەن ڕستەیە!؟ نەخێر، زۆر کەس هەن کە خاوەن چەندەها کتێبن، بەڵام کتێبەکانی ئەوانە وەک گرتووخانەیەکە کە چرایەکی تێدا نیە بۆ ئەوەی کە بزانیت دەرگەی چوونە دەرەوە لە کوێوەیە!؟.

من و ئیبراهیمی کوڕی خاڵم لە باشترین کەسەکان بووین کە ویستمان بچینە نێو ئەدەبی فارسیەوە. هەردووکمان هەوڵی ئەوەماندا کە وەک سەعدی شیرازی سەفەر بکەین و لە ڕێگەی سەفەر بە ڕستەکان و ناسینەکان بگەین. ئاوەها چوونێک بۆ ئەوەی کە ئەدەبی فارسی بناسرێت، زۆر سەرکەوتوو بوو بۆ من و ئیبراهیم. هەروەها یەکێک لە تایبەتمەندیە باشەکانی من لەگەڵ ئاشنایەتیەکان ئەوە بوو کە کاتێک لەگەڵ ناوی سادقی هیدایەت ئاشنا بووم، هەر بۆ خۆم لەگەڵ ناوی ئاشنا بووم وە بە تەنیا لەگەڵ ناوی مامەوە وە بە تەنیا خوێندمەوە وە بە تەنیا چارەسەری ناوی ئەوم کرد و بۆ ماوەیەک تەنیا بە ناوی ئەوەوە خەریک بووم. ئەمە لە تایبەتمەندیە جوانەکانە کاتێک کە لەگەڵ کەسێک یان ناوێک ئاشنا دەبیت و بە گەورەی خۆتی دەزانی، بە تەنیا و بۆ ماوەیەک لەگەڵی بیت و بژیت.

کاتێک کە خوێندەوارێک یان فەقێیەک دەیەوێت کە لەگەڵ ئەدەب و نەخشە و زمانێک ئاشنا بێت، دەبێت کە لەگەڵ ناوی ئەو کەسانە کە خاوەنداری دەکەن ئاشنا بێت و لە ڕێگەی ئەوانەوە ناسین بەدەست بهێنێت و لە دەرگە و ئەدەبی ئەوانەوە بچێتە ژوورەوە.

گەر بێت و پرسیار بکەم کە بۆ ئەوەی هەستەکان و هزرەکانی ڕۆژئاوا بزانرێت و بخوێبرێت، دەبێت کە بە ناوی کێوە ئاشنایەتی دروست بکرێت و لە دەرگەی کێ بدرێت؟ لافاو کە لە هەرچی کەوت بۆ بەرزی نابات، بەڵکو بۆ دەرئاوی دەبات و کەنی پێ پڕ دەکاتەوە.

کاتێک کە لە دەرگەی ئەدەبی ڕووسەکانمدا، ناوێک کە بۆ من بەهای هەبوو داستایوفسکی بوو، وە بە هاوکاری ناوی ئەو ئەدەبی ڕووسەکانم خوێندەوە. داستایوفسکی باشتر لە تۆلستۆی و لنین خاوەنداری زمانی ڕووسی کردووە. لنین بونیادی ئەدەبی سەر دەست و دەمی، هی ڕووس نیە!.

کاتێک کە لە دەرگای ئینگلیسەکانمدا، کتێبی ڕابینسۆن کرۆزۆئە لە نووسینی دانییڵ دێفۆ بۆ من کرایەوە. بە ئەو کتێبە کە لەیەکەم کتێبەکانی ئینگلیسی زمانەکان بوو، من وەرس بووم لەوە کە بە دوای ئەدەبی ئنگلیسەکان بکەوم. کەسانێک بە بەرد دەدەن لە دەرگەی ماڵەکان بۆ ئەوەی کە

کەسێک بۆیانی بکاتەوە، کەسانێکیش بە دەم هاوار دەکەن بۆ ئەوەی کە کەسانێک بۆیانی بکاتەوە. کەسانێک بە ئەدەبی دەم و دەست پێکەوە داوا دەکەن کە دەرگەیان بۆ بکریتەوە. کاتێک کە ڕابینسۆن دەرگای بۆ من کردەوە، ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کە من هەر چی لە ئەدەبی ئینگلیسەکان هەوڵ بدەم و خۆم هیلاک بکەم، وەک ڕابینسۆن لە جەزیرەیەکی چکۆلەی دوور لە وشکی، تەنیا و دەست و دەم کورت دەمێنمەوە. ئیتر لە پاش ئەوەوە بەهام بە نووسینەکانی ئەوان نەدا. ئینگلیسەکان بە کتێبی هەری پۆتەر بە منیان گەیاند کە ئەدەبی ئەوان هەر لە جەزیرە و تەم و تاریکی و ڕەشی دەمێنێتەوە.

دەرگای ئەدەبی ئاڵمانەکان وەک دەرگەی قەڵاتە گەورەکانە کە بە کەسێک و بە دەستێک ناکرێتەوە. بۆ ئەوەی کە ئەدەبی ئاڵمان بۆ خوێنەر بکرێتەوە، دەبێت کە لە دووانەی ناوەکان ئاشنا بێت، دەبێت کە بە هاوکاری دووانەی ناوەکانی ئاڵمان دەرگای بۆ بکرێتەوە، دو ناوەی هگڵ و شۆپنهاوەر، مارکس و نیچە، کانت و هیتلەر لەو جۆرە دوو ناوانەن کە بە هاوکاری یەکدی دەرگای ئەدەبی ئاڵمان دەکەنەوە.

هەر کەسێک کە دەیەوێت ئەدەب و نەخشە و دەرگای بۆ بکرێتەوە، دەبێت کە ئەدەبێکی هەبێت بۆ ئەوەی کە بناسێت و بانگ بکات و بزانێت کە کێی دەوێت؟. دەستەیەک لە نەوەکان لە نەزانی دەژین وە لە نەزانی دەمرن. زۆرێک لە نەوەکان بە ناحەق خۆیان بە ناوەکانەوە خەریک کردووە وە بە ناحەقیش کۆتایی بەو خەریک بوونە دەدەن. من ورياتان دەکەم کە خوای مەزن تەنیا دەستێکە کە تەوانی هەیە کە ئەوەی بیەوێت و بیخوازێت بۆی فەراهەم دەبێت و جێگیر دەبێت. من داوام لە خوای مەزن کرد کە بە ناو و دەستی خۆی دەرگەکان و ناوەکان بە من بناسێنێت، لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ خۆی لاوازە لەوەی بزانێت کە پشت بە چ دیوارێکەوە بدات و دەست بە چ دەرگە و کۆڵەکەیەکەوە بگرێت؟.

موحەممەد کە خاوەن دەرگەی ئەشکەوتیش نەبوو، خوای مەزن کردی بە خاوەن خانووی خۆی. ئەمە شێوەیەکە کە خوای مەزن پاداشتی ئەوانە دەداتەوە کە ئەدەبی ناسینی دەرگە و بونیادیان هەیە. دیارە دەبێت پرسیار بکرێت کە بۆ پەنای بۆ ئەشکەوت بردووە؟ لەوە دڵنیام کە شوێنی ئەوەی نەبووە کە تەنیا و ئاسوودە تێدا دانیشێت و یادی خوای مەزن بکات. بۆیە لە هەر ناوچەیەکی دونیا مزگەوتێک لەسەر ناوی موحەممەد دروست کراوە. ئەمە شێوەیەکە کە خوای مەزن پاداشتی ئەو کەسانە دەداتەوە کە یادی دەکەنەوە. ئەو ئەشکەوتە کە موحەممەد چووە ناوەوەی، وەک کونێکی گەورەیە کە ئەو کاتە بەس خۆی پێدا چووە و کەسی تر بەوێدا نەچووە. لە دوایی کە بووە خاوەن کەعبە، دەرگەکەی لە خەڵک داخست وە بەو خەڵکەی گەیاند کە ئەوەتان شایستەیە کە هەفت جار تەوافی ئەم خانووە بکەن و لە دەروی بسووڕێنەوە، لەبەری ئەوەی کە نازانن چ دەرد و خەمێکە لە دەورانی ئەشکەوت و گەیشتن بە کەعبە!؟.

" بۆ ئەوەی کە بگەیت بە خاوەنداری کەعبە، دەبێت لە حەراوە دەست پێ بکەیت."

ئایا بۆ ئەوەی کە قورئان بناسیت، دەبێت کە موفەسیرەکانی قورئان بناسیت؟ نەخێر، دەبێت کە ناوەکانی هاتوو لە قورئان بە باشی بناسیت و لەگەڵ ئەو ناوانە کە لە قورئان هاتووە، ئاشنایەتی دروست بکرێت. دەبێت کە نەوەکان بزانن کە سولەیمان و داوود دەست و دمیان بەسەر زۆرێک لە ناوەکان زاڵ بوو. سولەیمان خوای مەزن (منطق الطیر) ی پێ فێر کرد. یوسف زانستی بژاردنی خەوەکانی پێ بەخشرا. خوای مەزن زانستێکی بەخشی کە موفەسیرەکان لێی نازانن و ناتوانن کە باسی لێوە بکەن. موفەسیرەکان گەشەیان بە قورئانی دەستیدا، کە مەبەستم لە " قورئانی دەستی" ئەوەیە کە قورئانیان بە پێنووس بۆ خەڵک نووسی، لە جیاتی ئەوەی کە بە دەم بۆ خەڵکی بڵێنەوە. ئەوان کاتێک کە ناتوانن لەوەی قورئان بە زیندوویی بۆ خەڵک باس بکەن، چووزانن کە باسی مەنتق و تەیری سولەیمان بکەن کە چۆن لەگەڵ جنۆکە و پەلەوەرەکان قسەی کردووە !؟.

فەقێکان بۆ ئەوەی کە ناوەکانی قورئان بناسن، پەنا بۆ مەلاکان و مامۆستاکان دەبەن، لە کاتێک کە خوای مەزن خاوەن قورئانە و ئەوە کە ناوەکانی باس کردووە، بەهەر کەس کە بیەوێت، زانستی ناوەکان دەبەخشێت و پێشکەشی دەکات. مەبەستی من لە هەژاری فەقێکان ئەوەیە کە لە جیاتی ئەوەی کە خوای مەزن بە خاوەن و بەخشندە بزانن، پەنا بۆ موفەسیرەکان دەبەن بۆ ئەوەی کە ناوەکانیان پێ فێر بکرێت.

# قورئان و زەمزەم، دووانەیەکی ئامۆژگاریکەر

ئاوایی بێویانی لە دەشتی زەهاو کانیەکی هەیە کە هەر لە کۆنەوە خەڵک لە دەوری ئەو کانیە خانووەکانیان بونیاد نیاوە وە لە ئاوی ئەو کانیە دەخۆن و پەزوپۆڵەکانیان ئاو دەدەن. ئەو کانیە لە داوێنی کێوێک تەقاوە، وە خەڵک دەوری ئەو کانیەیان بە بەرد و جۆگە دیاری کردووە، بۆ ئەوەی کە بە پاکی ئاوەکە هەڵبگرن. ئەم کانیە ئەوەندە کۆنە کەسێک نازانێت کەی تەقیوە؟.

لە دەوری ئەو کانیەی ئاوایی بێویانی چەند کانی تر هەیە کە لە وەرزی زستان ئاو دەدەن و ئاوەدانی دەهێنن. کانیەک لە پشتی ئاواییەوە هەیە کە لە دۆڵێک تەقاوە و لە زستانان تا ناوەڕاستەکانی بەهار ئاوی هەیە.

دەمەوێت کە خوێنەر وریا بێت لە شوێنی تەقانی کانیەکان وە مێژووی کانیەکان وە چ کانیەک خەڵک لە دەوری کۆ دەبێتەوە و خانووەکان لە دەوری دروست دەکەن؟

ئەو کانیانەی کە لە پشتی بەردی سەخت و سفت تەقاون و ئاویان پژاندووە، ئەوە بە ئاسانی ئاویان وشک ناکات. بەڵام ئەو کانیانەی کە لە خاکی نەرم ئاویان دەرخستووە، ئەوە بۆی هەیە کە لە هەر کاتێکدا وشک بێت یان کەم بکات، بۆیە ناتوانرێت کە سقەی لەسەر بکرێت. بۆیە

خەڵک هەردەم بونیاد لەسەر ئەو کانیە دروست دەکەن کە لە پشت بەردی سەخت و سفت تەقا بێت.

دەستەیەک لە کانیەکان، دۆڵەکان و تەنگی و تاریکیەکان ئاوەدان دەکەنەوە، وە دەستەیەکی تر لە کانیەکان لە داوێنی کێوەکان و لە بڵندی دەتەقن و بەردەوام بەخشندەی ئاوێکی شیرین و پاکن.

لە ئاوایی سەرئاوزەهاو[11] چەمێک هەبوو کە ئاوی فراوانی هەبوو، جار و بار لەگەڵ منداڵەکان لە دەورووبەری چەمی ئاوەکە دەگەڕاین. سرنجم دەدا کە لە دەوری ئەو چەمە زۆر وردە کانی لە سەر ڕێگە و تەپکەکان تەقاون و کەمە ئاوێکیان هەیە. زانیم کە هەر هەمووی ئەو کانیانە لە دەوری چەمەکەی سەرئاوزەهاو ئاوی خۆیان وەردەگرن.

هەروەها لە نێو تۆڕ و زنجیرەی ناوەکان، زۆرێک لە ناوەکان و نەوەکان ئەدەب و ڕستەکانی خۆیان لە ناوی ئەوانی ترەوە وەردەگرن و دەیتەقێنن. زۆرێک لە ناوەکان بە هاوکاری ناوەکانی تر ناوی خۆیان بەرز دەکەنەوە. کاتێک کە ئاوی چەم، زەوی نەرم و خاکی چامدار کردبێت، ئەوە بۆ هەر تۆزە ئاوێک زۆر ئاسانە کە بێتە دەرەوە. لە سەدەی بیست زۆرێک لە ناوەکانی کورد لەسەر چەم و لەو ژینگە کە ئەوانی تر نەرمیان کرد و تەڕیان کرد، هاتوونەتە دەرەوە. زۆرێک لە ئەدیبەکانی کورد وەک کانیەکانی دەوری چەمەکەی سەرئاوزەهاو، لە دەوری چەمی ئەدەبی ئەوانی تر تەقاون و پژراون.

لە هاوین دەچومە سەر ئاوی کانیەکەی ئاوایی و سەیرم لێ دەهات کە لەو گەرما و وشکیە ئاوەها ئاوێک لەو بەرزیەوە بەو پاکی و ڕوونیە بێتە دەرەوە!. هەر ئەمە بووە هۆی ئەوە کە باشترین نموونەی بزانم بۆ ئەوەی کە پێگەی ناوەکان بە هاوکاری کانیەکان ڕوونتر و دیارتر بخەمە دەرەوە. دیارە کە من لەم نووسینە زۆر نموونە و وێنەم هێنا بۆ ئەوەی کە باسی پێگەی ناوەکان بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا هەر وێنە و نموونەیەک جوانی و تایبەتمەندی خۆی هەیە وە تەنیا ئەوانەی کە سەبریان هەیە و بیر دەکەنەوە دەتوانن کە تامی جیاوازی وێنەکان و نموونەکان بکەن.

زۆرێک لە ناوەکان کە زایراون، وەک کانی نێو دەراو و دۆڵەکان لە نزمی و نەرمی و تاریکی و تەنگانە ئاو و بەری خۆیان دەبەخشن. مەبەست ئەوەیە کە ئەو کەسانە تەنیا لە شوێنی نەرم و نزم دەتەقن و تەوانی ئەوەیان نیە کە بە تەنیا و پێداگرانە لە داوێنی کێوەکان لە پشت بەردە سەختەکان بتەقن. دەتوانم کە ناوی زۆرێک لە نووسەرانی دیندار و بێ دین بەرم کە لە دۆڵەکان تەقاون و ئاوەدانیان بۆ دەرئاوەکان بردووە. دەرئاوەکانیش باشترین شوێنە بۆ ئەو دەستە لە بوونەوەرانەی کە لە تەنگی و تاریکی و سێبەرەکان خۆیان دەشارنەوە. کەسێکی وەک سادقی هیدایەت کە ناوی وەک باشترینەکانی ئەدەبی چیرۆکنووسینی ئێرانی ناسراوە، وەک کانیەکی

[11] _ سەرئاوزەهاو ناوی یەکێک لە ئاواییەکانی دەشتی زەهاوە.

نێو کەنێکە کە ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی بۆ ئەو کەسانە دروست دەکات کە دەم بە نووسینەکانیەوە دەنێن. ناوی هیدایەت وەک ئەو کانیەیە کە خاکی بەردەمی تینوویە، بەڵام ئەوەندە ئاو نادات کە ئەو خاکە تێر بکات، بۆیە چۆڕکە چۆڕکە ئاو دەردەکات و مێشوولەکان و باڵندە بچووکەکان لە سەری چڵک و هەرا دروست دەکەن. کەس دەست و دەمی بۆ ئاوەها ئاوێک نابات و خۆی پێ تێر ناکات، هەر کەسیش دەست و دەمی ببات تووشی قیز و نەفرەت دەبێت.

فردریک نیچە ناوی وەک ئەو کانیەیە کە لە دۆڵێکی گەورە تەقیوە و لە زستانان ئاوی لەگەڵ ئاوی لافاو و هەر هاتێکی تر تێکەڵ دەکات و بەسەر هەر شوێنێکدا بدات کوێری دەکاتەوە و تێکی دەدات.

بەردەوامی ناوی سادق و نیچە لە دەم و پێنووسی من و زۆرێک لە ناوەکان و ناوەندەکان ئەوەیە کە ئەوان لە دەورەیەکی سەخت و لە پشت بەردێکی سەخت دەست و زوبانی خۆیان کردەووەتەوە. لەو ناوچە و خاکە وشکەی کە ئەوان تەقان، پڕ بووە لە بەردی سەخت کە دەرفەتی بە کانەکان نەداوە بتەقێن. ئەو ئاوەی کە ئەوان دەدیدەن بە کەڵکی باڵندە چکۆلەکان و مارومۆرەکان و ئەو دەستە لە ئاژەڵانە دێت. زایینی ناوی ئەوان وەرزیە و لە دەورەیەکی دیار و بۆ دەستەیەکی دیار ئاو دەدەن. کان و ئاوی ئەوان بۆ شوانەکان و جووتیارەکان بەهایەکی نیە، لەبەر ئەوەی کە ناتوانن دەستە دەستە مەڕەکان ئاو بدەن وە ناتوانن کە زەویە گەورەکان بۆ دانەکان ئاوەدان بکەنەوە. فردریک نیچە ناتوانێت کە بڵێت نووسینەکانی من بۆ هەر هەموو نەوەکان دەبن، بەڵکو دەڵێت کە کەسانێک لە نێو نەوەکان ڕستەکان پێیان دەگات. ڕستەکانی نیچە وەک داری سەر کانیەکە کە تەنیا ڕێبوارێک و بۆ دەمێک دەتوانێت لە بنی ئاسایشێک بە خۆی بدات، تەوانی ئەوەی نیە کە نەوەکان لە بن دارێک سەقام و ئاسایش بدات و بە ڕستەکانی خۆی بیانلاوێنێت و هەر هەموویان بەخێو بکات.

پەروەردەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە وانە و کتێبەکانی خوێندنی قوتابخانە، کەڵک لە چیرۆکەکانی سادق و وتەکانی نیچە وەرناگرێت. نەک تەنیا کەڵک وەرناگرێت، بەڵکو هەردەم هەوڵی داوە بۆ ڕەش کردن و شاردنەوە و بێبەها کردنیان.

بەردەکانی سەر کانی لە دەورەیەک کە ئاوی کانی نەتەقابوو، وەک گەورەترین بەرگری کەرەکان بوون بۆ ئاوی کانی، نەیاندەهێشت کە ئاو بتەقێت. بەڵام پاش ئەوەی کە کانی تەقا و ئاوی خۆی پژاند و ڕژاند، ئیتر هەر ئەو بەردانە کە بەردەوام نەیاندەهێشت بتەقێت، بوونە گەورەترین یاریدەرەکانی ئاوی کانی. من لە بیرمە کە ئەو بەردانەی کە پێش کانی ئاوی ئاوایی ئێمە بوون، بوونە بەردێک کە خەڵکی ئاوایی لەسەری دادەنیشت یان پێی لەسەر دادەنیا یان دەیکردە لێوارەی جۆگەی کانی بۆ ئەوەی کە بیپارێزێت.

هەروەها جاری وا هەیە کەسێک لە دەرەوەی مرۆڤ ناهێڵێت وزە و دەروونی ئەو مرۆڤە بتەقێت و بکرێتەوە، بۆ نموونە لە بەسەرهاتی پەیامهێنەری ئیسلام، ناوی عومەری کوڕی خەتاب و عەمرۆی کوڕی هشام وەک دوو ناو ناسراون کە وەک بەرد بەرگریان کردووە موحەممەدی پەیامهێنەر

ڕستەکانی وەک ئاو بتەقێتەوە، بەڵام پاش ئەوەی کە ڕستەکانی موحەممەد وەک ئاوی کانی لە پشتی بەردی سەخت تەقایەوە، ئیتر هەر دووە عومەرەکە، یەکێکیان بووە خزمەتکاری گەورەی ئیسلام و ئەوەی تریان بووە قوربانی گەورەی ئیسلام.

دڵنیا بن کە لە دەوری هەر کەسێک و هەر نەوەیەک و خەڵک و مرۆڤێک کەسانێک وەک بەردی سەخت و سفت بەرگری لەوە دەکەن کە ئەو مرۆڤانە بۆ ڕاستی و ڕووناکی بکرێنەوە. ئیتر ئەوە بەخشندەیی خوای گەورەیە کە مرۆڤەکان یان خەڵکەکان بزانن کە ئەو ناوانە کێن کە لە دەوریانە و ناهێڵێت کە بتەقن و بکرێنەوە؟.

سادقی هیدایەت بۆ من وەک بەردێک بوو کە دەرفەتی ئەوەی نەدەدا من بتەقێمەوە و کرانەوەم بۆ بکرێت. ڕستەکانی هیدایەت وەک بەردی سەخت، بەری کرانەوەی بۆ من گرتبوو. ئەوەندە لێدەر و ژەهرین بوو، منی بەرەو دووری لە ناوی خوای مەزن برد و دەستم لە دەستنوێژ و هێنانی ناوی خوا هەڵگرت. ناوی هیدایەت بۆ زۆرێک لە ناوەکانی فارس وەک چەمێک بوو کە زەوی و خاکی بۆ ناوەکانی تر خۆش کردبوو کە بە هەر تۆزە ئاو و بە هەر کونێکی چکۆلانەشەوە بێنە دەرەوە.

ناوەکانی ئەدەبی فارسی بە تەواوی وەک بەردی سەخت بوون و بەرگریان دەکرد کە من بتەقێمەوە. لە سەفەرێکی گەورە کە من و ئیبراهیم کردمان و ویستمان کە دونیا بناسین، گەر بەزەیی خوای گەورە بەنایەت، لە جادەکانی نێوان قوم و ئراک و ئسفەهان دەمانیانکوشت و کەسیش نەیدەزانی. سەعدی و حافز بوونە هۆی ئەوە کە بە سەفەر بزانین و بناسین. بۆیە دەڵێم کە فارسەکان وەک بەرد ڕێیان سەخت دەکرد و ئێمەیان لە تەنگانە و بەستراوەیی دەهێشتەوە. گەر لەو شارانەی ئێران ژیانمان کۆتایی پێ بهاتبایەت، ئەوە قوربانی شاعیرانی ئێرانی دەبووین.

فردریک نیچە و ئەدەبی ئاڵمانەکان هەروەها وەک بەردی سەخت، زەمینەی بەستنەوە و بەند کردن خۆش دەکەن. هەر ئەو نیچەی کە منی دەبەستەوە، خۆی بە ناوی عیسای کوڕی مریەم بەسترابووەوە و هەرگیز نەیتوانی کە لە ناوی عیسا گوزەر بکات. من ناوی نیچەم لە خاڵە حەیدەر کە خەڵکی باشووری کوردستان بوو وەرگرت. ئەو حەیدەرە تا ناوی نیچەی بە من گەیاند، وەک ژاڵژاڵۆکە و شەیتان هەزاران جار تەشەنەی دەکردە ناو دەروونم کە تۆ هیچت پێ ناکرێت و تۆ ڕووخاویت و تۆ باش وایە کە کاغەزە نووسینەکانت بدەی بە گوڵەبەڕۆژە فرۆشێک کە گوڵەبەڕۆژەی تێدا بفرۆشێت. حەیدەر بە شێوەیەک قسەی دەکرد کە دەیەویست بەرانبەرەکەی بڕووخێنێت و بۆ هەمیشە بەردەستی خۆی بهێڵێت. وتم: خاڵە حەیدەر بۆ ئاوەها بە بێ بەزەیی قسە دەکەیت، بۆ دەتەوێت کە مرۆڤ سووک بکەیت!؟ ئەویش قسەی دڵی خۆی کرد و وتی" من بۆ ئەوە ئاوەها قسە دەکەم بۆ ئەوەی کە بزانم شتێک لە بارت هەیە کە بە قسەکان و لێدانەکانی من نەشکێیت!؟ گەر بە لێدانی من نەشکێیت، ئەوە بە ئاسان ناشکێیت و بەردوام گەشە دەکەیت."
پاش ئەوە کە قسەی دڵی خۆی کرد، وتی من بە نیچە خەیانەتم کرد کە ئەو ڕاستیەم بۆ تۆ باس

کرد، من ئاوەها فێر بووم کە بە بێ قسە زەرپەی خۆم لەوانە بدەم کە دەڵێن قسەمان پێیە، گەر سەریان ڕاست کردەوە، ئەوە دەبنە دۆستانی نزیکی من!.

نیچە ئاوەها حەیدەری فێر کردبوو کە لەگەڵ دۆستان و هاونشینەکانی قسە بکات، بۆ ئەوەی کە یان بۆ هەمیشە تووشی شەلەلیان بکات، یان بۆ هەمیشە لە ناوی خۆی بەرزتریان بکاتەوە. ئەوەیە کە من دەڵێم نیچە وەک بەردی سەخت، بەری لە کرانەوەی ناوی من دەگرت.

کۆرمای ئیسلامی ئێران وەک بەردێکی گەورەیە کە بەرگری دەکات زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکرێتەوە. ئەوان بە ئاوی خۆیان و لە کانی خۆیان ئاو و ناسین بە خواردی نەوەکانی کورد دەدەن. کارێکی زۆر سەختە و گەشەیەکی کەم دەکات. پەروەردەی کۆماری ئیسلامی بۆ یازدە ساڵ منی بە خۆی بەستەوە وە زەمینەی ئەوەی خۆش دەکرد کە خۆشەویستی تاران لە دڵی ئێمە بخات بۆ ئەوەی کە وەک ناوەکانی زیندووی ئەوان بە دوای زانست بکەوین. من بە دەرد و فرمێسک وازم لە پەروەردەی فارس هێنا و ڕووم لە باشووری کوردستان کرد بۆ ئەوەی کە خۆم لە پەروەردەی ستەمگەری ناوەکانی فارس دەرباز بکەم.

ئەو کەسانەی کە سەخت بن و وەک ئاوێک بن کە لە ناوەوەی کەژەکان تا بەرزایی بچن و بە دوای دەربازبوون و کرانەوە بگەڕێن، ڕۆژێک لە داوێنی کێوێک دەتەقنەوە و ئاوەدانی زۆر بۆ خەڵکی خۆیان دەهێنن و بۆ کاتێکی دوور و درێژ بەردەوام بەخشندەیی خۆیان دەکەن. موحەممەدی پەیامهێنەری ئیسلام ئەو کانە بوو کە لە وشکی و نەبوونێکی گەورە بەسەر عەرەبدا تەقیەوە. تەقانی کانیەک لەو گەرما ئەوەندە بەهای هەیە کە بە دڵنیاییەوە کەسانی ژێر بە خۆیان دەڵێن کە ئاو و ڕستەیەک کە لە نێو عەرەبدا بتەقێتەوە، لەو وشکی و بیابانە، بە دڵنیایی کە ئەو ئاو و ڕستە لە شوێنێکی زۆر دوور و درێژ سەرچاوەی گرتووە و بە ئاسان نابڕێتەوە.

کانی زەمزەم و ئاوی زەمزەم باشترین نموونەیە کە دەتوانم قورئانی پێ بناسمەوە. چیرۆکی ئاوی زەمزەم دەگەڕێتەوە بۆ هاجەر و ئیسماعیلی کوڕی، کاتێک کە هەفت جار لە نێوان سەفا و مەروە دێت و دەچێت و ئاوی بە دەست ناکەوێت. پاشان خوای مەزن فرمان دەردەکات و کانیەک بۆ ئیسماعیل دەتەقێت و بە ئاوی ئەو کانیە لە مەرگ ڕزگاری دەبێت. موسوڵمانەکان باوەڕیان بەوە هەیە کە خوای مەزن لەبەر ناوی ئیسماعیل ئەو کانیەی لەوێ تەقاندووە، ئیتر لەبەر ئەو بەسەرهاتەوە ئاوی زەمزەم بە ئاوێکی پیرۆز دەناسرێت و ئەو کەسانەی کە حەجی ماڵی خوا دەکەن، ئاوی زەمزەم لەگەڵ خۆیان وەک دیاری دەهێننەوە.

کانی زەمزەم لە پاشان بووە چاڵی ئاوی زەمزەم. سەرەتا ئاوی زەمزەم بۆ ئسماعیل وەک کانی بوو. ئاوی کانی بەو ئاوە دەوترێت کە بە ئاسان دێتە دەرەوە وە بە ئاسان دەتوانرێت کە دەستی بۆ ببرێت. بەڵام ئاوی چاڵئاو بەو ئاوە دەوترێت کە دەبێت بە پەت و گوریس و دۆڵئاوێک دەربهێنرێت. لەبەر ئەوەی کە ئیتر وەک کانی نیە بە ئاسان دەست پێی بگات. ئێستە

موسوڵمانەکان بە هاوکاری ماتۆڕی ئاودەرهێنان، ئاوی زەمزەن لە چاڵەکە هەڵدەکێشن و دەیخۆن یان لێی هەڵدەگرن.

چیرۆکی قورئان هەر وەک ئاوی زەمزەمە، ناوەکان جووتەن، ناوەکان لە تەنیشتی یەک و بە دووانەیەک یەکدی بە تەواوی دەردەخەن و دەناسێنن. هەرچۆن کە باسی ناسری سوبحانی و ناوی خانووەکەی خاڵۆ حوسەینی کێوکەنم کرد، هەروەها ناوی ئاوی زەمزەم و ڕستەکانی قورئان وەک یەکن. هەر چۆن لەبەر تینوویەتی ئیسماعیل بە فرمانی خوا زەمزەم وەک کانیەک تەقا، هەروەها لەبەر ناوی موحەممەد و لەبەر تینوویەتی موحەممەد بۆ ڕۆشنایی و ڕووناکی، ڕستەکانی قورئان بۆ ئەو پیاوە مەزنە تەقا و بەخشرا. هەردووکیان بە ناوی جبرەئیلی پیرۆز ئەنجامدراوە.

قورئان بۆ موحەممەد وەک کانیەک بوو کە خوای مەزن بە کەرەم و بەخشندەیی خۆی بەخشی و تەقاندی، ئەو قورئانە وەک کانیەکەی ئیسماعیل بەس لەبەر تینوویەتی بەخشراوە. ئەو کەسانەی کە لە پاش ئیسماعیل و موحەممەد هاتن، بۆ ئەوەی کە ئاوی زەمزەم دەربهێنن، دەبوو کە دۆڵئاوێکی تێ بخەن یان ماتۆڕی ئاوی پێوە ببەستن. هەروەها موسوڵمانەکان بۆ ئەوەی کە وەک ئاوی زەمزەم لە قورئان پێویستی خۆیان تێر بکەن، دەبێت کە وەک چاڵی زەمزەم، دۆڵئاوێک یان ماتۆڕێکی تێ بخەن بۆ ئەوەی کە لە ڕستەکان و ماناکان و بەخشندەیی قورئان تێرئاو بن. ئەو کارەی کە مەلاکان و مامۆستاکان و زاناکان لەگەڵ قورئان دەیکەن، وەک کانی ئاوێک نیە کە دەست و دەمی بە ئاسان پێوە بنێن و تێری لێ بخۆن، بەڵکو وەک چاڵی ئاوێکە کە دەبێت فەقێ تەمەنی لەسەر ئەو کتێبە تەرخان بکات و شەو و ڕۆژی پێوە خەریک بێت و ساڵەهای ساڵ بخوێنێت و لێکۆڵینەوە بکات و داوا لە خوای مەزن بکات کە بەخشندەیی پێ بکات و فێری قسەکانی بکات وە لە پاش ئەوانەوە داوا لە خوای مەزن بکات کە زانایەکی تری دینی نەخولقێت و نەیەت کە تەکفیری بکات و لە پاش ئەو هەموو ساڵە بە دژی خوا و دین، هات و هاواری لێ بکات!.

قورئان بۆ موحەممەد وەک کانی بوو، وە بۆ موسوڵمانەکان وەک چاڵی ئاوێکە کە دەبێت بە دەستی خۆیان و بە وزەی خۆیان ئاوی لێ دەربهێنن. ئەو نموونەیەم هێنا بۆ ئەوەی کە نەوەکان بزانن خوای مەزن چۆن کانیەکی بەخشراو بۆ کەسێک دەکاتە چاڵی ئاوێک بۆ کەسانی تر، وە چۆن کتێبێک کە وەک ئاوی کانیە بۆ کەسێک، بۆ کەسەکانی تر دەیکاتە وێنەی چاڵی ئاوێکی قووڵ کە بە هەر دەستێک دەرنایەت و بەخشندەیی ناکات.

گەر کەسێک وەک نیچە ساڵەهای ساڵ لە نێو شارستانیەتی قوندەر پەروەری یۆنان بخولێتەوە، هەر ئەوەی بە نسیب دەبێت کە ماڵ و مەنزڵی ببێتە ئەو شوێنە کە لەشفرۆشەکان تێدا دەژین. گەر کەسێکی وەک هیدایەت بۆ خۆی لە نێوان هیند و فەرانسە بێت و بڕوات و بە دوای ناسین بکەوێت، ئەوە وەک ئیسماعیل خوای مەزن کانی بۆ ناتەقێنێت و دڵ و دەروونی ڕووناک ناکات. هیدایەت دژایەتی ئەو کەسانەی دەکرد کە باسی خوا دەکەن، ئیتر چۆن خوای مەزن دانا و

ئاگاهی بکات!؟ گەر ناوەکان وەک دایکی ئیسماعیل نەک هەفت جار، هەفت هەزار جاریش لە نێوان زانکۆکان و حوجرەکان بێن و بڕۆن و خۆیان هیلاک بکەن، تا خوای مەزن فرمان دەرنەکات، کانی بۆ کەس ناتەقێت.

# ژیانی منداڵەکان لە کەمپی ئاڵتاش

لە کەمپی ئاڵتاش کە خەڵک پێیان دەوت ئوردوگای ڕۆمادی، ناخۆشترین شوێن بۆ منداڵەکان بوو. گەورەترین گرفتێک کە لەو دەورانە منی ئازار داوە، ئەو بەرەبەیانانە بوو کە خاک و خۆڵ چاوی ئێمەی دەبەست و بە هات و هاوارەوە بانگمان لێ بەردەبوو. لە بیرمە شەوان کە دەخەوتین چاومان پاک و کراوە بوو، هەر کە دەخەوتین و بەیان دەکرایەوە، ڕیقنە و جیقنەی چاو، کارێکی دەکرد کە هەر دوو بژانگەکان پێکەوە بلکێن و ببێتە هۆی ئەوە کە ترس و نابینایی بهێنێت. زۆر بەرەبەیان بە هات و هاوارەوە هەڵدەستام و دایکم بە چای گەرم چاوی منی دەشۆرد و پاکی دەکردەوە. زۆر بەرەبەیان زۆرێک لە خەڵک بە تایبەت منداڵەکان ئاوەهایان لێ دەهات. دەیانوت کە کێشەی خاک و خۆڵ و ئەو هەوایەیە کە بیابانەکانی عەرەب هەیەتی.

بەرەبەیانێک پێش ئەوەی کە براکەم لە خەو هەڵبستێت، لە جێگە سەیرم کرد کە هەر دوو چاوی ئەوەندە ڕیقنەی پێوەبوو، ئاوسابوو. سەیرم لێ هات کە بۆ لە خەودا هەست بەوە ناکەین!؟ هەستم بە ترس و هەراس ئەکرد لەو چاو بەسترانە. ئەو بەیانانە کە بە چاوی بەستراو لە خەو هەڵدەساین و لە ترس هات و هاوارمان ئەکرد، بۆ من سەخت و دژوار بوو. خەڵک و ئەو کەسانەی کە بەرپرسی خەڵک بوون، هیچ گرنگیان بەو کێشە نەدەدا، لەبەر ئەوەی کە ئوردوگای ڕۆمادی بیابانێک بوو کە تەنیا ئەو خەڵکە لەوێ بوون و هەر ئەو خەڵکە ئەو بیابانەیان ئاوەدان کردبووەوە. ئیتر تەپ و تۆز و خۆڵ و ئاوی ئەوێ هەر کێشەیەکی بۆ ئێمە دروست دەکرد.

یەکێکی تر لە کێشە گەورەکانی منداڵەکان، چڵم و پیسی لووت بوو. هەر وەک ڕیقنەی چاو کە بەرەبەیانان چاوی منداڵەکانی دەبەست و دەگرت، چڵمیش شەو و ڕۆژ لووتی منداڵەکانی دەگرت و دەرد و پیسیەک بوو کە خاوەنێک نەبوو چارەسەری بکات. ئەو کاتە کە من وردە وردە سەر و چاوم کردەوە، چڵم کەوتە ناو لووتم و بۆ ماوەی چەند ساڵ بەردەوام مشەم دەهات. منداڵەکان لە کەمپی ئاڵتاش هەر مشە مشیان بوو. ئەوەندە بە لای خەڵک ئاسایی بوو، چڵم شۆڕ دەبووە ناو دەمی منداڵەکان و منداڵەکانیش هەڵیاندەکێشایە سەرەوە. چڵمی لووت منی هیلاک کردبوو، نە ڕۆژێک و نە شەوێک بوو، بەردەوام بۆ ماوەی شەش ساڵ لە دەم و لووتم ئەو گرفتە هەبوو. ئەو گرفتە ئەوەندە گەورە بوو، منداڵەکان چڵمەکانیان بە جلەکانیان بە تایبەت قۆڵیان دەسڕی. قۆڵی منداڵەکان هەر هەمووی چڵمی وشک بوو، کەسیش بە کێشەی نەدەزانی و کەسیش بۆی گرنگ نەبوو کە منداڵەکان جلەکانیان بشۆرن یان بە دەسڕێک بیسڕن یان بە دەوا و دەرمان بەرگری لەو چڵمە بکەن. چڵمی سەر قۆڵی من بۆ ماوەی شەش ساڵ بەردەوام بە بێ کێشە

مایەوە. دایکەکان بۆ ئەوەی کە منداڵەکانیان خاوێن بکەنەوە، دەستیان دەبرد و بە چاکی کراسی منداڵەکان چڵمەکانیان دەسڕی، لەبەر ئەوەی کە دەیانزانی سڕینێکی کاتیە و لە ماوەیەکی کەمدا دیسان دێتەوە. کەس و کاری منداڵەکان بەهایان بە پاکی دەدا و منداڵەکانیان پاک دەکردەوە، کێشە لەوە بوو کە ئەو دەرد و گرفتانە ئەوەندە فراوان بوو، بەرگری بۆ نەبوو. کێشەی ئاو و خاک و خۆڵ و تۆفانەکانی ئەو شوێنە وە بەستراوەیی خەڵک و یارمەتی نەدانی خەڵک هۆکاری سەرەکی بوون.

یەکێکی تر لە گرفتەکانی منداڵەکان لە وەک ڕیقنە و چڵم گشتی و بەربڵاو بوو، سپێ یان ئەسپێ بوو. سپێ و سپێ کوشتنی دایکەکان بووە کارێکی ئاسایی. کاتێک کە ژنێک سەردانی ماڵێکی تری دەکرد و دادەنیشت و منداڵێکی خۆی لەگەڵیدا بووبایەت، ئیتر لە جیاتی تەشی، سەری منداڵەکەی دەنیا سەر چۆکی و بە دەمی بە قسەوە، بە دوو پەنجە گەورەکەی سپێکانی دەکوشت و هەروەها لەسەری منداڵەکە بەجێی دەهێشت. سەری منداڵەکان گۆڕستانی سپێکان بوو. بنەماڵەکان لەبەر خۆشەویستیەک کە بۆ منداڵەکانی خۆیان هەیانبوو، قژ و پرچی منداڵەکانی خۆیان وەک جوانیەک دەهێشتەوە. ئیتر سپێ و ئاژەڵە چکۆلەکانی تر خۆیان لە بن سەر و پرچی منداڵەکان حەشار دەدا. ئەو کاتە خۆ شۆردن و ئاوی پێویست نەبوو کە خەڵک خۆی پاک بکاتەوە، هەر ئەم بێ ئاویە زۆر دەرد و بەڵای لێ کەوتەوە. دایکی من یەکەم منداڵی خۆی لەبار چوو، لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاریەکان و شتەکانی خۆ پاک کردنەوە. سپێکان تا ئەو کاتەی کە چووینەوە بۆ کرماشان، لە سەری منداڵەکان مانەوە. پاش گەڕانەوە وردە وردە خەڵک لە شارەکان هات و چۆی دەکرد و دەستی بە سابون و ئاوی پێویست گەیشت. لەو دەورانەی کە من چوومە قوتابخانە، یەکەم شتێک کە دەبوو هەر قوتابیەک وەک فرمان جێبەجێی بکات، تاشینی سەر بوو. ئەو کات و سەردەمە کە دەورانی دوای شەڕی ئێران و عێراق بوو، کەم و کوڕی و نەخۆشیەکانی دوای شەڕ لە گیانی خەڵک مابوو. لە بیرمە کە یەکەم ساڵەکانی گەڕانەوە بۆ کرماشان، ژنەکان هەر وەک کەمپی ڕۆمادی دەستیان لە سەری منداڵەکان دەخست و سپێیان دەکوشت. پاشان وردە وردە ئەو گرفتە لە ناو خەڵک کەمی کرد.

لە هەرە گەورەترین کێشەکانی ئەو دەورانە گرفتی دەستەکان و پێکان بوو. ئەو کاتە منداڵەکان گۆرەوی و پێڵاویان نەبوو. ئەو ساڵانە بەردەوام من لە برین و نەخۆشیەکانی پێ ڕەنجم دەبرد. منداڵەکانی کەمپی ئاڵتاش هەر هەموویان ئەو دەردەیان هەبوو. ئێمە بە پێی پەتی لە کۆڵانەکان و دەرودەشت هات و چۆمان دەکرد. لە بیرمە کە ڕۆژێک لە کۆڵان هەڕام دەکرد، لە ناکاوە پێم کەوتە سەر شووشە شکاوێک و منی بریندار کرد و بە پێی خوێنی چوومەوە بۆ ماڵەوە. هەر ئەو پێ پەتی بوونە کاریگەری کردە سەر نەخۆشیەکانی تری لەش و گەرما و سەرمای بە ناحەق دەگەیاندە لەشی منداڵەکان. جگە لە کێشەکانی پێ، منداڵەکان دەستیان لەهەر شت دەخست و دەستیان لە هیچ شت نەدەپاراست، هەر ئەمە بووە هۆی ئەوە کە شەق و تەرەک و نەخۆشی دەست و چڵک و پیسی لە لەشی منداڵەکان بڵاو بێتەوە. دەستی منداڵەکان لە چڵکدا نیوەی ڕەش بوو، لەگەڵ ئەوەدا خوێن و برین هەردەم بە دەستی منداڵەکانەوە دیار بوو. پاش

ئەوەی کە گەڕاینەوە بۆ کرماشان، دەست تێوەردان لەشتەکان بە دەستی منداڵانە هەر لەگەڵ ئێمەدا مایەوە. لە بیرمە لە شاری سەرپێڵی زەهاو کە شارێکی پاش شەڕەکە بوو، زۆر شوێنەواری شەڕی تێدا مابووەوە کە بووە هۆی ئەوە منداڵەکان سەر و دەستیان لە هەر شتێک و شوێنێک بخەن. لە بیرمە کە لەگەڵ چەند منداڵێک دەچووین بۆ ڕووبارەکەی ئەڵوەن کە ئەو کاتە ئاوێکی فراوانی هەبوو. دەستمان لە بن ئاوەکە دەخست و ڕێمان دەکرد بۆ ئەوەی کە دەستمان بە شتێکی بەهادار بکەوێت و دەری بهێنین. ئەو ڕۆژانە کە ئەو کارەمان دەکرد، جاروبار دەستمان بە پارەی ئاسنی دەکەوت و دەرماندەهێنا و زۆر کەیفۆش بووین. " دەست خستنە ناو هەر شتێک" ئەدەبێک بوو کە لە دەورەی کەمپی ئاڵتاش بۆمان مایەوە.

کێشەیەکی تری ئێمە لەو کاتەدا برسیەتی و خواردنی ئێمە بوو. ئەو دەورانە بووە هۆی ئەوە کە ئێسکی ئێمە لاواز و گۆشتی ئێمە لە هەراس بگیردرێتەوە. ئەمەش کاریگەری کردە سەر بن و بنەچەقی دەورانەکانی ژیانی ئەو خەڵکە کە لە کەمپی ئاڵتاش ساڵەهای ساڵ ژیانیان کرد. تەنیا خواردنێک کە بەردەوام بە دەستی منداڵەکان بوو وە بەردەوام بەوەوە خۆمان تێر دەکرد، نانی وشک بوو کە گوڵمۆچەمان دەکرد و بەو وشکیە قەپمان لێ دەگرت. ئەو کاتە شیرینی و چوکلێت و نوقڵ و شەربەتەکان و ساردەمەنیەکان یان نەبوو یان بە ئاسانی بە دەست نەدەکەوت. برسیەتی و نەبوونی خواردن، نەخۆشی و دەردی زۆری لە نێو خەڵک بە تایبەت منداڵەکان بڵاو کردەوە. چای شیرین لە تەواوی ساڵەکان، تەنیا خواردنی بەرەەبەیانان بوو. هەر ئەوەش کارێکی کرد کە منداڵەکان سەر و دەم و چاویان لاواز و کز و وشک دەرکەوێت، وە ئەو کەمی و کوڕی و قرپە، سکچوون و نەخۆشیەکانی تری بۆ منداڵەکان دروست دەکرد. زۆرێک لە منداڵەکان کە من یەکێک لەوانە بووم، پاش ئەوەی کە گەڕاینە بۆ کوردستان و چووینە دکتۆر و خوێنماندا کە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن، نەخۆشی و دەردی بەردەوام لە لەشی ئێمە بونیادی نیابوو. ئەو جۆرە خواردنانەی کە بەرپرسەکانی کەمپی ئاڵتاش بە خەڵکیان دەدا، بۆ تێر کردنی خەڵک لە برسیەتی بوو. پاش ئەوەی کە دوکان و بازاڕ کەوتە نێو خەڵکەوە، دەمی منداڵەکان بە چای شیرین و نانی گوڵمۆچە کراو ڕاهاتبوو. منداڵەکان ئەوەندە نەبوونیان بینی بوو، کاتێک کە لە بازاڕ و دوکانەکاندا دەگەڕان، دەستیان بۆ شتەکان درێژ دەکرد، دەستیان بۆ شیرینیەک دەبرد کە زۆر و لە ڕادە بەدەر شیرین بایەت، یان دەمیان بە خواردەمەنیەک خەریک دەکرد کە لە ڕادەبەدەر ترش بایەت. ئەو جۆرە هەڵبژاردنانە لەبەر ئەوەبوو کە نەبوون و نەداری و بەربەست و بەرگری کردن دروستی دەکرد.

لە کەمپی ئاڵتاش منداڵەکان بە چەند گەمەیەک خەریک دەبوون کە وەک نەخۆشیەکانیان و کێشەکانیان، سەرچاوەکەی لە هەژاری و نەداری و بێ کەسی سەری دەگرت. منداڵەکان بە شەڕە شەقی نێوان یەکدی سەری خۆیان گەرم دەکرد. گەمە بە لاستیکی ئۆتۆمۆبیلەکان و بایسکیلەکان و سووتاندنی ئەو لاستیکانە گەمەیەکی منداڵەکان بوو. هەر ئەمە دەرد و پیسی و نەخۆشی بڵاو دەکردەوە. لە گەمەکانی تری منداڵەکان گەمە بە قوڵاخەی کبریت بوو کە منداڵەکان پێیان دەوت قوڵاخەی کرمیت. ئەو قوڵاخە کرمیتانە لە زبڵدانەکان و کۆڵانەکان و ئەو شوێنانە دەدۆزرایەوە.

منداڵەکان بۆ دۆزینەوەی ئەو قوڵاخانە، دەستیان بۆ هەر کونێک و زبڵدانێک دەخست و کۆیان دەکردەوە و کۆ دەبوونەوە و لە کۆڵانەکان لەگەڵ یەکدی گەمەیان دەکرد. هەر ئەم جۆرە گەمانە بووە شێوەیەک خۆ خەریک کردن و گەمە کردن، کە پاشان منداڵەکان هێنایانەوە بۆ کرماشان و لەسەری بەردەوام بوون!.

# منداڵ و خۆشەویستی بۆ پەنجەکانی دەست

دوانیوەڕوانێکی هاوینی ماڵەوەمان هەموو خەوتبوون. من و برا چکۆلەکەم نەبێت کە لە بێشکە بەسترابووەوە. هەندێک بێشکەکەیم جوواند بۆ ئەوەی کە بخەوێت، هەرچی هەوڵمدا نەخەوت. دەست و پەنجەی بۆ من درێژ ئەکرد. لە شوێنەکەی خۆم هەڵسام و لێی نزیک بوومەوە. پەنجەکانی دەستی بە ئەسپایی بەرز کردەوە و بۆ چەند چرکە هێنای بەسەر ڕوومەتم، پاشان هەر بە ئەسپایی دەست و پەنجەی لێم دوورەوە کرد.

ویستم تووشی حاڵەتێکی سەیر و خۆشی بکەم، هەرچیم کرد، هیچ نەهات بە سەرمدا. منیش بە ئەسپایی سەری پەنجەی شەهادەتم هێنا بەسەر گۆنایدا، بزگەیەکی شیرین ڕوومەتی گرت. هەستم کرد ئەو پەنجەیەم هێز و وزە ئەوەی تێدا هەیە کە پەیوەندی بە هەست و نەستی ئەو برایەم بکات. پاشان پەنجەکەم لابرد. براکەم دیسان پەنجەی بەرز کردەوە، پەنجە چکۆلەکەی وەک خەیارێکی تازە کە گوڵی زەردی پێوە بێت، جوان و بە پرس و لە ترسدا بە نەرمی بەرز دەبووەوە. هەستم کرد کە گیان و ژیان و زیندوویی منداڵ لەسەر پەنجەکانیە، لەبەر ئەوەی کاتێک کە پەنجەکانی براکەم دەجووڵا، ئەمزانی کە خەوی نایەت، بەڵام کاتێک پەنجەکان و دەستی لە جووڵە دەکەوت، دڵنیا بووم کە خەوتووە یان خەوی دێت!.

لە یەک چرکە کەوتە بیرم کە یەکەم جار ڕوومەتی لە بەرانبەر ئاوێنە ببینێت. بۆ خۆم پرسیار بوو کە ئایا دروستە ئاوێنە لە بەرانبەر منداڵی بێشکە بنرێت یان نە!؟ لە بیر بووم، ئاوێنەیەکی چکۆلەم هێنا، دڵنیا نەبووم کە ڕوومەتی خۆی بە خۆی پیشان بدەم، دەترسام لەوە کە ئەگەر خۆی ببینێت، جۆرە ڕەنگدانەوە یان کاردانەوەی خراپ دروست بکات.

براکەم کە دەستی من و ئاوێنەی بینی، پەنجەی بۆ ئاوێنەکە درێژ کرد و بێ قسە گەیاندی کە دەیەوێت پەنجەی پێدا بهێنێت. بۆ من پرسیار بوو کە بۆ منداڵ پێش هەر شتێک دەیەویت پەنجەی شەهادەی بە شتەکاندا بهێنێت!؟

پێش هەموو شتێک لە بیری خۆمدا وتم کە پەنجە و دەستی خۆی لە ئاوێنە پێی پیشان دەدەم، پاشان ڕوومەتی خۆی پیشانی دەدەم. ترس و هەراسم لەوە بوو کە باش نەبێت وێنەی ڕوومەتی ببینێت. لە دڵی خۆمدا وتم، با یەکەم کەس بم کە ڕوومەتی خۆی پێ پیشان دەدەم، بەشکە کارێکی باش بکەم!.

پێش هەموو شتێک پەنجە و دەستی خۆیم پێ پیشاندا، پەلە و پەرۆشی ئەوەی بوو کە لە ئاوێنەکە نزیک بێتەوە. سەرم نزیکی سەری کرد و ڕوومەتی هەردووکمانم لە ئاوێنە پێی پیشاندا. زۆر سەیری لێنەهات. پەنجەی بە ئەسپایی هێنا بەسەر شووشەی ئاوێنەکە، وەک کەسێکی کوێر کە نەبینێت و بیەوێت بە دەست و پەنجە هەستی پێبکات. هەستم بەوە کرد کە منداڵ پێی خۆشە بە پەنجەی شەهادە، پێش هەر بەشێکی تری لەشی لە شتەکان نزیک بێتەوە.

ئاوێنەکەم لێ دوور کرد، هیچ کاریگەری و سەیرلێهاتنێکی فرە لە ڕوومەتی دیار نەبوو، بێمنەت، وەک کەسێک کە پێشتر خۆی بینیبێت!.

## بیرەوەریەکانی کەمپی ئاڵتاش

لە کەمپی ئاڵتاش بەیانان پاش ئەوەی کە لە خەو هەڵدەستام و نان و چام دەخوارد، دەچووم بۆ کۆڵان و لە بن سێبەری خانووەکان لەگەڵ منداڵەکانی تر دادەنیشتین و دەستمان لە قوڕ دەخست و بە خواستی خۆمان دەمانشێلا و دەمانگرتەوە. بە قوڕەکان کەر و سەربازمان دروست دەکرد و لە پێش تیشکی خۆر دامانداەنیا بۆ ئەوەی کە وشک بێتەوە. هۆکاری دروست کردنی کەر و سەرباز دەتوانرێت وەک باسێکی تایبەتی بێت. من منداڵی دەورانی شەڕێک بووم کە هەزاران مرۆڤ تێدا بوونە قوربانی و تێداچوون. ئەو شەڕە دەتوانێت کە هۆکاری سەرەکی دروست کردنی سەربازە قوڕیەکان لە گەمەکانی منداڵەکان بێت. بەڵام کەر و گرتنەوەی کەر لە قوڕ لە لای منداڵەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە بۆ دروست کردنی کەر، دەستێکی هونەرمەندی ناوێت. کەر زۆر بە ئاسانی دروست دەبێت و دەگیرێتەوە. کەر وەک ئەسپ جوانی تێدا نیە.

پاش ئەوەی کە سەربازەکان و کەرەکانمان دروست دەکرد، لەبەر هەتاو وشکمان دەکردەوە و پاشان دوو بەرەی شەڕمان دروست دەکرد. منداڵەکان سەربازەکانیان لە بەرانبەر یەکدی دادەنیا و گۆڕەپانی شەڕیان دروست دەکرد. هەندێک جاریش کە لە شەڕی سەربازەکانی خۆمان ماندوو دەبووین، دار و ئاسنمان بە دەستەوە دەگرت و وەک چەک بە کارمان دەبرد و خۆمان دەکردە دوو بەرە و شەڕمان دەکرد و بە دەم تەقەمان لە یەکدی دەکرد و یەکدیمان دەکوشت.

لێرە بە ناوی کەر و سەرباز و منداڵ و گەمە، چەند وشەی دین و شەڕ و ئاشتی و قار لێک نزیک دەکەمەوە.

"منداڵی و دین لێکدەچن."

لە هەرە دیاردەکانی نێوان منداڵەکان، دیاردەی قار و ئاشتیە، کە دانەری دوو ناوی شەڕ و دۆستیە. منداڵەکان لە دەورانی منداڵی لە پەنجەکانی دەستیان بۆ قار و ئاشتی کەڵکیان وەردەگرت. منداڵەکان زۆر بە وردی لەسەر پەنجەکانیان کار دەکەن وە زۆر بە هەستیاری پەنجەکانیان دەجووڵێنن. پەنجەی کورت بۆ قار بوو، دوو منداڵ کە دەیانەویست ئیتر پێکەوە دۆستی نەکەن و قسە لەگەڵ یەکدی نەکەن، پەنجەی کورتیان دەدا لەیەکدی و ئیتر قسەیان

لەگەڵ یەکدی نەدەکرد. پاش ماوەیەک کە دەیانەویست لەگەڵ یەکدی قسە بکەن و ئاشتیان بێتەوە، پەنجەی شەهادەتیان لەیەکدی دەدا و ئیتر دوای ئەو لێکدانە بۆیان هەبوو کە قسە لەگەڵ یەکدی بکەن. قار و ئاشتی منداڵان هەر وەک قار و ئاشتی ژنەکانە، زۆر بە دەگمەن کاریان دەکەوێتە شەڕ بە دەست. منداڵەکان بە پەنجەی ئەو دەستە کە قار دەدەن، بەو دەستە شەڕ ناکەن. کەڵک وەرگرتن لە پەنجەکان ئەدەبێکە بۆ ئەوەی کە پێکەوە بە دەست شەڕ نەکەن، بۆ ئەوەیە کە ئیتر پێکەوە پەیوەندەی نەکەن و پێکەوە پێنەکەنن.

دین هەروەک دەورانی منداڵی بە ڕستەکانی خۆی زەمینە و ژینگەی قار و ئاشتی لەگەڵ کەسانێکی تر دروست دەکات. ئەو منداڵانەی کە لە بەرەتای ژیانیان لەگەڵ ڕستەکانی دین ئاشنا بن، ئەدەبی قار و ئاشتی لە گیانیان دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێت. لە ژیانیان بەردەوام دۆستی ئەدەبێک دەکەن و دوژمنی و شەڕی خۆیان بۆ ئەدەبی تر دەردەبڕن. هەر ئەو منداڵانە کە گەورە دەبن، ئامادەیی ئەوەیان تێدا هەیە کە ببنە سەربازەکانی بەرەیەک و گیانی خۆیان بەخت بکەن. مرۆڤ هەر لە ڕەچەڵەک و منداڵیەوە خۆی دەخاتە نێو بەرەکان و شەڕەکانەوە. لە بیرمە کاتی منداڵی دووبەرەکی و بەربەرەکانێ کردن لە تایبەتمەندیە دیارەکانی ئەو دەورانە بوو. هەردەم لە شەڕ و ئاشتی، لە گەمە و ژیانی ئاسایی، دیاریکردنی بەرە و تاشین و خۆخستنە ناو بەرەیەک، ئارامش و پێناسەی بە منداڵ دەدا. حەتا ئەگەر بەرەیەکی دیار دوژمنی نەکردایەت، ئەوە بە ئاشتی و بۆ گەمە خۆمان دابەش ئەکرد.

ئەو کەسانەی کە فەرماندەی شەڕە گەورەکانیان کرد، مامۆستایەکیان هەبووە کە بە ڕستەکان، شەڕی بۆیان داڕشتووە.

" ئەوانەی کە تەوانی ناسینی زەوی و وشەکانیان هەبوو، لەسەر شەڕێک و دۆستیەک وشەیان و دەستیان درکاندووە و وەشاندووە."

لە نێو خەڵکی کرماشان من دوو جۆرە بە شەڕدادانم بینیوە:

**یەکەم،** ڕۆژێکی بەهاری خەڵک لە دەرودەشت دانیشتبوون و خەریکی قسە و باس بوون. پیاوەکان لە دەوری یەکدی کۆ بوونەوە و باس و تەویری خۆیان دەکرد. منداڵەکانیش لە دەورووبەری پیاوەکان دوو دوو و سێ سێ لەسەر یەکدی کۆ دەبوونەوە و لە ناکاوە لەسەر یەکدی دەتووچان و لە دەوری یەکێکی تریان کۆ دەبوونەوە، هەروەک کۆترەکان کە تاوێک لە شوێنێک دادەبەزن و تاوێکی تر لە شوێنی تر دەنیشنەوە. لە نێو ئەوانە کابرایەک بە ناوی نەریمان هەبوو کە هیوایەتی بەشەڕدان و هەڵخزاندنی هەستی شەڕی منداڵەکان بوو. یەکێک لە منداڵەکان کە بەسەرشێت و کەلەڕەق ئەیانناسی، ببووە بنێشتەخۆشی ئەو جۆرە پیاوانەی کە منداڵەکانیان بە شەڕدا دەدا. ئەو منداڵە ناوی ڕەزا بوو. نەریمان بۆ کردنەوەی بەزم و مەزات لەگەڵ ڕەزا وتی: ڕەزا کوڕێکی باشە، بەس یەک عەیبی هەیە! سرنج و تووڕەیی ڕەزای ڕاکێشا.

ڕەزاش ئەیزانی کە بەم قسە دەیەوێت هەستی شەڕ و دەمی قسە و جنێوی بکاتەوە. ڕەزا ملی تیڕ کرد و وتی: عەیبم چیە... ها... بکەم بە کوچکێک و بیدەم بە سەرتا.. ها.. نەریمانە کەچەڵ!؟

نەریمانیش ئەم جۆرە قسە کردنەی ڕەزای پی خۆش بوو. بە ئەسپایی وتی: کوڕێکی باشی بەس یەک عەیبت هەیە، ئەویش ئەوەیە کە قوونت کونێکی تێدایە!. هەر کە ئەمەی وت، ڕەزا کردی بە کوچکێک و خستی بۆ لاقی نەریمان. ڕەزا دەمی کردەوە و وتی: ئەی قوونی خۆت کون نیە!؟ ها... ئینسان هەمووی قوونی کونە!. نەریمان بە گاڵتە کردن وتی: نە.. ئینسان قوونی کون نیە، تەنیا قوونی تۆ کونە!. ڕەزا کردی بە بەردێکدا و خستی بۆ نەریمان. خزمێکیان دەستی ڕەزای گرت و بۆ ئاشت کردنەوەی وتی: کورە گەمەت وەتەک ئەکات، هەموو ئینسانێک قوونی کونە.. بۆ وا ئەکەیت!؟... سەرئەناتەسەرت!.

ڕەزا بە تووڕەیی سەیری نەریمانی ئەکرد و مڕی لێ ئەبردەوە. نەریمانیش بە گۆشە نیگا و گۆشە خەندەوە سەیری ڕەزای ئەکرد.

نەریمان بۆ ئەوەی کە مەزاتێکی تر لەگەڵ ڕەزا بکاتەوە، بانگی ئومێدی کرد. ئومێدی لەتەنیشت خۆی دانیشاند. نەریمان بە گاڵتە پێ کردن وتی: تۆ چاری ئومێد ناکەیت، ئەم ئومێدە شەڕکەرێکی باشە... سەیری مل و بازووی بکە!.

ڕەزاش ئاگری تێ بەر ببوو و خۆی جەڕ دەدا. نەریمان بۆ ئەوەی کە بیاندات بە شەڕدا، وتی: هادەی زۆرانێک پێکەوە بگرن، بزانم کە کێ، پشتی کێ دەداتە زەویدا!؟.

من هەستم کرد کە نەریمان دەروونی جۆرە سرنج و نیگایەکی توندی لەسەر ڕەزا هەیە. نەریمان ئەوەشی دەزانی کە ڕەزا بە ئاسان ملکەچی نابێت و ئەگەر پێی بڵێت ها بڕۆ لە ماڵی ئێمە پارچێک ئاو بێنە، دەیکات بە زڵەزڵ و وەڵامی ڕەزا ئەمە دەبێت کە ئەی بۆ بە کوڕەکەی خۆت ناڵێیت!؟. هەر بۆیە، بانگی کرد بۆ ئەوەی کە بیدات بە شەڕدا و سەیری بکات. ئەمزانی کە نەریمان لەسەر ئومێد هیچ کێشە و گرفتێکی نیە، لەبەر ئەوەی کە هەر چی بە ئومێد بڵێت، دەیکات و ئەنجامی دەدات و ڕوومەتی لەگەڵ ئومێد گرفتی نیە.

کەسانێک لە نێو ئەو خەڵکەی کە لەوێ بوون، خزمایەتیان لەگەڵ ڕەزا هەبوو، بەڵام لەبەر قسەی نەریمان هیچیان نەدەوت و دەیانەهێشت کە شەڕەکە بکرێت. ڕەزاش هەر لە بن دەستی نەریمان و کەسانی وەک نەریمان ئاوەهای لێ هاتبوو.

شەڕی ڕەزا و ئومێد دەستی پێ کرد و ئومێدیش لەبەر ئەوەی کە کوڕێکی گەورەتر لە ڕەزا بوو و تۆزێک شەرم و بەزەیی لە گیانی بوو، هیچ دەستی بۆ ڕەزا نەدەوەشاند و وازی دەهێنا و شەڕەکەی دادەمرکاند. ئاگام لێ بوو کاتێک کە ئومێد لە شوێنی خۆی دانیشت، نەریمان بە ئەسپایی بە یەکێک لە کوڕەکانی تری دەوت کە بڕۆ پەنجە بە قوونی ڕەزا بکە بۆ ئەوەی کە لەگەڵ تۆدا شەڕ بکات.

ئەو کوڕەی تر چوو و پەنجەی بە قوونی ڕەزا کرد. مەبەست لە پەنجە کردن بە قوونیدا، ئەوەیە کە هەروەها بە ئەسپایی لە دواوە پەنجە بداتە شەرواڵەکەیەوە بۆ ئەوەی کە بڵێت موچی نراوە. لە ناو ئەو خەڵکەدا موچ نیان تایبەت بۆ شەڕدانی منداڵەکانە. کەسێک لە دواوە پەنجە بە شەرواڵی منداڵێک دەدات و دەڵێت کە موچتم ناوە! لە منداڵی منداڵەکان زۆر هەستیار بوون لەوە کە دەست بە دواوەیان بدرێت.

ئەو کوڕە کە ناوی ئەمیر بوو، پەنجەی بە قوونی ڕەزا کرد و لێی دوور کەوتەوە. نەریمان کردی بە هات و هاوار و وتی: ئەرێ وەڵا ئەوە ڕەزایان موچ نا!.

ڕەزاش بە هات و هاوارەوە ناوچاوانی گرژ کرد و خۆی پل و تل دا و یەخەی ئەمیری گرت و هەوڵی دەدا کە بۆ ئەوەی تۆڵەی بکاتەوە، پەنجە بە قوونی ئەمیردا بکات. هەر بۆ ئەمەش ڕاوڕاوێنیان بە یەکدی دەکرد و مەزات و مەجلسیان بۆ نەریمان و کەسەکانی تر خۆش دەکرد.

ڕەزا ئیتر هەستی کردبوو کە هەرچی کێشە و گرفت کە هەیەتی لە بن سەری نەریمانە، وە ئەیزانی کە دەستی ئومێد و ئەمیر ڕاسپاردەی دەمی نەریمانە. هەرلەبەر ئەمەش لە هەر کوێ نەریمانی بدیبایەت بەردی بە دەستەوە دەگرت و لە نەریمانی دەوەشاند. لە هەر شوێنێک کە بیدیبایەت ناوچاوی لە نەریمان گرژ دەکرد و دەستی بۆ بەرد دەبرد و دەمی بە جنێو دەگرت.

**دووهەم،** کرماشانیەکان زۆر حەزیان لە شەڕە کەڵەشێرە، هەر بۆ ئەمەش بازاڕێکی تایبەتیان هەیە کە تێدا کۆ دەبنەوە و کەڵشێرەکانیان بە شەڕدا دەدەن. کەڵەشێربازی لە کرماشان مێژوویەکی کۆنی هەیە و خەڵک لە نێو شاردا لەسەری کەڵەشێرەکان پارە دادەنێن. ئەو کەشێرانەش کە ئەوان لە شەڕدا بە کاریان دەبرد، ئاسایی نەبوون، بەڵکو تایبەتی بۆ شەڕ بە کار دەبران. کەڵەشێری لاری کرماشان بەناوبانگە!.

گەرم کردنی بازاڕەکان و دانیشتنەکان بە شەڕی منداڵەکان و کەڵەشێرەکان جگە لەوە کە سەرگەرمی و گەمەیەک بێت، بازاڕ دروست کردنە، هەست و ڕوومەت دروست کردنە. ئەو کەڵەشێرانەی کە کوشتە و مردەی شەڕن، ڕوومەت و سەر و کەلەیان هەردەم برینداره و تاج و پۆپنەی سەرسەریان لەت و کوت کراوە. بەزم و هەرایەکە بۆ ئەوەی کە کەسانی تر لەسەریان پارە دابنێن و چەپڵە لێ بدەن و زەوی شەڕانی بکەن. ئەوانە لە ڕۆژانی خۆشی بەهار منداڵەکان بە شەڕدا دەدەن و کەڵەشێرە جوانەکان خوێناوی دەکەن.

" چەندە بۆی هەیە کە قوڕ بە بێ دەست ببێتە کەرێک یان سەربازێک، ئەوەندە دوورە کە خەڵک بە بێ وشە ببێت بە مرۆڤ."

خەڵک بە کۆمەڵ بۆ ناوەکان وەک قوڕێکە کە دەبێت زوو بگیرێنەوە و ئامادە بکرێن. ناوەکانی وەک پەیامهێنەرەکان و ئەوانەی کە لە نێو مرۆڤدا پێگەیان بەرز بووە، بە قسە و ڕستەکانیان

خەڵکیان یان بە کەر کردووە یان بە سەرباز، لەبەر ئەوەی کە ئەو دوو ناوە هێمای شەڕ و ئاشتیە. سەرباز هێمای شەڕ و پێکدادانە وە کەر هێمای گەورەی ئاشتیە.

بۆ ئەوەی کە لە قوڕێکی گەورە و خەڵکێکی زۆر بەرهەم بۆ گەمە دروست بکرێت، باشترین بەرهەم، کەر و سەربازە.

منداڵ دەستەیەک هەست و کرداری هەیە کە سەر و سرنجی مرۆڤ بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. منداڵ کە ئەوپەڕی خۆشەویستی بۆ پەنجەکانی خۆی و کەرستەکانی گەمەی هەیە، هیچ یەک لە کەرەستەکانی گەمە کردنی بە سەلامەت ناهێڵێت وە هەر لە ڕۆژی یەکەم کە باوکی بۆی کڕی، بە پەنجە خۆشەویستەکانی دەیشکێنێت. منداڵ پێی خۆشە کە بە ئەو کەرەستانە گەمە بکات کە شکاون و هیچ کامیان تەواو نین. لە بیرمە براکەم دەچوو هەر هەموو ئەسپاوبازیەکانی دەهێنا و لەبەر دەمی خۆی هەڵیدەڕژا و سەیری هەر هەموویانی دەکرد و یەکێکی هەڵدەبژارد کە حەزی لێ بهاتبایەت. لە کاتی هەڵبژاردن سەیری سەروچاوی براکەم دەکرد، جۆرە شێتی و عەشقێکی تێدا بوو کە گەمە بکات بەو کەرەستانەی کە بە پەنجە خۆشەویستەکانی خۆی شکاندوویە. منداڵ لە بەشەڕدادانی کەرەستەکان و سەربازە قوڕیەکانی خۆی وە شەڕ کردن بە لەشی خۆی، ئاماژە بە هەڵخزاندنی دەستەیەک لە وشەکانی وەک شەڕ و قار و شکاندن و بەرە و خوێن و سەرباز و کەر و گۆڕەپان دەکات.

من ناوی خوام هێنا و داوام لە خوای مەزن کرد کە یارمەتیم بدات کە کەر و سەرباز لە بن ڕستەکانی من نەخولقێت و نەبمە هۆی شکاندن و قاری نێوان مرۆڤەکان. من لە ماوەی چەند ساڵێکە هەستم بەوە کردووە کە سەرباز و کەر زایین لە بن دەستی منداڵەکان و پەیامهێنەرەکان، نیشانەی ئەوەیە کە مرۆڤ ئاوەهای شایستەیە کە پێی بکرێت. خوای مەزن لە قورئان پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە هەرچی لە ناوی من دوور ببنەوە، لە شەڕ و سەرباز و کەریەتی نزیک دەبنەوە. زاناکانی دین نەزانترین و گێلترین جۆری مرۆڤەکان بوون کە نەیانتوانی بزانن سەربازی کردنی دین هەر وەک ئەو منداڵەیە کە بە دەستی خۆی قوڕ دروست دەکات و بە شەڕیان دەدات و دەستەیەک لەو شەڕە دەشکێن و دەستەیەکی تر لە دوای شەڕ بە دەستی خودی منداڵەکە دەشکێن و ورد دەبن. ئەو خاکەش کە بووە قوڕ و جارێک گیرایەوە و بووە کەر و سەرباز و منداڵ بۆ گەمەی خۆی شەڕی پێیان کرد و لە یەکدیانی بەردا و شەل و کوتیانی کرد و هەستەکانی خۆی پێ دامرکاند، ئیتر ئەوەی کە لە ئەو سەربازانە دەمێنێتەوە، دەستەیەک قوڕی شکاوی بێ کەڵکە کە ئەگەر بۆ شەڕیش بەکار چوو، لە بەرد خراپتر دەکات. سەیری ئەو شەڕ و فتنەیە بکەن کە لە دوای پەیامهێنەری ئیسلام بۆ موسوڵمانەکان مایەوە. موحەممەد دونیای خۆی بە ناوی خوا و دەستی خوا ئاوەدان کرد، وە هەر بەناوی خوا پاش خۆی کردە خوێن و مەرافەی موسوڵمانەکان. ئەمە ئیرادەی مەزنی بڵند و باڵای خوایەکە کە ئەزانێت مرۆڤ لە دڵ و دەروونی بە چرکە چی ئەگوزەرێت!.

# چیرۆکێکی قوتابخانەی سەرەتایی (٢)

لە دەورانی قوتابخانە کێشەیەک کە هەرماوەیەک جارێک منداڵەکانی هەراسان دەکرد، کاردەستی یان کاری دەستی بوو، بەو مانا کە مامۆستاکان قوتابیەکانیان ڕادەسپارد کە لە ماڵەوە بەرهەمێکی هونەری و دەستی دروست بکەن و بیبەن بۆ قوتابخانە. مامۆستاکان ئەو دەرفەتەیان بە قوتابیەکان دەدا کە بە دەستی خۆیان لە ماڵی خۆیان بەرهەمێکی دەستکرد لە تەنیایی و بە کەرەستەکانی خۆیان دروست بکەن. هەر ئەمەش ڕێی خۆش کردبوو کە قوتابیەکان کەرەستەکانی کاردەستیەکان بدەن بە باوک یان کەسێکی تر بۆ ئەوەی کە بۆیان دروست بکرێت. منداڵەکانیش پەرۆشی ئەویان بوو کە کاردەستی خۆیان بە جوانی پێشکەشی مامۆستای بکەن و نمرەیەکی باش وەربگرن.

منداڵەکان لەبەر ئەوەی کە هێزی داهێنانیان نەبوو، هەرکەسێک لاسایی لەوانی تری دەکردەوە. لە بیرمە ساڵێک مامۆستا داوای کرد کە کاردەستیەک ببەین بۆ ئەوەی کە نمرەی سەری ساڵ وەربگرین. ئێوارە چوومۆ بۆ ماڵەوە و بە باوکمم وت کە کاردەستیەکم بۆ دروست بکە بۆ ئەوەی کە بیدەم بە مامۆستا و نمرە وەربگرم.

باوکمیش ئێواران لە ئیش و کار دەهاتەوە و هیلاک بوو. کاتێک کە خەریکی خواردنی چای پاش نان بوو وتی: تۆ بهێڵە با من چایەکەم بخۆم، ئەمە چی بوو ئەم کاردەستیەی تۆ!؟ هەی گوو بە ڕیشی باوکی ئەم مەدرەسەی ئێوە کە ناهیڵن ئێمە تاوێک بە ئاسوودەیی دانیشین!.

من بێ دەنگ مامەوە و سەرم کڕ و کز کرد و پێنووسەکەم خستە نێو پەنجەکانی پێم و وتم: مامۆستا وتی کە چتێک بێرە وەکی جارەکانی تر نەبێت. ئەو جارەکە بە نەوت و چایی شەو و ڕۆژت دروست کرد، چووار کەسی تر ئەوەیان دروست کردبوو.... جارێکی تر هێلکەم ڕەنگ کرد و بردم بۆ مەدرەسە.... ئەم جارە دەمەوێت کە چتێک ببەم کە وەکو جارەکانی تر نەبێت!.

باوکم پاش ئەوەی کە نان و چای خوارد، تۆزێک ماندوویەتی لەسەری لاچوو، سەرینەکەی پاڵ دایە دیوارەکە و بزگەیەک گرتی و وتی: ئاخر ئەم مەدرەسە و موعەلیمانە تفاقیان بەشەڕ بێت، بۆ واز ناهێنن!؟.

باوکم دەستێکی بە سمێڵیدا هێنا و لە بیردا بوو، وتی: باشە کڵاشینکۆفێکت بە دار بۆ دروست بکەم چۆنە!؟

بزگەیەک گرتمی و وتم: ئەی بە چی ئەیتاشی!؟

باوکم پشتی لەسەر پاڵشتەکە هەڵبڕی و وتی: سۆیە(سبەی) ئێوارە هاتمەوە دروستی دەکەم، تۆ کارت نەبێت!.

ئەو شەوە تا بەیانی بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەو کڵاشینکۆفە لە مەدرەسە سەیری دەکەن و منیش بە دەستەوە دەیگرم و منداڵەکان لە دڵی خۆیان دەڵێن کە خۆزگە باوکی ئێمەش چتێکی ئاوەهای بۆ ئێمە دروست بکردبایەت. ئیتر ئەو شەوە تا درەنگان هەر بیرم لەوە دەکرد و خۆم لە جێگەکەم پل دەدا.

بەرەبەیان کە هەڵسام خۆم بخەمەڕێ بۆ مەدرەسە، باوکم خۆی ئامادە دەکرد کە بچێت بۆ سەری کار، ڕووی لە من کرد و وتی: ئیمڕۆژ بچۆ و بگەڕێ و تەختە دارێکی پان و چەرمگ بدۆزەوە، با ئێوارە کە هاتمەوە ئامادە بێت.

بە خۆشیەوە وتم: باشە ئەچم بۆ دوکانەکەی خاڵۆ عەلی و لە ناو سندوقی میوەکان دەگەڕێم و تەختە دارێکی جوان دەدۆزمەوە و ئەیهێنمەوە.

ئەو ڕۆژە کە چووم بۆ قوتابخانە نەموێرا بە منداڵەکان بێژم کە باوکم بە تەمای ئەوەیە کە کڵاشینکۆفێک دروست بکات. هەر خوا خوام دەکرد کە لە قوتابخانە بێمە دەرەوە و بچم بۆ دوکانەکەی خاڵۆ عەلی و دوکانەکانی تر بۆ ئەوەی کە تەختە دارێکی باش بدۆزمەوە بۆ کڵاشینکۆفەکە.

لە دەرگی دوکانەکەی خاڵۆ عەلی تەختەدارەکانم لێک دەدا و چاوم دەگێڕا بۆ ئەوەی کە تەختەیەکی سپی بدۆزمەوە. لە ناکاوە چاوم بە باوکم کەوت کە تەختە دارێکی سپی جوانی بە دەستەوەیە. خۆم کۆ کردەوە و چوومە سەر جادەکە. باوکم لەگەڵ خاڵۆ عەلی خۆش و بشی کرد و وتی: تەختەیەکم بۆت دۆزیەوە، ئەمشەو کڵاشینکۆفت بۆ دروست ئەکەم!.

باوکم بە پێکەنین بۆ ماڵەوە بە ڕێ کەوت و منیش بە کیفی قوتابخانە بە دوای باوکم کەوتم. شەو باوکم تەختە دارەکەی بە سوماتە پاک کردەوە و بە ماژیکێکی سوور وێنەی کڵاشینکۆفی کێشا و پاشان بە هەڕەیەک خەریکی بڕینەوەی وێنەکە بوو. باوکم بە سەرکەوتوویی کڵاشینکۆفەکەی دەرهێنا و بە سوماتە پاکی کردەوە. لە خۆشیدا سەر و پێم لە زەوی نەدەکەوت!.

باوکم پاش ئەوەی کە کڵاشینکۆفەکەی دا بە دەستمەوە، بە پێکەنین وتی: بێژە ئاغای موعەلم، کوردیان وتووە و کڵاشینکۆف!.

ڕۆژی بردنی کاردەستی لە بەرەبەیانەوە بە کڵاشینکۆفەوە خۆم ئامادە کرد بۆ قوتابخانە. پاش ئەوەی کە نان و چام خوارد، بەڕێ کەوتم. بە خۆشی و غرورەوە خۆم گەیاند و چوومە ناو پۆلەوە، منداڵەکان هەر کامەیان کاردەستی خۆی لە بن مێز و سەر مێز دانیابوو. منیش کڵاشینکۆفەکەم لە ناو ئەلاگەیەک نیابوو و باش پێچابوومەوە، کوڕێکی یارسان پاش ئەوەی کە زانی کاردەستیەکەم وەک کڵاشینکۆفە، نزیک بووە و وتی: ئیوەش لە ماڵ خوەتان لەی کڵاشینکوفە دیرین!؟

ترسام لە پرسیارەکەی: نە وە خودا ئێمە لەیانە نەیریم!.

ڕەنگم زەرد بوو، لە دڵی خۆم وتم ئێستە خەیاڵ ئەکەن لە ماڵەوە کلاشینکۆفی ڕاستەقینەمان هەیە. ترسام کە ئەمانە هەر لە خۆیانەوە بوختانم پێدا بکەن کە لە ماڵەوە کلاشینکۆفمان هەیە. لە ناکاوە کەوتمە بیری ئەو شەوە کە هێزەکانی ئێتلاعات کوتابوویانە سەرماڵەکانی ئاواییدا. لە ناکاوە لە دڵی خۆمدا وتم: بە خوا ئەمانە ئەزانن... بۆی هەیە کە بزانن. ئەوە ماوەیەک لەمەوبەر ماموستاکان لێپرسینەوەیان کرد بۆ وێنەکانی خومەینیت دڕاندووە!؟ ئێستە کە بزانن کلاشینکۆفم هێناوەتە قوتابخانە، دڵیان دڵنیا دەبێت کە لە ماڵەوە کلاشینکۆفمان هەیە.

منداڵەکانی تر هەریەک شتێکی هێنا بوو، یەکێک هێلکەی ڕەنگ کردبوو، یەکێکی تر بە پەتاتە و یەکێکی تر بە نەوت و چایی شەو و ڕۆژی دروست کردبوو. یەکێک لەو بەرەوە بە دار شمشێرێکی وەک شمشێرەکەی ئیمامی عەلی دوو دەم دروست کردبوو. سەیرم دەکرد و لەبەر خۆمەوە: ئەو کوڕەم دەناسیەوە، ئەو لەو کەسانە نەبوو کە وێنەکەی خومەینی دڕاندبوو. لە خەیاڵ بووم، ماموستا بانگی منی کرد: بەو بزانم چە هاوردیتە، مەمەدی(موحەممەدی)!؟

سەیری منداڵەکانم دەکرد کە بزانم سەیری من دەکەن؟ هەر هەموویان بێ دەنگ بوون و سەیری منیان دەکرد. کوڕە یارسانەکە پێش ئەوەی کە کلاشینکۆفەکە لە ئەلاگە دەربهێنم، بە دەنگی بەرز وتی: وە دار کلاشینکوف درست کردیە!

بە پەلە دەرم هێنا و دام بە ماموستا. ماموستا بە دەستی گرت و وتی: توایت وەپی شەڕ بکەیت!؟ یە کی درستی کردیە!؟ باوگت.. ها!؟

ماموستاکە هیچی تری نەوت و کلاشینکۆفەکەی سەیر کرد و دای بە دەستی منەوە و وتی: بوەرەی ئەڕا خوەت، من نمرەی خوەم دەمە پیت، بچو بنیشە.

هەر کە ماموستا وتی برۆ دانیشە، هەستەکانم مردەوە و ئارامیەک گیانی منی گرت و کلاشینکۆفەکەم لە بن مێزەکە شاردەوە. سەیری دەورووبەری خۆم کرد. کەس سرنجی لەسەر نەبوو. ئەو ڕۆژە خوا خوام دەکرد کە هەرچی زووترە لەو قوتابخانە بڕۆمە دەرەوە، دەترسام کە ئەو ماموستایانە سەیری وێنەکانی خومەینیان دەکرد، بمگرن و کێشەیەکی گەورەم بۆ دروست بکەن.

## ناوەکان و کارە دەستیەکانیان

ئەو بەسەرهاتە زۆر قسە و باسی لە لای من دروست کرد وە لە لای مندا مایەوە. یەکێک لەو ڕستانەی کە لەگەڵ ئەو بەسەرهاتە دێت ئەوەیە کە مرۆڤ لاساییکەری ئەو ڕستانەیە کە شەڕی پێ دەکات. مرۆڤ لە دەوری ئەو وێنانە دەسووڕێتەوە کە لە ڕابردوو بۆی ماوەتەوە. مرۆڤ لە دەوری ئەو وێنانە دەژی کە بە زۆری پێوە خەریک بووە.

کتێبی بوفی کوری سادقی هیدایەت کارێکی دەستی نەبوو. سادق هەرچەند کە چەند وشەی بنەڕەتی لە فەلسەفە و دەروونناسی هیند و ڕۆژئاوا گرت و لەگەڵ دەروونی خۆی تێکەڵی کرد،

بەڵام لەگەڵ ئەو وەرگرتنە خۆی لە ناوەوە دەروونێکی تاک و تەنیا و تایبەتی هەبوو. بۆ نموونە سادق وشەی ( ولگردی) یان وێڵگەڕی لە ئەدەبی فەرەنسەوە وەرگرت و بردیە ناو ئەدەبی فارسیەوە. هەر بەو وشە و مانا و هەستە کە لە فەرەنسەوە وەریگرت، ژێرخانی خۆی و چیرۆکەکانی دەرخست. سادق لەبەر ئەوەی کە بۆ ناسین و ئارامش سەردانی هیند کردبوو، لەگەڵ مانا و بەهای وێڵگەڕی و گەڕاڵی ئاشنا ببوو، کاتێک کە لە فەرەنسە لەگەڵ دەروونناسی و فەلسەفەی ئەوان ئاشنا ئەبیت، ئەزانێت کە ئەویش وەک فەرەنسیەکان لە بەرەڵایی و وێڵگەڕی گەیشتووە بە پووچگەرایی. مەبەستم ئەوەیە کە سادق لەگەڵ وشەکان و ماناکان ئەژیا و ئەمایەوە و لە دەروونی تێکەڵ ببوو. بە پێچەوانەی سادق و چەند ناوێکی دنکەی تر، زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە بواری چیرۆکنووسین کاریان کرد و کار ئەکەن، بەس دەستیان لەگەڵ وشەکان تێکەڵ کردووە، لەبەر ئەوەی کە بۆ نمرە کار دەکەن، لەبەر ئەوەی کە بەهای دەستکردەکانی خۆیان لە دەمی کەسانی تر وەردەگرن. ئەوان بە دەستی خۆیان کارێکی دەستی دەتاشن کە بە دەستی خۆیان بەرهەمی دەستی خۆیان دەردەخەن. زۆرێک لە ناوەکان بە کاری دەستی خۆیان ناویان بەرز دەکەنەوە. هەر هەموویان وەک قوتابیەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە لە ڕۆژێک بەرهەمە دەستیەکانی خۆیان بە مامۆستا پیشکەش بکەن. مامۆستا نازانێت کە کێ ئەو هەمووەی دروست کردووە؟ یەکێک باوکی، یەکێک دایکی، یەکێک مامی و یەکێکی تر خاڵی و یەکێکی تر براکەی و ئیتر هەر کاردەستیەک یەکێک لە پشتەوە دروستی کردووە. بەرهەمی زۆرێک لە چیرۆکنووس و فیلمدەرکەرەکان لە پشتەوە کەسانی تر دروستیان کردووە، گرفتی ئەوان ئەوەیە کە بە ناوی خۆیانی دەکەن و تەوانی ئەوەیان نیە کە ئاماژە بکەن کە کێ زێنەر و دروستکەری کارە دەستەکانی ئەوانە؟

زۆرێک لە هەستەکانی مرۆڤ زەمینە و ژینگەی دروستبوونی کاری دەستی دروست دەکات. کەسانێک لە ژیانی مرۆڤ دەردەکەون کە دەبنە هۆی ئەوە کە کاری دەستی و بەرهەمی دەستی دروست ببێت، لە کاتێک کە خوێنەران بە بەرهەمێکی ڕەسەنی دەزانن. کتێبی (ڕشتەی مرواری) کارێک و کۆکراوەیەکی دەستیە. (چێشتی مجێور) ی مامۆستا هەژار کارێکی دەستیە. کتێبی (کلیدر) لە نووسینی موحمودی دەوڵەت ئابادی کارێکی دەستیە. مەبەست ئەوەیە کە ئەو ناوانە خاوەن پێکهاتەیەکی ئەدەبی ڕەوەندە و زیندوو نین و بەرهەمەکانیان لە ڕێکخراوەیەکی زمانی ناسووڕێتەوە. قوتابیەک جارێک هێلکە ڕەنگ دەکات، جارێکی تر بە نەوت و چایی شەو و رۆژ دروست دەکات. هەر هەمووی بۆ مامۆستایەک دەیکات و مامۆستا ئەزانێت کە ئەوانە بەس یەکدی دووبارە دەکەنەوە.

چیرۆکی ئەوانە وەک ئەو منداڵانەیە کە لەسەر چەند خانە و خەت، گەمەی خەت خەتان دەکەن. لەسەر چەند خەت و چەند گەمەیەک، منداڵەکان لە منداڵی خۆیان گوزەر دەکەن. لە دەورانی منداڵی گەمەیەک هەبوو کە پێیان دەوت "خەت خەتان". خەت خەتان دوو گەمە بوو کە پێکهاتبوو لە خانەکان کە بە خەت دیار بوو وە بە بەردێک کە بە دەستەوە دەوەشێنرا گەمەکە

دەکرا. گەمەیەکیان هەشت خانەی هەبوو، گەمەکەی تر شەش خانەی هەبوو. هەر هەموو منداڵەکان ئاشنا بوون بەوە کە چۆن لەسەر ئەو خەتانە گەمە بکەن و بەردی خۆیان بوەشێنن.

لە بن و بنەڕەتەوە من دان بە ناوی ئەو کەسانەوە دەنێم کە خەتی خۆیان هەبێت و گەمەی خۆیان بکەن. جۆرێک خەت و نیشانی گەمەی خۆیان بکێشن کە کەس نەزانێت و کەس بە بن و بنەچەقی گەمەیان ئاشنا نەبێت. فردریک نیچە لەو کەسانە بوو کە لەسەر خەت خەتان و گەمەی ئەوانی تر گەمەی دەکرد و بەردی خۆی دەوەشاند و ئاشنا بوو بە شێوەی گەمەی ئەوانی تر، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی دامەزرێنەری گەمەیەکی تایبەتی خۆی بوو کە زۆرێک لە مامۆستا و قوتابیەکان لەسەر خەت و نیشان و گەمەی نیچە ژیانی خۆیانی تەرخان کرد. نیچە پێکهاتەیەکی هەبوو کە لەسەر خەتەکانی ئەوانی تر گەمەی نەدەکرد. ئەمە بۆ بەهایەکی فراوانی هەیە؟ ئەوەی کە کردی کارێکی دەستی نەبوو کە بۆ ئەوانی تر بیکات و چاوەڕوانی نمرەی ئەوانی تر بێت. زایین لە ڕستەکانی نیچە هەیە وە بە توندی دژی ئەو کەسانە دەوەستێت کە کاری دەستی دەکەن و بەرهەمی دەستی دەخولقێنن. نیچە زۆر لەسەر ناوەکان و فەیلەسوفەکان قسەی کرد و هەر هەموویانی بە ناتەوان ناسیەوە لەوەی کە خەت و گەمە و بەردی خۆیان هەبێت. نیچە تەنیا بە ناوی عیسا و زەردەشت مایەوە و دەیزانی کە ئەو دوو ناوە خاوەن دوو خەت و گەمە و بەردی تایبەتی خۆیان بوون وە کەسیش نەیدەزانی کە ڕێ و شوێنی ڕستەکانی عیسا و زەردەشت لە کوێوەیە!؟.

## کارگەکانی چیرۆکنووسین

فارسەکان لەبەر ئەوەی کە زۆربەی ناوە ئەدەبیەکانیان خەریک بە چیرۆک و شیعر و نەقاشی و بە گشتی هونەرە دەستیەکان بوون، زۆر کارگە و هۆڵ و مۆڵ و کۆڕ بۆ ناوەکان و نەوەکان دروست ئەکەن بۆ ئەوەی کە یەکدی بگرنەوە. یەکێک لە کارگەکانی ئەدەبی فارسی، کارگەکانی چیرۆکنووسینە. کارگەکانی چیرۆکنووسین لە لایەن کەسایەتیەکەوە یان چەند کەسایەتیەوە بەڕێ دەچێت و چاودێری دەکرێت. ئەم کارگەیانە کاریان ئەوەیە کە نەوەکانی فارس، بە تایبەت ئەوانەی کە حەز و خۆلیای چیرۆکنووسینیان هەیە گەشە پێ بدەن. ئەم جۆرە کارگەیانە ئاماژە و نیشانەیەکی دیار و ڕوونە کە فارسەکان دەست و هونەر زیاتر لە یەکدی نزیک دەکەنەوە تا دەروون و هونەر. دەبێت ئەوە ڕەچاو بکەین کە کارگەکان بۆ کەسانی وەرگێڕ و بگێڕ و پێگێڕە، نەک بۆ داهێنەرە ڕەسەنەکان. فارسەکان لەبەر ئەوەی کە وزە و دەستی وەرگێڕیان هەیە، جۆرەکانی هونەر لە ڕێگەی دەست و وەرگرتن و وەرگێڕانەوە گەشە پێدەدەن.

سادقی هیدایەت زۆر هاوکاری دۆستانی چیرۆکنووسی هاودەورەی خۆی کردووە، بەڵام خودی سادق لە بەردەست و بندەستی مامۆستا و کتێب و کارگەی فارسی گەشەی بە دەست و دەروونی خۆی نەدا، بەڵکو هاوکاری لە ڕۆژئاواییەکان و هیندیەکان وەرگرت. دەبێت لەوە ورد و وریا بین کە هیچ سنوورێکی دیار و ڕوون لە نێوان داهێنەری و وەرگێڕی نیە. سادق هەم وەرگێڕی و جامبازی کردووە، هەم داهێنەری، بەڵام سادق هەردەم بە کەسێکی داهێنەر دەناسرێت. سادق کار و

شوغڵی وەرگێڕان نەبوو، بەڵکو بە عەشق و خۆشەویستی بۆ گەشە و گرتنەوەی دەروونی خۆی، هەندێک ناو و ناونیشانی وەرگرتووە و وەریگێڕاوە.

سادق و سەرجەم ناوەکانی فارس بە لای منەوە ئەوەندە پێگە و دەوری گەورەیان نیە، من کەسێکم خۆش ئەوێت کە وشە و ڕستە لە دەم و دەوونی هەردەم ئامادە بێت. بە شێوەیەکی ڕوونتر من کەسانی وەک پەیامهێنەرم خۆش ئەوێت کە قسە و وشە و ڕستە بۆ کار و ئەرک بە کار نابەن، بەڵکو لەگەڵ قسەکان و وشەکان و چیرۆکەکان دەژین. من کەسانێکم خۆش ئەوێت کە خاوەن خەت و خاڵێک بن کە هیچ کەس نەزانێت لە کوێ سەرچاوەی وەرگرتووە، کەسانێک کە بە قسە کردنیان پیشان بدەن خاوەن هەست و هەناسە و هەستین. پەیامهێنەران قسەی دەمی خۆیان بە دەستی خۆیان نەنووسی، بەڵام بیرمەندان قسەی خۆیان بە دەستی خۆیان نووسیوە.

منیش ئەوەم دەوێت کە قوتابیەکان و فەقێکان و نەوەکان و ناوەکان بەرهەمێک دروست نەکەن کە ئەوانی تر چەندەها جار بە دەستی تر دروستیان کردبێت و دووبارە بووبێتەوە، چتێک دروست مەکەن کە لەسەر خەت و گەمەی ئەوانی تر بپەڕن و لەکۆڵی بکەنەوە. ئەو ئاوەی کە دان دەزێنێت، جیاوازە لەو ئاوەی کە گەشە بە دان دەدات. هەروەها هەموو جار ئەو دەستەی کە دان دەوەشێنێت، هەر ئەو دەستە نیە کە دان درەو دەکات.

کەسانێک کە لەسەر پێڕەو و ڕێگەی ئەوانی تر نەبن، وە ئەو نەبوون و نەچوونە سروشتی بێت و لە دژایەتی و بە گژداچوونەوە نەبێت، ئاماژە و نیشانەی ئەوەیە کە ئەو کەسە تەوان و وزەی هەیە کە داهێنان لە ڕێگەیەکی نوێ بکات، بۆ نموونە دەگێڕنەوە کە مامۆستا و هاوپۆلیەکانی ئەنیشتاین، ئەویان بە کەسێکی گێل و گێژ و گەمژە دەناسی. هەروەها زۆر چیرۆکی ئاوەهایان لەسەر ئەنیشتاین دروست کردووە. ئەم گێلیەتی و گەمژەیی و چیرۆکانە خۆی ئاماژە و نیشانەی ئەوە بووە کە سەروچاوی ئەنیشتاین خاوەن دید و نیگای خۆی بووە. ئەو جۆرە کەسانەی کە دید و نیگایان، وێنە و نیگاری جیاواز لە مرۆڤانی تر ئەبینێت، وەرگیراو نیە، یان لە گوشار کردن لە دەروونی خۆ دروست نەبووە، بەڵکو بەهرە و بەخششی سروشت و خوای مەزنە. لە ڕاستی و بنەڕەتدا هەر مرۆڤێک دەتوانێت کە خاوەن دید و نیگا و نیگاری خۆی بێت.

خوای مەزن لە قورئانی پیرۆز ئاماژە بەوە دەکات کە ئێمە گەورەترین داهێنەر و خولقێنەرەکانین: ان ربک هو الخلاق العليم(الحجر ٨٦) هەروەها خوای مەزن دەریدەخات کە ئێمە بۆ هەر یەک لە ئێوە ڕەوش و چوونێکی تایبەتیمان دامەزراندووە. هاتووە: لکل جعلنا منكم شرعة و منهاجا( المائدة ٤٨) ئیتر بۆ ڕوو لە خوای مەزن ناکەن کە هێز و وزەی داهێنان و بەرهێنانتان پێ ببەخشێت!؟.

# بەرەبەیان و ئێوارەی ڕۆژی جێژن

بەرەبەیانێکی خۆشی بەهاری جلە جوانەکانم لەبەر کرد و بۆنی خۆشم لە خۆمدا و لەسەر سەکۆی ماڵی باپیرم ڕاوەستام کە مامم خۆی ئامادە بکات و بڕۆین بۆ شاییەک کە لە ئاوایی قەڵەمە دەکرا. هەوایەکی خۆش دەیدا بە دەم و چاودا و ئاسمانی کەوە ئەوەندەی تر زینەتی ژیانی دەدا. مامم لە دەرگا هاتە دەرەوە، خەریک بوو کە پێڵاوەکەی لە پێ بکات. وتی: بچۆ بزانە کە یاوەری کوڕی کاک عەلی خۆی ئامادە کردووە؟ بڵێ زووبە تا دەگەینە قەڵەمە، شاییەکە دەست پێ دەکات!.

لە دەرگای حەوشەکەی ماڵی باپیرم چوومە دەرەوە و یاوەرم بینی کە بە تەزوێیەکەوە لە پشت دیواری گەلەخانەکەی ماڵی باوکی ڕاوەستاوە. دەستم لێ بەرز کردەوە: خۆت خستووە ڕێ؟

لە دوورەوە پێکەنینێک ناوچاوانی خۆش کردبوو: لە کاتژمێر شەشی بەیانیەوە من ئامادەم!.

یاوەر نەرمە نەرمە لە من نزیک بووەوە و دەستی لەگەڵ مندا و ڕووی لە کەژی چەرمگسوار کرد. ڕێش و سمێڵی جوان ڕێک کردبوو، بۆنی خۆش و چۆخەوڕانەکەی کردبوویە کەسێکی تر!.

باش وایە پێش ئەوەی کە بەردەوامی چیرۆکەکە بدەم تۆزێک باسی یاوەر بۆ ئێوە بکەم:

" یاوەری کوڕی کاک عەلی، لەو گەنجانەیە کە لە ساڵانی پێش شەڕی ئێران و عێراق لە دایک بووە. دەورانی منداڵی لە کەمپی ئاڵتاش بەسەر بردووە و پاش ئەوەی کە گەڕاونەوە بۆ کرماشان، لەبەر نەداری و بێکاری چووە بۆ شارەکانی تاران و بەندەرعەباس بۆ کار و کرێکاری. ماوەیەک بوو کە گەڕابووەوە بۆ ئاوایی و لە ماڵی باوکی دەژیا و دەیەویست کە ئیتر لە کرماشان ژیان و کار بکات."

مامم خەتەکانی شەرواڵی قاتەکەی دروست دەکرد و بە هەست و هەناسەیەکی خۆشەوە لە دەرگای حەوشەکەوە هاتە دەرەوە. لەگەڵ یاوەر دەستیدا و هەر سێکمان بەڕێ کەوتین بۆ ئاوایی قەڵەمە. قەڵەمە ئاواییەکە کە پاڵی داوەتە کەژی چەرمگسوار و لە پشت ئاوایی کلاشیەوەیە. ئێمە ئەو ڕۆژە لەبەر زەماوەندی دۆستێکی مامم و یاوەر دەچووین بۆ ئەوێ.

لە جادەی قیرتاوی بەر ڕێگای ئاواییەوە خۆمان خستە جادەی خاکی ڕێی کلاشیەوە و لە دەرودەشتی جوانی دەشتی زەهاو خۆش بووین. یاوەر و مامم لەبەر دەنگی خۆشیان دەمیان کردەوە و گۆرانیان دەوت و هەستەکانی خۆیان دەردەبڕی. لە تەنیشت بۆیسانەکەی ئێمە تێنەپەڕیبووین کە یاوەر وتی: لەبەرەبەیانەوە کە لە خەو هەڵساوم، دەرد و هەست و دڵ تەنگی ئەم ئێوارەیە منی داگیر کردووە!.

من جوان جوان نەمزانی کە مەبەستی لەو قسەیە چیە!؟ دیسان خۆی بەردەوام بوو: ئێوارەی ڕۆژی جێژن و زەماوەند و شایی بۆ من ناخۆشترین کاتەکانە، ئەو کاتەی کە بە دەستە هەستێکەوە کە نەکوژاوەتەوە، خۆر ڕۆژت لێ دەکوژێنێتەوە!.

مامم بە قسەکانی جارانی: ئەمە دنیایە، ڕۆژیک جێژنە و بۆنی خۆش و شەش ڕۆژی تری کرێکاری و بۆنی عارەقە!

وردە وردە زانیم کە دەردی یاوەر چیە، بۆ خوێندنەوەی چەندیەتی و چۆنیەتی هەندێک دەرد دەبێت کە تەشەنە بکەیتە نێو چاوانی مرۆڤەوە. هەر بۆ ئەمەش وەک کەسێک کە موی ڕوومەتی کەسێک بە بەن هەڵدەگرێت، منیش سەرم گرتە سەر ڕوومەتی یاوەر و هەرچی دەوت سەرنجم لەسەری دەدا و ئاگام لەسەر چۆنیەتی جووڵەی چینەکانی سەر ڕوومەتی بوو.

یاوەر وازی لە گۆرانی وتن هێنا: پێم خۆشە لەسەر ئەو خاکەی کە ئەو خەڵکە لەسەری هەڵدەپەڕێت بمرم و بەو ئێوارە نەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە. جەرگ و هەناوی من دەسووتێنێت. پێم خۆشە کە تیکەڵی ئەو بەزم و جێژنە ببم و هەرگز نەبڕێتەوە، حەز دەکەم کە ئەو رۆژە هەرگیز کۆتایی پێ نەیەت و هەرگیز خۆر ئاوا نەبێت!

یاوەر بەدەمی ڕێ کردنەوە دەستێکی بەسەر ڕانی خۆی کێشا. هەستم کرد کە ئەو کوڕە هەستەکانی هی ئێرە و هی خۆی نیە. منیش پەیتا پەیتا سەیری ڕێگام دەکرد بۆ ئەوەی کە بزانم چەندەمان ماوە کە بگەین بە قەڵەمە؟ بۆ ئەوەی کە بگەین بە قەڵەمە دەبوو کە لە بەر ئاوایی کلاشی تێپەڕین، ئێمە زۆرمان مابوو بۆ ئەوە کە بگەین بە کلاشی، هەر ئەمە وەک لاوێنگەیەک بوو بۆ من، حەزم دەکرد کە ئەو بەرەبەیانە کۆتایی پێ نەیەت و بە ئاسان نەگەین بە کلاشی. ئەوەی کە بۆ مامم و یاوەر بەهای هەبوو، خۆیان بوون لە نێوان بەرەبەیانێک و ئێوارەیەکی دژبەیەک، وە ئەوەی کە بۆ من بەهای هەبوو، من وەک شایەتێک لە نێوان مرۆڤ و هەستەکانی لەیەک ڕۆژدا.

مامم لە تەنیایی و لەگەڵ دۆستانی نزیکی خۆی جاربەجار هەستە چکۆلە و شەرمنەکانی خۆی دەدرکاند. بە پێکەنین وتی: مانگی ڕەمەزان حەز ناکەم تەواو بێت، نەک لەبەر ڕۆژووەکەی، لەبەر ئەوەی کە حەز ناکەم بە ئاسان بە ڕۆژی جەژنەکەی بگەین، کە ئەگەین بە ڕۆژی جێژنەکەی لە ڕۆژی دوای جەژن هەراس و ترسێکم هەیە!

مامم گتێکی کرد: ئەم خەڵکە لە جێژن و پێش جێژن جۆرێکە و لە دوای جێژنیش جۆرێکی ترە، زۆر سەیرە!

بەدەم ڕێگاوە دەمەویست کە هەر هەمووی لە دەروونی خۆم کۆ بکەمەوە کە بۆ ئاوەها هەراسیان لە ئێوارەی ڕۆژی جێژن و شایی هەیە!؟ ئەمزانی کە خۆشترین بەشی ئەو ڕۆژە بە لای ئەوانەوە ئەوەیە کە دەچنە ناو بەزمێک کە کەنیشکەکان تێدا هەڵدەپەڕن. ئەمزانی کە بن و بنەچەقی ئەو هەراسە لەوەیە کە بە دەستی بەتاڵ و دەروونێکی پڕ و نەدرکاو دەگەڕێنەوە. بۆنی خۆشی زەماوەند و جلی جوان و هەستی خۆش و خواردنی ئامادە و بەتام و گرنگتر ئەوەیە کە هەر هەموو ئەوانەی کە لەو جێژنە بەشدار دەبن، ساغ و سەلامەتن! هەستم کرد کە ئەو ڕۆژە بە تەواوی رۆژی لەش و زەویە. گەیشتم بەوە کە مرۆڤ زۆر زەوی خۆش دەوێت.

لە ئاوایی کلاشی گوزەرمان کرد و گەیشتینە بەردەمی ئاوایی غەڵخانچەک و لەوێشەوە بۆ قەڵەمە ڕێگەیەکی کەم بوو. هەر لە دوورەوە خەڵک دیار بوو، دووکەڵێکی ڕەشیش دەچووە ئاسمانەوە. وردە وردە ئێمەش دەگەیشتینە ناو خەڵکەکە. وێنەی ئەو کاتە کە دەگەیشتینە ناو خەڵکەکە وەک ئەوە بوو کە دەگەینە سەر ئاوێک و تێدا مەلێ دەکەین، هەرکەس بە دەست و پێی خۆی جووڵە دەکات. سەروچاوی مرۆڤ لە جێژن و زەماوەند وەک سەروچاوی مرۆڤە لە ئاوی مەلێدا.

پاش ئەوەی کە گەیشتینە ناو زەماوەندەکە ئیتر مامم و یاوەر ئەو مامە و یاوەرە نەبوون کە لە ڕێگای کلاشی لە تەنیایی قسەیان دەکرد و هەستە چکۆلە شەرمنەکانیان دەردەبڕی. ئەوەندە هەستم دەکرد کە سەروچاوی ئەوان بۆ یەکدی و کەنیشکەکان دەگەڕا. منیش لە بن دیوارێک لەگەڵ پیاوێکی پیر کە چاویلکەیەکی زلی لە چاو بوو دانیشتبووم. بیرم لەو کاتە دەکرد کە لە ڕێگەوە دەهاتین بۆ شایی قەڵەمە، هەستم دەکرد ئەو کاتە زۆر پاک و خاوێن بووین!.

هەر هەمووی ئەم قسە و باسانە منی بردە خەیاڵ و بیرێک کە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە بۆ بەرەبەیان و ئێوارەی ڕۆژێک ئاوەها دژبەیەکە!؟.

## داری هەنار و گیای پەتاتە

داوا لە خوای مەزن دەکەم کە بە گەورەیی و پیرۆزی ناوی ڕووگە و دەرگە و ژینگە و کوانگەی یادی لێم نەبەستێتەوە.

پاش ئەوەی کە شەڕ و ئاوارەیی وردە وردە تەواو بوو، خەڵک ڕوویان لە شاری سەرپێڵی زەهاو کرد و ئەو شارەیان ئاوەدان کردەوە، باشترین و خۆشترین کات بوو بۆ منداڵەکان کە شتانێک بدۆزنەوە. من زۆر حەزم لەو شتانە دەکرد کە لە ناکاوە دەچوومە سەری و دەمدۆزیەوە. کار و شوغڵی ئێمە لەو کاتەدا کۆ کردنەوەی مس بوو. منداڵەکان بۆ ئەوەی کە دەستیان بە مس بگات، پەلاماری هەر شوێنێک و هەر شتێکیان دەدا. مسەکانمان وردە وردە کۆ دەکردەوە و گلۆڵەمان دەکرد و دەمانفرۆشت. ئەو کاتە مس پارەیەکی باشی دەکرد. ئەو جۆرە گەڕان و کار کردنەمان لە دەورانی ئاوارەیی بۆ مایەوە. منداڵەکانی ئەو سەردەمە هەر لە منداڵیەوە خەریک بە کاری دەستی دەبوون، وەک دەستفرۆشی کردن.

یەکێک لەو کارە خراپانەی کە منداڵەکان دەیانکرد ئەوە بوو کە بۆ ئەوەی مسەکانیان لە گلۆڵەدا قورس بێت، بەردی قورسیان دەخستە بنی و مسەکانیان بە دەوریدا دەپێچایەوە و دەیانبرد کە بیفرۆشن. خاوەن دوکانیش بۆی نەدەکرا کە بە ئاسانی مسەکان لە گلۆڵە جیا بکاتەوە و بیکێشێت، هەر بە گلۆڵەیی دەیکێشا و دەیکڕی.

هەر کام لە منداڵەکان بۆ ئەوەی کە مسی زۆر بدۆزێتەوە، بە تەنیایی بە شوێنی مس دەگەڕا. ئەو کاتە شاری سەرپێڵ چک و چۆڵ بوو، زۆرێک لەماڵەکان دیوارەکانیان پڕ لە مس بوو. هەر بۆ

ئەمەش سەرمان دەکردە هەر ماڵێک و هەر دیوارێکدا. ئێواریەک بە تەنیا سەرم کردە ماڵێکدا، ماڵەکە دەرگەکەی بەسترا بوو، بۆ ئەوەی کە برۆمە ژوورەوە دەبوو کە بە بن دەرگەکەدا سەرم دابخەم و بە خۆخزاندن لەسەر زەویدا خۆم ببەمە ناو ماڵەکەوە. لە منداڵیش خۆڵ زۆر خۆشەویستە، منداڵ هەستێکی خۆشی بۆ خۆڵ هەیە، هەست ناکات کە خۆڵ پیسی ئەکات. یەکەمجار کە چوومە ژوورەوە دارێکی هەنار سرنجی منی بۆ خۆی ڕاکێشا. ماڵەکە کەسی تێدا نەبوو، گەڕام و هاتمەوە بۆ بن داری هەنارەکە. لە بن دارەکە پەتاتە ڕووا بوو. پەتاتەی جوان کە لە خاکی بن دارەکە هاتبووە دەرەوە. دەستم بە هیچیانەوە نەدا. سەیر لێهاتنێک منی گرت، پرسیارم بۆ دروست بوو کە داری هەنار و پەتاتە چۆن ئاوەها جوان لەسەر خاکێک دەڕوێت!؟ ئەو ڕۆژە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، جوانی و سەیر لێهاتن و هەستێکی تایبەتی منی گرتبووەوە. ڕۆژانی دواییش بە بێ ئەوەی کە دەست بە داری هەنارەکە و گیای پەتاتەکانەوە بدەم، دەچووم و سەیریانم دەکرد و بۆ خۆم بە دیاریەوە ڕادەوەستام.

ئەو وێنەیە وەک دیاریەکی ئەو دەورەیە لە لای مندا مایەوە و وەک گۆزەیەک کە هیچی تێدا نەبێت، دەستم بەسەریدا هێنا و خاک و خۆڵی ساڵەها تەنیایی و بەتاڵیم لێ کردەوە. من هەستم بەوە کرد کە پەتاتە و هەنار دوو پێست و دوو ناوەڕۆکی جیاواز و دووریان لە یەکەوە هەیە. ئەو دوو ناوە بۆ لەبەر چاوی من دەرکەوتن!؟ ئەو دوو ناوە دوو ناوی دوور لەیەکدی و وێنەیەکی ئامۆژگاریکەر بۆ من بوو. مەشکەش لە پیرەژنی بژەن ناپرسێت کە ئەوە شیری چ ئاژەڵێکە کە تێی دەکرێت؟ مەشکە دەستێک دەناسێت کە دەیژەنێت. وێنەکان لێک بێ منەتن و خاک لەوە بێ منەتە کە چ تۆیەکی تێ دەچێت؟ ئەوە منم کە پرسیار لە کۆی ناوەکان و کۆی تۆکان دەکەم، ئەوە منم کە دەمەوێت خاوەنداری دووانە دژ و جیاوازەکان بکەم و نهێنی و پەیخاویان لێک بدەمەوە.

## باپیرم لە دوو دیمەنی جیاوازدا

ڕۆژێکی زستانی من و باپیرم لە ژووری دانیشتن پێکەوە دانیشتبووین، باپیرم جگەرەی دەکێشا و هەناسەی هەڵدەکێشا و بە زەحمەت هەستەکانی کۆنی خۆی بۆ ئێمە دەدرکاند. بەسەرهاتێکی خۆی بۆ من گێڕایەوە، منیش بە دەستی خۆم بەرهەمی خۆم لەو بەسەرهاتە گرتەوە، هەر وەک باسی بەرەبەیان و ئێوارەی ڕۆژی جێژن و داری هەنار و گیای پەتاتە، دوو وێنەی نزیک و دژ بەیەک بوو.

باپیرم باسی دوو دۆستی یەهوودی خۆی دەکرد کە ئەو سەردەمە لە شاری سەرپێڵی زەهاو خاوەن دوکان بوون و باپیرم دۆست و موشتەری بەردەوامی ئەوان بووە. باپیرم دەیگێڕایەوە کە بە کەر و هێستر بۆ شار بە ڕێ دەکەوتین و کە دەگەیشتینە شار وچانێکمان دەدا و شتی خۆمان دەکڕی و خۆمان ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی کە بگەڕێینەوە. بەڵام پێش ئەوەی کە بگەڕێینەوە، سەردانی چەند دۆست و خزممان دەکرد.

باپیرم وتی: ڕۆژێک پاش ئەوەی کە خۆم ئامادە کرد بگەڕێمەوە بۆ زەهاو، چووم بۆ بەردەرگی دوکانەکەی دانیاڵ. دانیاڵ دۆستی کۆنی من بوو، یەهوودی بوو، نێوانێکی خۆشمان پێکەوە هەبوو. پاش ئەوەی کە چاک و چۆنیم کرد و دانیشتم، دانیاڵ بە منی وت: کاک کەریم ئەڕا لایی وەی سەرپیلە نیەسەنیت، رووژیک قیمەت کەیت!.

باپیرم دەستی بۆ دەسرەکەی برد و دەمی سڕی و وتی: ئەوەندە ژیر بوو ئەیزانی کە ڕۆژێک دێت کە سەرپێڵی زەهاو ئاوەها قیمەتی دەبێت، وریا بوو!.

باپیرم : ئەو کاتە چووار پێ نیشانەی دەوڵەمەندی و دارایی بوو، ئەو کاتە من چووار پێی زۆرم هەبوو، بۆ من بەهای نەبوو کە خاک ڕۆژێک ئاوەها بەها و بایەخی تێ دەکەوێت، ئەو کاتە سەرپێڵ ئاواییەک بوو، کەسماڵی تێدا نەدەکرد، بەهای نەبوو.

باپیرم: وتم بە دانیاڵ کە نامەوێت زەوی بسەنم، پەزوپۆڵەکان بۆ من بەهای زۆرتری لە خاکی سەرپێڵ هەیە.

پاش چەند ساڵ لەو بەسەرهاتە، ڕژێمی بەعس ناوچەی دەشتی زەهاو داگیر دەکات و خەڵک بەرەو عێراق دەبەن. باپیرم ماڵ و موڵکی بە جێدەهێڵێت و بە دەستی بەتاڵ ڕەوانەی بیابانەکانی عەرەبستان دەبێت. بۆ ماوەی سێزدە ساڵ باپیرم و بنەماڵەکەی لە کەمپی ئاڵتاش دەمێننەوە و لە بیابانەکانی عەرەب دەژین.

ساڵی هەزار و نۆسەد و نەوەد و یەک خەڵکانێک بە هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونەوە. بۆ ماوەیەک لە ڕێ بوون و دەورەیەکی سەخت لە ئوردوگای " بانگەڕ[12] " مانەوە. دوای ئەو ماوە وردە وردە خەڵک ڕەوانەی شاری سەرپێڵ کران و باپیرم لەگەڵ خۆی و ژن و کوڕەکانی لە شاری سەرپێڵ بەدوای شوێنێک گەڕان کە تێدا بژین. باپیرم هیچ کەسێکی ئاشنای لە شاری سەرپێڵ نەمابوو. لە ناچاری چوونە ناو کەلاوەیەک. حەسیریان لە بنی خۆیان خست و بەتانیەکانی ئوردوگای بانگەڕیان بۆ خۆ داپۆشین بە کار برد. بۆ چەند شەوێک چووم بۆ لایان، ئەوەندە باروودۆخیان خراپ بوو، نەیانهێشت من لەوێ لەگەڵ ئەواندا بمێنمەوە. نەک تەنیا شوێنەکەیان لە کەلاوەیەک بوو، دەستیان نەدەچوو کە خواردنێکی باش بۆ خۆیان دروست بکەن.

پاش ماوەیەک ژیانی ناخۆش لەو کەلاوە، کوڕی برایەکی باپیرم لە شاری سەرپێڵ خانوویەکی هەبوو، بە باپیرمی وت کە بێن و لە ژێرزەمینی خانووەکەی بژین. ژێرزەمینەکەی برازاکەی باپیرم لە کەلاوەکە باشتر بوو، شوێنێک بوو کە دەیانتوانی تێدا بە ئارامی سەر بنێنەوە و بخەون. ساڵێک زیاتر ماڵەوەی باپیرم لە ناخۆشی ژیانیان لەو ژێرزەمینە بە ڕێ کرد تا ئەوەی کە دەشتی زەهاو لە لایەن سەبازەکانی کۆماری ئیسلامیەوە ڕێگەکانی کرایەوە، ئیتر ماڵی

[12] _ بانگەڕ ناوی کەمپێک بوو کە حکومەتی ئێران بۆ ئەو خەڵکەی دامەزراندبوو کە لە عێراق دەگەڕانەوە بۆ ئێران.

باپیرم لە ناخۆشی شاری سەرپێڵ، باریان کرد بۆ دەشتی زەهاو و لە سەرئاوزەهاو کەپرێکیان بە نەیجە و دار دروست کرد بۆ ئەوەی کە بۆ ماوەیەکی کاتی لەو کەپرە ژیانیان بکەن!.

باپیرم کە ڕۆژێک لەگەڵ دانیاڵ دانیشتبوو و بە غرور و نەزانی و بێ ئاگابیەک بەهای بە قسەکانی دانیاڵ نەدا و زەوی و خاکی شاری سەرپێڵی بە بەهادار نەزانی، ڕۆژێکی بەسەرهات کە لەو خاک و زەویە شوێنێکی بۆ نەبوو کە تێدا بە ئارامی پاڵ بداتەوە. ئەو دەورەی کە ماڵی باپیرم لە شاری سەرپێڵ لە کەلاوە ژیان، لە ناخۆشترین دەورەکانی ژیانی باپیرم بوو. هەر ئەو باپیرە کە سەردەمێک بە کەر و هێستر و هەستی خۆشی و گەورەیی لە شاری سەرپێڵدا سەردانی دۆستەکانی دەکرد و شتی دەکڕی، ئاوەها بەسەرهاتێکی تاڵی بۆ دروست بوو.

باپیرم لە دەورەی پێش شەڕدا وەک کەسێکی خاوەن دارایی هات و چۆی شاری سەرپێڵی زەهاوی دەکرد، لە دەورەی داوییدا هەر ئەو پیاوە لەبەر قسەکانی دەمی خۆی، بە نەداری و هەژاری لەو شارە ژیانێکی تاڵ و ناخۆشی بەڕێکرد. هەروەها زۆرێک لە کەسەکان نائاگاه و نەزانکارانە قسەکان لە دەمیان دێتە دەرەوە و هەر ئەو قسانە لە دواڕۆژدا یەخەیان دەگرێت و بە توندی سەر و گیانیان دەگرێتەوە و ڕوومەتیان داگیر دەکات. دووانەکان و وێنەکان زۆر لێک نزیکن و هەرگیز یەکدی بەرنادەن و یەکدی تەواو دەکەن. بە باس کردنی ئەو چەند نموونەی سەرەوە خواستی ئەوەم هەبووە کە خوێنەر وریا بێت کە هیچ وێنەیەک و ناوێک جگە لە ناوی خوا نەبێت، تەنیا نیە و دۆست و دژ و دوژمنی تایبەتی خۆی هەیە. ئەوە کاری ژیرەکانە کە ئەو دووانانە بناسن و لەگەڵیدا بە نەرمی و ژیری هەڵسووکەوت بکەن.

# تەشی لە نێوان دەست و زوباندا

مار وەک کەر نیە کە لەسەر ڕێگەدا بڕوات و بناسرێت و هەوسارەکەی بگیردرێت، هەروەها کەسانێک لەگەڵ وشەکان وەک مار، جۆرێک دەڕۆن کە کەس نەتوانێت ڕێ و شوێنیان بدۆزێتەوە.

## ججیلە و ببیلە

دەورەی منداڵی لە دەوری دایکم کۆ دەبووینەوە بۆ ئەوەی کە بە قسەیەکی خۆش و چیرۆکێک سەرمان گەرم بکات و بمانلاوێنێت. من و براکانم سەر و چاومان لە بن دەم و دەستی دایکم گیر و گیرۆدە بوو، بۆ ئەوەی کە دەروونمان سوکنایی و ئارامشێک بگرێت. دایکم ژنێک بوو کە نە قسەیەکی لە لا بوو وە نە چیرۆکێکی بە تەواوی دەزانی. تەنیا یەک چیرۆک لە دەمی دایکم باس کرا کە ئەوەیش چیرۆکی (ججیلە و ببیلە) بوو. خۆمیش بە ناوەکەی پێکەنینم دەهات. دایکم هەرگیز ئەو چیرۆکەی بۆ ئێمە بە تەواوی باس نەکرد، خۆیشی سەروبەری ئەو چیرۆکەی نەدەزانی. ئەوەی کە لەو چیرۆکە لە لای ئێمە و دایکمدا مایەوە ئەوە بوو کە ججیلە و ببیلە ڕێیان دەکەوێتە سەر ڕووبارێک و دەڵێن کە هەر کامەیان میزیان کەف بکات، ئەوە ئەوەیان لە

ئاوەکە دەردەچێت و دەربازی دەبێت. ججیلە میز دەکات و میزەکەی کەف ئەکات و خۆی لە ئاوەکە دەدات و دەربازی دەبێت. بەڵام میزی ببیلە کەف ناکات و ئاوی ڕووبار لەگەڵ خۆی دەیبات.

من و دوو برای چکۆلەم کە زایراوی دەورانی کەمپەکانی شەڕی ئێران و عێراقین، ئەو چیرۆکەمان بە بەردەوامی لە دەمی دایکم بیستووە. دایکم جگە لەو چیرۆکە هیچ چیرۆکێکی تری بۆ وتن نەبوو.

خاڵی گرنگ بۆ من ئەوە بوو کە هەر ڕۆژ و شەو ئیتر خێمان گرتبوو بە چیرۆکی ججیلە و ببیلەوە. هەرکات کە دەچووینە جێگەی خەو، بە بێ ئەوەی کە دایکم بیەوێت، ئێمە داوامان لێ دەکرد کە چیرۆکی ججیلە و ببیلەمان بۆ باس بکات. پرس و باسی من تەنیا لە خێ گرتنی منداڵ نیە، بەڵکو زۆر مرۆڤی گەورەم بینیوە کە خێ بە شتێکەوە دەگرن و ئەو ناونراوە(ئەو شتە) بۆ ئەو مرۆڤە وەک هێلانە و خێگە و مۆڵگەیەکی دەروونی لێهاتووە.

خاڵێکی تر ئەوە بوو کە دەمانەویست بزانین ججیلە و ببیلە دوای ئەوە چیان بەسەر دێت؟ دایکم هەرگیز دەمی لەوە زیاتر نەدەچوو و هەر لەسەر ئەو ڕووبارە چیرۆکی ججیلە و ببیلەی تەواو دەکرد. ئێمە دەمانەویست کە لەوە زیاتر باسی ججیلە و ببیلە بکات. دەمانەویست کە ئاخری ججیلە و ببیلە بە خۆشی تەواو بێت و ئێمە خەوێکی خۆش بکەین، بەڵام دایکم هەرگیز تەواوی نەکرد و هەروەها ئێمەی بەجێدەهێشت. جارێک دایکم گەیشتە کۆتایی چیرۆکەکە و چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە ئێمە خەو بمانبات، بەڵام من و براکەم سەروچاومان ئەوەندەی تر کرابووەوە، ئەو جۆرە کۆتاییە کە دایکم هەموو شەو تەواوی دەکرد، ئیتر ئێمەی ئازار دەدا. دایکی منیش چیرۆکی بۆ ئەوە دەوت کە ئێمە بخەوێنێت. ئەو شەوە براکەم وێرای پرسیار بکات: ئەی دوای ئەوە چی بەسەر ججیلە و ببیلە هات!؟. دایکم خۆیشی هیلاک و ماندوو بوو، شەکەت ببوو لەوەی کە ئێمە ئەوەندە پرس و باس ئەکەین. دایکم تووڕەییەک گرتی و بەتانیەکەی لێمان نزیک کردەوە و وتی: ئیتر بخەون، بەسە!.

منداڵ هەر لە منداڵیەوە چاو و پەنجەکانی پێکەوە زۆر پرس و ترس و سەیرلێهاتن لە دەروونی دروست دەکات. دەرورووبەر دەوری هەیە لە گەیاندن و گەشەی یان گەناندن و گومڕاە کردنی ئەو پرس و ترس و سەیرلێهاتنانە.

پاش ئەوەی کە لە دەورانی کەمپ دەربازمان بوو و چووینە شار و ئاوەدانی، دوو برا و خوشکەکەی تری من زایران و سەر و چاویان لە شار و ئاوایی کرایەوە. دەورەی ئەوان ئەوە دایکم نەبوو کە چیرۆکەکانی بۆیان دەگێڕایەوە، بەڵکو دەم و دەستەکانی تر سەر و چاوی ئەوانی بە خۆیانەوە خەریک کرد. ئیتر دایکم چیرۆکی ججیلە و ببیلەی بە تەواوی فەرامۆش کرد و بەهایەکی بۆ نەمایەوە.

ژن گەر لە لەشی نزیک بیتەوە، قسەی کەم پێ دەکرێت. کاتێک کە تەشی بە دەستیەوەیە، ئەو تەشیە بە چۆک و ڕان و دەست و دەمیەوە خەریک دەبێت. ژن لە تەنیایی خۆی بە ڕێسانی خوری خۆی خەریک دەکات و پێی وایە کە کارێکی گەورە دەکات!.

ڕۆژێک لە ئاوایی چووم بۆ ماڵی خزمێکمان. ژنێکی ماڵەکە و ژنێکی دراوسێیان پێکەوە لە سەهەڕی دیوارێک دانیشتبوون. هەواڵی کورێکیانم پرسی. ژنی ماڵەکە وتی لە حمام خۆی دەشۆرێت، ئێستە دێتە دەرەوە. منیش لە سەهەڕەکە دانیشتم. هەر دوو ژنەکە بە تەشی خەریکی ڕێسانی خوری بوون. بە دەم و دەست و ڕان و ئەژنۆ خەریک بوون. نزیک بە نیو کاتژمێر کە من لەوێ دانیشتم، تەنیا جارێک ژنی ماڵەکە وتی لیوانێک ئاو بخۆ!. ئیتر هیچ قسەیان لەگەڵ من و لەگەڵ یەکدی نەکرد. هەستم کرد تەشی هێز و وزەی فرەی هەیە لە داخستنی دەمی ژن و بەستنەوەی دەستی ژنەکان.

کەنیشک و ژن گەر خاوەنی نەبوو، قسەشی بۆ وتن پێ نیە. ئیتر منداڵەکانی هەتیوو گەورە دەبن و گوێ و زوبانیان بە دەرودراوسێوە خەریک دەبێت.

ژنەکان و دایکەکان دەبێت کە چیرۆکی مرۆڤە گەورەکان بۆ نەوەکانیان بە باشی بگێڕنەوە. بۆ ئەوەی کە ڕێ و شێوازی بیر و ئەندیشە بۆ منداڵەکانیان دروست بکەن. ژنەکان و دایکەکان دەبێت کە دەستەیەکی دیاریکراو لە ناوەکان و چیرۆکەکان و بەسەرهاتەکان بە ڕێک و پێکی و بە دەستەیەک ڕستە و هەستی دیار بۆ نەوەکانیان بگێڕنەوە. ژنەکان و دایکەکان باشترین کەسەکانن کە دەتوانن ناوەکان و یادەکان بە نەوەکان بگەیەنن.

و علم آدم الاسماء کلها(البقرة ٣١) خودا لە سەرەتاوە علمی ناوەکانی بە ئادەم تەعلیم داوە. پیاو لەبەر ئەوەی کە پشتی ڕاستە، لاری و خواریەکان پشت ڕاست ئەکاتەوە. بەڵام ژنەکان کەیفیان بە پشت ڕاست کردنەوەی خواری و لاریەکان نایەت. بۆ نموونە لە بازاڕە هەرە لوکس و گران بەهاکانی وڵاتی ئینگلیس، دوکانە جوان و ڕازاوەکان، شۆرت و جلی بیکینی ژنانە دەفرۆشن. شۆرت و دەرپێی ژنەکان لە ناوەندی بازاڕە گەورەکانی ئەو وڵاتانەیە!.

ڕاگرتنی ناو و یاد بە زوبان وەک ڕاگرتن و خۆشە کردنی مەشکە و هیزەیە بە دەست، بۆ ئەوەی کە بەرهەمەکانی تێدا ڕابگیردرێت. منداڵەکان و نەوەکان کەسانێکیان تێدا دەکەوێت کە ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانە کاریگەری تەواو دەکاتە سەریان و خۆیان لە ڕێگەی ئەو چیرۆکانەوە گەورە دەکەن. ژنەکان چیرۆک و بەسەرهاتی ئەو کەسانەی کە خۆشیان ئەوێت، بە سەرجەم وردەکاریەکانیەوە بە هەست و نەستی تایبەت دەگێڕنەوە و بە بەردەوامی دەیڵێنەوە. هەر ژنێک لە ناخ و دەروونیەوە باسی خۆشەویستی و دوژمنی خۆی بۆ کەسانێک دەکات. هەربۆیە زوبانی ژن و دایک بۆ منداڵەکانی باشترین ڕێگەی بەخشندەیی وشەیە. لە ڕێگەی ئەو چیرۆکانەوەیە کە دڵ و دەروونی منداڵەکان و نەوەکان سەروبەر دەگرێت.

تەشی دەتوانێت کە دەمی ژن ببەستێت، ژن ئاگای لەوە نیە کە تەشی دەمی دەبەستێت. ئاماژە بەوەیە کە سروشت بۆ دەمێک کە ئاگر و شەڕ دەنێتەوە، بە خوری دەیبەستێتەوە. ژان و ژاک و ئاژە سێ وشەی کوردیە کە لە ناوی ژنەوە نزیکە. ژنەکان تەوانی ئەوەیان هەیە کە شەڕ و ئاشتی دروست بکەن. ژنەکان دەست و دەمیان لە خولقانی ناوەکان و نەوەکان هەیە.

ژنەکان بە خواستی خۆیان ناوەکان سووک و قورس دەکەن و بەها بە ناوەکان دەدەن، بەڵام دایکی من هیچ یەک لە ناوەکانی نەناسی و باسی هیچ یەک لە ناوەکانی بۆ ئێمە نەکرد. بەسەرهاتی ناوەکان لە ڕێگەی پیاوەکانەوە بە من ناسراون.

ڕۆژێک لە بەر ئاواییەوە بۆ هێنانەوەی بەرخەکان دەچووم بۆ سەر زەویەکانمان. لە ڕێدا ژنێکم بینی کە خەریکی کۆ کردنەوەی تەپاڵە و سەنێری مانگا بوو. وتم: ئەوە بۆ چیتە؟ وتی: بۆ کوانگەمە.... بۆ سووتان باشترە!.

ژن باش ئەزانێت کە ئاگر بە چیەوە بنێت و ئاگری باش لە چیەوە دەکەوێتەوە!؟ بەشێکی گەورەی وڕ و کاس کردنی مرۆڤ بە دەست و دەمی ژنەکانەوە دەکرێت، لەبەر ئەوەی کە باش ئەزانن زەوی شەڕی لەسەرە. ژنەکان ئەوەندە کە بە ناوی یەکدیەوە خەریکن، ئەوەندە بە ناوی پیاوەکانەوە خەریک نین.

لە تەواوی ئەم چەند ساڵە کە من لەسەر زەوی ژیام، دەستەیەک ژن کەوتنە دەورووبەری من کە دەست و دەمیان بە تەشیەوە خەریک بوو یان لە تەنیایی پیلان و پلانیان گێڕاوەتەوە. داپیرم یەکەم ژنێک بوو کە دەمی کردەوە و ئامۆژگاری منی کرد. لە بیرمە داپیرم وتی: ڕۆڵە گیان باوکت زۆر هەوڵی بۆ ئێوە داوە و خەوی بۆ ئێوە نەماوە، تۆش بڕۆ فێری سەنعەتێک بە، بۆ ئەوەی کە دواڕۆژت بژێوی ژیانت هەبێت.

هێنانی وشەی سەنعەت لە دەمی داپیرم وشەیەکی ئاسایی نەبوو. مەبەستی داپیرم لە سەنعەت کاری دەستی بوو، وەک میکانیکی و خەیاتی و ئەو کارانەی کە پێویستی بە فێربوونی دەست هەیە. ژن باش لە ژن گوێ دەگرێت، بەڵام گوێگری باشی پیاو نیە. داپیرم و ژنەکانی تر بۆ ئەوەی کە منداڵەکانیان دواڕۆژیان شتێکی تێدا بێت، ئامۆژگاری نەوەکانی خۆیان دەکرد کە لە شاردا بەردەستی میکانیک و یان خەیاتێک بکەن بۆ ئەوەی کە فێری ئیش و کار بن. من بەهام بە قسە و ئامۆژگاریەکەی داپیرم نەتەکاند و گرنگیم پێنەدا. ئەمزانی کە ژن ئاگاهانە یان نائاگاهانە هەوڵ و هۆڵ ئەدات بۆ ئەوەی کە دەمی منداڵ و پیاو ببەستێتەوە.

لە لایەکی ترەوە باوکم هاندەری من بوو کە ببم بە مەلایەک و فێری دین و زانستەکانی دین ببم. باوکم پەرۆشی ئەوە بوو کە من بە زوویی مێزەرەیەک ببەستم و وەک مەلایەک ناوبانگ دەربهێنم. ئەو خواستەی باوکم بە تەواوی پێچەوانەی خواستەکەی داپیرم بوو. باوکم بەهای بە کاری سەنعەتی نەدا و هەرگیز بۆی گرنگ نەبوو کە من ببم بە کەسێکی خاوەن سەنعەتێک.

بەسەرهاتی من ئاوەها بوو کە ژن دەوری تێدا نەبوو وە بە پێچەوانەوە ئەوە پیاوەکان بوون کە ژینگە و زەمینەی ئەوەیان خۆش کرد کە من گەشە بە دەروونی خۆم بدەم. پیاوانی وەک کاک حەبیبی کەرەمی و مامۆستا فەریبورزی لوڕستانی و کاک عەبدوڵای حاجی مەحموود.

باشوایە کە ئاماژە بە یەکێک لەو قسانە بکەم کە باوکم وتی و بەو قسە دەروونی پاک و خاوێنی خۆی بۆ من بەدەرخست.

## باوکم و فرۆشتنی گوێرەکە

لە هاوینی ساڵی هەزار و سێسەد و هەشتا و یەکی هەتاوی دەستم کرد بە نووسینی چیرۆکێک بە زمانی فارسی و هەر لەو هاوینە تەواوم کرد. نووسینەکەم بردە تاران و داواکاریم کرد کە بهێڵن بڵاوی بکەمەوە. داواکاریەکەیان قبووڵ کرد و چووم بۆ شاری سنە کە بڵاوی بکەمەوە. لە سنە بە منیان وت کە ئەو نوسینە بڕە پارەیەکی دەوێت کە دەبێت بیدەیت. منیش گەڕامەوە بۆ ئاوایی و باسی ئەو بڕە پارەیەم لەگەڵ باوکم کرد. باوکم وتی: گوێرەکەیەکت بۆ دەفرۆشم، بۆ ئەوەی کە پارەی کتێبەکەت بدەیت!.

چەند ڕۆژی نەبرد کە باوکم موشتەریەکی هێنا بۆ گوێرەکەکە و فرۆشتی و پارەکەی بە مندا و وتی: ساڵێک گوێرەکەیەک بۆ تۆ دادەنێم کە نووسینەکانت بڵاو بکەیتەوە!.

باوکم بەو قسە و بەو گوێرەکە فرۆشتنە، منی لە سەنعەت و ئەوەی کە داپیرم بە دوای بوو دوور کردەوە. هەر ئەو قسەی باوکمە بووە هەوێنێک کە بەردەوام بم لەسەر نووسین و کتێبەکانەوە.

دەمی ژنەکان بۆ نەوەکان وەک تەشیە، دەتوانێت کە بە خواستی خۆیان نەوەکان وەک خوری بڕێسن و گلۆڵەیان بکەن و بۆ خواستەکانی خۆیان بەکاریان بەرن و بیانبەستنەوە. لێرەیە دان و ددان لەسەر ئەوە دەنێم کە ژنەکان تەوان و ژینگە و زەمینەی سروشتی ئەوەیان تێدایە بەسەرهاتی ناوەکان بۆ نەوەکان باس بکەن. ژنەکان باشترین ڕێگەی گەیاندنی بەسەرهاتی ناوەکانن. بەڵام گرفت ئەوەیە کە ژنەکان دەمیان ئەوەندە پەرۆشی دوژمنەکانیانە، ئەوەندە پەرۆشی نەوەکان نین. بۆیە دڵنیا بن کە ناوەکان باشتر لە ڕێگەی ناوەکانەوە(پیاوەکان) گەشە و تەشەنەی خۆی دەکات. دایکەکان و ژنەکان دەتوانن کە لە بەرەتاوە زەمینەی دۆستی و دوژمنی دروست بکەن و نەوەکان بەشەڕدا بدەن و حەز و قین لە دەروونی نەوەکان دامەزرێنن. ڕێکەوتی من ئەوە بوو کە دایکی من چیرۆکێکی نیوەوناتەواو بۆ ئێمە بگێڕێتەوە و ئەوەشی لە بیر بچێت. دایکانێک ئاخ لە دڵن بۆ ئەوەی کە بەسەرهاتی کەسانێکی تایبەتی بۆ منداڵەکانی خۆیان باس بکەن، وە بەسەرهاتی دەستەیەکی تر لە ناوەکان شاراوە بهێڵێنەوە. ژنەکان دەست و دەمیان لە شاردنەوە و کردنەوەی ناوەکان و باسەکان تەوان و هێزی تایبەتی هەیە، بە تایبەت کە ژنەکان بیانەوێت دۆستی و دوژمنی کەسانێک لە دڵ و دەروونی نەوەکانیان بخەن.

لە کۆندا ئاوەها باو بووە کە کەسێک ویستوویە منداڵەکانی ئاگاە و زانا گەورە ببن، بە خواست و دەستی خۆی منداڵەکانی بردووە لە لای مەلایەک یان خاوەن ناوێک بۆ ئەوەی کە ڕێ و شوێنی ناسینیان پێ فێر بکات. لە کۆندا ئاوەهایان باش زانیوە کە بە دەستێکی تایبەت خاوەنداری منداڵەکان بکرێت. بەڵام لە دەورانی نوێدا منداڵەکان هەر لە منداڵیەوە دەدرێنە دەم و دەستی چەند سەرچاوەیەک کە دۆستی و دوژمنیان لەگەڵ یەکدیدا هەیە. دایکەکان و مەڵبەندەکانی نوێ، هەست و گەرمای پڕ لە سۆز لە دەروونی منداڵەکان دروست ناکەن.

لە ئاواییدا چەند کەسێک خەریک بە بڕینەوەی خشت بوون. بەیانان و ئێواران دەچووم سەردانیانم دەکرد. یەکێک لەوانە کە قوڕی دەشێلا، چەکمەیەکی ڕەشی لە پێ دەکرد و بەو چەکمە(جزمە) قوڕەکەی دەشێلا. کەسەکانی تر چەکمەیان لە پێ نەدەکرد.

ئێوارەیەک لەبەر دەرگی ماڵی باپیرم دانیشتبووم، ئەو کابرایەم بینی کە چەکمەکەی دابوو بەشانیدا و بەرەو ماڵەوەی خۆیان دەچوو. سەیرم لێهات، ئەو کابرا هەرچی ئێوارانە پاش ئەوەی کە کاری تەواو دەبوو، بە چەکمەوە نەدەچووەوە بۆ ماڵەوە، هەمیشە چەکمەکانی دەردەهێنا و هەر لەسەر زەوی خشت بڕینەکە دەیشۆرد و دەیدا بە شاندا و دەیبردەوە بۆ ماڵەوە.

ئێوارەیەک پێش ئەوەی کە کارەکەی تەواو بێت، چووم لەسەر کارەکەیان لە بن سێبەرێک دانیشتم بۆ ئەوەی کە پرسیار لە کابرا بکەم. پاش ئەوەی کە بڕینەوەی خشتەکەیان تەواو بوو، کابرا چەکمەکەی دەرهێنا و خەریکی شۆردنی بوو. نزیک بوومەوە و وتم: کاک حاتەم بۆ بە چەکمەوە ناچیتەوە بۆ ماڵ، بۆ چەکمەکانت لێرە بە شاندا دەدەیت، لە ماڵ ئاوتان نیە!؟

کاک حاتەم سەیری منی کرد و پێکەنی: ئەوە پرسیارە کە دەیکەیت!؟ ئەو چەکمە ساڵەهای ساڵە کاری پێ ئەکەم، ئەم چەکمە بۆ قوڕە، بۆ ڕێ کردن و پیاسە کردن نیە!.

زۆرێک لە مامۆستا و مەلاکان دەمیان وەک چەکمەیەک بوو کە تا بن دەچوو نێو هەست و نەستی خوێندەوانەکان و فەقێکانەوە، بەڵام هەرگیز لەگەڵ دەروونی نەوەکاندا تێکەڵ نەدەبوون. زۆرێک لە مەلاکان و مامۆستاکان بە چەکمەوە باس و بەسەرهاتی چیرۆکەکان و ناوەکان بۆ نەوەکان دەکەن. لەگەڵ ئەوەی کە تا بنی بابەت و چیرۆکەکە دەچن، بەڵام خۆیان لەگەڵ ئەو پرس و بابەتە جودا دەهێڵنەوە.

زۆرێک لە فەقێکان و خوێنەران و خوێندەوارەکان دۆستی و ئاشنایەتی لەگەڵ ناوەکان دەکەن و پێیان وایە کە ئەو ناوانە ئەو کەسانەن کە دەتوانن لە گرفتەکانیان دەربازیان بکەن، لەوە نابینا و خافڵن کە ئەو ناوانە چەکمەی ڕەشیان لە پێیە بۆ ئەوەی کە لەگەڵ ئەوە باسانەی کە دایدەڕێژن خۆیان تێکەڵ نەکەن. دەگمەن کەسانێک لە نێو مامۆستاکان و مەلاکان دەردەکەوێت کە بە پێ بچێتە نێو قوڕ، هەر هەموویان بە چەکمەوە کاری خۆیان دەکەن. لێرە تایبەتمەندی ژن ئەوەیە کە ئەگەر خواستی هەبوو کە بەسەرهاتێک بۆ منداڵەکانی خۆ بگێڕێتەوە، بە تەواوی هەست و بوونیەوە، لەوپەڕی جۆش و خرۆشیەوە ناوەکان دەگێڕێتەوە.

ژنەکان باشترین وەرگێڕەکانن، لەبەر ئەوەی کە بە هەست و نەست و بۆ دۆستی و دوژمنی و دووری و نزیکی باس و قسەکان ئەگێڕێتەوە.

ئەو کەرەستانەی کە ئەرکی بەستنەوە بە باشی دەکەن و سەرکەوتوو دەبێت زۆر سادە و سووکن، وەک مێخوسکە و کۆڵەکە و تەشی و (ئەلف لام ڕا) کە لە قورئان هاتووە.

هەر ناوێک وشەیەکی بۆ دانراوە.

هەر ناوێک وشەیەکی بۆ دیاری کراوە.

هەر ناوێک وشەیەکی بە دیاری یان نادیاری بۆ دابینکراوە.

بۆ نموونە کەر یان گوێدرێژ بە وشەی نەقیزە جووڵە دەکات، هەروەها بە نەقیزە جووتە دەهاوێژێت. کەر و نەقیزە دوو دووانەی زۆر دیارە. بەڵام بە پێچەوانەی کەر، ماین یان هێستر دەبێت نازی بکێشرێت. هەربۆئەمەش لە کۆندا گوڵەنەگیان بە سەروملی هێستر دەبەست بۆ ئەوەی کە کەر نەبێت و کەریەتی نەکات! کەر و نەقیزە لە بەرانبەر هێستر و گوڵەنگ تەواو پێچەوانەی یەکدین.

لە سەرەتاوە (فعل) بۆ (اسم) کراوە. بەڵام کێشە و نیگەرانی لەوەیە کە (اسم) و (فعل) تێکەڵ بووە. وەک چی!؟

وەک ئەمە:

لە بیرم دێت کوڕێکی گەنج کە هات و چۆی مزگەوتی دەکرد، هەمیشە لە گۆشەیەک بە قورئانێکەوە دەهات و دادەنیشت و خەریکی خوێندن دەبوو. هەمووجارێک یەک قورئانی بە دەستەوە بوو. جارێک ئەو کوڕە پاش ئەوەی کاتژمێرێک قورئانی خوێند، هەڵسا چوو دەستنوێژ بگرێت. لەو دەرفەتە کەڵکم وەرگرت، حەزم کرد سەیری قورئانەکە بکەم. لە قورئانەکە نزیک بوومەوە و لەسەر ڕەحێڵەکە هەڵمگرت. سەیری بەرگی قورئانەکەم کرد، ئەوەندە بە دەستەوە گیرابوو ساوێرابوو. دیار بوو کە بە دەستێکەوە زۆر هەڵگیرابوو.

لە بیرمە داپیرم پێش نیوەڕوان و دوانیوەڕوان گونیەی تەشی و خوریەکەی دەهاورد و خەریک بە تەشی ڕێسان دەبوو. هەموو جارێک یەک تەشی بە دەستیەوە بوو. لە بیرمە ڕۆژێک پاش ئەوەی کە زیاتر لە کاتژمێرێک خەریک بە تەشی و خوری بوو، هەڵسا دەستنوێژ بۆ نوێژ بگرێت. پاش ئەوەی کە تەشی و خوری خستە ناو گونیەکە، من چووم و تەشیەکەم دەرهێنا و سەیرم کرد. تەشیەکە زۆر ساوێرابوو. دیار بوو کە بە دەستێکەوە زۆر گیرابوو.

تێکەڵ بوونی ( اسم و فعل) وەک ئەو دوو نموونەی سەرەوەیە!.

دەمی منداڵ پرسیاری گەورە دەکات، بەڵام دەستی منداڵ بە کەرەستەی زۆر سادە و سووک خەریک دەبێت. بەو کەرەستانە دەمی پرسیارکەر و دەست و پەنجەیەک کە بە نیشانەی پرسیار درێژی دەکات، دەبەسترێت و خەریک دەبێت.

لە ڕاستیدا من لە منداڵیەوە کەرەستەی گەمەم نەبووە. کەرەستەکانی گەمە کە زۆر سادە و ساکار و سووک و چکۆلەیە، دەست و دەم و دەروونی منداڵ ئەبەستێتەوە. ئەو منداڵانەی کە بەو کەرەستانەوە گەورە دەبن، دەروونیان بۆ ڕووناکی ناکرێتەوە و خۆیان لە (صراط المستقیم) دوور دەکەن و دوور ئەبینن.

قورئان زۆر خوێندن و تەشی زۆر هێنان بەسەر ڕاندا، دەم دەبەستێت و دەروون دەکوژێنێتەوە و مرۆڤ بەستراو ئەهێڵێتەوە.

# ئیبراهیم لە نێوان وشکی و تەڕیدا

من دوو ئیبراهیم ناو دەناسم، ئیبراهیمێک کە دۆستی خوای گەورە بوو، وە ئیبراهیمێک کە دۆستی کۆنی منە. خواست و شێوەی من ئەوەیە کە لە نزیکەوە و بە تەنیایی لەسەر ناوەکان بچم، وەک سیخ و سەروپیَ لە کوانگەدا، بۆ ئەوەی کە بە ڕوونی ئاگاهیم لە جووڵەی ناوەکان بێت.

ئیبراهیم، کوڕی چکۆلەی خاڵی گەورەمە. ساڵێک لە من گەورەترە و ڕێز و خۆشەویستیەکی تایبەتی لە نێوان ئێمەدا هەبووە. دەمەوێت کە لە ڕێگەی ناوی ئیبراهیم و هەوڵەکانی ئیبراهیم بۆ بەدەستهێنانی ڕاستی و ناسین، نەوەکانی کورد ئاشنا ببن لەوەی کە چۆن هەوراز سەر بە ناحەق بۆ هەور بەرز دەکاتەوە و دەیدات بە زەویدا.

ساڵی هەزار و سێسەد و هەفتا و هەشتی هەتاوی ئێوارەیەک من و ئیبراهیم لە حەوشەی قوتابخانە چووینە دەرەوە و بە لای ڕووباری ئەڵوەندا ڕوومان لە سەوزەزارەکانی پشتەوەی شار کرد. لە ناوکەل گوزەرمان کرد. ناوکەل ناوی ئەو کەلەیە کە ڕووباری ئەڵوەن تێدا بەرەو شاری سەرپێڵی زەهاو گوزەر دەکات. هەردووکمان بێدەنگ بووین. کاتێک لە داوێنی کێوەکە بە لای چەپی ڕووبارەکە سەرکەوتین، ئیبراهیم سەیری منی کرد و وتی: با دونیا بگەڕێن و دونیا بناسین!.

بە چاوی تیژەوە سەیری ئیبراهیمم کرد و وتم: ئامادەم!.

ئەو ڕۆژە ڕۆژی پانزدەی فەروەردینی هەفتا و هەشتی هەتاوی بوو. سێ ڕۆژ دەبوو کە لە ئاواییەوە گەڕابووینەوە بۆ شار بۆ ئەوەی کە دەست بە خوێندنی پاش پشووەکان بکەین. پشووەکانی ساڵی تازە بۆ هەر منداڵێک خۆشترین کاتەکان بوو، لەبەر ئەوەی کە لە پشوویەکی

درێژدا بۆ ماوەی دوو هەفتە لە قوتابخانە دوور دەبووین و دەمانتوانی کە لە دەرودەشتەکان بۆ خۆمان بگەڕێن و گەمە بکەین.

کاتێک کە لە پاش ئەو پشووانە گەڕاینەوە، وەک دەرد و نیگەرانیەکی گەوە بوو کە دەروونی ئێمەی دەگوشی. گوشاری مامۆستاکان و ئەزموونەکان و لێدان و لێپێچینەوەکانی مامۆستاکان بۆ ئێمە جەهەننەم بوو. بە دوای ئازادی دەگەڕاین، بە دوای ئاسایش و دەربازبوون لەو گرفتە گەورەیە.

ئیبراهیم لەو کاتە تەنگانەیە ئەو پێشنیار و قسە گرنگەی باس کرد. چەند ڕۆژی نەبرد کە ئەو قسەمانە جێبەجێ کرد. منداڵەکان ئەو شتانەی کە دەیانەوێت زوو دەست و هەوڵی بۆ دەبەن!

گەمەی تۆپان یاری خۆشەویستی ئێمە بوو. تەواوی ڕۆژە پشووەکانی ئێمە هەر هەمووی یاری بوو. بۆ ئێمە دەرد و گرفت بوو کە لە دەرودەشتی ئازاد و سەوز بگەڕێنەوە بۆ قوتابخانەیەک کە هات و هەرا و مامۆستا و ئەزموون و لێدان بوو. ئیبراهیم لەو منداڵانە بوو کە یاریچیەکی تەوانا بوو، کەس نەبوو کە وەک ئەو یاری بکات. ئەو گەمەی کە ئەو بە تۆپ دەیکرد، سرنجی زۆر خەڵکی بۆ خۆی ڕاکێشا بوو. لە بیرمە هاوینێک کە پشوویەکی سێ مانگەیە، ئیبراهیم لە یانەی تۆپانی شاری سەرپێڵی زەهاو ناوی خۆی نووسی و وەک قوتابیەکی سەرکەوتووی ئەو یانەیە بوو. منیش ئەو هاوینە بەشداریم لەو دەورەیە کرد و هەوڵی ئەوەمدا کە لە ڕێگەی ئەو یانەوە ببم بە یاریچیەکی سەرکەوتوو. سەرپەرەشتی ئەو یانەیە مامۆستایەک بوو بە ناوی مامۆستا نەوزەری کە زۆر کەیفی بە یاریەکانی ئیبراهیم دەهات. بە ئیبراهیمی دەوت کە تۆ دەبیتە یاریچیەکی گەورە، دەتبەم بۆ یانەی کرماشان و بەوانت دەناسێنم. ڕۆژێک یەخەی مامۆستا نەوزەریم گرت و وتم: مامۆستا من دەبەیت بۆ یاریەکانی نێو شارەکان!؟

ئاغای نەوزەری سەیرێکی منی کرد و وتی: سەیر کە (گتێکی کرد و دەستی نیاوە سەرسینگی) من بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر نیمکەت دادەنیشتم!.

بەو قسەی ئاغای نەوزەری تێگەیشتم کە ئەگەر من ببات وەک یاریچی زیادە دەمبات، لەبەر ئەوەی کە هیچ دڵخۆشی بە من نەبوو و بە یاریچیەکی تەوانا نەمیدەناسی. ئەو هاوینە ئیبراهیم و منداڵەکانی تر چوون بۆ کرماشان و بەشداریان لە یاریەکانی ئەو هاوینە کرد. من بە قسەی مامۆستام کرد و وازم لەوە هێنا لە ببم بە یاریچی تۆپان.

ئەو دەورە کە ئێمە خەریکی خۆشەویستی تۆپان بووین، مامۆستا حەبیب مامۆستای وانەی تەفسیر بوو کە لە ماڵی خاڵم بە ئێمەی دەوتەوە. ئەو قسانەی کە مامۆستا حەبیب بۆ ئێمەی دەکرد، وردە وردە کارێکی کرد کە خۆشەویستیمان بۆ تۆپان نەمێنێت و دڵ و دەروونمان بدەین بە شیعر و تەفسیر و قورئان و کتێب و مزگەوت. مامۆستا حەبیب کەسێک بوو کە بە پێچەوانەی ئاغای نەوزەری کە منی نائومێد کرد، ئومێدی زۆری لە گیانی ئێمە دەخست. ئێمە پێمان بەرەو مزگەوت کرایەوە، لە کاتێک کە وردە وردە پێمان لە زەویەکانی تۆپان دەبڕایەوە.

ئەو کاتە کە ئێمە لە زەوی تۆپان یاریمان دەکرد، هەموو جۆرەیەک دۆستمان هەبوو، یارسان و شیعە و سونی، بەڵام پاش ئەوەی کە بووینە دۆستی مامۆستا حەبیب و پێمان بۆ مزگەوت کرایەوە، ئیتر دۆستانی نزیکی ئێمە ئەوانە بوون کە نوێژیان دەخوێند و خوایان عیبادەت دەکرد و هات و چۆی مزگەوتیان دەکرد.

مامۆستا حەبیب هیچ ئاگای لەو دەرد و مەینەتە نەبوو کە ئێمە دەمانکێشا. ئەو بەس وانەکانی تەفسیری خۆی دەوتەوە و لێپرسینەوەی لە دەروونی نالەباری ئێمەی نەدەکرد کە قوتابخانە و تۆپان و مزگەوت و هەوەسەکانی منداڵی لێمان تێکەڵ بووە و بووەتە دەردێکی گەورە. ڕێگەی چارەسەر ئەوە بوو کە ئەو بنە و بنکانە بەجێ بهێڵین و وازیان لێ بهێنین.

پاش ئەوەی کە هاوینی ئەو ساڵە بەسەر ئەو هەڵاتنە گەورەیە گوزەری کرد. ئیبراهیم بۆ خوێندنی دەرسی دینی خۆی پێچایەوە بۆ شاری ڕوانسەر. شاری ڕوانسەر شارێکی کوردنشین و جوان و ئاوەدان و پاکە کە خەڵکێکی دڵپاک و خۆشڕوومەت تێدا دەژی. حوجرەی ئیقباڵی لاهوری ئەو شوێنە بوو کە بووە یەکەم مەڵبەندی پەروەردەیی ئیبراهیم. مامۆستا حەبیب ئەو کەسە بوو کە زەمینەی ئەوەی خۆش کرد کە ئیبراهیم لەو حوجرەیە وەربگیردرێت و وانەکانی دین بخوێنێت. ئیبراهیم چوو و من بە تەنیا لە شاری سەرپێڵی زەهاو مامەوە. مامۆستا حەبیب ئومێدی ئێمەی دەدایەوە کە لە ساڵی داهاتوو لە حوجرەی ئیقباڵی لاهوری وەردەگیردرێن. دۆستی ئێمە و مامۆستا حەبیب هەر گەشەی دەکرد و وانەکانی تەفسیر و مزگەوت پەرەی دەسەند. هەر کە گەیشتینە کۆتایی ساڵی یەکەمی دەبیرستان، پەرۆشی ئەوەم هەبوو کە پەروەندە و بەڵگەکانی خۆم بەرم و لە شاری ڕوانسەر ناونووسی بکەم. هاوین هات و من چەند سەفەرێکی دۆستانەم کرد بۆ شاری ڕوانسەر و لەگەڵ فەقێکان و قوتابیەکان ئاشنا بووم و ناونووسیم کرد و دڵم خۆش بوو کە ساڵی نوێ وەک فەقێیەک دەرس و وانەکانی دین دەخوێنم و دەبم بە مەلا و مامۆستایەک کە بانگەوازی بۆ دین و ڕێبازی ئیسلام دەکات.

منیش وەک ئیبراهیم بووم بە فەقێ و ئومێدی ئەوەم هەبوو کە ببم بە مەلایەکی گەورە بۆ ئەوەی کە خزمەتێکی فراوان بە موسوڵمانەکان بکەم. هەر بۆ ئەمەش ناچار بووین کە هەردەم هەوڵی ئەوە بدەین کە ببین بە زانا و عالمێکی گەورە. بۆ ئەوەش هەر جۆرە هەوڵ و تەقالایەکمان دەدا.

## لەبەر کردنی وانەکانی کتێبەکانی قوتابخانە

لە دەورانی پێش حوجرەدا کە من و ئیبراهیم لە قوتابخانەی دەورانی ڕاهنەمایی(ناوەندی) بووین، چەند خاڵ و سرنجێکم لەسەر ئیبراهیم کۆ کردەوە کە هاوکاری منی کرد لە داهاتوو باشتر دەروون و ناوەڕۆکی ئیبراهیم بناسمەوە. یەکێک لەوانە ئەوە بوو کە ڕستەکان و وشەکانی بە تەواوی لەبەر دەکرد. گەر مامۆستا وەڵامێکی تایبەتی لە دەقی کتێبەکەی دیاری بکردبایەت، ئەوە ئیبراهیم هەر هەموو وشەکان و پیتەکانی بە بێ ئەوەی کە لێی بەجێ بهێڵێت، لەبەری دەکرد و دەیوتەوە. لەبەر کردن و وتنەوەی بۆ ئیبراهیم بەهایەکی فراوانی هەبوو. ئەوە شتێک

بوو کە من لە دڵمەوە گاڵتەم پێ دەهات. نەمدەتوانی کە وشە بە وشە لەبەری بکەم، دید و نیگای من بە شێوەیەکی ورد بە منی ئەوت کە ئەم نووسیانەی قوتابخانە و حوجرە ئەوەندە گرنگ نیە کە ئێمە وشە بە وشە لەبەری بکەین. من کتێبی خوام لەبەر نەکرد، ئێستە کتێبی مرۆڤ لەبەر بکەم!؟ هەر ئەو تایبەتمەندیەی ئیبراهیم لە دەورانی حوجرە بەردەوام بوو. بە ڕێک و پێکی هەر هەموو ڕستەکان و وشە عەرەبیەکانی لەبەر دەکرد و هیچی بەجێ نەدەهێشت. مامۆستا مەنسوور بە فەقێکانی وت کە دەبێت نەحوی جورجانی هەر هەمووی لەبەر بکەن. هەروەها مامۆستا فاروق وتی کە دەبێت فقهی شافعی لەبەر بکەن. من تاکە کەسێک بووم کە خۆم لەوە نەدا و بە ڕاشکاوی بە گژی ئەو فرمانەدا چوومەوە. فەقێکانی تر هەر هەموویان نیوەوناتەواو لەبەریان کرد.

## گۆشەگیری بۆ خوێندنی کتێبەکان

یەکێکی تر لە گرنگترین وێنەکان کە هەردەم لە ئیبراهیم دەمبینی، ئەوە بوو کە لە گۆشەیەک بە تەنیا سەری لەسەر کتێبەکان دەگرت و سەری دەجووڵاند و خەریکی خوێندنی کتێبەکان دەبوو. ئیبراهیم بە بێ مامۆستا خۆی لە کتێبەکان دەدا. لە زانستی دین ئەوە بەهای هەیە کە فەقێ دەبێت بە مامۆستایەکی شارەزا خۆی لە کتێبەکانی دین بدات. ئەو کارەی ئیبراهیم ڕیشەی لە قوتابخانەی فارسیەوە گەشەی کردبوو.

ئیبراهیم ڕوومەتێکی بێ قسەی بە خۆیەوە دەگرت. تەنیایی و کتێبەکان و خەریک بوون بە نووسینەکان و ناوەکان، ڕەگ و خوێنی ئیبراهیمی بە خۆیەوە داگیر کردبوو. ئەمە وای کرد کە من وشەی " وشک بوون" بۆ ئیبراهیم بە کار بەرم. کتێبەکان و ناوەکان ئەوەندە ئیبراهیمی بە خۆیەوە خەریک کرد، بە تەواوی ڕوومەتی وشک کردبوو. کتێبەکان تەوانی ئەوەی هەیە کە ئاوەدانی لە ڕوومەتی مرۆڤ هەڵبگرێت و وشکی بکات. ئیبراهیم بەردەوام خەریک بە کتێبەکان بوو، پێی وابوو کە خۆی لە تەنیای دەتوانێت بەسەر ڕستەکان و ماناکان زاڵ بێت.

شەوێک خەوم بینی بە ئیبراهیمەوە. لەو خەوە ئیبراهیمم بینی و پرسیارم لێ کرد: دەزانی گەنم چەند ئاو دەدرێت!؟ وتی: نە نازانم!. وتم: بڕۆ لە جووتیارەکان پرسیار بکە، بزانە کە دەزانن گەنم چەند ئاو دەدرێت!؟ مسۆگر بە ئەوانیش نازانن!.

ڕۆژێک وتم بە ئیبراهیم: تۆ و ئەو کتێبانەی کە بە دەستەوەیە وەک ئەو کەسەیە کە لە ئەنبار و هوماری گەنم کار دەکات. لە جووتیارەکان وەریدەگرێت و دەیدات بە نانەواکان. تۆ نە بەرت هێناوە و نە بەکاریشی دەبەیت!.

سێ ساڵی نەبرد و من وازم لە خوێندنی حوجرە هێنا و ئیبراهیم هەر لەسەر فەقێیایەتی مایەوە. من چووم بۆ باشووری کوردستان و لە بابەتی کۆمەڵناسی خەریک بە خوێندن بووم. وانەیەک کە پێموابوو دەمگەیەنێتە زۆر شوێنی نەناسراو.

لەدرێژی ئەو چەند ساڵە چەند جارێک سەردانی ئیبراهیمم کرد، حاڵ و گوزەرانی هەروەک خۆی بوو. شوێنی خۆی گۆڕیبوو، لە حوجرەی ئیقباڵی لاهوری نەمابوو، چووبوو بۆ حوجرەیەکی شاری پاوە. لەوێش هەر خەریکی خوێندنی زانستەکانی دین بوو. دیارە لە درێژی ئەو چەند ساڵە زۆر کتێب و ناو و ناوەڕۆکی لێکداوەتەوە و ناسیاریان بووە. ئەو هەوڵانەی کە ئیبراهیم دەیدا، بۆ من بەهایەکی نەبوو. من ئیبراهیمم دەناسی، دەمزانی کە چۆن لەسەر کتێبەکان دادەنیشێت و چۆن سەری لەسەر کتێبەکان دەجووڵێنێت؟ بۆیە دڵنیا بووم کە ئیبراهیم ڕێگەی زۆر سەخت و قورسە.

## وشکی و گرژی ڕوومەت

یەکێک لە وێنەکانی تر کە لە ئیبراهیم بەلای منەوە بووە هۆی ناسینەوەی، ئەوە بوو کە لە سەر کتێب خوێندن زۆر گازی لە لێوی دەگرت و ڕوومەتی مات و گرژ دەبوو. پێستی لێوی خۆی دەخواردەوە و لێوی تەڕ دەکرد و بە پەرۆشێکەوە سەری لەسەر کتێبەکان دەجووڵاند کە گوایە ئاگای لە دەورووبەری نیە. لێوخواردنەوەی ئیبراهیم بۆ من نیشانەیەک بوو کە بزانم چەندە لەگەڵ ڕستەکان و کتێبەکان گرفت و کێشەی هەیە کە بە خۆی چارەسەر نابێت. چەند پەرۆشە کە لێی بهێنێتە دەرەوە!.

ماوەیەک لەمەوبەر پرسیارم لە دایکم کرد کە حاڵ و ئەحواڵی ئیبراهیم چۆنە؟ دایکم باسی حاڵی ئیبراهیمی لە زوبانی دایکی ئیبراهیمەوە باس کرد، وتی: دایکی ئیبراهیم وتوویە کە ئیبراهیم بەردەوام لە ژوورەکەیە و خەریکی خوێندنە و ئەوەندە سەری لەسەر کتێب گرتووە، وشک بووەتەوە!.

هەرچۆن هەر مرۆڤێک کە دێتە دونیا ناوێکی لێی دەنرێت، هەروەها هەر مرۆڤێک بە وشەیەک ژیان و گیانی تێکەڵ دەبێت. هەروەک پێشتر وتم: (فعل) بۆ (اسم) کراوە. من پێشتر باسی نەقاشەکانم کرد کە دەروونی ئەوانە دەروونێکی گرفتارە، بەستراوەیی بە دیمەنێک وا دەکات کە نەقاشەکان بە گیرۆدە و گرفتار بناسمەوە. ئیبراهیم وشەی وشک بوو یان وشک کراوی شایستەیە. زانست و ناسینی زیندوو لە ڕێگەی دەمەوە دەوترێت، قسەی دەم بۆ گوێی مرۆڤ دەچێت. ئیبراهیم لەگەڵ کتێبەکان بە چاوی خەریک دەبوو. ئەو گوێی بۆ ڕستەکان بەکار نەدەبرد. کار کردن لەگەڵ چاودا وای لە ڕوومەتی ئیبراهیم کرد کە بە ڕوومەتێکی " کیتابی" بیناسمەوە. دەست و دەم و گیانی ئیبراهیم وەک مرۆڤی "کیتابیکراو"، سەروچاوی ئەوی وشک کردبوو.

بە ناوی خوای مەزن هزر و هەستەکانم تەشەنەی دەکردە هەستەکانی ئیبراهیمەوە، دەمزانی کە ئیبراهیم بۆ ئاوەها بە پەرۆشە لە خوێندندا!؟ وە بۆ ئەوەندە چڕ و پڕ لە تەنیایی خەریک بە خوێندنی کتێبەکانە!؟

تەشەنە کردن لە دەروونی مرۆڤ، دەست تێوەردانێکی ناڕاستە و نابێت کە مرۆڤ بە بێ ڕوخسەتی ئەوانی تر ئەوەندە لە ژیان و گیانی خەڵکی تر سەر و سرنج بدات. من و ئیبراهیم دوو هاوڕێی کۆنین کە لە بەرەتاوە پێکەوە هەنگاوێکی گەورەمان بۆ بە دەست هێنانی شایستەیی

بەخشندەیی ناسین و زانست هەڵگرتووە. هەر بۆیە دڵم ناڕەحەت نیە لەوە کە دەست و هزرم لە ژیانی ئیبراهیم وەردەدەم یان دەینووسمەوە، لەبەر ئەوەی کە من بە ناوی خوای مەزن ئەم ڕستانە دەنووسمەوە.

چەند قورسە یان سەختە بە کەسێک بگەیەنیت کە ناسین پرسێکی خوێنی و دەمیە. هەروەها چەندە قورسە کە بە کەسێک بگەیەنیت کە ناسین پرسێکی دەستی نیە!. ئیبراهیم دەستی بە کتێب خەریک بوو.

گەورەترین هەڵەیەک کە ئیبراهیم کردی ئەوە بوو کە بەشداری لە ئەزموونی " کنکور" کرد، بۆ ئەوەی کە لە زانکۆیەکی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک قوتابیەک ناونووسی بکات. پرسیارم لە ئیبراهیم کرد: من چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد کە تۆ پاش یازدە ساڵ قورئان بە دەست گرتن بتەوێت کە دیسان ببیت بە قوتابی قوتابخانەکانی فارسی زمان، ئەوەش لە بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا!؟

ئیبراهیم لە مەبەستی من تێگەیشت.

ئیبراهیم وتی: من کەسێکیم دەوێت کە وەک موحەممەدی نێردراوەی خوای مەزن بە شێوەیەکی زیندوو پێم بڵێت کە چی بکەم!؟ من نازانم چی بکەم؟ ماومەتەوە و تێماوم، بۆیە دەخوێنم!.

وتم: تۆ یازدە ساڵە قورئان بە دەستەوە دەگریت، شەو و ڕۆژ نوێژ دەکەیت و لە خوا دەپاڕێیتەوە، بۆ ئاوەها قسەیەک دەکەیت!؟

ئیبراهیم و خواستی خوێندنی زانستە کۆمەڵایەتیەکان جۆرە دڵتەنگیەکی بۆ من دروست کرد. کەسێکی وەک ئیبراهیم کە ساڵەهای ساڵ خەریکی خوێندنی زانستەکانی دینی ئیسلام بووە، جێگەی پرس و ترسە کە دەست بۆ کتێبەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەرێت. ئەگەر قورئان نوور و ڕووناکیە و خوایەکی مەزن خاوەنیە، ئیتر بۆ ئیبراهیم دەبێت نیازمەندی زانستەکانی مرۆڤی بێت؟ بۆ ئیبراهیم دەبێت نیازمەندی ئەندیشەی ئەوانە بێت کە دین لە نێو مرۆڤەکان سووک دەکەن؟ دوایی ئیبراهیم کاری گەیشت بەو ڕادە کە بە منی دەوت: هەندێک لەو کۆمەڵناسانە جۆرێک قسە دەکەن وەک ئەوە وایە کە وەحییان بۆ هاتبێت!!.

کە ئەو قسەیە کرد لە دڵی خۆمدا وتم: ئەگەر هێزم هەبایەت، هەرچی جادە و ڕێیە کە بۆ زانست پێدا گوزەرت کردووە دەمکردە کەژ و کێو و کوێرم دەکردەوە بۆ ئەوەی کە جارێکی تر مرۆڤ پێدا هەنگاوەکانی نەنێت و نەچێت!.

باش وایە کە بزانین دەست و دەمی ئیبراهیم نزیکی لە کتێبەکانی شیعەکان کردووە. ئەو نزیکیە وای کرد کە ڕێ و شوێنی ناودارانی شیعە لەبەر بگرێت. بۆ نموونە ئیبراهیم لە پەروەردەیەک گەورە بوو کە مامۆستا ناسری سوبحانی دەستی لە دامەزراندنی هەبوو. هەروەها زۆر بەهای بە قسە و وتەکانی کاک ئەحمەدی موفتی زادە داوە. هەروەها کەسانێکی وەک عەلی شەریعەتی و

عەبدولکەریمی سروش دەور و دەستیان هەبوو لە گەشەی بیری ئیسلامی کوردی، ئیبراهیمیش لەو دەور و دەستە دوور نەبووە. لە بیرمە کە ڕۆژێک ئیبراهیم باسی زانستەکانی مرۆڤی و ئیسلامی دەکرد، بە جۆرە هەستێکی بە خرۆشەوە وتی: ئەو پرسیارە گرنگە کە دەبێت " چی بکەین یان چی بکرێت؟". پاش ئەوەی کە قسەکانی تەواو کرد، وتم ئیبراهیم ئەو پرسیارە هی خۆت نیە، ئەو پرسیارە کە تۆ دەیکەیت کاتی خۆی عەلی شەریعەتی دروستی کردووە و تاوەکو ئێستە بێ وەڵام ماوەتەوە. وتم ئیبراهیم پرس و ترسەکانت هی خۆت نیە! هەر کات پرس و ترسەکانت هی خۆت بوو، ئەو کاتە دەتوانم باوەڕ بهێنم کە بەرەتایەکی هزری و ئەندیشەییت دامەزراندووە.

کەوایە فارسەکان و شیعەکان دەوریان هەبووە لە دامەزراندنی هەستەکان و شێوەی ئەندیشە کردن و پرس و ترسەکانی ئیبراهیم. دەرکەوتنی ئەو پرسیارە ( چی بکرێت؟) لە دەمی ئیبراهیم وەک ئەوەوایە کە نەزانیت لە پشتی دیوارێک چی هەیە!؟ لە ناکاوە کلکی فیلێک دەرکەوێت، بەو کلە ئیتر پێویست نیە سەروکەلەی فیل ببینیت، لەبەر ئەوەی کە ئیتر ئەزانیت چی لە پشت دیوارە. هەروەها بەو پرسیارە زۆر لایەن و نەکراوە کە لە ئەو ماوە لە دەروونی ئیبراهیم دروست ببوو، بۆ من بەدەرکەوت.

هەروەها پێموایە کە چوونی من و ئیبراهیم بۆ زانکۆ و خوێندن لە بواری کۆمەڵناسی هەر لە لایەن فارسەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. فارسەکان لە ئێران زانستەکانی مرۆڤیان خۆشەویست کردووە.

باسی یەکێک لە لاوازیەکانی ئیبراهیم دەکەم بۆ ئەوەی کە خوێنەر بزانێت، جووڵە کردن لە کوانگەیەک بۆ کوانگەیەکی تر چەند سەخت و ئەستەمە.

لە بیرمە لە یەکەم شەوی هەڵاتنەکەدا من و ئیبراهیم بە بێ پارە و بێ شوێن و ڕێ لە سەر جادەکانی شاری سنە دەخوولاینەوە. سەرما و برسیەتی و خەو سەر و گیانی لە من و ئیبراهیم تێک دابوو. کاتژمێر دوو و سێی شەو بوو کە ئیبراهیم بە ناخۆشی وتی: تەکسیەک دەگرین لێرەوە بۆ سەرپێڵی زەهاو، هەرچی پارەشی بێت دەیدەین، بەس بمانگەیەنێتە ماڵەوە!.

من سەیرم لێ هات کە ئیبراهیم لەیەکەم شەودا ئاوەها گوشاری پێ هاتبێت و دڵ و دەروونی ڕووخابێت. لە دڵی خۆمدا وتم خوایە گیان ئەوە خودی ئیبراهیم بوو کە ئەم دونیاناسیەی داڕشت، چۆن ئاوەها لە شەوی یەکەمدا، تەنگی لێ هاتووە!؟

وتم: نە، ئیبراهیم، سەبرت هەبێت، ئێمە وەعدماندا کە دونیا بگەڕێن و دونیا بناسین، نابێت کە بە سەرمایەک و سەختیەک بیر لەوە بکەینەوە کە بگەڕێینەوە.

ئیبراهیم بە قسەی منی کرد و پەشیمان بوو لەوە کە بگەڕێنەوە. هەستیشم دەکرد کە ئیبراهیم لە دەروونی خۆی شتەکان لێک دەداتەوە. گوێزی بە ددانی خۆی دەشکاند. ئیبراهیم لەبەر ئەوەی کە بە ناز و خۆشەویستی دایک و باوکی گەورە ببوو، پێی قورس بوو کە بۆ خواردنی نان و شوێنێکی خەو سەرگەردان بووە!.

سرنجێکی ترم لەسەر ئیبراهیم ئەوە بوو کە زۆر بە سەختی جووڵەی کردووە. لە درێژی ئەم چەند ساڵە کە من لە ئێران چوومە عێراق و لەوێشەوە هاتمە ئینگلیس و شاران و وڵاتانی زۆرم بینی، ئیبراهیم هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هات و چۆی کردووە و لە حوجرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەتەوە. هەر ئەمە وای کرد بۆم دەرکەوێت کە من و ئیبراهیم دوو دەروونی جیاواز لە یەکدین.

## نووسینەکانی ئیبراهیم

نووسینەکانی ئیبراهیم هەر هەمووی بە زمانی فارسی بوو. ئەمە بۆ من کێشەیەک بوو کە ئەم کوڕە دەیەوێت لە بن دەستی ئەدەبی فارسەکان و لە ڕێگەی فارسەکان دەنگ و ڕوومەتی خۆی بکاتەوە. من پرسیارم لێکرد کە دەتەوێت بە فارسی بۆ کێ بنووسیت و کێ نووسینەکانت بخوێنێت!؟ مامۆستا ناسری سوبحانی و کاک ئەحمەدی موفتی زادە زۆربەی نووسینەکانیان بە زمانی فارسی بووە. هەروەها مەلا و مامۆستاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە بواری نووسین کار دەکەن، هەوڵی ئەوە دەدەن کە نووسینەکان بۆ فارسی وەربگێڕن. مەبەست و خواستیان ئەوەیە کە ژینگە و زەوی و زەمینەیەکی هاوبەش دروست بکەن بۆ ئەوەی کە کورد و فارس بە وشەکانی فارسی یەکدی بە یەکدی بناسێنن. لە بنەچەقەوە فەقێکان بە وشەکان و ڕستەکانی عەرەبی و فارسی هزر و هەستەکانیان دروست دەکرد. ئیتر وشەی کوردی و دروست کردنی هزر و هەست بە کوردی بەوان ناکرێت. دۆڵێک کە زۆر قووڵ بوو، ئاوی تێدا بە ترسەوە دەخورێت.

فەقێکان و حوجرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆیان بە خاوەن وشەکانی کوردی نەدەزانی. مەلا و مامۆستاکان هیچ جۆرە ڕستە و چیرۆک و داڕشتنێکیان نەبوو بۆ ئەوەی کە فەقێیەک گەورە بکەن کە وشەکانی کورد وەک خاوەندارێک خاوەنداری بکات و ژینگەیەک دروست بکات کە وشەکانی کوردی لە هەتیوی و تەنیایی و بێ خاوەنی دەربێنێت.

## ئیبراهیم لە مانەوەیەکی کوشندە

لە بیرمە کە ڕۆژێک ئیبراهیم بە منی وت: من و تۆ جۆرێک نزیکیمان لەگەڵ یەکدی هەیە... باش وایە کە خەریک بە کارێک بین... ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بووە!.

زانیم ئەو قسەیە لە ژێر گوشار و قسەکانی دەورووبەرەوە دروست بووە. خەڵک زۆر قسە و باس لەسەر کەسانی وەک من و ئیبراهیم دروست دەکەن.

هەستم بەوە کرد کە ئیبراهیمیش هەستی بەوە کردووە کە من و ئەو هەر لە بەرەتاوە وەک ئەوانی تر نەبووین و وەک ئەوانی تر بە شوێنی ناسین و ڕاستی نەکەوتووین. بەڵام گرفت و کێشەی ئیبراهیم ئەوەبوو کە لەو جۆرە بوونەی، جۆرە ترسێکی هەیە و حەزی لێیە کە لە خەڵک دوور نەکەوێتەوە. ئیبراهیم بەو قسەیە هەروەک ئەو شەوە کە ویستی لە سنە بگەڕێنەوە بۆ

سەرپێڵ، هەروەها ویستی کە من بگەڕێنێتەوە بۆ نێو ئەو خەڵک و پێکهاتە کە ساڵەهای ساڵە لێی دوور کەوتوومەتەوە!.

بەو قسە کە ئیبراهیم کردی، دەیەویست بە من بڵێت کە من و تۆ بە ناحەق لەو خەڵکە جیا دەبینەوە و ڕێی ئێمە کۆتاییەکی ڕوون و دیاری نیە و گەر ئاوەها بڕۆن کێشە دروست دەکەین. هەروەها بەو قسە کە وتی ئەوە دەرکەوت کە ئیبراهیم ئاە و ناڵەی هەیە لە دۆخێک کە دەیەوێت تێدا دەرچێت و دەرباز و ڕزگاری بێت. ئیبراهیم بەو قسەیە جۆرێک هەرووکمانی لۆمە دەکرد کە بۆ ئاوەها ژیان و گیانمان وەک ئەوانی تر نیە و بەردەوام لەوان بێگانە و تەنیا دەبین!؟.

باش وایە کە ئاماژە بە ڕستەیەک بکەم کە بەهایەکی زۆر فراوانی هەیە: گەر هەر خوێندەوانێک یان هەر فەقێیەک بە چەند ناو یان دەستەیەک لە ناوەکان خەریک بوو، باش وایە کە ئاگاداری جموجۆڵی هەر هەموو ئەو ناوانە بێت و لێیان خافڵ نەبێت. ئیبراهیم کتێبی زۆر لە ناوەکانی بە دەستەوە گرتووە، کە ئەمانە پەرە بە بەرەیەک لە گیانی ئیبراهیم دەدەن کە دەسڵاتی ئیبراهیمی تێدا کورت و کەم دەبێت. ناوەکان و کتێبەکان و ڕستەکان دەتوانن کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دەروونی مرۆڤ سەربەخۆ کار بکەن. پرسیار ئەوەیە کە ئیبراهیم دەیەوێت چی لە ڕستەکان بکات؟ وە ڕستەکان دەیانەوێت چی لە ئیبراهیم بکەن؟ لەوە دڵنیا بن کە ئەگەر خاوەنداری ڕستەکان و ناوەکان نەکەیت، ئەوە ئەوانن کە خاوەنداری مرۆڤ لە ئەستۆ دەگرن. شووتی بە دەست لەت بکرێت ناشیرینە، هەروەها کتێبەکان و ناوەکان دەستێکیان دەوێت کە بە پەتی هەڵیان نەگرێت.

گەر قوتابی یان فەقێیەک ڕستەکان لە ڕێگەی دەمێک پێی بگات، ئەوە ئاماژە بەوەیە کە ئەو قوتابی یان فەقێیە لە بن دەم و دەستێک رستەکانی پێ دەدرێت. لە ئاوەها پەروەردەیەک مامۆستا زاڵە بەسەر قوتابی و فەقێدا. بەڵام ئەگەر هات و قوتابی یان فەقێ خۆی بە دەمی خۆی ڕستەکانی بردە نێو سەر و دەروونیەوە، ئەوە بۆی هەیە کە دەست و دەمی خۆی لە بونیادی ڕستەکان تێکەڵ بکات.

قوتابی یان فەقێ لە ڕێگەی خوێندن و هەوڵی کردنەوەی ناسینەکان لەگەڵ لەشکرێک لە ڕستەکان و وشەکان جووڵە دەکات و دەگەڕێت. قوتابی بەشی زانکۆ، لەشکرێکی فراوانتری لە ڕستەکان و ناوەکان لە دەورە تا قوتابیەک لە ئامادەیی و دەبیرستان. ئەو لەشکرە لە ناوەکان و ڕستەکان وەک سەربازەکان و فەرماندەکان کاری شەڕ و پاراستن دەکەن. ئیبراهیم بە لەشکرێکی وەرزاو و ئامادە لە ڕستەکان و ناوەکان خۆی لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەدات. ڕستەکانی ئیبراهیم هەر هەموویان سەربازی گیانفیدا نین، بەڵکو دەستەیەک لە ڕستەکان و ناوەکان لە دەروونی ئیبراهیم وەک جاش و سیخوڕ کار دەکەن، بە بێ ئەوەی کە ئیبراهیم بە کاری ئەوانە ئاگاە بێت. وشەکان وەک مرۆڤەکانە، بۆی هەیە کە مرۆڤێک لە دەورانی ژیانیدا سەربازی بۆ چەند کەس بکات و چەک بۆ چەند کەس هەڵبگرێت و شەڕ و ئاشتی لەگەڵ دەستەی جیاوازی مرۆڤەکان بکات. لە دەورەیەک کە من لە بەشی کۆمەڵناسی وانەکانی کۆمەڵناسیم دەخوێند،

وانەکان و پەند و عیبرەتەکانی ئەو زانستە جاربەجار دەهاتن بە پیری منەوە و لەگەڵ ڕستەکانی دین ئاشتیان دەکرد و جاربەجاریش سەروچاویان لە باسی دین هەڵدەگەڕاند. زۆرێک لە مەلا و مامۆستاکان بە بێ ئەوەی کە ڕستەکان و سەربازەکانی زانستەکانی تر بە جوانی خاوێن بکەن و بیکەن بە سەربازی خۆیان، بە دەستەیەکی زۆر لە ڕستەکان و سەربازەکان دەچن بۆ شەڕێکی گەورە و لە نیوەی ڕێگەدا هەر ئەو ڕستە و سەربازانە پشتی تێ دەکەن و بە جاش و سیخوڕ لێی بەدەردەکەون.

لەگەڵ ئەو ڕەخنانەدا باش وایە کە باس لەوە بکەم کە ئیبراهیم دەستەیەک بنەمای دەروونی هەیە کە یارمەتی داوە و دەست و پشتی قایم گرتووە. پێداگری و چیڕ بوونی ئیبراهیم بووە هۆی ئەوە کە ساڵەهای ساڵ لەگەڵ کتێبەکان و ناوەکان هاودەم و هاوڕێ بێت. هەرووها بێ دەنگی و تەنیایی و گۆشەگیری لە تایبەتمەندیەکانی تری ئیبراهیم بووە کە هەتاوەکو ئێستە هاوکاری ڕێگای کردووە. لەگەڵ ئەوانەشدا لێبووردن و بەخشندەیی ئیبراهیم لەو بنەمایانە بوو کە کارێکی کردووە لەگەڵ زۆرێک لە سەرچاوەکان ئاشنا بێت.

جاری کۆتایی کە قسەم لەگەڵ ئیبراهیم کرد، پێیم وت: واز لە کتێبەکان بهێنە و هەوڵ بدە کە بە بێ کتێب بژیت، لەبەر ئەوەی کە تۆ لە ماوەی ئەم چەند ساڵە ئەوەی کە پێویستت بووە، پێت گەیشتووە و ئەیزانیت.

بەسەرهاتی من و ئیبراهیم وەک کابرایەکە کە لەگەڵ منداڵەکەی و دۆستێکی تایبەتی خۆی بێت. ئەم کابرا بۆ ئەوەی کە منداڵەکەی دڵداری بدات و دڵخۆش و خەریکی بکات، شتێکی بۆ دەکڕێت و منداڵەکە بەو شتەوە خەریک دەکات. لە هەمان کاتدا ئەو کابرا بۆ ئەوەی کە دۆستەکەی دڵداری بدات و بۆی بکرێتەوە و سەرگەرمی بکات، دۆستەکەی بە خۆیەوە خەریک دەکات. من ئیبراهیم بە خۆمەوە خەریک دەکەم و هەر هەمووی باس و بابەتەکانی سەرجەم ئەم نووسینانە بە پرس و بابەت و باسی ئیبراهیم دەناسمەوە. لەبەر ئەوەی کە دڵنیام ئەو بەردە گەورەیە کە ئیبراهیمی وشک کردووەتەوە، ڕەگێکی فراوانی لە ئاو لە پشتەوەیە!

# ڕێگەبەرەکان و ڕێگەگرەکان

## بڵق و تەقان

" سنوور و بەسترانەوە" لە وشە گرنگەکانە کە لە درێژی ژیان و هەوڵەکانم پێیانەوە خەریک بووم. جاری وا هەیە مرۆڤ هیچ سنوورێکی بۆ دانەنراوە، بەڵام لە ناوەوە بەستراوە، کە ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوە لە خۆیدا بمێنێتەوە. ئیتر لۆمە و گلەیی لە خوا و سروشت مانا و بەهایەکی نیە.

سنوورەکان و بەسترانەوەکان لە سروشت و مێژوودا هەردەم لەگەڵ مرۆڤ هاوڕێ بوون. جاری وا هەیە ئاو لە شوێنێک مەن ئەبەستێت و دەبەسترێتەوە. ئەو ئاوە لە خاڵ و نوقتەیەکەوە بەری دەکرێتەوە. گەر بێت و لێرە پرسیار بکەین: ئایا ئەو شوێنە کە ئاو لێیەوە تەقا، ئەو خاڵ و نوقتەیە بە سەرەتا و سەرچاوە ئەناسرێت؟ دروستە کە ئاو لەو شوێنە و خاڵەوە دەکرێتەوە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە گوشار و قورسی هەرهەموو ئاو وای کردووە کە ئاو لە شوێنێکەوە بتەقێت. هەروەها کاتێک کە سادقی هیدایەت یان نیچە بە نووسینەکانیان دێن و ئەتەقنەوە و مل ئەنێن و ئەڕۆن و کوێر ئەکەنەوە، ئەوە تەنیا خۆیان نەبوون کە ئەو کردنەوە و کرانەوەیانە کردووە، بەڵکو قورسایی مێژوو و کۆمەڵی مرۆڤی پشتیوانی ئەو کردنەوەیە بووە.

ئایا ئێوە ئاوی تاڤگەتان بینیوە کە دەڕژێتە ناو گۆمی پێش خۆیەوە!؟ لەو بەربوون و هاتنە خوارەوە شتێک کە زۆر فراوانە و دروست ئەبێت، بڵق و کەفی ئاوە. بڵق و کەفی ئاو نەک لە تاڤگە، بەڵکو لە ئاوی بارانیش دروست ئەبێت. ئاوێک کە لە سەرەوە ببارێت، بڵق و کەف دروست ئەکات. لێرە بڵق و تەقانی بڵق و یەکگرتنەوە و چوونە ناو یەکدی بڵق و کەفەکان، زۆر بە ئاسانی و خێرایی دەکرێت.

ئایا ئەزانن کە بۆچی ئاو تەوانی ئەوەی هەیە بڵق کە لاپەڕەیەکی ناسکی ئاوە، دروست بکات!؟ بۆ ئاوێک کە ئارام و ئاسۆیی دەچێت بڵق دروست ناکات!؟.

ژیان یانی کرانەوە و بەسترانەوە. ئەو تایبەتمەندیە لە ئاو و مرۆڤ هەیە. مرۆڤ لە ئاو نیە، بەڵکو ژیانی مرۆڤ لە ئاوە.

بڵق و تەقان و گوزەر لەو شتانەیە کە ئاو هەردەم چێژی لێ ئەبینێت.

هەندێک جار لە تەلەفیزیۆن ئەبینین کە زەوی وەک بڵقی ئاوێکێکی چکۆلە پیشان ئەدات، یان جاری وا هەیە کە منداڵەکان بە کەف و بڵق گەمە ئەکەن. ئەو پیشاندان و گەمە کردنە دەیەوێت کە بگەیەنێت مرۆڤ و ئەوەی کە لە زەوی مرۆڤ هەیە، لە بەرانبەر بە مانا و بەهای هەستی بە گشتی، زەمینەی ئەوەی تێدایە کە وەک بڵقی ئاوێک چکۆلە و بەستراو بێت.

ئەم خاڵەی سەرەوە گرنگترین خاڵ لە فەلسەفەی نیچە و دینی عیسای کوڕی مریەمە. نیچە لەبەر ئەوە کە عیسا باسی ئاکاری بە وشەی سەرەکی ژیان ناساند، پشتی تێکرد. هەروەها نیچە لە بەر ئەوەی کە زەردەشت باسی وشەی ناسینی بە وشەی سەرەکی ژیان ناساند، ڕووی تێکرد. نیچە و کەسانی دنکە وەک نیچە وتیان کە مرۆڤ و زەوی و هەستی و زایین زۆر گەورەتر و فرەترە لەوەی کە ئێمە تێداین و لێی ئەزانین، بۆیە ئیتر بە وشەی ئاکارەوە ئەوەندە خۆتان خەریک مەکەن. لە لایەکی ترەوە لە ئایینی عیسا و موحەممەد، خەتا و کێشەی مرۆڤ نەبووە کە بە وشەی ئاکارەوە ژیانی خەریک بووە، بەڵکو شەیاتین و جنۆکەکان بەری ئەوە دەگرن کە مرۆڤ لە بلقی وشەی ئاکار بێتە دەرەوە.

لە باسی بڵق و تەقان مەبەستم ئەوەیە کە دەستە دەستەی ناوەکان و بیرمەندان و نووسەران و شاعیران، لە ژێر قەوس و کەوانی بڵقێکی مێژوویی و جۆگرافی و فەلسەفی و مەزهەبی و ئەدەبی کە بە یەک وشە دەتوانرێت بناسرێت، گیریان خواردووە و ماونەتەوە.

کەسانێک لە ناوەکان کە دەزێن و دێن، لە ژێر گوشار و قورسی دەورووبەریان نەهاتوون، وەک ئەو شوێنەی کە لە ژێر هەرەشە و قورسی ئاوە مەن بەستاوەکە تەقاوە و کراوەتەوە. ئەو کەسانە مرۆڤ بۆ کردنەوە و کرانەوەی گەورە دەبەن.

ناوەکان دوو دەستەی سەرەکین، دەستەیەک کە بڵق و مۆڵ و گۆڕ بۆ نەوەکان دروست ئەکەن و لە ناو ئەو بڵق و مۆڵ و گۆڕە نەوەکان دەبەستنەوە و ئەهێڵنەوە، کە دەبنە ڕێگەگرەکان. دەستەیەکی تر بە پێچەوانەوە هەوڵ ئەدەن لە نەوەکان لە مۆڵەکان دەربهێنن و گۆڕەکان تێکبدەن و بڵقەکان بتەقێنن. خواستی دەستەی دووهەم ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ کرانەوە و ئاسۆی فرەتر و فراوانتر بچێت و دەم بکاتەوە، کە دەبنە ڕێگەبەرەکان.

هەرچۆن بڵق و کەفی تاڤگەیەک زوو زوو دروست دەبێت و دەتەقێت و یەکدەگرێت و گەورە دەبێت، هەروەها هۆش و دەروونی مرۆڤەکان زەمینەی ئەوەی تێدا هەیە کە بکرێتەوە و کۆبێتەوە و بتەقێت. بڵق و کەفی ئاو، قەوس و کەوان و پەردە زوو زوو دروست دەکات و دەیتەقێنێت. کەوایە سنوور و پەردە و ناوەڕۆکی بڵقەکان، لە گۆمێکە کە دەفەرتی ئەوەیداوە سنوور بۆ بڵق و تەقان مانای نەبێت.

هەروەها هۆش و دەروونی مرۆڤ زەمینەی ئەوەی تێدایە کە سنوور و ناوەڕۆک هەردەم بتەقێنێت و نوێی بکاتەوە.

چەندە ئاسانە پەردە و ناوەڕۆکی بڵقێک بتەقێت، چەندە سەختە پەردە و ناوەڕۆکی مرۆڤ بکرێتەوە. کاتێکیش کە مرۆڤ قەوس و کەوان و پەردەیەکی بۆ دەکرێتەوە یان دەتەقێت، ئیتر لەو کرانەوە ئەمێنێتەوە، نازانێت کە هیچ بلق و پەردەیەک کۆتایی نیە!

## ڕێگەبەرەکان و ڕێگەگرەکان

سەختترین دەورەیەک کە من لە دەورەی کتێب بەدەست گرتن بەسەرم برد، ئەو کاتە بوو کە ئاشنای ناوی سادقی هیدایەت بووم. سادقی هیدایەت ڕێگەگر و ڕێگەکوێرکەرێک بوو کە منی خستە دەرد و گرفتەوە. ناوەکان لە دوو حاڵەتدا یان ڕێگەبەری یان ڕێگەگری نەوەکان دەکەن. ناوەکان تەوانی ئەوەیان هەیە کە ڕێگە و ڕێباز لە نەوەکان بکەنەوە یان بیبەستن و نەوەکان بکوژێننەوە. سادقی هیدایەت زۆرێک لە نەوەکانی ئێرانی کوژاندەوە. هەروەها وەرگێڕانی نیچە بۆ زمانی فارسی، نەوەکانی بەرەو بەسترانەوە و کوژرانەوە برد.

ڕێگەبەرەکان کێین؟ ڕێبەرەکان و قاچاقچیەکان لە دیارترین ڕێگەبەرەکانن کە نەتەوەکان و نەفەرەکان لە تەنگانە و بێ ڕێیی بە ڕێیەکی تایبەتی خۆیان دەرباز دەکەن. کەسانێک لە نێو

نووسەرەکان و بیرمەندەکان و دانەرەکان و داهێنەرەکان، نەوەکان بە رێیەکی تایبەتی خۆیان دەرباز دەکەن. ئەو کەسانەی کە کاری قاچاخی مرۆڤ دەکەن، لە سنوورەکان کە بەستراوەتەوە، نەفەرەکان دەرباز دەکەن و ژیانێکی تر بە نەفەرەکان دەبەخشن. هەروەها کەسێکی وەک فردریک نیچە رێگەبەرێکی ئازا بوو، کە لە سەرئێشەکان و سەردەردەکانی خۆی نەترسا و خۆی کردە قوربانی. کەسانێکیش لە نێو خەڵک هەن کە بە ساحیر و شێخ ناسراون کە کێشە و گرفتەکان بە شێوەی تایبەتی خۆیان چارەسەر دەکەن. کەم کەس دەتوانێت هەنگاو لە ڕێ و ڕێبازی ئەوانە بنێت. کەسانێک کە نەوەکان لە تەنگانە و سەختی و دەرد ڕێبەری و ڕێگەبەری دەکەن و ڕێیەکی تایبەتی دادەمەزرێنن، ئەوانە بە ڕێگەبەرەکان دەناسرێن و ئەوانەی کە لەو ڕێگە و ڕێیەدا گوزەر دەکەن بۆ ئەوەی کە دەربازیانبێت، ئەوانە بە ڕێڕەوەکان و نەفەرەکانی ئەو ڕێگە و ڕێگەبەرە دەناسرێن.

کەوایە گرنگ ئەوەیە کە ڕێگەبەرەکان بە ڕێ و شێوەیەکی تایبەتی خۆیان کە لە دەروونی خۆیان سەرچاوە دەگرێت، نەفەرەکان و نەوەکان لە سنوور و بەسترانەوەیەک کە هەموو کەس پێیوایە دەرفەتی چوون نیە، بۆ کەش و کەوانێکی تر دەرباز ئەکەن و دەیانپەڕێننەوە.

ڕێگەگرەکان کێن؟ بەردەکان کە بەرگری لە تەقانی ڕەگی ئاوەکان دەکەن، لە ڕێگەگرەکان دەناسرێن. کەسێکی وەک سادقی هیدایەت کە پاڵی بە وشەی نیهیلیسمەوە دابوو، بە ڕێگەگرێکی گەورە دەناسرێت. ئەو کەسانەی نەوەکان و نەفەرەکان لە بەزین و پەڕین و دەرچوون نائومێد دەکەن و فێری دەرمان و تریاک و شیعر و مۆسیقایان دەکەن، ئەوانە بە ڕێگەگرەکان دەناسمەوە. ئەوانە پێیانوایە کە شیعر و تریاک و مۆسیقا سنوور بەزێنە! ئەو ڕێگەی کە وشە تێدا بە کار نەچوو، ئەوە هی ئەوە نیە کە مرۆڤ دەم و دەستی تێدا شل بێت و خۆی پێدا بکات.

ڕاستی و ناسین بە پێچەوانەی هەوا و مۆسیقا کە کەیفی بە شکانەوە لە چووندا هەیە، پێی خۆشە وەک نوور و وشە بە بێ شکانەوە لە چوون و ڕێ دا بڕوات. نوور و وشە نەفرەتیان هەیە لە شکانەوە.

من ڕێگەبەرەکان و ڕێگەگرەکان بە ئەو دەستە لە چیرۆکانەی کە گەشەی پێ دەدەن دەناسمەوە. کەسێکی وەک فردریک نیچە باسی ناوی زەردەشت دەکات. چیرۆکی زەردەشت لە کێوەکان باس دەکات و شێوەی ئەدەب و کرداری زەردەشت گەشە پێ دەدات. نیچە بەو دۆستیەی کە لەگەڵ زەدەشت هەیبوو، دەیەویست کە ڕێگەبەری بۆ ناوەکان و نەوەکان بکات. نیچە دەیەویست کە لەو ڕێگەبەریەی کە عیسای کوڕی مریەم کردبووی جیا بێتەوە و لێی دووری بگرێت.

موحەممەدی پەیامهێنەری خودا لە قورئانی پیرۆزدا باس لە زنجیرەیەک لە ناوەکان دەکات کە بە چیرۆکی سەیر و سەمەرە لە ڕێگەکانیان دەربازیان بووە. باس لە یارانی ئەشکەوت دەکات کە سەرەوەی سێسەد ساڵ لە ئەشکەوتدا دەخەون و دیسان لە ئەشکەوتەکە دەچنە دەرەوە. باس لە یوسف دەکات کە براکانی لە چاڵی ئاوی دەخەن بۆ ئەوەی کە دووری بخەنەوە. خوای گەورە لە چاڵ دەریدەهێنێت و شکۆی کۆشکێکی پێ دەبەخشێت. قورئان کتێبێکە کە خاوەن چیرۆکی

ئەوانەیە کە ڕێگەکانیان زۆر سەخت و دەربازبوون تێدا سەری نەگرتووە، ئەوە خوای گەورە بە خواستی پیرۆزی ڕێگەکان سەخت و ئاسان دەکاتەوە و دەریا بۆ موسا شەق دەکات و بە خانووی ژالَژالَۆکە، دوژمنانی موحەممەد لە چوونە ناو ئەشکەوت پەشیمان دەکات. خوای گەورە دەرگەکان و ڕێگەکان بۆ چیرۆکەکانی خۆی خاوەنداری دەکات. لە چیرۆکەکانی ئیسلامدا دەربازبوون لەهەر دەرد و گرفتێک هەیە و هیچ شتێک نیە کە مرۆڤ لە ناخۆشی بۆ هەمیشە ببەستێتەوە.

ئەوانەی کە خۆیان زۆر ئەچن یان زۆر لە گەڕان و بیرکردن ماندوو دەبن، نەوەکان ناچوێنن، بەڵکو وەک دار دەیانچێنن. نووسەری کوردی، موحەممەدی مکری لە چاوپێکەوتنێکیدا باسی منداڵەکانی خۆی کرد و وتی نامەوێت کە منداڵەکانم بەو ڕێگەی کە من چووم، بچن.

کەسێک کە سەروچاوی مەڕ بخوات، دیدە و دید و نیگای بە هێز دەبێت! پرسیار ئەوەیە کە بۆچی سەروپێی مەڕ کە هەمیشە لە لەوەڕ و لە خوارە، ئەوەندە هێز و وزەی هەیە!؟ بۆ سەروپێی بزن ئەو هێزی نیە!؟ کەوایە من پێموایە ئەو کەسانەی دەیانەوێت دید و دیدەیان بەهێز بێت، باش وایە لە ناوەکانی وەک مەڕ، وە نووسەران و بیرمەندانی وەک مەڕ کەڵک وەربگرن.

کەسێکی وەک کارڵ مارکس کە مێژوو و ئابووری و فەلسەفە دەخوێنێت و لەگەڵ تۆڕ و زنجیرەی ناوەکان ئاشنا دەبێت، دەگات بەوە کە دەڵێت مێژوو دوو چینی تێدا هەبووە، کە ئاوەها دەڵێت و دەگات بەو ڕادە، ئیتر پێی وایە کە گەیشتووە بە کۆتایی ناسین و زانست و ئەوەی کە مرۆڤ کێشەکانی لەسەریەتی. نەک تەنیا مارکس بەڵکو نیچەش یەکێک لەو ناوانەیە کە لە پێگەی ڕێگەبەر و ڕێگەگردا قسە دەکات و بۆ نەوەکان دەنووسێت، دەستەیەک لەڕستەکان دەنووسێت وەک ئەوە کە ئەو چووە بە ئەو دیوی چیرۆکەکە و لە هەموو شتی زانا و دانا بووە. مارکس و نیچە جۆرێک دەنووسن کە هەرچی بکەن و بڕۆن ئەوەیە کە ئێمە پێی گەیشتووین و ئیتر هەوڵی ئەوە مەدەن کە ئەو ڕێگەی ئێمە پێواومانە ئێوەش بە ڕەنگ و بۆن و تامێکی تر بیپێون!.

سادقی هیدایەت کە چیرۆک دەنووسێت باسی (داودی گوژپشت) دەکات. (گوژپشت) بەو کەسە دەڵێن کە پشتی شکاوە یان خوار و لار بووە و ڕێی پێ ناکرێت. باسی شەوەکانی وەرامین یان چیرۆکی سەگێکی بەرەڵا دەگێڕێتەوە کە لە پاش خوێندنی ئەو چیرۆکە هیچ هەست بەوە ناکەیت کە یارمەتی دڵ و دەروونی داوە، بەڵکو ئەوەندەی تر دەروون و ناوەوەی مرۆڤ ئەشێوێنێت و ئەیشەڵەقێنێت.

من کە باسی ئەو ناوانە و چیرۆکەکانیان دەکەم لە ڕاستیدا دەتانبەمە شوێنی برینەکانی خۆم کە هێشتا دەرد و ئازاری پێوەیە و بووەتە پەند و ئامۆژگاری بۆ ئەوانەی کە دەروونێکی شایستەیان هەیە.

کەسانێکی زۆر لە ڕێگەی ژیانی قوتابیەکان و فەقێکان دروست دەبن کە ڕێگەکانیان لێ کوێر دەکەنەوە و لەبەر ناتەوانی و نەزانی خۆیان، هیچ قسەیەکیان بۆ نەوەکان پێ نیە. مامۆستایەکم هەبوو بە ناوی ئاغای بەیگی کە مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو. ڕۆژێک هاتە پۆل

و باسی سەرلێشێواوی خۆی بۆ قوتابیەکان بە زوبانێکی پڕ لە ناڵە گێڕایەوە: من قوتابی بەشی فیزیکی بنەڕەتی بووم، لەبەر ئەوەی کە ئەمزانی فیزیکی بنەڕەتی هیچ بەها و کارایییەکی بۆ ژیانی من نابێت، وازم لەو بابەتە هێنا و بابەتی زمانی ئینگلیزیم هەڵبژارد، لەبەر ئەوەی کە ئەمزانی لەهەر شوێنێکی ئەم وڵاتە من کارم بۆ دەبێت و بێکار نامێنمەوە!.

ئاغای بەیگی لە ڕێگەی خۆیەوە باسی دەردەکانی خۆی و پەروەردە و کۆمەڵگەی ئێرانی دەکرد کە مرۆڤ تێدا بەستراو و ناتەوان و ناچار دەکرێت. کاتێک کە قسەی دەکرد، من سەیری ناوچاوانی ئاغای بەیگیم دەکرد و سرنجم لە ژێر چاوانی دەدا، ئەو مامۆستا دەستی و دەمی بۆ وانە وتنەوە نەدەچوو و نائومێدیەک لە دەروونی هاواری دکرد. من باری سەرچاوانیم لەلای خۆمدا هەڵگرت.

مامۆستای بەڕێزم ئاغای فەریبورزی لوڕستانی کە لە دەستپێکی مامۆستایەتی شاد و شادمان بوو، لە پاش چەند ساڵ سەردانیم کرد. لە بیرمە لە باشووری کوردستان گەڕابوومەوە بۆ ئەوەی کە سەردانی ماڵی باوکم بکەم. چووم بۆ دەبیرستانی موعەلیم و لەوێ ئاغای لوڕستانیم دۆزیەوە. لە بینینی من زۆر خۆشحاڵ بوو. لە ژیانی خۆی و کاری لێی پرسیارم کرد. وتی: ئەم پەروەردە و وڵاتە بە کەڵکی من نایەت، دوو ڕێگەم هەڵبژاردووە، یان دەچم بۆ ڕۆژئاوا یان دەست دەکەم بە دامەزراندنی بیزنس و کارێک.

دڵشکاوەییم لە دەم و ڕوومەتی ئەو مامۆستایە دەخوێندەوە. ئەوە ئاماژە بەوە بوو کە ئیتر بێمەیل بووە لە نێو ئەو پەروەردە بەردەوام بێت، لەبەر ئەوەی کە دڵخۆشی و ئومێدی بە داهاتووی ئەو پەروەردەیە نەمابوو.

قوتابخانەکانی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی ئێران تەواو ڕێگەگر و رێگەبڕی من بوون. دەرد و زەجرێکی زۆرم بە دەستی ئەو پەروەردەیەوە کێشا کە منی داخ لەدڵ و بریندار کرد. دەگمەن مامۆستا و کتێب و باس و بابەتێک لە ئەو پەروەردە نەزانە هەبوو کە دڵخۆشی  بە ئێمە بدات. هەر لە دیوارەکانی قوتابخانە بگرە تا بگاتە ئەو دەستە لە مامۆستایانە کە دەرمانیان دەکێشا و سەرخۆش دەهاتن بۆ وتنەوەی وانەکانیان. خوێندن لەو پەروەردە ئەوەندە سەخت و قورس بوو کە ئومێدی هیچم بەوە نەبوو کە ڕۆژێک بڕۆم بۆ زانکۆیەکی ئێران و بمەوێت کە پەرە بە خوێندن بدەم. زۆرێک لە قوتابیەکان بە دەرد و هیلاکەتی پەرەیان بە خوێندن دەدا وە زۆرێک لەوانە وازیان لە خوێندن هێنا.

لە بیرمە ڕۆژێک لە هۆڵی دانیشتنی حوجرە مامۆستا فاروق بەوێدا گوزەری کرد و بە گۆشەی چاوی سەیری کتێبی (بوف کور) سادقی هیدایەتی کرد و بە پێکەنین وتی" ئەو کتێبانە باش نیە، مەیخوێنەوە." خودی مامۆستا ڕێگەبڕ و ڕێگەگرێکی گەورە بوو، دەیەویست کە من لە ڕێگەگرێکی گەورە دوور بکاتەوە!.

حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری لەگەڵ ئەوەی کە ڕێگەبەرێک بوو، لە هەمان کاتدا ڕێگەگرێک بوو بۆ فەقێکان. زۆرێک لە فەقێکان بە ڕێگەکان و چوونەکانی مامۆستاکانی حوجرە ئاشنایەتیان پەیدا کردبوو، هەر ئەمە بووە هۆی ئەوە کە لە ڕێگە و ڕێبازەکانی تر دوور ببن. بۆ نموونە حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری ئەگەر ڕەگ و ڕیشەیەکی ڕۆحانی بوون و شێخایەتی و پیرۆزی لە نێو فەقێکان گەشە بکردایەت، دەیکوشت و دەیسووتاند. مەبەستم ئەوەیە کە ئەو بەرنامەی کە ئەوان گرتبوویانەبەر، کەسی شێخمەنش و شێخ سیفەتی تێدا گەشەی نەدەکرد. ئەو ڕێبازەی ئەوان کەسی پیرۆزی دروست نەدەکرد. کۆمەڵێک فەقێ بوون کە سەرودەستیان خەریک بە کتێبی شیمی و هندسە و باسی زانکۆکانی ئێران و بەدەستهێنانی مەدەرک و بڕوانامە بوو. حوجرەی موحەممەدی ئیقباڵی لاهوری دەیەویست کە لە داهاتوودا کەسانێکی هەبێت کە لە پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگا جێ و پێ و ڕێیان کردبێتەوە. ئەوان خواستی ئەوەیان هەبوو کە مامۆستا و موهەندیس و دکتۆر و بەرپرسێک گەشە پێ بدەن کە موسوڵمان و دیندار بێت. تەواو بە دژی ڕێبازێکە کە مرۆڤ پیرۆز و ڕۆحانی دەخولقێنێت. لەو کاتەی کە ئەم ڕێگە دینداریە گەشەی دەکرد، شێخ و ئیمام و گەورە لە کۆمەڵگا باس و ناوی نەبوو.

مامۆستا حەمید عەزیز کە لە مامۆستاکانی شارەزای بواری فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەدین بوو، بە خواستی حکومەت بانگیان کردبوو بۆ کوردستان کە وانە بڵێتەوە. ئەو مامۆستا لە یەکەم ساڵەکانی وانە وتنەوەی دەهات بە دەمیدا و بە پێکەنین سوێندی دەخوارد: بە فەخری کائینات جانتاکەم هەڵدەگرم و دەچمەوە بۆ ئاڵمانیا با ئەم چەند ساڵەی کۆتایی ژیانم لەوێ بەسەر بەرم و بمرم!.

دکتۆر حەمید گاڵتەی توندی بە بەشەکانی زانکۆی سەلاحەدین دەکرد و هیچ قسەیەکی بۆ ئەوە نەدەکرد کە قوتابیەکان ئاگاه بکاتەوە لە کەم و کوڕیەکانیان. من جاربەجار دەچووم و چارەکێک و نیوچارەک کاتی ئەوم دەگرت و لە پۆلدا قسەم دەکرد. پاش ماوەیەک وەڕەس بووم، مامۆستا حەمید بە پێکەنین سەیری منی کرد و وتی: ماندوو بووی!؟ لەگەڵ ئەو پێکەنینە هەستم کرد پێم دەڵێت: هێشتا ماوتە کە لەگەڵ مرۆڤدا تێکەویت و بزانیت ڕێبازی ناسین و قسە کردن بۆ مرۆڤەکان چەندە سەخت و ئەستەمە!؟.

زانکۆی سەلاحەدین کە من و دەستەیەکی تر لە کوردەکانی پارچەکانی کوردستانی بۆ خوێندن وەرگرتبوو، لە پاش خوێندن بەرپرسیاریەتی کەسیانی لە ئەستۆ وەرنەگرت و کارێکیان کرد کە کوردستان بە جێبهێڵین و ڕوو لە ڕۆژئاوا بکەین. کەس بۆی بەهای نەبوو کە من ڕووم لە کوێ دەکەم و چیم بەسەر دێت!؟ ئەم بێ بەها کردنە کارێکی کرد کە من و خواستی زانستی من سەری لێ بشەوێت و ئاوارەی ڕۆژئاوا بم. زانکۆی سەلاحەدین ئەوەندە ژەهر و ڕوومەتی گرژ و ناڕێکی تێدابوو، تەوانی ئەوەی هەبوو نەوەکان نائومێد و دڵشکاو بکات. ئیتر چ ڕێگەبەرێک لە نێو زانکۆی سەلاحەدین هەبێت کە من شانازی پێوە بکەم؟ چ ناوێک لەوێیە کە خاوەن چیرۆک و ڕوومەت و قسە و بابەت و هەست بێت!؟

خاڵە حەیدەر کە باشترین وەرگێڕی نیچە بوو بۆ من، لەوانە بوو کە دەیەویست ڕێگەی من بگرێت و بیبڕێتەوە. دڵ و دەروونی فشە و گاڵتەی بە من دەکرد، دەیوت کە تۆ دەتەوێت بە نووسینەکانت بە چی بکەیت و بە چی شاد بیتەوە!؟ دەیەوت: نیچەی بەراز کۆتایی هەرهەموو شتی بە من و مرۆڤەکان پیشاندا، تۆ و هەزارانی وەک تۆ گەر بخوێنن و بنووسن، مرۆڤ هەر ئەو مرۆڤەیە کە دەیبینی و هەر هەموو شتەکان بڕاوەتەوە و خۆتان هیلاک مەکەن!.

حەیدەر خۆی بە قسەکانی نیچە پووچەڵ و پووچ ببوو، دەیەویست کە لە دەروونی گێل و ستەمکاری خۆیەوە، بچێتە گیانی منەوە. بە ناوی خوای گەورە نەمهێشت قسەکان و دەروونی ئەو بچێتە دەروونی منەوە.

دەورەیەک کە لە شاری مەنچستەر تەنیا و بێکەس و بێ جواب بووم و دۆستانی من هەوڵی ئەوەیان دەدا کە لە زانکۆکان بخوێنن، من ناڕەحەت و نیگەران بووم و لۆمەی باروودۆخی خۆم دەکرد و بە خۆم دەوت کە ئەگەر زانست بە زانکۆ بێت، من ناتوانم کە بچمە زانکۆ، کەوایە من بەشێکم لە زانست پێ ناگات. ئەو باروودۆخەی خۆمم بە ڕێگەگر و ڕێگەبڕێکی گەورە دەناسی. نەخۆشی و گرتووخانە و بێپارەیی و تەنیایی و بێ مامۆستایی و بێکەسی وەک قەل و داڵی برسی دەوریان لە مندابوو. هەر هەمووی ئەوانەم بە ڕێگەگر و ڕێگەبڕی جووڵەی ناسینی خۆم دەناسیەوە. لە تەواوی چرکەساتەکانی تەنیایی و بێکەسی و دەرد و بەندبووندا دڵ و دەروونم بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارە بوو کە ئەگەر ئاوەها بێت و دەرفەت بە من نەدرێت کە بەهرەیەکم لە ناسین ببەم، ئەوە من لە بوونێکی ستەمگەر و پووچەڵ و گەندەڵ دەژیم، من نە لە قوتابخانەی فارسی شوێنم بووەوە وە نە لە حوجرە ئاسایشم پێ گەیشت وە نە لە زانکۆی هەولێر دڵم خۆش بوو وە نە لە ئینگلیس دەرفەتی ژیانم پێدرا، ئەمە بۆ ئاوەهایە خوای گەورە!؟

ئاوەها نەبوو، وە ئاوەها نیە، دەروونم بە منی دەوت کە بوون ستەم لە خواستەکانی من ناکات، دەروونم بە منی دەوت کە ئەم بڵقە دەتەقیت!.

ئێستە دەبێت خوێنەر و نەوەکان بزانن کە بۆ من ئیتر کتێبی نووسراوەی مرۆڤ بە دەستەوە ناگرم!؟ دەبێت بزانن کە مرۆڤەکان چ مەلا و چ مامۆستا، قسەکانی دەم و دەستیان، بۆی هەیە کە ڕێگەگرێکی کوشندە بێت و من لە ڕووناکی دوور بکاتەوە. مرۆڤ و وتەکانی مرۆڤ بەهای ئەوەی نیە کە من بیخوێنم و خۆمی پێوە خەریک بکەم، لەبەر ئەوەی کە هەر هەمووی ژیانی من دەستەیەک مەلا و مامۆستا بوون کە ڕێگەبڕ و ڕێگەگری هۆش و دەروونی من بوون. لەم گرتووخانەیە کە تەنیا و بێکەس ماومەتەوە، پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لەم باروودۆخە کە تێدام، وە داوا لە خوای مەزن دەکەم کە لەم دەرد و کێشەیە بە سەرکەوتوویی و پیرۆزیی دەربازم بکات. ئومێدم بە خوای دلۆڤان هەیە و دەروونم موژدەی خۆشیم پێ دەدات.

بەشکە ڕەگێکی ئەم پەنا بردنە بێکەسی و خەیاڵاتی من بێت، بەشکە ڕەگی ترس و هەڕەشەی مرۆڤ بێت، بەشکە خوا هاتە قسە لەسەر کێشە و چیرۆکی من!!.

# دەستی کردنی ڕستەکان و نەوەکان

یەکێک لە گرنگترین باسەکان کە بۆ من بەهایەکی زۆری هەبوو، چۆنیەتی دەستی کردنی ڕستەکان و نەوەکان بووە؟ ئەوەی کە چۆن ڕستەکان لە ڕێی دەستی مرۆڤەوە ئاشتی یان شەڕی پێ بکرێت؟ نموونە بۆ دەستی کردنی ڕستەکان زۆر فراوانە. شەڕەکانی موسوڵمانەکان لە بەرەتای ئیسلامەوە دەستی کردنی ڕستەکانی ئیسلام دەگەیەنێت. پەیامهێنەری خوای مەزن شارەزاترین کەسێک بوو کە ڕستەکانی بە ئازایی و خێرایی دەکردە دەست و بەر و بەهرەی لێ دەگرتەوە.

لە ساڵی دووهەزار و یەک بەملاوە لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، ڕستەکانی ئیسلام بە دەمی مەلایانەوە وەک مەلا کرێکار دەستی دەبوو و سەدان گەنجی کورد دەستیان بۆ چەک برد و بە قسەی خۆیان لە ئیسلام بەرگریان دەکرد. دەستەیەک لە گەنجەکان لە شارەکانی کرماشان بەدوای ئەو بەرنامەیە کەوتن و بوون بە سەربازی بزوتنەوە ئیسلامیەکان و ڕوویان لە عێراق و ئەفغانستان کرد. هەتاوەکو ئێستەش ئەو دەستە جیهادیانە لە کوردستان لە نێو خەڵکدا ماونەتەوە و کار و بەرنامەی خۆیان هەیە.

دوو حیزب و بزووتنەوەی کوردی بە ناوی حیزبی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە بیر و بەرنامەوەی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم ڕستەکانیان دەستی کرد و سەربازەکانیان و پێشمەرگەکانیان بۆ شەڕی ئەو ڕستانە دروست کرد. حیزبەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان، وەک کۆمەڵە و دیموکرات، بن و بنەچەقیان لە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمەوە سەریهەڵداوە، وە هەوڵی ئەوەیانداوە کە ڕستەکانی ئەو بیر و باوەڕە لە نێو خەڵکی کورد دەستی بکەنەوە.

دەستی کردن مەبەست ئەوەیە کە ڕستەکان لە ڕێگەی دەستەوە دەسەلمێت یان دەسەپێت و جێگیر دەبێت، ئیتر بە سەرباز و چەک و شۆڕش و خوێن تا دەگاتە شێوەی زۆر دوورتر لە خوێن ڕشتن وەک:

مەلا عەلی کەڵەک دەستی دەنێتە سەر سەروسینگی نەخۆشەکانی و ئایەتێکی قورئان بە نەخۆشەکانیدا دەخوێنێتەوە. ئەو دەستە تەوانی ئەوەی هەیە کە نەخۆش چاک بکاتەوە. مەلا عەلی بە هیچ شێوەیەک بە دەم باسی ئەوە ناکات کە ئەو نەخۆشیە چۆن لە ڕێگەی دەستیەوە دەچێتەوە دەرەوە، وەک عیسای کوڕی مریەم یان وەک پەیامهێنەری ئیسلام دەستی لەسەر سەروسینگی نەخۆشەکان دادەنێت و نەخۆشی دەچێتە دەرەوە.

مەلا کرێکار دەمی دەم نیە، دەمی ئەو دەستێکی کاریگەر بوو بۆ ئامادە کردنی سەربازەکان و گیانفیداکان. دەمی مەلا کرێکار کە قسە دەکات، دەستێکە کە کاری پێ دەکات و سەربازی پێ ئامادە دەکات.

عەبدوڵا ئوجەلآن تەوانی ئەوەی هەبوو کە بە دەمی هێزی پاراستنی گەل دروست بکات، هێزێک کە بە دەست و چەک شەڕ دەکەن. ئەو هێزە تەوانێکی دەستی زۆر فراوانی لە کوردستان هەیە. من پەکەکە بە دەست دەناسم.

کاتێک کە باسی دەست دەکەم، ئیتر بەها بۆ دەم نامێنێت، ئیتر بەها بۆ قسە کردن و دانیشتن و ئامۆژگاری و وت و وێژ بەهایەکی نیە. پیاوە گەورەکان هەردەم دەستەیەکی زۆر لە ئەو مرۆڤانەیان لە دەورە کە دەستی خۆیانیان کردووەتەوە. نەوەکان بۆ ناوەکان، نەوەیەکی دەستی کراوە. دیارترین وێنەیەک کە لە نێو موسوڵمانەکان هەیە ئەوەیە کە موحەممەدی پەیامهێنەری ئیسلام گەنجەکانی وەک شەڕکەر دەستی دەکردەوە و وشەی شەهادەتی لە لای ئەوان بە بەهادار پێناسە کرد و زۆر بە شارەزایی ئەدەبێکی دامەزراند کە نەوەکان گیانی خۆیان لە پێناو وشەکانی ئیسلامدا فیدا بکەن و شانازی بەوە بکەن.

لە نێو خەڵکی کورددا دۆعا هەڵواسین بە لەشەوە هەیە. ژنەکان بە سوخمەکانیان هەڵیدەواسن و منداڵەکان و گەنجەکان بە دەست و کراسەکانیان و جلەکانیانەوە دەیبەستنەوە. نووسینی دۆعا و هەڵواسینی بە لەشەوە بە عیلاجێکی بێ قسە دەناسرێتەوە. شێخ یان مەلا بە بێ ئەوەی کە قسەیەک لەگەڵ نەخۆش بکات، ڕستەیەکی بۆ دەنووسێت و دەیپێچێتەوە و دەیبەستێت بە لەشیەوە. هەڵواسینی دۆعا لە نموونەکانی دەستی کردنی ڕستەکانە. ڕوو لە ڕوو کردنی نەخۆش و ئەو کەسە مانا و بەهای نیە، لەبەر ئەوەی کە ئەو گرفت و کێشە و نەخۆشیە بە شێوەیەکی پۆشراو و نهێنی چارەسەر دەبێت. نەخۆش یان ئەو کەسەی کە دۆعای بۆ دەکرێت، لە گۆڕەپانی دەرد و گرفتی خۆی ئاگاهی نیە، نازانێت کە چەند دەستی جیاواز دەستیان لەو گرفت و نەخۆشیە هەیە کە ئەو پێوە دەناڵێنێت!؟.

گەورەکان و ناوەکان و سەرکردەکان باش یەکدی دەناسن و یەکدی ئامانجی هێرشەکانی خۆیان دەکەن. شەڕ، شەڕی ناوەکانە. سەربازەکان تام و چێژی دۆڕان و سەرکەوتن بە باشی تام ناکەن!.

هەر ناوێک و دەمێک و ئەدەبێک تەوانی ئەوەی نیە کە ڕستەکانی دەستی ببێت و سەربازەکان دروست بکات. زۆرێک لە نووسەرەکان و دانەرەکان، قسە و ڕستەکانیان بەس لە دڵ دەمێنێت و جووڵە ناکات بۆ دەستی مرۆڤ. کەسێکی وەک سادقی هیدایەت ڕستەکانی تەشەنەیان کردە دەستی و لە ڕێگەی دەستی خۆیەوە، گیانی خۆی تەواو کرد. ڕستەکان لە دەروونی هەموو کەس وەک یەک نیە. کەسانێک کە ڕستەیەکیان پێ دەڵێیت شەورۆژ خەویان لێ ناکەوێت تا ئەوەی کە ئەو ڕستە لە پێگەی خۆی جێگیر بکەن.

ڕستەکان لە دەمی کەسانی تایبەت دەستی دەکرێت و هەر کەسێک تەوانی ئەوەی نیە کە ڕستەکان دەستی بکات. سەید قوتب لە بەرەتای نووسینەکان کەسێک بوو کە لە بواری ئەدەب و چیرۆک و شیعر دەینووسی، بەڵام لە کاتی گرتووخانە توانی کتێبێک بنووسێت کە زەمینەی ئەوە دروست بکات کە ڕستەکان بکاتە سەرباز و هەست و ئاگر لە دەروونی مرۆڤ دروست بکات. دەستی کردن تەوانێکی زۆرە کە خوای گەورە دەیبەخشێت.

هەر ناوێک کە بوونی هەیە یان لە نێردراوەکانە یان دانراوەکان، ئەو ناوانەی کە کاریگەری لە مرۆڤەکان دادەنێن، بە خواست و ویستی خۆیان نیە، بەڵکو خوای مەزن لە دەستەی دانراوەکان یان نێردراوەکان دایمەزراندووە. ئەحمەدی موفتی زادە ئەزموونێکی تاڵی لە دەستی کردنی ڕستەکان هەبوو. ئەو ئەزموونە سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا و ئامۆژگاریەکانی دوایی کارێکی کرد کە نەوەکانی دوای خۆی لە دەست و سیاسەت نزیک نەبنەوە.

قسەیەکیان باو کرد کە گوایە دین پەیوەندەی بە دڵی مرۆڤ هەیە و نابێت کە لە دەست و سیاسەت نزیک بێتەوە. ئەو کەسانە دەیانەوێت کە دین لە دڵ و دەم بهێڵن و ڕستەی دڵ بە دەست نەگات و ڕێی پێ نەدرێت کە ڕستەکان بە دەست بگات. ڕستەکانی ئیسلام بۆ دەستی کردن زۆر خۆش و ئاسانە و زۆر بە ئاسان دەتوانرێت کە هەزاران سەرباز و شەڕکەر دروست بکرێت. نووسراوەی قورئان، بە سەرجەم وشەکان و ڕستەکانی تەوانی ئەوەی هەیە کە لە دەم و دەست و دڵ و چاو هێلانە بکات. ئیتر بە دەستی هیچ شیکار و خاوەن تەفسیرێک یان سیاسیەک ناتوانرێت ئەو تایبەتمەندیە بشەوێنرێ. لە ڕاستیدا قورئان ئەوەندە کەوتە دەمی مەلاکان و دەستی سەربازەکانەوە، ئەوەندە نەکەوتە دڵی مرۆڤەکانەوە!.

نابێت لەوە دوور بین کە زەوی بۆ مرۆڤ بووە پرسێکی ئاکاری و وشەی نزیک لە ئاکار، دۆستی و دوژمنیە، وە وشەی نزیک لە دۆستی و دوژمنی، وشەی دەستدان و شەڕی دەستەکانە. دەست لە زەوی بەهایەکی زۆر فراوانی هەیە. بۆ ئەوەی کە دینێک یان ڕێبازێک یان دەستەیەک بەرگری لە خۆیان بکەن، دوو کاری سەرەکی دەتوانرێت بکرێت: یەکەم ئەوەیە کە سەربازەکان دروست بکرێن و شەڕیان پێ بسپێردرێت، دووهەم ئەوەیە کە دەتوانرێت ئەو کەسانە دروست بکرێن کە سەربازەکان دروست دەکەن.

من لە ئەدەبی قورئانەوە چەند سرنجێکم داوە کە بۆ من بەهایەکی زۆری هەبووە کە بوون لە دیدی قورئانەوە بناسرێت. لە قورئان هاتووە: و للە جنود السماوات و الارض(الفتح ٧) هەروەها هاتووە: ید اللە فوق أیدیهم(الفتح ١٠) ئاماژە بە ناوی دەست و سەرباز دەکات و دەست و سەربازەکانی خوای مەزن زۆر فراوان دەزانێت. لەم دوو وشەیە ئەوە دەردەکەوێت کە زەوی بە شەڕی دەستەکان و سەربازەکان دەناسرێت.

لە ڕاستیدا من بە دوای دروست کردنی سەربازەکان نیم و خۆم لەو بابەتە دوور دەگرم و ئەوەی کە بۆ من بەهای هەیە، ئەوەیە کە نەوەیەک دروست ببن کە تەوانی ئەوەیان هەبێت کە هێزی دروست کردن و خاوەنداری ناوەکان بزانن و گەشە بەو پرسە بدەن.

زۆرێک لە ناوەکان و ئەدەبەکان لەبەر ئەوەی کە ڕستەی زیندوو و تەوانایان نیە کە کارایی و چوونی هەبێت، لە نێو خۆیان دەمێنن و یەکدی دەخۆنەوە. بۆ نموونە ئەوانەی کە دەیانەوێت وڵاتی ئێران لەو بارووڈۆخە دەرباز بکەن، تەوان و هێزی ئەوەیان نیە و یەکدی دەخۆنەوە و لە دەوری یەکدیدا دەسووڕێنەوە. سەرکردەکانی بەرەکانی دژی کۆماری ئیسلامی دانیشتن دەکەن و دەچن بۆ سەردانی یەکدی و لەوە زیاتر کارێکیان پێ ناکریت. کێشەی گەورەی ئەوانە ئەوەیە کە ئەو بەرە و ڕەوتانە خاوەن ئەدەب و ناو نین کە دەستیان بەسەر کوردستان یان ئێران زاڵ بکەن. ئەو ئەدەبەی کە ئەوان هەیانە هێزی دروست کردنی سەرباز و شەڕ و لێدانی نیە و ناتوانن کە کوردستان بە دەستی سەربازەکانیان بگرنەوە. گرفتی ئەوان ئەوەیە کە ئەدەب و ناوی ئەوەیان نیە کە سەربازەکان دروست بکەن.

ئایا ئێوە بۆقتان لە دەریا بینیوە!؟ بۆقەکان هەردەم لە دەوری گۆمەکان و چەمەکان دەبینرێن و لەو دەورە دەسووڕێنەوە. هەر ناوێک تەوانی ئەوەی هەیە کە گۆمێک یان چەمێک لە نەوەکان خاوەنداری بکات و خۆی بەسەریاندا زاڵ بکات. کەسانێک لە نێو ناوەکان خواستی بەرزیان هەیە و نایانەوێت کە هەر گێژ و سەرگەردانێک ببێتە شاگرد و بەردەستیان. کەسانێک لە نێو ناوەکان بۆ ئەوەی کە نەوەکان ڕابهێنن و ئامادەیان بکەن، لە ئەدەب و بەرنامەیەکی گرنگ و گەورە پەیڕەوی دەکەن. ئەو کەسانە هێزی چوونیان زۆرە لە دەریاکان و ئاوە گەورەکان. من دەتوانم لە وێنەی زۆرێک لە بیرمەندان و ناوداران ببینم کە وەک بۆق لە دەوری خۆیان هەڵدەقونن و خۆشیان نازانن کە بۆ کوێ دەچن!؟ من نامەوێت کە ناوی ئەوانە لە دەوری ناوی من بێت، وە هەروەها نامەوێت کە نەزان و نادان و گەمژە و گێژ خاوەنداری ئەدەبی کوردی بکات و نەوەکانی کورد بە ڕستە پووچەڵەکانی خۆیان بکەن بە سەرباز و خوێنیان بڕێژن و نابوودیان بکەن یان وەک وەرگێڕ و بەردەستی ئەوانی تر گەورەیان بکەن.

زۆرێک لە ناوەکانی کورد وەک بۆق چاویان زاقە زاقی دێت و هەر تاوێک بۆ لایەک هەڵدەقونن و هەر تاوێک دەنگێکیان لێوە دەردێت. ئەو بۆق سیفەتانە وا باشە کە واز لەوە بهێنن کە بۆ نەوەکانی کورد قسە بنووسن و نەوەکانی کورد لە دەوری خۆیان خڕ بکەن و خڕیان ببڕنەوە.

ماڵی باپیرم یەک تاقیان هەبوو و یەک قورئان. قورئانەکەیان لە نێو پەڕۆیەکی سەوز دەنیا و دەیانپێچایەوە و لەسەر تاقەکە دایاندەنیا. هەر کاتێک کە مامم قورئانەکەی بە دەستەوە دەگرت، باپیرم لە بەر قورئانەکە هەڵدەستا و لەبەر قورئانەکە دادەنیشت و خۆی پۆشراو و بێ دەنگ ڕادەگرت. قورئان لە لای باپیرم زۆر ڕێز و بەهای هەبوو، باپیرم بۆ جارێک دەستی بۆ ئەو کتێبە پیرۆزە نەبرد کە بیخوێنێتەوە. ڕۆژێک لە مانگی ڕەمەزاندا مامم قورئانەکەی بە دەستەوە گرت و هێنایە هەیوانەکە بۆ ئەوەی کە بیخوێنێتەوە. باپیرم لە ناکاوە سەری بەرز کرد و مامی لەگەڵ قورئانەکە بینی، تووڕە بوو و وتی: تۆ بۆ دەنگ ناکەیت کاتێک کە قورئانەکە دێنیتە هەیوانەکە!؟. باپیرم لە پڕا هەڵسا و لەسەر شوێنی خۆی دانیشت. باش هەستم بەوە کرد قورئان تەوانێکی زۆری هەیە کە نەوەکان و سەدان نەوە بە دوای یەکدا بکات بە سەرباز و بەشەڕیان بدات و بیانکات بە قوربانی خۆی. سەربازەکان شەرح و تەفسیریان ناوێت و هی ئەوە نین کە

قسه و باسەکانیان بۆ شل و شیکاری بکرێتەوە. سەربازەکان فرمان و ئەمریان دەوێت. فرمان و ئەمریش لە بورهان و لوقمان دووره!.

لە دەورانی حوجرەدا بەهادارترین و سەرکەوتووترین خوێندن ئەوە بوو کە فەقێیەک بتوانێت لە شاری مەکە یان مەدینە دەرسی دین بخوێنێت. ئەمە ئاوات و ئارەزووی فەقێیە. لە دەورانی زانکۆی سەلاحەدین ئاوات و ئارەزووی قوتابیەکان بوو کە لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسە یان ئۆکسفۆردی ئینگلیس زانستە کۆمەڵایەتیەکان بخوێنن. نەوەکان هەردەم بۆ کانی زایینی ناوەکان خۆیان ئامادە دەکەن. ئەمە پێی دەوترێت دەستی کردنی نەوەکان. دەستی کردنی نەوەکان بە دەمی ناوەکان. کەسێکی وەک مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە، نەوەکانی بن دەستی خۆی دەستی خۆی کرد و ئیتر کەسێک نەهات لە نێو ئەو نەوە کە لە ناوی موفتی زادە فراوانتر بێت. ناسری سوبحانی هەروەها بە دەمی خۆی نەوەکانی پاش خۆی دەستی کردەوە و کەسێک لە پاش ئەو نەهات. دەستی کردن، دەرماڵی کردن و بەرماڵی کردن دەگەیەنێت. نەوەکان لە بن دەستی کەسێک گەورە بوون، ئیتر هەر لە بن دەست و دەمی ئەو ناوە قوربانی دەبن.

بینایە یان ساخت و سازی حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری بە دم و دەزگایەکی نوێ لە پەروەردەی ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەناسرا. لەبەر ئەوەی کە ئەو بینا و بونیادە وەک حوجرەیەکی کۆن نەبوو. ساڵۆنێکی ژێر زەمینی هەبوو کە بۆ وەرزش بوو، تەبەقەی دووهەم ژوورەکانی خەو و خواردن بوو. تەبەقەی سێهەم مزگەوت و هۆڵی دانیشتن و کتێبخانە و ژوورەکانی خوێندن بوو.

دەستی کردن و دەستی بوون، پرۆژە و پرۆسەیەکی زۆر کاریگەر و لێدەرە. فەقێکان لە ئاوەها بونیادێک ئیتر هات و چۆی مزگەوتیان نەدەکرد. حوجرە بەشێکی جیا و دوور لە مزگەوت بوو. ئەوەندەی کە شوێنێکی پەروەردەی فەرمی بوو، ئەوەندە شوێنێکی پیرۆز نەبوو. لە بنەڕەتەوە ئەو هەوا و هەستەی کە لە پشت و ناوەڕۆکی هات و چۆکانی مامۆستاکانەوە دەهاتە ناو حوجرە و دەروونی فەقێکانەوە، گەشەی بە مەدەنیەتی رۆژئاوایی ئەدا تا ڕۆحانیەتی قورئانی!.

براکانی من کە لە قوتابخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران خوێندوویانە، ئیتر زۆر بۆیان سەخت و ناڕەحەتە بتوانن کە لە ئەدەبی فارسی و ئەوەی کە لە ئێران باوە خۆیان دوور بخەنەوە. براکانی من " دەستی" ئەدەبی فارس بوون، ئیتر بە تلفیزیۆن و کتێبخانەکان و فیلمەکان و نوکتەکان و سەرجەم ئەو شێوانەی کە ئێرانی جەماعەت پێی قسە دەکات و پێی پێدەکەنێت. نەوەکانی کورد دەستی ئەدەبی فارسی بوون. هەروەها فەقێکان لە ژینگەیەکدا دەژین کە دەستی دەورووبەری خۆیان دەبن و لە دەوری دەستەکاندا دەسووڕێنەوە. دەستی ئەو ناوانە دەبن کە لە دەورووبەریان باوە. مامۆستاکانی حوجرە هەردەم بۆ ئەوەی کە ناوی مامۆستایەکی شارەزا باس بکەن، باسی ناسری سوبحانی و ئەحمەدی موفتی زادەیان دەکرد. یان ئەوانەی کە لە دەوری حیزبی دیموکراتدا دەژین، ناوی عەبدولڕەحمانی قاسملوو نەک وەک نموونەیەک، بەڵکو وەک

ناوێک دەیناسن کە بۆ هەمیشە نەوەکانی کورد دەم و دەستیانی پێوە خەریک بکەن. ئەمەیە دەستی کردنی نەوەکان.

ئەو کەسانەی کە دەچن بۆ سەرگۆڕی ناوەکان و بیرەوەری بۆ خۆیان دروست دەکەن، بۆ ناچن بە شوێنی ئەو ڕێیانە کە ناوەکان توانیان قورسایی بۆ ڕستەکانی خۆیان دروست بکەن؟ چرکەیەک تەوانی ئەوەیان نیە کە وەک موحەممەد لە تاریکی ئەشکەوتێک تەنیا بمێنێنەوە، بەڵام پێیان خۆشە کە بڕۆن بۆ مەدینەیەک کە مونەوەرەیە!. من ئەو کەسانە کە بۆ شوێنی ( منور) دەگەڕێن بە دۆستی خۆم نازانم. ئەوانە نەوەیەکی دەستی و بێ تام و پووچەڵن. وەک خەرمانێک کا کە بتەوێت ئاگری پێ بکەیتەوە، ئەو خەرمانە بۆ ساتێکی کەم تین و گەرما دەبەخشێت، لەبەر ئەوەی کە زوو دەسووتێت، ناتوانێت کە شەوێکت بۆ گەرم و ڕووناک ڕابگرێت. هەروەها زۆرێک لە ناوەکان وەک چەقۆی دەمکول هەتا پێستێکت بۆ ئەکەنێت، دەبێت سەد جار لە هەسانی بدەیت. هەروەها ناوەکان وەک ئەو خەرمانە کایە و ئەو چەقۆ دەمکولە، تا نەوەیەک ئامادە دەکەن و ڕۆشن و ڕووناکیان دەکەن و دەیانگرنەوە، دەبێت کە خۆیان سەد جار لە هەسان بدەن بۆ ئەوەی کە تیژ و ئامادە بن. هەندێک چەقۆ هەیە کە ئەگەر بۆ جارێک لە هەساندرا، چەند پێستت بۆ دەکەنێت!.

ناوەکانی کورد چ ئەوانەی سیاسی و چ ئەوانەی دژی سیاسیەکانن، وە چ ئەوانەی کە باسی مۆدڕنیت دەکەن، بەوە ئاگادار دەکەم کە بەرماڵ و دەرماڵ بۆ خۆتان دروست مەکەن و نەوکانی کورد " دەستی" بەرماڵ و دەرماڵی خۆتان مەکەن.

کات و دەورەیەک کە لە شاری سەرپێڵی زەهاو بووم، هات و چۆی ماڵی دوو مامۆستام دەکرد، یەکێک مامۆستا حەبیب و ئەوەی تر ئاغای لوڕستانی بوو. بۆ ماوەیەک هات و چۆی ماڵ و کۆڵانی ئەوانم کرد و وازم هێنا. پاش ئەوەی کە چوومە شاری ڕوانسەر، هات و چۆی مامۆستا مەهدی مورادیم دەکرد. چەند شەو چووم بۆ ماڵی، ئەو چەند شەوەش وەک مورید یان قوتابی نەدەچووم، بەڵکو من باسی دینم دەکرد و ئەو باسی بێ دینی دەکرد. لە شاری هەولێر هات و چۆی ماڵی هیچ مامۆستایەکم نەدەکرد و هامشۆی یەک کەس لە ناوەکانم نەدەکرد. ئەو کاتە قوتابیەکان دکتۆر فەرهادیان میوانداری دەکرد یان دۆستی مامۆستا ڕێبوار سیوەیلیان دەکرد، بەڵام من بەس لە سەر ڕێگە یان لە زانکۆ لەگەڵ مامۆستا ڕێبوار یان مامۆستا حەمید قسەم دەکرد. لەو دەورە کە لە هەولێر بووم، سەرم نەکردە ماڵ و دڵی هیچ مامۆستایەکدا. لە ڕاستیدا من زۆر خۆم پارێزگاری دەکەم لەوەی کە دەستی یان بەرماڵی و دەرماڵی ناوێک ببم. نەوەکان و ناوەکان لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی بەرەو ئەدەبی شێخ و دەروێشی دەچن. من بڕوام بە ناوی خوای مەزن هەیە و خوای مەزن تەوانی ئەوەی هەیە کە نەوەیەک دروست بکات کە ئەدەبی بەرماڵی و دەرماڵی تێدا لاواز بێت و سەرجەم نەوەکان ببن بە شێخە پلە بەرزەکان.

گەر مرۆڤێک ویستی دەرماڵی و بەرماڵی کەس نەبێت، ناچارە کە خۆی خاوەن تەکیە و دیوەخان بێت. ئەوانەی کە توخم و تۆیان لە پشتی باوکانی خاوەن و خاوەندارەوە پاسەوانی نەکراوە، پشتیان لە پێش سینگیان ئەچەمێتەوە!.

# دنگ و میل لە دەست و کوتاندا

## دوازدە عیلم

لە ئەدەبی قورئان باسی دوو دەست دەکات کە تەوانی ئەوەی هەیە نەوەکان بگرێتەوە، یەکێک خوای مەزنە، دووهەم کتێبی قورئانە. خوای مەزن دەفەرمێت کە قورئان ڕەحمەتێکە بۆ هەموو. من دەگەڕام بزانم کە سەر و کانی ئەم ڕەحمەتە لە کوێیە!؟ بۆ ئەوەش لە نێو سوورەتەکانی قورئان دەگەڕام و خۆم پێوە خەریک دەکرد. هەرچیم دەکرد کە شتێک بدۆزمەوە، هیچم بە نسیب نەدەبوو. مامۆستاکان و مەلاکانی حوجرەی موحەممەدی ئیقباڵی لاهوری ئەو ڕێبازەیان باو کردبوو کە فەقێ دەبێت لە سەرف و نەحوەوە دەم و دەستی خەریک بکات و لە ڕێگەی ناسینی وشەکان و ئەدەبی عەرەبی بەو شایستەییە بگات بۆ ئەوەی کە قورئان بۆی بکرێتەوە. لە ڕاستیدا لە بەرەتاوە هەوڵی ئەوەمدا کە منیش وەک هەر فەقێیەک دەست بە خوێندنی دوازدە عیلم بکەم و لە ڕێگەی ئەو زانستانەوە بتوانم کە ئاشنایەتی و دۆستی لەگەڵ قورئان دروست بکەم. بەد ئیقباڵی من ئەوە بوو کە کەسێک نەبوو دەستم بگرێت و پێم بڵێت: وەڵاهی کاکە گیان ئەو سەر و چاوەی تۆ هی ئەوە نیە کە بە شوێنی دوازدە عیلم بکەوێت!. مەبەستم ئەوەیە کە ڕوومەتناس و ناوچاوناسێک نەبوو کە ڕێ لە کەڵەگاڕێگە(گاڕێگە) لێم بەدەربخات.

لە دەورانێک کە لە حوجرەدا لەبەر دەستی مامۆستاکان و مەلاکان هات و چۆم دەکرد و خەریکی دین و دیناسی بووم، کول و هیلاک ببووم. بە خۆم دەوت: ئاخر تۆ ژیر و بیرت لە کوێیە؟ تۆ سەردەمێک بۆ ناسین سەرت کردە شیرازدا و ئێستەش بۆ ناسین سەرت کردووە نێو سەرفی عەرەبیدا و خۆت هیلاک کردووە. دەروونم گوڕایگوڕ منی لەو هیلاکەتیە ئاگادار دەکردەوە. گوڕایگوڕ یانی بەر بەردەوامی.

ڕۆژێک لە بەردەستی مامۆستا فاروق وانەی فقهمان دەخوێند و مامۆستاش لەبەر سەرما و بەفری زستان خۆی پێچابووەوە، جاربەجار پاش ئەوەی کە وانەکان تەواو دەبوو، بە دەمی بە پێکەنینەوە قسەیەکی دەکرد و ئامۆژگاریەکی فەقێکانی دەکرد. قسەکانی چووەسەر چۆنیەتی تێگەیشتن لە قورئان " مامۆستا وتی: بۆ ئەوەی کە فەقێ قورئان تێبگات دەبێت کە ئەسبابی نزول شارەزا بێت، مەبەستم ئەو زەمینە و ژینگەیە کە ئەو ئایەتەی تێدا دابەزیوە." مامۆستا باسی لە گرنگی علومی قورئان کرد و بە زانستێکی بەهاداری ناوبرد.

هەستەکانم ئەوەندەی کە پەرۆشی ئەوە بوو بزانێت، ئەوەندەش منی لە هیلاکەتی ئاگادار دەکردەوە. هەستم کرد کە ئەگەر بە قسەکانی مامۆستا بێت، من ڕێگەیەکی زۆر دوور و درێژم لە پێشە و بە ئاسان بە ئەنجام ناگەم.

مامۆستاکان بە قسە و ئامۆژگاریەکانیان منیان دەجەڕاند و دەچزاندەوە. زۆر خاڵ و چاڵیان بە ئێمە دەوت کە چۆن لە زانستی دین سەرکەوتن بە دەست بهێنین. لەوانە باسی ئەوەیان دەکرد کە بۆ ناسینی ئایەتەکان دەبێت کە ڕستە و ئایەتی پێشتری ئایەتەکان و ئەوەی کە لە پاش ئایەتەکان هاتووە بە باشی لێک بدەینەوە، هەروەها دەبێت کە بە وردی و وریایی تەواوی ئەو قسە و باسانەی کە لە سەر ئەو ئایەتە هەیە لێک و پێکی بدەینەوە و بە ئەسبابی نزول و چیرۆک و پەراوێزەکان و سەرف و نەحو و وەرگێڕان و مانا، جوان جوان بیکەینەوە و ژینگەیەک بۆ دۆستی و ناسین دروست بکەین. ئەم شێوە زۆر بە لای منەوە سەخت و قورس بوو. لەگەڵ ئەو ئایەتانە یەکی نەدەگرتەوە کە کیتابی خوا موبینە: الر تلک آیات الکتاب المبین( یوسف ١) وە ئەو ئایەتە کە خوای گەورە ئاسانی دەوێت و سەختی ناوێت: یرید بکم الله الیسر و لا یرید بکم العسر(البقرة ١٨٥) وە ئەو ئایەتە کە خوای مەزن دەیەوێت کە پاکتان بکاتەوە.

سەری مرۆڤ کە خەریک بە خوێندن دەبێت، چەند وێنەیەکی لە لای مندا هەیە، یەکێک لەوانە ئەوەیە کە سەری مرۆڤ وەک خانوو و کوولانەی هەنگ لە یەک کاتدا دەیان هەنگ لە دەوری دێن و دەڕۆن، هەروەها سەری مرۆڤ لە یەک کاتدا دەیان وشە و ڕستە و وێنە لە دەوری دێن و دەڕۆن و دەوریان گرتووە، ئیتر یان کەڵەکەڵەی لە دەور دەکەن، یان دەیانەوێت کە بونیاد و بەرهەمێکی دیاری تێدا دامەزرێنن.

وێنەیەکی تر کە بۆ من بەهادارە، سەری فەقێ یان قوتابی وەک دنگ و میل[13] چەند بەرهەمێکی تێدا بکوتیت و بتەوێت کە بۆ پێداویستیەکی تر ئامادەی بکەیت و بیگریتەوە. وەک ئەو دەسک و هاوەنەی کە ژنەکان گیاکانی تێ دەکەن و دەیکوتن و دەیگرنەوە و بۆ خواردنەکان و بەرهەماکانی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن.

لەگەڵ ئەوەی کە هەستم دەکرد لە حوجرە دەوری سەرم زۆر قەرەباڵغ و هەرایە، هەورەها هەستم بەوە دەکرد کە وەک دنگ و میل سەر و دەروونم بە دەستێکەوە دەکوترێت و دەگیرێتەوە.

دوزدە عیلم بە دەستە ناوێکی وەک: صرف، نحو، بلاغە، منطق، حدیث، تفسیر، علوم الحدیث، اصول الفقە، عقیدە (کلام)، آداب مناظرە، تاریخ الاسلام، اخلاق، ریاضیات، فلکیات (نجوم) و فلسفە (حیکمەت) دەوترێت.

ژن بۆ ئەوەی کە گژ و گیاکان بگرێتەوە، کەڵک لە دنگ و میل وەردەگرێت. بە دەست و خواستی خۆی وە هەرچی کە بوێت تێکەڵی دەکات و دەیگرێتەوە. هەروەها زاناکان و داناکان ڕەوش و

[13] _ دنگ و میل، دەسک و هاوەن.

پەروەردەیەکیان دروست کرد کە بریتی بووە لە " دوازدە زانست" بۆ ئەوەی کە فەقێ بکاتە مەلا و بیگرێتەوە. بەڵام خوای گەورە بۆ ئەوەی بە هەنگوین بە هەنگ دروست بکات، وەحیی پێ دەکات. کەوایە کوتان و وەحی بۆ گرتنەوەی دوو بەرهەم، دوو شێوەی تایبەتیە بۆ ئەوەی کە بگیرێتەوە. کوتان بە دەست، وێنەیەکی زۆر ئاسان و ڕوون و دیارە، وە گرتنەوەی هەنگوین لە دەروونی هەنگ زۆر نائاسایی و ناڕوون و نادیارە. کەوایە دەبێت دوو دەستی خاوەن بۆ گەیاندن و پەروەردە دەربخەین، دەستێک کە دەستی مرۆڤیە، وە دەستێک کە دەستی خوایە و بە وەحی و شێوەی نادیار بە بەندەکانی خۆی دەگەیەنێت و دەیانگرێتەوە.

سەرف و نەحو بۆ من بەس دوو وانە نەبوو، دوو زەوی بوون کە باب و دەرگاکان زۆر لە نێویدا فراوان بوو. من دەبوو کە بابەکان و دەرگاکان شارەزا ببم و لەگەڵیان ئاشنا ببم. هەروەک ئەوەی کە خۆم بە لەشمەوە لە بابەکان و سەرفکردنەکان گوزەر بکەم. بۆ من وانە نەبوو، بەڵکو جەهەننەمێک بوو کە بە وشەکان و پیتەکان و بابەکان و ڕستەکان بە دەم و دەستی مەلاکان ڕازێندرابوویەوە. ئاشنایەتی لەگەڵ سەرف و نەحو دەروونی فەقێ وەک بزمار و تەوشێ، دەروون دەکوتێت و دەیتاشێت.

ئەو ئەزموونە وا دەکات کە ئەگەر فەقێ کتێبێک بە دەستەوە دەگرێت، ئیتر بەس کتێب نیە، بەڵکو دەرودەشتێکە کە هەر وشەیەک و ڕستەیەک، بن و پاسار و پاڵ و ژێر و سێبەر و سەختی و نەرمی و تاڵی و شیرینی تایبەتی خۆی هەیە. هەرئەمە وایکرد کە ئەگەر وشەیەک و ڕستەیەک کە لەسەر لاپەڕەیەک نووسرابێت، بە لای منەوە ئەمبەر و ئەوبەر و ناوەوەی دروست دەکرد. ئەو زانستانە فەقێ بە تەنیا لەگەڵ ڕستەکان تێدەخات و بەجێی دەهێڵێت و وای لێ دەکات کە لەو تەنیاییە هەزاران بەسەرهات لە دەروونی دروست ببێت و کەس ئاگای لەو بەسەرهاتانە نەبێت.

هەرچۆن موحەممەد بە ناوی خوای مەزن کارێکی کرد مرۆڤ لە دەوری خانووی خوا بۆ خۆی بسووڕێتەوە و بپاڕێتەوە، هەروەها ئەو قورئانە وای لە فەقێ و مەلا کرد کە بۆ خۆیان بە دەوریدا بسووڕێنەوە و بپاڕێنەوە. کتێبێک و خانوویەک چیە کە ئاوەها مرۆڤەکان سەدان ساڵە لە دەوری دەسووڕێنەوە !؟.

نەمویست بە دوزدە عیلم بگیرێمەوە. لە ڕاستیدا دوازدە عیلم پەروەردەیەک نیە کە پەیامهێنەری ئیسلام دایناببێت، بەڵکو بە ئەو ناو و زانستانەوە دیارە کە چەند سەدە دوای کۆچی پەیامهێنەری ئیسلام دامەزراوە، وە دەست و زانستی یۆنانیشی تێدا گەشەدراوە. لە ڕاستیدا خانەقانشینی و تەکیەنشینی و حوجرەنشینی نزیک لە وشە و ناوەندگەری و ئاکادمیگەری یۆنانیە، بەو مانا و مەبەستە کە یۆنان موسوڵمانەکانیان بۆ زانست لە مزگەوت جیا کرد و هەرلەگەڵ ئەمەش سەرچاوەی گرتنەوە و بەخشندەیی زانست و ناسین لە (مسجد و محراب) جیا و دوور بووەوە!.

من ئەگەر ڕۆژێک بڕۆم بۆ حەج، بۆ تەوافی کەعبە ناچم، بەڵکو تەوافی ئەشکەوتی حەرا دەکەم. لە حەرا بوو کە خوای مەزن وەحێیکی نهێنی وەک هەنگ بە موحەممەد کرد. خوای گەورە بە شێوەیەکی نادیار و ناڕوون و تایبەت موحەممەدی بە قورئان گرتەوە.

دەستەیەکی کەم لە ناوەکان پاش ئەوەی کە زانکۆ و کتێبخانە و ناوەندی زۆر ئەگەڕێن، سەرشکاو و نائومێد و تێماو و مەلول دەمێننەوە. ئەوانە ئەزانن کە گرتنەوە و بەر و دەرهاتی گەورە بەو شێوەیە کە خوا بە هەنگ و موحەممەد کردی. ئەو ناوانە کە دەست لە زانکۆکان و ناوەندەکان هەڵدەگرن، دەچن بۆ تەنیایی و مزگەوت و میحراب و دەستی پاڕانەوە، بۆ ئەوەی کە لەو ژینگە بەخشش بە دەستەکانیان بکرێت. هەرچۆن لە بەرەتای ئەم نووسینەوە باسی گەڵای داری توو و بی م کرد، ئەوەم ڕوون کرد کە گەڵای بی لەبەر ئەوەی کە گەمە بە تیشکی خۆر ئەکات، بەر و بەخششی پێناکرێت و سێبەرەکەی مەڕ و مرۆڤی ماندوو لە بنی خۆی ئەلاوێنێت. هەروەها دەستەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە پاش خوێندن و لێکۆڵینەوەی ئاکادمی ڕوو لە کەژەکان و تەنیاییەکان دەکەن، ئەوانە لە بەرەتاوە وەک داری بی گەمەیان بە تیشکی خۆر کردووە، بۆیە زۆربەی زۆریان شکاوە و تەوبەکار و لە بەند و دەرددا ژیانی زەوی بە جێدەهێڵن. هێلکە کە خۆی کردەوە، ئەوە ژیانێکی لێ دێتە دەرەوە، بەڵام گەر کەسێک بۆ کردنەوە شکاندی، ئەوە ئیتر بۆ جارێک قوربانی کراوە. هەڵە و گەمەیەکی چکۆلە، مرۆڤ بێمانا و بێ بەها دەکات.

خوێنەری و وەرگری لە پێگەی فەقێ کارێکی ئاسان و ئاسوودە نیە. نەمزانی کە قورئان چ ئایەتێکی یان سوورەتێکی بۆ من بەهای هەیە؟ ئەمبەر و ئەوبەریم لێک دەدایەوە. هەرچیم دەکرد کە سقە بە قسەیەکم بکەم نەمدەتوانی. هەستم دەکرد کە وەک میل و دەسکە دەمکوتێت و دەمگرێتەوە. بەرەتاکان کە قورئانم دەخوێندەوە، فشەم بە یەعقوبی پەیامهێنەر دەهات کە بۆچی بۆ یوسفی کوڕی گریاوە و لەبەر یوسف کوێر بووە!؟ بۆ من پرسیار و سەیر لێ هاتن بوو کە یەعقوب ئەگەر ئەیزانی یوسف دەبێتە پاشا، بۆچی بۆی گریاوە و بۆی کوێر بووا؟ بۆچی پەیامهێنەری خوا دەبێت کە کوێر ببێت!؟ پاش ماوەیەک کە قورئانم زیاتر خوێندەوە، دوو قسەی یەعقوب بۆ من گرنگ بوو، یەکێک کاتێک کە براکانی یوسف دێنەوە و دەڵێن یوسف گورگ خواردوویە وە کاتێک کە لە میسر دێنەوە و دەڵێن براکەمان دزی کردووە. یەعقوب دەڵێت: قال بل سولت لکم أنفسكم أمرا فصبر جميل عسى الله ان ياتينى بهم جميعا انه هو العليم الحكيم(يوسف ٨٣) لە هەردوو کاتدا یەعقوب یەک قسە دەکات و ئەزانێت کە ئەمە چیرۆکێکە کە بەردەوامی هەیە و خوای گەورە کۆتایی خۆش دەکات. من فشەم بە یەعقوب دەهات، بەڵام پاش ئەوەی کە ئاگاه بووم کە یەعقوب لە دوو کات یەک قسەی کردووە، زانیم کە یەعقوب زانا و ئاگاه بووە و من نەزان بووم و بە ناحەق گاڵتەم بە یەعقوب کردووە. لەگەڵ ئەوەدا هۆی گریانەکەی یەعقوب بۆ من بەهای هەبوو، بۆ زانایەک و ئاگاهێک دەبێت ئاوەها بگری!؟ هەرهەموو وایاندانیاوە کە یەعقوب بۆ یوسف گریاوە. هەستەکانی من دەیوت کە یەعقوب بۆ یوسف نەگریاوە، هەستەکانم دەیانەوەت کە یەعقوبی زانا و ئاگاه بۆ ئەوە گریاوە کە بۆ خوای گەورە خستوویە چیرۆکێکەوە کە ئاوەها دوور و درێژە و ئەوەندە دەردی تێدایە و کردوویە بە خاوەنی کۆمەڵە کوڕێک کە ناوبانگی خراپەیان دونیا دەگرێتەوە!؟.

قورئان ئاوەها سەرومێشکی منی بە خۆیەوە خەریک دەکرد و یەک بە دوای یەک بە شوێنی ئایەتەکان و ڕستەکان و وێنەکان و چیرۆکەکان دەکەوتم. من بۆ ماوەی کەمتر لە سێ ساڵ لە

حوجرە بووم، بەڵام بۆ ماوەی دە ساڵە کە سەرومێشکم بووەتە شوێنی هات و چۆی وشەکان و ڕستەکان و چیرۆکەکانی دین و لەگەڵ دەستە دەستەی ناوەکانی تر و باسەکانی تر تێکەڵ بووە.

قورئان بە ڕوونی دەریدەبڕێت کە زانست و ناسین و حیکمەتی گەورە لە لایەن خواوە بە بەندەکانی دەبەخشرێت. شێوە و کەرەستە و دەستی ئەو بەخششە دیار نیە.

ئەو شێوەی کە قورئان بۆ بەخششی زانست باسی لێوە ئەکات، منی بە خۆی گرت و زۆر پێم خۆش بوو کە بەو شێوە لە ناسین نزیک ببمەوە. کێشەکانی من هەر لە ئاوارەیی و هەژاری و نەبوونی مامۆستا تا ناتەوانی دەروونی خۆم، پاڵیان ناوە بە منەوە کە بەو ڕێ و ڕێبازە دڵ خۆش بکەم.

زۆرێک لە نووسەرەکان و قسەکەرەکان بە چەند شێوەی ئاشنا قسەکانیان بڵاو دەکەنەوە. بۆ نموونە چەند ئاهەنگی فۆلکلۆر لە مۆسیقای کوردی هەیە و زۆر لە گۆرانیبێژەکان ئەو ئاهەنگە فۆلکلۆرانە بە شێوەی دەربڕینی خۆیان هەڵدەبژێرن. هەروەها زۆرێک لە نووسەران و قسەکەرەکان کەڵک لە ڕێی فۆلکلۆر بۆ دەربڕین وەردەگرن وە کەڵک لە شێوەی فۆلکلۆر و ئاشنا بۆ دامەزراندنی ئەدەبی خۆیان وەردەگرن. ئەدەبی نووسیاری کوردی چەند شێوەیەکی دامەزراندووە کە وەک شێوەی نووسینی فۆلکلۆری ناسراوە و نووسەرەکان لە ڕێی ئەو شێوەی چوونانەوە خۆیان دەردەبڕن و دەنووسنەوە.

قورئان بە نووسراوەیەکی بەهادار دەناسم، لەبەر ئەوەی کە ئەدەبێکی تایبەتی بۆ خوێندن باو و بڵاو کردووە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە خاوەنێکی بەرز و بڵند لە پشتەوەی ئەم نووسینەوەیە. قورئانخوێن دەبێت کە لەشی پاک و خاوێن بێت و ئەو کەسەی کە دەیخوێنێت دەبێت کە دەستنوێژی هەبێت. ئەو جلانەی کە لەبەریەتی دەبێت ڕێک بێت و لەشی داپۆشیبێت، هەروەها نابێت کە بەهەرلایەک خۆی پان بکاتەوە قورئان بخوێنێت، دەبێت بە جوانی لە نێو دەستەکانی بیگرێت و بەڕێزی بزانێت، دەبێت کە بە وردی و نەرمی و یەک بە یەک ڕستەکان بخوێنێت و هەست بەوە بکات کە لەبەرانبەر کتێبێکی گەورەدایە. گرنگتر ئەوەیە کە دەبێت ئەو کتێبە بەردەوام بخوێنێتەوە.

لە هەر دەورەیەک من تەیمانێکم لە ڕستەکان و وشەکان دەچنی و بەو ڕستانەوە کارم دەکرد و بەو ڕستانەوە خۆم شل و سفت دەکردەوە. لە دەورانی زانکۆی سەلاحەدین من لە ئەدەبی قورئان دوور بووم و هەوڵی ئەوەمدەدا کە کەڵک لە ڕستە مرۆڤیەکان بۆ تەیمان و ئەدەبی خۆم وەربگرم. بۆیە لەبەرانبەر زاناکانی بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان خۆم بە دۆست و ئاشنا و قوتابی دەناسیەوە. خواستی ئەوەم هەبوو کە بە هاوکاری ئەدەبی ڕۆژئاوا، ئەدەب و تەیمانێکی دیار و جوان ببەستمەوە.

## چیخ و تەیمان

من پێشتر باسی تەیمانم کرد. تەیمان کۆمەڵێک نەیجەیە کە ناوەکەی بۆشە و پێکەوە بە بەنی خوری بەستراوە. تەیمان لە لادێیەکان لەسەر دارەڕا دروستی دەکەن و سروت و قوڕی بەسەردا دەدەن. تەیمانەکان بە دەستی دەستەیەک کەس بە کۆ دروست دەبێت، بە تایبەت منداڵەکان، لەبەر ئەوەی کە شل و سفت بوونی تەیمان زۆر گرنگ نیە. نەیجەکانی تەیمان بە بەنی خوری مەڕ و بزن دەپێچرێتەوە.

فەقێکان و قوتابیەکان ئاوەها فێرکراون کە هەر نووسەرێک و لێکۆڵەرێک کەڵک لە بیر و ڕا و بۆچوونی دەستەیەکی تر لە نووسەرەکان وەردەگرێت و ناوی ئەوان تێکەڵی ناوی خۆی دەکات. ئەو جۆرە نووسینانە وەک تەیمانێکە کە چەند کەس بۆ دروست کردنی دەستیان تێ خستبێت.

من لە دەورانی حوجرە و زانکۆ باوەڕم بەوە هەبوو کە فەقێ یان قوتابی هەر هەوڵێک بۆ ناسین دەدات، دەبێت کە ناوی ئەوانی تری تێدا تێکەڵ بکات و بە هاوکاری ئەوانی تر تەیمانی هۆشی دروست بکات و خۆی بگرێتەوە. بۆیە دەورەیەک شیعرم دەوت و دەورەیەک چیرۆکم دەنووسی و دەمەویست کە خۆم وەک ئەوانی تر لە پێگەی ئەوان دەربخەم.

لە ئەم گرتووخانەیە چیخ و ئەدەبی دروست کردنی چیخ، شوێنی تەیمانی گرتەوە. چیخ لە موی بزن و نەیجەی پتەو و ناوپڕ دروست دەبێت و بە دەستی پیری پیرەژنەکان لە تەنیایی دروست دەبێت. ئەمەیە کە چیخ و تەیمان دوو بەستنی جیاواز و پێچەوانەی یەکدین. ژیرەکان و خاوەن بیرەکان ئەزانن کە من باسی چی دەکەم.

لە گرتووخانەی وڵاتی ئینگلیس گرتنەوە بە دنگ و میل بۆ من وەک وێنەیەک بوو کە بەهایەکی زۆر فراوانی هەبوو. هۆی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە میل بە توندی لێ دەدات و دەکوتێت و دەگرێتەوە. هەروەها گرنگی دنگ و میل لەوەیە کە دەتوانرێت چەند جۆرەی جیاوازی گیا لەگەڵ یەکدی تیکەڵ بکرێن و بکوترێن و بگیرێنەوە. منیش بە ناوی خوای مەزن ئەم نووسینەم کردە دنگ و میلێک بۆ گرتنەوەی ناوەکان و وێنەکان. لە ڕاستیدا گرتنەوە بە دنگ و میل کارێکە کە ژنانەیە و لە ئەستۆی ژنەکانە کە گیاکان و بۆنەکان لەگەڵ یەکدی تێکەڵ بکەن، لەبەر ئەوەی کە ژنەکان لە کاتی جیاواز و لە پێویستیدا قسەکان و باسەکان تێکەڵ دەکەن و بۆ خواستی خۆیان بەرهەمی جیاواز دەگرنەوە.

کوتانی دنگ و میل بۆ ژن، هەروەک ڕێسانی خوری بە تەشیە. وشە بۆ ژن لە نێوان دەست و دەمی ژنە. هەروەک تەشی و دنگ و میل کە لە نێوان دەست و دەمی ژنە. بەڵام وشە بۆ پیاو لە نێوان دڵ و دەمە. ژنەکان بە هاوکاری کەرەستەکان و بە ئامراز کردنی بەرهەمەکان بۆ گەیشتن و چوون بۆ خواستەکانیان، دەست و دەم ئەجووڵێنن. کۆیلە کردن و ئامراز کردن لە بنەچەقەوە کار و نهێنیەکی ژنانەیە بۆ ژیانی باشتر و خۆشتر. بەڵام بە سەرباز کردن، کار و نهێنی پیاوانەیە. هەر لەبەر ئەمەیە کە دەست و دەمی ژن تەوان و کارایی وەک تەشی و دنگ و میلە. لەگەڵ ئەوەی کە ئامرازە، بە کوتان و ڕێسانی بەردەوامی و تێکەڵ کردن بە خواستی خۆیان تەوانی ئەوەیان هەیە کاریگەری فرە لە نەوەکان بکەن.

زۆرێک لەو کەسانەی کە لە کوردستان کێشەی دەروونی و لێشێوانی دەروونیان هەیە، ژنەکانن کە سەردانی مەلا عەلی کەڵەک دەکەن. مەلا عەلی بە دەم و دەستی، دەروونی ژنەکان دێنێتە سەر خۆی. ئەمە بەڵگەیە کە مەلاکان تەوانی ئەوەیان هەیە کە دەروونی ژنەکان خاوەنداری بکەن. بۆیە ژنەکان وەک پیاوەکان خۆشەویستیان بۆ دین نیە. لەبەر ئەوەی کە دین تەوانی ئەوەی هەیە کە تەشەنە بکاتە دەروونی ژنەکانەوە. ئەو کەسانەی کە لە بواری دیندا دەخوێنن، دەروونیان زۆر فراوان دەبێت و تەوانی ئەوەیان هەیە کە هەستەکان و هەناسەکانی ژن و پیاو بخوێننەوە. ئەمە هێزێکە لە ڕستەکانی دین بە فەقێکانی دەبەخشێت.

ئەو کەسانەی کە بۆ ماوەیەک لە حوجرەکان و ناوەندە دینیەکان خەریکی خوێندن بن، ئەوانە دەروون و هەستەکان و هەناسەکانیان زۆر فراوان و گەورە دەبێت و دەتوانن کە بەسەر زۆر لە هەستەکانی مرۆڤەکانی تر زاڵ ببن. ئەو کەسانەی کە لە ناوەندەکانی دینی و حوجرەکان دەخوێنن، دەروونیان تەوانی ئەوەی هەیە کە وەک دنگ و میل بەرهەمەکان بکوتن و بە خواستی خۆیان و بۆ خواستەکانی خۆیان بیگرنەوە.

## کودتای سیاسی و دەروونی بۆ یەکرەنگ و یەک بۆن کردن

خوێنەری ژیر ئەو پرسیارە دەکات کە من پاش ئەو هەموو ساڵە کە لەگەڵ دیندارەکان و بێ دینەکان دۆستیم کردووە، چۆن ئاوەها لەم گرتووخانەیە دین دەسڵاتی گرتە سەر هەر هەمووی دەروونی من، وە چیرۆکەکان و وێنەکان و ناوەکان و ڕستەکانی بۆ بەرژەوەندی خۆی گرتەوە و کردیە ناو دنگێک و بە دەسکەی خۆی کوتای**!؟**

ڕستەکانی دین کودتایان لە دەروونی من کردووە و دەروونی منیان لە ژێر دەستی خۆیان گرتووە. مەبەستم ئەوەیە کە ئەو خوێنەرانە دەتوانن باسی ئەوە بکەن کە ئەمە کودتایەکە کە دەستەیەک ڕستەی دینی کە وەک کۆنە فەرماندە لە دەروونی من ماونەوەتەوە، کردوویانە**!**

کودتا لە سیاسەتەوە ڕووی داوە. کەسانێک کە لە کۆشک نزیکن و دەسڵاتیان هەیە، دەتوانن کە بە خواستی خۆیان باروودۆخ لە دەست بگرن و بەسەر دەستەیەکی تر زاڵ ببن و لەناویان بەرن. کودتاکان، فەرماندەکان و سەربازەکان دەیکەن. هەروەها باروودۆخێک لە دەروونی بیرمەندان و نووسەران و نەوەکان و ناوەکان دروست دەبێت، بەو شێوە کە لە ناکاوە دەستەیەک لە ڕستەکان بەسەر دەستەیەکی تر لە ڕستەکان شۆڕش دەکەن و دەیانکوژن و بە کودتایەکی دەروونی، دەسڵاتی دەروونی ئەو کەسە لە ئەستۆی خۆیان وەردەگرن. کاتێک کە نووسەر یان بیرمەندێک لە قەیران و کارەساتێکی هزری و هەستی ئەمێنێت و تووڕە دەبێت و چارەسەری بۆ نادۆزێتەوە، بە گەڕانەوە بۆ لایەک یان بە کودتا و تێکدانی بەرەیەک، خۆی و دەروونی خۆی دادمرکێنێتەوە.

پرسیار ئەوەیە کە کودتاکان کەی ڕوو دەدەن و چ جۆرە کەسانێک بۆیان هەیە کە کودتا لە دەروونیان ڕوو بدات؟. باسی ناوی فردریک نیچە دەکەم وەک کەسێک کە دەستەیەک لە ڕستەکانی دەروونی کودتایان لەسەر ئەو دەستەکانی تر کرد و دەسڵاتی ئەو کەسەیان لە

ئەستۆی خۆیان وەرگرت. نیچە لە منداڵیەوە بڕوای بە عیسا هەبووە و دەچووە کلیسا و ناوی وەک قەشەیەک دەرکردووە. کەوایە کەسێک بووە کە ١_ ڕستەکانی زانیوە. ٢_ بڕوای بە ڕستەکان هەبووە. پاش ئەوەی کە دەستی بۆ کتێبەکانی تر دەبات و کۆیەک باس و پرس و ترس دەروونی دەگرێت، بڕوا لە دەروونی نامێنێت و دژایەتی ڕستەکان لە دەروونی دەست پێ دەکات. کاتێک کە فەلسەفە دەخوێنێت، دەستەیەک ڕستەی بەهێز لەدەروونی دەچێت و بۆ هەمیشە خاوەنداری دەروونی نیچە لە ئەستۆی خۆی وەردەگرێت و بەسەر ڕستەکانی کتێبی ئینجیل زاڵ دەبێت.

کاتێک کە کودتایەکی سیاسی دەکرێت، ترس و هەراس و لێدانی کوشندە کەسانێک دەگرێت، هەروەها کاتێک کە ڕستەکانی دژی عیسا لە دەروونی نیچە زاڵ دەبن، لێدانی کوشندە دروست دەکەن و ترس و هەراسێک لە دروونی دروست دەبێت. ئەو کەش و هەوا بۆ هەمیشە لە ئەدەبی نیچە مایەوە.

کاتێک چەند گیا کە هەرکامەیان بۆنێکی تایبەتی بە خۆی هەیە، لە دنگ دەکوترێن بۆ ئەوەی کە تێکەڵ ببن، یەکێکیان کە بۆنەکەی زاڵترە، بەسەر بۆنەکان و گیاکانی تر زاڵ ئەبێت. هەروەها نەوەکان کە دەبنە ناوە ناودارەکان، لە درێژی ژیانیان چەند ناو و بۆنی جیاواز و زۆرجار دوور و دژ لە دەروونیان تێکەڵ ئەبێت. یەکێک یان چەند لەو بۆن و ئەدەبانە بەسەر بۆنەکان و ئەدەبەکانی تر زاڵ ئەبێت. کەسانێک کە شارەزایانە بۆنەکان و ئەدەبەکان تێکەڵ بکەن، بە خواست و بۆنی خۆیان دەگەن. کەسانێکیش بۆ ئەزموون و تاقی کردنەوە، بۆنەکان و گیاکان و ئەدەبەکان تێکەڵ ئەکەن، ئەو کەسانە بۆی هەیە بە دەرهاتێکی نەخوازراو بگەن.

دەتوانم کە باسی سەید قوتب بکەم کە ڕستەکانی قورئان کودتایان دروست کرد و سەید قوتبیان خاوەنداری کرد. سەیری وێنەی سەید قوتب بکەن دەزانن کە ئەو پیاوە لە بەرەتاوە هات و چۆی دەستە کەسانێکی کردووە کە خەریکی ئەدەب و چیرۆک و شیعر بوون. لە وێنەکانی ڕیشی نیە و بۆین باخ دەبەستێت و وێنەی ئەو کەسانەی هەیە کە لەگەڵ ئەدەبی ڕۆژئاوا دۆستی هەیە. سەید قوتب کەسێک بووە کە لە بواری ئەدەبدا نووسینی هەیە و لەگەڵ زۆرێک لە ناوەکانی بێدین و ڕۆژئاوایی ئاشنایەتی هەبووە. مەبەستم ئەوەیە کە قوتب زۆرێک لە ڕستەکان کە بێ دینەکان وتوویانە، ئاگاهی لێ هەبووە و لە دەروونی هەبووە. کاتێک کە دەچێت بۆ ئەمریکا لەسەر کەشتیەکە کودتا دەست پێ دەکات و ڕستەکانی قورئان بەسەر دڵ و دەروونی زاڵ دەبێت. ئەو کودتا بارووددۆخی لە ئەدەبی ئیسلامیەکانی میسر توند و قورس کرد و زۆر بیر و بزووتنەوە لەسەر ئەو کودتا دەروونیە کە لە دەروونی قوتب ڕوویدا، دروست بوون.

پرسیار ئەوەیە کە ئایا نیچە و قوتب خۆیان بوونە هۆی ئەوە کە ئەو کودتا لە دەروونیان ڕوو بدات!؟ خواستی ئەوەم هەیە کە ڕستەکان وەک بوونی زیندوو لە دەروونی زیندووی ئەوان جیا بکەمەوە. لەبەر ئەوەی کە لە قورئان هاتووە کە خوای گەورە ئاماژەی بەوە کردووە کە وشەکان زیندوون، هەروەها هاتووە کە ئێمە پاسەوانی ڕستەکان دەکەین.

من لەوە دڵنیام کە خوای مەزن خواستی لەسەر ئەو کودتایانە هەیە کەلە دەروونی نەوەکان ڕوو دەدات. هەندێک لە پەلەوەرەکان ماسی زیندوو لە ئاو دەردەهێنن و هەندێک پەلەوەر دەبێت کە دان بپژێنیتە بەردەمیان بۆ ئەوەی کە دانە بە دانە دنوکی لێ بدەن و بیخۆن. ئنجا خوای گەورە ئاگای لەو کەسانەیە کە تەوانی ئەوەیان هەیە ماناکان وەک ماسی لە ئاو دەربهێنن. خوای گەورە خەیر و شەڕ لەوانەوە نزیک دەکات. زۆرێک لە قوتابیەکان و فەقیکان هەر وەک ئەو پەلەوەرانەن کە دەبێت بە دەست دان بکەیتە بەریان و بە دەم هاواریان بۆ بکەیت بۆ ئەوەی کە بیخۆن!.

کەسانێک لە فەقێکان کاتێک کە چیرۆکێک دەخوێنن و دەیانەوێت کە فێری ئەدەب و قسە ببن، بەس ئسکلت و ئێسکی چیرۆکەکە وەردەگرن و لەبەری دەکەن. کەسانێکی تر وردتر دەبن و باشتر لە سەرچاوەکان ورد دەبنەوە. لە چیرۆکی یوسفدا هاتووە کاتێک کە باوکی یوسف ئامۆژگاری بە کوڕەکانی دەکات کە چۆن بچنە نێو شارەوە: و قال یا بنی لا تدخلوا من باب واحد و ادخلوا من ابواب متفرقة(یوسف ٦٧) بۆ باوکی یوسف ئامۆژگاری بە دەرگا جیاوازەکان دەکات!؟ دەرهێنانی وەڵامی ئەو پرسیارە بەند و بەستە بەوەوە کە ئەو کەسە کە وەڵامی دەداتەوە چی لەبەر دەستە بۆ ئەوەی کە لە دنگ و میلەکەیدا بیکوتێت و وەڵامەکەی دەربهێنێت. هەر فەقێ یان قوتابیەک بۆ ئەوەی کە بەروبۆمی جیاواز بکوتن و بەرهەم بە خواستی خۆیان بگرنەوە، دەبێت کە دەروونیان زۆر هەست و وشە و وێنە و چیرۆکی تێدا هەبێت. ئەو ژنەی کە دەیەوێت بە دەسک و هاوەن بکوتێت، دەبێت کە گیایەکی هەبێت پێی بکوتێت. بەو ئایەتە و داواکاریەی یەعقوبی پەیامهێنەر ئەوەم بۆ دەرکەوت کە هێشتا یەعقوب کوڕە خراپەکانی خۆش ئەوێت کە ئاوەها ئامۆژگاریان ئەکات. گەر باوکێک منداڵی خۆی خۆش نەوێت، ئاوەها ئامۆژگاری منداڵی خۆی ناکات. هەروەک چیرۆکی نوح و کوڕەکەی کە داوا لە خوا دەکات دەربازی بکات، بەڵام خوای گەورە بە نوح ئەڵێت کە داوای ناحەق مەکە. من هەستم بەوە دەکرد کە یەعقوبیش وەک نوح، ئامۆژگاریەک دەکات کە ئەوەندە خوا خۆشی لەو جۆرە ئامۆژگاریانە نایەت!.

دەستەیەکی کەم لە فەقێکان و قوتابیەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە وشە و گیای بەهادار و بۆنخۆش لە دەوری خۆیان کۆ کەنەوە بۆ ئەوەی کە لە کاتی پێویست بە خواستی خۆیان بیکوتن و بیگرنەوە. ئەو دەستە لە فەقێیانە کە یارمەتی لە خەڵوەت و تەنیایی و بیر کردن و نوێژ و بێ دەنگی و فرمێسک و یادی خوا وەردەگرن، زۆر جیاوازترە لەو فەقێیانە کە سەدان کتێب و فیلم و مامۆستای لە دەوری خۆی کۆ کردووەتەوە. لێرە گرنگ ئەوەیە کە ئەو فەقێ یان قوتابیە چ جۆرەیەک لە ناوەکان و وشەکان و ڕستەکان لە دەوری خۆی بۆ گرتنەوەی خۆی کۆ دەکاتەوە و کاریان پێ دەکات؟.

لە دەورەیەک کە لە حوجرەی ئیقباڵی لاهوری بووم، ئەوەندە سەرومێشکم لێ شێواو بوو، هەندێک باس و بابەتی دوور منیان بە خۆیەوە خەریک دەکرد. مامۆستایەک نزیک بە حوجرەکەی ئێمە هات و وتی بە فەقێکان کە دەیەوێت کتێبەکانی بفرۆشێت، هەر کەس کە دەیەوێت بێت بۆ ماڵ و لێیان هەڵبژێرێت.

منیش چووم و سەیری کتێبەکانم کرد. کتێبێکم تێدا دۆزیەوە کە باسی برمودای دەکرد. کتێبێکی تر کە باسی ئەوەی دەکرد کابرایەک لە ئەمریکا سەرەوەی بیست و پێنج ژنی کوشتووە. کتێبێکی تر کە باسی مونیکا لوینسکی دەکرد، ئەو ژنەی کە پەیوەندەی نهێنی لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا هەبوو. کتێبێکی تر کە باسی ئیسرائیل و فەڵەستینی دەکرد. ئەو کتێبانەم هەڵگرت و پارەکەمدا و بردمەوە بۆ حوجرە.

مامۆستاکان جار بە جار لۆمەی منیان دەکرد کە ئەو کتێبانەی کە من دەیخوێنمەوە باش نیە. مامۆستاکان بەس دەیانەوت باش نیە، ئیتر هیچیان بۆ وتن و ئامۆژگاری کردن نەبوو. بۆ خۆمیش پرسیار بوو کە بۆ من لەو دەورە بەهام بە ناوی برمودا داوە!؟ لە ڕاستیدا من مابوومەوە کە سەر و چاوم بە چ ڕێبازێک نزیک بکەم؟ لە هەمان کاتدا ئەگەر مامۆستایەک لەو مامۆستایانە من بۆیان بەهام هەبایەت، سرنجیان دەدا و لە خۆیان ئەو پرسیارەیان دەکرد: ئەم کوڕە پێش ساڵێک بۆ دونیاناسی ئاوارەی شاران ببوو، چۆن ئێستە ئاوەها مات و کڕ و کز و بێدەنگ و وەرەس ماوەتەوە!؟ کەس تەوانی ئەوەی نەبوو کە ئاوەها پرسیارێک لە من بکات!.

وێنەی ئەو ژنە کە گیاکان لە دنگ دەکات و بە میل دەیکوتێت، وێنەیەکی ڕوونە، ئەو ژنە ئەزانێت کە چ گیایەک لەگەڵ چ گیایەک بکوتێت، بەڵام ئایا قوتابی و فەقێکان ئەزانن کە چ جۆرەیەک لە ناوەکان بکوتن و پێیانەوە خەریک ببن!؟ سادقی هیدایەت، سارتر و کافکا و یۆنگ و عومەری خەیام لەگەڵ چەند ناوێکی تر لەگەڵ یەکدی لە ئەدەبێک تێکەڵ دەکات و دەیانکوتێت و دەیانگرێتەوە. نیچە، واگنەر و سالۆمە و شوپنهاوەر و عیسا و زەردەشتی لە دەنگێک کوتاوە و گرتوویانیەتیەوە. هەر ناوێک بۆ ئەوەی کە دەربازی بێت و ئێسک بۆ خۆی بگرێتەوە، هەوڵی ئەوە دەدات کە دۆستی ناوەکان بکات و کتێبەکانیان بخوێنێتەوە و بیر و ژیری لەگەڵ بیر و ژیرەکانی تر تێکەڵ بکات و وەک تەیمانێک لە هۆشیدا بیبەستێتەوە.

دەستەیەک لە ناوکان زۆر ژیرانەتر و ئاگاهانەتر دەست و دەمی خۆیان دەپارێزن و وەک پیرەژنی زیرەک جگە لە خوری بزن نەبێت دەست بە خوری مەڕەوە نادەن و تێکەڵی چیخی خۆیانی ناکەن. ئەو کەسانەی کە ژیری ورد و تەوانایان هەیە، دەست بۆ کتێبی هەر ناوێک نابەن و دەست و دەمی خۆیان بە قسە و باسی هەر کەسێک تێکەڵ ناکەن.

لە سەرەتاوە من زۆر شتم تێکەڵ کرد بۆ ئەوەی کە بە ناسین و ڕووناکی بکەم. پەنام بە قوتابخانەی فارسی و کتێبخانەی فارسی برد، پەنام بۆ حوجرە و دوازدە عیلم برد، پەنام بۆ زانکۆ و کتێبخانەی ڕۆژئاوا برد، ئەوانە هەمووی مانای ئەوەیە کە من دەست و دەم و ڕێ و ڕێبازی زۆرم لە پەروەردەی خۆم تێکەڵ کردووە. پاش ئەو هەموو تێکەڵ کردنەوە، لە کاری ژنانە ( مەبەستم لە کاری ژنانە ئەوەیە بە دەست دەکوتن و دەم دەبەستن) خۆم دوور خستەوە. هەروەها لە هەڵبژاردنی ژنانە کە ڕەنگەکان تێکەڵ ئەکەن خۆم دوور کردەوە.

باسی دنگ و میل بۆ ئەوانە باشە کە ئەرکی دایکیان هەیە یان ئەو مامۆستایانە کە دەیانەوێت نەوەی تەوانا دروست بکەن. گەر بێت و هەر حیزب و بیر و باوەڕێک بە بەزمی خۆیان بۆ

نەوەکانی کورد دنگ و هاوەنیان بکوتن و هەرکامەیان بە ڕستە و قسەکانی خۆیان نەوەکان بگرنەوە، ئەوە پەروەردە و کاری گەیاندن و پێگەیاندن و ڕاگەیاندن بۆ ناوەکان و نەوەکان سەخت و قورس دەکەن.

لە چێشتخانە و ئاشپەزخانەی هەرماڵێک لەهەر نەتەوەیەک، گژ و گیای کوتراوی تایبەتی بەو نەتەوە و میللەتە هەتە. هەروەها لە هەر دڵ و ماڵ و نەتەوە و خەڵکێک، کۆیەک ناو و چیرۆکی ناوەکان و هەستەکان هەیە. ئەو کەسەی کە خاوەنداری دەکات و دنگ و میلی بە دەستەوەیە، بە خواستی خۆی دەکوتێت و دەگرێتەوە. مەلاکان و ژنەکان دەوری فرەیان هەیە بۆ کوتان و گرتنەوە و ڕێسانی خەڵک و نەوەکان.

لە سروشت و ئەدەبدا فرەیی بۆن و وشە هەیە. هەروەها شێوەکانی تێکەڵ کردن و گرتنەوەش فرەیی تێدایە. هەندێک لەو شێوانە تایبەت و نادیارە، وە هەندێک شێوەش ئاسان و دیار و بە دەست دەکرێت. بە گشتی لەم باسە باسی گرتنەوەی هەنگوین و پەیامهێنەری ئیسلامم کرد، باسی دوازدە عیلم بۆ گرتنەوەی فەقێکانم کرد، باسی گرتنەوەی چیخ و تەیمانم کرد، باسی دنگ و میل و گرتنەوەی گژ و گیاکانم کرد، باسی خۆم کرد کە بە کتێب و ناوە جیاوازەکان هەوڵی ئەوەمدا کە خۆم بگرمەوە. لە کۆتاییش گەیشتم بەوە کە گرتنەوەی خوای گەورە، هەرچۆن هەنگوینی بە هەنگ و موحەممەدی بە قورئان گرتەوە، باشترین و پیرۆزترین شێوەیە بۆ گەشە و گرتنەوە.

من لەوە دڵنیا و مسۆگرم کە خوای مەزن دەستی باڵای هەیە لە گرتنەوەی نەوەکان و ناوەکان. بۆیە ئەگەر نەوەکان لە بن دەست و دەمی هەر ناوێک و هەر باروودۆخێک بن، بە پەنا بردن بۆ ناوی خوای مەزن و داواکاری لە خوای مەزن دەتوانن کە ئاو بکەن بە دەرمان و بیکەن بە گیاندا.

# زەنگۆڵە و گوڵەنگ

گوڵەنگ لە بن ملی مەڕ و بزن، لە ناوی زەنگۆڵە ئاشنا و نزیکمان دەکاتەوە. گوڵەنگ ئەو تیکە گۆشت و پێستەیە کە بە شێوەیەکی سروشتی لە بن ملی هەندێک لە گێسک و بەرخەکان بە شێوەیەکی سروشتی هەر لە سەرەتای زایینیەوە دەردەکەوێت. جوانیەکە کە ئاماژە بە نیشانەیەکی دیارە.

بە هاوکاری ئەم نیشانەیە، شوانەکان لەهەر ڕان و لەوەڕێک چەند زەنگۆڵەیەک بە بنا ملی مەڕوماڵاتەکانەوە دەبەستن. زەنگۆڵە بە زۆری لە ملی مەڕەکان دەبەسترێت، لەبەر ئەوەی کە مەڕەکان بە نەرمی و بەدەم لەوەڕەوە جووڵە دەکەن. مەڕەکان دەم و سەریان بۆ ئەو شوێنە دەچێت کە لەوەڕ هەیە، قیبلە و ڕووگەیەکی تایبەتی بۆ مەڕەکان بەها و مانایەکی نیە.

دەنگی زەنگۆڵەی بنا ملی مەڕەکان خۆشی و جوانیەکی تایبەتی پێوەیە، بەڵام ئەوە بۆ دەنگ خۆشی نیە، بەڵکو ئەو دەنگە ئەو ئاژەڵانە لە کۆدا و لە چووندا هاوکاری دەکات وە بەو دەنگە سەری مەڕەکان گەرمی لەوەڕگە دەبێت و دەیانبەستێتەوە. لەهەر ڕانێک دوو یان سێ زەنگۆڵە هەیە، کە هەریەکەیان دەوری هاوکاری یەکدیان هەیە. زەنگۆڵەی ملی مەڕ، وەک تەشی دەستی ژن، ئارامش و جادوویەکی نادیاری پێوەیە.

نەوەکان وەک مەڕەکان، بە چەند زەنگۆڵەیەک کۆ دەبن و یەک دەگرن و دەناسرێن و چوونیان ڕوو دەگرێت و گەرمی سەرودەمی یەکدی دەبن و لە ناوچە و دۆڵ و گۆڕێک[14] بۆ خۆیان خەریک دەبن. لە هەر ناوچەیەک چەندەها گۆڕ و گۆڕەپان هەیە کە دەستە دەستەی نەوەکان و مەڕەکان تێدا سەرودەم و گیانیان گەرم و گەردان دەبێت.

ئەو ناوانەی کە لە دەرەوەی پێکهاتەکان و ناوەندەکان دوورن، لە ناخ و دەروونی نەوەکان نزیکن. دەبێت کە باسی سروشتی زەنگۆڵە و گوڵەنگ بکەین، بۆ ئەوەی کە زیاتر ناوەکان و نەوەکان و مۆڵەکان و گۆڕەکان و لەوەڕگەکان بناسینەوە. بۆ ئەمەش دەبێت کە ئاماژە بە ناوەکان و قسەکانی ناوەکان بکەم و وردتر لەوەی کە باسی ناوەکانم کردووە، باسیان بکەم. یەکێک لەو ڕستە و وتانەی کە نیچەی پێ قەڵس و تووڕە بووە، باسی ئاکار بووە. نیچە بە گژی ئاکاردا دەچێتەوە و خۆی بە دژی دەناسێنێت. ئنجا دەبێت کە باسی ئەو ڕستەیە بکەم کە نیچە لە جیاتی و شوێنی ئاکار دایناوە. ئەو ڕستە ئەوەیە کە باسی لە خۆشەیستی ناسین کردووە. مرۆڤ لە لای نیچە، مرۆڤی ئاکاری نیە، بەڵکو مرۆڤ، مرۆڤی ناسینخوازە. لە دەرەوە و سەرەوەی ئاکار. هەربۆ ئەمەش کتێبێکی بەو ناونیشانە هەیە.

نیچە دەیەوێت کە وەک عیسای کوڕی مریەم لەو ناوانە بێت کە زەنگۆڵە بە ملی ناوەکان دەبەستێت و نەوەکانی پێوە خەریک دەکات. نیچە نایەوێت کە وەک مەڕێک یان ناوێک بێت کە زەنگۆڵەیەکیان بە ملی کردووە بۆ ئەوەی کە نەوەکان و مەڕەکانی تر بە خۆیەوە سەرگەرم بکات. بۆ نموونە ئاڵبر کامۆ و سارتر و فۆکۆ لەو کەسانە بوون کە نیچە زەنگۆڵەی لە ملیان کردبوو و نەوەکانی فارس و فەرەنسی لە لەوەڕگەیەک خەریک کردبوو. هەڵاتنی نیچە بۆ کەژەکانی ئاڵپ بۆ ئەوە بوو کە خۆی لە گۆڕەکان و مۆڵی مەڕەکان و نەوەکان و دەستە ناوەکانی زەنگۆلە لە مل دوور بکاتەوە. گەر سرنج لەو ناوانەی بدەن کە نیچە لێیان نزیک دەبێتەوە، وەک عیسا و شوپنهاوەر و ڤاگنەر و زەردەشت، کەسانێکن کە خۆیان لە گۆڕەکان و مۆڵەکان و نەوەکان دوور دەکەنەوە و مەیلی ئەوەیان نیە کە نەوەکان بە زەنگۆڵەی ملی خۆیان سەرگەرم بکەن. لە ڕاستیدا بە خۆ دوور کردنەوە دەیانەوێت مۆڵەکان و گۆڕەکان و مەترسی ئەو مۆڵ و گۆڕانە بۆ سەر مرۆڤ ببڕنەوە.

---

[14] ــ گۆڕ لە ئەدەبی کوردی تەنیا بۆ شوێنی نێشتنی مردوو نیە، بەڵکو بە شوێنی لەوەڕی مەڕوماڵاتەکان یان گەمە و سەرگەرمی خەڵک، گۆڕ دەوترێت.

لە باسی هەشت پێ و هەزار پێ دا لە بەشی سێی نووسینەکانی گرتووخانە باسی شێوەی پەروەردەی دین و مرۆڤمان کرد، وەک دوو ئەدەبی پەروەردەیی جودا. دین ناوەکانی خۆی وەک هەشت پێ دامەزراندووە، بۆ ئەوەی کە سەرجەم نەوەکانی مرۆڤ بە چەند ناو کە زەنگۆڵە لە دەم و ملیانە، نەوەکانی ئادەم بە خۆیانەە خەریک بکەن. لە ئەدەبی ئیسلامی بەوانە دەڵێن پەیامهێنەرەکانی (اولو العزم) کە پێنج پەیامهێنەرن. خوای مەزن بەو پێنج پەیامهێنەرە، نەوەکانی مرۆڤ بۆ هەمیشە بەند و بەستی ناوی خۆی کردووەتەوە. پێنج ناو و پێنج زەنگۆڵە کە نەوەکانی مرۆڤ لە دەوری ناوی ئەوانەوە سەر و ڕوومەتیان دەسووڕێتەوە.

خوێنەر دەبێت کە خۆی وردتر و وریاتر بزانێت کە ناوەکانی کورد کێ زەنگۆڵەی لە ملیان کردووە، کە بووەتە هۆی ئەوە نەوەکانی کورد لە گۆڕێک و مۆڵێک و ئەدەبێک و کەشێکی تایبەت خاوەنداری بکرێن و بە دەنگی زەنگۆڵە و قسەکانی دەم و پێنووسیان گەرمیەک ببەخشن کە ئەو گەرمایە خەو و بێهۆشی و مەینۆشی بۆ نەوەکان فەراهەم بکەن؟.

من ناوەکان ناکەم بە مەڕێک کە زەنگۆڵە لە ملیان بێت، بەڵکو لە وێنەی زەنگۆڵە و دەوری زەنگۆڵە بۆ چوون و ڕووگە و گۆڕ وەک نموونە کەڵک وەردەگرم. خوای نەکردە بە بێ ڕێزی لە منی وەرمەگرن. هێنانی نموونە و وێنە جیاوازەکان لە نووسینەکانی من بۆ ئەوەیە کە کاری کردنەوە و کرانەوە بکات. هەر مرۆڤێک بە وێنە و نموونە و شێوە و ڕەوشێک دەکرێتەوە. هەروەها جگە لەوە کە کاری کردنەوەی کەسانێک دەکات، باشتر دەتوانێت کە مەبەست و مانا و ئاسۆ بکاتەوە. هەروەها ئەوەش ڕوون بێت کە خوێنەری وریا و ژیر تامی نموونە و وێنە جیاوازەکان ئەکات!.

خوای مەزن ئەو کەسانەی کە خۆش بوێت، لە پێگەی خۆی نزیکیان دەکاتەوە و بڵند و یەکتا و بێ هاوتایان دەکات، وەک ناوەکانی یوسف و موسا و عیسای کوڕی مریەم و موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا. ئەو ناوانە خاوەن گۆڕەکان و مۆڵەکان و نەوەکان و مەڕەکان و زەنگۆڵەکان بوون، بە خواستی خوا، نەوەکان لە دەوری ناوی ئەوان دەسووڕانەوە. موسا کە بەس کەسێک بوو، بەنی ئیسرائیلی بە دوای خۆی برد و خاوەنداریانی کرد. موسا کەسێک بوو کە زەنگۆڵەی لە ملی بەنی ئیسرائیل کرد و هەتاوەکو ئێستە دەنگی ئەو زەنگۆڵەیە هەر بەردەوامە!.

دەبێت ئەوە باس بکەین کە ناوەکان هەرهەموویان بە ناوی خوای مەزن، دەستکردن. خوای مەزن لە قورئانی پیرۆز ئاماژە بە موسا دەکات کە: و اصطنعتک لنفسی(طه ٤١) خوای مەزن موسای بۆ خۆی دروست کرد. دروست کردن و بە دەستی خۆ بە تایبەتی دروست کردن، ئەوە دەگەیەنێت کە ناوەکان لەهەر حاڵەتێک دەستکردن و بۆ خواستی ئەو ناوە کار دەکەن کە دروستیانی کردووە. لێرەیە کە دەبێت ئاماژە بەوە بکەم کە لە دونیای هاوچەرخدا دەسڵاتە سیاسیەکان و خاوەندارەکان، نەوەکان بۆ خۆیان بە دەستی خۆیان دروست دەکەن و دەبنە نەوەیەکی پیشەسازی و دەستکرد. دەسڵاتدارەکان و سیاسیەکان و خاوەندارەکان بە خواستی خۆیان نەوەکان دەکەن بە ناوەکان و زەنگۆڵە لە ملیان دەکەن و لە گۆشەیەک و لە گۆڕێکی تایبەتی دایاندەمەزرێنن.

سیاسی کردنی نەوەکان و ناوەکان و زەنگۆڵەکان، سیاسی کردنی گۆڕەکان و مۆڵەکان دروست دەکات. گۆڕەکان (کە مەبەستم ئەو ژینگەیە کە نەوەکان و ناوەکان و زەنگۆڵە و خاوەن، لەسەری دەژین و سەر و دەم و دەستیان تێدا گەرمە) بە دەست و خواستی خاوەندارەکان دروست دەبێت و کەسانی کەم هەست بەوە دەکەن کە لە ژینگەیەکی دەستکردی مرۆڤیدا سەر و دەم و دەستیان گەرمە. دکتۆر حەمید عەزیز لە پۆلدا ئەوەی وت کە قسەیەک دەکەم کە لە کوردستان باس نەکراوە: زانستی کۆمەڵناسی یەهوودەکان دروستیان کرد!.

مەبەستی دکتۆر ئەوە بوو کە یەهوود ئەوەندە ژیر و بە فێڵ و وریا بوون، زانستێکیان دروست کرد بۆ ئەوەی کە وەک گۆڕێک بێت کە نەوەکان و ناوەکان و زەنگۆڵەکان و ژینگە بەیەکەوە خەریک بن، بە بێ ئەوەی کە کەس هەست بەوە بکات کە ئەو گۆڕە دەستکردی مرۆڤە و لە مۆڵ کۆتایی پێدێت. زۆرکەس لە زاناکانی موسوڵمانەکان وەک شەریعەتی و قەرزاوی و گەورەکانی موسوڵمانەکان دانیان بەوەدا نیا کە زانستی کۆمەڵناسی زانستێکی زۆر زۆر گەورە و گرانە!. ترپیش لە هاتن و بەربوونی بە خاوەنی ناڵێت کە دەنگی هەیە یان نە، چ بگات بە زانستی کۆمەڵناسی کە عەرەب و فارس بیانەوێت، بە زانستی سەردەم و پیرۆز بیناسن و دەنگی بۆ دروست بکەن!.

یەهوود و ئینگلیز و ئاڵمانەکان تەوانی ئەوەیان هەیە بە بێ ئەوەی کە نەوەکان و ناوەکانی تر بزانن، گۆڕێک و مۆڵێک و ژینگەیەک دروست بکەن. کورد و ناوەکانی کورد و نووسەرەکانی کورد هەریەکەیان کە گۆڕ و مۆڵ و داوێن و ژینگە و باوەشی ئەوانی تر زەنگۆڵە لە ملیان کراوە. ناوەکانی کورد بۆ ئەوانی تر دەنگیان لێوە دەردێت، بۆیە من سقە بەوە ناکەم کە لە دەوری دەنگی ناوەکانی کوردی کۆ ببم و ڕوو لەو شوێنە بکەم کە ئەوان ڕوویان تێکردووە.

خاوەندارە ڕەسەنەکان کە خوای مەزن لە ناوەکانی دانراوەکان یان نێردراوەکان دایانیمەزراندووە، تەوانی ئەوەیان هەیە کە کۆیەکی زۆر لە ناوەکان و نەوەکان و گۆڕەکان لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە یان دروستیان بکەن. ئەو ناوانەی کە دەنگی زەنگۆڵەکانیان بەرز و کۆکەر بووە، خۆیان یاخی و لە دەرەوەی بونیادە دەستکردەکان و سیاسیەکان زایراون.

باسی خۆم و دەروونی ئاژەگێڕ و نائارامی خۆم دەکەم بۆ ئەوەی کە باسی وزە و پوتانسیلی دەروونی ناوەکان بکەم. من دەروونم ئەوەندە پوتانسیل و وزەی تێدایە کە دەتوانم لە هەر بەرە و گۆڕ و شەڕێک دەور و دەستی تایبەتی بگێڕم و بە خواستی خۆم یارمەتی هەرکەسێک کە دەمەوێت بیدەم. ڕوونتر، دەروونی من هێزی لێدەری و پێدەری هەیە، هێزی گێژ کردن یان ژیر کردن، ڕووخان یان بونیادنیان، سروشتی من جۆرێکە کە بە ناوی خوای مەزن بە یارمەتی بەرەیەک دەچێت.

خاوەندارانی وەک خوای مەزن و شەیتان، لەسەر دەروونی من زۆر پەیکاریان کردووە و بەردەوام هەستم بەوە کردووە کە ناوەکان و خاوەنەکان لەسەر من شەڕیانە. پرسیارم لە خۆم دەکرد کە دەروونی من چی تێدایە کە ئاوەها لەسەر من شەڕ و مەرافەیە!!؟ خوای مەزن ئاگاە و زانایە.

ئنجا گویێ لە من بگرن، لە دەورەیەک کە هەستم بەوە کرد کە لە سەر من شەڕ و مەرافەیە، دەروونی من بۆ زۆر کردە و چوون چووە کە هەرهەمووی ئاکاری بووە. شەیتان زۆر منی هان داوە کە بێ ئاکار بم و هەردەم لەش و هۆشم کوفرانی خوا بکات، ئیتر بە نووسینی دژی خوا و دین تا بگات بە جگەرە و دەرمان و مەشروب و ژن و بەرەڵایی و هەرچی کە شەیتان پێی خۆشە کە مرۆڤ تێدا بێت. هەستم بەوە دەکرد کە زۆرێک لە کار و کردەکانی من لە دەست و دەسڵاتی خۆم نیە، ئەوەنە گوشار بە دەروونی من دەهات، هەستم دەکرد خوێن و دەروونم کەسی تر خاوەنداری دەکات.

یەکێک لە تایبەتمەندیاکانی من ئەوەیە کە کاڵەکی نەگەیو بە ڕەنگی دەناسمەوە و کاڵەکی شیرین بە ڕەنگی ناناسمەوە، بەڵکو بە بۆنی دەیناسمەوە.

کەسانێکی وەک سادقی هیدایەت و فردریک نیچە و سەید قوتب و ناسر سوبحانی لەوانە بوون کە وزە و پوتانسیلێکی تایبەتیان تێدا هەبووە. خوای مەزن دووانی لەوانە بۆ خۆی هەڵبژارد و دووانیشی بەخشی بە شەیتان.

خاوندارانی وەک خوای مەزن و شەیتان کە لە دەروونی مرۆڤ نزیکن و ئاگاهیان لە وردە کاریەکانی دەروونی مرۆڤ هەیە، دەست لە دەروونی ناوەکان و نەوەکان بەردەدەن و بە خواستی خۆیان وشە و هەست و هزریان پێ دەبەخشن یان لێیانەوە دووری دەکەنەوە.

فردریک نیچە زمانناس و فەرهەنگناس بوو، هۆی ئەوە کە چوو بۆ خوێندنی فەرهەنگی یۆنانی دەگەڕێتەوە بۆ ئینجیل و ناسینی ئەو ڕێگە کە ئینجیل بە ئەو گەیشتبوو، کار کردن لەسەر ڕێگەیەک کە وشە و ڕستەکانی ئینجیل تێدا بەردەام بووە. سەید قوتب زماناناسێک بوو کە هەوڵی ناسینی زمانی عەرەبی و عیبریداوە. کاری خوێندنی ئەو دوو ناوە لە تەنیایی بووە. دەروونیان ئەوەندە پاڵنەر و هەستی ناسین و ئاگاهی تێدا هەبووە، کارێکی کردووە کە لە تەنیایی و لە نەخۆشی و ئاوارەیی و بەنددا دەست لە نیگەرانیەکانیان بەر نەدەن و بەردەوام بن.

ئەو دوو ڕێگە لە ئەو دوو ناوە تێدا و پێدا چوون، من پێدا ناچم بۆ ئەوەی کە بزانم و بناسم. چۆنیەتی چوون و کار کردنی ناوەکانی وەک نیچە و سەید قوتب لەگەڵ ناوەکانی تر و وشەکان و وێنەکان بە ڕێگەیەکی دەیزانم کە ئەوان بۆ خۆیان تایبەتی پێدا چوون و بە دەرهات و بەرهاتێک گەیشتن کە منی ئاگادار کردەوە کە پێ لەسەر ڕێگەی ناسینی ئەوان نەنێم.

گۆڕ و گۆڕەپانی ناوە زەنگۆڵەدارەکان کە نەوەکان و ناوەکانی دەوری خۆیان خەریک دەکەن، زۆر پایەدار و دوور و درێژە، بە جۆرێک کە کەم کەس دەتوانێت ئاوەها ڕێگەیەک دروست بکات. زۆرێک لە نەوەکان و ناوەکانی تر لەبەر ئەو سەختی و دژواریە، خۆیان دەخەنە نێو ئەو گۆڕ و گۆڕەپانەوە و بە هاوکاری ئەو گۆڕە بۆ ناسین بەردەوام دەبن. بۆ نموونە زۆرێک لە قوتابیان و مامۆستاکانی کورد و فارس کەوتنە شوێن کتێب و هزر و هەستەکانی فۆکۆ و سارتر و کامۆ، لە کاتێک کە ئەوان خۆیان لە کەسانی وەک نیچە وەریانگرتبوو. لێرە مەبەستم ئەوەیە کە

نەوەکانی کورد و فارس لەبەر ئەوەی کە لە دەروونەوە ناتەوانن، خۆیان دەخەنە ناو کۆڕ و گۆڕ و مۆڵ و بلۆقی ناوەکانی فەرەنسە و ئالْمانەوە!

ناوەکان کە دەستکرد و پیشە سازی نەبوون، وە لە دەرەوەی دەستی سیاسیەکان، ئێسکیان گرت و بە شێوەیەکی تاکەکەسی و سروشتی بە خەم و پەرۆشی دەروونی خۆیان خەریک بە وشەکان و ناوەکان بوون، ئەوە بە دەستێکی لێدەر یان پێدەر دەچنە نێو نەوەکان و شارەکان و خەڵکەوە و ناوەندەکان و پێکهاتەکان دەخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە. وەک پەیکەرتاشێک کە ماوەیەکی زۆر پەیکەرێک لە تەنیایی و بەبێ ئەوەی کەس بزانێت دەیتاشێت، پاش ئەوەی کە پەیکەرەکەی تاشی و ئامادەی کرد، دەیباتە نێو خەڵکەوە و لە گۆڕەپانێکی تایبەتی شار و لە نێو خەڵک دایدەمەزرێنێت، وە بۆ هەمیشە لە بەرچاوی ڕەوەندەکان دیارە.

بۆیە هەردەم ئەو ناوانە بەرز و ماندەگار دەبن کە لە تەنیایی و بە دەستی پەیکەرتاشێکی تایبەت دروست دەبن و لە ناکاوە دەکەونە نێو خەڵک و نەوەکانەوە. ئەوانە دەبنە خاوەندارەکانی ناوەندەکان و نەوەکان و ناوەکان و بۆ چەندەها نەوە، کاریگەری توند و تۆخ بە جێدەهێڵن.

گەر بێت و سرنج لە ناوەکانی کورد بدەین، دەبینین کە ئەوانە خۆیان زەنگۆڵە و گوڵەنگی ئەوانی تریان لە مل و دەست و زوبان گرتووە. ئەوانە وەرگێڕەکان و پێگێڕەکان بۆ نەوەکانی کورد بوون. بۆیە ئەوانە تەوانی ئەوەیان نیە کە ناوەکان لە دەوری خۆیان بەرز بکەنەوە. سەیری ناوەکانی وەک ناسری سوبحانی و ئەحمەدی موفتی زادە و عەبدولڕەحمانی قاسملوو و عەبدوڵا ئوجەلان بکەن، دەزانن کە ئەوانە زەنگۆڵەی ئەدەبەکان و ناوەکانی تریان بە مل و دەم و دەستەوە بووە، بۆیە ئێستە نەوەکانی کورد، ئاوەها لە هەر پارچەیەکی کوردستان بە ناوی یەکێک لەو ناوانەوە خەریک دەبن و ناویان لێ ناکەوێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا هەردەم وەک نەوە لەبەردەستی ئەو ناوانە دەمێننەوە. ناوەکانی کوردی، کۆمپانیاکانی وەرگێڕان و پێگێڕانیان بۆ نەوەکانی کورد دروست کرد. کەسێک کە لەو کۆمپانیا پاڵ دەداتەوە و کاری وەرگێڕان دەکات، دەروونی زۆر جیاوازە لەو کەسە کە وەک ئاوارە و ڕەوەندە و کۆچەرێک لە تەنیایی و گۆشەگیری خۆیدا، خۆی بە دەستی پەیکەرتاش و خاوەندارێکی گەورەوە داوە و چۆکی داوە و هەستەکانی دەکوڵێت و لە بیر و ژیردایە. ئەو ناوانەی کە ئەم سەردەمە لە ناوەکانی کورد دروست دەبن، دەستەیەک ناون کە دەستکرد و پیشەسازیکراو و دەستی و سیاسی و گوێڕایەڵ و وەرگێڕ و پێگێڕن کە دەرهاتوو لە ئەو مۆڵ و گۆڕ و گۆڕەپانەن کە ناوەکانی کوردی سیاسی بۆ نەوەکانی کورد خولقاندیان.

لەم باسە ئاگادارتان دەکەمەوە لەو دەستانە و خاوەندارانەی کە زەنگۆڵەکان بۆ ملەکان و نەوەکان و ناوەکان ئامادە دەکەن و بە خواستی خۆیان گۆڕ و گۆڕەپان بۆ وشەکان و نەوەکان دروست دەکەن، بە بێ ئەوەی کە لە نەوەکان و ناوەکان ئاگایان لە مەحموی بێزەوا بێت!

لە ناوچەی ڕێژاوی سەربە شاری دالآهۆ لە کرماشان، لە وەرزی گەیشتنی گوێز، خاوەن دار و باخەکان، کۆیەک لە خێزانە هەژارەکانیان وەک کرێکار دەهاورد بۆ ئەوەی کە توێکڵی گوێزیان پێ پاک بکەنەوە. ئەوانەی کە توێکڵی گوێزیان پاک دەکردەوە، بە دەستیانەوە دیار بوو کە لەوانەن توێکڵ بۆ خاوەن گوێزەکان پاک دەکەنەوە. خۆیان هەستیان بەوە نەدەکرد کە ئەو ڕەنگە لە دەستیان نیشانەی بندەستی و هەژاریە. ئەوەش باشە بۆ زانین کە ئەوانەی کتێب بە دەستی نەوەکان دەبەخشن و دەست و دەمیان ڕەنگ دەکەن، خۆیان دەستیان بە کتێب نیە، وە دەست و دەمیان ڕەنگ نابێت. ئەوانەی کە زەنگۆڵەکان بۆ دەستە دەستەی ناوەکان و نەوەکان ئامادە دەکەن و پێیانەوە دەیبەستن، خۆیان ئازاد و ڕەها، خاوەنداری دەکەن. ئەوانە بەس زەنگۆڵە دەبەستن و خاوەنداری مۆڵەکان و گۆڕەکان و ئەدەبەکان دەکەن.

ئەوەتان وەبیر دەهێنمەوە کە گوڵەنگی سروشتی لە ملی مەڕەکان، ئاماژە بەوەیە کە ئەو ملە بۆ زەنگۆڵە کراوە، هەروەها زۆرێک لە ملەکانی نەوەکان و ناوەکان، خوای مەزن گوڵەنگێکی سروشتی لە ملیان ڕوواندووە کە ئاماژە بەوەیە ئەو ملە بۆ ئەوەیە کە بە دەستێک و زەنگۆڵەیەک ببەسترێت، لە کاتێک کە خۆیان نائاگاهن لەو نیشانە و گوڵەنگە. کەسانێک لە نووسەرەکان و بیرمەندان و خاوەن بەرهەمەکان، بە بەر و بەرهەمیان، پێیانوایە کە لە کەسانی خالق و داهێنەرن، بەڵام لە دید و چاوی منەوە، بەر و بەرهەمی زۆرێک لە ناوەکان، وەک زەنگۆڵەی بن ملی مەڕێک، کاریگەری ئەو بەرهەمانەش ئەوەیە کە نەوەکان لە گۆڕ و مۆڵێکی ئەدەبی و فەرهەنگی دەبەستێتەوە.

بۆچی موحەممەدی پەیامهێنەر فرمانی دەرنەکرد وتە پیرۆزەکانی بنووسرێت**!؟** بۆ نیچە لەوە دڵگران و دڵنیگەران بوو کە بۆ نەوەکانی مرۆڤ کتێب یان پەیام بنووسێت**!؟** لەبەر ئەوەی کە موحەممەد و نیچە ئەیانزانی مرۆڤ دەبێت لە ناوەوە بۆ خۆی بکرێتەوە. ئەیانزانی کە ئەگەر کەسێک بە دەستێک کرایەوە، بەو دەستە دەستی ئەبێت، بەو دەست و ڕوومەتە ئەبەسترێتەوە. موحەممەد و نیچە نەیانویست کە زەنگۆڵە لە ملی نەوەکان و ناوەکان بکەن، نەیانویست کە ئەدەبی گۆڕ و مۆڵ گەشە بکات. بەڵام بە پێچەوانەوە، نەوەکان و ناوەکان ئەدەبی یەکتایی و بێ هاوتاییان گەشە پێنەدا، بەڵکو ئەدەبی پەچە و گۆڕ و مۆڵیان بەربڵاو کرد.

# هەڕگەی گەنم و جۆ

کابرایەک کوڕێکی هەبوو و دەیویست کە بە شێوەیەکی شایستە پەروەردەی بکات. دەستی کوڕەکەی گرت و بردی بۆ لای کابرایەک کە شارەزایی لە گەورەکردنی دار و بەخێو کردنی باخەکان هەبوو. بە کابرای شارەزا وتی: ئەم کوڕە دەدەم بە دەستەوە و بۆمی گەورە بکە**!؟**[15]

[15] باسی ئەو کابرا و کوڕەکەی لە هزر و خەیاڵ دروست بووە.

کابرای باخەوان لە مەبەستی باوکەکە نەگەیشت کە کوڕەکەی گەورە بکات یان فێری باخەوانی و پەروەردە کردنی دارەکانی بکات!؟

کابرا کوڕەکەی بەجێهێشت و چوو. کابرای باخەوان سەیری کوڕەکەی کرد و وتی: بڕۆ بێڵێک بێنە و لێرە چاڵێک بکەنە.

کوڕەکە چوو بێڵێکی هێنا و خەریکی چاڵ کەندن بوو. پاش ئەوەی کە باخەوان سەیری کرد، وتی ئیتر بەسە و دەستت ڕابگرە. وتی بە کوڕەکە: پێڵاوەکەت دەربێنە و بڕۆ نێو چاڵەکە!

کوڕ سەیری لێهات، پێڵاوەکەی دەرهێنا و چووە نێو چاڵەکە. چاڵەکە تا ئەژنۆی لە خۆی گرت و کوڕەکە سەرسام بوو لەو کارەی باخەوانەکە. باخەوان بە بێڵەکە خاک و خۆڵە کەنراوەکەی چاڵەکەی بەردایەوە نێو چاڵەکە. وردە وردە پێ و ئەژنۆی کوڕەکە لە چاڵەکە داپۆشرا.

کوڕەکە سەبری گرت و پرسیاری نەکرد، بەڵام ترس لە ڕوومەتی دیار بووو. کوڕ تاقەتی نەهێنا: ئەوە چی بە من دەکەیت!؟

باخەوان قسەی نەکرد و دارێکی وشکی هێنا و بە کوڕەکەی بەستەوە و لەبەر خۆیەوە وتی: ئەم دارەت پێوە دەبەستم بۆ ئەوەی کە ڕاست گەورە بیت و نەچەمێتەوە!

دارەکەی بە بەن و پەت بە جوانی بە کوڕەکە بەستەوە و کوڕەکە وردە وردە هەستەکانی پڕ بوو و گریان نێو چاوانی گرت. باخەوان لەوە دڕتر بوو کە بەها بە گریانی کوڕەکە بدات. ئاوی هێنا و کردیە دەورووبەری دوو لاقی کوڕەکە، وەک ئەوەی کە ئاوی دارێک دەدات.

باخەوان وازی لێ هێنا و چوو خزمەتی دارەکانی تر بکات. کوڕەکەش لە ترس و گریان هەر سەری گڕ دەدا و هاواری دەکرد کە بیکاتەوە و دەریبهێنێت.

شەو هات و کابرای باخەوان چوو و سەیری کوڕەکەی کرد و خاکی دەوری لاقی کوڕەکەی دەرهێنا و دارەکە و بەنەکانی کردەوە و دەستی کوڕەکەی گرت و لە چاڵ دەریهێنا و وتی: من نەوەی باوکانی ژیر فێر دەکەم، بڕۆوە بۆ ماڵی باوکت دەی!

کوڕەکە چووە بۆ ماڵی باوکی و چیرۆکەکەی بۆ باوکی باس کرد و باوکی وتی: خەم مەخۆ سبەی دەتبەم بۆ لای کەسێکی تر.

ڕۆژ بووەوە و کوڕەکە و باوکی قاوەرتی بەیانیان کرد و بەڕێکەوتن بۆ لای کابرایەک کە مەلەوانی فێری خەڵک دەکرد. بە کابرای مەلەوان وتی: ئەم کوڕەم دەدەم بە دەستەوە!

کابرای مەلەوان وتی: باشە من فێری مەلێی دەکەم، بەڵام پێم بڵێ کە ڕازیت بەوە ئەم کوڕەت لەم گۆمە فێری مەلێ بکەم!؟

باوکی کوڕەکە وتی: ئاو هەر ئاوە، ئیتر لە هەر ئاوێک کە فێر بێت، ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە فێری مەلێ ببێت.

کابرای مەلەفێرکەر زانی کە باوکی کوڕەکە نازانێت کە مەبەستی لەو پرسیار کردنە چی بووە، ڕووی لە کوڕەکە کرد و وتی: دەتەوێت کە فێری مەلێی ئاو بیت یان ئاوی مەلێ**!؟**

کوڕەکە وتی: دەمەوێت کە فێری مەلێ بم وەک ئەو خەڵکە کە فێریان دەکەیت.

کابرای مەلێ فێرکەر هەستی کرد کە باوک و کوڕەکەی لە پرس و مەبەستی تێناگەن. وتی: ئاوی یەکەم کە فێربەر تێ دەچێت، زۆر دەوری هەیە لە دەروونی ئەو فێربەرە. کەسانێک بەس ئاوی مەلێیان دەوێت و کەسانێک مەلێ لە ئاویان دەوێت، ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت مەلێ لە ئاو فێر بن، خۆیان بۆ هەر ئاوێک ئامادە دەکەن.

## نموونەدەرمانی

نموونەدەرمانی وشەیەکی ئاشنایە، وەک مۆسیقا دەرمانی و شیمی دەرمانی و قسە دەرمانی کە لە زانستە مرۆڤیەکان بە تایبەت لە زانستی پزیشکی کەڵکی لێ وەردەگیردرێت.

بە کاربردنی دەرمان لەگەڵ نموونەدا ئاماژە بەوەیە کە لە ڕێگەی نموونەکانەوە دەرد و کێشە چارەسەر بکرێت. سەرچاوەی باس کردنی ئەم بابەتە لە نووسینی من دەگەڕێتەوە بۆ نووسینەکانی گرتووخانە کە ئاماژەم بەوە کردووە کە وشەکان و نموونەکان تەوانی ئەوەیان هەیە کە یارمەتیەکی فرە و فراوانی لەش و هۆشی مرۆڤ بدەن و خاوەنداری مرۆڤ بکەن. بەردەوام بوون لەگەڵ وشەکان و ناوەکان بە نموونەوە بە تایبەت لە ڕێگەی پێنووس زەمینەی کرانەوە بۆ مرۆڤ خۆش دەکات.

مرۆڤ وشەکان بە دەم و دەستی خۆی بە کار دەبات یان بە دەم و دەستی مرۆڤەکانی تر بۆی بە کار دەچن. بۆ نموونە خوتبەی نوێژی ڕۆژی جومعە و گوێگری خەڵک، بەهای لەوەیە کە بەردەوام و پەیتا پەیتا دەستەیەک لە وشەکان و ناوەکان و چیرۆکەکان و شێوەی باس کردن و قسە کردن بۆ خەڵک دەکاتەوە و دەبێتە قەڵا و دیوارێک کە خەڵک لە خۆیدا دەگرێت و دەبەستێتەوە و دادەپۆشێت.

من نەمهێشت کە قسە و لێکدان و هزر و هەستی هەر کەسێک بە گوێی مندا بچێت، وە کتێب و دەستنووسی هەر شیکەر و نووسەرێکم نەخوێندووەتەوە. لە بیرمە ڕۆژێک وەتەکی چەند دۆستێک چووبووم بۆ سەر گۆم و ئاوێکی نزیک بە ڕووباری ئەڵوەن. یەکەم ڕۆژم بوو، ویستم وەتەکی دۆستان و هاوڕێیانم فێری مەڵی ببم. منداڵەکان هەر لە خۆیانەوە خۆیان دەخستە ناو ئاو و خۆیان فێری مەلێ کردن دەکرد. جلەکانم دەرهێنا و لە کەناری ئاوەکە ڕاوەستام. سەیری دەوروبەری خۆم ئەکرد، نەمدەزانی کە دەبێت یەکەمجار چی بکەم بۆ ئەوەی مەلێ فێر ببم**!؟** دەنگی گریان و هات و هاواری منداڵێک هات. کابرایەک کە وەک ئەوە بوو باوکی ئەو منداڵەیە،

منداڵەکەی لە ئاو دەخست بۆ ئەوەی کە فێری مەلێ بێت. منداڵەکە زۆر کەوکن و ترسنۆک بوو، هەر کە تا نیوەی لەشی دەچووە ناو ئاوەکەوە، لە خۆیەوە هاواری دەکرد و دەگریا. کابرای خاوەن منداڵ پاش چەند جارێک کە بە نەرمی و ئارامی منداڵەکەی لە ئاو خست، تووڕەیی گرتی و منداڵەکەی وەک شووتی خستە ناو ئاوەکە. منداڵەکە چووە قووڵایی ئاوەکە و سەری دەرهێنا، باڵی لێ دەدا و هاواری دەکرد و ئاوی لە دەمی دەتفاندەوە. گریانی منداڵ و تووڕەیی کابرا تۆزێک منی ترساند. منداڵەکە دەستی بۆ کابرا تەکان دەدا و دەیوت باوکە خنکام. باوکی هەردوو دەستی گرت و لە ئاو دەریهێنا. منداڵەکە هەردوو دەستی خستە دەوری ملی باوکی و دەگریا و دەلەرزی. ئیتر هەرچی باوکی منداڵەکە ویستی دەستی لە دەوری ملی جیا بکاتەوە، منداڵەکە سفت ملی باوکی دەگوشی و هاواری دەکرد کە ئیتر نایەوێت بچێتە ناو ئاوەکە!.

ئەم هات و هاوارەش لە سەر گۆم و ئاوێک بوو کە نە زۆر قووڵ بوو وە نە مەترسیدار. دەستەیەکیش لە منداڵەکان لە نزیکی گۆمی ئاوەکە لەسەر ڕووبارەکە خەریک بوون ماسیان دەگرت و بەو باوک و منداڵە پێدەکەنین.

پاش ئەوەی کە باوک و منداڵ لە ئاوەکە هاتنە دەرەوە و لە کەناری گۆمەکە ڕاوەستان، من بەو وێنە و ترس و هەراسەی ئەو منداڵەوە چوومە ناو ئاوەکە. وەک کەسێک مەڕێکی زیندووی لە تەنیشت ئاگرێک ئامادە کردووە بۆ ئەوەی کە بیکاتە قوربانی، هێشتا مەڕەکەی سەر نەبڕیووە، ئاگرێکی بۆ کردووتەوە کە گۆشتەکەی ببرژێنێت. هەروەها منیش هێشتا للّپی دەست و ترسی منداڵەکە لە ئاوەکە مابوو، من خۆم خستە ناو ئاوەکە. هەستم بە ترس کرد، هەر ئەوە کە ئاوەکە دای لەسەر سینگیم، هەستم کرد کە دەخنکێم. خۆم لە ئاوەکە دەرهێنا و لە کەنای ئاوەکە بە لەشیکی نیوەتەڕ و نیوەوشک ڕاوەستام!.

ئیتر من فێری مەلێ نەبووم و حەتا ئێستەش کە ئاو دەدات لەسەر سینگم، هەست بە خنکان و تەنگی هەناسە دەکەم. گەر بێت و بمەوێت کە شیکاری ئەو هەست و ترسە لە خنکان بکەم، پێموایە کە ئەو گۆمە و ئەو منداڵە و ئەو ترس و هاوارە لە یەکەم جار زۆر شەپۆلی ترسی لە من وەشاند.

پاش ماوەیەک کە بەسەر ئەو گۆم و ڕۆژەدا چوو. ڕۆژێکی تر لەسەر دەریایەک لەگەڵ چەند دۆستێک پیاسەمان دەکرد. دوو لەو دۆستانە خەڵکی نزیک ئەو دەریایە بوو، خۆیان خستە ناو ئاوەکە و بە خۆشی و خەندەوە بانگی منیان دەکرد کە بڕۆمە ناو ئاوەکەوە. من نەچووم و هەر لە دەرەوە مامەوە. پاش ئەوەی کە هاتنە دەرەوە پرسیارم لێیان کرد: ناترسێن!؟ یەکێکیان وتی: من لە منداڵیەوە لەم ئاو و دەریا مەلێ دەکەم، لێرە گەورە بووم، ئیتر لەچی بترسێم!؟.

وشەکان و نموونەکان بۆ دەستەیەک لە نووسەرەکان کوانگەیەکە بۆ ئەوەی کە خۆیانی تێدا بکەنەوە و بژێنن. ئیتر هەر لەو مۆڵ و کوانگە دەمێنێنەوە. وشەکان لە ڕێگەی نووسین و پێنووس بۆ نووسەرەکان بە کان و کوانگەیەک دەناسرێت کە تێدا و پێدا بەردەوام و لە درێژی کاتێکی دوور خۆیان بە تەنیا و نەرم نەرم بە وشەکان خەریک بکەن و بیانەوێت کە لە ڕێگەی هەوڵە

دەستیەکانی خۆیانەوە بە کان و گەنجی فرە و فراوان بگەن. هەروەها لەم گرتووخانەیە بە بەردەوامی و بەهاوکاری وشەکان هەوڵی ئەوەمداوە کە وشەکان و ناوەکان و یادەکان و چیرۆکەکان و بابەتەکان بە وردی و نەرمی لە ژێر گوشاری ئەم گرتووخانەیە بە کار بەرم و هەست و هزرەکانی خۆم بە خەستی بگرمەوە. لە تەنگانەیە کە زۆرێک لە دۆستەکان بە هاناتەوە نایەن، هەروەها لە گرتووخانەیە کە دەستەیەک لە وشەکان لە مرۆڤ دوور دەبن و دەستەیەکی تر وەک دۆست و هاوڕێ یارمەتی دەروونی مرۆڤ دەدەن. لە ڕێگەی وشەکان کرانەوە دەبێت و بەستنەوە دەکرێت. وشەکان شەڕەکان دروست دەکەن و هەر بە وشەکان ئاشتی دروست دەبێت. سەرجەم ئەو ناوانەی کە مرۆڤایەتیان خاوەنداری کردووە، بە هاوکاری وشەکان هەوساری مرۆڤیان بە دەستەوە گرتووە. کەوایە زۆر گرنگە کە وشەکان بە شێوە و ڕێگە و ئەدبێکی پاک و خاوێن بە کار بەرین.

لەم گرتووخانەیە بیرەوەری ئەو ڕۆژەم وەبیرهاتەوە کە لەسەر گۆمی ئاوەکە چەندە ترسام. ئەو بیرەوەریەم لە دەروون و ناو بیرەوەریەکان هەڵتەکاندەوە. ئیتر ژیر بووم کە ئەو گۆمەی کە منداڵ تێدا دەچێت، وە ئەو ئاسۆی کە پێیەوە گەورە دەبێت، وە ئەو ڕستانەی کە منداڵ پێیەوە دەکرێتەوە، کاریگەری هەمیشەیی لە دەروون و دید و نیگای ئەو مرۆڤە دەنێت. بۆیە لە سەرجەم نووسینەکان هەوڵی ئەوەمداوە کە بە هێنان و باس کردنی وێنەکان و نموونەکان هاوکاری نەوەکانی کورد بکەم بۆ ئەوەی کە لە یەک نموونە و وێنە و ئاسۆ و گۆم و نیگا نەمێننەوە. نموونەدەرمانی و کار کردن لەگەڵ وشەکان بۆ ئەوەیە کە نەوەکان لە بن دار بییەکی خەوهێنەر یان گۆمێکی کەم ئاو یان مۆڵ و گۆڕێکی بەستراو تەمەن و ژیری خۆیان نەبەستنەوە.

لە قورئانی پیرزۆدا هاتووە: و لقد ضربنا للناس فی هذه القرآن من کل مثل لعلهم یتذکرون( الزمر ٢٧) پێکهاتە و بنەڕەتی قورئان لەسەر نموونەکان و چیرۆکەکانە، بۆ ئەوەی کە مرۆڤ یاد و بیر بکاتەوە. هەندێک لە نموونەکان و چیرۆکەکانی قورئان زۆر ئاسانە بۆ ئەوەی مرۆڤ بگات لە مەبەست و خواستی خوای مەزن، وە دەستەیەکی تر لە نموونەکان تەنیا زاناکان ئاگایان لێی هەیە. هێنانی نموونەی جۆراوجۆر لە قورئان بۆ بیرهێنانەوە و یاد کردنەوەیە. لەگەڵ ئەوەی کە بۆ یادکردنەوەیە، من پێموایە کە وێنەکان و نموونەکان دید و ئاسۆی دید و نەکراوەکان دەکەنەوە و بلقەکان ئەتەقێنن و کارێک دەکەن کە مرۆڤ زووتر و ئاسانتر بگات بە مەبەست و خواستی ئەو کەسەی کە نموونە و وێنە دادەڕێژێت.

لە درێژی ئەم نووسینانەی گرتووخانە هەوڵمداوە کە بە هاوکاری قورئان و خوای گەورە، کەڵک لە نموونەکان و وێنەکان وەربگرم، بۆ ئەوەی کە بلقەکان بتەقێنم، بۆ ئەوەی کە باشتر کاری کردنەوە و کرانەوە بکەم. من لەوە دڵنیام کە ناوەوە و دەروونی هەر مرۆڤێک بە دەستە هەست و نەست و نموونە و وێنەیەک زووتر و زیاتر و ئاسانتر و فراوانتر دەکرێتەوە. هەروەها هەر نموونە و وێنەیەک تەوانی ئەوەی هەیە کە گۆشە و نیگار و ڕوویەکی تری ماناکان و مەبەستەکان بکاتەوە. مەبەستم ئەوەیە کە جگە لەوەی کە بۆن و ڕەنگ و جوانی لە نموونە و وێنە جیاوازەکان هەیە، هاوکاری دەکات بۆ کردنەوەی جۆرەکانی دووانەکان و هەستەکان و ئاسۆکان.

لە درێژی ئەم نووسینانە هەوڵمداوە کە کەڵک لەو نموونانە وەربگرم کە لە خەڵکی کوردەوە نزیکە و باشتر دەتوانن کە لێی تێبگەن. هەر خاکێک ئاوی خۆی هەیە و هەر خەڵکێک ناو و نموونە و وێنەی تایبەتی بە خۆی هەیە. کرانەوەکان و ئاسۆکان زۆر فرە و فراوانە، بەڵام ئەوەی من دەمەوێت ئەوەیە کە نەوەکانی کورد بکەونە سەر پێی خۆیان و لە بن دەست و باوەشی ئەوانی تر دەربێن. بە کورتی خواستم ئەوەیە کە کوردیش هەڕگەی[16] تایبەتی بە خۆی هەبێت بۆ دروست کردنی هەستەکان و هزرەکان.

نەوەکانی کورد دەبێت کە بە هاوکاری نموونەکان دەرمانی خۆیان بگرنەوە. ئنجا پرسیارکەر پرسیار دەکات کە ئایا نەوەکانی کورد بە نەخۆش و دەردەدار دەزانیت!؟ هەر هەمووی کێشەکانی کورد بە وشەکانی کوردەوە پەیوەندیان هەیە. وشەکانی کورد ئەگەر بە شایستەیی بە کار ببرێن و خاوەنداری بکرێن، دەتوانن کە خاک و نەوەکان و دراوسێکانی کورد بە خێو بکەن.

نموونەیەک دەهێنم کە چۆن نەوەکان نموونەدەرمانی بکەن:

پەنابەری، ئەدەب، ناوەکان، نەوەکان، وشەکان

سروشتی ناوەکانی کورد و نەوەکانی کورد و وشەکانی کورد هەردەم پەنابەری ئەدەبێک و دەستەیەک لە ناوەکانی دەرەوە دەبن. ناوکانی کورد وەک ناسری سوبحانی و عەبدوڵا ئوجەڵان و عەبدولڕەحمانی قاسملوو، خۆیان و نەوەکانی کورد و وشەکانی کوردیان پەنابەری ئەدەبی ناوەکانی تری دەرەوەی کورد و کوردستان کردووە. سروشتێکی تایبەتی لە بن پێستی ناوەکانی کورد هەیە کە هەردەم پەنا بە وشەکان و ناوەکانی دەرەوەی خۆیان دەبەن. هەروەک پێشتر باسی هەڕگەکانم کرد، خەڵک لە ئاوایییەکان گەنم و دانەوێڵەکانی خۆیان دەبرد بۆ ناوچەیەکی تر بۆ ئەوەی کە بیهەڕن. لەبەر ئەوەی کە دام و دەزگای هەڕینی تایبەتی خۆیان نەبوو. هەروەها ناوەکانی خاوەندار، وشەکانی کوردی دەکەنە نێو گونیە و دەیبەن بۆ هەڕگەکانی ئەوانی تر بۆ ئەوەی کە بیهەڕن و ئامادەی خواردنی بکەن، ئیتر بۆ هەڕگەی ئینگلیز بێت یان فەرەنسەوی یان عەرەبی. ناوەکانی کورد پاش ئەوەی کە ئەدەبی ڕستەکانیان لە هەڕگە ئەدەبیە بیانیەکان وەرگرت، هەر لەو خاوەن هەڕگانەوە، هەستەکان و هزرەکان وەردەگرن و دەگەڕێنەوە بۆ نێو خەڵکی خۆیان!.

دەستە سیاسیەکانی کورد لە باشووری کوردستان هەوڵی ئەوەیانداوە کە پیتی ئەبجەد بگۆڕن بۆ پیتی لاتینی و سەرجەم وشەکانی کورد و نەوەکانی کورد بە پیتی لاتینی دابڕێژن. دیارە کە دەستەیەک لە دەستە سیاسیەکانی کورد کە بەس دەستیان هەیە، هەوڵی جێگیر کردنی ئەو پیتە دەدەن. هەناسە و هەستی پشتەوەی ئەو پلان و جێگیرکردنە ئەوەیە کە دژی ئەدەبی قورئان کار بکەن و نەوەکانی کورد دوور ببن لە ئەدەبی قورئان و ڕستەکانی قورئان. ئەم دەست و هەوڵە لە

---

[16] _ هەڕگە بەو شوێنانە دەوترێت کە تێیدا دانەوێڵەکانی وەک گەنم و جۆ و گەنمەشامی دەکرێتە ئارد و دەهەڕدرێت.

پاش ساڵی دووهەزار و سێ وانەکانی گۆڕانی پیتی خستە نێو پەروەردە و ڕاگەیاندنی کوردستان و زۆر هەوڵ درا کە نەوەکانی کورد بەو باوەڕە بگەیەنن کە پیتی لاتین تەوانی ئەوەی هەیە کە دەربڕی وشەکانی کورد بێت.

گۆڕینی پیتی ئەبجەد بۆ پیتی لاتین وەک ئەوەیە کە نانی ئاردی گەنم بگۆڕی بۆ نانی ئاردی جۆ. هەرهەموو پیتەکان و وشەکان و ناوەکان هی خوای مەزنە و خوای مەزن خاوەن هەرهەموویانە. ئیتر پیتی لاتین بکەیت بە ڕستە، یان جۆ بۆ ئارد بهەڕیت، هەمووی هی خوای مەزنە. لێرە پێکهاتەکان و نەوەکان تووشی گۆڕان دەبن و سەروبەریان لێ تێک دەچێت و بارووددۆخیان لێ دەشێوێت. ئەوەندەی تر نەوەکانی کورد تووشی ئاژاوە دەکەن.

پەنا بردن بۆ پیتی لاتین ئاماژە بەوەیە کە سروشتی سیاسیەکانی کورد گەشە بە پەنابەری وشەکانی کورد دەدەن و ئەوە دەردەخەن کە وشەکانی کورد ناتوانێت کە بە بێ ئەوانی تر و بە بێ ئەدەبی ئەوانی تر گەشە بکات. هەروەک خەڵکی لادێ کە دانەوێڵەکانی خۆیان دەبرد بۆ هەرگەکانی ئەوانی تر، هەروەها سیاسیەکانی کورد دان و پیتی ئەبجەدی دەگۆڕن بە لاتین. نموونەی کاری ئەمانە وەک منداڵێکە کە نەخۆش بێت. دایک و باوک بۆ ئەوەی کە چارەسەری نەخۆشی ناوەوە و دەروونی منداڵ بکەن، ناوی (اسم) منداڵ دەگۆڕن. کێشەی کورد لە ئەبجەد یان لاتین نیە، کێشە دەروون و هەستەکانی ناودارانی کورد و سیاسیەکانی کوردە!.

هەروەها ئەوەش ڕوون بێت کە گۆڕینی پیتی ئەبجەد بۆ لاتین لە کورستان بە دەستی سیاسیەکانی کورد، ئاماژە و نیشانەی ئەوەیە کە کورد لە بواری نووسین و کتێب و کتێبخانە خاوەن ڕەسەنایەتی و مێژوو، وە خاوەن بەها و ئەرزش نیە، بۆیە ئەوەندە بە لایان ئاسانە کە پیت و نووسین لە لای ڕاستەوە بگۆڕن بۆ لای چەپەوە!.

## سەقامناسی

سەقام و ئاسایش لە نەوەکان و ناوەکانی کورد ناکەوێت و بەردەوام دەستە سیاسیەکان و وەرگێڕەکان و پێگێڕەکان دەوری خۆیان دەگێڕن بۆ ئەوەی کە نەوەکانی کورد بە ئەدەبی خۆشەویستانی خۆیان ئاشنا بکەن. کەوایە نەوەکانی کورد دەبێت کە ئەوە بزانن سەقام نیە و وشەکانی کورد لەبەردەستی ئەدەب و دەستە ناوێکی هاوپەیمان نیشتەجێ نابێت، بەڵکو هەردەم شەڕ و کێشەی ناوەکان و ئەدەبەکان لە سەر زمان و ئەدەبی کوردی ئەبێت. بۆیە ناسەقامی زمانی کورد بە سروشتی بزانن. ئەوەی کە بەهای هەیە ئەوەیە کە نەوەکان و ناوەکان بەردەوام خزمەتی ئەدەبێکی تایبەتی دەکەن و گەشە بە ئەدەبێک دەدەن و دژایەتی ئەدەبێکی تر دەکەن. بۆ نموونە، من گەشە بە ئەدەبی ئیسلام دەدەم، ئەوەی کە بەها بە ناوەکانی ئیسلام بدات بە دۆستی خۆم دەیناسم و ئەوەی کە دژایەتی ناوەکانی قورئان بکات بە دوژمنی خۆمی دەناسم. من بە ئەدەبی ناوەکانی ئیسلام قسە دەکەم و وشەکانی کوردیش بۆ ئەدەبی ئیسلام کە ئەدەبی خوای گەورەیە بە کار دەبەم. ئەدەبی ئیسلام، ئاماژە بە ناوەکانی ئیسلامە، لە ئادەم تا عیسا و

موحەممەدی پەیامهێنەر. کەوایە لێتان دڵنیا دەکەمەوە کە ئەو ناوانەی کە خزمەتی پیتەکانی لاتین دەکەن هەر ئەو کارە دەکەن کە ناوەکانی خزمەتکاری پیتەکانی ئەبجەدی دەیکەن. هەر هەموویان خزمەتی ناوەکانی ئیسلام دەکەن. سەید قوتب کە بە پیتەکانی ئەبجەد نووسیویە، خزمەتی ئەدەبی ئیسلامی کرد و نەوەکانی بە ئیسلام گەیاند. فردریک نیچە کە بە پیت و ئەدەبی لاتین و یۆنانی و ڕۆم ئاشنایەتی هەبوو، خزمەتی بە ناوی ئیسلام کرد، نیچە گەیاندی کە چەندە بە ناوی عیسا دەردی کێشاوە، وە ئەوە خوای عیسای کوڕی مریەم بوو کە تووشی دەرد و نیگەرانی کرد. لێگەڕێن با نەوەکانی کورد بە پیتی لاتین بخوێنن، ئەوانەی کە خوای گەورە خۆشیانی بوێت، بە تین و گڕێکی فراوانتر لە ئیسلام نزیکیان دەکاتەوە.

ناسین ئەرکێک نیە بۆ هەر هەمووی خەڵک، وە گشتی نیە، ناسین ئەرکێکی تاکانە و تاقانەیە. ئەمە لە قورئان هاتووە کە زۆرینەی خەڵک نەزان و گوناهکار و گێژن، هەروەهاش دەمێنێت، هەتا ڕۆژی قەیامەت. کەوایە خەمی ئەوە مەخۆن کە دەستە سیاسیەکانی کورد پیتی لاتین باو دەکەن. خوای مەزن بە ناوی خۆی دەستی تایبەتی بۆ نەوەکان و ناوەکان دیاری کردووە و لە کاتی خۆی لێیان دەوەشێنێت. خوای گەورە بایەخ بە تاکە تاکەی نەوەکان دەدات و دنکە دنکە لە تەنیایی بە بێ ئەوەی کە دەستە سیاسیەکانی کورد ئاگای لێیان بێت، بەخێویان دەکات. ئەو ناوانەی کە کۆشکی ستەمگەرەکان و بێ ئاکارەکان دەڕووخێنن، لە بارەگا و لە داوێنی خودی خاوەن کۆشکەکان گەورە دەبن. ئەوە ئەدەبی خوای گەورەیە بۆ ئەوەی کە بگەیەنێت چەندە بەسەر مرۆڤ و زەویدا زاڵە!

کاتێک کە سیاسیەکانی کورد بە دەستی خۆیان نەوەکانی کورد بە دەستکرد دروست دەکەن، ئەدەبی دەستکردیش لە سەر وشەکانی کورد دروست دەکەن و دەستە دەستەی نووسەر و شاعیر و بیرمەندە دەستکردەکان لە باوەشی نەوەکانی کورد دادەمەزرێنن. تایبەتمەندی ناوە دەستکردەکان ئەوەیە کە بەردەوام بە دوای وەرگێڕی و گێڕانەوە دەچن، بە شێوەیەک کە دەستی بازرگانی لە پشتەوە هەیە.

## ئاژەناسی

پاش ئەوەی کە نەوەکان لەوە وریا بوون کە ناوەکان و وشەکان سەقامی لەسەر نیە و شەڕ و هەرا بەردەوام بوونی هەیە، ئاژەناسی و ناسینەوەی دەستەکانی ئاژە گرنگی و بەهای هەیە. سەرچاوەی هەر ئاژە و دوژمنی و گێژاو و نیگەرانیەک ئیبلیسی مەلعون و یارانی ئەون. گرنگترین ئامراز و شێوەیەک کە دەوری زۆری هەیە و دەتوانێت کە ڕووخان و لێدانی زۆر و گەورە دروست بکات، ئەو شێوەیە کە شەیتانەکان کەڵکی لێ وەردەگرن. لە قورئانی پیرۆز لە وشەی (همزات و وسواس) کەڵکی وەرگرتووە. وەسواس وشەیەکی قورئانیە و خوای مەزن دەور و بەهای بەو وشە داوە و نابێت کە بە موڵکی عەرەبی بزانین. عەرەب لەوە ناتەوانترە کە ئاوەها ڕستە و وشەکان بەکار ببات.

لە قورئانی پیرۆز ئاماژە بەوە دەکات کە شەیتانەکان وەسوەسە لە دەروونی مرۆڤەکان دروست دەکەن. وەسواس و وەسوەسە بە قسەیەک دەوترێت کە بە نەرمی و ئەسپایی و بێدەنگ لە دەروونی مرۆڤ دروست بکرێت و سینگی مرۆڤ بەو قسە بەجێ بهێڵرێت. وەسواس بە پچاندنێکی دەروونی نەرم و بەردەوام دەوترێت کە دەیەوێت بیخاتە ناوەندی بیر، بۆ ئەوەی سرنجراکێشێت. ئەوە کاری شەیتانە کە قسەکان و وشەکان و وێنەکان لە دەروونی مرۆڤ هەڵدەخات. لە کات و ساتی دیاریکراو پەلاماری دەروونی مرۆڤ دەدات و وشەکان هەڵدەخات و مرۆڤ لەگەڵی تەنیا دەهێڵێت، وە ئەزانێت کە بە باشی ئاژە لە دەروون دروست دەکات. وەسوەسە دەنگ و هەڵخستنێکی نەرم و بێدەنگە لە دەروون کە دەتوانێت زۆر کێشە و گرفت بۆ مرۆڤ دروست بکات. گەر سرنج لە دەروونی خۆتان بدەن، هەست بەوە دەکەن کە لە ناکاوە کەسێک یان لەناکاو بە بێ ئەوەی کە لە دەرەوە بێت، لە ناوەوە وشەیەک یان هەست و هزرێک لە دەروونی مرۆڤ هەڵدەخزێت و وردە وردە لە دەروون بای تێدەچێت و گەورە دەبێت. زۆرێک لەو هەڵخستانە و بە تایبەتی ئەوانەی کە ئاکاریە، وەسواسی شەیتانیە.

شەیتانەکان و یاوەرەکانی شەیتان بۆ نەوەکان و ناوەکان و وشەکان و خەڵکەکان لەو شێوە کەڵک وەردەگرن و بەردەوام وشە و باسە ئاکاریەکان هەڵدەخزێنن و هەڵدەخەن و نەرم نەرم و بە ئەسپایی و بە بەردەوامی سەرودەم و گوێ و ژیانی نەوەکان بە وشەکان و وێنەکانی خۆیان خەریک دەکەن و بە یەواشی لە دەروونی مرۆڤ دەپچێنن. ئەو باروودۆخەی کە لە کوردستان هەیە بە تەواوی لەبەر دەم و دەستی یاوەرەکانی شەیتانە. لە قورئان هاتووە کە ئەگەر بەخشندەیی خوای مەزن نەبێت کەس لە ئێوە لە داوی شەیتان دەربازی نابێت. هۆی وتنی ئەو قسەیە ئەوەیە کە شەیتان لە بارەگای خوای مەزنەوە دژایەتی خوای کردووە، شەیتان زۆر زانا و وریا و بە فرت و فێڵ و بەهێزە. شەیتان لە بەرانبەر خوای گەورە بێهێزە.

من مرۆڤێکم کە هەردەم لە درێژی ژیانم حەز و خۆشەویستیم بۆ ناسین و حیکمەت(زەردەشتی) هەبووە. بەڵام شەیاتین و وزەکانی شەڕ هەردەم هەوڵی ئەوە دەدەن کە دەروون و ناوەوەی من خەریک بە لادانی ئاکاری(عیسایی) بکەن. ئەو وزە و هێزانە بە مەبەست بۆ ئەوەی کە ژیان و دەروونم بشەوێنن وادەکەن. بۆ ئەوەی کە بە شوێنی ناسین و حیکمەت نەکەوم!.

نموونەدەرمانی و کار کردن لەگەڵ وشەکان تەوانی ئەوەی هەیە کە یارمەتی نەوەکان بدات. لە دەرمان ئاکار زۆر دەوری هەیە، وەک سەبر گرتن و ئومێد و سقە، هەروەها لە کار کردن لەگەڵ وشەکان، ئاکار دەوری زۆری هەیە. دەبێت کە خاوێنی هەبێت. ئەو کەسەی کە دەیەوێت لەگەڵ وشەکان کار بکات، دەبێت کە لەشی خاوێن بێت. نابێت کە خەریک بە مەشرووب و جگەرە و دەرمان بێت و ئومێدی ئەوەی هەبێت کە خوای مەزن کرانەوەی بۆ بکات. ئەو کەش و هەوا کە بە وشەکانەوە خەریک دەبێت، دەبێت کە بەردەوام لەگەڵی تەنیا بیت. بە پێچەوانەشەوە هەندێکی دەگمەن لە نەوەکان و ناوەکان، بە خواستی سەیر و نامۆ و نهێنی خوا و سروشت، لە پەستی و پیسی ئەکرێنەوە!.

لە ئەدەبی ڕۆژئاوا نەوەکان بۆ ئەوەی کە بە وشەکان بگەیەن و ژیر ببن، خۆیان و دەروونی خۆیان بە بەردەوامی دەکەنەوە بۆ کەسانی تر، وە ئەو کردنەوە وەک ئامراز و شێوەیەکە بۆ ئەوەی کە نەوەکان بگیرێنەوە. لە شێوەیەک کە من بەهای پێ دەدەم، ئەو کەسەی کە دەیەوێت بە وشەکان بە پاکی و خاوێنی بگات، دەبێت کە نەهلێت هەر کەس و هەر ناو و ئەدەبێک لێی نزیک بێتەوە. کاتێک کە مرۆڤ بەردەوام لەگەڵ وشەکان و بابەتەکان و ناوەکان تەنیا بوو، دوو ناو لێی نزیک دەبنەوە، یەکێک خوای مەزنە و ئەوەی تریان شەیتانە. کاتی تەنیایی بۆ خوا و شەیاتین باشترین کاتە بۆ ئەوەی کە ئەو کەسە تووشی داڕمان و لێشێوان یان گەشە و پەرە بکرێت. شەیاتین لە تەنیایی فرە و فراوان هێرش و پەلاماریان چڕ دەکەن بۆ ئەوەی کە خەو و خۆراس لە مرۆڤ تێک بدەن. گەر سرنج لە ناوی نیچە و سادقی هیدایەت بدرێت، ئەو دوو ناوە بەردەوام تەنیا و لە چۆڵەوانیەک بیر و ژیر و هەستەکانیان بە گڕ خستووە و ئەو ژینگەیانە دورست کردووە کە تەنیا بمێنێن بە بێ ئەوەی کە شایستەیی بە کەس بدەن کە لە دەروونیان نزیک بێتەوە. لەو تەنیاییەیە کە شەیتانەکان بە بەردەوامی، شەو و ڕۆژ پەلاماری دەروون دەدەن و دەیانەوێت کە ئەو کەسە خۆکوژی بکات یان تووشی شێتی و نەخۆشی و لیشێوانی بکەن. هەروەهاشیان کرد و سادق خۆی کوشت و نیچەش شێت بوو. کەوایە زۆر وریا بن و لە باسی شێخ و شێت باسی ئەوەمان کرد کە مرۆڤ لە تەنیایی یان دەبێتە شێخ یان دەبێتە شێت!.

وردی و وریایی و تیژی و سرنج و ئامادەیی دەروونی زۆر بەهای هەیە کە نەوەکان لە ڕێگەی نموونەکان بتوانن کە کرانەوەیان پێ بکرێت. کەسانێک کە لە گۆمی ئاوی نزیک بەماڵەوەیان فێری مەلێ بوون، دەیانەوێت کە لە ئاوە گەورەکانیش باڵیان بوەشێت و مەلەوانی بکەن. هەرکەس کە لە ئاوێک فێری مەلی بوو کاری تێدەکات، وە هەرکەس کە بە یەکەم ئەدەبەکان و ناوەکان و وشەکان دەم و گوێی کرایەوە، ئەوە بۆ هەمیشە کاری تێ دەکات، مەگەر خوای گەورە بۆی بگۆڕێت. پیتی لاتین بۆ وشەکانی کوردی بۆ ئەوەیە کە نەوەکانی کورد بە وشەکانی قورئان سەروچاویان نەکرێتەوە، ئەمە سەروبنی باسەکەیە. دەستە سیاسیەکانی ڕۆژئاوا دەیانەوێت کە نەوەکانی کورد لە گۆمی ئاوی ڕۆژئاوا فێری مەلێ ببن. دەستە سیاسیەکانی کوردیش یارمەتی ئەوان دەدەن. دەستە سیاسیەکانی کورد ژینگەیەک دروست دەکەن کە تەنیاییەکی بەرەلا و بێ خاوەن گەشە بکات، کە مەجال بۆ شەیتانەکان خۆش دەکات، بۆ ئەوەی لە تەنیایی یەخەی مرۆڤەکان بگرن و لادەریان بکەن. دڵنیاتان دەکەم کە وەک ژن بۆتان ناکوتم و بۆتان ناڕێسم، بەڵکو کوتراو و گیراوە و ڕێسراوی دەروونی سەخت و گرداری خۆمتان بۆ دەڕێژم!.

# هەنار لە گەیین و کرانەوەدا

گەیین، کرانەوە و ئارامش و بێمنەتی تێدایە. هەناری بەرەتا[17] ئەو هەنارە پێست سەوز و دان سپیە بوو کە لە ژێر ستەم و جەور و نامروەتی مرۆڤ و گوزەری ژیان، پێست و دانەکانی سوور هەڵگەڕان و یەکیان گرتەوە. ناوەوە و دەرەوە یەک ڕەنگ بوو. بەڵام هەرچۆن خوای گەورە ئەفەرمێت: فان مع العسر یسری(الشرح ٥) هەروەها دەورەی پاش یەکگرتنەوەی پێست و ناوەوە، دەورانی کرانەوەی پێست و ئارامشی ئەو دانانەیە کە لە سەرەتاوە، پێکەوە دراوسێ بوون و پێکەوە کراونەتەوە.

شەق بردن و کرانەوەی هەنار و وەرینی دانەکان، ئاماژەیەکی دیار و ڕوونە لە بێمنەتی و سەربەخۆیی لە پاش دەورانی ئارامش و لە خۆدا بوونی دانەکانە. ئیتر وەک ڕیزەکانی سەرەتا، دانەکان لە ڕێکی و ڕێکخراوەیی نەماون و نامێنێن. پێست بە کرانەوە و دەم کردنەوەی ئەوە دەگەیەنێت کە دانەکان و تۆکان، مانا و بەهای تەواو و سەربەخۆ و ئارامیان تێدا هەیە. یەک دانە هەنار کە لە هەناری دارێک وەریوە و کەوتووەتە خوارەوە، دروستە گەر لە دەمی بنێت، تامی نیە، بەڵام بۆ مرۆڤی ژیر مانای فرەی هەیە.

دەم کردنەوە و کرانەوەی هەنار و هەنجیر و مرۆڤی حەکیم و دانا و زانا، دەورانی بەخششی بەری بە ڕێکخراوەیی لە پشتی سەر ناوە و لە دەورانی نوێ و تازە و شکۆدارێکە کە هەر کەسێک تەوانی ئەوەی نیە بگاتە ئەو پێگە و پایە و دەمە.

قورئان و ناونیشانەکانی سوورەتەکانی، بە ڕوونی ئەوە بە من دەگەیەنێت کە وەک هەنارێکی کراوەیە و وەریوە و ئیتر دانەکان و سوورەت و وشە و ڕستە، لە دەورانی ڕێکخراوەیی گوزەری کردووە. ئەو ئارامش و شێوەی دەربڕین و هەڕەشە و موژدە و چیرۆک گێڕانەوە کە لە قورئان هەیە، هی دەم و کرانەوەیەکە کە ئیتر لە پاش دەورانی گەیین و تام و مانایە. ئیتر قورئان بە فاتیحە و مانگا و ئالی عومران و ژن و تا دەگاتە هەنگ و مانگ و هەنجیر و ئاسۆ و بە خەڵک کۆتایی پێ دەهێنێت. ئیتر وەک هەناری پاش شەق بردن و کرانەوە، دەورانی ڕێک و پێکی و ڕێکخراوەیی و لە کۆدا بوون و مانەوە لە کۆدا بەسەرچووە.

کەسانێک لە زانا و داناکان، پاش ئەوەی کە دەروونیان بە جوانی و تام و مانا و بەهاوە دەگیرێتەوە، ئیتر گوشار و تەنگانەیەک لە ناوەوە دروست ئەبێت بۆ ئەوەی کە بکرێتەوە و دەم بکاتەوە، کە دەمی کردەوە، ئیتر شەق ئەبات، کرانەوەکەشی بە شێوەیەکی نارێک و پێشبینی نەکراوە. ئنجا پرسیار ئەوەیە کە کێ دەگات بە تام و دەمی ئەو جۆرە کرانەوانە!؟

ئەمە جگە لەوەی کە یاسا بێت، جوانی سروشتە. کەسێک کە ناوەڕۆکی لە دڵی شەوی تاریک و تەنیا فراوان کردووە، بە ئاسان ناگات بە هەر قوتابی و فەقێیەک کە نوێژی بەیانیان قەزا ئەبێت!.

---

[17] _ هەناری بەرەتا، لێرە مەبەستم ناونیشانێکە کە لە بەشی یەکەمی نووسینەکان( مەشکە لە نێوان کۆڵەکە و تەراوڵەدا) هاتووە.

ئەمە جگە لەوەی کە یاسا بێت، تۆڵە سەندنەوەیە لە خەڵک و عەوام و دەستە دەستەی خەڵک کە لە چایخانەکان بە شەکری چاییەوە دەم دەکەنەوە و بە تەسبیحەوە دەست ڕادەوەشێنن!.

شێوەی تر کە بە پێچەوانەی کرانەوەی پێست و دانەیە، کوێر بوونەوەی دانە لە بن پێستە. هەندێک لە دانەکان لە بن پێست کوێر دەبنەوە و نەک تەنیا بە پێست ناگەن، بەڵکو لە بن پێست بۆش و پووچ ئەبن.

دەم کردنەوە و شەق بردن کاری هەر دان و توخمێک نیە. زۆربەی دان و توخمەکان لەبەری ئەوەی کە لە شوێنی خۆیان نین و بە ناحەق و لەڕادەبەدەر گەشەیان پێ دەدرێت، لە ناوەوە دەست دەکەن بە ڕەشکردن و بێتام کردن و گەناندنی یەکدی. گەنم گەر لە گونیە و هومباردا زۆر ڕابگیردرێت، یەک دەخواتەوە. هەروەها زۆرێک لە توخم و دانەکان لەبەر ئەوەی کە دەستی کراون و دەستی بوون، گەر بە دەستەوە نەبێت، لە ناوەوە خۆی دەخواتەوە. سادقی هیدایەت جگە لەوەی کە بە ڕستەکان و هەستەکانی ئەدەبی فارسی بە خواست و مەبەست کوێر کردەوە، بە بێ ئەوەی کە توخم بۆ نەوە بخاتەوە، خۆی کوشت.

لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: ان اللە فالق الحب و النوی(الانعام٩٥) ئەمە ڕوونکەرەوەی ئەوەیە کە کەس نازانێت کێ لە ناوەوە کوێر ئەبێتەوە و کێ ئەکرێتەوە!؟ هیچ دان و توخمێک نازانێت کە تا کوێ ئەچێت!؟.

جگە لە کرانەوەی کۆتایی و کوێربوونەوەی سەرەتا، شەڵەقان و گەنانی پاش گەیین یەکێکی ترە لە وێنەکانی کۆتایی دان و توخمەکان. بۆ نموونە تەماتە و کاڵەک گەر گەیی و تام و بۆن و دەروونی گرتەوە، تەوان و وزەی ئەوەی نیە کە خۆی بکاتەوە. کرانەوە و هێز و وزەی کرانەوەی دەروون، کاری هەر دان و توخمێک نیە. خوای گەورە بە هەنجیر و هەنار سوێندی خواردووە. کرانەوەی کۆتایی و دەم کردنەوە و تکان و وەرینی دان و بەر، یەکێکە لە تایبەتمەندیەکان کە خوای گەورە بە نسیبی هەر دان و ناوێکی ناکات.

بۆ نموونە فەرهاد پیربال کە دەیگوت بۆ و دەیگوت با تا دوایی، ئەوە لە گەیین گەیشت بە شەڵەقان. کەس بە ناوەڕۆکی نەگەیشت، دەست و دەمی کەسی پێنەکەوت، لە تەنیایی و مانەوە لە خۆیدا شەڵەقا!.

لە بیرمە کە داپیرم دەستە هێلکەیەکی زۆری دەنایە ژێر مریشکێک بۆ ئەوەی کە هەڵیبهێنێت. داپیرم ئەیزانی کە هەر هەموو هێلکەکان هەڵنایەت. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا دڵنیابوو کە زۆربەیان لە بن مریشکەکە هەڵدێن. پاش ئەوەی کە مریشک ماوەیەکی لەسەر هێلکەکان گوزەراند، زۆربەی هێلکەکان توێکڵیان تەرەکاند و هاتنە دەرەوە. هەندێکیش لە هێلکەکان نەکراوە لە بن مریشک مایەوە و مریشک بە نائومێدی لەسەری هەڵسا و خۆی تەکاند. ئەو هێلکانە کە لە ژێر ئەو مریشکە بە نەکراوەیی مایەوە، ئیتر لە ناوەوە شەڵەقاو و گەناو ببوو.

نەوەکانی مرۆڤی کە خۆیان خەریک بە وشەکان و ناوەکان دەکەن، خۆیان لە گۆڕ و گۆڕەپانێکی پڕ لە پرس و ترس خستووە، زۆربەی نەوەکان هەر لە یەکەم دەورەکان لە ناوەوە دەتۆپێن و دەشەڵەقێن. لێدانە گەورەکان کە لە مرۆڤ دەدرێت، لە دەورانی منداڵیەوەیە. زۆربەی دانەکان و نەوەکان لە منداڵیەوە لێدان و پێدانی چارەنووسسازیان پێکراوە. فەرهاد پیربال جگە لە بەرهەمە دەستیەکانی، دەروونی خۆی و پاشماوەیەک کە لێی کەوتووتەوە، شەڵەقاو و گەناوە. بۆیە کەسانێک لە بەرەتاوە وەک هێلکە دەشەڵەقێن و ناکرێنەوە، کەسانێکیش لە کۆتایی دەگەنێن و دەشەڵەقێن.

کرانەوە و شەڵەقان زۆر لە یەکدی نزیکن، شەیدایی و پەرێشانی لە یەکدی نزیکن، شێخ دەتوانێت کە چارەسەری شێت بکات و لێی نزیک دەبێتەوە. مەبەستم لەوەیە کە قورئانیش جۆرە شێواوی و شپرزەییەک بە خوێنەر دەگەیەنێت، بەڵام ئەوە شێواوی و شپرزەیی نیە، بەڵکو تەنیا خوێنەری خواپێداو ئەگات بەو پێگە و پەیامە کە ئەوە کرانەوەیەکی گەورەیە!.

زەردی و وشکی کۆتایی پێکەوە، کۆتاییەکی بە بەرەکەت و تایبەتە، وەک گەنم و گوێز. خوا گوێزی خۆش ئەوێت، بەڵام ئەوە نەگبەتی و لە خۆبایی بوونی گەوێزە کە وادەکات خوای گەورە لە قورئان ناوی هەنجیر ببات و ناوی گوێز نەبات. وشک بوون و زەردی، کۆتاییەکە کە دەتوانێت سەرەتا و بەرەتای زیندووی تر دروست بکات. گەنم و گوێز کە گەیی، ئەو کاتە وشک ئەبێتەوە. بەڵام کاڵەک و تەماتە کە گەیی و لە گەیین بۆ شەڵەقان گوزەری کرد، ئەو کاتە وشک ئەبێتەوە. دەبێت ئەو دەورانە ڕەچاو بکرێت. کەسانێکیش وەک سادقی هیدایەت و نیچە و فەرهاد پیربال و دەستە دەستە ناوی تر، پاش ئەوەی کە گەیین و لە گەیین بۆ شەڵەقان گوزەریان کرد، ئەو کاتە گەیشتن بە زەردی و وشکی. زەردی و وشکیەک کە بێکەڵک و بێبەهایە. زۆرێک لە نەوەکان و ناوەکان نازانن کە کرانەوە و زەردی و وشکی پاش گەیین لەگەڵ شەڵەقان و گەنانی پاش گەیین چ جیاوازیەکی هەیە!؟.

من لە درێژی ژیانم (توکل) م بە قورئان کرد، بۆ ناسین و نووسین. چوونکە دڵنیام کە ئەو کتێبە خاوەنێکی زیندووی نەمری لە پشتەوەیە و ئاگای لەو دەم و دەستانەیە کە ئەو کتێبە لە خۆی دەگرێت. کرانەوەی وەک هەنار و هەنجیر جۆرە شانازی و شایستەیی و بەهایەکە کە خوای گەورە بەو ناوانە ئەیدات. خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز ئەفەرمێت: و لو لا فضل الله علیکم و رحمته ما زکی منکم من احد ابدا و لکن الله یزکی من یشاء و الله سمیع علیم (النور ٢١) " زکی" مەبەست وشک بوونەوەی پاش گەیینە، بەو مانا کە ئەو توخم و دانە گوزەری کردووە، وەک گەنم و گوێز. " فضل" ئەوە دەگەیەنێت کە دەربازبوون و ڕزگاری و کرانەوە و خۆشبەختی لە ژیانی زەوی بەخششە و پێدانێکە کە خوای گەورە تایبەت بە دەستەیەک لە نەوەکان و تۆکان ئەیکات. لە کۆنی کوردەواری خەڵک زەکاتی هەمیشە لە گەنم دەرکردووە. زەکات و زەکا لە گەنم و وشک بوونەوە نزیکە. بەو مانا و مەبەستە کە نابێت ناوەکان و نەوەکان بمێنێن و بمێننەوە. گەنم و گوێز تا دەورەیەک دەتوانن لە زەوی و وشکی بمێنێن، دەبێت دەستی خاوەن ئەو ناو و بەرهەمە لەو دەورە گوزەر پێبدات. ئەو ناو و توخمانەی کە ڕەنگ و بۆی خۆیان خۆش ئەکەن، ئەوەندە

لەلای خوای گەورە خۆشەویست نیەن، وەک خەیار و تەماتە. بەڵکو خوای گەورە ئەو توخم و دانانەی خۆش ئەوێت کە هەست بە بەرپرسیاریەتی و یارمەتی بکەن لە بەرانبەر بە هەستی و بوون، وەک گوێز و گەنم کە بۆن و ڕەنگی تایبەتیان نیە، بەڵام بە ناوەڕۆک کاریگەری بەهێزیان هەیە. هەروەها خوای گەورە لەو ئایەتە پیرۆزە وشەی "یشاء" دەهێنێت، بەو مانا و مەبەستە کە خواست و خۆشەویستی خوای گەورە زۆر گرنگە کە نەوەکان و تۆکان بکرێنەوە. بۆیە گەر خوای گەورە دان و توخمێکی خۆشویست ئەیکات بە (اسوة) وە ئەگەر دان و توخمێکی خۆش نەویست ئەیکات بە (عبرة).

ئەو کەسەی کە ئیتر دەروون و باس و قسەی لە ڕێکخراوەیەک نیە و دەمی کردووەتەوە و کراوەتەوە و لێی ئەتکێت و لێی ئەوەرێت، ئیتر بۆ هەموو کەس ڕوون نیە کە باس و قسەی چیە و هەست و هزری لە کوێوە دێت!؟ تەنیا کەسانی دنکە و تایبەتی وەک خۆیان توانای ئەوەیان هەیە کە بیانخوێننەوە و بزانن کە باسی چی ئەکەن؟ ئەو کەسانەی کە وەک خۆیان بن، قسە و باس و بابەتەکانی ئەو کەسانە لە دەروونی خۆیان لە ڕێکخراوەیەکی تایبەت گرێ و گڕ دەدەن.

کەسانی لاساییکەر و وەرگێڕیش هەن کە پێش ئەوەی کە ئاو و تام بکەوێتە دەروونیانەوە، پێستێکی گەورە و گران لە دەوری خۆیان دەبەستنەوە. کاری ئەوانە جگە لە بێمانا و بێ تام کردنی خۆ هیچی تر نیە. هەوڵی ئەوە دەدەن کە دانەکان و هزر و هەستەکان وەک دانەکانی هەنار لە دەروونیان گەشە پێ بدەن و تام و ئاوی تێ بکەن و بەرەو کرانەوە و شەق بردن بڕۆن، بەڵام ئەوانە هەر بە بێ ئەوەی کە بزانن خاوەن و پێدەری مانا و تام کێیە؟ لە ناوەوە بێ ئاو و تام و بۆن دەمێنن و لە کۆتایی مەڕ و مانگاش دەم بۆ خواردنی نابات!.

هەنار لە ناوەڕۆک و کرانەوە و شەق بردن، وێنە و نموونەیەکی سەرکەوتووە بۆ ئەوانەی کە ژیر و بیریان هەبێت.

# ئەدەبی لکان و پێکان

لکان و پێکان دوو وشەی کوردین کە لە ناو لەیەک نزیک و لە ناوەڕۆک و مانا لە یەکدی دژ و دوورن. هەندێک لە لکانەکان لە سروشتدا شتێکی سروشتیە، وەک لکانی سەگی نێر و مێ. هەروەها دەستەیەک لە لکانەکان لە سروشت دەستکراو و پێکنراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە دەستکردە، دروست و بە جێیە، وەک لکانی قەڵەمەی داری قۆخ و هەنجیر. هەندێکیش لە لکانەکان دەکرێت، بەڵام ناڕاست و ناجوانە، وەک لکانی ناوی ( عبد ) بە ناوی ( مهدی) یەوە، کە دەبێتە (عبدالمهدی). یان وەک لکانی دەزگای نێرینەی پیاوێک لە شوێنی دەزگای مێینەیی ژنێک. هەردووکیان کارێکی ناجوان و ناڕاستە، لەگەڵ ئەوەدا دەست کراوەیە کە بکرێت!.

وشەی پێکان بە پێچەوانی لکانەوە، کردە و چوونێکی ناوەکی و ناوەڕۆکیە. یەکەم جارێک کە وشەی پێکانم لە زمانی خەڵکی کورد بیست، دەگەڕایەوە بۆ کابرایەک کە کاری وەک جادووگەرەکان بوو. کەسێک کە شتێکی گرانبەهای لە لایەن کەسێکەوە دزرابایەت، دەچوو بۆ لای ئەو کەسە بۆ ئەوەی کە ڕێ و شوێنی بۆ بدۆزێتەوە. بەو کارە دەڵێن کە پێکاویەتی.

دووهەم جارێک کە وشەی پێکانم بیست، لە زمانی خوێنەرێک بوو کە باسی نووسینی نووسەرێکی ئەکرد، ئەو خوێنەرە ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو نووسەرە باش شتەکان ئەپێکێت. مەبەستی ئەوە بوو کە باش بۆ شتەکان ئەچێت و خاڵ و چاڵەکان بە جوانی و دروستی دیاری و بە باشی شیکاری دەکات.

کەوایە پێکان و لکان دوو وشەی دووانە و دژ و هاوکاری یەکدین.

ژنەکان باش شتەکان بە یەکەوە دەلکێنن، وەک لکانی دوگمەیەک بە کراسێک. بە پێچەوانەوە پیاوەکان لە پێکاندن وزە و هێزی فرەیان هەیە، وەک بژاردنی خەونەکان و پێکانی ڕێ و شوێنی ماناکان.

کەوایە پێکان ئاماژە بە دەروون و ناوەڕۆک، وە لکان ئاماژە بە بیرون و دەرەوە دەکات.

جاری وا بە فرمانی خوای گەورە، لە ناوەوە و ناوەڕۆکەوە، دێتە دەرەوە و بیروونەوە. مەبەستم ئەوەیە کە جاری وا بۆ کەسانێک دیتن و بینینی ناوەڕۆک هەر بە چاویان ئەکرێت، لەبەر ئەوەی کە ئەوەی لە ناوەوەیە بۆ ئەو کەسانە دێتە دەرەوە. کەسانێک لە پیاوانی ڕۆحانی بە خواستی خوای گەورە خاوەن " چاوی " بەهێزن.

لە سەرەتاوە من بەو دید و نیگایە کە " دونیا لە خزمەت و بەردەستی مندایە" زۆر بە ئاسانی و ئەسپایی بۆ ئەوەی کە " جوان و ڕاست" بژیم، هەوڵی ئەوەم دەدا کە شتەکان پێکەوە بلکێنم.

یەکەمجار کە کاری لکاندنم کرد، ئەو کاتە بوو کە لەسەر ئەزموونی سەری ساڵی وانەی ئینشاء، دوو باس و بابەتی جیاوازم لەگەڵ یەکدی تێکەڵ کرد. لە بیرمە کە مامۆستا وتی لەسەر ڕۆژی دارکاری بنووسن. من باسی دار و دارکاریم لەگەڵ باسی دین و دەستکەوتەکانی مرۆڤ لەسەر مانگ تێکەڵ کرد. ئەو ساڵە لەو وانەیە کەوتم و دەرنەچووم، لەبەر ئەوەی کە ئەوە بەس لکاندنی بابەتەکان بوو.

ئەو جۆرە لکانە هەڵەیە و هەڵەکان و لکاندنەکانی تر، منی برد بۆ ئەوە کە ئیتر واز لە ئەدەبی لکاندنی بابەتەکان بهێنم، پێموابوو کە خوا بەس لکانی باشی بەس بۆ سەگ داناوە! ئەم هەڵە و شکانە منی برد  بۆ ئەوە کە ڕوو لە ئەدەبی پێکان بکەم. پێکان پێویستی بە کەسێکە کە خاوەن دید و دەروون و وزەی شیکاری و لێکدانەوە بێت.

زانستی مرۆڤی پێکانێک قبووڵ ئەکات کە خاوەن میتۆد و سەرچاوەی باوەڕپێکراو بێت. زانستی مرۆڤی باوەڕ بە قسەی بێ سەرچاوە کە هاتوو لە دەمێکی تەنیا بێت ناکات.

لە بەرەتاوە من هەوڵمدا کە پێ لەسەر ڕێگەی زانستی مرۆڤی بنێم بۆ ئەوەی کە مانا و بەها و نەقاشی و جوانی هەستی و بوون بپێکم و بۆم بکرێتەوە. پاش ئەوەی کە ماوەیەک بەسەر ئەو ڕێگەدا چووم، گەیشتم بەوە کە مرۆڤ و ڕێگەی مرۆڤی، زۆر خاو و خەمۆکە و لە خۆدا دەچێت، وەک هەزارپێ. گەیشتم بەوە کە من پێکان و کردنەوەی سەیر و فراوان و گەورەم دەویست.

لکان و پێکان دوو ڕێگە و شێوەیە بۆ ئەوەی کە کەسێکی وەک من بە ناسینی " ئەوەی باشە" بگات. لکان و پێکان دەبێت لە شوێنی خۆی بکرێت. ئەو دوو وشەیە لەگەڵ یەکدیدا هاوکاری یەکدی دەکەن. هەوڵەکان و خواست و مەبەستی من لە نووسین و گرتنەوەی باس و بابەتەکان بەس گەیشتن بە شێوازێکی نووسین نەبوو. مەبەستم ئەوە نەبووە کە بابەتێکی جوان و قەشەنگ بنووسم، بەڵکو خواست و مەبەستی من ئەوە بوو کە بە هاوکاری لکان و پێکانی وشەکان و وێنەکان، وەک دوو شێوەی تایبەتی، لە تەنگانە و نەزانی و مانەوە دەربازم بێت. هەربۆیە لەم نووسینە ئەوەندە کە دید و دەروونم لەگەڵ خۆم و وشەکان خەریکە، لەگەڵ چاو و گوێی خوێنەر خەریک نیە. ئێوە بەس بینەری ئەو کێشە و شەڕ و مەرافەیەی منن.

لە ناونیشانێکی ئەم نووسینە بە ناوی ( حاڵ و حەی) باسی لێکچوونی حاڵی لالۆ دێوانە و تابلۆی ئدوارد مونکم کرد. هەروەها لەم نووسینە لە ناونیشانی ( هەنگ و تاووس لە نێوان گرتنەوە و کردنەوەدا) باسی لێکچوون و نزیکی میم زینەت لەگەڵ ئەو کچانەم کرد کە لەبەر خۆشەویستی کابرای گۆرانیبێژ لە زەوی دەکەوتن و هات و هاواریان دەکرد. ئەو دوو نموونە و دیمەنە لکانە یان پێکان!؟ هەرچەند کە لە ڕووالەت لکانێکی جوانە، بەڵام لە ناوەڕۆکەوە بیر و هەست و هزری خوێنەر بەوە دەگەیەنێت کە ئەوە پێکانێکە کە دەبێت سەروسرنجی تایبەتی لێبدرێت.

ژنەکان زۆر سەختە بۆیان لە پێگەی " لکان" بۆ پێگەی " پێکان" گوزەر بکەن. بەڵام من لە بەرەتاوە بە نەزانی و داماوی و بێکەسیەوە، هەر لە خۆمەوە و بۆ خۆم، وشەکان و باسەکانم دەلکاند و تێکەڵ ئەکرد بۆ ئەوەی کە بگەم و بۆم بکرێتەوە.

پاش ئەوەی کە ماویەک قورئانم خوێندەوە، ئەو هەست و هزرەم بۆ دروست بوو کە قورئان کۆیەک وشە و ناو و ڕستەیە کە هەر لە خۆوە لکێنراوە و تێکەڵ بووە، ئەگەرنە هیچ شتێکی دیار و تایبەتی تێدا نابینم. پاش ماوەیەکی تر هەستم کرد کە قورئان وەک ئاسمان و ئەستێرەکان، هەر ماوەیەک و هەر ساتێک یەکێک لە ڕستەکان و وشەکانی وەک ئەستێرەکانی ئاسمان چاوم لێ هەڵدەگرن. هەستم کرد کە ئەو تێکەڵی و پێکەڵیەی ئاسمان و ئەستێرەکان لە چاوی منی نەزان تێکەڵ و پێکەڵە، لە چاوی خاوەن چاوێکەوە تێکەڵ و پێکەڵی ماناداره.

لکاندن پلەیەک لە خوارەوەی تێکەڵیە. هەرگیز نەمویستووە کە وشەکان و ناوەکان بە ناڕاست تێکەڵ بکەم. هەردەم لەوپەڕی دان نیان بە نەزانی خۆم، وشەکان و ناوەکانم لکاندووە بە یەکەوە. مەبەستم ئەوەیە کە هەر کەسێک کە دەنگی خۆشی هەبوو، نابێت ببێتە ئیمامی خەڵک لە مزگەوتدا!.

لە ڕاستیدا جیاوازی ناو و ناوەڕۆکی وشەکان لە زەوی بۆ مرۆڤ بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ گەشە بکات و بکرێتەوە و بگیرێتەوە، ئەگەرنە هەموو وشەکان و ناوەکان یەک وشە و ناوە، ئەویش ناوی خوای گەورەیە!. خوای مەزن لە قورئانی پیرۆز ئاماژە بە زاتی پیرۆزی دەکات: للذین لا یوءمنون بالاخرة مثل السوء و للە المثل الاعلی و هو العزیز الحکیم ( النحل ٦٠) خوای مەزن نموونە (مثل) ی بەرز و گەورەیە. من لە درێژی ئەم نووسینانە لکاندم و پێکانم بۆ ئەوەی کە لە نموونە ( مثل) ی بۆق سیفەتی و داڵ سیفەتی و ژاڵژالۆکە و تاووس و گوڵەبەڕۆژە و بزن و مەڕ و مۆڵ و گۆڕ و شیعر و کۆڕ و چیرۆک و سادقی خۆکوژ بۆ نموونە و ( مثل) ی شایستەتر، وەک هەنار و هەنگوین و هەنجیر و زەیتوون و یوسف و موحەممەد بڕۆم، وە لەو نموونانەشەوە لە نموونە و ( مثل) ی خوای گەورە نزیک ببمەوە.

عەباس موحەممەدی

مانگی سپتەمبری ساڵی ٢٠١١

گرتووخانەی تینسلی هاوس

سەرجەم نووسینەکان لە بەشی یەکەم تا بەشی پێنجەم، ساڵی ٢٠١١ دەستنووسەکەی لە گرتووخانە نووسراوە و لە ساڵی٢٠١٣ و ٢٠١٤ بە هەندێک زیادەوە کراوەتە نووسینەکانی گرتووخانە.